**Input**: is a term in OT, which its meaning is to some extent different from its general use in linguistics. "An input is at linguistic construct, composed from the elements in Universal Grammar (consonant, vowel, syllable, noun, verb, etc.) to which output representation are related" (Crystal, 2008: 247). This input which originated from Universal Grammar enters the first component of OT, Generator.

**Generator**: [hereafter GEN] is a functional component which generates all the possible forms of input as a candidate set of output. In fact the relation between input and output is generated by this component.

**Candidate**: [hereafter CAN] is a primary possible or potential form of output that has been produced by the generator component. The candidate which has the fewest number of violations from the predetermined constraints will be chosen by evaluator as output form.

**Constraint**: [hereafter CON] is in fact the "principle explanatory device" in OT - [which they are] "ways of characterizing language universals" (Crystal, 2008: 106). There are two types of CONs: **markedness** CONs which they "reflect typological generalizations about segments and features in the worlds languages" (Miglio, 2013: 10). This kind of CON totally tend to force all the language forms toward the unmarked representations and prevent of markedness presentations to be produced.

"as a matter of fact markedness in OT corresponds to the presence of mark with respect to a given constraint (defined as harmony). A form is therefore said to be marked with respect to some constraints C if it violate it and hence receives a mark. The form is unmarked with respect to that constraint if it does not violate it and therefore does not receive any marks." (Fery and Vijver, 2003: 360)

In contrary, **faithfulness** CONs totally are against any change from input to output, it means they penalize changes and differences between input and output. But it should be noted that both kind of the CONs can be violated, and also in OT no CON lonely can do something. They can be effective just in CON hierarchy: a group of CONs with each other, in special hierarchy will be used to choose the best output. The hierarchy of CONs is language specific.

**Evaluator**: [hereafter EVL] is another functional component in OT which by means of foregoing CONs (language specific hierarchies of CONs) penalizes all the CANs except the one who has violated fewest CONs. In the other words this CAN satisfies the EVL.

**Output**: is simply the CAN that has been selected by EVL, and the OT presents it as optimal output or surface representation.

In OT regularly all the CONs and CANs are shown in a special tablue and any CANs violation from any CON will be fined, and the penalty symbol of * will be shown in its sell, and also the optimal CAN will be differentiated by the symbol of ☞.

**Metathesis in Kalhori**

Kalhori is a geographical variety of Kurdish language which is spoken in south-eastern part of the realm of Kurdish, that is located in the borders of Iran and Iraq. The number of its speakers may be about 2 to 3 million.

The data that has been collected for this research shows that the level of occurrence of metathesis among loanwords is significantly more than words originally from Kalhori. In fact occurrence of this process among original Kalhori words is rare, but many of the loanwords that have been entered this dialect of Kurdish language in recent centuries have been the subject of performance of a number of phonological processes to adjust themselves with the Kalhori phonotactic rules. One of these processes that has optimized many of these loanwords is Metathesis. In this paper four kind of metathesis will be presented: the shift of two adjacent consonants in final consonant cluster (contiguous), the shift of two adjacent consonant in the coda and onset of two sequencing syllable (contiguous), the shift of two consonants in the positions of onset and coda of one syllable (non-contiguous) and also the shift of two consonants from two nonadjacent syllable (non-contiguous). This paper will explain the first three kinds through OT, and also at the end of the paper some examples of the occurrence of the fourth kind will be presented.

## Contiguous Consonant Cluster Metathesis

In the following table, some of the samples of reordering of consonants in final consonant cluster have been shown in (1).

| Before Metathesis in original language | | after Metathesis in Kalhori | Meaning |
|---|---|---|---|
| λοτφ*(from Arabic)* | > | λεφτ | "favor" |
| βοκσ*(from English)* | > | βεσκ | "box" |
| ?{κσ*(from Arabic)* | > | ?{σκ | "picture" |
| Goφ□*(original Kurdish word)* | > | Gε□φ | "padlock" |
| ω{κσ*(from English)* | > | ω{σκ | "wax" |

*Table 1*

Phonotactic rules of Kalhori don't allow the upper segments sequences to enter the language, and forced them to rearrange themselves, why? A closely observation of all the possible final consonant clusters of the mentioned variety demonstrates that some special sequences are absent, it means that there isn't any one of these consonant sequences among

other Kalhori syllables. It reveals that phonotactic rules of Kalhori don't accept them. Some sequences like $CV[C_{+Plosive}\ C_{+Fricative}]^*$ or $CV[C_{+Fricative}\ C_{+Liquid}]^*$ are completely unfavored.

According to the SSP principle (that has been introduced in the introduction section) the steepness of the syllable sonority must be from the peak of the syllable toward the edges. Considering the above samples, shows that all of them don't respect the SSP principle. Fery and Vijver (2003: 359) define and formulate SSP as a positive markedness CON as follow: "in a syllable, sonority increases toward the peak and decreases toward the margins". They also formulate following markedness CONs as SSP negative correspondent constraints:

- *PLATEAU- Sonority plateau are disallowed.
- *REVERSAL- Sonority reversal are disallowed.

The markedness CON *REVERSAL emphasized on the sonority based arrangement of the syllable as it has been explained by SSP.

As it has been noticed that faithfulness CONs are totally against any change from input to output. Lacy (2007: 14) defines the faithfulness CON of linear order as follow:

- LINEARITY "for every pair of input segments *x*,*y* and their output correspondents *x'*,*y'*, incur a violation if *x* precedes *y* and *y'* preceds *x'*." (No metathesis)

which means, that the given segments sequence of output should be consistent with the input, and vice versa. Clearly it bans metathesis. In OT the conflicts of the CONs is unavoidable. In fact this conflict is a fundamental concept in the theory. As it can be understood from the above faithfulness and markedness CONs, they militate in opposite directions, but what guarantees the optimal output is the language specific hierarchy of the CONs, which means the higher the rank of a CON, the deadlier is the penalty of violation of that CON.

Following tableau shows the optimal forms (considering the original word form in the source language) in Kalhori. Kalhori's specific hierarchy has also been shown in this tableau (1):

Kalhori specific hierarchy: *REVERSAL >> LINEARITY

| βο/κσ/ | *REVERSAL (SSP) | LINEARITY |
|---|---|---|
| βοκσ | *! | |
| ☞βεσκ | | * |

*tableau (1)*

It should be noted that in the above hierarchy and tableau some other CONs can be entered, but because they have no effective role in the election of the optimal output, they have been omitted. The first CAN has been fined by the *REVERSAL CON, this means that the CAN didn't satisfied the mentioned CON, because its structure did not respect the SSP constraints. As it has been discussed in the introduction of the paper, stop consonants are less

sonorant than fricative consonants. A stop consonant should not be placed between a fricative consonant and peak of the syllable. So *REVERSAL CON which don't accept any wrong direction steepness penalizes it, and because, this CON is the higher ranked CON, the penalty is deadly and other CAN is selected as optimal one.

**Contiguous Consonant Metathesis:** (in the border of adjacent syllables)

There is also another kind of metathesis in Kalhoris dialect of Kurdish language, in which the final consonant of first syllable and the first consonant of the second syllable change their places with each other. The followings are some samples of this kind of metathesis:

| Before Metathesis in original language | | after Metathesis in Kalhori | meaning |
|---|---|---|---|
| ωΑκ+σεν | > | ωΑσ+κεν | vaccine |
| ?εκ+σι+Ζεν | > | ?εσ+κι+Ζεν | oxygen |
| τΑκ+σι | > | τΑσ+κι | taxi |

*table (2)*

In this group also the main cause of occurrence of metathesis is the SSP principle. As it has been pointed out, the Syllable Contact Law which "holds that the preferred contact between consecutive syllables is one in which the end of the first syllable is higher in sonority than the beginning of the second" (Kingston and Beckman, 1990: 319) can be one of the driving factors of the metathesis. Syllable Contact Law is a universal preference, and Kurdish Kalhori consider this preference as a vital and an important one, so the grammar of this language variety don't permit dispreferred forms to form or to enter the language.

The first syllable of all the above mentioned samples have a stop consonant in the final position of coda, and the subsequent syllables have a fricative (which are more sonorant than the stops) consonant in the first positions of their onsets. They have a marked structure. The markedness CON of Syllable Contact Law is defined by Lopez and Cameron (2003: 47) as follow:

SYLLCON – the onset of a syllable must not be of greater sonority than the last segment in the immediately preceding syllable.

This CON requires that the disprefferred consonant strings in syllable boundaries of the above words to be optimized. But it may be said that there are many other ways to optimize these strings, for instance, deletion of one of the segments or any other process also can be useful. But the faithfulness CONs of MAX require every consonant or vowel of the input form to be preserved in the output (Kar, 2010: 108), they can be formulated and defined as follow:

MAX-IO-C

[+con] sounds in the input must have output correspondences.
MAX-IO-V
[-con] sounds in the input must have output correspondences.

Which in this paper both of them can be abbreviated as MAX (segments in the input must have output correspondences). Tableau (2) demonstrates the conflict of CONs to choose the optimal form based on language specific hierarchy of CONs:

*Table 2.* Kalhori specific hierarchy: SYLLCON >> MAX >> LINEARITY

| ωAκ+σ{ν | SYLLCON | MAX | LINEARITY |
|---|---|---|---|
| ωA+σ{ν | | *! | |
| ☞ωAσ+κ{ν | | | **! |
| ωAκ+σ{ν | *! | | |

Metathesized candidate of /ωAσ.κ{ν/ satisfies the Constraints hierarchy, because it has the fewest violations and therefore receives the fewest penalty.

**Non-Contiguous Consonant Metathesis**: in one syllable

There are also some instances of non-contiguous metathesis in Kalhori, but the number and also frequency of them is to some extent rare. Totally, occurrence of non-contiguous metathesis is less regular and less systematic than the contiguous type. Nevertheless, these instances will be discussed. The first one is the occurrence of metathesis in a original Kalhori's word of:

ξ{.4{.Νεζ → ξ{.4{.ζεΝ "red wasp"

The segment sequence of final syllable in the above word, [.Νεζ] has been reordered to /.ζεΝ/. It seems that this word is the only sample of this type of metathesis in Kalhori. Even though the unmetathesized form [.Νεζ] is also in some limited areas can be heard, but the metathesized form is dominant, and the majority of the speakers of the mentioned variety of Kurdish language consider the unmetathesized form as an ill-form word. Also, it should be noted that some special speakers pronounce it in the form of [ξ{.4{ν.ζεγ]. it seem that the [ξ{.4{.Νεζ] is an old form of the word in a period of time under the performance of the phonological process of metathesis has been changed. The language variety of Kurdish Kalhori has no standard form, may the presence of two outputs (even though one of them is used widely and the other is not privileged) for one input can be explained through the absence of a standard variety in Kalhori. The most important thing is that, in the second surface representation ([ξ{.4{ν.ζεγ]),at first, the process of metathesis has occurred, and after that some of the features of the last consonant [Ν] have been changed and another phonological process (epenthesis) entered another segment [n] into the string of segments. But

because this process is not the subject of the present paper, we don't continue to speak about that.

Even though there isn't another sample of this kind of metathesis in Kalhori, but the optimality of this structure, concerning the principles of universal grammar and also the general tendency of the grammar of Kurdish Kalhori to coordinate with SSP, can be examined.

According to the **sonority cycle** which states "within a syllable a large sonority jump is preferred between onset and nucleus, while the preferred or ,least marked, sonority profile from the nucleus on is one of little or no decrease in sonority (Coulter, 2014: 50), this instance of metathesis can be explained. The following constraints are the sonority cycle correspondent markedness constraints:

BestCoda Align [+son]: all sonorants to be at the coda.
BestOnset Align [-son]: all obstruents to be at the onset.

after reciting these constraints from (Ito and Mester, 1999), Urbancyzk (2001: 108) adapt these two constraints in a single constraint of SyllCon, but it should be noted that this constraint is different from the one in the preceding tableau, even though the names of them are alike.

Also the principle of correspondence has been defined by McCarthy and Prince (1995: 262) as follow:

Given two strings $S_1$ and $S_2$, correspondence is the relation **R** from the elements of $S_1$ to those of $S_2$. Elements α (an element of an input string of $S_1$) and β (an element of an input string of $S_2$) are referred to as correspondents of one another when α **R** β.

Hermans and Oostendrop (2000: 214) formulated some faithfulness constraints, based on the above relation:

DEPENDENCE
Every element of $S_2$ has a correspondent in $S_1$. [*No Deletion*]
MAXIMALITY
Every element of $S_1$ has a correspondent in $S_2$. [*No Epenthesis*]
IDENTITY(γF)
Let α be a segment in $S_1$ and β be a correspondent of α in $S_2$, if α is [γF], then β is [γF]. [*No Segmental Feature Change*]

The second constraint (MAXIMALITY) (which means maximum segments number of the output should be equals with the number of them in Input) can be used in the following hierarchy of constraints to show the preferred and optimal form of output in Kalhori, in which, as it has been pointed out, alongside the optimal form, in some restricted areas some other forms of the output can also be heard.

In table (3) the optimality of the metathesized form based on the language specific hierarchy has been showed:

Table 3. Language specific hierarchy: SYLLCON>>MAXIMALITY>>LINEARITY

| ξ{.4{.Nεζ | SyllCon | MAXIMALITY | LINEARITY | IDENTITY(γF) |
|---|---|---|---|---|
| ξ{.4{.Nεζ | !* | | | |
| ☞ξ{.4{.ζεN | | | ** | * |
| ξ{.4{ν.ζεγ | | *! | * | * |

In the above table, the CAN [ξ{.4{.ζεN] satisfies the constraint hierarchy and therefore is elected as preferred output form by evaluator. As it has been noticed, there is another form of this word that can be heard in some restricted groups or speakers, [ξ{.4{ν.ζεγ], even though this form has also fulfilled the constraint of SyllCon, it has not selected by the evaluator, because it violates another low ranked constraints of MAXIMALITY, which forbids epenthesis. This form, even though, is not as the first one preferred, and as it has fulfilled the requirements of SSP and specially Sonority Cycle, as an exception can be present like a alternative form in the language.

**Non-Contiguous Consonant Metathesis: over non-adjacent syllables**

The last type of metathesis in Kalhori is a very rare kind of long distance metathesis in which two consonants from two non-adjacent syllable switch places with each other. Even though the occurrence of this type is not very regular, but there are some straight instances of it. All of these instances are also among loanwords. Two of them which have occurred in similar contexts are presented below:

| Before Metathesis in original language | | after Metathesis in Kalhori | meaning |
|---|---|---|---|
| βυλ.δΟ.ζ≅4 (from English) | > | βυ4.δΙ.ζελ | |
| βΟλ.βε.4ινγ (from English) | > | βυ4.βε.λιΝ | |

Firstly, some general features of these two instances should be noted [the input words]. Both of them are simple words. Both of them composed of three syllables. Concerning the SSP an SCL, all the syllables in both of them and also the relations between the syllables in syllable boundaries, are preferred and optimal. So it can be said that there isn't any problem with the structure of the syllable from the prospective of sonority and syllable structure well-formedness. It is clear that the reason of occurrence of this process is something beyond the structure of one syllable or even the relations of two adjacent syllable. But why

they have been metathesized? To find the answer of this question is not so easy, firstly, because this kind of metathesis is rare, therefore it seems that there isn't enough understanding about it in the literature of linguistics, secondly, there aren't enough samples of this kind of metathesis in Kalhori or other varieties of Kurdish language to enable the linguists to find a systematic rule in its performance. The only thing is that there isn't any other three syllabic simple word in Kalhori which have the following structure: $[CV_{[+V,+back, +round]}C_{\lambda/\square}.CV(C).C_{\rho/4}V(C_{\rho/4})]$.

## CONCLUSION

It has been pointed out that metathesis serves to rearrange phonologically "marked" structures in a more preferred and more acceptable (unmarked) order. In the present paper, some samples of all possible metathesis types in Kalhori dialect of Kurdish language have been investigated, and it has been approved that in three types of them, the performance of this process in the mentioned Kurdish language variety is completely reasonable, as it serves to fulfill the requirements of sonority sequence principle, which itself is one of the most important universal grammar principles, and also is considered as an important one by Kalhori's phonotactic rules. It militates against marked structures and changes them to unmarked and preferred structures. Occurrence of this process is more regular among loanwords, rather than the original words of the language, because the segmental structures of many of them is not preferred and acceptable.

The fourth kind of metathesis in Kalhori dialect is very rare kind, in which a consonant from the first syllable (of a three syllabic structure) shifts its position with another consonant in the third syllable. There are just two samples of this kind of metathesis in Kurdish Kalhori, due to the paucity of data of this kind of metathesis in the literature of linguistics, it seems that further investigations will be needed to explain this kind of metathesis.

## REFERENCES


Ball, J. Martin, Muller, Nicole & Rutter, Ben, 2014, Phonology for Communication Disorders, Psychology Press.

Bijankhan, Mahmood, 2009, Phonology: Optimality Theory, Samt.

Brugmann, Kalrl, (1902), Kurze verleichende Grammatik der indogermanichsen Sprachen, Walter de Gruyter.

Chomsky, Noam & Morris Halle, (1968), The Sound Pattern of English, New York, Harper and Row.

Clements, George N. (1990) The role of the sonority cycle in core syllabification. In: John Kingston and Mary Beckman (eds.) Papers in laboratory phonology I: Between the grammar and physics of speech, 283–333. Cambridge: Cambridge University Press.

Coulter, R. Geoffrey, 2014, Current Issues in ASL Phonology: Phonetics and Phonology, Volume 3, Academic Press.

Cruttenden, Alen, 2014, Gimson's Pronunciation of English, Routledge.

Crystal, D. (1997). A Dictionary of Linguistics and Phonetics. Oxford: Blackwell.

Crystal, David, 2008, A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition, Blackwell Publishing.

Damper, I. Robert, 2012, Data-Driven Techniques in Speech Synthesis, Springer Science & Business Media.

Féry, Caroline, Vijver, V. de Ruben, 2003, The Syllable in Optimality Theory, Cambridge University Press.

Fingan, Edward, 2014, Language: its Structure and use, Cengage Learning.

Gordon, K. Mattew, 2016, Phonological Typology, Oxford University Press.

Haye, Bruce, Kirchner, Robert & Steriade, Donca, 2004, Phonetically Based Phonology, Cambridge University Press.

Hermans, Be & Oostendorp, Van Marc, 2000, The Derivational Residue in Phonological Optimality Theory, John Benjamins Publishing.

Hickey, Raymond, 2014, The Sound Structure of Modern Irish, Walter de Gruyter GmbH & Co KG

Kar, Somdev, 2010, Syllable Structure of Bangla: An Optimality-Theoretic Approach, Cambridge Scholars Publishing.

Kean, Mary-Louise, 1992: Markedness: an Overview. In international Encyclopedia of Linguistics, William Bright, Oxford University press.

Kingston, John & Beckman, E. Mary, 1990, Papers in Laboratory Phonology: Volume 1, Between the Grammar and Physics of Speech, Cambridge University Press.

Lacy, de Paul, 2007, The Cambridge Handbook of Phonology, Cambridge University Press

Leslau, Wolf, 1992, Gurage Studies: Collected Articles, Otto Harrassowitz Verlag.

Lopez, Luis & Cameron, Richard, 2003, A Romance Perspective on Language Knowledge and Use: Selected Papers from the 31st Linguistic Symposium on Romance Languages (LRSL), Chicago, 19-22 April 2001, John Benjamins Publishing.

McCarthy, John and Alan Prince (1995). "Faithfulness and Reduplicative Identity,"UMOP 18:Papers in Optimality Theory, ed. by Jill Beckman, Laura Walsh Dickey, and Suzanne Urbanczyk, 249-384. Amherst, Mass.:GLSA

McCarthy, John, J. 2002: a Thematic Guide to Optimality Theory, Cambridge University Press.

Miglio, G. Viola, 2013, Interactions Between Markedness and Faithfulness Constraints in Vowel Systems, Routledge.

Oostendrop, V. Mark, Ewen, J. Colin, Hume, V. Elizabeth & Rice, Karen, 2011, The Blackwell Companion to Phonology, 5 Velume Set, John Wiley & Sons.

Pascoe, Michelle, Stackhaus, Joy & Wells, Bill, 2006, Persisting Speech Difficulties in Children: Children's Speech and Literacy Difficulties, John Wiley & Sons.

Paul, I., Phillips, V., Travis, Lisa, 2013, Formal Issus in Austronesian Linguistics, Springer Csience &Business Media.

Powell, J.V., (1985), An occurrence of Metathes/is in Chumakuan, In Acson, Veneeta Z., & R. Leed. eds., For Gordon H. Fairbanks. Honolulu: University of Hawaii Press.

Prince, Alen & Smolensky, Paul, 1993: Optimality Theory: Constraint Interaction in Generative Grammar.

Selkir, Elizabeth. (1984). "On the Major Class features and Syllable theory",. Language Sound Structure, M. Aronoff and R.Oehrle (eds.) 107-134.Cambridge, MA: MIT Press.

Spencer, A. (1996). Phonology, Oxford: Blackwell

Uchihara, Hiroto, 2016, Tone and Accent in Oklahama Cherokee, Oxford University Press.

Uffmann, Christian, 2007, Vowel Epenthesis in Loanword Adaptation, Walter de Gruyter.

Urbancyzk, Suzanne, 2001, Patterns of Reduplication in Lushootseed, Psychology Press.

Article

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 336–349
http://www.ijoks.com

# The Poetics of the Symbol in the Kurdish Folktale

***Hemdad Hussen Bakir***[1] ***Mohammed Ahmed Hasan***[2]

**Received**: Jan 21, 2018 **Reviewed**: Feb 18, 2018 **Accepted**: Mar 21, 2018

## Abstract

The symbol is a key factor for achieving poeticism in text, which in turn shows the art of text. This research (The poetics of the symbol in the Kurdish folktale) came as an attempt to study the role of the symbol in the technical realization of the ancient texts such as folklore.The research consists of two parts. The first is the title of "The Concept of Poeticism" We tried to clarify this term in the theoretical aspect, and this is the reader's knowledge of the role of this concept in the texts.The second section, which was the title (the poetics of the symbol of the Kurdish folktale) and explained three types in the symbols: the historical symbol, the legendary and religious. We tried to stand in these three types in the texts of the folkloric story with its semantic implications, with the most important findings of the research and a list of sources that we have benefited from during this study.

**Keywords:** Poetics, Kurdish Folktale, Symbol, Folklore

**Recommended citation:**

Bakir H. H. & Hasan M. A. (2018). The poetics of the symbol in the Kurdish Folktale. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 336–349.doi: **10.21600/ ijoks.454451**

[1]. Prof.Dr. Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq. Email: hemdad.bakir@su.edu.krd

[2]. Lecturer, Department of Kurdish Language, College of Education- Shaqlawa, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq. Email: Mohammed.hasan@su.edu.krd

پێشەکی

ڕەمز وەکو تەکنیکێك هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هێنانەدی شیعرییەت لە دەقدا، ئەم شیعریەتە هەوڵێکە بۆ زیاتر بە هونەریکردنی دەق . هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردی وەکو دەقێك بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتاییە . هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا نەیتوانیوە لێکدانەوەیەکی زانستی و فەلسەفیان بۆ بکات، کردوونی بە ڕەمز . هێندێکجاریش بۆ بە ناراستەوخۆ دەربڕ ین پەنای بۆ ڕەمز بردووە . ئەم توێژینەوەی ئێمەیش (شیعرییەتی ڕەمز لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا ) هەوڵێکە بۆ کارکردن لەسەر ڕۆڵی ڕەمز لە هێنانەدی شیعرییەت لە دەقێکی کۆنی وەکو هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە . بەشی یەکەم بەناوی چەمکی ش یعرییەتە، هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی شیعرییەت لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەویش بۆ زیاتر ئاشانکردنی خوێنەر بەم چەمکە و ڕۆڵی لەناو دەقدا . هەرچی بەشی دووەمیشە بەناوی شیعرییەتی ڕەمزیی هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردییە، هەوڵێکە بۆ کارکردن لەبارەی سێ جۆری ڕەمز ئەوانیش : ڕەمزی مێژوویی، ئەفسانەیی و ئایینین . هەوڵمانداوە ئەم ڕەمزانە لەناو چەندین دەقی هەقایەتی فۆلکلۆریدا دەربهێنین و لەڕووی سیمیۆلۆژییەوە واتا و دەلالەتەکانیان لێکبدەینەوە . لە کۆتاییشدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک.

بەشی یەکەم: چەمکی شیعرییەت

چەمکی شیعرییەت لە کۆندا خاڵی جیا کەرەوەی دەقی شیعری لە دەقی ناشیعریی بووە . کەواتە شیعرییەت لایەنی هونەریی دەقی بەهێز کردووە . ئەم چەمکە بۆ (ئەرستۆ) لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر) دەگەڕێتەوە. هەرچەندە ڕاڤەی (ئەرستۆ) بۆ ئەم چەمکە بریتیبوو لە کۆمەڵێ ڕێسا و یاسا. ئەم یاسایانە دەقی شیعریيان لە دەقی دیکە پێ جودا دەکرایەوە،بەڵام دواتر زاراوەی شیعرییەت گۆڕانکاری بەپێی بار و سەردەمەکان بەسەردا دێت . "ڕۆمان یاکۆبسن" شیعرییەت پێوەست بە زمان دەکاتەوە، هاوکات شیعرییەت بایەخ بە واتا لەناو زماندا دەدات . کەواتە ((پێوەستە بە داهێنان و ئەفراندنی کارێك، کە تێیدا لە یەك کاتدا زمان کرۆك و وەسیلەیەتی.)) [ خۆشناو،٢٠١٠،ل٢٢] لێرەدا شیعرییەت لقێکە لە زمانەوانی و ئەرکی شیعریی بە وشە و ئاخاوتن دەدات . شیعرییەت دەبێتە زمانێک زمانی پێدەربڕێت . هاوکات دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی زمان لە زمانی ئاخاوتن و ئاسایی بۆ زمانی دەق و هونەر و ئەدەبی بگۆڕێت. ئەم بۆچوونەی "یاکۆبسن" ، "تۆدۆرۆف"ی ڕەخنەگرییش گرینگی پێدەدات . بۆیە بەلای ئەو ڕەخنەگرەوە شیعرییەت ((ئاخاوتنێکی ئەدەبییە.)) [ توودۆرۆف،٢٠١٢،ل١٦] ئەدەبیش وەکو بونیادگەرەکان لێی دەنۆڕن بریتییە لە خودی زمان . واتە ئەوان هەرچی تەکنیك و گەمەی هونەرییە بۆ بە هونەریکردنی دەق هەیە، کە لە ناو زماندا دەیبیننەوە . کەواتە دەق شێوازێکی

تایبەت بە خۆی هەیە. هەرچەندە "بۆفۆن" پیروای وایە شێواز خودی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام شێواز دەکرێ بە ڕێیەکی نووسینیش هەژماری بکەین، کەواتە شێواز لێرەدا دەبێتە دیاریکردنی لادانی زمان و ئاستی شیعرییەت.

لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین، ئایا شیعرییەت تەنیا لەناو دەقی شیعریدا هەیە؟ ئایا تەنیا زمانی شیعر سەرشارە بە شیعرییەت؟ ئاشکرایە لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە تا سەدەی ڕێنسانس شیعر تاکە ژانری باڵادەست بوو، شیعر و داهێنان لەگەڵ یەکدی دەهاتن، تەنانەت شانۆ و داستان بە شیعر دەنووسران . تەنانەت ڕەخنەگر و نووسەرانی عەرەبیش چ پیش ئیسلام و چ دوای ئیسلام شیعر تاکە بەرهەمی دڵخوازیان بووە . بۆ ئەمەیش "ئەدۆنیس" لە کتێبی (شیعرییەتی عەرەبی )دا بە جوانترین شێوە باسی ئەم پێوەستبوونەی عەرەب بە شیعر دەکات. لەوێدا زۆر زانستیانە ئەم بۆچوونانەی لەمەڕ شیعرییەت و شیعر ڕوونکردۆتەوە و ڕەخنەی لێگرتوون، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ، شیعرییەت تەنیا تایبەت بە شیعر نییە، بەڵکو دەکرێ لە قسەیەکی جوانی ڕۆژانەیشدا شیعرییەت هەبێت، هەموو قسەیەکی جوان، خاوەن ڕیتم و شیعرییەتە.

شیعرییەت و سیمۆلۆژیا پێوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە، چونکە هەردووکیان پێوەندن بە پرسی زمان و دەلالەتەوە . سیمیۆلۆژیا وەکو مێتۆدێکی ڕەخنەیی وەکو ئاراستەیەکیش بۆ ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی خۆی ناساندووە . لەمەیشدا گرینگی بە شیعرییەت (کە پێداگری لەسەر بەرهەمهێنانی نیشانە د ەکاتەوە) دەدات. هاوکات گرینگی بە بەرهەمهێنانی ئێستاتیکایش دەدات. هەریەکە لە "دی سۆسێر" و "چارلس پێرس"، کە بە ڕابەرانی سیمیۆلۆژیا دادەنرێن، بنەمایان بۆ ڕاڤەکردن و پێکهاتەی دەق ئیشکردنە لەسەر شیعرییەت . هەردووکیان لە بۆچوونەکانیاندا زیاتر لەناو زمانی دەقدا کا ر دەکەن . هاوکات پێداگریان زۆر لەسەر نیشانە کردۆتەوە، وەکو "پێرس" دەڵێت: (( نیشانە پێوەندییەکی فیزیکی لەگەڵ ئەو بابەتەی بۆی دەگەڕێتەوەدا، هەیە .)) [ الزواوي،٢٠٠٧،ص١٠٢] ئەم نیشانانە لە دەقدا بە هەمان واتای فیزیکی و واقیعی بە کار نایەن، بەڵکو ڕەهەندی دیکەیان دەب ێت، ئەمەیش جۆرێک لە شیعرییەت بە دەق دەبەخشێت . بە بڕوای "ڕۆبەرت سکۆڵز" سیمیۆلۆژیا هەمیشە بۆ توێژینەوە لە کۆدەکان دەڕوات . واتە توێژینەوەیە لەو سێستەمەی کۆمەکی مرۆڤ لە درککردن بە ڕووداوەکاندا دەکات، ئەو ڕووداوانە نیشانە و واتایان لە خۆیاندا بارکردووە . لێرەدا توێژینەوەی سیمیۆلۆژیا وەکو بەشێك لە توێژینەوەی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگیدا دەردەکەوێت . مادام شیعرییەت کارکردن بێت لەناو زماندا، کەواتە شێعرییەت لەناو دەقی گێڕانەوەیشدا هەیە، هەقایەتی فۆلکۆریش لە ڕێی هونەر و تەکنیکێکی ئێستاتیکییەوە شیعرییەت بەرهەم دەهێنێت لەوانە:

بەشی دووەم: شیعرییەتی ڕەمز لە هەقایەتی فۆلکلۆریدا

هونەری ڕەمز چ وەك ئاراستە و چ وەك چەمك خەیاڵ دەسەڵاتی بەسەردا هەیە، واتە گوزارشتە لە بیرێک بە ڕێیەکی ناراستەوخۆ، بەشێوەیەکی دیکە ئاماژە بۆ شتەکە دەکرێت، دوای لێکدانەوە واتاکەی دەردەکەوێت . ڕەمز بەهۆی ج یاوازبوونی لە مەغزایەکەی هەمیشە تووشی لێڵی و ناڕوونیمان دەکات . ئەم ئاڵۆزی و ناڕوونییە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی هەستەکان. زاراوەی ڕەمز، کە بە ئینگلیزی دەبێتە Symbol لە بنەچەدا بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە. ئەم زاراوەیە ((لە کاری یۆنانی symballein وەرگیراوە، لە sam بە واتای لەگەڵ و boleinal بە واتای بایەخپێدان و ڕێزلێنان پێکهاتووە و دەگەڕێتەوە بۆ پارچەیەك زەخرەفە، یان هەر دەفرێکی تایبەت کە بۆ میوانان بە کاریان دەهێنا .)) [حەمەد،٢٠١٢،ل٥] واتە ئەم زاراوەیە پتر بۆ لێکنزیکردنەوەی خەڵک هاتووە. تا وەکو پێوەندی و هێمایەك بێ بۆ نیشاندانی هاوسۆزی و ڕێز . لێرەدا ڕەمز گوزارشتە لە شتێك، گوێگر واتا نادیارەکەی وشەکە لێکدەداتەوە . کەواتە کەسی نێرەر واتایەکی شاراوەی لە پشت وشەکانەوە شاردۆتەوە، ئەویش بە هۆی دەستەواژە و هێمای تایبەت، بۆ ئەوەی گوێگر بتوانێ لە ڕێی لێکدانەوەی ئەو دەستەواژە و هێمایانە واتا شاراوەکەی ڕەمزەکە ئاشکرا بکات . ڕەمز ((دەربڕینی دەنگێکی نزمە وەك بەچپەدوان، هاوکات جووڵاندنی لێوەکانە بە وشەی تێنەگەیشتوو، دەربڕینێکی شاراوەیە بە دەنگ وەکو ئاماژەدان بە لێوەکان، گوتراوە ڕەمز نیشان و ئاماژەیە بە چاو، برۆ، دەم و لێوەکان.)) [منظور،؟ص٣٥٦،٣٥٧] لە زۆر باردا ڕەمز کۆد و بە نهێنی پەیقینە، بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی لەو پەیامەی هەیەتی بگەیەنێ، کە ناتوانی بە ڕاستەوخۆ دەریببڕێت.

گەلێک پێناسە بۆ چەمکی ڕەمز کراوە، هەروەك گوتمان شتێکی گوزارشتییە، وەکو هێمایەك بۆ شتێکی دیکەی جودا لە واتا فەرهە نگییەکەی. تەنانەت دەروونناسێکی وەکو "کارل گۆستاف یۆنگ" بە هۆکارێکی درکپێکردنی دادەنێ، چونکە مرۆڤ ئارەزووی لە هێمایە، دەبینین هەموو شتە درکپێکراوەکانی بە هێما و ڕەمز گۆڕیوە . بۆیەیش دەروونناسان لەڕێی لێکدانەوەی ڕەمزەکانی ناو خەونەوە، لێکدانەوە بۆ خەونی مرۆڤ دەکەن. مێژوونووسان و ئارکیۆلۆژییەکان لە ڕێی ڕەمزەکانەوە دەیانەوێ زانیاری لەسەر مرۆڤ و شارستانیەتە کۆنەکان دەستبخەن.

لێرەوە ڕەمز چەندە گرینگی و بایەخی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە . بۆیەیش لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا لە ئەورووپا وەکو ڕەوت و بزووتنەوەیەکی ئەدەبی دەردە کەوێت. زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بە دیوانە شیعری (گوڵەکانی خراپە )ی "بۆدلێر ١٨٢١- ١٨٦٧" لە ساڵی ١٨٥٧ وەکو سەرەتای دەرکەوتنی سیمیبولیزم دەکەن . ((بە نۆرینی بۆدلیرەوە دنیا بێشەیەکی لێوان لێوی هێما و ئاماژەکانە، حەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی شاراوەیە و پەنهانە و تەنیا شاعیر بە زەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی، لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما و ئاماژانە هەستی پێدەکات.)) [حوسێنی،٢٠٠٦،ل١٥٦] کەواتە بە پێوای ئەم شاعیرە هەرچی لەم گەردوونەدا هەیە، ڕەمزە. ئەو ڕەمزانەیش هەموو کەس ناتوانی هەستیان پێ بکات و لێکدانەوەیان بۆ بکا، تەنیا شاعیر و نووسەرەکان نەبن . پاشان لە ساڵی ١٨٨٦دا یەکەم مانیفێستی

سیمبولیستەکان لە نووسینی "ژان مۆرێیاس" بڵاودەکرێتەوە. بۆیەیش ((لای سیمبولیستەکان، وەك چۆن لای نیگارکێشەکان بەشێوەیەکی دیارتر دەبینین : فیگەر و هێڵ و ڕەنگ دەکرێنە ڕەمز نەک تەنیا سێبەر و ڕووناکی بەشێوەیەکی واقیعیانە بە کار بێن و تەنیا تەعبیر لە هەست بکەن و تابلۆیان پێ جوان بکرێ .)) [ پیرباڵ،٢٠٠٤،ل١٤٧] ئەوەی لای ئەم ڕەوتە ئەدەبییە بەدی دەکرێت، ئەوەیە هیچ شتێك نابێ ڕاستەوخۆ گوزارشتی لێبکرێ، چونکە ئەگەر وابێت شیعرییەتی زمان، ئێستاتیکای ئەدەب دەکەوێتە کوێوە؟

دواتر هەر لەگەڵ پەیدابوونی مێتۆدی سیمیۆلۆژیدا، ڕەمز دەبێتە کلیلێك بۆ درکپێکردنی سروشت و بوونی مرۆڤ. دەبینین ئەمە لە هەقایەتی فۆلکلۆریدا تەواو ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە بۆ ڕاڤەکردنی سروشت مرۆڤ لە کۆندا پەنای وەبەر ڕەمز بردووە . ئەم کلیلە دەبێتە هۆکار ێکی باش بۆ ئەوەی سیمیۆلۆژیستەکان گەلێک دەرگای پێبکەنەوە . "دی سۆسێر" لە چوارچێوەی وانەکانیدا لەبارەی زمانەوانیدا، ئاماژەی بە دال و مەدلوول کردووە . ((دال بۆ نموونە وەکو (دار) هیچ سیفەتێکی مەدلووکە لە خۆیدا هەڵناگرێت، تاکە بەهانەیەک بۆ ئەم ناونانە تەنیا دەستەواژە و ڕێککەوتنە .)) [ دی سوسییر، ١٩٨٥،ص٨٧] ئەمە بۆ هەموو دەستەواژەکانی دیکەی زمان ڕاستە. بۆیەیش لەم ڕێیەوە خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کرد . کەواتە هەموو ناوێك ڕەمزێکە تاکەکانی هەر زمانێك لەسەری ڕێکەوتوون . هەر ئەم زمانناسە ئاماژە بۆ جۆرێکی دی کە لە دەلالەتەکان دەکات، ئەوانەی جگە لە مەدلوولی ڕێککەوتنەکە، مەدلوولی دیکەیان هەیە. بۆ نموونە (تەرازوو) دەلالەتە لە دادپەروەری، (کۆتر)ی سپی دەلالەتە لە ئاشتی، ئەم مەدلوولە زمانیانەی بە ئەرکی ڕەمزی ناوبرد . "ڕۆلان بارت" وەکو ڕابەرێکی سیمیۆلۆژی، بە تێبینی و ڕەخنەکانی لەبارەی ئەو چەمکانەی "سۆسێر" لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی بەرهەمی هێنان، خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ نیشانەناسی و ڕەمز بەتایبەت کرد. لە یەکەم ڕەخنەیدا لە کتێبی (بنەماکانی زناستی بەڵگە)دا زمان بە فراوانتر لە سیمیۆلۆژیا دادەنێت. ((زمان بەشێك نییە لە زانستی دەلالەت، بەڵکو زانستی دەلالەت بەشێکە لە زمان.)) [بارت،ص٢٩] کەواتە زمان سێستەمێکی گەورەترە لە سیمیۆلۆژیا . لەلایەکی دیکەوە هەموو پەیڤێکی دەرپڕاوی بە گوێرەی کارکردنیان لەناو دەقی ئەدەبی بە واتا بەستەوە . کەواتە بەبێ دەورووبەر(السیاق) ناتوانین ڕاڤەیەکی دروست بۆ پەیڤەکان (دالەکان/ڕەمزەکان) بکەین. کەواتە فرەیی لە مەدلوولداـ دێتەکایەوە . بۆ نموونە ڕەنگی سەوز تەنیا لە سێستەمی هێماکانی هاتووچۆدا نیشانەی ڕۆیشتنە، بەڵام لە دەورووبەری دیکە واتای تری هەیە . کەواتە لێکدانەوەی ڕەمزەکان دەبێ بە گوێرەی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردێت لێکبدرێتەوە.

"یە لە لێکۆڵینەوەیەکی سیمیۆلۆژییدا، سێستەمی ڕەمزی لە J.Molinoهەرچی "ج.مۆلینۆ جیاتی سێستەمی نیشانەیی (العلامات) دانا. ڕووداوە ڕەمزییەکانی لە دەقەکاندا دابەشی سەر سێ ئاست کرد . ئەوانیش: ئاستی شیعری، ئاستی مادی و ئاستی هەستەکی . ئەم ئاستانە هاوکات ئەرکەکانی ڕەمز دیاری دەکەن . لە ئاستی پێوەندیی نێوان نووسەر و دەقدا

لێکدەدرێتەوە. واتە ئەوەی ڕەمزەکەی بەرهەمهێناوە لەگەڵ دەقە ڕەمزییەکەدا . لە ئاستی دووەمدا تەنیا بەرهەم و دەقەکە کاری لەبارەوە دەکرێت . لە ئاستی سێیەمدا تیشك دەخرێتە سەر دەق و پێوەندی لەگەڵ خوێنەر یان وەرگردا.

ڕەمز لە دەقی گێڕانەوەییدا خۆی لەناو هەموو توخمەکانی دەقی گێڕانەوەیی، یان هەقایەتدا پراکتیك دەکا. هەرچەندە "جەمال میرسادقی" لە کتێبەکەیدا (ڕەگەزەکانی چیرۆك) سێ جۆر لە چیرۆکی ڕەمزیمان بۆ دەستنیشان دەکا . ئەوانیش: چیرۆکگەلی ڕەمز واقیعی، چیرۆکگەلی ڕەمزی و سوریالی و چیرۆکگەلی ڕەمزە ناسرووشتییەکان .[میرصادقی،١٣٩٠،ص٥٤٧_٥٥٢] هەریەک لەم چیرۆکانە بەشێوەیەك ڕەمزیان تێدا بەکار هاتووە . بۆ نموونە لە یەکەم جۆریاندا ڕەمزە واقیعی و سروشتییەکان هەن، هاوکات دەکرێ واتای دیکەیان هەبێت . لێرەدا بۆ ئاشنابوون و لێکۆڵینەوە لە ئێستاتیکای ڕەمز لە هەقایەتی فۆلکۆری کوردیدا چەند جۆرێک لە ڕەمز پراکتیك دەکەین:

ا. ڕەمزی مێژوویی

هەموو دەقێکی ئەدەبی گوزارشتە لە کۆمەڵێ بۆچوون، مێژوویش وەکو فاکتەرێکی گرینگی دەربڕین، لەگەڵ ئەدەبیات سوود لە یەکدی وەردەگرن . کەواتە مێژوو خۆ ی دەخزێنێتە ناو ئەدەبیات بەتایبەت لەلایەن ئەو میللەتانەی هەمیشە داگیرکراو و ژێردەستەبوونە نەیانتوانیوە مێژووی خۆیان بنووسنەوە . ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە ڕێیەکی زۆر باش بووە، بۆ ئەوەی ئەو میللەتانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە سەرەداوەکانی مێ ژووی خۆیان بکەن. هەرچەندە هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردی، وەکو هی هەموو نەتەوەکانی دیکە بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتای کوردە، بەلام بەپێی سەردەمە مێژووییەکان گۆڕانکاری بەسەر ڕووداو و کەسەکانی ناوی هاتوون. لێرەدا زۆر لایەنی مێژوویی هەیە وەکو ڕەمز و دەلالەت خۆ ی دەخزێنێتە ناو هەقایەت.

کەسایەتییە مێژووییەکان چ بیانی و چ کورد لە زۆر هەقایەتی فۆلکلۆرییدا ئاماژەیان بۆ کراوە . دیارە ناوهێنانیان لەخۆڕا نییە، بەڵکو دەبێ سەردەمی مێژوویی ئەم کەسایەتیانە گرینگی و بایەخی نەتەوەیی و مێژووییان هەبێت . "هاڕوونە ڕەشید" وەکو خەلیفەیەکی موسڵمانان لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا زۆر جار ئاماژەی بۆ کراوە، بەتایبەت لەگەڵ "بەهلول"ی وەزیریدا. ئەمە دوو کەسایەتی دیکەمان بەناوەکانی "سوڵتان مەحموود و هەیاس " بیردەخەنەوە. ئەم کەسایەتیانە لە هەقایەتدا زۆر بایەخیان پێدراوە، بەتایبەت وەزیرەکانیان، کە بە مرۆڤی عاقڵمەند و زیرەك وێناکراون. "هاڕوونە ڕەشید" بە دوو شێوە لە هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا وەکو ڕەمز (بە گوێرەی بەدواداچوونی ئێمە ) هاتووە. لەلایەک وەکو خەلیفەیەکی هەوەسباز و لەلایەکی دیکە وەکو خەلیفەیەکی دادپەروەر.

لە هەقایەتی (سلێمانێ خولامێ وەز یری)، ئەم کەسایەتییە مێژووییە وەکو خەلیفەیەکی هەوەسباز و چاولەدەر وێنا دەکرێ. ((هارونە رەشیدی وەزیرەک هەبوو، ژنا وەزیری گەلەکا جوان

بوو، رۆژەکی هارون رەشید ل بەر پەنجەرکا دیوانا خۆ بوو، چاڤی وی ب سەربانێ قەسرا وەزیری کەت دیت ژنا وەزیریا ل سەربانی، ب خۆ یار بیا ب کۆترەکا د کەت، دلی هارون رەشید کەتێ.)) [ جەعفەر،٢٠١٠،ل٢٣] بە کارهێنانی ئەم کەسایەتییە کە خەلیفەیە و دەسەلاتی هەیە، ڕەمزە بۆ شێوازی ژیان و دەسەلاتی ئەو . کەواتە ئەم خەلیفەیە زۆر حەزی بە ژن و کەنیزە و کۆشک و تەلار کردووە . بۆیەیش لەناو هەموو خەلیفەکانی ئیسلامدا زیاتر باسی ئەم دەکرێت، زۆرترین ڕەنگدانەوەیشی لەناو ئەدەبیاتدا هەبووە.

لە هەقایەتی (بەخت و داد / بەغداد)، هەقایەتێکە مێژووی دروستبوونی ناوی شاری (بەغداد)مان وەکو شارێکی دێرین پێدەڵێت . کەواتە پێمان دەڵێت ئەم وشەیە ڕەمزی چییە و لە چییەوە هاتووە . ئەویش لە هەقایەتەکەدا لە ڕێی گەڕانەوە بۆ ڕیشەی مێژوویی وشەکە ((شتێکی دیکەمان نیشان دەدات، چەمکەکە بە نموونە و بەڵگەوە پێشکەش دەکات .)) [میرصادقی،١٣٩٠،ص٣٠٨] ئەم هەقایەتە باس لە پیاوێکی هەژار دەکات، ڕۆژێک دەچێتە سەر ڕووبار و کۆمەڵە دارێک دەبینێ و دارەکان لادەبات، دە رگایەک دەردەکەوێ، لە دەرگاکە دەچێتە ژوورەوە، دەبینێ ئەم ژوورە پڕە لە زێر . دێتەوە ماڵ و بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە . دەڵێ: دەچم بە وەزیر دەڵێم، هەرچەندە ژنەکەی دەڵێ مەچۆ، بەڵام دەچێت و بە وەزیر دەڵێت، وەزیریش دەڵێ با بچین سەیری بکەین، کە دەچن وەزیر لەوی کابرا دەکو ژێت. پاشان وەزیر داوا لە حاکم دەکا زەوییەکی بداتێ بۆ ئەوەی بیکاتە کۆشك، حاکمیش دەڵێ کوێت پێخۆشە ئەوێ هەڵبژێرە، ئەویش سەر ڕووبارەکە هەڵدەبژێرێ. ڕۆژی کردنەوەی کۆشك حاکمیش داوەت دەکا. ژنەی کابرا کورەکانی ناو دەنێت تەخت و داد، لەو ڕۆژەدا هاوار دەکا تەخت و داد، حاکمیش کە گوێی لەوە دەبێت، دەڵێ کێیە وا هاوار دەکا بیهێنن، ژنەیش هەموو مەسەلەکە بۆ حاکم دەگێڕێتەوە . حاکمیش لەوێ وەزیر لە سێدارە دەدات و ئەو شوێنە ناو دەنێن تەخت و داد و دواتر دەبێتە بەغداد. [جەعفەر،٢٠١٠،ل٢٢]

دەبینین هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردی، بۆتە ڕێیەك بۆ ئەوەی ڕیشەی مێژوویی ناوی ئەو شارە بزانین. کەواتە بەغداد دەبێتە ڕەمزێک بۆ دادپەروەری . لێرەدا هەقایەتخوان لە چوارچێوەی ڕەمزە مێژووییەکەدا، هەندێ چەمک و گشتیمان دەداتێ ، لەژێر ئەو چەمك و دەلالەتانە، چەمک و دەلالەتی لاوەکی هەن، کە خزمەت بە بیرۆکەی بنەڕەتی هەق ایەتەکە دەکەن. ڕاستە باسی سەردەمی "هاڕوون ڕەشید " دەکرێ، بەڵام لە پشت ئەوەوە ئەم خەلیفەیە دەبێتە ڕەمز و دەلالەت بۆ ئەو خەلیفانەی بە دوای هەوەس و ئارەزووی سێکسییەوەن و بەهۆی سەرقاڵیان بە ڕابواردن ئاگاداری میللەتەکانیان نین . بۆیەیش هەقایەتخوان لەناو دەقەکەد ا ڕەمزەکان پەرت دەکا، بۆ ئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا، هەموو ئەو دەلالەت و ڕەمزانە لەگەڵ یەکدی گرێ بداتەوە، بۆ ئەوەی بە ڕەمزلە گشتییەکە بگات . کەواتە یەکبوونی دەلالەت لەناو دەقدا لە یەکبوونی واتا دەدۆزینەوە، ئەویش بە هۆی دەستەواژە و ڕستەکانەوە . ڕاستە لێرەدا ناوەکان

(هاڕوونە ڕەشید ) و (بەغداد) ناوی واقیعیین، بەڵام لە پشت خۆیانەوە ڕەمزی دیکەیان هەڵگرتووە، لە ئەنجامی خوێندنەوەی کۆی دەقەکەدا، بەو ڕەمزە مێژووییە دەگەین.

ب. ڕەمزی ئەفسانەیی

هەرچەندە هەقایەتی ئەفسانەیی و هەقایەتی فۆلکلۆریی جیاوازیان هەیە، بەڵام ئ ەمە ئەوە ناگەیەنێت، هەقایەتی فۆلکلۆریی سوود لە ڕەمزی ئەفسانەیی وەرنەگرێت . هەقایەتی فۆلکلۆرییش لە زۆر باردا پەنا بۆ ئەفسانە دەبات، چونکە ئەویش بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایە. بۆیەیش ((ئەفسانە هەموو ئەو چیرۆکە خەیاڵاوی و سەرەتایانەیە کە مرۆڤ دروستی کردو ون، بەرانبەر بە دیاردەکانی سروشت کاتێك مرۆڤ نەیتوانیوە گوزارشت لە دیاردەکان بکات بەشێوەی ئەفسانە هەستەکانی دەربڕیوە، تا وای لێهاتووە ئەفسانە تێکەڵ بە هەموو ژیانیان بووە.)) [عیسا،٢٠٠٩،ل٣١٨] زۆر لە ئەفسانەکان لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە تا ئێستا، بوونەتە ڕەمز بۆ دەربڕینی لایەنێکی ژیان، ئەفسانەیش لە کۆی بوارەکانی ژیاندا وەکو ئایینی، مێژوویی، ئەدەبی...تاد هەن.

لە هەقایەتی (ئەو دێوەی ویستی کوڕی ئاشەوان بکوژێت )، باس لە کوڕە ئاشەوانێک دەکا، کچی پاشا دەبات و دەیکاتە هاوسەری خۆی، پاشان دەڕۆن و دەچنە وڵاتی دێوان، لەوێ کوڕی ئاشەوان هەشت لە دێوەکان دەکوژێت و یەکیان خۆی حەشار دەدات . دواتر دێوە و ژنەی کوڕە ڕێکدەکەون کوڕە بکوژن. چەندە ژنە بەهانە بە کوڕە دەگرێ و داوای شتێك دەکا، کە لە شوێنی ترسناکدا هەیە، بەڵام هەموو جارەکان کوڕە سەرکەوتوو دەبێت . تا ڕۆژێک دەڵێ هێزی تۆ لە کوێدایە؟ ئەویش دەڵێ لە شانەکانم. بەمەیش بە فێل دەیخەنە ناو مەنجەڵێك و مەنجەڵەکەیش بە ڕووباردا دەدە . جادووکەرێک دەبێ، کانی و ئاوی حەیاتی لەماڵەکەیەتی، ڕووبارەکە بە تەنیشت ماڵیدا دێت، کوڕە دەگرێتەوە و ڕزگاری دەکات . (( شاگردەکان چوون مەنجەلە گەورەکەیان هێنایەوە و لەبەردەمی جادووگەریان دانا و سەری مەجەڵیان هەڵدایەوە و دیتیان کوڕەکەی لەناو دایە و هەناسەی نەدەدا، هەموو لەشی تێکشکابوو. جادووکەر هێنای هەموو لەشی پارچە پارچە کرد و بە ئاوی حەیات شوشتییەوە.)) [حەسەن٢٠٠٦،ل١٨٣] ئاوی حەیات ڕەمزێکی ئەفسانەییە، کە خەڵک بەهۆیەوە نەمری بە دەست دەهێنن . گلگامێش، کە ئەفسانەیەکی سۆمەرییە، بە دوای گیای نەمریدا گەڕاوە، لە ئەفسانەکەد ا دەیدۆزێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی دەیەوێ لەسەر ڕووبارێک پشوو بدات و دەخەوێ، مارێك دێت و گیایەکە دەخوات . بە گۆڕانی سەردەم و ژیانی مرۆڤەکان ، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام ئەم گیای نەمرییە بۆتە ئاوی ژیان . گوایە کەسێک بەناوی "خدری زیندە " ئەم ئاوەی خواردۆتەوە و شوێنەکەی دەزانێ، هەمیشە بە نەمری ماوەتەوە .((خدری زیندە نامرێ لە هەموو شوێنێك هەموو موویەک هەڵکروزێنیت ئامادەیە، بەدەم لێقەوماوانەوە دێت. یاریدەی هەزاران ئەدات. ڕێگا نیشانی گومڕایان و سەرلێشێواوان ئەدات، زۆر جار ڕێگەی ڕاست، ڕێگەی چاکەکردن و واز لە زۆرداری هێنان نیشانی میر و پاشایان ئەدات .)) [ڕەسووڵ،١٩٧٩،ل٢١،٢٢] ئەم کەسایەتیەش

وەکو ڕەمزی نەمری و مانەوە لەناو هەقایەتەکاندا هەیە . ئەرکی ئەم کەسایەتییە هەمیشە چاکەکردنە، هەموو هەوڵێکی بۆ سەرخستنی لایەنی چاکەیە . هەقایەتی (خدی زندە)، خزری زیندە وەکو کەسایەتییەکی چاکەخواز دەردەکەوێت . کۆمەکی (ئەحمەد)ی پاڵەوان دەکات بۆ ئەوەی کچی پاشا کە قسە نکات بە قسەی بهێنێت . پاش ئەوەی (ئەحمەد) بەپێی ڕێنماییەکانی (خدری زیندە ) کچەکە بە دەست دەهێنێت، ئەویش داوای بەشکردنی دەسکەوتەکە دەکات. پاش ئەوەی شمشێری لە پاتێلی کچەکە داو مارێ ک بەردەبێتەوە . ئەو مارە خۆی لە ملی کچە ئاڵاندبوو و هۆکاری قسەنەکردنی کچەیش هەر ئەو مارە بووە . ((پیاوەکە وایگوت و لەبەرچاو بزر بوو. ئەو حەلە ئەحمەد زانی ئەوە خدری زیندەیە. ئیتر دەستی کچە پاشای گرت و بردی.)) [گەردی،٢٠١٤،ل٢٥]

لەم هەقایەتدا جودا لەوەی دوو بەرەی چاکە و خراپەمان هەیە: کەسایەتی (خدری زیندە) وەکو بەرەی چاکەخواز دەردەکەوێت. ڕەمزێکی ئەفسانەییشە و ئاوی ژیانی خواردۆتەوە، ئەمەیش بۆ ئەوەی تاکو دنیا ماوە بەرەی چاکە بە نەمری بمێنێتەوە و کۆمەکی هەژاران و چاکەخوازان بکات . لە کوێ مرۆڤەکان پێویستیان بە یارمەتی هەبێ، ئەو ئامادە دەبێت. لەلایەکی دیکە (مار)وەکو ڕەمزی خەراپە دەبیندرێت . بە بڕوای ئێمە سەرچاوەی ئەفسانەیی (مار) وەکو هێزی خراپە بۆ ئەفسانەکەی گلگامیش دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی گیای نەمری لە گلگامیش دەخوات . تاکوو ئێستایش ئەو بۆچوونە ئەفسانەییە هەیە، کە مار نەم رە، بۆیەیش هەموو ساڵێك کاژێک فڕێ دەدات. ئەگەر مار ئەو گیا نەمرییەی نەخواردایە، ڕەنگە مرۆڤ نەمردبا . تەنانەت ئەو بۆچوونەیش هەیە، کە مار بۆتە هۆی فریودانی حەوا لە بەهەشت و وایکردوە سێوەکە بخوات، بەم هۆیەوەیش لە بەهەشت دە بکرێن.

(پیرەژن) وەکو کەسایەتییەکی ناو زۆربەی هەقایەتەکان، هەمیشە ڕۆلێ خراپە و فێڵباز دەبینێت. پیرەژن ڕەمزی خراپەیە، ڕەمزی هەڵخەڵەتاندنە . لە زۆر هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا ئامادەیی هەیە. لە هەقایەتی (دەروێش و کوری پاشا )دا پیرەژن ڕۆڵی نەرێنی هەیە، ئەویش بردنی خێزانی (مەڵکەحمەد)ە بۆ کوری پاشایەکی تر. ((ڕۆژێکیان پیرەژنێك هاتە خزمەتی کوری پاشا و وتی: داپیرە لە دەورت گەڕێ خۆم ئەم کچەت بۆ دەهێنم . کورە گەشایەوە و وتی: داپیرە ئەگەر تۆ ئەم کارەم بۆ بکەی مەرجی بێ سەنگایی خۆت ئاڵتوونت بدەمێ . داپیرە گوتی: نەء من تەنیا سەنگایی خۆم پەتکم دەوێ .)) [تۆفیق،٢٠٠٠،ل٣٦٨] ئەوەی پیرەژن لێرەدا ئەنجامی دەدات، لێککردنی دوو خۆشەویستە، ئەویش لە پێناو پەتک و moo. ئەگەر بە وردی بنۆڕین چونکە کارەکە خراپە، پاداشتەکەیشی، کە پەتکە نرخ و بەهایەکی نییە . لەلایەکی دیکە ڕەمزێکی ئەفسانەییە، بە بڕوای ئێمە بۆ لایەنی دەروونی پیرەژن دەگەڕێت ەوە، چونکە پیرەژن هیچ جوانییەکی نەماوە و ناشرینە، بۆیەیش هەوڵی لەناوبردنی جوانی دەدات . لە ئەفسانەی (حەوت کورتەباڵا )دا، کە ئەفسانەیەکی جیهانییە، لەوێشدا حەوت کورتە باڵا کچێکی جوان

هەڵدەگرنەوە و وەکو خوشکی خۆیان قبووڵی دەکەن، بەلام پیرەژنێک بە سێوێکی ژەهراوی دەیەوێ جوانی کچەکە بۆ خۆی ببات و دەیکوژێ، بەڵام بە ماچی کورە پاشا چاك دەبێتەوە.

ج. ڕەمزی ئایینی

ڕەنگە ئایین گەورەترین کاریگەری لەسەر هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردی هەبێت، چونکە هەقایەتی فۆلکلۆریی، هەقایەتخوانەکانی لە کەسانی ئاسایی و نەخوێندەوارن و زووترین پێوەستبوونیان بە ئایینەوە هەیە . ئایین و ئەفسانە زۆر تێکەلاوی یەکدین . زۆرترین ڕەمز لە کۆنەوە لەناو ئەفسانە و ئایینەکانەوە هاتووە . (( ڕەمزی ئایینی ئاستێکی جیاوازی هەیە، ئامانجی ئەوەیە مرۆڤ بگاتە سیستەمێکی سەرەوەی سرووشت، یا ئەودیو سرووشت، جگە لەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت بابەتێکی کەمتر نییە لەوەی کە لەناخەوە کۆمەڵایەتییە .)) [حەمەد،٢٠١٢، ل٢٤٧] بە واتایەکی دیکە زۆر لە ڕەمزە ئایینییەکان ڕەهەندی کۆمەڵایەتیشیان هەیە، هێندەی ئێمە تێبینیمان کردبێت، ڕەمزە ئایینییەکان لەناو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، پێوەستن بە ئایینی ئیسلام ەوە. هەرچەندە ڕەمزی ئایینەکانی دیکەیشی تێدایە، بەڵام ئەوانیش لە ڕێی ئایینی ئیسلامەوە هاتوون. هەموو ڕەمزە ئایینییەکانیش لەبەر پیرۆزیی ئایین و ئەو ڕەمزانە، شێوەیەکی میتافیزیکی و نالۆژیکی وەردەگرن.

لە هەقایەتی (پیرەمێرێ بێ ئاقل )دا، باسی مووسا پێغەمبەر (د.خ) دەکرێت. (( جارەکی پیرەمێرەک هەبوو، گۆت: ئەز دێ رابم چمە دەڤ مووسا پێغەمبەر لە چیایێ تۆرۆسینا، دا ل گەل خودێ باخڤیت کا بۆ چی رزقێ من نادات.)) [جەعفەر،٢٠١٠،ل٧٣] لێرەدا مووسا پێغەمبەر وەکو ڕەمزێکی ئایینی هاتووە، چونکە ئەم پێغەمبەرە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودادا ئاخاوت نی دەکرد، شوێنی ئاخاوتنیش کێوی توور بووە. لە ڕێی ئەم هەقایەتەوە، وانەیەکمان پێشکەش دەکات، کە بە ناراستەوخۆ خودا زۆر شت بە پیرەمێرد دەدات، بەلام پیرەمێرد درکیان پێناکات . مووسا وەکو ڕەمزێکی ئایینی دەلالەتە لەوەی مرۆڤ دەتوانێ ڕاستەوخۆ و بەبێ هیچ ناوبەندێك لەگەڵ خودا بپەیڤێت، هەروەك خودا لە قورئانیش ئاماژەی بەوەی کردووە، کە لە شادەماری ملتانەوە نزیکترم لێتان.

لە هەقایەتی (بەسەرهاتی جوولەکە)دا، جوولەکە وەکو ڕەمزێکی ئایینی بۆ ئایین و کەسانی جوولەکە هەمیشە لەلایەن موسڵمانانەوە وەکو دوژمن و فێڵباز و دژەموسڵمان سەیر کراون. لەم هەقایەتەدا پیاوێکی جوولەکە هەموو ڕۆژێک دەچێتە بازاڕ و پیاوێکی موسڵمان بەناوی ئیشەوە لەگەل خۆی دەبات و لە شاخێک، کە چواردەوری بە دەریان گیراوە بەجێی دەهێڵێت . ((ئەو شوێنەی، کە کرێکارەکانی دەبرد شوێنێکی زۆر ناخۆش بوو، شاخێک بوو هەر چواردەوری ئاو بوو، وە شاخەکەیش زۆر ڕاست بوو کەس نەیدەتوانی بەسەر بکەوێ و لەبن شاخەکەش ئەشکەوتێك هەبوو ناو ئەشکەوتەکەش پری لیرە بوو .)) [حوسێن،٢٠٠٧،ل١٥٨] جوولەکە وەکو ڕەمزێکی ئایینی لەناو کوردەوارییدا هێمایە بۆ ڕەزیلی و قرچۆکی، کە هەمیشە چاوی لە پارە سامانە و دڵی نایەت خەر جی بکات. بێگومان ئەم وێنەیە بەرانبەر جوولەکە ڕیشەیەکی کۆنی

هەیە، تەنانەت لەناو ئایینی مەسیحیش هەبووە . باشترین نموونەمان دەقی (بازرگانی ڤێنیسیا)ی "شەکسپیر"ە، لەوێدا "شارلۆت"ی جوولەکە وەکو سووخۆر و کەسێکی ڕەزیل و خەراپ وێناکراوە، کە پارەکانی لە هەموو شت خۆشتر دەوێت. ئەمەیش بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینیەکان دەگەڕێتەوە، چونکە، کە ئایینی مەسیحی دێت، ئایینی جوولەکە هەبووە و مەسیحییەت ئەم ئایینە ڕەتدەکاتەوە، کە ئیسلام دێت، هەردوو ئایینی جوولەکە و مەسیحی ڕەتدەکاتەوە، ئەمە ڕق و ململانی لەنێوانیاندا دروست دەکات.

لە ڕەمزی ئایینیدا نابی ڕۆڵی کتێبە ئاسمانییەکانی وەکو تەورات و ئینجیل و قورئان لەبیر بکەین. لە ڕێی ئەم کتێبانەوە دەیان ناو و کەسایەتی و چیرۆك شێوەی هەقایەتیان وەرگرتووە. بۆ نموونە لە سەدەکانی شازدە و حەڤدەدا بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە کتێبە ئاسمانییەکلنی وەکو تەورات و ئینجیل پەیدابوو . لەو کاتەدا ((زانستێکی نوی بەناوی ڕەخنە لە کتێبی پیرۆز پەیدابوو، ئەو زانستە ڕەخنە و ڕاڤەی بۆ کتێبی پیرۆز دەکرد، بە پەیمانی کۆن (تەورات و هەموو ڕاڤەکانی ) و پەیمانی نوێ (کۆی ئینجیل و نامەکان )، بەتایبەت لە پەیمانی کۆندا.)) [ عزیز،٢٠٠١،ص٥] لەوێدا پسپۆرانی ئەم کتێبانە گەلێك لایەنی هونەری و بیروباوەڕ(عقیدە) و فیکری مرۆڤیان دۆزیەوە . زانایانی فۆلکلۆر و زانایانی بواری مرۆڤناسی ((لە توێژینەوەکانیاندا لە پەیمانی کۆن گەلی لایەنی بیروباوەڕ و دابونەریتی میللییان دۆزیەوە و بۆ سەرچاوە یەکەمەکەیان گەڕاندەوە، هاوکات توێژینەوەیان لە هەندی فۆرمی ئەدەبی فۆلکلۆرییدا لە پەیمانی کۆندا کرد.)) [عزیز،٢٠٠١،ص٦] ئەم لێکۆڵینەوانە بۆ قورئانی پیرۆزیش هەر ڕاستن . دەتوانین گەلێ لایەنی ئەدەبی و فۆلکلۆری و میللی تێدا بدۆزینەوە، بەڵام بەهۆی لایەن پیرۆزییەکەی تاکو ئێستا دەستی بۆ نەبردراوە . تەنیا لایەن باوەڕی و یاسا شەرعییەکانەوە نەبێت، زانایانی موسڵمان بۆ لایەنکانی دیکە نەڕۆیشتوون . ئێمە دەزانین بەشێک لە قورئانی پیرۆز چیرۆکە، کۆی چیرۆکەکانیش دەلالەتی خۆیان هەیە، ڕاستە دەلالەتەکان ڕەهەندێکی ئایینیانەیان هەیە، بەلام دە توانین ژیانی مرۆڤی کۆن و نەتەوەکانی پێشتریان تێدا بدۆزینەوە . لە ئێران بە هۆی ئەم چیرۆکانەوە چەندین بەرهەمی سینەمایی و درامیان چێ کردووە . دیارترینیان، کە ئێمە پێی ئاشناین زنجیرە درامای (یارانی ئەشکەت) و (یووسفی ڕاستگۆ)ن. لە قورئاندا شەش سورەت لەو (١١٤) سورەتە، دەلالەتن لە چیرۆکی پێغەمبەران ئەوانیش : یوونس، هوود، یووسف، ئیبراهیم، محەمەد، نووح . چەند سوورەتێکی تریش هەن، چیرۆکن و بەناوی کەسایەتی چیرۆکەکانەوە کراون وەکو : مەریەم، لوقمان و یارانی ئەشکەوت . هەموو ئەمانە بە تێپەڕینی کات دەبنە ڕەمز و خۆیان دەخزێننە ناو ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و شێوەی گێڕانەوەیان گۆرانی بەسەردا دێت.

ئەنجامەکان:

١. شیعرییەت و سیمۆلۆژیا پێوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە، چونکە هەردووکیان پێوەندن بە پرسی زمان و دەلالەتەوە.

٢. ڕەمز بەهۆی جیاوازبوونی لە مەغزایەکەی هەمیشە تووشی لێڵی و ناڕوونیم ان دەکات. ئەم ئاڵۆزی و ناڕوونییە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی هەستەکان.

٣. لەگەڵ پەیدابوونی مێتۆدی سیمیۆلۆژیدا، ڕەمز دەبێتە کلیلێك بۆ درکپێکردنی سروشت و بوونی مرۆڤ . دەبینین ئەمە لە هەقایەتی فۆلکلۆریدا تەواو ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە بۆ ڕاڤەکردنی سروشت مرۆڤ لە کۆندا پەنای وەبەر ڕەمز بردووە.

٤. کەسایەتییە مێژووییەکان چ بیانی و چ کورد لە زۆر هەقایەتی فۆلکلۆرییدا ئاماژەیان بۆ کراوە . دیارە ناوهێنانیان لەخۆڕا نییە، بەڵکو دەبێ سەردەمی مێژوویی ئەم کەسایەتیانە گرینگی و بایەخی نەتەوەیی و مێژووییان هەبێت.

٥. زۆر لە ئەفسانەکان لە سەردەمی یۆناییەکانەوە تا ئێستا، بوونەتە ڕەمز بۆ دەرپرینی لایەنێکی ژیان، ئەفسانەیش لە کۆی بوارەکانی ژیاندا وەکو ئایینی، مێژوویی، ئەدەبی...تاد هەن.

٦. زۆر لە ڕەمزە ئایینییەکان ڕەهەندی کۆمەڵایەتیشیان هەیە، هێندەی ئێمە تێبینیمان کردبێت، ڕەمزە ئایینییەکان لە ناو هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا، پێوەستن بە ئایینی ئیسلامەوە . هەرچەندە ڕەمزی ئایینەکانی دیکەیشی تێدایە، بەڵام ئەوانیش لە ڕێی ئایینی ئیسلامەوە هاتوون.

سەرچاوەکان:


بە زمانی کوردی

١. تودورۆف (تزوتان)، ٢٠١٢، بووتیقای پێکهاتەخواز، و :محەمەد تەرەغە، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٢. تۆفیق (محەمەد حەمەساڵح)، ٢٠٠٠، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، بەرگی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیریی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٣. جەعفەر (حجی)، ٢٠١٠، گلاڤێژ (کۆمەلەک چیرۆک و سەرهاتێین فۆلکلۆر ل دەڤەرا بادینان )، ئەنستیتوتا کەلەپوورێ کوردی، دهۆك.

٤. حەمەد (د.پەخشان سابیر)، ٢٠١٢، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی خواروو ١٩٩١/١٩٧٠)، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٥. حوسێنی، (ڕەزا سەید )، ٢٠٠٦، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و :حەمەکەریم عارف، دەزگای موکریان، هەولێر.
٦. حەسەن (مەولود ئیبراهیم)، ٢٠٠٦، هێلکەی نامی، کۆکردنەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، ئەنستیوتی کەلەپووری کوردی، هەولێر.
٧. حوسێن (د.هیمداد)، ٢٠٠٧، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی (دەق و لێکۆڵینەوە )، سەنتەری ڕووناکبیریی هەتاو، هەولێر.
٨. خۆشناو (هێمن عومەر)، ٢٠١٠، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی،وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر.
٩. ڕەسووڵ (د.عیزەدین مستەفا)، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری، زانکۆی سلێمانی، چاپی دووەم، سلێمانی.
١٠. عیسا (هاوژین سلێوە)، ٢٠٠٩، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
١١. گەردی (عەزیز)، ٢٠١٤، سێ دەرمان (هەقایەتی کوردەواری )، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
١٢. پیرباڵ (فەرهاد)،٢٠٠٤، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فرەنسییە وە، دەزگای ئاراس، هەولێر.

بە زمانی عەرەبی:
١٣. بارت (رولان)، ١٩٨٦، مبادیء علم الادلة، ت :محمد البكري، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
١٤. دي سوسيير (فردیناند)، ١٩٨٥، علم اللغة العام، ت :يوئيل يوسف عزيز، مراجعة : مالك يوسف المطلبي، دار الافاق العربية، بغداد.
١٥. الزواوي (بغورة)، ٢٠٠٧، العلامة والرمز في الفلسفة المعاصرة، مجلة عالم الفكر، عدد:٣.
١٦. عزيز (د.كارم محمود )، ٢٠٠١، الاسطورة والحكاية الشعبية في العهد القديم، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، المصر.

بە زمانی فارسی:
١٧. میرصادقی (جمال)، ١٣٩٠، عناصر داستان، انتشارات سخن، چاپ هفتم، تهران.

## REFERENCES

Aziz, Karim Mahmoud, (2001). Myth and Folk Tales of the Old Testament, Ain for Human and Social Studies and Research, Egypt.

Bart, Roland, (1986). Principles of Evidence, Translation from: Mohammed Bakri, House of Public Cultural Affairs, Baghdad.

Birbal, Farhad, (2004). Literary Schools, Translation from French, Aras Printing and Publishing House, Erbil.

De Sussier, Ferdinand, (1985). General Linguistics, Translation from: Yoel Youssef Aziz, Review: Malik Yousef Al-Muttalibi, Dar Al-Afaq Al-Arabiya, Baghdad.

Jaafar, Haji, (2010).Galavizh (collection of the folk tale of Behdinan), the Kurdish Heritage Institute, Dohuk.

Gardi,Aziz, (2014). Three medicine (Kurdish story), Awer Printing and Publishing House, Erbil.

Hamad, Bakhshan Saber, (2012).The symbol of Kurdish poetry, Kurdish Academy, Erbil.

Hassan, Mouloud Ibrahim, (2006). Nami Egg, First Skin, Kurdish Heritage Institute, Erbil.

Hosseini, Raza Sayed, (2006). Literary schools, translated by: Hamakirim Aref, Mukiryani House for Printing and Publishing, Erbil.

Hussein, D. Hemedad, (2007). Kurdish Folklore Literature, Cultural Center Hattau, Erbil.

Issa, Hawzhin Slewa, (2009). Structure of poetic image in poetry Sherko Bekas, Sardam Printing and Publishing House, Sulaimani.

Mirsadqi, Jamal, (1390), Elements of the Story, Sahkun House of Public, Seventh Edition, Tehran

Tawfiq,Muhammad Saleh, (2000). Kurdish folklore poetry and story, first skin, Ministry of Culture, Sulaimani Directorate for Publishing and Distribution.

Zouaoui, Bagoura, (2007).The mark and symbol in contemporary philosophy, the world of thought magazine, number: 3.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 350–364
http://www.ijoks.com

# The concept of lifestyle: Theoretical Study

*Abdullah Kurshid Abdullah*[1] *Shahlaa Wali Jabbar*[2]

**Received**: Feb 05, 2018 **Reviewed**: Mar 08, 2018 **Accepted**: Mar 15, 2018

## Abstract

This paper tries to investigate lifestyle concept, as lifestyle has been a hot topic to research on by sociologists, psychologists, anthropologists and medical experts due to its important role on the social, cultural, psychological and political aspects of life. The different experts have studied the concept in a different lens; this academic effort looks at it sociologically. The concept occurred in the modern era that includes the variables of social classes, options, and individual behaviors, in which led identity creation. Moreover, it also discusses modernity and its era, such as; development, mass production equipment, technology and increasing social, cultural and symbolic capitals. Those interrelated concepts led to have a different lifestyle and identity.

**Keywords:** Lifestyle, Modernity, Distinction, Consumption, Social Class

**Recommended citation:**
Abdullah A. K. & Jabbar S. W. (2018). The concept of lifestyle: Theoretical Study. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 350–364. doi: **10.21600/ ijoks.454453**

[1]Assc. Prof. Dr., Social Organization, Salahaddin University, College of Art, Sociology, Erbil, Iraq. E-mail: abdullah.abdullah@su.edu.krd
[2]Ph.D Student and Lecturer, Urban Sociology, Salahaddin University, College of Art, Sociology, Erbil, Iraq, E-mail: shahlaa.jabbar@su.edu.krd

چەمکی شێوازی ژیان(توێژینەوەیەکی تیۆرییە)[3]

پ.د.عبدالله خورشید
م. شهلاء ولی جبار

**پوختە**

بابەتی سەرەکی و جێگەی سەرنج لەم توێژینەوەیەدا، شێوازی ژیانە . بایەخی شێوازی ژیان لە بواری کۆمەڵایەتی، کولتووری، دەروونی و سیاسی، کۆمەڵێک ئەنجامی گرنگ و سەرەکی لێ کەوتووەتەوە و بووەتە جێی تێڕامان و تێبینی زانایانی بوارە جیاوازەکان، هەر لەسەر ئەم بنەمایە، هزرڤانانی بوارە جیاوازەکانی وەک : کۆمەڵناسی، دەروونناسی، مرۆڤناسی،پزیشکی و هتد، هەریەکەیان لە جیهاندیدی خۆیەوە توێژینەوە لەبارەی ئەم بابەتە دەکات. ئەم چەمکە بەرهەمی جیهانی مۆدێرنە، کە تێیدا گۆڕاوە بنەڕەتییەکانی وەک: چینی کۆمەڵایەتی، بژاردەکان و ئەو رەفتارانەی لەسەر بنەمای مەیل و خواست ئەنجامدەدرێن، کە بە بنەمای دروستبوونی ناسنامە و بوونی تاکێتی هەژمار دەکرێن . دنیای مۆدێرن و ئەو تایبەتمەندییانەی پێیان دەناسرێتەوە و ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا دێن وک : پەرەسەندن و بەربڵاوبونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، تەکنۆلۆژی و زیادبوونی سەرمایەکانی (کۆمەڵایەتی، کولتووری و هێمایی )، دواجار دەستەبەربوونی ئەم رەگەزانە، کاریگەرییەکی بەرفر اوان و گومان هەڵنەگری هەیە لە پێکهێنانی شێوازە جیاوازەکانی ژیان و دروستکردنی ناسنامەی گونجاو و تەبا لەگەڵ شێوازە ژیانێکی دیاریکراو.

کلیلەکانی توێژینەوە: شێوازی ژیان، مۆدێرنە، جیاوازی، بەکاربردن، چینی کۆمەڵایەتی.

**پێشەکی**

کاتێک واقیعی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەرد ادێت، پێویستمان بە چەمکگەلی نوێ دەبێت بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانانی ڕوودەدەن. بەکارهێنانی چەمکی شێوازی ژیان هاوشان لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەر لە جەنگی جیهانیی دووەم، چەمکی شێوازی ژیان هێندە جێی بایەخ نەبوو و زۆربەی کات ب ە (شێوازی ژیان ) ناوی نەدەهێنرا . ئیتر، لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم و لەگەڵ پەرەسەندنی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران و بەشێوەیەکی پراکتیکی؛ دەرفەتی رەخساندن بۆ بەرهەمهێنان و بەکاربردنی شمەک و کاڵا و بەرهەمەکان. ئەمە بووە هۆی ئەوەی شێوازەکانی ژیان جۆراوجۆرییەکی زۆر بەخۆیانەوە ببینن هەروەها گەشەسەندنی ئابووری، بە ئامێربوونی کار، بەرزبوونەوەی ئاستی مووچە و پەرەسەندن و بەرفراوانبوونی ئامرازەکانی خۆشگوزەرانی و سەفەرکردن لەکاتی پشووەکان، ئەمانە جیاوازییەکانی نێوان گرووپە مرۆییەکانی زیاتر کرد.

بە دەستەواژەیەکی دیکە، هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو تەنها دەیتوانی لەڕێگەی ئەو جۆراوجۆرییەی، کە لەهەڵبژاردنی پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون، خانوو، پۆشاکیان، حەز و ویستی هونەری و جوانی ناسییەکان، هەڵبژاردنی سەرگەرمییەکانیان و شێوەی تێپەڕاندنی کاتەکانی دەستبەتاڵی و پشوەکان، تەنانەت شێوازەکرداری و ئەخلاقی و ئاینییەکان، کە لە کۆمەڵگەدا دەیگرنە بەر، خۆیان لەگرووپەکامی دیکە جیابکەنەوە . چەند بەڵگەیەک لەبەر دەستدابوون ئەوەی بەدیارخست، کە چیتر بیرکردنەوە و رەفتاری تاکەکان لەسەر بنەمای پێگە و پلە وپایەیان لەنێو سستمی بەرهەمهێناندا نییە (فاضلی،١٣٨٢، ٦٢). لەم ساتە وەختە بەدواوە چەمکی شێوازی ژیان لەواتا نوێکەیدا خرایەڕوو . کەسانێک، کە لە کۆمەڵگەی مۆدێرن دەژین بۆ وەسفکردنی کردار و چالاکییەکانی خۆیان و ئەوانیتر وەک شێوازی ژیان

[3] _ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا بەناونیشانی(شێوازی ژیان لە شارە نوێکانی نیشتەجێبوون-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)، بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاردەدەر دکتۆر (عبدالله خورشید)، وەک مەرجێک بەر لە تەواوکردنی تێزەکە دەبێت بڵاوبکرێتەوە.

بەکاریدەهێنن. شێوازەکانی ژیان سەرچاوەی کارێکن، کە خ ەڵکی لەیەکتر جیاواز دەکەنەوە، کەواتە شێوازەکانی ژیان یارمەتیدەرن تاکو ئەو شتانەی خەڵکی ئەنجامی دەدەن و هۆکارەکەی و لەو واتا و ئاماژانەی بۆ ئەوان و کەسانی دیکە هەیانە، تێبگەین. لە هەموو لقە زانستییە جیاوازەکاندا (لە نێویشیاندا کۆمەڵناسی) هەندێک چەمک و دەستەواژە هەن، کە لەسەردەمێکدا بەکاردەهێنرێن و تواناى روونکردنەوە و شرۆڤەکردنی دیاردەکانیان هەیە، بەڵام هەر ئەم چەمک و دەستەواژانەشە کە لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا، بەهاو بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن، چینە کۆمەڵایەتیەکان بە چەمکەکانی بواری کۆمەڵناسی هەژمار دەکرێن، کە ئێستا پێگەی رابردوویان نەماوە و چەمکگەلی وەک شێوازی ژیان و بەکاربردن بوون بە جێگرەوەیان.

چەمکی شێوازی ژیان گشتگیر و هەمەلایەنە و زەمینەیەکی بەرفراوانتری هەیە . بەشێوەیەکی گشتی ئەم چەمکە نموونەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سەرگەرمی، بەکاربرد ن، مۆدە و پۆشینی پۆشاک دەگرێتەوە، تەنانەت تێڕوانین و بەهاکان و جیهان بینی تاک و گرووپەکانیش لەخۆ دەگرێت و بەشێکی ئەمانەش بەرجەستە دەکات Bocock,and (Thompson,1992; Evanse, & Jackson, 2007 ئەوەی لەگەڵ شێوازی ژیاندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و دانەبڕاوی هەیە، (بەکاربردن)ە. لەڕاستیدا قسەکردن لەسەر شێوازی ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا پڕ بایەخ و جێی مشتومڕە کە بەکاربردن و کولتووری بەکاربردنی تێدا بەربڵاو بێت . بەکاربردن لە کۆمەڵگەیەکدا زۆر بەزەقی دەردەکەوێت کە تێیدا کەلوپەلی مادیی زۆر بەبەربڵاوی تێیدا هەبێت؛ - بەکاربردن دیاردە یەکە لەم سەردەمەدا زۆر بەرچاو دەکەوێت . بەهەمانشێوە کە (بۆدریار)یش لەوباوەڕەدایە "لەم رۆژگارەدا بەڵگەگەلێکی زۆر بەرچاو دەکەون لەبارەی بەرفراوانی بەکاربردن، جۆراوجۆری کەلوپەلەکان، خزمەتگوزارییەکان، کەرستە مادییەکان، کە دەربڕی ئاراستەیەکی بنەڕەتییە لە(ئیکۆلۆژی) مرۆڤ". بەواتایەکی دیکە "تاکەکان لە ژیانی خۆیاندا هێندەی لەگەڵ کەلوپەلەکانیاندا لە پەیوەندیدان هێندە لەگەڵ مرۆڤەکاندا پەیوەندییان نییە و سەرنج دەدرێت، کە تاکەکان زیاتر بە کەلوپەلەکانەوە دەورە دراون"( Baudrillard, 2016). ئەمڕۆکە پێداویستیەکان و حەز و ویستی خەڵکی زیاتر لە ریگەی کڕینی کەلوپەل و شمەکە جیاوازەکانەوە دێنە دی و بەو شێوەیەی کەوا دەردەکەوێت، تاکەکان بە رەفتارگەلێک، کە تێچووی تایبەت بەخۆی هەیە، شێوازێکی ژیانی تایبەت دەگرنەبەر.

زۆرێک لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە بەکارهێنانی هۆکارگەلێکی جیاوازی وەک : بەکاربردن، بەرهەمهێنان، دووبارە بەرهەمهێنانەوەی چالاکییەکان، ئەوا ناسنامەی کۆمەڵایەتیی خۆیان دیاری دەکەن (Wyn et al,1997). کەواتە دروستکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی لێکەوتەیەکی یەک لایەنە نییە و تەنیا سنووردار نییە بە پێکهاتە و بنیادە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بەڵکو لەم دواییەدا، شێوازی ژیان (رەفتار و هەڵبژاردنەکان، بەکاربردن) گرنگییەکی زۆری هەیە و بە بنچینەی پێکهاتن و دروستبوونی ناسنامەی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێن . ( Bourdieu,1984 ). بەواتایەکی دیکە، رووکاری نوێی ئەو ناسنامە کۆمەڵایەتییانەی پەیوەستن بە بەکاربردنەوە، بە لەبەرچاوگرتنی چەند تایبەتمەندییەک فۆرمەلە دەبێت، کە ئێستا بە بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی ئەو دیاردانە هەژمار دەکرێن، کە پەیوەستن بە شێوازی ژیانەوە (چاوشیان، ١٣٨١، ١٠).

شایانی ئاماژە بۆکردنە، لەمیانەی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی چەمکی شێوازی ژیانەوە دەتوانرێت تێروانینەکان، یاساکان، بەها شاراوەکانی نێو هزر، باوەڕ و کردارەکانی تاک بەئاگا بین و لەو ئاراستە و نموونانەی هەن یان دێنە ئاراوە، شرۆڤە و وێنایەکی راستەقینەتر بخەینەروو . شێوازی ژیان ئامراز و کەرستەیەکی ئەزموونی ووردە بۆ درککردن و تێگەیشتن لە واقیع . (حاجیانی، ١٣٨٦) هەروەها هەر بەرنامە و بڕیاردانێک لەرووی کۆمەڵایەتییەوە _ لە ژیانی رۆژانەدا_ پەیوەستە بە شێوازی ژیانی تاکەکانەوە.( Chaney, 2002 ).

لەم توێژینەوەیدا هەوڵدەدرێت لە چەند تەوەرێکدا تێگەیشتنێکی کۆمەڵناسانە بۆ چەمکی شێوازی ژیان بخرێتە روو هەروەها مێژووی بەکارە ێنانی ئەم چەمکە لە کایە زانستییە جیاوازەکان بەگشتی لە نێو تیۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەتی، تیشکیان دەخرێتەسەر.

**یەکەم: پەرەسەندنی چەمکی شێوازی ژیان**

بنەچەی زانستی شێوازی ژیان هەمەرەنگە، رەگوریشەی سەرەکی بۆ چەند زانستێک دەگەڕێتەوە؛ کۆمەڵناسی، دەروونناسی، مرۆڤناسی و پزیشکی و هتد. ئەوە زۆر روون نییە کە بەتەواوەتی لە چ سەردەمانێکدا چەمکی شێوازی ژیان هاتوەتە نێو زانستە مرۆییەکانەوە، (ڤبلن)(Veblen )لە کتێبی (تیۆری چینی بەکاربەر)(١٨٩٩) لە توێژینەوەی دەربارەی بەکاربردن لە ئەمریکا، چەمکی شێوازی ژیانی بەکارنەهێنا و تەنانەت پێناسەیەکیشی لەبارەوە نەخستوەتە روو، بەڵکو بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دەتوانرێت درک بەوە بکرێت کە ئەو شێوازە ژیانی چینی بەکاربەری بە هۆکار داناوە بۆ بەرجەستەکردنی پێگەکانیان (فاضلی،١٣٨٢، ٦٢). بەڵام بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٢٩) لە لایەن (ئەلفرێد ئادلەر)(Alfred Adler) دەروونناسی نەمسایی وەک بابەتێک لە توێژینەوەکانیدا شێوازی ژیانی بەکارهێناوە بۆ ئاماژەدان بە کەسایەتی راستەقینەی تاک، کە لەسەردەمی منداڵیدا ئەو کەسایەتییەی دروستەبێت و دواتر کۆنترۆڵی رەفتار و چالاکییەکانی دەکات. ئەگەرچی (جۆرج زیمڵ)(Georg Simmel)(١٨٥٨-١٩١٨) لە (فەلسەفەی پارە)دا کە لە ساڵی (١٩٠٠)دا بڵاوبۆوە و (ماکس ڤیبەر)(Max Weber) لە (ئابووری و کۆمەڵگە)(١٩٢٢)دا ئاماژەیان بە چەمکی شێوازی ژیان داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانیان تاکو ساڵانی (١٩٤٦ و ١٩٦٠) وەرنەگێردرابوونە سەر زمانی ئینگلیزی، ئیتر ئاگاداری بەکارهێنانی ئەو چەمکە نەبووین لەلایەن ئەم دوو زانایەوە . لە دوای ئەم زانایانە، بیرمەندی دیکە لە گۆشەنیگای جیاواز بە توێژینەوە لە بابەتی شێوازی ژیان سەرقاڵبوون.

کاتێک ئەم چەمکە هاتە نێو ئەدەبیاتی کۆمەڵناسییەوە لە (١٩٢٠)، سەرەتا دەربڕ و ناسێنەری سەروەت و سامان و پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی تاکەکان بووە و ئەم چەمکە وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی چینی کۆمەڵایەتی باکاربراوە (چاوشیان، ١٣٨١). لەگەڵ دەسپێکی دەیەی (١٩٥٠) گۆڕانێکی تەواو بەسەر ئابووری ئەورووپادا هات ئاستی هەناردەیان بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد، ئەم بوژانەوە ئابوورییە بووە هۆی پەرەسەندن و باشبوونی بارودۆخی خەڵک و گۆڕانی رێژەی خواستی کڕینی نێودەوڵەتی و بەرزبوونەوەی بەکاربردن لە نێوخۆدا . دواجار ئەم رەوشە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبو لەسەر ژیانی خەڵک . لەم سەردەمەدا تێروانین بۆ شێوازی ژیان و بەکاربردن گۆڕ انێکی سەرتاپاگیریان بەسەردا هات. پێش ئەم سەردەمە، بەکاربردن لەپەیوەندیدا بە بەرهەمهێنان مانادار دەبوو و خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ بەکاربردن دەکرا، بەوپێیەش شێوازی ژیان لەسەر ئەو گریمانە سەرەکییە وەستابوو، کە بەکارهێنەران هاوکات بەرهەمهێنەریشن یان لانی کەم لەبەرهەمهێنانی شمەک و کاڵا مادییەکاندا رۆڵیان هەیە (Paterson,2006).لەراستیدا لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم، ئابووری نێو دەوڵەتی دوورکەوتەوە لە پشت بەستنی بە بەرهەمهێنان و وردە وردە روویکردە بەکاربردن، لەسەر ئەم بنەمایەش، بەکاربردن لەچاو بەرهەمهێنان گرنگییەکی زیا تری پەیدا کرد (Manolis,2001,228) و کولتوورێک، کە جەختی لەسەر کارکردنی سەخت و کۆکردنەوەی سامان دەکردەوە، ئێستا کار لەسەر بەکاربردن، چێژ و خۆسەلماندن(Self-Expression) دەکاتەوە (سیدمن، ١٣٨٨، ٣١٢).

بەکاربردن بە بەراورد بە بەرهەمهێنان و بنیادی کۆمەڵایەتی، کە لە بەرهەمهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە، پانتاییەکی زۆر زیاتری هەیە، لەبەر ئەوەی بەکاربردن هەموو ئەو تاکانەی کە کاریش ناکەن دەگرێتەوە، وەک : لاوان،

بەتەمەنەکان، بێ کاران، ژنان، بەتایبەت کە لە ئابووری نوێدا بە جۆرێک لە جۆرەکان چاوەروانیان لێ ناکرێت بەرهەمهێنی ئابووری بن. بایەخدان و سەرنجدان لە شێوازی ژیان و بەکاربردن هێندە پەرەی سەندووە، ئێستا (چۆنیەتی بەکاربردن) گرنگترە تا (چ پێگەیەکت هەیە). شێوازی ژیان و بەکاربردن چیتر تەنیا دۆخێکی کۆمەڵایەتی- کولتووریی نین، بەڵکو بوونەتە پرۆسەیەک، کە لە ئاکامە کاریگەرەکانیان لەسەر کۆمەڵگە جیاوازەکان، دەتوانرێت درک بەهاتنە ئارای سەردەمێکی نوێ لە جیهاندا بکرێت . بەکاربردن بووەتە ئایینی کۆمەڵگەی مۆدێرن (Bocock,2008, 5). بەڵام (ریمر)(Reimer) دەیەی هەشتاکان بە دەسپێکی دووبارە گرنگیدان بە چەمکی شێوازی ژیان دەزانێت، بۆ ئەم مەبەستە چەند بەڵگەیەک دەخاتە روو :

١_ پرۆسەی بەرفراوانبوونی تاکایەتی، کەلەباروودۆخی ئاڵۆز و گۆڕانی خێرای جیهان، مافی هەڵبژاردن و ئازادی و ئەنجامدانی چالاکییەکانی زیاتر بە تاکەکان و بەتایبەت بە لاوانی بەخشیوە.

٢_ گەشەسەندنی چینی ناوەند و خوێندەواریی، کە بە ئاشکرا روویان کردووەت ە بەسەربردنی کاتەکانی دەستبەتاڵی و سەرگەرمی و بەکاربردن.

٣_ زۆربوونی توێژینەوە ئەکادیمییەکانی پەیوەست بە پۆست مۆدێرنیزم، کە دەرکەوتنی بەهاکان، تێروانینەکان وشێوازی نوێی ژیان رۆڵێکی سەرەکییان تێیدا هەیە.

٤_ رۆڵی سەرەکی بەرهەمەکانی (بۆردیۆ) لەبارەت بەکاربردن و شێوازی ژیان باتایبەت کتێبە بەناوبانگەکەی (جیاوازی)(Reimer,1995)

دوور لەو مشتومڕەی کە کاتی زندووبونەوەی چەمکی شێوازی ژیان تەواو کەیە، ئەوا دەتوانرێت ئاماژە بەو خاڵە بدرێت، کە لەگەڵ پەرەسەندنی کولتووری بەکاربردن، شێوازی ژیان جارێکی دیکە وەک چەمکێکی دەرخەری شرۆڤەی نوێ بۆ چینایەتی و جیاوازی کۆمەڵایەتی هاتە نێو ئەدەبیاتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زەمینەیەکی بەرفراوانی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان داگیرکرد.

زانایانی وەک (بۆردیۆ، گیدنز، فدرستون ) بەشێوەیەکی نوێ و لە رەهەندێکی کۆمەڵایەتییانەوە سەرنجیان لە شێوازی ژ یان داوە، کە بە جێگرەوەی چینی کۆمەڵایەتییان دادەنا . هەندێکی دیکەی زانایان (باوەمن، لیوتارد ) لەوباوەڕەدان، کە حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەسپێکی سەردەمی پۆست مۆدێرنە؛ کەواتە پێویستە شێوازی ژیان لەسەر بنەمای تیۆرەکانی پۆست مۆدیرنە شرۆڤە بکرێت. هەرچەندە (گیدنز) بەوپەرچی ئەم بۆچوونانەی داوەتەوە و پێیوایە ئێمە لەسەردەمی کۆتاییەکانی مۆدێرنەداین. هەروەها (لاش ویۆری) جەخت دەکاتەوە لەسەر بابەتی بەکاربردن و وەک بابەتی بەرجەستەی سەرمایەداری سەردەم لەقەڵەمی دەدات (Lash et al,1987,76) کەچی (لایۆن)یش لەو باوەڕەدایە، سەردەمی پۆست مۆدێرنە، شێوازەکانی ژیان لەلایەکەوە زۆر فرەچەشنبووە و تاک بە بەردەوامی لە زەمینەی تایبەت و گشتیدا لە جووڵەیە و لالەیاکی ترەوە، خودی شێوازەکانی ژیانیش بەخێرایی گۆڕانیان بەسەردا دێت ( Gibbins and Reimer,1999). لەکۆتاییدا دەتوانرێت بگوترێت؛ سەردەمی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە پەیوەندییەکی توند و قوڵیان هەیە لەگەڵ چەمکەکانی (شێوازی ژیان و بەکاربردن).

**دووەم: چەمکی شێوازی ژیان**

شێوازی ژیان چەمکێکی تەمومژاوی و ئاڵۆزە (Blaxter 2004, P.5)، کۆمەڵێک راستی بابەتی لەخۆدەگرێت لەنێویشیاندا؛ شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، هەڵبژاردنی فۆرمێکی ژیانی تایبەت، بەسەربردنی کاتەکانی خۆشگوزەرانی (ترفیه)، بەکاربردن، ئاراستەی مۆدە و فاشنی جلوبەرگ، جۆر و چەندێتی خۆراک،

هەڵبژاردنی بەرنامەی تەلەفیزۆنی، سەلیقەی هونەریی و خوێندنەوە، بەهاکان، جیهانبینی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی Bocock, and Thompson, 1992;Evanse and Jachson 2007; Featherstone 1991 )

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، چەمکی شێوازی ژیان لەلایەن (ڤیلن، زیمێل، ڤیبەر )ەوە بەکارهاتووە؛ بۆ وەسفکردنی چینی کۆمەڵایەتی، واتە مەبەست لێی جیاوازی چینایەتی بوو، یانیش جیاوازی پێگە و سەرمایەی کولتووریی و ئابووری بوو (Heijs, et al., 2009; Miles 2001). پاشان؛ تێگەیشتنەکان سەبارەت بە شێوازی ژیان لە رەهەندە کۆمەڵناسییەکەیەوە گۆرانی بەسەرداهات و پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، لەو بیرۆکەیەوە کە چەمکێکی جێگیر و نەگۆرە، هەروەها ئەو شێوازە ژیانەی کە چینی کۆمەڵا یەتی و پێگە دیاری دەکەن؛ بۆ چەمکێک، کە داینامیکترە . ( Bourdieu 1979; Arslan, 2011; Giddens 1991; Pisman, 2007). بەمپێیە؛ کۆمەڵناسی وا سەرنج لە شێوازی ژیان دەدات، کە دەکرێت بە تێپەربوونی کات مروونەتی زیاتری هەبێت هەروەها؛ لەم چەند دەیەی رابردوودا، پسپۆرییە جیاوازەکانی کۆمەڵناسی هەوڵیانداوە _وەک لە توێژینەوەکانی پێشوودا دەردەکەوێت- تاوتوێی شێوازی ژیان بکەن لە چەندین بواری جیاوازی وەک : شارنشینی، تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان، کولتوور، چینی کۆمەڵایەتیی، ناسنامە، میدیا . هەروەها لەو راستیە سەرسوڕهێنەرانەی تر، کە پەیوەستن بە شێوازی ژیانەوە؛ بەکارهێنانی دوولایەنانەی ئەم چەمکەیە؛ جیاوازییە رەفتارییەکان _بەشداریکردن لە چالاکییە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان، چینی کۆمەڵایەتی، پێوەرەکان و بەهاکان. (Filipcová. and Tokarski, 1989.)

لەسەر ئاستی تاکەکەسی، شێوازی ژیان ئاماژەیەکە بۆ گوز ارشتکردن لە خود، سەلیقەی کەسی و ناسنامەی تاکەکەسی. بەڵام؛ لەسەر ئاستی گرووپی، ئەم چەمکە ئاماژەیەکە بۆ بەباشتردانان، سەلیقەی هاوبەش و بەشداریکردن لە بژاردەیەکی دیاریکراو، کە بەشێوەیەکی سەرەکی رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر چۆنیەتی بەکاربردن و کوالیتی کاڵای بەکارهاتوو(Scheiner, et al., 2005. p.49). بەمپێیە ئەم شێوازە ژیانە، دەشێ جۆرێک لە وابەستەبوونی کۆمەڵایەتی لای ئەندامانی گرووپ دروستبکات سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، هەروەها ببێ بە ئاوێنەیەک بۆ جیاوازیەکانی نێوان گرووپەکان، کە دواجار؛ شێوازی ژیانی تایبەت و جۆراو جۆر بە چین و گرووپە (ئێتنی، ئاینی، جێندەر )یيە دیاریکراوەکانی نێو کۆمەڵگە، بەدەربکەون.

لە کۆمەڵناسیدا، شێوازی ژیان بەزۆری ئەوە دەردەخات، کە ماناگەلێکە بۆ روونکردنەوەی سەلیقە و میکانیزمی رێکخستنی کۆمەڵایەتی نێوان گرووپەکان. کۆمەڵناسان ئەو فۆرمەی هەڵسوکەوتیان وەرگرتووە، کە بە توندی پەیوەستە بە بەکاربردنەوە ((Mohammadpur and Mahmoodi, 2016; Wilska, 2002; Miles 2001). ئەم چەمکە ئاماژەیەکە بۆ شێوازی کردە و فۆڕمی کولتووری جیاواز، کە بەشێوەیەکی رێژەیی، جیاوازیەک لەنێوان خەڵکیدا دروست دەکات.( Turner, 2006).

لەوەی سەرەوە دەردەکەوێت؛ ئەم چەمکە هێندەی پەیوەستە بە چۆنیەتی و تەرزی گوارشتکردن لە شێوازی گشتی ژیانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، کەمتر پەیوەستە و بایەخ بە خەسڵەتە تاکەکەسیەکان دەدات.

بۆردیۆ(Bourdieu)(١٩٧٩) تیۆرییەکی یەکگرتوی لەبارەی پێکهاتنی شێوازەکانی ژیان خستۆتەروو. هاوتا لەگەڵ ئەو مۆدێلەی ئەو پێشکەشی دەکات مەرجی دیاری رەوشی ژیان و بارودۆخی لەئارادابووی ژیان و پێگەی تاک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی هاتنەدی مەیلێکی تایبەت . مەیل لە دوو جۆر سستەم دێتە ئاراوە؛ سستمێک بۆ ریزبەندی کارەکان و سستمێک بۆ تێگەیشت ن و درکردن . ئەنجامی کۆتایی مامەڵەی ئەو دوو سستمە، شێوازی ژیانە . شێوازی ژیان هەمان کردار و کارانەیە، کە بەشێوەیەکی تایبەت ریزبەند کراون و بەرهەمی تێگەیشتن و درکردنی تایبەتن. شێوازی ژیان بەرهەمی هەڵبژاردنەکانی تاکەکانە، کە بوونەتە کردار و دەتوانرێت ببینرێن(فلضلی،٤٥،١٣٨٢)

لەم رووەوە؛ ژمارەیەک لە کۆمەڵناسان ڕێچکەی بۆردیۆیان گرتوە سەبارەت بەوەی شێوازی ژیان واتە؛ جیاوازی. بۆردیۆ هەوڵیداوە سەرنج بخاتە سەر ئەوەی چۆن لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا شێوازی ژیان و چینی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە بەستراونەتەوە !. ئەوە؛ ئەم فۆرمەی ژیان ە، جیاوازی لەنێوان هەندێک لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات. هەروەها ئەم حاڵەتەی لەمیانەی باسکردن و شیکردنەوەی سەرمایە جیاوازەکانەوە بە بابەتی شێوازی ژیان و چینی کۆمەڵایەتی بەستوتەوە؛ وەک سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و هێمایی و کولتووری (Ritzer, 2007, p15-30). ئەم حاڵەتە دوو لایەنەیە، واتە؛ کاتێک گرووپە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان لە گرووپەکانی دیکە جیادەکەنەوە، لەنێوخۆیاندا وابەستەییەکی کۆمەڵایەتییان دەبێت، کە ئەمە حاڵەتێکی ئەرێنییە، لەبەرامبەردا ئەم رەوشە بێ ئاکام نابێت، واتە؛ ئەم گرووپە جیاکراوانە لەبەرامب ەر گرووپەکانی تر، کە خۆیان لێ جیاکردوونەتەوە، وابەستە و یەکانگیریی کۆمەڵایەتییان، دەشێ لاواز ببێت. بەمپێیە هەندێک لە شێوازەکانی ژیان دەتوانن رەوایەتی کۆمەڵایەتی زیاتر بەدەسبهێنن لەسەر پشتی شێوازەکانی تری ژیان . بەم مانایە بێت؛ شێوازی ژیان پەیوەندییەکی توند و تۆڵی هەیە بە بەشینەوەی ناهاوتایی سەرچاوە سیمبوڵی و سەرچاوەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا ( Heiman,et al., 2000; Turner, 2006 )

زێتر لەوەش، بوونی شێوازێکی ژیان – لای گرووپێکی کۆمەڵایەتی- پشت دەبەستێ بە نیشانەی کولتووریی دیاریکراو و توانایی بۆ دانانی سنوورەکان لەسەر بنەمای سەلیقە- ی ئەو گرووپانە- . لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو یاسا کولتوورییانەی کاردەکەن بۆ پێدانی رەوایەتی بەهەندێک لە شێوازەکانی ژیان؛ جێگیرنیین (Ritzer, 2000)، دەشێ بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی شوێنی نیشتەجێبوون، ئەوانیش گۆرانیان بەسەردابێت . هەروەها، شێوازی ژیا ن هەمیشە ئاماژەیە بۆ رەهەندەکانی وەک : بەباشتردانان و پەسەندیی کولتووری و پەیوەندی هێمایی بە پێگەی کۆمەڵایەتییەوە ئاسانترد دەکات وەک پەیوەندی گرنگی نێوان چینی کۆمەڵایەتی و پێگەکەیان و گوزارشتکردن لەو پێگەییەیان لەمیانەی شێوازە ژیانی ماددی و کولتوورییانەوە، ئەمە بەروونی لە کارەکانی (بۆردیۆ)(Bourdieu ) (١٩٨٤)دا دەردەکەوێت. (Bell, 2016).

لە نەوەدەکانی سەدەی بیست و یەکدا و دوای کارەکانی ئەنتۆنی گیدنز سەبارەت بە مۆدێرنیتە و ناسنامە (١٩٩١)، ئاراستەیەک دروستبوو بەوەی خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ چەمکی شێوازی ژیان بکرێت، ب ەوەی ئاماژەیەکە بۆ پەرچە بەرهەمێک (a reflexive product). ئینجا؛ پاساویش بۆ ئەم تێروانینە ئەوەیە، کە شێوازی ژیان ئاماژە گەلێکی سیاسی دیاریکراوی هەیە و ناکرێت تەنیا لە چوارچێوەی کێبڕکێ و جیاوازی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان، کورتبکرێتەوە(Atkinson, 2007, p536)

لە کۆتاییدا، شێوازی ژیان ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی جیاواز لە کات و شوینێکی دیاریکراودا، لەوانەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەکاربردن، خۆشگوزەرانی و جلوبەرگ . بەمپێیە ئەمە تێکەڵەیەکە لە نەریت و رۆتینیاتی ئەنجامدانی شتەکان و کارڕایی ئەقڵبر، کە دەتوانرێت لە مومارەسەکردنی رەفتاری تاکەکاندا سەرنجیان لێ بدرێت وەک : پیشە، ئاستی خوێندەواری، تەمەن، رەگەز، چالاکییە خۆشگوزەرانەکان . هەروەها هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان گردبونەوەیەکی کۆمەڵایەتی وێکچوو؛ شێوازێکی ژیانی جیاکراوەیان هەیە، کە لە ئەنجامی مومارسەگەلێکی کۆمەڵا یەتی، رۆتینی رۆژانە، سەلیقە، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەوە پەیدا دەبن (Bourdieu, 1979,1984,1985).

کەواتە؛ دەتوانرێت شێوازی ژیان بە کۆمەڵێک لەو رەفتارانە بگوترێت، کە لەچوارچێوەی کات _شوێن دەچێتە قالبی ژیانی ڕۆژانەوە، جۆری پۆشاک، جۆری خۆراک، زاراوە و جۆری لایەنی تەندروستی و کاتەکانی دەسبەتاڵی . هەروەها ئەوە گوترا کە ئەم رەفتارە کولتووریانە، کاردەکەن و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤەکان ملکەچی ئەو

پێکهاتانەیە لەوشوێنانەی مرۆڤەکان تێیاندا جێگیرن . بۆیە، چەمکی شێوازی ژیان؛ بەم تێگەیشتنەوە، پەیوەست ە بە چەند مەسەلەیەکی بەرفراوانەوە، کە گرێدراون بە ڕەوایەتی کۆمەڵایەتییەوە . بەڵام، ئەم چەمکە زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی دەبێت چۆنایی لە کۆمەڵگەیەکی گۆڕاودا بژین؟.

**سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە شێوازی ژیان**

سەبارەت بە بابەتی شێوازی ژیان، ئەوا لە سەر ئاستی جیهان؛ لە دەیەی رابردودا، توێژینەوەی زۆر لەبارەیەوە ئەنجامدراون. هەندێک لەو توێژینەوانە(Walters 2006; Rossel 2008; Jensen 2009) جەختیان کردوەتەوە لەسەر تاوتوێکردنی تیۆریانەی چەمکی شێوازی ژیان و هەوڵدراوە پێناسەی بۆ بکرێت و کێشەکانی و ئاکامەکانی بخرێنە ڕوو؛ لەگەڵ تاوتوێکردن و شیکردنەوەی ئەو تەمومژاوییەی کە هەیەتی، لەبەر ئەوەی هەندێک لە توێژینەوکان گریمانەی ئەوە دەکەن؛ شێوازی ژیان هەم بنیادێکی شاراوە (مەعریفە، ئاراستە) و هەمیش بنیادێکی ئاشکرا (هەڵسوکەوتی ئاشکرا و ڕوون)ی هەیە(Vlekin Paauww et al. 1994). واتە دەشێ لەچوارچێوەی مەعریفەی تاکەکاندا درکی پێ بکرێت، بەهەمانشێوە بە ئاشکراش، دەکرێت بناسرێتەوە .هەندێک لە توێژەرانی دیکە ( Tomlinson,2003; Blokland and Eijk,2010; Pisman, et al.,2011; Petev, 2013; Tolonen,2013).هەوڵیانداوە پەیوەندی نێوان شێوازی ژیان و فاکتەرە جیاوازەکانی وەک : پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، تەمەن، جێندەر، ئامرازەکانی راگەیاندن، ناسنامە، شرۆڤە بکەن. هەروەها توێژینەوەیەکی زۆری ئەزموونکاری ئەنجامدراوە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شێوازی ژیان و سستمی خۆراکی یان رەفتاری تاکەکەس، هەروەها هەڵسەنگاندی کاریگەری شێوازێکی دیاریکراوی ژیان لەسەر هەندێک لە بابەتەکانی وەک: نەخۆشی و تەندروستی ( Donoghoe et al. 1992; Milligan et al. 1997; Heiman et al. 2000; Galobardes et al. 2003; Estaji et al. 2006; Tol et al. 2011; Pakholok 2013; Chan and Leung 2014).

ئەمە لەکلتێکدا؛ هەندێک لە توێژینەوەکانی تر جەختیان لەسەر شێوازی ژیان کردووەتەوە وەک چەمکێکی فرە رەهەند و فۆکسیانکردوە لەسەر تەنها یەک رەهەند لەو رەهەندە جیاوازانەی شێوازی ژیان Mohammadpur and Mahmoodi, 2016; Wilska, 2002، ئەمان هەوڵیانداوە شێوازی ژیان بە ناسنامەوە ببەستنەوە. لەگەڵ ئەوەی کۆراییەکی تیۆریی لەنێوان توێژەراندا نییە سەبارەت بە جۆرەکانی شێوازی ژیان، کەچی پۆلێنکردنی شێوازی ژیان لەلایەن توێژەرانەوە مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت. هۆرتۆن و هانت(Horton and Hunt) (١٩٨٤) بۆ ئەو پۆلێن بەندییە بە پشتبەستن بە چینە کۆمەڵایەت ییە-ئابوورییە جیاوازەکان؛ سێ جۆری شێوازی ژیانیان دەستنیشان کردووە . بەڵام (میشێل)(Mitchell )(١٩٨٢) نۆ جۆری شێوازی ژیانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێک جیاکردوەتەوە . باربەرە (Barber)(١٩٩٦) شێوازی ژیانی پۆلێنکردوە بۆ دوو بەش؛ شێوازی ژیانی لۆکاڵی و شێوا زی ژیانی جیهانی. لەبەرامبەردا ریوسیچ و ئەوانی تر (Reusswig et al. (2006) لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر شێوازی ژیانی جیاکراوەی ئەمریکییانە، ئەوا (٦٠) جۆری لاوەکی لە شێوازی ژیانی ئەمریکایی جیاکردونەتەوە لەگەڵ نەریتی بەکاربردنی تایبەت بەو جۆرەی شێوازی ژیان، هەروەها ئاراستە سیاسییە تایبەتەکانیشی.

لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵێک توێژینەوە ئەنجامدراوە بۆ شرۆڤەکردنی شێوازی ژیانی گرووپە دیاریکراوەکانی وەک: چینی کۆمەڵایەتی، گرووپە ئێتنی و ئایینییەکان، جێندەر ( Tomlinson,2003; Blokland and Eijk,2010; Pisman, et al.,2011; Petev, 2013).هەروەها، هەر یەک لە ( SSY,2006; Diepen and Musterd, 2009; Ge and Hokao, 2005; Cao, Maume and Jr,1993; Popkin, 1999; Fleischer, 2007) هەروەها (شصتی

و فلامکی، ٢٠٠٩) توێژینەوەیان لەبارەی شێوازی ژیان و هەڵبژاردنی یەکەی نیشتەجێبوون کردووە، بۆ ئەوەی دەربیخەن پەیوەندییەک هەیە لەنێوان شێوازی ژیان و ئەو یەکەیەی، کە خێزان تێیدا نیشتەجێ دەبێت، هەروەها ئەو یەکەی نیشتەجێبوونەی خێزان هەڵیدەبژێرێت تاوەکو تێیدا نیشتەجێبێت . هەروەها شێوازی ژیان لەپەیوەندیدا بە چینی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری نیشتەجێبووانی گەڕەکێکی دیاریکراو .

زێتر لەوە، چەندین توێژینەوەی بواری نیشتەجێبوون هەن؛ جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی گۆڕاوی شێوازی ژیان لە توێژینەوەکانی تایبەت بە شوێنی نیشتەجێبوون، ئەم توێژینەوانە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی چ کاتێک تاکەکان مەیلیان دەبێت بۆ نیشتەجێبوون لە گەڕەکێکی دیاریکراو، چ کاتێک، چ هەڵکەوتەیەک و چ دیزاینێکی شوێنی نیشتەجێبوون پەسەند دەکەن بۆ ئەوەی تێیدا بژین ( ÆRØ 2006; Fleischer 2007; Blokland and van Eijk 2010). هەروەها هەندێک لەو توێژینەوانە جەخت دەکەنەوە لەسەر نایەکسانی لە نێو فەزای کۆمەڵایەتییدا، کە دەیانبەستنەوە بە جۆرەکانی سەرمایە و شێوازی ژیانی سەردەمیانە، ئەمانە لەبەر رۆشنایی تیۆریای جیاوازی بۆردیۆوە بە تیشکخستنە سەر جۆرەکانی سەرمایەی (کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و هێمایی ) و بەکارهێنانی گریمانەکانی؛ هەوڵیانداوە تاوتوێی بابەتەکانی شێوازی ژیان و چینی کۆمەڵایەتی بکەن و بەستنەوەیان بە گەڕەکەکانی نیشتەجێبوونەوە.(Flemmen et. al. 2017; Blasius and Friedrichs,2008. هەروەها بەم دواییانە رووپێوێک لەسەر کۆمەڵگەی بەریتانی ئەنجامدراوە بۆ شیکردنەوەی چینی کۆمەڵایەتی و تیشکخستنە سەر لایەنی کولتووریی و بەستنەوەی بە شێوازی ژیانی خێزانی بەریتانییەوە، هەروەها هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ئاست و پێگەی کۆمەڵایەتی خەڵک و جیاکردنەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان وەک چینی کۆمەڵایەتی و کولتووری (Savage et al. 2013 ) کەواتە؛ شێوازی ژیان دەکرێت وەک گۆڕاوێکی سەرەکی شان بە شانی گۆڕاوە سەرەکییەکانی دیکەی وەک دیمۆگرافیا، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەتوانێت دەستنیشانی دیاردەکان و خوێندنەوەی تایبەت بە شوێنی نیشتەجێبوون و یەکەی نیستەجێبوون بکات. بەمپێیە ئەگەری ئەوە هەیە و دەکرێت پێشبینی بۆ دیاردەکان و بەهاکان بکرێت لە داهاتوودا.

لە خستنەرووی توێژینەوەکانی سەرەوە دەردەکەوێت، کە زۆرن ئەو توێژینەوانەی هەوڵیانداوە لەبارەی شێوازی ژیانەوە شرۆڤە و لێکدانەوە بکەن، هەروەها هەموویان جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی و پڕبایەخی ئەم بابەتە لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا . لە تەک ئەمانەشدا، هەموویان هەڵیانداوە پێناسە بۆ ئەم جەمکە بکەن و بیبەستن بە بابەتی دیکەی ڕۆژەوە، وەک: چینی کۆمەڵایەتی، پێگە، ناسنامە، کولتوور، شوێنی نیشتەجێبوون و شار، تەندرووستی، ئابووری و بەکاربردن.

**چوارەم: پارادایمە تیۆرییەکانی شێوازی ژیان**

لە سەدەی رابردوودا بەتایبەت لە نیوەی کۆتییدا، بەکاربردن و هەڵبژاردنی شێوازی ژیان دووچاری گۆڕانێکی سەرتاپاگیربوو. لەم سەردەمەدا و لەگەڵ هەموو گۆرانە بەرفراوانە جیهانییەکاندا، کە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە، دەتوانرێت شێوازی ژیان وەک ئامرازێکی گونجاو بۆ درککردنی لەبەرچاو بگیرێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت گۆڕانە کۆمەڵایەتی و بەکاربردن بکرێنە جێگەی لێ ووردبوونەوە . هەروەها تیۆرگەلێکی جیاواز بێنە ئاراوە کە شێوازەکانی ژیان وەک دروستکەری ناسنامە دەتوانێت جیاوازی تاکەکان بخاتەروو . شێوازی ژیان چیتر نموونەیەکی سەپێنراو و زۆرملێ نییە، کە تاک پەسەندی کردبێت و لەو چوارچێوەیەدا هەڵسوکەوت بکات، ئێستا تاکەکانی سەر بەگرووپێکی دیاریکراو وەک کارتێکراو مامەڵە ناکەن، بەڵکو بە ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لە هەوڵی دروستکردن و هەڵبژاردنی شێوازی نوێی ژیانن بەمەبەستی جیاوازی خستنە نێوان خۆیان و ئەوانی دیکەو پێکهێنانی ژیان و

ڕاسنامەیەکی نوێ.

کۆمەڵناس (تۆریستین ڤبلن)(Thorstein Veblen ) لەو باوەڕەدایە ئەندامانی چینی بەکاربەر بۆ دەستخستنی جیاوازی و پێگەی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە، مشتومڕ وپێشبڕکێ دەکەن . ئەو سەروەت و سامانی ئەم چینە بە بنەمای سەرەکی جیا وازی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوان دەزانێت . ئەم ماڵ و سامانەی چینی بەکاربەر، خەرجییەکی ڕواڵەتی هەیە و لەسەر ئەم بنەمایە، ئەندامانی ئەم چینە، پێگە و پلەو پایەی خۆیان بەکاردەهێنن، لەگەڵ ئەو بەکاربردنەی کە ئەنجامی دەدەن تەنیا بۆ خۆ دەرخستنە، هەم خۆیان و چینەکەیان ل ەوانی تر جیادەکەنەوە، هەمیش بۆ خۆیان بەهایەکی بەرزتر دادەنێن و شێوەی رەفتار و بەکارهێنان و بەکاربردن بە مۆدە دەسەپێنن بەسەر ئەوانی دیکەدا(Veblen,2007).لەبەرامبەردا (زیمڵ) بەکاربردن و جیاوازی کۆمەڵایەتی و مۆدە لەیەکتر جیادەکاتەوە، پێیوایە، مۆدێرنە و گۆڕانکارییەکانی، تاکایەتی و ناسنامەیەکی نوێیان بۆ تاک هێنایە ئاراوە، بەڵام ئەم تاکایەتییە لەنێو کۆتو بەندی کۆمەڵگەدایە. بەکاربردن و رووکردنە مۆدە فرەچەشنەکان یەکێکە لەو کەناڵانەی رزگاربوونی تاکە لەم کۆت و بەندانە (مۆدە و بەکاربردن کۆمەڵێک چالاکی بەدوای خۆیاندا دە هێنن، لەلایەکەوە ناسنامەیەکی نوێ بە تاک دەبەخشن و جێی پەسەندییانە، لەلایەکی دیکەوە، جیاوازی چینەکانی لێ دەکەوێتەوە ). بەمشێوەیە گرووپێکی خەڵک، کە مۆدە و بەکاربردنیان هاوشێوە ویەکسانە، لەنێو خۆیاندا پەیوەندی و خاڵی لێکچوو دەدۆزنەوە، ئەوانی دیکە لە رێگەی مۆدە و چۆنیەتی بەکاربردنیان لە خۆیانی جیا دەکەنەوە. چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگەش مۆدە وەک هێمایەک بۆ خۆ جیاوازکردن لەوانی دیکە بەکاردەهێنن و بەلاساییکردنەوەی چینەکانی خوارخۆیان بۆ مۆدەکانی ئەوان، دووبارە مۆدە و شێوازی بەکاربردنی نوێ دێننە ئاراوە (Clemens,2000, 6)

بەڵام (ڤیبەر) بە پێچەوانەی (ڤبلن و زیمڵ )، ئەم چەمکی شێوازی ژیانی لا مەبەستە، ئەو ئەم چەمکە بەکاردەهێنێت بۆ جیاکردنەو و خوێندنەوەی چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی . (ڤیبەر) لە شیکردنەوەکانیدا بۆ چینی کۆمەڵایەتی، سەرەرای رۆڵی هۆکارە ئابوورییەکان، کە (مارکس) جەختی لەسەر کردووەتەوە، ئەم پێگەی کۆمەڵایەتی و حزبیشی بۆ زیادکردووە، ئەم سێ هۆکارە پێکەوە بە پشکدار دەزانێت بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی (بندکیس، ١٣٨٢). هەروەها (ڤیبەر) کاتێک باسی شێوازی ژیان دەکات، لەچوارچێوەی گۆڕاوەکانی وەک (تەمەن، رەگەز، نەتەوە )وە شیکردنەوەکانی دەکات و پێیوایە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی تاک لەوانەش شێوازی ژیانێکی دیاریکراو. هەروەها لەبارەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەوا پێیوایە گرووپەکان خاوەن رێز و ئابرۆی خۆیانن و شێوازی ژیانی تایبەت بەخۆیان هەیە و هەر بەپێی ئەم بنەمایەشە کە گرووپەکان لێک جیادەکرێنەوە . بەشێوەیەکی گشتی (ڤیبەر) لەوباوەڕەدایە(شێوازی ژیان پەیوەستە بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و گرووپە جیاوازەکان شێوازی ژیانی جیاوازیان هەیە و خاڵی جیاوازیشیان لەو شتانەدایە کە بەکاریان دێنن و خەرجیان دەکەن(Frohlich et all, 1999, 23 ). هەروەها (گیدنز) لە هەوڵێکی بۆ دەربازبوون لە دوفاقی هۆکارێتی و پێکهاتەدا، تیۆری (پێکهاتن)ی خستەروو و جەختی کردووەتەوە لەسەر رۆڵی هەردوو فاکتەرەکە لە یەک کاتدا و لە دیدی ئەوەوە (مرۆڤەکان وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتی هێزی دووبارە بیر لێکردنەوەیان (Reflexivity) هەیە، دواجار بە ئەنجامدانی ئەم کارە لەلایەکەوە چالاکییەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا دووبارە پێیان دادەچنەوە و تایبەتمەندییەکانیان دەگۆڕن، لەلایەکی دیکەوە بەم کارەیان توانای کاریگەریی بۆ گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتییان وەدەستدەخەن(Giddens, 1991 ). (گیدنز) بەدیهاتنی شێوازی ژیان بە بەرهەمی دووبارە بیرلێکردنەوە لە جیهانی مۆدێرنە دەزانێت و ئەم حاڵەتە لە سەدەکانی بەر لە مۆدێرنە و شارستانیەتە کلاسیکەکان هێندە باو نەبووە و بەکارنەبراوە، چونکە بوون بە خاوەنی شێوازە ژیانێک بەندە بەوەی کە تاکەکان لەنێوان بژاردەی جیاواز هەڵبژاردن بکەن . تاک بە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی تایبەت بەخۆی، هەم ناسنامەیەکی پەسەند و دڵخوازی خۆی

پێکدەهێنێت و دەیخاتە بەرچاوی ئەوانی دیکە، هەمیش پێداویستییەکانی ژیانی خۆی دابین دەکات.

بەکورتی، لەم ڕۆژگارەدا ناسنامە و پێکهاتنی، پرۆسەیەکی دووبارە بیرلێکراوەیە، کە تاک دووبارە بیری لێدەکاتەوە بۆ هەڵبژاردنی شێوازێکی ژیانی تایبەت، بەڵام لەکاتێکدا ئەنجامیدەدات کە لەگەڵ ئەوانی دیکە دا ئامادەیەو لەنێو کۆمەڵگەدا پراکتیزی دەکات.بەڵام (بۆردیۆ) بیرمەندی کۆمەڵناسی کە لە بوارییی بەکاربردن و شێوازی ژیاندا کاری ناوازەی ئەنجامداون، بۆیە هەر توێژینەوەیەک لەم بارەیەوە ئەنجام بدرێت دەبێت بۆ نووسینەکانی ئەو بگەڕێتەوە . (بۆردیۆ) بەکاربردن بە بنەمایەکی سەرەکی دەزانێت لەم سەدەیەدا و لەوبارەیەوە خوگرتنی تاکەکان لەدروستکردنی شێوازی بەکاربردنەکانیان کاریگەرییەکی زۆری هەیە . ئەو جۆرەکانی سەرمایە دەناسێنێت و لەنێویاندا (سەرمایەی کولتووری، بەواتای بەکاربردنی کولتووری زۆر بە گرنگ دەزانێت، چونکە ڕەوایەتی بە جیاو ازییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشێت). گروپە باڵا دەستەکان، پێوەری شێوازی ژیانیان بە گرنگ دەردەخەن و بەم کارەیان پێگە و هەژموونی خۆیان بە یاسایی دەخەنەروو و پارێزگاری لەو پێگەیەیان دەکەن . ( بۆردیۆ) شێوازی ژیان بەبەرهەمی نەریتێکی ڕێکخراو دەزانێت، کە بەهۆی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو نەریتەدا، درکی پێ دەکرێت و وەک سستمێک لە هێمای لێدێت، کە بەشێوەیەکی سیمبوڵی ناسنامە بە تاک دەبەخشێت و لەنێو گرووپە جیاوازەکاندا، جیاوازی دروست دەکات . کەواتە، نەریت و سەرمایەکانی تاک لە زەمینە جیاوازەکان لەنێو ڕەوشی کۆمەڵایەتیدا، نموونەی بەکاربردنە، بەوپێیەش شێوازە ژیانێکی تایبەت بۆ تاک و گرووپ دەهێنێتە دی، کە دەبێتە هۆی جیاوازی کۆمەڵایەتی و ناسنامە بەخشین (تاکەکان بەدەستکەوتنی هەموو جۆرە جیاوازەکانی سەرمایە دەست دەکەن بەبەکارهێنانی کولتووری مادی . زۆرینەی خەڵک هەوڵدەدەن بە بەکارهێنانی جۆرێکی دیاریکراوی شمەک و کاڵاکان یان ج ۆرێکی دیاریکراوی پۆشاک ..هتد، گۆڕان و پێگەی چینایەتی خۆیان رابگەیەنن و ناسنامەیەکی چینایەتی و شێوازێکی نوێی ژیان وەدەستبخەن )( ) Bourdieu,1984.هەرچی پۆست مۆدێرنەکانیشن، گۆڕانی پێداویستییە ئابوورییەکان و سەرمایەداری لە بەرهەمهێنانەوە بۆ بەکارهێنان و جەختکردنەو ە لەسەر بەکاربەر، بەیەکێک لە نیشانەکانی پەیدابوونی سەردەمی پۆست مۆدێرنە لەقەڵەم دەدەن و لەسەر ئەم بنەمایەش شێوازی ژیان و بەکاربردن بە گۆڕاوی سەرەکی و کاریگەر هەژمار دەکەن . ئەوان لەوباوەڕەدان لەسەردەمی پۆست مۆدێرنە _تاک_ لەگەڵ کۆمەڵگەیەک تێکەڵ دەبێت و یەکدەگ رێت، کە شێوازی ژیانی بەکاربەری یەکجار زۆر بەسەرژیانی تاکەکەنیدا زاڵبووە.( O’Shaughnessy,2002 ).

لایەنە هاوبەش و وێکچووەکانی نێوان بیروبۆچوونی بیرمەندان سەبارەت بە شێوازی ژیان بریتین لە:

١_باوبوون و گرنگبوونی چەمکەکانی بەکاربردن و شێوازی ژیان لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە.

٢_شێوازەکانی ژیان دووبارە بیر لێکراوەن.

٣_فرەچەشنی و بەربڵاوبوونی شێوازەکانی ژیان.

٤_کاریگەری پێگە و پلەوپیەی کۆمەڵایەتی تاکەکان لە هەڵبژاردن و دەستخستنی شێوازەکانی ژیان.

٥_هێنانە ئارای جیاوازی کۆمەڵایەتی و ڕەوایەتی بەخشین بە شێوازی ژیان.

٦_پێکهێنان و دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەی کۆمەڵایەتی لەرێگەی شێوازی ژیانەوە.

٧_شێوازی ژیان بووە جێگرەوەی چینی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی پێکهێنانی ناسنامەدا.

٨_هۆکاری هەڵبژاردن و گۆرانی شێوازەکانی ژیان (شێوازی ژیان، هەڵبژاردنی کەسایەتییە).

**پێنجەم: ئەنجامگیری و راسپاردەکان:**

بەسەرنجدان لە دۆخی نوێ و ئەو گۆڕانانەی لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمیدا هاتوونەتە ئاراوە، گومانی تێدا

نییە دیاردەیەکی وەک شێوازی ژیانیش بەدەر نەبوە لەو گۆرانانە و لەژێرکاریگەری پرۆسە مۆدێرنەکان، لایەن و شێوەی جۆراوجۆر و جیاوازی گرتووەتەخۆ . لەراستیدا؛ لەگەڵ بەکۆتاهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم گرنگی بەکاربردن و شێوازی ژیان لەناکاو زیادیانکرد و لەلایەن زانایانی بوارە جیاوازەکان بایەخێکی زۆری پێدراوە و توێژینەوەگەلێکی بەرفراوان و یەکجار زۆر دەربارەی شێوازی ژیان کرا . کۆمەڵناسان سەبارەت بە بەکاربردن و شێوازی ژیان، بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر هاتنە مەیدان و گەلێک جیاوازییان خستووەتە روو، لەوانە بابەتگەلی وەک ناسنامە، دروستبوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان، خۆدەربازکردن لە بەربەستە تەقلیدییەکان و پێکهاتەی ژیان، لایەنگریکردنی رەوش و پرۆسە زاڵەکان بەسەر جیهان و تەنانەت رووبەرووبونەوە لەگەڵ بەجیهانبوون...هتد.

هۆکارێکی دیکەی گرنگیدان بە بابەتی شێوازی ژیان بۆ بایەخدان بەم چەمکە دەگەڕێتەوە؛ شێوازی ژیان وەک هۆیەکی دروستکەری ناسنامەی تاک لەبەرچاو گیراو و جەختکردنەوەی بیرمەندان لەسەر لاوازی گۆڕاوەکانی کە بەکاردێن بۆ جیاکردنەوە و خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی مۆدێرنەدا، گرنگی بەکاربردن و شێوازی ژیان وەک ئەو گۆڕاوانەی کە زیاتر دەتوانرێت دووبارە بیریان لێ بکرێتەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی توێژینەوە لە بابەتی شێوازی ژیان زیاتر بکرێت . هەڵبژاردنی هەر شێوازێکی ژیان، نموونەکان، یاساکان، چالاکییەکان و بیرکردنەوەکان و بەشێوەیەکی گشتی ناسنامەی تاک پێکدەهێنن، کە ئەو لەوکەسانەی شێوازێکی دیکەی ژیان هەڵدەبژێرن، جیادەکاتەوە . جیهانی مۆدێرن و نیشانە و گۆرانەکانی وەک پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژی و پەی وەندییەکان و سەرنج وتێڕوانینی تایبەتی توێژە جیاوازەکان بۆ ئەم پرۆسەیە لە پێکهێنانی شێوازە جیاوازەکانی ژیان و لەسەر ئەم بنەمایەش پێکهاتنی ناسنامەگەلێکی گونجاو لەگەڵ شێوازەکانی ژیان، کاریگەرییەکی بەرفراوان و بەرچاوی هەیە؛ چونکە فرەچەشنی لە شێوازەکانی ژیاندا، بەرهەمی دنیای مۆدێرنەیە یان کۆمەڵگەیەک کە لەژێر کاریگەری مۆدێرنەدایە. هەروەها لەبەرئەوەی ئەم گۆڕاوە بەشێوەیەکی رێژەیی نوێیە، بۆیە پێویستە توێژینەوەی زیاتر و زۆرتری لەبارەوە بکرێت لە بوارە جیاوازەکان، بەتایبەت لەبواری کۆمەڵناسیدا، چونکە لەرووی تیۆری کۆمەڵا یەتییەوە تیۆرەوانی زۆر کاریان لەسەر کردوە نمونەی (زیمڵ، ڤیبەر، بۆردیۆ، گیدنز)، دەکرێت سوود لەم تیۆریانە وەربگیرێن بۆ زیاتر و باشتر تاوتوێکردنی دیاردەکان و پەیوەندی نێوان دیاردەکۆمەڵایەتییەکان.

**سەرچاوەکان:**

## References

Arslan, Z. (2011). Urban Middle Class, Lifestyle and Taste in Keçiören and Çankaya, Ankara: Distinction through Home Furniture and, Furnishing and Decoration. *Basılmamış doktora tezi). Orta Doğu Teknik Üniversitesi/Sosyal Bilimler Enstitüsü, Ankara.*

Atkinson, W.(2007). Anthony Giddens as adversary of class analysis. *Sociology*, *41*(3), pp.533-549.

Barber, B.R.(1995). Jihad versus McWorld: How globalism and tribalism are reshaping the world. *Tarmans Bokk: New York.*

Baudrillard, J.(2016). *The consumer society: Myths and structures*. Sage.

Bell, W., 1958. Social choice, life styles, and suburban residence. *The suburban community*, *234*.

Bendix, Reinhard.(2000).*Max Weber: an Intellectual Portrait.*Translation to Persian: Mahmud Ramyd, tahran: her ms.

Blasius, J. and Friedrichs, J.(2008). Lifestyles in distressed neighborhoods: A test of Bourdieu's "taste of necessity" hypothesis. *Poetics*, *36*(1), pp.24-44.

Blaxter, M.,(2003). *Health and lifestyles*. Routledge.

Blokland, T. and Van Eijk, G. (2010). Do people who like diversity practice diversity in neighbourhood life? Neighbourhood use and the social networks of 'diversity-seekers' in a mixed neighbourhood in the Netherlands. *Journal of Ethnic and Migration Studies*, *36*(2), pp.313-332.

Bocock, R. (2008). *Consumption*. Routledge.

Bocock, R. and Thompson, K. eds.( 1992). *Social and cultural forms of modernity*.Cambridge: Polity press.

Bögenhold, D.(2001). Social inequality and the sociology of life style: material and cultural aspects of social stratification. *American Journal of Economics and Sociology*, *60*(4), pp.829-847

Bootsma, H.G.(1995). The influence of a work-oriented life style on residential location choice of couples. *Journal of Housing and the Built Environment*, *10*(1), pp.45-63.

Bourdieu, P. (1984). *Distinction: A social critique of the judgement of taste*. Harvard university press.

Bourdieu, P. (1998). *Practical reason: On the theory of action.* Stanford University Press.

Chan, C.W. and Leung, S.F., (2015). Lifestyle health behaviors of Hong Kong Chinese: results of a cluster analysis. *Asia Pacific Journal of Public Health*, *27*(3), pp.293-302.

Chawshyan, Hassan.(1996*). Lifestyle and Social Identity.*Tahran: Neshrny.

Evans, D. and Jackson, T.D.,( 2007). Towards a sociology of sustainable lifestyles. *RESOLVE Working Paper Series*, *3*.

Fazly, Muhamad.(1997).*Counsamption and Lifstyle,*Tahran: qwm.

Featherstone, M. (1995). *Undoing culture: Globalization, postmodernism and identity* (Vol. 39). Sage.

Filipcová, B., Glyptis, S. and Tokarski, W. eds.(1989). *Life styles: Theories, concepts, methods and results of life style research in international perspective.*Institute for Philosophy and Sociology of the Czechoslovak Academy of Sciences.

Galobardes, B., Costanza, M.C., Bernstein, M.S., Delhumeau, C. and Morabia, A.,( 2003). Trends in risk factors for lifestyle-related diseases by socioeconomic position in

Geneva, Switzerland, 1993–2000: health inequalities persist. *American journal of public health*, *93*(8), pp.1302-1309.

Gibbins, J.R. and Reimer, B., (1999). *The politics of postmodernity: An introduction to contemporary politics and culture*.Sage.

Giddens, A.(1991). *Modernity and self-identity: Self and society in the late modern age*. Stanford university press.

Hall, A.(2004). Local and global, globalization and ethnicity (B. Barkat, Trans.). *Organon: Philosophical, Literary and Cultural Quarterly, 24,* pp.239-262.

Heijs, W., Carton, M., Smeets, J. and Van Gemert, A.(2009). The labyrinth of life-styles. *Journal of Housing and the Built Environment*, *24*(3), pp.347-356.

Heiman, A., Just, D.R. and Zilberman, D.(2000). The role of socioeconomic factors and lifestyle variables in attitude and the demand for genetically modified foods. *Journal of Agribusiness*, *18*(3), pp.249-260.

Horton, P.B., Hunt, C.L.(1984): Sociology. McGraw-Hill Higher Education, New York

Jensen, M.( 2007). Defining lifestyle. *Environmental sciences*, *4*(2), pp.63-73.

Jensen, M.( 2009). Lifestyle: suggesting mechanisms and a definition from a cognitive science perspective. *Environment, development and sustainability, 11*(1), pp.215-228.

Miles, S.,( 2001). *Social theory in the real world*. Sage.

Milligan, R.A., Burke, V., Dunbar, D.L., Spencer, M., Balde, E., Beilin, L.J. and Gracey, M.P.(1997). Associations between lifestyle and cardiovascular risk factors in 18-year-old Australians. *Journal of Adolescent Health*, *21(*3), pp.186-195.

Mitchell, A.(1983). *The nine American lifestyles: Who we are and where we're going*. Scribner Book Company.

Mohammadpur, A. and Mahmoodi, K.(2016). Lifestyle and identity in contemporary Iranian Kurdistan (a grounded study of Marivan City). *Quality & Quantity*, *50*(5), pp.1907-1928.

Pisman, A.( 2007). Lifestyles as Centrifugal and Centripetal Forces in the Polycentric Network City of Flanders. In *International Conference on New Concepts and Approaches for Urban and Regional Policy and Planning*, *Leuven 2-3/4/2007 papers.*

Ritzer, G.(2000). *Modern sociological theory*, 5th edition. McGraw-Hill

Rössel, J.(2007). Conditions for the explanatory power of life styles. *European Sociological Review, 24*(2), pp.231-241.

Scheiner, J. and Kasper, B.(2005). A lifestyles approach to investigating residential mobility and travel behaviour. *Spatial planning, urban form and sustainable transport*,pp.42-60.

Shasty, Shimaand Flamky, Mohamad.(2009).*Relations btween Lifestyle and Housing in Iran*, Journal of Social Saences, Vol.6, NO.3.

Southerton, D.(2001). Consuming kitchens: taste, context and identity formation. *Journal of Consumer Culture*, *1*(2), pp.179-203.

Steven Seidman.(2004).*The struggle of Sociology*.Translation to Persian: Hady Jalil, Tahtan: Harms.

Stevenson, N.(2002). *Understanding media cultures: Social theory and mass communication*.Sage.

Swartz, D.(2012). *Culture and power: The sociology of Pierre Bourdieu*. University of Chicago Press.

Tolonen, T.(2013). Youth cultures, lifestyles and social class in Finnish contexts. *Young*, *21*(1), pp.55-75.

Tomlinson, M. (2003). Lifestyle and social class. *European Sociological Review, 19*(1), pp.97-111.

Turner, B.S. (2006). *The Cambridge Dictionary of Sociology*. Cambridge university press.

Veblen, T.(2007). *Theory of the Leisure Class (Oxford world's classics).*Transaction Publishers.

Walters, G.D.( 2006). *Lifestyle theory: Past, present, and future*. Nova Publishers.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 365–385
http://www.ijoks.com

# Dead Burial Ceremony: An Anthropological Study

*Nadia Wali Jabbar*[1] *Hardi Zead Salih*[2]

**Received**: Feb 23, 2018 **Reviewed**: Mar 11, 2018 **Accepted**: Mar 17, 2018

## Abstract

This is an anthropological study; the study tries to show the tradition of death burial ceremony in Erbil city. The purpose of the study: the trial of describing and showing death burial ceremony according to Erbil's traditions and culture; to know how much effects does it have on the way people act and the changes that have happened to this ceremony and showing them; mentioning the functions of this ceremony. In this study ethnographical and comparative methods are used. Purposive sample is also used the type is (intensive sample) which contains 8 individuals the used tool in this study (interview and observation). The aim of the study: this ceremony keeps the way deaths are buried. This ceremony shows the death's social status; at the same time, the ceremony strengthens the social relations, till now this ceremony has not lost its respect. There have been some changes on the ceremony traditions and new traditions have been added as bringing women for reading holy Quraan and (mawlood) for money; according to that Erbil is a multicultural city. Exaggerations have been there because of Improvement of Erbil's economy. Salat isqat are done anymore because humans don't need this after they die. Death burial ceremony has functions like: cultural, social, regional and psychological.

**Keywords:** Dead Burial, Tradition, Death, Culture, Social Status

**Recommended citation:**
Jabbar N. W. & Salih H. Z. (2018). Dead burial ceremony: An anthropological study. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 365–385. doi: **10.21600/ ijoks.454460**

[1]PhD Student, Salahaddin University, College of Arts, Sociology Department, Erbil. E-mail: nadia.w.jabbar@gmail.com
[2]Lecturer, Koya University, Faculty of Education, Department of History, Koya. E-mail:hardizead@gmail.com

ملخص بالغة العربية

هذه دراسة انثروبولوجية تسعى لعرض العادات و تقاليد مراسم الدفن في مدينة اربيل. اهداف هذا البحث : محاولة تحديد دلالات و طقوس الجنائز حسب العادات و تقاليد سكان مدينة اربيل، وذا لك لكي نعرف و يتبين لنا الى اي مدى اثرت هذه التقاليد على مسيرة تصرف الانس و الافراد المقيمين في مدينة اربيل. ايضا تحديد التغيرات التي طرات عليها؛ ظهور اساليب جديدة وعادات جديدة متعلقة بالجنائزو من ثم عرض الوظائف التي تقوم بها هذه المراسم . المنهج المستخدم في الدراسة هما(المنهج إثنوغرافي و المنهج المقارن) واستخدمة العينة القصدية فيها من نوع (عينة الحالات الغنية). وحدة العينه مكون من (٨)فردا من مدينة اربيل . اساليب جمع البيانات المستخدمة هي : (المقابلة، الملاحظة والملاحظة بالمشاركة).

توصل هذا البحث الى عدة نتائج منها: ان هذه المراسم حافظت على تقاليد دفن اليت. هذه المراسم تضهر المكانة الاجتماعية للمتوفي، و في نفس الوقت تقوي العلاقات الجتماعية و تعززها بين الافراد . حتى الان حافظت هذه المراسم على تقديرها و رصانتها بالرغم من ان بعض عاداتها تغيرت و ظهرت تقاليد جديد ة مثل: احضار قارئات القران و قراءة المولد مقابل اجر معين. بقيت تقاليد هذه المراسم على حالها لدى الطبقة الفقيرة و المتوسطة و لكن يبالغ الطبقة الغنية في التكاليف المادية. مايتعلق بصلات الاسقاط، فلالان لا يتم اقامة و اداء هذه العادة بشكل كبير و ذلك بسبب ارتفاع مستوى الوعي الديني، فاصبح الناس يدركون ان الميت لا يحتاج اليها. كما ان هذه المراسم لها وظائف (ثقافية، الاجتماعية، دينية و نفسية).

مەراسیمی مردوو ناشتن-توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە شاری هەولێر

م. ی. نادیە ولی جبار[3]

م. هەردی زیاد صالح[4]

پوختە

ئەمە توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە، هەوڵدەدات دەربارەی داب و نەریتی مەراسیمی مردوو ناشتن لەشاری هەولێر بخاتەڕوو. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: هەوڵدانە بۆ شیکردنەوە و دیاریکردنیی ئاماژەکانی مەراسیمی مردووناشتن بەپێی دابونەریت و کولتووری شاری هەولێر؛ تاکو بزانیین ئەم دابونەریتە تا چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕێڕەوی هەڵسوکەوتی خەڵک و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەم مەڕاسیمەدا هاتووە و دیاریکردنی گۆڕ انکارییەکان لەتەک ئەمەشدا؛ خستنەرووی وەزیفەکانی ئەم مەراسیمە . میتۆدی بەکارهاتوو بریتیین لە هەردووو میتۆدیی :(ئیتنۆگرافیا و بەراوردکاری ). سەبارەت بە نموونەی توێژینەوە، ئەوا بریتییە لە نمونەی مەبەستدار لە جۆری نموونەی (حاڵەتە دەوڵەمەندەکان) کە نموونەکەی (٨) کەسییە. ئامرازی بەکارهاتووبۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتیین لە: چاوپێکەوتن و تێبینی بەبەشداری.

---

[3] قوتابی دکتورا نادیە ولی جبار، مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.

[4] مامۆستا هەردی زیاد صالح، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی مێژوو، پسپۆری کۆمەڵناسی، کۆیە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەیە : ئەم مەراسیمە لەشێوازی بەخاکسپاردنی مردووەکان؛ پارێزگارییان کردووە لەم نەریتە.ئەم مەراسیمە پێگەی کۆمەڵایەتی مردووەکە دەردەخات؛ لە هەمانکاتدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان بەهێز دەکات تاکو ئێستا ئەم مەراسیمە ڕێز و سەنگی خۆی لەدەست نەداوە. گۆڕانکاری لەهەندێک نەریتەکان و هاتنەناوەوەی نەریتی نوێ وەکو هێنانی مەلاژن بۆ قورئان خوێندن و مەولود خوێندن بە پارە؛ ئەمەش بەوپێیەی شاری هەولێر فرەکولتوورە و کاریگەرییان هەبووە بەسەرییەوە. باشبوونی باری ئابووری خەڵکی شاری هەولێر؛ وایکردووە ە ەندێک زیدەڕۆیی لەم مەراسیمانەدا بکرێت. شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە تاکو ئێستا هەروەکو خۆیەتی؛ لەلای هەژار و چینی ناوەند، بەڵام لەلای چینی باڵا لەلایەنی خەرجییەوە هەندێ زیادەڕۆیی تیادا دەکرێت. ئێستا بەزۆری سەلات ئیسقات ناکەن، چونکە خەڵکی بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری ئایینیانەوە تێگەیشتون کە مرۆڤەکان دوای مردن

پێویستیان بەم کارە نییە . هەروەها مەراسیمی مردوو ناشتن ئەم وەزیفانەی هەیە کولتووری و کۆمەڵایەتی، ئایینی و دەروونی.

کلیلەکانی توێژینەوە: مردن، مردووناشتن، نەریت، کولتوور، پێگەی کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی

پرسە هەر وەکو نەریتێکی کۆنی کۆمەڵایەتی، مێژوویەکی کۆنی (دوورو درێژی ) هەیە، هەروەکو کولتوورەکانی تر چەندیین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لەهەمانکاتیشدا فرەکولتووریش رۆڵی سەرەکی ە ەبووە لەم گۆڕانکارییەدا. بەردەوام بوونی ئەم دابونەریتە تەقلیدییە دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی تاکەکان بۆ مردووەکانیان.

بەمپێەش کولتوور هەموو ئەو شتە ماددی و مەعنەویانەیە، کە لە دێر زەمانەوە بۆ ئەم تقوسە بەڕێوە دەچێت و پەیڕەو نەکردنیشی دەرچوونە لەم تقوسە کۆمەڵایەتییە و، بەشتێکی عەیبە ئاماژەی بۆ دەکرێت.

هەروەها ئەو گۆڕانکارییە یەک لە دوای یەکەی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا دێت؛ ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری و سەرهەڵدانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دابونەریتی تقلیدی نوێی تایبەت بە دیاردەی مردووناشتن . هەرلەدێر زەمانەوە هەموو ئایینەکان ڕێزیان لە مرووەکانیان گرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستیا ن بۆ مردووەکە، لێرەدا باس لە ڕێورەسمی ناشتنی مردوو دەکەین لە ئایینی ئیسلامدا؛ ئەمەش وەکو دابونەریت و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان شتێکی زەرورو پێویستییە، لە هەمانکاتدا پەیڕەونەکردنی و دەرچوونە لەم دابونەریت و بە ڕەفاترێکی نەشیاو دادەنرێت، بەمپێەش شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەڕاسیمە مێژوویەکی دوورو درێژی بەسەردا تێپەڕیوە بووە بە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵگاکان، بەڵام شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەڕاسیمە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکی تر جیاوازی هەیە.

کۆمەڵگای کوردیش هەروەکو کۆمەڵگاکانی تر دابونەریت و یاسای تایبەت بەم مەڕاسیمەی هەیە، کە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لەهەندێ ووردەکاریدا جیاوازیان هەیە . بە تایبەت لەڕۆژگاری وەک ئەمڕۆدا فرەکولتوور زاڵە بەسەر کۆمەڵگاکەدا . ئەم مەڕاسیمەش پەیوەندی هەیە بە س‌یستمی کۆمەڵایەتی لەلایەک و بە سیستمی کولتووری لەلایەکی دیکەوە. کەواتە پێکهاتەیەکی کوولتوورییە و وەزیفەیەکی کولتووریش لە کۆمەڵگەدا بەجێدەگەیەنێت . بەوپێیەی کۆمەڵگای کوردی زۆرینەی لەسەر ئایینی ئیسلامن بۆیە جەخت دەکەینەوە سەر مەراسیمی تازیە و مردوو ناشتن لەلای مسوڵمانان.

**تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە بەمشێوەیەن:**

**یەکەم: بابەتی توێژینەوە**

لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە مردووناشتن بکەین وەک دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی؛ دەبینین ئەم نەریتە لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەیە، بەڵام شێوازی بەڕێوەچوونی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت.

ئەگەر مردن ئەو تاکە ڕاستیە بێت کە لەکۆنەوە تا ئێستا مرۆڤەکان بیروڕای جیاوازیان نەبووە دەربارەی، ئەوا؛ ئەو پرسیارەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە: نهێنی مردن چییە؟ ئایە کۆتایی مرۆڤە؟ کاتێک دەڵێن کۆتایی ؛ ئەمە مانای فەنابوونی تەواوەتی دێت؟ یان مردن کۆتاییە، بەتێگەیشتنێکی دیکە ؛ مەبەستمان کۆتایی مرۆڤە لە جیهانی زەوی و لە دایکبوونەوەیەتی لە جیهانێکی دیکەدا، مەبەستمان کۆتایی و لەناوچونی جەستە و مانەوەی ئەو ڕۆحەیە کە لە گەشتەکەی بەناو جیهانی دیکەدا بەردەوام دەب یت (ئەحمەد، ٢٠١٤:١٩). ئەنجامدانی هەرهەنگاوێک لەم مەراسیمە ئاماژەیەکە بۆ گوزارشتی خاوەن مردوو بەرامبەر بەلەدەستدانی کەسێکی نزیکیان، هەروەها کاتێ دەڵێین : ئەنجامدانی ئەم ڕێورەسمە فەرزە؛ ئەویش نیشاندانی ڕێز و گەورەیی مرۆڤەکانە لای خوا . هەروەها دانانی پرسە و قور ئان خوێندن و مەولوودکردن... تا نەشکاندنی پرسە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، هەر هەموویان ئاماژەن بۆ پێگە و خۆشەویستی مردووەکە لای خانەوادەکەی.

ئاشکرایە توێژینەوە دەربارەی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە ؛ ڕێورەسمی مردووناشتن ،لە یەک کاتدا، بە دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئایینیش دادەنرێت. پرسی توێژنەوەکەمان ئەوەیە : ئایا مردوو ناشتن وەزیفەیەکی ئایینیە یاخود کۆمەڵایەتییە؟ چۆن بەڕێوە دەچێت؟ ئەوگۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگادا دێت چ کاریگەریی هەبووە لەسەر گۆڕانی شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە؟ شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمی مردووناشتن لەکۆن و ئێستا جیاوازی هەیە؟

بۆچی دەبێ گرنگی بە ناشتنی مردووەکان ب درێت؟ بەڕێوەچوونی م ەراسیمی بەخاکسپاردنی مردوو چ ئاماژەیەک دەگەیەنێت؟ بۆچی ڕێز لە مردووەکان دەگیرێت؟ هەم لەلایەن خاوەن مردووەکە و هەمیش لەلایەن خەڵکەوە؟

دووەم: گرنگی توێژینەوە

**دەتوانین بڵێین گرنگی ئە م توێژینەوەیە لەوە دایە، کە** لەبەر ڕۆشنایی ئە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی بەسەر کۆمەڵگادا دێت، تا چەند کۆمەڵگا دەتوانێت پارێزگاری لە تایبەتمەندیەکانی کولتوور بکات بەرامبەر بەو گۆڕانکارییە خێرایانە. واتە؛ گرنگییەکەی لەوەدایە باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە بەسەر مەراسیمی مردوو ناشتن لە شاری هەولێردا هاتوون.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەم دوو ئامانجە بگات:

١- هەوڵدەدات بۆ شیکردنەوە و دیاریکردنیی ئاماژەکانی مەراسیمی مردووناشتن بەپێی دابوونەریت و کولتووری شاری هەولێر.

٢- تاکو بزانیین ئەم دابونەریتە تا چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕێرەوی هەڵسوکەوتی خەڵک.

٣_ دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەم مەڕاسیمەدا هاتووە و دیاریکردنی گۆڕانکارییەکان.

**چوارەم: دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە**

١: مردن:

واتە مردن هەم دیاردەیەکی بایۆلۆژییە و هەمیش دیاردەیەکی ئیسکاتۆلۆژی (Escathologie)، ئەمەی دوایی واتە تەواوی ئەو شتانەی دەورەی مردنیان داوە لە مەراسیمی بەخاکسپاردن و هێمای ئایینیی (ئەحمەد، ٢٠١٤: ٢٠). بە مردن ژیانی دنیایی کۆتایی دێت و ژیانی کۆتایی دەست پێدەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت کە مردن لە ژیان و لە دوای ئەم ژیانە بوونیان نییە، بەڵکو هەرچی هەیە بریتییە لە گوزەرکردن لە ژیانێکی سنووردار بە کات بۆ ژیانێکی بێ کۆتایی و بێ بوونی سنورێک و کاتێکی دیاریکراو (الوائلي، ١٩٨٢: ٩٨)، مردن بەدیوێکی تر دا بریتییە لە (ماڵئاواییکردن لە ژیان). مردن؛ ئەو نهێنییەی مێژوو بووە کە هەنوکەش بێ وەڵام و بێ چارەسەرە "بەڕادەیەک هەموو مرۆڤایەتیی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و تاکێک لە مێژوودا نەبووە ئەو دیاردەیە نەی هەژێنێت و لەگەڵ خۆی نەبیات"(ئەنوەر، ٢٠١٠ :٢٤). واتە؛ مردن دیاردەیەکی سروشتییە و جیابوونەوەی ڕۆحە لە جەستە، دواتر جەستە بەرەو لەناوچوون دەچێت؛ دەتوانین بڵێین کۆتایی هاتنی ژیانی دنیایە.

٢: مردوو ناشتن : مردووناشتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، واتا؛ دوای مردن، بەپێی دابونەریتی کۆمەڵگاکە خاوەن مردوو هەڵدەستێت بەئەنجامدانی چەند هەنگاوێک وەک :(ئامادەکردنی مردوو، شوشتنی مردوو، کفنکردنی مردوو، نوێژی جەنازەکردن لەسەر مردوو، بەخاکسپاردنی مردوو) بۆ ناشتنی مردووەکە.

٣- نەریت: (Tradition)

هەموو کۆمەڵگاکان بەئاراستەی ئەو نموونە مێژووییە کۆنە دەڕۆن کە حەز دەکەن پشتی پێببەستن لەژیانی هەنوکەییاندا. کاتێ ئەم نموونانەی ڕابردوو دەگوازینەوە هەروەها ڕێبازی باوباپیران لەژیانی ڕۆژانە و کردەییدا پەیڕەو دەکەین؛ ئەوا ئێمە نەریتییانە مامەڵە دەکەین، واتا؛ چاو لە نموونە نەگۆڕەکانی پێش خۆمان دەکەین کە باو و باپیرانمان دایان هێناوە و بەکاریانهێناوە (العقبة و الاصفر، ٢٠٠٧: ٢٥٥)، ئەمە ڕەفتار و شێوازێکی هەڵسوکەوتە کە کۆمەڵ و گروپە کۆمەڵایەتییەکان پێیان شتێکی ڕاستە یان شتێکی باشە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ کولتووردا وێکچووە(الحسن، ١٩٩٩: ٤٠٤). یان دەکرێت تەماشای نەریت و توخمێکی مەعنەوی سەرەکی کولتوورەکە لەپانتایی کۆمەڵایەتیدا، شێوەی نیمچە یاسایەکی وەرگرتووە، دابونەریت دیوی دووەمی کۆمەڵێک بیروباوەڕ و بەهای کۆمەڵایەتی و باوەڕی ئایینی و پەیڕەوی سیحر و ئەفسانە و زانیاریی گشتیی، کە لەسایەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسەکانەوە ، توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی بەدییان دەکات.

دابونەریتی کۆمەڵایەتی ناچێتە ژێر باڵی لۆژیکەوە؛ هەروەها ملکەچی بەهانەی ئەقلانیەت نابێت، بەڵکو تەنیا زانراوێکی وەرگیراوە لەشێوەی پیرۆزیشدایە، ئەگەر کۆمەڵگا بچوک و لەناویەکدا بێت، ئەوا؛ دابونەریت باڵادەست دەبێت وەکو ئامرازێک بۆ بڕیاردان لەسەر ڕەفتاری تاک (سلیم، ١٩٨١، ٩٨٣). واتە؛ دابونەریت بریتییە لەو ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ڕێبازی باووباپیرانی پێشخۆمان لە ژیانی ڕۆژانە و کردەییدا خۆماناندا لەلایەن کۆمەڵ و گروپە کۆمەڵایەتییەکان پەیڕەوی دەکەن و پێیان شتێکی ڕاست و باشە.

شەشەم: توێژینەوەکانی پێشوو

مانا کۆمەڵایەتییەکانی نەریتی پەیوەست بە دیاردەی مردن: **(العقبة و الاصفر ، ٢٠٠٧)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ شیکردنەوەی دابونەریتی تایبەت بە دیاردەی مردن لەمیانەی ئەوگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووریانەی شاری (بانیس )، ئەمەش بەبەراوردکردنی دابونەریت دانیشتوی لادێی

بەدانیشتوانی شار.

ئەم توێژینەوەیە بۆ شیکردنەوەی دابونەریت پشت دەبەستێ بە دووگریمانەی سەرەکی، شرۆڤەکردنی یەکەم گۆرانی دابونەریتی پەیوەست بە دیاردەی مردن لەمیانەی گۆرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە کەناراوەکانی سوریا بەخۆوە دەبینێ، گریمانەی دووەم شرۆڤەکردنی دابونەریت لە میانەی تایبەتمەندییەکانی تاک و سیفەتی چۆنایەتی وەکو(تەمەن، خوێندەواری، هۆشیاری کۆمەڵایەتی....).

هەروەها ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێ بە میتۆدی شیکردنەوەی وەسفی و، میتۆدی ژینگەیی (ئیکۆلۆژی)، میتۆدی بەراوردکاری، نموونەی وەرگیراو پێکهاتووە لە بەتەمەنەکان و گەنج وەرگیراون، بەتەمەنەکان تاکو بزانن تاچەند پەیرەویان لە دابونەریتی کۆمەڵگاکەیان کردووە تاکو ئێستاکە و، جیاوزی لەگەڵ ڕابردوو چییە. ئامرازی بەکارهاتوو تێبینی بەبەشداری، چاوپێکەوتنی کراوەیە.

لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتوتە ئەوەی وەزیفەی کۆمەڵایەتی بۆ دابونەریت پەیوەست بەدیاردەی مردن گۆرانکاری بەسەردا دێت؛ ئەمەش لەگەڵ ئەو گۆڕانە گشتییەی کە سوریا بەخۆوەی بینیوە، هەروەها تایبەتمەنییەکانی تاک و سیمای چۆنایەتی کاریگەر دەبێ بەم دابونەریتە.

دابونەریتی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە دیاردەی مردن یەکێکە لەو میکانزیزمانەی کە کۆمەڵگا بەرهەمی دەهێنێت لە ئەنجامی ئەو ئەزموونەی، کە جیای دەکاتەوە لە کۆمەڵگاکانی تر و دەبێتە هۆی یەکگرتن و وابەستەیی و، پارێزگاری لە بوون و بەردەوام ی خۆی دەکات، ئەمەش مانای کۆمەڵایەتی و ئاماژەکان لە خۆ دەگرێت، کە گرینگیان زیاتر دەبێ بەگوێرەی درک پێکردنی تاکەکان بۆی، هۆشیارییان بۆ وەزیفەکانیان لەچوارچێوەی دیاردە و ئەو گۆڕانە فراوانەی، کە کۆمەڵگا بەخۆیەوە دەبینێ لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر. ئەوانەی پەیوەستن بە بەهای کۆمەڵایەتی کە لە دابونەریتی کۆمەڵگاوە وەریان گرتووە و پابەند بوون پێوەی بەپێوەرێکی گرنگ دادەنرێت لە پێوەرەکانی ئینتما و پەیوەست بوون بەکۆمەڵگاوە.

**حەوتەم: میتۆدی توێژینەوە**

**میتۆدەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا، بریتین لە:**

١- میتۆدی ئیتنۆگرافی **(Ethnography):** ئاراستەی ئیتنۆگرافیا و بەکارهێنانی لە توێژینەوە چۆنایەتییەکان لەگەڵ زانستی ئەنترۆپۆلۆژییا پەرەی سەند، ئیتنۆگرافیا جەخت دەکاتەوە لەسەر دراسەکردنی هەموو لایەنەکانی کولتوور (الخیاط، ٢٠١٠: ١٩٧)، یان بریتییە لە وەسفکردن و شیکردنەوە و راڤەکردنی کولتووری کۆمەڵگایەک یان کۆمەڵێک لە تاکەکان، یان سستەمێک و، جەختدەکاتەوە لەسەر کردەوەکان یان بیروباوەڕەکان (المعتقدات)، زمانەکان و، جۆری ژیانی تاکەکان یان کۆمەڵگەکانیان (قندیلجی و السامرائي، ٢٠٠٩:٢٢٦). هەروەها ئیتنۆگرافیا، واتا ؛ نووسین لەبارەی کولتوورەوە. ئیتنۆگرافیا هەڵدەستێ بە تێبینیکردن و تۆمارکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو تاکانەی کۆمەڵگا، ئەویش وەسفێکی چڕوپڕی ژیانی ڕۆژانەی ئەوتاکانەیە کە لەوشوێنە دیاریکراوەدا دەژین. کەواتە؛ ئیتنۆگرافیا وێنەیەکی ووردی ئەو مومارەسە و داب و نەریتانەی ژیانی ڕۆژانەی کولتوورێک یان ووردە کولتورێک یانیش کولتووری گروپێکی دیاریکراو دەدات بەدەستەوە(بیر و لیڤی، ٢٠١١: ٣٨٨). هەروەها ئەو زانستە لە شتگەلێکی وەکو : جلوبەرگ، چەک، ئامرازەکانی ژیان، شتومەکی پیرۆز، بیروباوەڕەکان، دابونەریت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە(موحسنی، ٢٠٠٧: ٥٩). لە کۆتاییدا توێژینەوە ئیتنۆگرافییەکان گرنگی دەدەن بە وەسفکردنێکی وورد بۆ کۆی ووردوو درشتی ژیانی رۆژانە و ئاسایی تاکەکان(سکوت و مارشال، ٢٠١١: ٣٤٠).

٢- میتۆدی بەراوردکاری (**Comparative Method**)،میتۆدی بەراودکاری بەکەڵک دێت و جێبەجێ دەبێت لەسەرجەم زانستە کۆمەڵا یەتییەکاندا، سروشتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە دەدات بەراوردکاری تێدا بکرێت، بەڵکو بەراوردکاری بە یەکێک لە گرنگترین ئەو بنەمایانە دادەنرێت، کە دامەزرێنەرانی زانایانی کۆمەڵناسی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییە بەراییەکان پشتیان پێ بەستاوە لەدانانی بنەماکانی ک ۆمەڵناسی (ابراش، ٢٠٠٩: ١٧٧). هەروەها ئەم میتۆدە جەخت دەکاتەوە لەسەر بەراوردکردنی لایەنە جیاواز و لێکچووەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو فاکتەرە یان بارودۆخەی بۆتە هۆی ڕوودانی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە، دەکرێت بەراوردکاری لە چوارچێوەی یەک کات دابێت، یان هەڵسان بە بەراوردکردنی یەکێک لە دیاردەکان لە هەمان کۆمەڵگا و لە کاتێکی جیاوازدا بکرێت بۆ زانینی گەشەسەندن و گۆڕانکاری ئەو دیاردەیە (الزبیاري، ٢٠١١: ٧٢).

لە م توێژینەوەیە دا میتۆدی بە راوردکاری لەلایە نی مەیدانیدا بەکارهاتووە، بۆ بە راوردکردنی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی مەراسیمی مردوو ناشتن لە ئێستا و لە رابردوودا. هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتووە.

**هەشتەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە**

1: کۆمە ڵگا و نموونە ی توێژینە وە: ئە م توێژینەوەیە لە بارەی (**مەراسیمی مردوو ناشتن، توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لەشاری هەولێر** )، لەم توێژینە وەیەدا نموونە ی مەبەستدار (العینة القصدیة - Non– probability) وەرگیراوە، بەڵام لە جۆری نموونەی (حاڵەتە دەوڵەمەندەکان )(عینة الحالات الغنیة- Intensity Sample "Rich Case")، ئەم جۆرەشیان واتە ئەو تاکلفەی کە زانیاری زۆریان هەیە و بابەتیانە شیکردنەوە بۆ دیاردەکان دەکەن (الخیاط، ٢٠١٠: ٢٠٩)(قندیلجي و السامرائي، ٢٠٠٩: ٢٧٣). کەواتە؛ لە کۆتاییدا ئەو تاکانەی بە نموونە وەرگیران، ژمارەیان (٨) کەس بوو، کە زۆرترین زانیارییان لەبارەی مەراسیمی مردووناشتنەوە هەیە؛ یاخود کەسانێک بوون بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥ بۆ ٢٠) ساڵ بەشێوەیەکی زۆر بەشدارییان کردووە لەم مەراسیمە و بۆخۆیان کارەکانی وەکو شوشتن و کفنکردنی مردوو، هەروەها گۆڕهەڵکەندنیان کردووە، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین ووردەکاری و وەسف و تێگەیشتن بخەینەڕوو لەبارەی ئەو مەراسیمانە، وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی و هێما و ئاماژە جیاوازەکانی شیبکەینەوە.

**نۆیەم: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان**

١- چاوپێکەوتن : (المقابلة- Interview)بە ڕێگایەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە توێژینەوە چۆنایەتیەکان، لە ڕێگەیەوە توێژەر دەتوانێت شارەزایی لەبارەی بیرکردنەوە و هەست و بۆچونەکانی کەسانی دیکە بزانێت، هەروەها توێژەر لەم ڕێگایە لە توانای دا هەیە کە دووبارە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بونیاد بنێتەوە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناتوانرێت تێبینی بکرێت(الخیاط، ٢٠١٠:٢٦٢). لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بۆ کۆکردنە وەی زانیارییە کان بە کارهێنراوە، دوای ئە وەی توێژەر پێشتر زانیاریەک لە بارەی بابەتەکەوە دەزانێت و، دەیەوێت ڕوونکردنەوە لە لێتوێژراو وەربگرێت . داوا لە وەڵامدەرەوە دەکات بەشێوەیەکی گشتی و بە ووشە و شێوازی خۆی وەڵامی بابەتەکە بداتەوە، توێژەر پرسیاری ڕوونککەرەوە دەکات لە لێتتوێژراو تاوەکو وەڵامدەرەوە بتوانێت گوتار و ڕوونکردنەوەی نوێ لە بارەی بەشێک لە بابەتەکە بخاتەڕوو و بەرهەمبهێنێ(ابراش، ٢٠٠٩: ٢٦٨).

**- تەکنیکی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان لەم توێژینەوەیەدا:**

1- هەر چاوپێکەوتنێک (٥٠ تا-٦٠) خولەکی خایاندووە.

2- ئەو تاکانەی بۆ چاوپێکەوتنەکە دەستنیشانکران چەند تایبەتمەندییەکیان هەبوو، لەوانە شارەزایی باشیان هەبوو، هەروەها بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥) ساڵ کاریان لە بوارەکانی شوشتن و کفنکردن و گۆڕهەڵکەندن کردبوو، واتە لەرووی زانیارییەکانی تایبەت بە مردووناشتنەوە زانیارییەکی زۆریان هەبوو.

3- چاوپێکەوتنەکان لە نێو ماڵ و شوێنی کارکردنی تاکەکانی نموونەکەدا ئەنجامدراون، بەشێوەیەکی تاکی، رووبەڕووانە و بەتەنها ئەنجامدراون، بۆ ئەوەی لێتوێژەر بە دڵنیایی و بێ بوونی هیچ بەربەست و فشارێک- راستی بیروڕا، ئەزموون، بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانەی بخاتەڕوو. هەروەها بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت چاودێری و تێبینییەکانی خۆی بەووردی تۆمار بکات.

4- چاوپێکەوتنەکان بە ڕیکۆردەر تۆمارکراون، کە دواتر توێژەر هەریەکەیانی بە جیا یاداشت و پاشان پاکنووس کردووە.

لە م توێژینەوەیە دا چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بەکارهاتووە . ئەو تاکانەی کە شارەزاییان زۆرە؛ بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم نەریتە و، لێکدانەوە و دەرخستنی بەراوردێک لەنێوان مانای تایبەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی مەراسیمی مردووناشتن لە رابردوو و ئێستادا . دوای ئەوەی فۆڕمی چاوپێکەوتن ئامادەکرا؛ توێژەر بەچەند پسپۆڕێکی ئەکادیمی پیشانداوە تاوەکو گەیشتووە بە شێوازی کۆتایی کە ئیتر بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان شیاوبێت . شێوازی کۆتایی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە لە (٣) تەوەر؛ کە بەسەر(٢٤) پرسیاردا دابەشکراون، پێکهاتووە . هەروەها(٨) کەس وەک نموونەیەکی مەبەستدار وەرگیراون کە کەسانی شارەزا و بە ئەزموونبوون.

٢- تێبینی بە بەشداریکردن:

زۆربەی ئاراستەکانی ئیتنۆگرافیا ناوبانگیان دەرکردووە بە بەکارهێنانی تێبینی بە بەشداریکردن (الملاحظة بالمشاركة- Participant observation) وەک بەشێک لە توێژینەوەی مەیدانی(القصاص، ٢٠١٤: ٢٣٠)، یان زانایان بە شێوازێکی سەرەکی لە توێژینەوەی ئیتنۆگرافی دادەنێن(سكوت و مارشال، ٢٠١١: ٥٨). لەم جۆرەیاندا لێرەدا توێژەر رۆڵێکی ئیجابی و کاریگەر دەبینێت، بەو مانایەی توێژەر خۆی رۆڵ دەبینێت و بەشداری تاکەکانی توێژینەوەکەی دەکات (عبدات و مبيضين، ١٩٩٩: ٧٤)، هەروەها پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتیی لەگەڵ ئەو رووداوە کۆمەڵایەتییەدا بەشداری بکات و، لەگەڵی بژیەت و، ببێتە ئەندامێک لەو کۆمەڵەیەی تێبینیان دەکات(الصيرفي، ٢٠٠٨: ١٨٤). هەروەها پەیوەندیی پتەو لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی دروست دەکات و بەشداری لە زۆربەی چالاکییەکانی ژیانی رۆژانەی ئەو تاکانە دەکات (فرانكفۆرت و- ناشمياز، ٢٠٠٤: ٢٨٠-٢٨٢). هەروەها ئەوەی گرنگە بزاندرێت کاتێک دەوترێت تێبینی بەبەشداری، ئەم بابەتە تەنها پەیوەست نییە بە تێبینی بینین (الملاحظة البصرية ) بەڵکو تێبینی بیستنیش (الملاحظة السمعية) دەگرێتەوە(کوبان، ٢٠٠٧: ٥٩)، تێبینیکردن بە بەشداریکردن، ئەمەش لەرێگای ئامادەبوونی توێژەر لە مەراسیمی مردوو شوشتن و کفنکردن و گۆڕهەڵکەندن ; لە هەمانکاتدا تێبینیکردنی شێوازی بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە، هەروەها سەرنجدان و تۆمارکردنی ووردەکاری، ماڵ و ئامانجەکانی مەراسیمی مردووناشتن.

دەیەم: شیکردنەوەی زانیارییەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوە

یەک: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە

١- خەسڵەتە گشتییەکانی تاکەکاتی نموونەی توێژینەوە

نموونەی توێژنەوەکە لە (٨) کەس پێکهاتووە کە زۆرترین شارەزاییان لە مەراسیمی مردووناشتن هەبووە، بەمشێوەیە(٢) کەسیان مامۆستای ئایینی بوون و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بوون لە خوێندنی ئیسلامی، هەروەها (٤)

کەس وەکو مردوو شۆر وەرگیراون، کە (٢) کەسیان لە رەگەزی نێر و (٢) کەسیشیان لە رەگەزی مێ، کە شارەزای باشیان هەیە و، بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥ بۆ ٢٠) ساڵ ئەم کارە دەکەن، هەروەها (٢) کەسیش لەوانە وەرگیران کە گۆڕ هەڵکەن و شارەزایی باشیان هەیە. بۆئەوەی بزانین تاکو چەندە توانیویانە پارێزگاری لە مانەوەی مراسمی مردوو ناشتن بکەن.

٢_ شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە

١- دابونەریتی مردووناشتن:

مردن واتا کۆتایی هاتن بەژیانی مرۆڤ؛ بەدیوێکی تر دەتوانین بڵێین :ماڵئاوایی لەژیانی دنیا و سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی دیکە دوای مردن؛ بەشێوازێکی تر گواستنەوەیە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر. دابونەریتی مردوو ناشتن لا یەنی ئاینییەکەی ئەوەیە ڕێز و گەورەیی مرۆڤە لەلای خوای گەورە؛ بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتییەکەی رێز و خۆشەویستی مرۆڤەکانە بۆ یەکتری، لە هەمانکاتدا پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو تاکەیە لەناو خەڵکیدا.

دابونەریتی مردووناشتن؛ هەم ئایینیە و هەم کۆمەڵایەتییە کە زۆر زەحمەتە جیاوازی بکەی لەنێوانیاندا، واتا؛ هەندێک لە دابونەریتەکان ئایینین بۆ دیاریکردنی پێگەی مردووەکە و خانەوادەکەی، لە هەمانکاتدا پێگەی کۆمەڵایەتییان لەناو خەڵکیدا دیاردەکات، ئەمەش کۆبوونەوەیان لەکاتی وەفاتەکەدایەکێکە لە ئاماژەکان، هەروەها ژمارەی ئەوانەی ئامادە دەبن لەمەراسیمی نوێژکردن لەسەر مردووەکە و بەخاکسپاردنی.

لە هەمانکاتدا هەواڵی مردنەکە بڵاو دەکرێتەوە بۆ کۆکردنەوەی خزم و کەس و کارەکان؛ بەوپێیەی ئێستا تەلەفۆن و ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە زووتر دەتوانن هەواڵەکە بڵاوبکەنەوە؛ ئەم کۆبونەوەیەش خۆی لەخ ۆیدا وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە و پەیوەندییەکان لە نێوان تاکەکان بەهێز دەکات؛ هەرچەندە ئێستا ئەم پەیوەندییە کاڵبوونەوەی بەخۆوە بینیوە؛ بەڵام لە هەندێک کات و ساتدا واپێویست دەکات، کە ئامادەبن ئەمەش بەواجبێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و؛ ئەگەر ئامادەنەبن ئەوا بەعەیبە بۆیان هەژمار دەکرێت؛ لەلایەکی ترەوە کاتێ هەواڵی وەفاتکردنی یەکێک ڕادەگەیەنرێت، تەنها دەوترێت فلانە کەس ئەمری خوای کردووە، بەبێ ئەوەی بانگێشت بکرێت؛ لەلایەکی ترەوە هیچ ئامادەکارییەکی بۆ ناکرێت و؛ چونکە هەواڵێکی لەناکاوە.

هەر لەو کاتەی کەسێک دەمرێت، ن زاوپاڕانەوە بۆ مردووەکە دەست پێدەکات، بەڵام جاری وایە خزم و دۆستی ئەو کەسانەی کە وەفاتی کردووە، هاوار و شین دەگێڕن، کە ئەمە دروست نییە؛ هەروەها لەپێشان دەبوو شیوەن و گریانێکی زۆر دەستی پێیکردایە؛ چونکە ئەگەر وا نەبوایە ئەوا خەڵکی لۆمەیان دەکردوو دەیانگوت، ئەوانە ئەو کەسە نازدارانەیان لەدەستداوە و بۆی ناگرێین یاخود دەیانگوت شینی بۆ ناکەن، بەڵام ئێستا وانییە زۆر بەکەمی شیوەن گێران ماوە، بەڵام لەلای هەندێک بنەماڵە تائێستاش ماوە، بەڵام گریان ئاساییە و هیچ قسەیەکی لەسەر نییە . ئەو گریانە درووستە کە لە دڵەوە دەردەچێ و لەسەرخۆیە و مرۆڤ نەتوانێت فرمێسکەکانی رابگرێت بەڵام لە لایەنی کۆمەڵایەتییەکەییدا خەڵکی هاوار و گریان دەست پێدەکات، ئەگەر وا نەکەن ئەوا دەڵێن ئەوانە مردووەکەیان خۆشناوێت.

ئینجا؛ گریان و شینی بۆ دەکەن بەدەنگی بەرز هاوار و گریان پەیدا دەبێ، کەسوکاری م ردووەکە لە جێگای ماڵەکە دادەنیشن و ژنێکی دەنگخۆش بانگ دەکەن کە بۆ مردووەکە بلاوێنێتەوە (لاوکو و سوارۆ ) بڵێ بەمەش خەڵکەکە دەخاتە گریان. ئیتر هەرچی گەنجە دەچن گۆڕ بۆ مردووەکە هەڵدەکەن، مردووشۆرەکە ئاوگەرم دەکات و مردووەکە دەشوات و کفنی دەکات، ئەگەر ژن بێ, ئەوا؛ دەبێ تابووت نابێ و تابووتی بۆ دروست دەکات و دەیخەنە تابووتەکەوەو بە

کۆمەڵ نوێژی جەنازەی بۆ دەکەن و دەیبەنە گۆڕستان(بایەزیدی، ۲۰۱۵: ۸۱). بەڵام لە ئێستادا تابووت بۆ مردووی ژن دروست ناکرێت، بەڵکو بە شێوازێکی ئاسایی وەکو مردووی پیا و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

تۆما بوا؛ وای بۆ ساغ بۆتەوە کورد بەرانبەر مردن خۆڕاگرە و دەزانێ چۆن بەرەو ڕووی دەبێتەوە، ئەمەش لەلایەکەوە لە ئەنجامی نزیک بوونەوەی راستەوخۆدا لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیی بۆ دووپات بووەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، لە میانەی ئەم ووتانەوە کە دەڵێت: (کاتێک لەگەڵ مردن بەرەو روو دەبێتەوە دەستی خۆت بووەشێنە، چونکە لەناوبەری تۆ ئەوانەی بە جێیان دێلی لەکات زیاتر نییە)، هەروەها دەڵێت: کورد مردنی نێو گۆڕەپانی شەڕی لە مردنی سەرجێگا لا باشترە، مردنیش لە پیری لا پەسەند ترە. سۆن؛ لەگەڵ هەڵوێستی کوردان بەرانبەر بەمردن، وورد بووەتەوە و بۆی دەرکەوتووە کە بە شێوەیەکی واقیع بینانە مردن قبوڵ دەکەن، دووریش نییە لەبەر ئەوە بێ چونکە لەوە خراپتر و تاڵتریان بینیوە... واتە کوردەکان لە ژیانیاندا دوچاری گەلێک مەینەتی بوونە، ئەمەش وایلێکردوون بەشێوەیەکی ئاسایی و واقیع بینانە و بە سەرسوڕمانێکی کـەمەوە پێشوازی لە ڕووداوی بە ئازار بکەن . باسیل نیکیتینیش؛ لەگەڵ ڕۆژهەڵات ناسەکانی دیدا کۆکە بەوەی کە کورد مردنی نێو گۆڕەپانی جەنگی لەمردنی سەرجێگای لا باشترە . بەگشتیش باسیل نیکیتین لەوباوەڕەدایە کوردان گرنگییەکی ئەوتۆ بەژیان نادەن(سندی، ۲۰۰۸: ۳۹_۴۰).

۲- ئامادەکردنی مردوو بۆ شوشتن:

دوای وەفاتکردنی کەسێک یەکەم هەنگاو دەبێ چاوەکانی و دەمی دابخرێت؛ یەکەم : بۆ ئەوەی کاتێ یەکێک دەمرێت چاوەکانیش بە دوایدا دەڕوات؛ دووهەم : بۆ ڕێز و گەورەیی مرۆڤەکانە، واتا؛ بۆ ئەوەی مردووەکە دیمەنێکی ترسناک و سەرنجڕاکێشی نەبێت و ببێتە قسەی سەرزاری ئامادەبووان، هەروەها داخستنی دەمی بۆ ئەوەیە هەتاکو هەوا لە زاری مردووەکە نەچێتە ژوورەوە و بئاوسێ، ئەستور بێت و دیمەنی ناشرین بێت.(بۆیە بەگەرمی دەمی قەپات بکرێت باشترە؛ چونکە دواتر ڕەق دەبێ و قەپات نابێ)؛ لە رووە کۆمەڵایەتییەکەشی دەگوترێ چاو ەکانی قەپات بکرێت و دەوی قەپات بکرێت، لەبەرئەوەی کە دەخرێتە ناو گۆڕەوە خۆڵ نەکەوێتە ناو چاو و دەمییەوە . بە قسەی ژنان دەڵێن (چاوی لە دنیایە)، ئینجا دوایی رەق دەبێت و قەپات نابێت، بۆیە بە گەرمی کە لەشی مرددەکە ساردنەبۆتەوە، قەپات دەکرێت.

ئەگەر مردووەکە بـۆ ماوەیەک مایەوە؛ ئەوا باشتر وایە جووڵان و نەرمکردنەوەی جومگەکانی بۆ بکرێت "واتە دەست و قاچەکانی بجووڵێندرێت " بۆ ئەوەی ئەو لاشەیە لە جێگای خۆیدا رەق نەبێت؛ ئەمەش بۆئەوەی لە کاتی شوشتندا ئاسان بێت؛ هەروەها دواتر دەبێت جلەکانی لەبەر دابکەندرێت، بۆ ئەوەی هیچ حاڵەتێکی پیسی بە جلەکانی مردووەکەوە نەبینرێت؛ ئەمیش هەم بۆ گەورەیی و خۆشەویستی مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە؛ هەم تاکو لەناو خزم و کەس و کارەکانی بەباشی باسی بکەن. هەروەها لە شوێنێکی دیاریکراوی بەرز (باشتر وایە جەستە مردووەکە لەزەوییەوە دوور بێت بۆئەوەی زوو تێک نەچێت) درێژ دەکرێت و بەپارچە قوماشێک یاخود بەتانی خاوێن دادەپۆشرێت، بەڵام ئاساییە پێش شوشتنی یان دوای شوشتن و کفنکردنی دەکرێت دەموچاوی مردووەکە واڵابکریت و سەیر بکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە هەم ناسیا و خزم و دۆستان دڵنیا ببنەوە لە مردنی کەسەکە و هەمیش بۆ ئەوەیە دوا ماڵئاوایی لە مردووەکەیان بکەن، ئەم کارەش ئەنجام دەدرێت تاکو ئامادەکارییەکانی مردووەکە تەواو دەبێت.

ئەگەر مردووەکە ژن بوو، ئەوا لەسەر تەختە دادەنرێت، لەبەرئەوەی لە عەردی ناتوانی بسمیلی بکەی و خاوێنی بکەیەوە، ئاوی بۆ حازر دەکرێت، دەبێ ئاوەکە وەکو ئەوەبێت کە ئینسانی زیندوو خۆی پێدەشوات "شلەتێن تەنها ئاوەکە خاوێن بێ و شلەتێن بێ". لەبەرئەوەی مردیەکە ئاگای لێیە بۆیە دەبێ دەرەجە حەرارەی ئاوەکە وەک ئەوەی بی کە ئینسانی زندی خۆی پێ دەشوا . بەڵام ئەگەر مردووەکە پیاو بوو، دەبرێتە مزگەوت، لە ئێستادا لە مزگەوتە تازەک ان،

گرنگی زۆر بە شوێنی مردوو شوشتن دەدەن، تیایدا ژوورێکی تایبەت هەیە، هەروەها (٢) شوێنی (تاتە شۆر ) مردوو شوشتن هەیە، یەکیان مردووی لەسەر دەشۆرێ و ئەوەی دیکەیان (تاتە شۆری دووەم) مردووی لەسەر کفن دەکرێت.

کاتێ کەسێک وەفاتدەکات لە ئیسلامدا واجبە بشۆرێت؛ ب ۆ ئەم کارەش کەسی پسپۆڕ هەیە دەبێ شارەزایی تەواوی هەبێت دەربارەی کارەکەی، ئەمەش بۆئەوەی بە خاوێنی بگوازێتەوە بۆ دنیای یەکجارەکی، بەڵام هەندێک شت هەیە سوننەتە ئەنجام بدرێت بۆ ڕێزلێنانە لە وەفاتکردووەکە لەلایەن خواوە، لە هەمانکاتدا ڕێز و خۆشەویستی مرۆڤەکانە بۆ یەکتری، بەدیوێکی تردا هەریەکە ئامانج و مەبەستێکی لە پشتەوەیە بۆ ئەنجامدانی. ئەویش لە پیسایی خاوێن بکرێتەوە، هەروەها بە دەست پاڵەپەستۆ دەخرێتە سەر سگی بۆ ئەوەی هەرچی پاشەڕۆ هەیە لە سگیدا بێتە دەرەوە؛ ئەمەش بۆ ئەوەی کەسەکە بەجوانترین شێوە دەربکەوێت و تاکو خەڵکی بەباشی باسی بکەن . ئەو کەسانەی بەمکارە هەڵدەستن دەبێ شارەزایی تەواویان هەبێت، ئەمکارەش بەم شێوەیە دەست پێدەکات؛ سەرەتا جل و بەرگی مردووەکە دادەکەندرێت، ئینجا پارچە پەرۆیەک دەهێنین (ئاساییە ئەو پارچە پەڕۆیە لە کفنەکەش بێت) بۆ ئەوەی عەورەتی مردووەکەی پێ داپۆشرێت، ناکرێت بەهیچ بیانوویەک سەیری عەورەتی مردووەکە بکرێت . دوایی ئامادەکردنی ئاو، بەڵام باشتروایە ئاوەکە گەرم نەبێت، بەڵکو بەلای ساردی دا بێت باشترە، بۆ ئەوەی مردووەکە بۆگەن نەکات، بەڵام ئەگەر وەرزەکە زۆر سارد بوو و بزانرێت ئەو ئاوە ساردە مردووەکە پا ک ناکاتەوە، دەکرێت ئاوەکەی بۆ گەرم بکرێت . هەر ئاوێک بێت گرنگ ئەوەیە جەنازەکە پاک بکاتەوە. باشتر وایە ئاو بگاتە هەموو لاشەی مردووەکە و هەموو لاشەی تەڕ بکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەو کەسە بەپاک و خاوێنی بچێتە ماڵە نوێکەی، کە ئەویش گۆڕە . ئینجا دەست دەکەین بە مردوو شووشتن و، باشتر وایە بە سابوونێک بشورێت کە بۆنی خۆش بێت، ئینجا لە سەرەتادا تارەتی پێهەڵدەگیرێ (پێش و پشتەوەی دەشۆردرێ "واتە عەورەتی")، لەدواییدا زەخت لەسەر سکی دەکەیت، بۆئەوەی هەرچی پیسایی لە هەناوی (سک)ی هەیە دەربێت، هەیە تاکو دڵنیا دەبیت پاکبۆتەوە. ئینجا ئەو لیفکەیە یان پارچەپەڕۆیەی کە بەکارت هێنا یان پاکی دەکەیتەوە یان فڕێی دەدەیت . (کە لە ئێستادا لە زۆربەی جاردا فڕێ دەدرێت )، دوایی ئەگەر گونجا دەستنوێژی پێهەڵدەگری . ئینجا بە "وتر " دەست دەکەیت بە شوشتن "واتە بە تاک دەست پێ دەکەیت" (٣) دەست یان (٥) یان (٧) دەست لەسەری دەدەی، حەسەب پاکو خاوێنی مردیەکەی.

جاران تەنها بە سابون (جۆرە سابوونێک، کە پێیاندەگۆت سابوونی رەقی ) مردوو دەشۆرا، بەڵام لە ئێستادا هەر سابوونەک بێ دەبێت، تەنانەت لە ئێستادا چ پاکەرەوەیەک بەردەست بوو ئەوە بەکار دەهێنین، (سابوون یان شامبۆ ). ئەگەر سابوون بەکارهات ئەوا هورد دەکرێت لە کیسەکی دادەنرێت (بەرند و چەقۆ سابوونەکە هوورد دەکرێ )، مردوو شۆر دەست دەکات بەناو کیسە سابوونەکە و بە قڵفێک لە خۆی دەی بەستی و قایمی دەکات . ئەوجا ئاوی پێدادەکرێ و کەفی دەکات، سابوونەکە وەک خۆی بەلەشی مردووەکە داناهێنرێ. شوشتنەکەش بەمشێوەیە یە: سەری دەجوڵێنی و ئاوی لە دەوی وەر دەکەیت و دەموچاوی دەشۆی، وەک ئینسانی زندی مەسحی سەر دەکەی، ئەوجا ئاوی بسمیلی پێدا دەکەی، بە پەقرەجی بی بە مەسینەی بی، زۆر عالەم حەزدەکەن و تکلیف دەکەن (٧) مەسینە ئاوی پێدا بکرێت . مهم خاوێنی بکەیتوە لەم حالەتە مردیەکەی دادەنیشێنی هەتا ئاوەکە هەموو لایەکی بگرتەوە. دوایی دەست دەکەیت بە شۆردنی سەری بە کاملی (بە مەرجێک دەو و کەپووی دەگریت، بۆ ئەوەی ئاو نەچێتە ناو لەشییەوە)، نەوەکو گاریگەری لەسەر جەستەی مردووەکە هەبێت و دووبارە پیسی بکاتەوە، ئینجا دەست دەکەین بە شۆردنی لای راستی مردووەکە بەلای پێشەوە و پشتەوە، ئینجا لای چەپی مردووەکە . (١ واجبە و ٣ سوننەتە). ئینجا لێرەدا ئەگەر پێشتر دەستنوێژت پێ هەڵنەگرتبوو، ئەوا دەستنوێژی پێهەڵدەگری . لای هەندێک مردووشۆری ژن، ئەوا لەکاتی شوشتنی مردوەکە، مردووشۆر سەلاوات لێدەدات، کۆمەڵە دوعا دەکات وەکو: (خوایە لێی خۆشبە...).

لە کۆتاییدا دەتوانرێت کەسە نزیکەکانیان بەم کارە هەستێت مەبەست لە نزیکترین کەسیش لە مردووەکە بریتییە لە "باوک، برا، کوڕ، ژن . ئەگەر ئافرەت بوو دایک، خوشک، کچ، مێرد " هەروەها دەکرێت پیاو خێزانەکەی خۆی بشوات و بەپێچەوانەشەوە خێزان دەتوانێت پیاوەکەی بشوات.

هەندێ کات مردوو ناشورێت و کفن ناکرێت؛ کاتێ شەهید دەبێت و لە مەیدانی جەنگدا؛ هەر بەجل و بەرگی خۆیەوە دەنێژرێت (سابق، ٢٠٠٧: ٢٩_٣٠)، هەروەها کاتێک مردووەکە بەڕوداوێک دەمرێت کە جەستەی شێواوە یاخود جەنازەکە پارچەپارچە بووە ناتوانن بیشۆن . لەم کاتانەدا دەتوانن ئەم کارانەی بۆ نەکەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک و بەهیچ بیانوویەک نابێت عەورەتی "پێشی و پشتی" ئەو جەنازەیە دیار بکرێت، هەروەها پێویستە جەنازەکە نێوان "چۆکی و ناوکی" داپۆشرابێت. تەنانەت ئەو کەسەی کە دەیشوات شتێک لە دەستی خۆی دەکات "ئینجا کەفە بێت یان پەنجەوانە، یان پارچە پەڕۆیەک" بۆ ئەوەی دەستی بەر عەورەتی نەکەوێت، هەروەها هەرشتێک لەو جەنازەیە ببینێت، ئەگەر خێر بوو دەکرێت بیگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر شتێکی خراپ یان نادرووستی بینی "وەکو ڕەشبوونی ...تاد" پێویست ناکات لە دواییدا باسی بکات و بیگێڕێتەوە. ئەوکەسەی بەمکارە هەڵدەستێت دەبێت چەند مەرجێکی تیادا بێت، ئەوانیش بریتین لە : مرۆڤێکی باش و ناسراو بێت لەناو کۆمەڵگادا؛ شێوازی مردوو شوشتن بزانێت؛ کەسێک بێت عەیبداپۆشەر بێت و کەسوکاری مردووەکە متمانەی پێ بکەن .. بۆ ئەمکارەش ئەگەر برە پارەیەک بەرامبەر بەشۆردنی مردووەکە وەربگیرێت ئاساییە، بەڵام نابێت هەلپەرستیی تێدا بکرێت، هەروەها ئەگەر خۆبەخشانە بیکات (دەگوترێت ) خێر و پاداشتی زیاتر دەگاتێ و لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوەش ڕێز و سەنگی بۆ دادەنرێت لەبەرامبەر ئەنجامدانی ئەم کارەی کە دەیکات.

پرۆسەی شوشتن و کفنکردن دەبێ لەیەک شوێندا بکرێت . جاچی لەماڵی خاوەن مردووەکە بێت یاخود لەمزگەوت بێت؛ بەپێی بوونی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ ئەم کارە . لە هەمانکاتدا بەپێی ڕای بنەماڵەکەش دەگۆڕێت کە دەیانەوێت لەکوێدا ئەم کارە بۆ مردووەکەیان ئەنجام بدرێت.

٣- پرۆسەی کفنکردن:

کفنکردن بەفەرز دادەنرێت لە ئیسلامدا؛ ئەمەش بۆ داپۆشینی وەفات کردووەکەیە و خەڵکی بەشێوازیکی ناشایستە نەیبینن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی مرۆڤەکان لەلای خوا، هەروەها ڕێز و خۆشەویستی مرۆڤەکانە بۆ یەکتری کاتێ بەم کارە هەڵدەستن.

قوماشی کفنەکە؛ دەکرێت مرۆڤ لە جلوبەرگی خۆی کفن بکرێت، ئاساییە هەر جۆرە قوماشێک بێت، هەر جۆرە ڕەنگێک بێت ئاساییە، بەڵام ئەوەی لە فەرموودەدا هاتووە سوننەتە لە قوماشی ڕەنگ سپی بێت . یاخود دەکرێت یەکێک لەو پارچە قوماشانەی کە مردووەکەی پێ کفن دەکرێت خەت خەت بێت یان ڕەنگاو ڕەنگ بێت . هەندێ جار کەسەکان بەر لە مردنیان کفن بۆخۆیان دەکڕن و لەماڵەوەی دادەنێن و وەسیەت دەکەن دوای مردنیان ئەوەی بۆ بکەن بەکفن . کفن لە (١٢ - ١٥) مەتر پێک دێت؛ بەڵام هەندێ کەس هەیە هەژارن؛ لەدوای مردنیان کەسێک ئەم ئامادەکارییانەیان بۆ دەکەن، کاتی واش هەیە کاتەکە ناوەختە و بازاڕ نییە بۆ کڕینی کفن؛ بەڵام دەبینین لە مزگەوتەکان بەزۆری خەڵکی کفن بۆ خێری خۆیان دادەنێن، جا هەندێ بنەماڵە هەیە لەدوای تەواو بوونی مەراسیمەکە دەچن کفن دەکڕن و لە شوێنی کفنەکەی بەکاریان هێناوە دایدەنێنەوە.

شێوازی کفنکردنەکە بۆ پیاو لە (٣) پارچە قوماش پێکدێت، واتە پارچە کفنەکان لەسەر یەکتری دادەنرێن لەسەر ئەو (تاتەیەی) کە مردووەکەی لەسەر کفن دەکرێت. لەسەرەتادا لای چەپ بەسەر مردووەکەدا دەدرێت، پاشان لای

راستی پارچەی یەکەم، لە دواییدا لای سەر و لای قاچەکانی هەرپارچەیەک لوول دەدەرێت بۆ ژێر سەر یان بۆ ژێر قاچەکانی مردووەکە، نابێت بە هیچ شێوەیەک مردووەکە هەرگێر و وەرگێری پێبکرێت . ئینجا پارچەکانی دیکەش بەو شێوەیە، تا لە کۆتاییدا پارچەی لای ڕاست دەکەوێتە سەر پارچەی لای چەپ . بۆ پیاو دەکرێت (٢) پارچەی دیکە زیاد بکرێت، یەکیان پێی دەوترێت (عمامة) لەسەری دەبەسترێت، پارچەکی دیکەشیان وەکو کراس لەبەری دەکرێت "واتە پارچە کفنەکە دوو قەد دەکرێت و لە ناوەڕاستیدا کونێکی لێدەکرێت و لەبەری مردووەکە دەکرێت، تا لای ئەژنۆکانی دادەپۆشێت". بەڵام بۆ ئافرەتان دوو شێوازی هەیە لە (٣) پارچە و (٥) پارچە قوماش پێکدێت، چاکتروایە (٥) پارچە بێت، کە (٣) پارچە قوماشیان ڕادەخرێت و دووانەکەی دیکە یەکیان بۆی دەکرێتە کراس و ئەوەی دیکەیان بۆی دەکرێتە چەفیە و سەر و سنگیشی پێدادەپۆشرێت . ئینجا لای سەر و لای قاچەکانی دەبەسترێ، هەندێکجار لای ناوقەدی (لای ناوک )ی دەبەسترێت، جارجارەش لا ی چۆکەکانی دەبەسترێت بۆ ئەوەی جوڵە نەکات و کفنەکەی شل نەبێتەوە و بە توندووتۆڵی بمێنێتەوە . لەدواییدا عەتر و گوڵاو لە مردووەکە دەدرێت، ئەگەر عەتری زەعفەران (سونەتە) هەبوو لە لاشەی مردووەکە دەدرێت. هەنووکە هەر بۆنێک هەبێت بەکاردەهێندرێت، بۆ ئەوەی مردووەکە بۆنی ناخۆشی لێنەیەت تا بەخاک دەسپێردرێت.

لای مردووشۆری ژن، چاو و دەستەکانی مردوو دەبەستن، واتە؛ دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ دادەنرێت وەکو نوێژکردن و بەپارچە پەڕۆیەک دەبەسترێت بۆ ئەوەی لەکاتی هەڵگرتن نەکرێتەوە و بەئاسانی بتوانرێت هەڵبگیرێت. کفن دەبێ دوو پارچە بێ؛ یەکیان بۆی دەکرێتە کراس کەپێی دەوترێت (کراسی قیامەت )، ئەوی تریان دواتر پێی دەبەسترێت تاکو بەباشی بپێچرێت و عەورەتی دیار نەبێت.

لێرەدا دەبینین پارچەکانی کفنی مردوێک کە ئافرەتە زیاترە لە پارچەکەنی کفنی مردوێک کە پیاوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ڕێزلێنان و گەرمیی پێگەی ئافرەت لەلایەن خواوە، هەروەها جێبەجێکردنی لەلایەن کەسەکانیەوە بۆ گەورەیی پێگەی مردووەکەیە لەلایەن؛ تاکو عەورەتی بەدیار نەکەوێت بۆیە پارچەیەکی لەشێوەی کراس بەبەریدا دەکرێت. سەبارەت بە جۆری ئەو قوماشەی کفنی لێ دروست دەکرێت؛ ئێستا دوو نەوعە خا م هەیە، هەیە دوورینی ناوێ (کە بەری پانە) هەیە دەبێ بیدووری لەبەرئەوەی بەری تەسکە، لەبەرئەوەی مردووەکە دووجار بەو خامە دەپێچرێ، بۆیە دەبێ بەرەکەی پان بێ.

لێرەشدا دەبێ کەسی شارەزا بەم کارە هەستێت، چونکە هەموو کەسێک ئەم کارە نازانێت؛ یاخود هەر خۆیان لە قەرەی ئەم کارەنادەن. دوای تەواوکردنی کفنکردنەکە کەسوکارە نزیکەکانی مردووەکە دەتوانن بۆ دواجار سەیری مردووەکە بکەن و ماڵئاوایی لێبکەن، ئەمەش دەبێت تەنها دەمووچاوی مردووەکە بکرێتەوە، ئینجا؛ کەسە نزیکەکانی یەکە یەکە سەیری دەکەن و ماچی دەکەن؛ ئەمەش دوایین ماڵئاو ایی کردنە لەمردووەکە . لێرەدا وەزیفە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم مەراسیمە دەست پێدەکات؛ واتە هەوڵدەدرێت هەندێک بردنی مردووەکە بۆ گۆڕستان دوابخرێت بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێکی نزیکی نەهاتبوو ماڵئاوایی بکات، چاوەڕوانی بن تاوەکو دەگاتە سەر مردووەکە . لە هەمانکاتدا هەموو خزم و کەسوکارەکان کۆدەبنەوە، هەندێجار لەنێوان ئەندامانی ئەو خێزانەی خاوەن مردووە، ناخۆشی ڕوویداوە؛ ئیتر بەهۆی ئەم کۆبوونەوەیە ئاشت دەبنەوە و بە هەموویان هەوڵدەدەن کارەکان بەزوترین کات بەڕێوە ببەن؛ ئەمەش پێویستی بەهاریکاری و هەماهەنگی هەیە لەنێوانیاندا. دواتر خۆیان ئامادە دەکەن و بەرەو مزگەوت بەڕێدەکەون (ئەگەر جەنازەکە لەماڵەوە شورا و کفنکرا بوو).

٥- نوێژکردن لەسەر مردوو:

نوێژکردن لەسەر مردوو؛ فەرزە لەهەموو مەزهەبەکانی ئیسلامدا، سەبارەت بە پیاو و ئافرەت هیچ جیاوازییەک نییە، هەروەها مەرج نییە لە مزگەوت نوێژ لەسەر مردوو بکرێت، دەشێ تاوەکو جەنازەکە دەبرێتە گۆڕستان، ئاساییە کە نوێژی لەسەر بکرێت یان پاش ئەوەی کە مردووەکە شاردراوە دەکرێت نوێژی لەسەر بکرێت. بەڵام باشتر وایە بەر لە شاردنەوە نوێژی لەسەر بکرێت، بەمەرجێک دوای شوشتنی بێت.

لە هەمانکاتدا ئاساییە لەکاتی نوێژکردن لەسەر مردوو پیاوەکان لە ریزەکانی پێشەوە بوەستن و ئافرەتەکانیش لە دواوەیان بوەستن و نوێژەکە بکەن. ئینجا ئەم نوێژکردنە لەماڵەوە بێت یاخود لە مزگەوت یا لە هەرشوێنێکی دیاریکراو بێت دەکرێت نوێژ لەسەر مردوو بکرێت. دەتوانین بڵێین جیاوازی نێوان شەهید و کەسی ئاسایی ئەوەیە، کە ئەو کەسەی شەهید دەبێت بەمەرجێک لە جەنگدا شەهید بوبێت، ئەوا نوێژی لەسەر ناکرێت.

لەشاری هەولێر ژنان لەگەڵ جەنازەکە ناچن بۆ ناو مزگەوت تاکو نوێژی لەسەر بکەن؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەی ژنان سۆز و عاتیفەیان زیاترە و نەبۆتە نەریتێکیش کە بەم کارە هەڵسن.

نوێژی مردوو جیاوازی هەیە لەگەڵ نوێژی ئاسایی؛ بۆ ئەنجامدانی ئەم نوێژە دەبێ نوێژخوێنان هەر بەپێوە بن. لەم نوێژەدا جەنازەکە دەبێ لەسەر پشت درێژ بکرێت؛ ئەوانەی نوێژ دەکەن لەدوای جەنازەکەوە دەوەستن ڕوو لە قیبلە دەبن، یەکێک پێشنوێژی دەکات و نیەت دەهێنێ، نوێژەکەش چوار تەکبیرە (الله اکبر) بەمشێوەیەیە، (الله اکبر) دەکرێت، لە دواییدا سورەتی (فاتیحە) دەخوێنرێت، ئینجا (الله اکبر)ی دووەم سەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (سەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت) دەدرێت، لەپاش (الله اکبر)ی سێیەم، پێش نوێژ و نوێژخوێنان بۆ مردووەکە نزا دەکەن، لە چوارەم (الله اکبر)دا دەبێت پێش نوێژەکە کەمێک بێدەنگ بێت، پاشان سەلام بداتەوە بەلای ڕاستدا(صابر، ٢٠١٣: ٣٨- ٣٩).

خاوەن مردوو هەمیشە پێیان خۆشە زۆرترین کەس لە نوێژی مردووەکەیاندا ئامادە بن و نوێژی لەسەر بکەن، بۆیە لای هەندێک بنەماڵە جەنازەکە دوادەخرێت بەو هیوایەی خەڵکێکی زۆرتر کۆببنەوە و نوێژی لەسەر بکەن. پاش نوێژکردن لای هەندێک بنەماڵە جەنازەکە دەهێنرێتە ماڵەوە (ئەمەش بۆ ئەوەیە دوا ماڵئاوایی لە مردووەکەیان بکەن و بۆ دوایین جار کەسە نزیکەکانی سەلامی لێ بکەن). لای هەندێکی دیکەش؛ جەنازەکە ناهێنرێتە ماڵەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ بۆ گۆڕستان دەبرێت، کەچی لای هەندێکی دیکە لە ماڵەوە؛ کاتێک جەنازەکە لە مزگەوت هێنرایەوە ماڵەوە، لەلای هەندێک خێزان جەنازەکە بەناو هەموو ژوورەکاندا دەگێڕن، دواتر یا لەحەوشی ماڵی خاوەن مردووەکە یان لەبەر دەرگای ماڵە؛ سێ جار یا حەوت جار بەرز دەکرێتەوە و دەهێنرێتە خوارەوە، لەم سەروبەندەدا سەڵەوات لێدەدرێت؛ بەڵام لای هەموو خێزانەکانی ناو شاری هەولێر مەرج نییە مردوو بەناو ماڵدا بگێڕدرێت، لەوانەیە تەنها بەرز بکرێتەوە، کە ئەمە هیچ بنەمایەکی لە ئاییندا نییە، بەڵکو نەریتێکی کۆمەڵایەتییە و لە ڕابردوودا بە زۆریی پەیرەوی لێکراوە، بەڵام هەنووکە لەلای هەندێک لە خێزانەکان ئەم حاڵەتە مومارەسە دەکرێت؛ ئەمەش وەکو نەریتێک ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی مردووەکە چاوی لەو ماڵە نەبێت کە بەجێی هێشتووە.

6- بەڕێوەچوونی مردوو ناشتن:

بەهەمانشێوە؛ مردوو ناشتن فەرزە لەلای هەموو مەزهەبەکانی ئیسلام، باشتر وایە بەزوترین کات مردووەکە بنێژرێت، چونکە چەندە زوو ئەم کارە بکرێت مردووەکە لە تێکچوون دەپارێزرێت (تاوەکو جەستە مردووەکە نەئاوسێت و بۆن نەگرێت). ئەو شوێنەی مردووی تێدا دەنێژرێت دیاریکواوە؛ نابێ هەرکەسە و لە شوێنێکدا ئارەزوی لێیە و نەشیاوە بۆ مردوو ناشتن، مردووەکەی بنێژێ، چونکە شارەوانی ڕێگە بەم کارە نادات. ئێستا حکومەت لە هەوڵی ئەوەدایە گۆڕستان بەرێتە دەرەوەی شار، جگە لەو گۆڕستانانەی لەناو شار ماونەتەوە و شورەی بۆ کردوون. هەروەها هەوڵ دەدات

دوای ئەوەی بنەماڵەیەک کەسێکیان لێ دەمرێت، ئەوا ئەگەر شوێنی تایبەت بەخۆیان نەبوو بۆ شاردنەوەی مردووەکە؛ پارچە زەویەکییان بۆ تەرخان دەکات بۆ ئەوەی مردووەکەی لێ بنێژێت . هەندێ کەس هەن هەر گۆڕستانەکەیان بەناوی عەشیرەتەکەیانەوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ عەشیرەتخوازی.

باشتروایە هەر خێزانێک پارچە زەوییەکی خۆیان هەبێت و مردوەکانی خۆیانیان لێ بنێژن، بۆئەوەی کاتێک سەردانی گۆڕستان دەکەن ئاسان بێت بۆیان و تووشی هیلاکەتی و ماندووبوون نەبن، هەروەها سەردانی هەموو مردووەکانیان بکەن (هەر دانیشتوانی شاری هەولێر ئەمەیان ز ۆر لاپەسەندە ). ئەو کەسانەی بەم کارە هەڵدەستن(ئامادەکردنی گۆڕێک بۆ مردووەکە) کەسە نزیکەکانی مردووەکەن؛ لە هەمانکاتدا ئێستا هەندێکەس بۆ خێری خۆیان بەبێ بەرامبەر، بە هەموو کارەکانی ئەم مەراسیمە هەڵدەستن، دەکرێت کەسێک لەبەرامبەردا بڕێک پارە وەربگرێت، بەڵام وانەبێت هەڵپەرستی بکات؛ هەنووکە؛ تێچونی قەبرلێدان بەپارە گەیشتوتە (٦٠٠) هەزار دینار، کە ئەمەش بڕێکی زۆرە، بەتایبەت بۆ هەژاران، جا لێرەدا وابەستەی کۆمەڵایەتی بەدەر دەکەوێت و بەهۆی ئەم مەراسیمانەوە پەیوەندییەکان زیاتر توند و قوڵتر دەبنەوە.

شێوازی گۆڕەکە: کاتێک مرۆڤ وەفات دەکات، باشتر وایە گۆڕەکەی ئەوەندە بۆی قوڵ بکرێت، کە درندە یان گیانلەبەر نەتوانن جەنازەکەی بهێننە دەرەوە، یان بەهۆی ئاوێکی زۆر یان لافاوێک جەنازەکە بەدیار بکەوێت و بێتە دەرەوە. قوڵی گۆڕ، باشتر وایە مرۆڤێکی بەژن ئاسایی راوەستێ و دەستەکانی بەرز بکاتەوە، ئەوەندە قوڵ بکرێت، ئەم ئاستەی قوڵکردنی گۆڕ بەبێ جیاوازی لە نێوان رەگەزی نێر و مێ پیادە دەکرێت(لە شاری هەولێر قوڵی گۆڕەکە تا سەر سینگ هەڵدەکەنرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاکەکەی پتەوە و پێویست بەوە ناکات زۆر قوڵ بکرێت، هەندێکجاریش جیاوازی لە نێوان رەگەزی نێر و مێدا دەکرێت لە چەندیتی قوڵی گۆڕەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریتەی کە ئافرەت عەورەتە و دەبێت گۆڕەکەی قوڵتر بێت).

هەروەها دوو شێوازی گۆڕ هەیە؛ ئەوانیش : "یەک راست"(حفر)، یان "لاگۆڕ"(لحد)، ئینجا؛ دەبێت گۆڕ لە دەرەوە ئەوەندە بەرز بکرێتەوە کە بزانرێت ئەوە گۆڕە، دەکرێت نیشانەیەک دابنرێت بۆ ئەوەی شوێنەکە بناسرێتەوە کە ئەوە گۆڕی کەسێکە، دەکرێت ئەو بەرزکردنەوەیە یەک بست یان دوو بست بێت . باشتروایە ئەو بەرزکردنەوەی هەر بە خۆڵ بکرێت، تەنها لای سەری گۆڕەکە شتێک دابنرێت و ناوی مردووەکەشی لەسەر بنووسرێ ت، بەڵام لەلای زۆربەی بنەماڵەکان کێلە گۆڕ بۆ مردووەکانیان دروست دەکرێت (ئەم کێلە گۆڕانە ئایەتی قورئانی و ناوی مردووەکە و ساڵی لەدایک بوون؛ ساڵ و ڕۆژی مردنی لەسەر دەنوسرێت، هەندێجار دەوترێت کە شەهیدە یاخود بەکارەساتێکی دڵتەزێن مردووە، هەندیجاریش دێرە شیعرێکی لەسەر هەڵدەکەنرێت، زۆربەی ئەمانەش بۆ ئەوەیە تاوەکو مردووەکە بناسرێتەوە ). هەندێک بنەماڵ زیادەڕۆیی دەکەن لەم بابەتە بۆ خۆدەرخستن لەناو خەڵکیدا؛ بۆ ئەم مەبەستە کێلە بەردی بەنرخ و گران بەها بۆ گۆڕی مردووەکانیان دادەنێن و دەیرازیننەوە، تاوکو دەریبخەن ئەوەندە ئ ەو بنەماڵەیە مردووەکەیان لەلا خۆشەویستە.

شێوەی گۆڕیش لە شاری هەولێر، لای خۆمان زیاتر یەک راست"(حفر)ە بەکاردەهێندرێت لە زۆربەی کاتدا گۆڕ درێژییەکەی (٢) مەترە و پانییەکەی (١) مەتر دەبێت، قووڵییەکەی لای ئەوانەی خۆبەخشانە ئەم کارە دەکەن، بەبێ جیاوازی رەگەزی نێر و مێ، ئەوا بەقەد ناوەڕاستی یان پشتێنی کەسێکی ئاسایی گۆڕ قوڵ دەکەن، هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێویستە بۆ لێدانی گۆڕێک ئەوا (لە ٣ کەس کەمتر نەبێت و ٥ کەس زۆر باش دەبێت ) کە نزیکەی (٢-٣ سەعات) کاتی دەوێت . یان ئێستا بە حفارە بە بڕی (٨٠ بۆ ١٠٠ )هەزار دینار قەبر لێدەدرێت . لە زۆربەی کاتدا چەند گەنجێک لە کەسە نزیکەکانی خاوەن مردووەکە بەشداری دەکەن و ئامادە دەبن لە کاتی گۆڕ هەڵکەندندا، بۆئەوەی شتە

پێویستەکان ئامادە بکەن بۆ ئەوانەی کە گۆڕ لێدەدەن . لە کۆتاییدا پێویستیمان بە (نزیکەی ٢٠ بلۆک، ٥ کاشی شتایگەر دەبێت)، بۆ دروستکردنی گۆڕ لە کۆتاییەکەیدا دووریز دیوار یان "دوو ریز و نیو " بەپێی قەڵەوی و زەعیفی مردووەکە دروست دەکەین، ئینجا بە قوڕ تەنیشتەکانی دەگیرێت و دوای دانانی مردووەکە رووە و قیبلە، ئەوا کاشی شتایگەرەکەی لەسەر دادەنرێت، ئینجا دەستدەکرێت بە خۆڵ بەسەرداکردنی.

هەروەها لەکاتی شەڕ و شۆڕ یاخود ئاوارە بوونی بنەماڵەکان؛ هەندێکەس مردووەکانییان بەئەمانەت دەنێژن؛ یاخود کەسەکە بەر لەمردنی وەسیەتی کردووە ئەگەر مرد لێرە بەئەمانەت بینێژن دواتر کە بارودۆخ چابووەوە بیبەنەوە شوێنی باو باپیرانی؛ ئەمەش بۆ عەشیرەتخوا زی یان ئەو باوەڕەی کە مرۆڤەکان هەیانە و پێیانوایە تا لە مردووی خزموکەسەکانیان نزیک بن باشترە، چونکە بڕوایەکی وا باوە کە بە مردوویش دەتوانن پەیوەندیان لەگەڵ یەکدی هەبێت و بە تەنها نەبن . واتا ئەگەر مردوو وەسیەتی کردبوو لە شوێنێک بینێژن، ئەوا دەبێت وەسیەتەکە ی جێبەجێ بکرێت . شێوازی ناشتنەکەش باشتروایە لەلای قاچەکانییەوە سەری مردووەکە شۆڕ بکرێتەوە بۆئەوەی بە ئاسانی کارەکە جێبەجێ بکرێت.

کاتێک ئافرەتێک مردووە و لە گۆڕ دەنرێت، دەبێت کەسانی نزیکی خۆی هەڵییگرن و لە گۆڕدا وەری بگرن. واتە دەبێت کەسانی مەحرەمی خۆی بن. لە ئێستادا نەریتێک هەیە؛ کاتێک مردوویەکی ئافرەت دەشارنەوە، ئەوا بەتانییەک یان پارچە قوماشێک لەسەر گۆڕەکەی دادەنێن بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت کاتێک شۆڕی گۆڕی دەکەنەوە، نەوەکو لەم پرۆسەیەدا مردووەکە لە دەستیان بەربێتەوە و عەورەتی دەربکەوێت.

لە راستییدا، پێشان تەلقینی سەرقەبران نەبووە، بەڵکو نەریتێکە داهێنراوە، مەبەست لەم کارەش ئەوەیە کە کەسە نزیکەکانی مردووەکە کە لەسەروبەندیی لەدەسدانی خۆشەویستێکیانن، بەخۆیاندا بچنەوە، چونکە ئا لەم کاتەدا دەرفەتە و خاوەن مردووەکە ئامادەیی زیاتری تێدایە کە گوێ بگرێت؛ وەک دەڵێن: (باشتر قەبر و قیامەتی لە بیرە، بۆیە مامۆستاکان ئەو حاڵەتە بە دەرفەت دەزانن، تیاییدا ئامۆژگاری ئامادەبووان دەکەن، هەروەها مامۆستا ئایینییەکان دەڵێن ئەم تەلقینە بۆ زیندووانە نەک مردوان، چونکە ئەوان خۆیان و کردەوەی خۆیان چوونە جێگای حەقی خۆیان )، تەلقینی م ردووان بۆ مردوو نەبووە و نییە، چونکە ئەو کەسەی دوا ماڵئاوایی دەکات و لە تاریکی گۆڕدایە هیچ ئاگایەکی لە دەورەی گۆڕ و زیندووەکانی ئەو مەراسیمە نییە، بۆیە ئەو تەلقینە بۆ زیندووەکانە. ئەوەش بۆ ئەوەی هەر ئامادەبوونێک لە ڕێگای ئەو تەلقینەوە ئاگادار بێتەوە، کە ڕۆژێک ئەویش ماڵئاوایی دەکات و ئەم دونیایە بەجێدەهێڵێت، بۆیە باشتر وایە بەر لەو سەفەرە بەخۆیدا بچێتەوە و بۆ لای پەوەردگاری خۆی و ئایین و باوەڕەکەی بگەڕێتەوە.

هەندێک لەوانەی تەلقینی مردوو دەدەن لەسەر گۆڕ بەناوی دایکی بانگی مردووەکە دەکەن، ئینجا؛ وا پەسەندە پاش شاردنەوەی جەنازەیەک هەندێک لە ئامادەبوانی سەر قەبران بمێننەوە و کۆتایی سورەتی بەقەرە و هەندێک قورئان بخوێنن، دوایی ماڵاوایی بکەن و بڕۆن.

نوێژ گێرانەوە(سەلات و ئیسقات): واتە گێرانەوەی نوێژ لەلایەن کەسێکەوە بە پارە یا بەزێڕ بۆ مردووەکە . ئەم نوێژە بـۆ کەسانێک دەگێردرێتەوە کە ئەگەر هەندێک لە نوێژەکانی ئەنجام نەدابێت و چووبێت، واتە ئەم نوێژە بۆ کەسانێک نابێت کە لە ژیانیدا نوێژی نەکردبێت. لێرەدا خاوەن مردووەکە لەگەڵ کەسێک ڕێک دەکەوتن تاوەکو لە بریی مردووەکەیان نوێژ و ڕۆژووەکانی بۆ بگێریتەوە، جا ئەم ڕێککە وتنە کاتێکە کە هێشتامردووەکە نەشاردراوەتەوە یان ڕۆژێک دوای ناشتنی مردووەکە، مەلایەک دەهێنرێت و لەناو پرسەی پیاوان ئەم ڕێک کەوتنەیان دەکرد و پارەکەیان دەدایە. بەمپێیەش لەڕابردوودا ئەم کارە زیاتر دەکرا و بڕوایان پێ هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم کارە زۆر گرنگی پێنادرێت. بۆ ئەم نوێژەش "صلات و ئیسقات " یەک بۆچوون هەیە لای یەکێک لە زانایانی (مەزهەبی احناف )، کە باسی صلات و

ئیسقاتی کردووە، بەڵام بەڕاستی وتەکە لەوپەڕی (بێهێزی و ئیش پێنەکردنە)، نوێژی بەپارە و پول لەسەر مردوو لاناچێ، هەروەها چونکە نوێژ لە هەموو کاتێکە وەکو بۆ نموونە ڕۆژوو نییە، لە ساڵێک یەک مانگ بێت، یان بۆ نوێژ دەکرێت کەسەکە بە پێوە بیکات، ئەگەر نەیتونی با بە دانیشتن بیکات، ئەگەر نەیتوانی با بە پاڵدانەوە بیکات، یان بە هەر شێوازێک بێت دەکرێت ئەنجامی بدات؛ بەڵام ڕۆژوو و نەزر و کەفارەتی سوێند و هەندێ شتی تر لەسە ر مردوو لادەچێ و خێری بۆ مردوو هەیە!...".

هەندێکجار دوای ئەوەی هەموو کەسەکان لەسەر گۆڕستان دەڕۆن، دوو کەس لەسەر گۆڕەکە دەمێننەوە لەگەڵ مردووەکە و، نزای خێری بۆ دەکەن، هەندێک قورئان دەخوێنن بەو مەبەستەی لە گۆڕدا بەزەیی پێدابکرێت.

هەڵگرتنی گۆڕ (*) یەکێکە لە نەریتەکانیمردووناشتن، هەندێک پێیان باشە دوای چلەی مردووەکە ئەم کارە ئەنجام بدرێت یاخود دەڵێن: باباراني لێبدات، پاشان گۆڕەکە هەڵبگیرێت، چونکە نەوەکو دوای هەڵگرتنی داڕمێ، ئەمەش بەمەبەستی ناسینەوە و بزر نەبوونی قەبرەکە دەکرێت، بەڵام لە ئیسلامدا واجب نییە؛ ئەوەی دەکرێت هەندێ جار زیادە ڕۆیی تیادا دەکرێت؛ ئەمەش هەر نەریتێکی کۆمەڵایەتییە و پەیڕە دەکرێت.

خاوەن مردوو قەبری مردووەکەی هەڵدەگرێت؛ دیسانەوە بۆ جاری دووەم خۆشەویستی خۆیان بۆ مردووەکە دەردەخەن؛ لە هەمانکاتدا ئەمە ئاماژەیەکە تاکو بەخەڵکی بڵێن: ئێمە کەسەکەی خۆمان خۆشدەوێ و لەبیرمانە هەروەها بۆ ئەوەی ڕووبەڕوی لۆمەی خەڵکی نەبنەوە . هەر لەدوای ئەمەوە، بەهەمان شێوە خێر دەکەن (بینراو یان نەبینراو یان هەردووکیان)؛(خێری بینراو واتا خێر دەکەن بەچاو دەبینرێت تاکو خەڵکی ببینێ و بزانن، بەڵام خێری نەبینراو ئەوەیە بەبێ ئاگاداری هیچ کەسێک بەپارە یاخود بەهەر شێوەیەک خێر بکەی بۆ مردووەکە، بەڵام کەس پێی نەزانێت).

٧- سەرەخۆشیکردن لەسەر قەبران:

سەرەخۆشیکردن لەسەر قەبران، ئەوە بابەتە ڕاستەکەیە؛ کە خاوەن پرسەکە ڕادەوەستێ لەسەر قەبران خەڵکەکەش سەرەخۆشی خۆیان دەکەن، واتە بنچینەکەی ئەوەیە پاش ئەوەی جەنازەکە بەخاک سپێردرا، سەرەخۆشی لە خاوەن مردووەکە بکرێت، لە سەرەخۆشیشدا باشتروایە بوترێت (ئەوەی خودا بردوویەتی هی خۆیەتی و ئەوەشی کە ئەیدات هەر هی خۆیرتی، هەموو شتێک لای خۆی کاتێکی دیاری کراوی هەیە، جا با ئارام بگرێ و بەهیوای پاداشت بێت)(سابق، ٢٠٠٧:٨٦).

دوای ئەوەی مردووەکە بە خاک سپێردرا، لەلایەن مامۆستایەکی ئایینییەوە، هەندێکجار بۆماڵئاواییکردن ئەو وشانە دەڵێت: (دەچیت بۆ شوێنێک زۆر لەم دنیایە باشتر، دەچیە بەردەم خودایەک زۆر لە مرۆڤەکان یان خزموکەسەکانت بەبەزەیی تر ...)، ئینجا ئە و کەسانەی ئامادە بوونە لەسەر قەبران دەستە دەستە و یان لە دوورەوە دوعای خێر بۆ مردووەکە دەکەن و گەردنی ئازاد دەکەن و خواحافیزی لێ دەکەن، ئینجا یەکێک یان جاریوایە ئەوەی تەلقینەکە دەکات یان گەورە و دەمراستی خاوەن مردووەکە داوا دەکات گەردنی مردووەکە ئازاد بک ەن و، هەروەها سوپاسیشیان دەکات بەوەی کە ئەزیەتیان کێشاوە بۆ سەر قەبران هاتوون. ئینجا خزموکەسە نزیکەکانی مردووەکە بە دوو ڕیز ڕادەوەستن بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکەکەوە پرسەیان لێبکرێت، ئەوانیش خواحافیزیان لێ بکەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتییە و ڕێز و خۆشەویستی کەس و کار و هاوڕێی مردووەکە دەردەخات کە چەندە ئەوان گرنگ و بەڕێزن لەلایان؛ لە هەمانکاتدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکات.

---

* لێرەدا مەبەستمان لەوەیە : کاتێ دوو کێلە قەبر؛ یەکیان لەلای سەری مردووەکە و ئەوەی تریان لەلای قاچەکانی دادەنرێت؛ هەروەها ناو و بەرواری مردن ...هتد. لەسەر دەنوسرێت، ئەمەش بەمەبەستی ناسینەوەی قەبرەکە دەکرێت.

٨- سەرەخۆشیکردن لە خاوەن مردوو:

پاش سەرەخۆشیکردن لە خاوەن مردووە، ئیتر پێویست ناکات جارێکی دیکە سەرەخۆشی لێبکرێتەوە . سەرەخۆشیکردن تاکو (٣) رۆژە، لە هەر رێگایەک یان شوێنێک خاوەن مردوو ببینرێت دەتوانرێت سەرەخۆشی لێ بکرێت یان دەکرێت لە رێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن پرسە و سەرەخۆشی بە خاوەن مردوو بگەیەنرێت.

٩- ئامادەکاری بۆ پرسە:

پرسە واتا دڵدانەوە؛ لە ئیسلامدا پرسە رێگەپێدراوە و بە سونەتێک لە سونەتەکان دەژمێردرێت، بەڵام نەوەکو ئەوەی لە ئێستادا دەبینرێت . لەڕابردوودا پرسە (٧) ڕۆژ بوو، بەڵام دواتر بوو بە (٣) ڕۆژ. ئێستاش بەپێی بریارێکی وەزارەتی ئەوقاف بووە بە دوو ڕۆژ؛ ئامادەکارییەکانی پرسە دەست پێدەکات؛ هەرلەگەڵ گیان لە دەستدانی مردووەکە، ئەمیش بەئاگادار کردنەوەی کەس و کار و هاوڕێی خانەوادەکە؛ دواتر دەست دەکەن بەکۆکردنەوەی ماڵی خاوەن مردووەکە، بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ دانانی پرسە. لەئێستادا خێمە هەڵدەدەن(جا ئەمەش لەبەر بچووکی ماڵەکانەوە یاخود بۆ ئەوەی خاوەن ماڵ پیس نەبێت؛ لە هەمانکاتدا بووە بەنەریتێکیش )، ئەمە بۆ پرسەی ژنان، بەڵام بۆ پرسەی پیاوان دوای ئەوەی لە مزگەوت گەڕانەوە ماڵێکی دراوسێیان ئامادە دەکەن بۆ ئەم مەبەستە، یان لە مزگەوت دادەنیشن و خەڵکی بۆ سەرەخۆشیکردن دێن بۆ مزگەوت.

لە مزگەوتدا، مەلایەک بۆ قورئان خوێندن ئامادە دەکرێت؛ لە هەمانکاتدا دەبێ مەلاژنێکیش بۆ پرسەی ژنان ئامادە بکرێت بۆ قورئان خوێندن لەبەرامبەر دەسحەقێک پارە وەردەگرێت، کە ئەمەش بووە بە نەریتێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر مەلاژن بۆ پرسە نەهێنرێت، ئەوا؛ بەعەیبە بۆ یان هەژمار دەکرێت. بەڵام لەلای پیاوان؛ کەسانی نزیکی مردووەکە بە پێوە لە مەراسیمەکەدا دەوەستن و پێشوازیی لە خەڵکەکە دەکەن و بەخێرهاتنیان دەکەن . لەم دووڕۆژەدا خاوەن ماڵ لە پرسەکە دادەنیشێ و جلکی ڕەش دەپۆشێ و گریان و لاواندنەوە دەکەن بۆ مردووەکایان. خەڵکیش چین چین دێن هەندێک دادەنیشن و سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆیان بۆ خاوەن پرسەکە دەر دەبڕن . لەدووەم ڕۆژی پرسەکەدا کاتێ مەولوود خوێندن تەواو بوو، ئیتر کۆتایی بەپرسەکە دەهێنرێت.

١٠- ئاماژەکانی مردووناشتن:

خاڵی گرنگی ئەو مەراسیمە لە ڕابردوو ئێستاشدا ئەوە بووە، کە کۆمەڵگای کوردی زۆر ڕێزی مردووەکانی گرتووە، ڕێزەکەش لە کۆمەڵێک نەریتدا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە:

یەکەم: شۆردنی مردووەکان لەلایەن کەسە نزیکەکانییەوە مانای ئەوەیە کە ئەو کەسانە دوا خزمەت و خۆشەویستی خۆیان پێشکەش بە مردووەکە دەکەن. جێگەی ئاماژەبۆکردنە کە پێشتر کەسە نزیکەکانی مردووەکە کاریی شوشتنەکەیان ئەنجامدەدا، بەڵام هەنووکە لەلایەن کەسانی شارەزاوە و بۆ خێری خۆیان ئەم کارە ئەنجامدەدەن، تەنانەت لە زۆربەی مزگەوتوو گەڕەکەکانی شاری هەولێر "بەتایبەتی گەڕەکە هەژارنشین و مامناوەندەکان " کۆمەڵێک کەس خۆبەخشانە بەم کارە هەڵدەستن.

دووەم: ئامادە بوونی زۆرترین کەس و کۆمەڵانی خەڵک و بەڕێکردنی کۆچکردووەکە بۆ گۆ ڕستان و ئامادەبوونیان لە ڕۆژانی پرسە، مانای پەرۆشی کۆمەڵگای کوردییە بۆ مردووەکانیان.

سێیەم : ئامادە بوونی مامۆستایانی ئایینی لە تەواوی مەراسیمەکە، مانای ڕێزگرتنی کۆمەڵگایە لە ئایین و مامۆستاو باوەڕ و نەریتەکانی ئینجا ئەمانەش تێکەڵاوی سستمە کۆمەڵایەتییەکە کر اوە و بووە بە بەشیک لە کولتووریی کۆمەڵگا.

کەواتە ئێمەی کورد ساڵانیکە مردووەکانمان ناشتووە بۆ ئەوەی خۆمان نەمرین، بەڵام کەسیش لەدەست ئەو ویستگەیە دەربازی نەبووە، بۆیە باشترین مامۆستا بۆ تاقیکردنەوە مرۆڤەکان بووە، گەر مردنیش نەبوایە (ژیان )هیچ مانایەکی نەدەبوو(ئەنوەر، ۲۰۱۰: ۲۷-۲۹).

۱۱_وەزیفەکانی مردووناشتن

1_ وەزیفەی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی:

هەوڵدان بۆ مانەوە لەسەر داب و نەریتی کۆمەڵگا؛ بەوپێیەی مرۆڤەکان هەڵگری داب و نەریتی کۆمەڵگای خۆیانن، جا ماددی بێت یا مەعنەویی. هەروەها پابەندبوون بەم مەراسیمەوە کۆشانە بۆ پارێزگاریکردن لە بەها و عورفی کۆمەڵگا؛ واتا مانەوەی شوناسی تاکەکەیە، ئینجا لەناوچوونی هەریەکە لە و داب و نەریتانە؛ لەناچوونی شوناسی ئەو کۆمەڵگایەیە . بەم پێیە ئەنجامدانی ئەم مەراسیمانە بەشێوازێکی ڕێک و پێک دەرنەچوونە لە داب و نەریتی کۆمەڵگا، چونکە بووە بەکولتووریی ئەو کۆمەڵگایە. هەروەها وەزیفە کۆمەڵایەتییەکەی لە و کاتەدا دەست پێدەکات کاتێک هەواڵی مردنی کەسێک دەبیسترێت؛ جا کەسێکی نزیک یاخود هاوڕێ یانیش ناسیاو بێت، ئەوا دەست بەجێ خەڵکی بۆ ماڵی خاوەن مردووەکە دەڕۆن و یارمەتییان دەدەن لەئامادەکارییەکانی مەرا سیمەکە؛ ئەمەش وابەستەی کۆمەڵایەتی لەنێو تاکەکان بەهێز دەکات؛ لەهەمانکاتدا پەیوەندیی تاکەکان لەگەڵ یەکتر بەهێز دەکات . هەر ئەمەشە وادەکات ئەگەر هەرناخۆشییەک لەنێوانیاندا ڕوویدابێت وەلای دەنێن؛ وەک ئەوە وابێت هیچ شتێک ڕووینەدابێت . دەوروبەرەکە هەموو کارێک دەکەن بۆ یارمەتیدانی خاوەن مردوو، وەک : سەرەخۆشی لێکردن و دڵنەوایکیردنی خاوەن مردووەکە (هەردەم دەڵێن: ئەمە ئەمری خوایە، هەمووومان ئەم ڕێگایەمەن لەپێشە، جا یەکێکمان نزیک ئەوی تر دوورتر، خواسەبرو ئارامیت پێببەخشێت، خوا لەگوناهی خۆشبێ، ئیشەڵا شوێنی باش دەبێت ). ئەمانە هەر هەمووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەکان بەهێز دەکات؛ لەهەمانکاتدا پێگەی کۆمەڵایەتی بنەماڵەکە و مردووەکە لەنێو کۆمەڵگا دیاری دەکات.

٢_ وەزیفەی ئایینی:

هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە؛ مرۆڤ هەوڵیداوە خۆی لەوە ڕابهێنێت کە هێزێک لە سەروی مرۆڤەکانەوە هەیە کە هەوڵدەدات پارێزگاریی لێبکات؛ لەهەمانکاتدا ڕێنیشاندەرییانە بۆ کردنی چاکە و نەکردنی خراپە، بەم پێیەش بووە بە بەشێک لە کولتووریی کۆمەڵگا جیاوازەکان . ئایین بەشێکە لەکولتوور، هەروەها ئایینی گرنگترین بەشی سستمی کۆمەڵایەتییە و کاریگەرییەکی زۆ ریی هەیە لەسەر تاکەکان؛ ئەم کەڵەکە بووە کولتوورییە وەزفەیەکی ئایینی هەیە لەنێو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەدا . بەها ئایینییەکان وادەکەن تاکەکان هەست بە ئارامی بکەن و دانبەخۆیان دابگرن، هەروەها یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی بەسەر ناخۆشیەکاندا زاڵبێت؛ بەتایبەتی لەکاتی لەدەست دانی کەسێکی ئازیز و خۆشەویست. ئایین یارمەتی و دڵنەوایی بۆ خاوەن مردوو دابین دەکات،، پابەندبوون بە پێوەرە ئایینییەکانەوە وادەکات ڕێز لە گەورەیی و شکۆمەندیی مردوو بگیرێت و شکۆی مرۆڤایەتیی بەرز ڕابگیرێت. هەروەها لەو ساتەوەختەدا دەڵێن : ئەمە قەزاو قەدەرە و دەبێ ئیمانمان پێبێ. باوەڕبوون بەقەزاو قەدەر متمانە بە ئیشی خوایە و دەبێ ڕێزی لێبگیرێت و ڕازی بن بە بەشی خوا. هەروەها سەبرگرتن بەبینینی ئەم موسیبەتە شوکر و سوپاسی خوا بکات و ڕازی بێت بەو بەشی کە داوێتی پێی؛ ئەوا سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر بەو تاکە هەیە، بەڵام کاتێ تاکەکە ناشوکر دەبێت، ئەوا ناخۆشتری برسەر دێت .

هەروەها بڕوابوون بەبوونی بەهەشت و جەهەنم. ئەو مەراسیمی مردوو ناشتنە؛ پابەندبوونە بە بەها ئاینییەکانەوە، کەواتە ئەم ڕێورەسمانە وەزیفەی کۆمەڵایەتییش ئەنجام دەدەن.

٣_ وەزیفەی دەروونی

لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویس ت وا دەکات تاکەکان ناڕەحەت بن و خەمبخۆن بۆ لەدەستدانی ئەو کەسە نزیکەیان؛ ئیتر کەسوکاری مردووەکە بە گریان، شیوەنکردن و لاواندنەوە ئەو خەمەی خۆیان دەردەخەن، هەم وەک کەناڵێکی خۆبەتاڵکردنەوەیە لە نارەحەتی و ناجێگیریی دەرونی هەمیش ئاماژەیەکە بۆ خەڵکی کە پێیان ڕ ابگەیەنن؛ ئەوان چەندە کەسەکەی خۆیان خۆش ویستووە.

**یازدەم:ئەنجامەکانی توێژینەوە**

١- تاکو ئێستا ئەم مەراسیمە لەشێوازی بەخاکسپاردنی مردووەکان؛ پارێزگارییان کردووە لەم نەریتە.

٢-ئەم مەراسیمە پێگەی کۆمەڵایەتی مردووەکە دەردەخات؛ لە هەمانکاتدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان بەهێز دەکات تاکو ئێستا ئەم مەراسیمە ڕێز و سەنگی خۆی لەدەست نەداوە.

٣- گۆڕانکاری لەهەندێک لە نەریتەکان و هاتنەناوەوەی نەریتی نوێ وەکو هێنانی مەلاژن بۆ قورئان خوێندن و مەولوود خوێندن بە پارە؛ ئەمەش بەوپێیەی شاری هەولێر فرەکولتوورە و کاریگەرییان هەبووە بەسەرییەوە.

٤- باشبوونی باری ئابووری خەڵکی شاری هەولێر؛ وایکردووە هەندێک زیدەڕۆیی لەم مەراسیمانەدا بکرێت.

٥- شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە تاکو ئێستا هەروەکو خۆیەتی؛ لەلای هەژار و چینی ناوەند، بەڵام لەلای چینی باڵا لەلایەنی خەرجییەوە هەندێ زیادەڕۆیی تیادا دەکرێت.

٦- ئێستا بەزۆری سەلات ئیسقات ناکەن، چونکە خەڵکی بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری ئاینیانەوە تێگەیشتون کە مرۆڤەکان دوای مردن پێویستیان بەم کارە نییە.

٧_ مەراسیمی مردوو ناشتن ئەم وەزیفانەی هەیە وەک: کولتووریی و کۆمەڵایەتیی، ئایینی و دەروونی.

دوازدەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

١- داوادەکەین توێژینەوە لە شێوازی مەراسیمی مردوو ناشتنی ئایینزاکانی تریشدا بکرێت، دواتر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە.

٢- ئەمە توێژینەوەیەکە سەبارەت بە مەراسیمی مردوو ناشتن لە شاری هەولێر، پێشنیار دەکرێت توێژینەوەیەک لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لەبارەی مەراسیمی مردوو ناشتن بکرێت، دواتر بەراوردیان پێ بکرێت لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە، بۆ ئەوەی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانمان بۆ دەرکەوێت.

**سێزدەم: پێشنیارەکانی توێژینەوە**

١_ وەزارەتی ئەوقاف، لە ڕێگەی مامۆستایان و میمبەری مزگەوتەکان هەڵسن بە وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی هەندێک نەریتی نەشیاو و ناپەسەند هەیە باسی بکەن، بۆئەوەی خەڵکی لەم کارە ناپەسەندانە دوور بکەوێتەوە.

٢- پێشنیار دەکەین لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە خەڵکی هۆشیار بکرێنەوە بەرامبەر بە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە، شتەکان بەسادەیی ئەنجام بدرێت نەک ئاڵۆز بکرێت.

**References**

Abeidat, Muhemad & Mebizin, Muhemad.(1999). *The Research Methods, Oman:* Waal for publication.

Abrash, Ibrahim Xelil. (2009). *Scientific Method in Social Since*, Ramella: Shruq forpublication.

Ahmed, Busahe. (2014). *Dead in Religions*, translate to Kurdish: Dana Mela Heseen, Sulemani: Andeshe for publication.

Al-Aqibw, Hnd.(2007). The Social Meaning of Dead Phenomena (Anthropological Fild Study), Dimashq Universty Journal, No.2.

Al-Hasaan, Ihsan Muhemad.(1999). *Sociology Encyclopedia,* Beirut: Arabic for publication.

Al-Qesas, Mehdi Muhemad.(2009). *Social Research Design*, Diwaniia: Nybor for publication.

Al-Sirfy, Muhemad Abdulfetah.(2008). *Scientific Research (Guide Line)*, Oman: Waal for publication.

Al-Waali, Abduljebar.(1982*). The Mind, Self and Soul*, Beirut: Obeidat for publication.

Al-Xeyat, Majid Muhemad.(2010). *The Basic of quantitative and qualitative research in social science*, Oman: Al_raya for Publications.

Al-Xrfy : Muhemad Abdul fetah.(2008).

Al-Zebary, Tahr Hasso. (2011). *The Research Methods in Sociology*, Beirut: Majd Publications Organization.

Anwer, Keiwan Azad. (2010). *Kurdish Tradition,* Sulemani: Chwar Chra for publication.

Bayezid, Mela Mehmud.(2015). *Traditons and Kurdish Documentes*, translate to Kurdish: Shukrie Resull Ibrahim, Erbil: Jemil Rozhbeyani Historical center.

Hesse-Biber, S. N. & Leavy, P. (2011). *The practice of qualitative research*. Translate to Arabic: Henaa Al_Jawhery. Qairo: Book Organization.

Kuban, Jan. (2007). *Athnology Fild Survey,*Translate to Arabic: Jehide Lawnd, Bagdad: Strategy Study Institution.

Muhsni, Manojeher. (2007*). Sociology*, translate to Kurdish: Muslih Ierwani, Erbil: Mukrayn Organizetion for publication.

Nashmyaz, Chava Frankort, David. (2004). *The Research Methods in Social Science*, Translate to Arabic: Laila Al-Teuil. Dimeshq: Btra for publication.

Qendeliji, Amr & Al-Samaraii, Iman. (2009). *Scientific Research "quantitative and qualitative",* Oman: Yazwrifor publication.

Sabr, Herdy.(2013).*Etiquette for Dead with Picture*. Silaimany: Sharstan for publication.

Said, Sadq. (2007). *Fiqh Sune*, translate to Kurdish: Hema Amin Ahmed Berznjy. Sulaimany: Roshnbir for publications.

Skot, Jon & Marshall, Gordon. (2011). *Sociology Encyclopedia*, Translate to Arabic: Muhemad Al-Jawhery and The others. Qairo: Al_qewmi for translation.

Salim, Shakr Mustafa. (1981*). Anthropological Dictionary*, Kuet: Kuet University.

Sndi, Bedrxan. (2008*). Kurdish Society in Orientalist attitudes*, translate to Kurdish: Ismail Ibrahim Seid. Erbil: Mukrayn Organization for publication.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 386–415
http://www.ijoks.com

# Social conditions in the Kurdish narrative

***Salim Rashed Salih***[1] ***Abdullah Rahman Awlah***[2]

**Received**: Feb 23, 2018 **Reviewed**: Mar 11, 2018 **Accepted**: Mar 17, 2018

## Abstract

Social space is an important part of community life. And have a significant impact on the lives of its members. Therefore, because the society guarantees in its own depth many social issues and events, while at the same time it is a link between social interaction and social interaction.These relationships and social connections are visually intertwined as a spider web, and because people are social, it is impossible to live alone, so they have a constant connection with individuals and the culture traditions of society. On the other hand, he faced many setbacks and problems, faced with social problems and affected his life and future.On this basis, the human being in his private life revolves around his social issues. No component can have such an effect. In the framework of literature in general and the novel in particular is the vast area of communication between the relations between literature and social issues in the community delay on the shoulders, and works in the way of this space and embrace these problems and social constraints and find solutions satisfactory and to indicate the future of the (new generation) . And from this observatory we have worked in the examples of the next novel to present to the new generation. And we tried in several models of the Kurdish novel to show these social issues, and to clarify the impact of these social issues in the text of the narrators and show the opinion of the novel about these problems and obstacles. The factors that led us to choose this topic are to work more on the relationship of the novel to society. This research leads us to talk about the sociology of sociology as a branch of sociology of literature. In this subject in the Kurdish literary criticism, especially at the academic level, he worked on it only a few.

**Keywords:** Social condition, Kurdish narrative, Kurdish novel, Community

**Recommended citation:**

Salih R. S. & Awlah R. A. (2018). Social conditions in the Kurdish narrative. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 386–415. doi: **10.21600/ijoks.454461**

[1]Asst. Prof. Dr., Department of Kurdish Language, College of Education, University of Salahaddin Erbil, Kurdistan Region of Iraq, E-mail:salim_shwani@yahoo.com

[2] Teacher, Department of Kurdish Language, College of Education-Makhmur, University of Salahaddin Arbil, Kurdistan Region of Iraq, Email: abdulla.awla@su.edu.krd

# بارودۆخی کۆمەڵایەتی

# لە پانتایی دەقی رۆمانی کوردیدا

پ.ی. د. سلیم رەشید سالح عەبدوڵڵا رەحمان عەولا

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تەوەرێکە لە بەشێکی تێزی دکتۆراکەمان، کە تایبەتە لایەنی کۆمەڵایەتی لە رۆمانی کوردیدا. بواری کۆمەڵایەتی بەشێکی گرینگ لە ژیانی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت و کاریگەری گەورەیان لەسەر ژیانی تاکە کانیدا دروست دە کەن. بۆیە کۆمەڵگە سەرەڕای ئە وەی کە چەندین بابە ت و رووداوی کۆمەڵایەتی لە هەناوی خۆیدا هە ڵگرتووە، لە هەمانکاتیشدا رایە ڵەیەکی تێکچرژاوی لە پەیوەندیی و کارلێك و لێکترازانی کۆمە ڵایەتی لە خۆ گرتووە . ئەو پە یوەندیی و رایە ڵە کۆمەڵایەتییانە بەشێوەیەك رەنگرێژیان کردووە وەکو تۆڕێکی جاڵجاڵۆکی دە وری مرۆڤە کانیان تە نیوەتەوە. بەهۆی ئە وەش مرۆڤێك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەوە بە تەنیا مەحاڵە بتوانێت بژیت، بۆیە هەمیشە لە پەیوەندییکردنی لەگەڵ ئەوانیدیکەدا لە لایەکەوە کۆمەڵێك لە داب و نە ریت و کولتوری تایبە ت بە کۆمەڵگەی دروست کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە گەلێك جاریش لە و پە یوەندییانەدا دووچاری شکست و کێشە بووەتەوەو بە مەش گرفتی کۆمەڵایەتی یەخەی گرتووەو کاریگەری لەسەر ژیان و چارە نووسی داناوە. بەم پێیە مرۆڤ لەناو جیهانی تایبە تی خۆیدا بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دە ور دراوە و هیچ بوونە وەرێك نییە کاریگەری ئە و کایەی کۆمە ڵایەتییەی لە سەر نە بێت.لەم چوارچێوەیەدا ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی و ر ۆمان بە تایبەتی ئەو پانتاییە فراوانەیە کە رایەڵەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و بابە تە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگرێت و هە وڵ دەدات لە رێگەی ئەو پانتاییەوە بەرجەستەی ئەو کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە بکات و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوەو رێڕەوی ئایندەش بۆ کێشەکەش بە نەوەی نوێ بکات.لەم روانگەیەشەوە هەوڵماندراوە لە چەند نموونەیەکی رۆمانی کوردیدا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان بکەین و رە نگدانەوەی ئەو بابە تە کۆمەڵایەتییانە لەناو دە قی رۆمانەکان و بۆچوونی رۆماننوسان لەهەمبەر ئەو کێشەو گرفتانە بخەینەڕوو. ه ۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە زیاتر کارکردن بووە لەسەر پەیوەندی رۆمان و کۆمەڵگە، کە ئەم باسەش دەمانباتەوە سەر باسی کۆمەڵناسی رۆمان وەکو لقێك لە لقەکانی کۆمەڵناسی ئەدەب. ئەم بابەتش لە رەخنەی رۆمانی کوردیدا و بە تایبەتیش لە ئاستە ئەکادیمییەکەی بەژمارەیەکی زۆر کەم کاری لەسەر کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بە ش پێکهاتووە ، لە بەشی یەکەمدا لەڕووی تیۆرییەوە کۆمەڵناسی رۆمان روون کراوەتەوەو جەخت لەسەر لایەن و رەهەندەکانی کراوەتەوە .

لەبەشی دووەمیشدا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و رە نگدانەوەی لەناو بەشێك لەرۆمانەکانی کوردیدا دیاریکراوەو پێشنیازێکی خراوەتە سەرو لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەرچاوخراوە

## بەشی یەکەم

## چەمك و مێژووی کۆمەڵناسی رۆمان

کۆمەڵناسی رۆمان یەکێکە لقەکانی کۆمەڵناسی ئەدەب کە بایەخ و گرنگی بە ژانرێکی دیاریکراو دە دا کە ئەویش رۆمانە، ئەو زانستە هەوڵدەدات لە رێگەی پەیوەستبوونی رۆمان بە کۆمەڵگە ، کاریگە ری و کارتێکردنی نێوانیان دەستنیشان بکات و لەرێگە ی رۆمانە وە گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییە کان و سروشتی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مرۆڤ و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکات و رادە ی کارلێکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگەو واقیعی ژیان روون بکاتەوە.

زاراوەی (کۆمەڵناسی رۆمان ) لە دوو بە ش پێکهاتووە ، (کۆمە ڵناس) و (رۆمان )، تێکە ڵبوون و تێکچرژانی ئەو دوو بوارەش لە چوارچێوەی تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ کۆمەڵناسی دێت، دیارە لێرەدا کۆمەڵناسی وردتر و چڕتر مامە ڵە لەگە ڵ ئەدەبدا دە کات و لە رێگای ژانرێکی دیاریکراوەوە هەوڵدەدات لایەن و رەهەندە کۆمەڵناسییە کانی کۆمەڵگە دیاری بکات . بێگومان رۆمان بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکە ی ئە دەب، ئە و پانتاییە بە رین و فراوانە ی هەیە کە دەتوانێت بە باشترین شێوە وێنای لایەنەکانی کۆمەڵگە بکات، لێرەشدا کۆمەڵناسی وەکو زانستێك پەیوەست دەبێت بە رۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی و هەوڵدەدات بەپێی یاسا و پێوەرەکانییەوە بە ئاوێتەبوون لەگەڵ یاسا و رێساکانی رۆمان، کێشە و گرفتە کۆمەڵایە تی و سیاسی و ئابووری و کە لتوورییە کانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵگەکەی شیبکەنەوەو لایە ن و رەهەندە کانی دیاری بکە ن و شرۆڤە ی خاڵە گۆڕاوەکان و چەسپاوەکانی بکەن. چونکە ئەو زەمینەیەی کە رۆمان بۆ هەڵکەوتەی مرۆڤ و کۆمەڵگە لە ناو دەقەکەیدا فەراهەمی دەکات، جیا لەوەی فراوانتر و مەزنترە، لەهەمانکاتیشدا روونتر و وردترە لە چاو ژانرەکانی دیکەوە، بۆیە کۆمەڵناسی وەکو زانستێك ئە وەندە ی سوود لە رۆمان وە ردەگرێت و نموونە زیندووە کانی ژیان و کۆمە ڵگە ی لێ بە دەست دە هێنێت، بە بە راورد بە ژانرەکانی دیکە سوود وەرگرتنەکەی سنووردارو بەرتەسك دەبێت، ئەمەش بۆ هۆکاری سروشتی پێکهاتەی تەکنیکی وهونەری خودی ژانرەکان دەگەڕێتەوە.

وەرگیراوە و بە (Sociology novel) ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردیدا راستە وخۆ لە زاراوە ئینگلیزییەکە ی (کۆمەڵناسی رۆمان ) دەناسرێت و گەلێکجاریش هەر خودی زاراوە ئینگلیزییەکە (سۆسیۆلۆژیای رۆمان ) بەکاردەهێنرێتەوە، لە زمانی عەرەبییدا زاراوەی ( علم الاجتماع الرواية)ی بۆ بەکاردەهێنن و هەروەها بە (سوسیولوجیا الروایة)ش دەناسرێت و لەزمانی فارسیشدا بە ( جامعەشناسی رمان) دێتە ناساندن.

کۆمەڵناسی رۆمان بایە خ و گرنگی بە لایەنە کانی کۆمەڵگە دەدات و هە وڵ دەدات رێرە وی گۆرانکارییەکانی کۆمەڵگە لەرێگای دەقی رۆمانەوە دیاری بکات، بۆیە کۆمەڵناسی رۆمان (( توێژینەوە لە پەیوەندی رۆمان وە کو گوزارشتێکی ئیستاتیکایی لە وێنە ی ئایدۆلۆژیادا بە و جیاوازی و ململانێیە کۆمەڵایە تی و نیشتمانییانە ی کە لە کۆمەڵگە روودەدەن، دیاری بکات و رادە ی شیانی ئە دیب و رۆماننوس لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو جیاوازی و ململانێیانە دا، ئەمە ش تە نیا شتە کە جە خت لەسە ر پەیوەستبوونی ئە دیب بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کان و دیاردە کۆمەڵایەتییە باوەکان لە و کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژیت، روون دەکاتەوە))(أ.د.محمد سعيد، ص51) و کاریگەری رۆماننوس دەقەکە ی لەسەر کۆمەڵگەکەی و کارتێکردنی کۆمەڵگەش بەسەرجەم لایەن و رەهەندەکانییەوە لەسەر رۆماننوس و دەقەکەی دیاری بکات. دیارە ئەوەش بۆ ئەو رۆڵە دەگەڕێتەوە کە رۆمان لەناو کۆمەڵگە دا وازی دەکات، چونکە شێوەو ناوەرۆکی رۆمان راستەوخۆ لە دیاردەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیراوە و رۆمانەکان زۆربە ی کات پە یوەستن بە چرکەساتی دیاریکراو لە مێژووی کۆمە ڵگە دا، (( چونکە رۆمان دەقێکی کۆمەڵایەتییە باشتر لەخۆمان ودەوروبە رمان دەمانگە ێنێ ، ە ۆش ی کۆمەڵایەتیمان فرە وان دەکات، ڕێگە چارەی کێشەو گرفتەکانمان پیشان دەدات ، وامان لێدەکات پەی بە هەڵە و راستییەکانی خۆمان ببەین و بەدوای جیهانێکدا بگەڕێین جوانتر و شیاوتر لەوەی کە تیایدا دەژین ، لەگەڵڕابردوومان ئاشت دە کاتە وەو

هانمان دەدات بۆی لە ئاییندە یەکێک گە ش بکە یتە وە )) ( پ.ی.د. نە جم ئە ڵوەنی ، 2017، ل75)، لە م بارەیەوە زانایانی کۆمەڵناسی بۆ سەلماندنی بیردۆز و تیۆرو بیروڕایە کانیان، گە لێکجاران پە نا بۆ دە قی رۆمان دەبە ن و لە ویەوە نموونە زیندووە کانی ژیان و کۆمە ڵگە بەدەست دە هێنن، لە گە ڵ ئەوەشدا لەمێژووی رۆماندا پێچەوانەی کۆمەڵناسی رۆمانەوە، بیروڕای ئەوە هەبووە کە رۆمان پەیوەندی بەواقیعی دەرەوەو و کۆمەڵگە نەبوو بێت، لەم ڕووەوە رابەڕابەرانی رۆمانی نو ێ جە ختیان لەسە ر ئە وە کردۆتە وە کە رۆمان پەیوەندی بەواقیعی کۆمەڵایەتی نییە و (( لەبە ر ئە وە هەوڵیانداوە ڕەهەند ی سۆسیۆلۆجی رۆمان بدەنە بەر تانەوە تەشەرو بە ئاشکرا دەڵێنەوە ئەم ژانرە ئەدەبییە لە کۆمەڵگە دابڕین و ئەوە بسە لمێنن کە ڕۆمان پەیوەندی بە ژیانی واقیعییەوە نییەو گوزارشت لە کێشەو گرفتەکانی نێو کۆمەڵگە ناکات. ئەمان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە کارەکتەر بوونەوەرێکی زمانییە و باسی واقیعێک دەکات کە تە نها لەسە ر کاغەز بوونی هەیە)) (پ.ی.د. نەجم ئەڵوەنی ، ل96). هەروەها بیناتخوازەکانیش بەهەمان شێوە دەقی رۆمانیان لە گشت دەوروبەرە دەرەکییەکان دادەبڕی و وایان لەقە ڵەم دەدا کە رۆمان پە یوەست بە لایەنەکانی کۆمەڵگە نییە و (( رابە رە گە ورەکانی ئە م تیۆ رە دەقی رۆمانیان بەسە رخۆدا دادەخست و بەتووندی دژایەتی ئەوەیان دەکرد کە ڕەخنەگرێک بەدوای دۆزینەوەی پرد ی پە یوەند ی لە نێوان رۆمان و ژیانی واقیعیدا بگە ڕێت. بە لای ئەمانە وە ڕۆمان تە نها بەرهە مێکی زمانییە و گوزارشت لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان ناکات. لەبەر ئەمەش نابێت بۆ لێکدانە وەی جیهانی ناو ڕۆمان پە نا بۆ فاکتە رەکانی دەرەوەو و ئەو سەرچاوانە بەرین کە پەیوەندی بە ژیانی ئابوور ی و سیاسی ی ناو کۆمە ڵگە وە هە یە)) (پ.ی.د. نەجم ئەڵوەنی ، ل97). لەگە ڵ ئە و بۆچوونانەشدا کۆمە ڵناسی ی ئە دەب توانی رێچکە خ ۆی دابکوتێت و لەناو زانستەکاندا پێگە ی خۆی دیاری بکات و بە رچاوی هە بێت و کاریگە ری گە ورەی لەسە ر جیهانی رۆماندا دابنێت ، بەم پێیە کۆمەڵناسی رۆمان شیان و توانای ئەوە بۆ رەخنەگر و لێکۆڵەران دەخوڵقێنێ کە بەهۆی جیهانە بەرین و فراوانەکە ی رۆمانە وە ئاشنای کۆمە ڵگەیە کی دیاریکراو بن، لە هەمانکاتیشدا کێشەو گرفتە مرۆڤایەتییەکانی ئەو جیهانە دەست نیشان بکەن و لەو رێگەیەوە بەشدارییە کی کارا لە وشیاربوونەوەی مرۆڤ بکە ن، بۆیە کۆمەڵناسی رۆمان (( دەبێ وامان لێبکات مێژووی کۆمە ڵگەیە ك لەکۆمەڵگاکان بخوێنینەوە، نەك لە ئەدەبەکەیەوە، بەڵکو لەرێگای ئەدەبە وە، بە و واتایە ی لە رێگای ئە و ئاسە وارە ئەدەبییانە ی کە بەرهە می هێناوە )) (أ.د.محمد سعيد ، ص 58) و رەنگدانە وەی لایە ن و رەهەندە کانی ئە و کۆمەڵگەیە ی لە ماوەیە کی مێژوویی دیاریکراودا لە خۆگرتووە، لە م روانگەیە وە لەبەرامبەر زاراوەی کۆمەڵناسی ئەدەبدا، رووبەرووی زاراوەیەکی دیکەش دەبینە وە کە ئە ویش زاراوەی (کۆمەڵناسی بەهۆی رۆمانەوە)یە، کە ئەم چەمك و تێگەیشتن لە م زاراوەیە لە زاراوەی کۆمەڵناسی ئەدەب جیاوازە، چونکە زاراوەی کۆمەڵناسی ئەدەب زیاتر دەچێتە چوارچێوەی بازنەی ئەدەبیەوەو لەرێگای یاسا و رێسا ئە دەبییە کان و بەدیدێکی ئە دەبییانە وەە کۆمەڵگە و پەرەسە ندن و گۆڕانکارییە کانی شیدە کرێتەوە، بە ڵام زاراوەی کۆمەڵناسی بە هۆی رۆمانە وە زیاتر دە چێتە چوارچێوە ی بواری کۆمەڵناسییەوە و هەوڵدەدرێت بۆ سەلماندنی بۆچوون و تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان نموونە کانی ناو دە قی رۆمان بکرێتە بەڵگەو گەواهیدەر، وەکو ئەوەی کە زانایانی کۆمە ڵناس لە رێگە ی رۆمانە وە لێکۆڵینە وە لەسەر ئەوە بکەن کە چۆن مرۆڤ لە سەردەمێکی مێژووییەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت و سیما و خەسڵەتەکانی ئەو گۆڕانکارییانە چین؟(هەمان سەرچاوە، ص 101).

لەمبارەیەوەیەکێك لەو فەیلەسووفانەی هەولیدا لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی رۆمانە وە، پەیوەندییە کانی نێوان رۆمان و واقیعی کۆمە ڵگە ی مرۆڤایە تی دیاری بکات (کلۆد لیڤی شتراوس 1908-2009) بوو ، لەمەشدا لە پەیوەندییەکانی رۆمان و ئەفسانەی کۆڵییەوە.

رۆمان لە دیدگای (شتراوس ) ئاکارێکە بۆ شارستانییە تێك، کە یاسا و بۆشایی لۆژیکی تێدا نە بێت، بەشێوەیەك کە رۆمان لەهەوڵی ئەوەدایە ئەو شتانەی کە لەئەفسانە و داستانەکاندا هەبووە بەدەست بێنێتەوە، بۆ نموونە لەگێرانەوەی لێهاتوویی فلانە پاشادا، کارەکە دەوەستێتە سە ر چۆنییە تی گێرانە وەو وخودی گێرەرەوە، ئەگەر زمانی گێرانەوەکەی و داڕشتنەکەی بە توانا و بەهێز و رێکوپێك و باش بوو، ئە و دەبێتە نموونەیە ك شانازی پێوە دەکە ن. کەواتە دەتوانین بڵێین کۆمە ڵگای ئە مرۆ سیستە می دووبارەبوونەوەی لە ئەفسانە دەوێت لە زنجیرە لەیەکچووەکاندا کە دوانە ی چاکە و خراپە ی تێدایە و بەسەرکەوتنی چاکە کۆتایی دێت. کۆمە ڵگای ئە مڕۆ دیلی رووداوە کا نی مێژووە و ناهێڵی مرۆڤە کانی جارێکی دیکە سیستە می تە واوبوون بدۆزێتە وە. لێرە دا ئە وەمان بەدەست دە کە وێت کە بە ڕای (شتراوس) رۆمان پەیوەستە بە تاکە کانی ناو کۆمە ڵگە و چیرۆکێکی کە سی دە گێڕێتە وە کە بە دوا ی سیستەمێکی گونجاو لەگەڵ دەروونی خۆیدا دە گە ڕێت.ئە و سیستە مەش تە نیا لە رابردوودا هە یە ، کەواتە رۆمان کۆتایی پێ ناهێنرێ و ئەو کۆتایی پێ نە هاتنە ی رۆمانیش بێگومان مرۆڤ وە ردەگێرێ و دەگۆڕێت(مەجید عەبدولرەحمان، ل63-64). بەمشێوەیە رۆمان هەر لە سەردەمی سێرڤانتسەوە تا ئالان رۆپ گرێیە ئەفسانە وەکو هاوشانی مێژوو پیشان دەدات، نەك دژو پێچەوانە ی مێژوو بێت، رۆمانە کانی بالزاك بۆ نموونە پەیوەستە بە ئەفسانەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخەوە(هەمان سەرچاوە، ص 117).

لەلایەن خۆیەوە فەیلەسوفی ئەڵمانی (هیگڵ 1770-1831) لەروانگەی فەلسەفەی ئەڵمانیدا بایەخێکی زۆری بە پەیوەندییە کانی نێوان رۆمان و شیعر و داستان داوە (( ئەگە ر بگەڕێینە وە بۆ فە لسە فەی کلاسیکی ئە ڵمانی ، کە لە نێوان هە موو تیۆرەکانی بۆرجوازیدا ، پرسی رۆمان ئێجگار بە قووڵی و بەدروستی هێناوەتە ئاراوە، دژایە تی نێوان شیعر و رۆمان وە ك دەستپێك لە روانگە ی خۆی داناوە )) (حەسەن یوسف، 2012،ل18) ، کە بە بۆچوونی هیگڵ (( ئە م دژایەتییە بە هۆی ناکۆکی (پەخشانی ژیان ) لەگەڵ (شیعری دڵ) پێکهاتووە)) ( صیری حافظ،1983،ص77).بەپێی تیۆری هیگل بەهۆی ئە وەی کە مێژوو بە قۆناغ دەگوازرێتەوە لە نەستەوە بۆ هەست و لە هەستەوە بۆ زیاتر لە هەست، بەڵام کاتێك عەقڵی گشتگیر بەخودی خۆی وشیار دەبێتەوە زۆر ئاساییە، کە مرۆڤایەتی لە شیعرەوە بەرەو پەخشان بگوازێتەوە، بۆیە سروشتییە شیعر لە پێش پەخشان سەر هەڵبدات، چونکە هۆشیارییەکەی کەمترە، کە پێوانە ناکرێت. پەخشان هزرێکی وردە و قووڵاییەکی هەیە کە لەشیعردا بوونی نییە . لێرەشدا هیگڵ لەوناونانی داستانە نوێیەکانی وەکو ئەنیادەو کۆمیدیای خودایی .....تاد، بە داستانی دروستکراو دانا . دیارە ئەمانەش هەموویان داستانی شیعرین. ئەو داستانە دروستکراوانە لە هەوڵێکی بەردەوامی عەقڵ لە فۆرمێك لە فۆرمەکانی ئەدەب زیاتر نین، کە ئەو تەجاوزی پێکرد. لەمەوە رۆمان لە داستان دروست بوو، هەروەها پەخشان لە شیعر دروست بوو،

لە چوارچێوەی ئەم بیرۆبۆچوونانەوە (جۆرج لۆکاش 1885-1971) وەکو تیۆریستێکی رۆمان لە لایەکە وە کەوتە ژێر کاریگە ری بیرورایە کانی (شتراوس ) و لەلایە کی دیکەشە وە لە ژێر کاریگە ری بیرورایە کانی (هیگڵ)دا لە رۆمانی کۆڵییەوە.

(لۆكاش) جەخت لەسە ر ئە وە دەكاتە وە كە رۆمان ژانرێكی سە ربەخۆیە و لەهە ردوو رووی شێوە و ناوەرۆكەوە لە داستان جیا دەبێتەوە، ئەو جیاكردنەوەیەش لە دوو ئاستدا دەبێت، ئاستی یەكە م بریتییە لە پەیوەندی كاراكتە ر بە جیهانە وە، ئاستی دووەمیش پلە پلە كردن و پۆلینكردنی جیهان بە پێی قۆناغەكانی پێشكەوتنی(تەها ئەحمەد رسول، 2009،ل68-69).كاتێكیش لۆكاش رۆمان لە داستان جیا دەكاتەوە، مەسەلە تەنیا پەیوەست بە شیعر و پە خشان ناكات، بە ڵكو ئە م پرۆسە یە پەیوەستە بە وێنە ی زەینی جیهان، بە و واتایە ی مەسە لەی ریزبەندكردنی جیهانە بەشێوە یەكی ریزبەندییە كی ماددی، كە ریزبەندكردنی جیهانیش بە ماددییەت بێت، ئەوا بۆرژوازی بەتەنیا رووبەرووی جیهان دەبێتەوە بەبێ خواوەندێك، كە دژی بێت یاخود لەگەڵیدا بێت. بۆرژوازی وای دەبینی كە ئە و بەتە نیا رووبە رووی جیهان بۆتەوە، بەڵام لە لایەكی دیكەوە ئەوەش دەبینێ كە جیهان پشتی تێ ناكات . جیهان ئە گە ر دەستی لەوە هەڵگرت كاری تێدا بكات دە رووخێت . بۆیە وێناكردنی داستان بۆ جیهان وێناكردنێكی ئوروستوكراتی بوو، بە ڵام وێناكردنی رۆمان بۆ جیهان وێناكردنێكی بۆرژوازی بوو (حە ننا عەبود،2010،ل32).

دیارە دەبێ دان بەو راستییەدا بنێین كە تیۆری رۆمان، تیۆرێكی بەتەواوەتی ئەوروپییە ، بە و واتایە ی كە یەكەم بایەخدانێك بۆ دیاریكردنی تایبەتمەندی و سیماو خەسڵەتەكانی رۆمان و رەگاژۆ بوونی لە مێژوودا لە ئەوروپادا بووە، ئەم بیروبۆچوونانەش لە چەندین فەلسەفەو بیرۆبۆچوونی جیاجیادا هاتۆتە ئاراوە، كە دواجار بووەتە هۆكاری دەوڵەمەندبوونی تیۆری رۆمان . لە لای (لۆكاش ) تیۆری رۆمان لە دوو قۆناغدا دەبینرێتەوە، قۆناغی یەكەم لەرێگای كێبە بەناوبانگەكەی ( تیۆری رۆمان) كە لەساڵی (1914) نووسی و لەساڵی (1920) بڵاوكرایە وە، هە روەها كتێبی (مێژوو و وشیاری چینایە تی) كە لەساڵی ( 1923) بڵاوكرایەوە، كە دواتر لە بیرورایەكانی ئەو قۆناغە پاشگەز دەبێتەوە (فاید محمد، 2014، ص101).(لۆكاش ) لە پێشكەییەكدا كە لەساڵی (1963) كە بۆ چاپی نوێی كتێبە كە ی (تیۆری رۆمان ) نووسی، ئە وەی دەربڕی كە ئە و تیۆرە ی لە بارەی جۆرەكانی رۆمان گوزارشتی لێكراوە دەركە وت زۆر ئەبستراكت و گشتییە ، تیۆرێكە بەرهەمە كانی (بالزاك و فلۆبێر و تۆلستۆ و داستایوفسكی ) چەواشە دەكات و رۆماننوسانێكی وەكو ( دیڤۆ و فیلدنگ وستانداڵ) هیچ جێیە كیان لەوێدا نییە (جین پاركنسۆن، 2011، ل151). قۆناغی دووەمیشی لە بڵاوكردنەوەی راپۆرتێك لە بارەی رۆمانە وە دەست پێدە كات، كە دواتر بەناوی (رۆمان، داستانی بۆرژوازییە) لەساڵی (1935) بڵاوی كردەوە.

هەر چەندە لە كتێبەكەیدا (تیۆری رۆمان) (لۆكاش) لە حەوت بەشدا جەخت لەسەر بیرورایە كانی خۆی دەكاتەوە و ئاماژە بەوە دەكات كە رۆمان ئەو فۆرمە ئەدەبییە كە خاوەن زۆرترین دە لالەتە لە كۆمە ڵگای بۆرژوازی، هەر چەندە پێشتر ئاسەواری ئەدەبی دیكەش هەبووە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییانەی كە رۆمان هەیەتی وای كردووە ببێتە ئەو فۆرمە ی كە گوزارشت لە كۆمە ڵگای بۆرژوازی بكات، بۆیە رۆمان بە پێچەوانەی ژانرەكانی دیكە بووە بە فۆرمێكی نموونەیی بۆ بۆرژوازییەتی هاوچەرخ. سەرهەڵدانی رۆمان پەیوەندییەكی پتەو و راستەوخۆی بە و رۆشنبیری گێرانە وەی چاخە كانی ناوەڕاستدا هە یە ، ئەمە ش لەكاتێكدا كە ئەو رۆشنبیرییەی چاخی ناوەڕاست دووچاری دارووخانێك هاتەوەو زیاتر خەسڵەتە بازرگانی و بۆرژوازییەكان شوێنیان گرتنە وە، لە ئەنجامدا هێڵە گشتییە ئیستاتیكییە كانی رۆمان زیاتر لە گە ڵ فەلسەفەی كلاسیكی ئەڵمانیدا لێكۆڵینەوەی لەسەر كرا، بە مجۆرە خەسڵە تەكانی تیۆری رۆمان لە و ماوەیەدا دارێژرا و جێگە ی خۆی گرت .ئەمە ش ئە وە دەگەیە نێت كە پەرەسە ندنی چینی بۆرژوازی

تیۆرێکی تەواو و ڕێکخراوی لەبارەی ڕۆمانە وە پێشکە ش نە کردووە، بە ڵکو دیاریکردنی خە سڵە تەکانی ڕۆمان زیاتر پەیوەستبووە بە کلاسیکییەتی ئەڵمانی کە بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی بنەمادا مەسە لەی تیۆری ڕۆمانی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

هە ر لە م چوارچێوەیەشدا ( لۆسیان گۆڵدمان 1913-1970) بۆچوونە کانی لەمە ڕ کۆمەڵناسی ڕۆمان دەخاتە ڕوو و جە خت لەسە ر ڕۆڵی ڕۆمان لە هۆشیاری تاکە کانی ناو کۆمە ڵگە دەکاتە وە. لە م بۆچوونانەشیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بۆچوون و تیۆرە کانی نووسە رانی دیکە وەوە. لە م ڕووەوە لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی (لۆکاش)دا ئەگە ر چی لە هەندێك شوێن رە خنە ی لێدە گرێت و لێی جیاواز دەبێتەوە، بەڵام لەژێر بۆچوونەکانی (لۆکاش)دا درێژە ی بە کارەکانی دا، بە و واتایە کی دیکە دەتوانین بڵێین بیروڕایەکانی (لۆکاش)ی ڕاست کردۆتەوەو بەرەو پێشی بردووە. هە روەها کەوتۆتە ژێر کاریگە ری ماددیبەتی مێژوویی (مارکس )ەوە و هە وڵی داوە ڕەهەندە سیاسی و کۆمە ڵایەتییە کانی بەرهە می نووسەران لە ژێر ڕووناکی ئەم تیۆرەوە شی بکاتەوە. جیا لە مانە ش (گۆڵدمان ) کەوتۆتە ژێر کاریگە ری بیروڕایەکانی (هیگڵ)ەوە، ئەگەرچی لە واتاو فۆرمی دیالێکتیکی لێی جیا دەبێتەوە.

گۆڵدمان لە کتێبەکەیدا ( پێشە کییەك بۆ سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان ) کە لەساڵی (1964) بڵاویکردە وە، ئاماژەی بە بۆچوونەکانی (لۆکاش و ژیرار) دەکات و سەرەڕای ڕوونکردنەوەی جیاوازی لە بۆچوونە کانیان، خاڵە هاوبەشی و جەوهەرییەکانی نێوانیان پیشان دەدات کە وای دەبینن ((ڕۆمان بە و پێیە ی مێژووی بەدواگەڕانێکی ئاست نزمە بۆ بەهای ڕەسەن لە جیهانێکی بێ بە هادا، لەهەمەمانکاتیشدا ژیاننامە و مێژووی کۆمەڵایەتییە. ڕووداوی سەرەکی و گرنگیش بەتایبەتی ئەوەیە کە بارودۆخی نووسەر سەبارەت بەو جیهانەی کە لە ڕۆمانەکەی دایهێناوە، لە بارودۆخی جیهانی گشت فۆرمە کانی دیکە ی ئە دەبی جیاوازە، ژیرار ئەو بارودۆخە بە (گاڵتەو پێکە نین) ناوزە د دەکات، بە ڵام لۆکاش بە (تە نز) ناوی دە بات، هەردووکیشیان لەسەر ئەوە ڕێککە وتوون کە پێویستە ڕۆماننوس وشیاری پاڵە وانە کانی تێپە ڕێنێت))( لوسیان غولدمان،ص18).بەم پێیەش ڕۆمان دەبێتە گێڕانەوەی ژیاننامەو مێژووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە سەردەمێکی دیاریکراودا کە ڕەنگدانە وەی گشت ڕە گە زەکانی ئە و سە ردەمەی لەسە ر دەبێت . بۆیە ڕۆمان ((بەو مانایەی کە لۆکاش و ژیرارد بەدەستەوەیان داوە، وا پێدەچێت جۆرێکی ئەدەبی بن کە تێیدا ناکرێت بەهای ڕەسەن لە داهێنەردا لەڕێگای کارەکتەرە وشیارەکان و ڕووداوەکانە وە ئامادە یی هە بێت، ئەو بەهایانە تەنیا لەشێوەی ڕووت و وێناکراو لە وشیاری ڕۆماننووسدا بوونی هە یە کە سروشتێکی ئاکاری وەردەگرێت)) )(لوسیان غولدمان، ص 20)،بە و واتایە ی کێشە ی ڕۆمان لە وەدایە کە وشیاری ڕۆماننوس بەشێوەیەکی ڕووتی و ئاکارییەوە ، بکەینە ڕەگەزی جەوهەری داهێنەر، بۆ ئە وەی ڕۆمان لە چوارچێوەی ژیاننامە و مێژووی کۆمەڵایەتی بخرێتە ناو چوارچێوە ئیستاتیکەیەوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە (میخائیل باختین1895-1975) دوای ئەوەی پەردە لەسەر بەرهەمە کانی لابردرا و بڵاوکرایەوە، تیۆرییەکەی لەبارەی ڕۆمانەوە ئاشکرابوو. لەم ڕووەوە بەیە کێك لە کاریگە رترین دارێژەرانی تیۆری ئەدەبی دادەنرێت لەسەدەی بیستەمدا. (باختین) لە تیۆرەکەیدا لەبارەی ڕۆمانە وە، هە ر چەندە لەگەڵێك لایەنەوە پێچەوانەی تیۆرەکەی (هیگڵ و جۆرج لۆکاش و لۆسیان گۆڵدەمان) کەوتەوە، بەڵام لە هەندێك ڕووە وە خاڵی هاوبە ش و نزیکایە تی لە نێوان بیروڕایە کانیان بە دی دەکرێت، ئە مە ئە وە دەگەیەنێت کە ئەگەر چی جیاوازی لەنێوان بیروڕایەکانیاندا هە یە ، بە ڵام لەگە ڵ ئەوەشدا ڕوانگە کانی (باختین و گۆڵدمان) یە کتری تە واو دەکە ن ((ڕوانگە ی گۆڵدمان لە مە ڕ پووکانە وەی تاك و قارە مان لە

رۆماندا و روانگەی باختین لە مەڕ توانە وەی سوپژکتیڤیتە لە دوو چەشنی و فرە دەنگیدا ، دوو لایە نی یەك دیاردەن)) (تیۆدۆر ئەدۆرنۆ، ل 162).بەمشێوەیە ئەم دوو روانگەیە تەواوکەری یەکترن و ئاوێتەکردنیان لە گەشەی کۆمەڵناسی رۆماندا پێشکەوتنێکی گرنگ دە ستە بەر دەکات . لەکاتێکدا لایە نی جیاوازی نێوانیان ئەوە بوو کە (باختین ) پشت بە ستن بە و نە ریت و ورووژاندنانە ی ئە دەبی کە پەیوەندن بە ململانێی چینایەتی و ماددییەتی مێژووییە وە، گەیشتە ئە و ڕاوبۆچوونە ی کە هیچ پە یوندییە ك وەکو بنەمایەکی سەرەکی پشتی ببەسترێت لە نێوان داستان و رۆمان لەلایەك و لەنێوان بۆرژوازییەت و رۆمان لەلایە کی دیکە وە نییە . (باختین ) پێیوایە جیاوازی هە یە لە نێوان رۆمان و داستان، چونکە داستان مێژوویەکی کۆنی هەیە و کاریگەری لەسەر بابەتەکانی شانۆ و شیعری لیریکی هەبووە، بەو واتایەی کە داستان جۆرێکی سەربەخۆی ئەدەبی بووە ، بە ڵام رۆمان لە و سە ردەمەدا جۆرێکی ئە دەبی نە بووە. هەروەها سیماو خە سڵە تەکانی داستان چە سپاون و نە گۆڕن، بە ڵام خەسڵە ت و سیمای تایبە تی ونەگۆڕ و چەسپاو لە رۆماندا بەدی ناکرێت، چونکە داستان جیهانێکی دروستکراوە و رۆمان جیهانێکە بەردەوام دروست دەکرێت و بنیاد دەنرێتەوە، بۆیە داستان تەواوکراوە، بەڵام رۆمان پرۆژەیەکی کراوەیە و شیانی پێشکەوتنەو پەرەپێدانە و شایەنی داخراوبوون نییە. هەروەها لە داستاندا یەك وێناو بینین هەیە بۆ جیهان، بەڵام لە رۆماندا یەك وێناو بینین بۆ جیهان نییە، بەڵکو رۆمان فرە وێناو بینینە. کارەکتە رەکانی داستان، کارەکتەری جێگیر و نەگۆڕن، بەڵام رۆمان جیهانی کارەکتە رە گۆڕاوەکانە (حە ننا عە بود، ل42-45).

هەروەها لەلایەن خۆیە وە (بیار ف .زیما ) لە چوارچێوەی زمانەوانییە وە هەوڵیداوە پەیوەندی رۆمان ب ە واقیعی کۆمەڵگە شیبکاتەوە، لەمبارەیەوە پێیوایە ئەوانە ی لە چوارچێوەی ئە وەی کە دەق بەڵگەیە کی تەواوە، شیکار و راڤەکاری بۆ رۆمان دەکەن، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ فەرامۆش دەکە ن ئە ویش ئەوەیە کە تا چ ئاستێك دلالەت و گێرانەوە رووداوی کۆمەڵایەتی لە رۆماندا پێکدەهێنن. لەهەمانکاتیشدا ئەوەش پشتگوێ دە خە ن کە تا چ رادە یە ك دەقی رۆمان پە یوەستە بە بنیادی زمانە وانی کۆمەڵایە تی لە سەردەمێکی دیاریکراودا، چونکە لێرەدا مارکسییەکان زیاتر بایەخ بە ناوە رۆکی رۆمان دە دەن، لەکاتێکدا بەشێك لە رەخنە گر و لێکۆڵە ران بایە خ بە فۆرمی رۆمان دە دەن، لە م ناوەشدا بیروڕای سێیە میش هاتۆتە ئاراوە کە بەشێکن لە قوتابخانە ی سیمالۆژی هاوچە رخ کە پێیان وایە ناوە رۆك فۆرم بەمجۆرە شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ رۆمان، بەو واتای شیکردنەوەی رۆمان وەکو ممارسەیەکی .خۆیەتی زمانەوانی کە لەناو زماندا وەکو دلالەتێك ئاراستەکراوە، لە شیکردنە وەی کۆمەڵایە تی بۆ رۆمان جیاواز دەکەوێتەوە، بەو پێیە ی کە شیکردنە وەی کۆمەڵایە تی رۆمان لە دەروبە رو بارودۆخی کۆمە ڵایە تی و مێژوویی دەقی رۆمان دەکۆڵێتەوە، لەکاتێکدا شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ رۆمان هەوڵدەدات لە بارودۆخی بەرهەمهێنانی رۆمان بکۆڵێتەوەو چرکەساتەکانی بەرهەمهێنانی رۆمان بەو پێیەی کە مومارەسە یەکی زمانەوانییە دیارییکات . لەهەمانکاتیشدا پە نجە بخاتە سە ر کێشە و گرفتە کانی نووسینیش، چونکە هەڵبژاردنی شێوازی نووسین پەیوەست و گونجاوە لەگە ڵ واقیعی کۆمە ڵایە تی و بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەو زمانەی کە بەرهەمی رۆمانەکەی پێ دەنووسرێتەوە.

لەمبارەیەوە (بیار ف.زیما ) پێیوایە کە کۆمەڵناسی رۆمان لە دوو گریمانە ی سە رەکییەوە پێکدێت کە تەواوکە ری یەکدین، یە کە میان جە خت لەسە ر تاکایە تی دەکاتە وەو بەشێوە یەك کە چارەنووسی تاکایەتی لە نێو بەرهەمەکە دا رەنگدەداتە وە. دووەمیشیان جە خت لەسە ر ئە وە دەکاتە وە کە رۆمان

دەڤۆێکی واقیعییە و هەموو ئاراستە زانستییەکان و ئەو ماددییەتە چینایەتییەی کە وێنای دە کات، لە خۆ دەگرێت، ئەمە سەرەڕای شیکردنەوەو راڤەکردنی ئەو یاسایانەی کە واقیعی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبەن. بۆیە رۆمان لەو چەند دەیەی دواییدا وای لێهاتووە بۆ هەموو چین و توێژێك دەنووسرێت و گشت رە گە زو تەمەنێك دەگرێتەوە، چونکە تاکایەتی و واقیعییەت تەواوکە ری یەکدین و خاڵی هاوبە شی نێوانیشیان جیهانبینییە (أ.د. محمد سعید،ص 48-57).

تەوەری دووەم

بەرجەستەکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

کۆمەڵگەی کوردی لەژێر کاریگەری چەندین هۆکاری رامیاری و کۆمەڵایەتی و مێژوویدا، خاوەنی کولتور و داب و نەریتی خۆیەتی، کە بەدێژایی رۆژگار و بەپێی گۆرانکارییەکانەوە ژیانی لەسە ر بە ردەوام کردو وە، لەهەمانکاتیشدا دووچاری چەندین کێشە و گیروگرفت بووە . ئە م بارودۆخە کۆمەڵایەتییەشی لە ناو هۆنراوە و داستان و چیرۆك و رۆماندا رەنگیان داوەتەوە. (( رەنگدانەوەی ئەو بابەتانەش لە دنیای ئەدەبدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەدەبی بەر لەوەی نووسە ر بێت مرۆڤە و بونە وەرێکی کۆمەڵایەتییە . جا هە ر کێشەیەکی کۆمەڵگا کێشە ی ئەمیشە . هۆکاری دە ست لە سە ر دانانی نووسە رانیش لەسە ر ئە م بابەتانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بیانەوێت کۆمەڵگایەکی نموونەیی دوور لەو گرفتانە بخوڵقێنن، هە میش بتوانن کۆمەڵگا بۆ رێگای راست و تەندروست ئاڕاستە بکەن)) (کانیاو رەحمان، 2015، ل 117)، ئەمەش لە ڕێگای ئەو دەقانە ی کە لە و ماوەیە دا نووسیویانە بە رچاو دەکە وێت، کە توانیویانە رووداو و بابەتە کۆمەڵایەتییە کان لە ناو رووادوەکانی رۆمانە کانیان جێ بکە نە وە و کولتووری و داب و نە ریت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان شەن و کەو بکەن و بەهۆیەشەوە کاریگەری ئەو کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە لەسە ر کارەکتە ر روون بکەنە وە و ئاستی کۆمە ڵایە تی و دەروونی کارە کتە رەکان بە دیار بخە ن. ئێمە لێرە دا هەندێك لەو بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییانە باس دەکەین کە لەناو رۆمانەکاندا بەرچاو دەکەون:

ــ نەخوێندەواری:

نەخوێندەواری لەمپەرێکی گەورەی بەردەم پێشکە وتنی کۆمەڵگەیە ، چونکە کۆمەڵگە ی نەخوێندە وار، کۆمەڵگەیە کی داخراو و ناهۆشیارە و توانای جووڵان و گۆرانکاری و پە رەسە ندنی نییە . پە تای نەخوێندە واری راستە وخۆ کاریگەرییە کی نە رێنی لەسە ر گەشەسە ندنی لایە ن و رەهەندە کانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵگە دادەنێت و هەرگیز رێگای ئەوە نادات ئەو بوارانە بە شێوازە سروشتییەکەی خۆیان بەرەو پێشەوە بچن و گۆرانکاری لە هزر و بۆچوونی تاکە کانی کۆمەڵگە بکە ن. بۆیە لە زۆرێك لە وڵاتان بە رنامە و پلان و بودجە ی پێویست و قە بە تە رخان دەکرێت بۆ گژداچوونە وەی نەخوێندە واری و دروستکردنی کۆمە ڵگەیە کی خوێندە واری تەندروست، یە کێك لە م رێگایانەی کە وەکو هۆشیارییە ك و بەگژداچوونەوەیەکە بۆ ئە و پەتایە ئەدەبە و لەناوییشدا رۆمان ئە و پانتاییە فراوانەیە کە دەکرێت کاری رووبەرووبوونەوەی نەخوێندەواری تێدا بکرێت و خوێنەرانی لەمبارەیەوە وشیار بکرێنەوە.

لەمبارەیەوەلە رۆمانی (**ژانی گە ل**)ی (**ئیبراهیم ئە حمە د**)دا نەخوێندە واری لەلایەکە وە وەکو دیاردەیەکی نەخوازراو و نەرێنی سە یر کراوە و لە رەوتی رووداوەکاندا وە کو خە وشێك بۆ کارە کتەرەکە وێناکراوە. ئەوەتا کاتێك (جوامێر) باسی ژیانی تایبەتی (لاوە) دەکات، وە کو ئاماژە یە ك بۆ شکاندنە وەی ئەو ئافرەتەی کە دایکی بۆی خواستووە و بووەتە هاوسەری، باس لە نەخوێندە واربوونی دەکات، وە کو ئەوەی کە خەوشێکی گەورەیەو لەرووی کۆمەڵایەتییە وە بووەتە جێگە ی تانە و تەشە ر ((**تۆ خۆشت دڵت چووبێت بەکچێکی تایبەتیدا و بە هیوای هێنانی بیت . کە چی بچیت لە سە ر قسە ی**

**دایکت کچێکی ناشیرینی نەخوێندەواری لەخۆت چەند ساڵ گەورەتر بهێنێت ئەم چییە کچی خاڵتە!**)) (ژانی گەل ل55).ئەم جۆرە ێڕوانینە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئیدی مە سە لەی نەخوێندە واری لەناو کۆمەڵگەدا بووە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بە چاوێکی نە رێنی سە یرکراوەو وەکو پە ڵەیە ك بۆ کەسایەتییەکە هاتۆتە ژماردن.

لەلایەکی دیکەشەوە وەکو بەرهەمی عەقڵییەی دەسەڵاتدار کە هەمیشە هە وڵ دەدات کەسانێکی نەخوێندەوار بکاتە بەرپرس و نازو نیعمە تی بەسە ردا ببارێت، بێگومان دە سە ڵاتی دیکتاتۆر هە میشە سوود لە کەسانی نە خوێندە وار و یاخود ئە و کەسانە ی ئاستێکی نزمی نە خوێندە وارییان هەیە ، وەردەگرێت و بە پارە و پۆست دەستەمۆیان دەکات و کارە ڤێزەونە کانیان لە دژی هاوڵاتیی پێ ئە نجام دەدات. لەدیمەنێکدا رۆماننوس پەنچە لەسەر ئەو دیاردەیە دادەنێت کاتێك (جوامێر) لەدوای ئازادبوونی لە زینداندا سەردانی خزم و کەسوکارەکانی دەکات، روو لە ماڵە خاڵۆزایە کی باوکی دە کات، کابرا خۆی لەماڵەوە نەبوو، کاتێکیش هەواڵی مێردەکەی لە ژنەکەی پرسی کە لەکوێیە و چی دەکات بەمشێوە یە هاتە ئاخافتن: (( **ژنەکە بەلووت بەرزییەکەوە وتی:**

**ـ مەئموورە، لەدایەرەیە؟**

**جوامێر بە حەپەسانێکەوە پرسی:**

**ـ مەئموور؟**

**ـ بەڵێ مەئموور! چی تیایە! ئەوانە ی بوون بە مە ئموور چییان لە و زیاترە ، ئە رێ وەڵڵا ، لەسایەی خوا و حکومەتەوە مودیری بانقیشە.**

**ــ مودیری بانق؟ سەیرە! مەجیدی خاڵۆزام خوێندنی سە رەتایی تە واو نە کردووە، چۆن مودیری بانقە**)) (ژانی گەل ل128).لەم دەمەتەقێیەدا رۆماننوس هەوڵی داوە سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەکەی بخاتە گەنگەشەکردنەوەو ئەوە روون بکاتەوە کە دەسەڵات هەمیشە بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ کەسانی نەخوێندەوار دەبات و جومگەکانی کاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان دەخاتە ئەستۆیان، بێگومان لە حاڵەتێکی وادا بەڕێوەبردن و یاسا و دادپەروەری نامێنێت و گەندەڵی تەشەنە دەکات، ئەمە ش لەبە ر ئەوەیە کە کەسانی نە خوێندە واری بە ئاسانی دە ستە مۆ دەکرێن و خۆیان بە لەزەتە کانی ژیان دەفرۆشن، کەچی کەسانی خوێندە وار و رۆشنبیر هە رگیز سە ر بۆ لایە نە ماددییەکە شۆر ناکە ن و هەمیشە بەوشیارییەوە بەرەی گەل هەڵدەبژێرن، خۆ ئە گە ر ئە وانیش بە دوای پارە و پۆست کە وتن، ئەوکات ئەوانیش لەبەری گەل و رۆشنبیران دێنە دەرەوەو دەچنە بەرەی نەخوێندەواران.

لەرۆمانی (**هەرەس**)ی (**محەمەد موکری**)دا نەخوێندەواری وەکو دەردێکی گەورەی کۆمەڵگە پیشان دراوەو رۆماننوس بۆ شیکردنەوەی‌لایەن ورەهەندە کانی کارەکتە رەکان بە کاری هێناوە ، هە روەها رۆڵ و پێگە ی ئە و نەخوێندەوارییە لە چارەنووسی کۆمە ڵگە و هە وڵ وبزاڤ و شۆرشە کانیدا خراوەتەڕوو. لە باسکردنی (حەمە)ی کارەکتەردا ئاماژە بەوە دەکات کە نەخوێندەواری رێگر نییە لە شۆرش و راپەڕیندا، بەڵام شۆرش و راپەڕین هەر رووخاندن نییە، بەڵکو دروستکردنەوەشە، ئەم دروستکردنە وەیە پێویستی بە خوێندن و زانین هەیە، لە م رووەوەش (حەمە ) وەکو گلە یی کردنێك لە خۆی ئاماژە بەنەخوێندە وار بوونی خۆی دەکات (( **چەندیان پێ وتم لەلای مەلا رەشید بخوێنە با سەوادادار بی و فێر بی!!**

**کەچی بەقسەی کەسم نەکرد، هەر خەریکی قیتە قیت بووم ، دەنا ئێستا منیش هەندێکم دەزانی و هەندێ تێدەگەیشتم........ ئەگەر چی میرزا دەیفەرموو: (ــ کوڕینە، نەخوێندەوار، بێ سەواد، دەزانێ بروخێنێ لەهەموو کات و سەردەمێکدا دەتوانی بەشداری ئەم کارەی ئێمە بکات... بەڵام کاری ــ ئێمە ش ـ تا سەر! هەر ڕووخاندن نی یە ، گەرچی ئێستاکێ روخاندن سەرەکی یە... بەڵام دەبێ بزانین: ڕوخاندن لە پێناوی بناغە دروست کردندایە .. جا ئێوە بڵێن: چ بێ سەوادێ دەتوانێ دروست بکات؟** )) (هەرەس ل45)، لێرەشدا کاریگەری نەخوێندەواری لەسەر هەوڵی پێگەیاندن و بنیادنانی کۆمەڵگە، بەتایبەتیش کۆمەڵگەیەك کە لەحاڵەتی شۆڕش و گۆڕانکاری دایە،بەدیار دەکەوێت. سەرەڕای ئەوەش کارەکتەرێکی ڕۆشنبیری وەکو (میرزا) وێنا کراوە ، کە زیاتر کاریگەرییەکانی نەخوێندەواری لەسەر شۆڕش و کرداری خەبات و تێکۆشان بەدیارخستووە، لەهەمانکاتیشدا ئەوەی روونکردۆتەوە کە شۆڕش پێویستی بە کەسانێکی خوێندەوارە بۆ دووبارە دروستکردنەوە، چونکە ئەوەش ئەرکێکی گرنگی شۆڕشە . لەگەڵ ئەوەی کە (حەمە )ی کارەکتەر نەخوێندەواریش بوو، بەڵام بەهۆی ئەزموونەکانی ژیانەوە توانای لێکدانەوەی بارودۆخەکەی هەبوو و لێی تێدەگەیشت و تارادەیەك سەردەرەی لە شتەکان دەکرد، بەڵام ئەو نەخوێندەوارییەی کە مەبەستە چوارچێوەی گشتییەکەی کە بەهۆیەوە کەسێکی ڕۆشنبیر و هۆشیاری لێ دەکەوێتەوە. لێرەدا دەکرێت بڵێین (حەمە )ی کارەکتەر لەڕووی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە هۆشیار بووە و تێگەیشتووە ، بەڵام لەناو بازنە فراوانە ڕۆشنبیرییەکەوە، بەهۆی نەخوێندەوارییەوە توانای سنووردار بووە،لەدیمەنێکی دیکەدا ئاستی خوێندەواری (خەجێ)ی کارەکتەر بەدیاردەخرێت، بەتایبەتیش کە دوای جێهێشتنی (ئەحمەد)ی کوڕی و چوونە ناو پێشمەرگەوە، ئیدی ئەو ژیانە تەنیایەی خۆی بۆ فێربوون و رزگاربوون لەنەخوێندەواری تەرخان کردووە (( **ئاخ کە ئێستا نازانێ لەوەتەی چووەتە (دەرێ) چەندم هەوڵداوە خۆ فێرکەم، چەند شەو و ڕۆژم داوەتە دەم یەکەوە، گەشەم بە کوێرە خوێندەوارییەکەم داوە. نازانێ هەر خۆم، بێ یارمەتی چ کەسێ، بە یاننامە و جەریدەکانم دەخوێندەوە**)) (هەرەس ل392).ئەم هەوڵەی کە (خەجێ)داویەتی بۆ ئەوەی لە نەخوێندەواری رزگار بێت ، خودی و تاکەکەسییەو بێ یارمەتی هیچ کەسێك، یان دامودەزگایەکی فەرمی حکومی بێت، خۆی خۆی فێرکردووە و بەهەوڵ و ماندوبوونەکانی خۆیەوە لەنەخوێندەواری چوتە دنیای خوێندەوارانەوە. کة دیارة ئةمةش لة ئةنجامی هؤشیاري تاکةکةسییةوة سەرچاوەی گرتووە ، بێگومان ئەو کارەکتەرە هەندێکی بەرزی هۆشیاری هەبووە، لەبەر ئەوەی بەهەوڵی تاکەکەسی خۆی لەنەخوێندەواری رزگاری بووە، کە ئەمەش شەونخونی و ماندووبوونێکی زۆری هزری و جەستەیی دەوێت. لەدیمەنێکی دیکەدا رۆماننوس ئاماژە بە خانەوادەی (نەسرین) دەدات و نەخوێندەواری باوکی وەکو هۆکارێك بۆ بێ تاوانی بەکاردەهێنێت، ئەمەشلەدیارکردنی ئەو نەخوێندەوارییەی باوکی نەسرینەوە کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراوەو بەوپەڕی بێ بەزەییەوە ئازار وئەشکەنجە دراوە بەدیار دەکەوێت (( **ئەوی بەو باوکە نەخوێندەوار و بەستەزمانەی دەکەن مەگەر هەر لەدەستی (ئەوان)دا بێت ئیفلیج دەبێ.**)) (هەرەس ل200).لێرەدا زیاتر بەمەبەستی وروژاندنی هەست ونەستەکانی خوێنەرە و دیارخستنی رادەی بێ تاوانی باوکییەتی. هەر بۆ دەربازبوون لە و تاریکی و دیکتاتۆرییەتەیە کە هیچ بەزەییەکی بە کەسێکی نەخوێندەواری بەستەزمان نایەتەوە، (نەسرین) پەیوەندی بەشۆڕش دەکات و لەوێش جیا لە ئەرکی پێشمەرگایەتی، ئەرکی فێرکردن و پێگەیاندنی کەسانی نەخوێندەواریش لە ئەستۆ دەگرێت. ئەوەتا لەدیمەنێکدا کارەکتەرێکی وەکو (عەلی بابە زادە) بەو تەمەنە زۆرەیەوە فێری

خوێندن و نووسین دە کات و لە تاریکیی نە خوێندە واری رزگاری دە کات **(( لە م ماوەیە دا بە هۆی نەسرینەوە فێری خوێندەواری بوو، زیرەکی یەکی ئەو تۆی نواند کەم کە س لە و تەمەنە دا پێی دەکرێ، بە چەند مانگێك ئاستی خوێندەوارییەکەی بگەیەنێت ڕادەیێك، بێ یارمە تی چ خوێنەوارێك نامە بخوێنێتەوە ، نامە بنووسێ، هەر کەفێری خوێنەواری بوو قسە یێکی ئە و تۆی کرد، هە ر هە موو پێشمە رگەکانی حەپەساند : شۆڕش وادە بێ، شۆڕش یانی فێرکردنی خە ڵك و هاندانیان، کە بە رەو چاکە هە نگاو بنێن و لە خراپە دوور کەونە وە))** (هە رەس ل502).لێرەشدا ئاماژە بەیە کێك لە خەسڵە تەکانی ئە و شۆڕشە ی دوای هەڕەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوولەوە باس دەکات، کەجگە لە کاری پێشمە رگایەتی و خە بات و تێکۆشانی چە کداری، خەبات وتێکۆشانی رۆشنبیری و پەروەردەییشی لە ئەستۆ گرتبوو، ئەمەش خاڵی جیاکە رەوەی بوو لە شۆڕشی ئەیلوول، کەلەلایەن رۆماننوسەوە یەکێك لەهۆکارەکانی هەرەسهێنانە کەی بەنەخوێندە واری کادیر وبەرپرسەکانییەوە دیاریکرابوو. ئەمەش کارەساتێکە بۆ خۆی، کە بەرپرسیارەتی شۆڕش لەدەست کەسانی نەخوێندەوار بن، دیارە ئەمەش هۆکارێکی کاریگە ری شۆڕشە کە بووە . لەدیمە نێکی دیکە دا لە زاری کوردێکی سنە ییەوە ئاماژە بە وە دەکرێت کە نەخوێندە واری بەرێژەیە کی زۆر لە رۆژهە ڵاتی کوردستان لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا بڵاوبوویتە وە، ئە و کەسە وەکو ئامۆژگارییە ك کە پێشکەشی (ئەحمە د) دەکات بە و سیفە تەی پێشمە رگەی شۆڕش بووە ، بۆ ئە وەی پشت بە (شا )ی ئێران نەبەستن، چونکە ئە و مافی کوردە کانی خۆی نادات، چۆن پشتگیری کوردی عێراق دە کات تا بە مافەکانیان بگەن ، بۆیە پێی دەڵێت: **(( برا ئەوا ئێمە زۆربەی هەرە زۆرمان نەخوێنەوار و کلۆڵین، ئێوە هەندێ باشترن، مەردی خوا بن .. پیاوی چاك بن... تا.. کار لە کار نە ترازاوە))** (هە رەس ل2017).لێرە دا ئە وە بە دیار دەکە وێت کە نەخوێندە واری بەڵایە کی گە ورە و کۆسپ و تە گەرەیەکە لەبەردەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە وە، بۆیە جیا لە وەی کە شۆڕش و راپە ڕینی چەکداری ئە م .پێویستە، بەهەمان ئەندازە شۆڕش و راپەڕین بۆ رزگاربوون لە دەست نە خوێندە واریش پێویستە جەخت کردنەوەیەش لەسەر نەخوێندەواری لەلایەن رۆماننوسە وە بۆ دەرخستنی قە وارەی ئە و کارە ترسناکەیە کە رووبەرووی تاك و کۆمەڵگەی کوردی بوێتەوە، لەهەمانکاتیشدا دەسەڵات سوود لێی زۆری لە بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری وەرگرتووە، بەو پێیەی کەسانێکی ناهۆشیار و نارۆشنبیری لێدەکەوێتەوە کە بەئاسانی دەتوانرێ دەستەمۆ بکرێن، لەهەمانکاتیشدا رۆماننوس ئاماژە ی بەهەوڵەکانی شۆڕش داوە کە لەم بوارەدا جگە لە خەبات و تێکۆشان، ئەرکی خوێندەوارکردنی ئەندام و لایەنگرانی شۆڕشیشی لە ئەستۆ گرتووە ، ئەگە ر چ ی هەوڵەکە سنووردارە و بڕێ جاریش هە وڵێکی تاکە کەسیی، بە ڵام کاریگەری خۆی هەبووە لەناو شۆڕشدا.

لەرۆمانی (**توانەوە**)ی (**غەفور ساڵح عە بدوڵڵا** )دا لەچەند دیمە نێکدا ئاماژە بە نەخوێندە واری و ئاسەوارەکانی کراوە و رۆڵی نەرێنی لە ژیاندا خراوەتە ڕوو، ئە وەتا لە دیمەنێکدا کاتێك (هە تاو) بەهە ر رێگەیەك بێت، دەتوانێت مووچە یە کی خانەنشینی بۆ مێردە کوژراوەکە ی دابین بکات، ئە مە دەبێتە جێگەی چاوتێبڕینی خەڵکی و تیروتوانجەوە، لەو رێگەیەشەوە ئاماژە بە نیمچە خوێندەواری ئەو دەکرێت و نەخوێندە واری خە ڵك و دەروبەرەکەشی روون دە بێتە وە **(( کچێ، دایکم بۆ خۆیشی تڕە خوێندەواریە کی هەیە و چاوکراوەیە و دانامێنێ، ئە ی وەکو ئێمە مانانە ، دەك عومرمان نەمێنێ))** (توانەوە ل205).لێرەدا لەرێگەی بەراوردکردنە وە نەخوێندە واری ئە و خەڵکانە ی کە باسی (هەتاو) دەکەن بەدیار دەکەوێت، کاتێك خۆیان لەگەڵ ئەوەدا بەراورد دەکەن و پێیان وایە ئەو بەهۆی ئە و

نیمچە خوێندەوارییەی کە هەیەتی توانیویەتی ژیان و گوزەرانی خۆی باشتر بکات. سەرەڕای ئەوەی کە مێردە کوژراوەکەشی خوێندەوارییەکی کەمی هەبووە، کاتێك کە (هەتاو)یان بەزۆرەملێ پێی داوە، ئەوەتا رووداوی ئەو شووکردنە کاتێك دێتە بە رباس، لەلاکەن دایکییە وە هاندراوە کە شووی پێبکات و لە وێوە رادەی خوێندەواری (سەردار)ی مێردی ئاماژەی بۆ دەکرێت (( **خۆ سەردار ئەگە ر کە می خوێندوە ، بە ڵام ئە وەتا ئەلحە میلا هە موو رۆژێ کۆڵێ پارە ئەهێنێتە وە**)) (توانە وە ل272).لێرەشدا نەخوێندەوارییەکە، یاخود کەمی خوێندەواریی بەهەند هەڵنەگیراوە، بە ڵکو مەسە لەی پارە و ماددە بە گرینگ زانراوە و ئە وە کارە لەبە ر چاو گیراوە . ئەمە ش رادەی تێگەیشتنی کۆمە ڵگە لە خوێندن و خوێندەواربوون دەگەیەنێت.

لەرۆمانی (**هەڵکشان بەرەو لوتکە**)ی (**عەبدوڵڵا سەڕاج**)دا نەخوێندەواری وەکو دیاردەیەکی نەرێنی ناو کۆمەڵگە پیشان دراوەو بەهۆیەوە بەشداری لە ڕەوتی رووداوەکان کردووە، لەهەمانکاتیشدا بەشێك لە لایە ن و رەهەندە کانی کەسایە تی کارەکتەرەکانیشی روون کردۆتە وەو بەهۆیە وە ئاشنای هەڵسوکەوتی و رەفتارەکانیان دەبین. لەدیمەنێکدا لە گفتوگۆیەکی نێوان (سالار و نەخشین )دا ئاماژە بە مەسەلەی نەخوێندەواری کراوە، بەتایبەتیش کاتێك باس لە ژن گواستنەوەی (نوورە کەچەڵ) دەکەن، پاش ئە وەی کە ژنی یە کە می کۆچی دوایی دە کات، کە ئەمە ش بە لای (نەخشین )ەوە کارێکی ناپەسەندە، بەڵام بەلای (سالار)ەوە کە مامۆستایە ، بەشێکە لەسەربەستی کە سی و نابێ کە س خۆی تێکەڵ بکات (( **ـ خۆ دەڵێ : کۆڵانە هەریەکە سەربەستە چی بکات!!**

**ـ لەقسەی خۆم نەگەڕاومەتەوە و پاشەگەز نیم!**

**ـ تۆ لە کن خۆت خوێندەواری و دەبێ دە رس بۆ نە خوێندە وارێکی وەك من دادە یت ! ئێستا دەڵێ ی : قەیناکا!!**)) (هەڵکشان بەرەو لوتکە ل 114).لەم گفتوگۆیەدا بەراورد لەنێوان خوێندەواری و نەخوێندە واری کراوە و بیرورایە کارەکتە رێکی خوێندە واری وەکو (سالار ) لەلایە ن کارەکتە رێکی نەخوێندەواری وەکو (نەخشین) بەجێگەی پرسیار کردن داندراوە، بەتایبەتیش بیرورایە کانی (نەخشین ) ئەو لەسۆنگەی پارێزگاریکردن لەداب و نەریتی کۆمەڵایەتی گەڕەکەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، بە ڵام بیرورایەکانی (سالار) لە هزرێکی کراوەو مۆدێرنەوە کە رێز لە سەربەستی تاك دە گرێت سە رچاوەی گرتووە . بۆیە ئە و بیروڕایانە بە لای (نەخشین )ەوە جێگە ی سەرسوڕمان بووە کە لەکەسێکی خوێندەواریشەوە راگەیەندراوە.

هەروەها لەدیمەنێکی دیکەدا و لەچوارچێوەی پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە کاتێك لە زاری (تۆفیق )ەوە باس لە پەیوەندی هاوڕێیە تی باوکی لە گە ڵ (سە ی وەلی ) دەکرێت، ئاماژە بە رووداوی مانگرتنەکە ی گاورباخی دە درێت و بە هۆی ئە وەی کە (سە ی وەلی ) خوێندە وار بووە وردەکاری و نهێنییە کانی رووداوەکەی باشتر زانیوە لە باوکی، چونکە باوکی کە سێکی نە خوێندە وار بووە ، ئەمە ش وایکردووە و کەمتر پەی بە نهێنییەکانی ئەو رووداوە ببات، ئەمەش لەگفتوگۆی نێوان (تۆفیق ) و دایکیدا ئاماژە ی بۆ کراوە. (( **ـ ئەو لە باوکی ڕەحمەتیم زیاتر دەزانێ لەمەڕ مانگرتنەکەی گاورباخی**

**ـ چونکە سەی وەلی کە مۆکەیە ك ڕەش و سپی جیادە کاتە وە، باوکت نە خوێندە وار بوو، نەخوێندەواریش واتە کوێر**)) (هەڵکشان بەرەو لوتکە ل138).لێرە دا ئاستی نە خوێندە واری دیاری کراوە و ئەو کەسانە ی کەنەخوێندە وارن بە کوێر لە قەڵە م دراون، چونکە ئاستی تێگە یشتن و بینینی

رووداوەکانیان سنووردارە و لێکدانە وەیان بۆ شتە کان کە مترە. لەدیمە نێکی دیکە دا باس لە کەسێك دەکرێت کە پاسەوانی بۆرییە نەوتییەکانی کەرکوك دەکات، رۆماننوس بۆ باسکردنی کەسایەتییەکی پەنا بۆ نەخوێندەواری دەبات و دەیکاتە پێوەرێك بۆ ناڕێکی زیاتری ئەو پاسەوانە ((**تۆ تەماشای باڵای کە، هەر دەق بە بستە باڵای چل گەز ڕیشە ناکات!؟ بە پشتا تریقانەوە، دەنگێك ووتی : ـ قە دو باڵای هەردوو چەند باڵای سمەی برامە کە نەچۆتە بە ر خوێندن !**)) (هەڵکشان بە رەو لوتکە ل148) لێرەشدا ئاماژە بەنەخوێندە واری براکە ی دەکات و بە راوردی دەکات لە گە ڵ پاسە وانەکەدا.ئە و زەقکردنەوەی رۆماننوس لەبارەی نەچوونی بۆ خوێندن بە مەبەستە وە بووە و هە وڵی ئە وەی داوە کە دۆزەی نەخوێندەواری بکاتە بابەتێك سەرنجی خوێنەری بۆ رابکێشێت، کە وەکو دۆزەیەکی ترسناکی کۆمەڵگە پیشانی بدات و بیکاتە بابەتی رۆژ، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی باسەکە خ پێدانی خەڵکی بێت, هە ر لەم چوارچێوەیەدا باس لەسەردەمی پاشایەتی دەکرێت، کە سەرۆکی شارەوانی نەخوێندەوار بووە و لەبەر ئەوەشە کە خزمەتگوزارییەکان لەوپەڕی خراپیدا بووە. لێرەدا شێوازی ئە و حکومڕانیەتییە ئاشکرا دەکرێت کە هەستیارترین پۆستی حکومەتییان بە کەسێکی نە خوێندە وار بەخشیووە . بۆیە رۆماننوس زیاتر جە خت لەسە ر نە زانی و نەخوێندە واری سە رۆکی شارە وانی دەکاتە وە، کاتێك لە وێنەیە کی کۆمیدیدا ئاماژە بە بەسەرهاتێکی ئەو سەرۆك شارەوانییە دەکات (( **لێپرسراوی شارە وانی دەبێ رۆژنامە ی بەدەستە وە دەبێت ،نە یسە ، هاوار و قیڕە ی لێهەڵدەستێ . دانیشتوان وە کو بازنگە لەدەرەوی خڕ دەبنەوە. دەبێ چی ڕووی دابێت لەباقی ئاغا! ئە ویش دەڵێ ........... تەماشاکە ن شێرکە ن. لەرێگە ی خورماتودا ، ئۆتومبێلێك هە ڵگەڕاوەتە وە! خوا دە زانی چەندیان مردوون! خوێندەوارێك دەس دەبات بۆ رۆژنامەکە و ئاڵاو گێڕی دەکاتەوە بۆی. ........ تومە ر ئاغا ڕۆژنامە کە ی ئاوە ژوو گرتۆتە دەست ! بۆیە سە ر بڵند دە کات و دە ڵێ :........ جاحێڵی ئە مڕۆکە لە ئێمە مانان خوێندە وارترن! سە رجەم چایخانەکە دەداتە قاقای پێکەنین**)) (هەڵکشان بەرەو لوتکە ل172).بێگومان ئەمە ڕادەی کارەساتی حکومڕانی پیشان دەدات کە نەخوێندەوارێك پلەی وا هەستیاری پێ درابێت، کە ئە و پلەیە راستە وخۆ پەیوەستە بە ژیانی گشت هاوڵاتیانەوە.کە ئەمەش پەیوەستە بە فەلسەفەی حوکمڕانییەوە، کە مەبەست لێی خزمە تکردن نییە ، بەڵکو ە ێشتنەوەی خەڵکییە لە دنیای تاریکی و نەخوێندەواری، هە ر بۆیە پۆست و پارە بە کەسانی نەخوێندەواریش دەدرێت، بۆ ئەوەی پرۆسە ی خوێندن لەبە رچاوی خ ەڵکی بخرێت و متمانە ی پێی نەبێت، بەتایبەتیش کە کەسانی خوێندەوار پە راوێز دەخرێن و لە کونجی زیندان دەنرێن و ئەشکە نجە دەدەرێن، لەبەرانبەریشدا نەخوێندەوار دەبێتە سەرۆکی شارەوانی ، کە ئەمەش دەبێتە ه ۆکار ی ئە وەی کۆمە ڵگە ی پاشکەوتووی قە دری نەزانێ را بە ردەوامی هە بێت و هەوڵەکانی پێشکە وتنی ئە و کۆمە ڵگە لە گۆڕ نرێت. لەدیمە نێکی دیکە دا لەگفتوگۆیە کی نێوان (نە وزاد)و دایکی ئاماژە بە کەسایە تییەکی شێت دە کە ن کە قسە ی سە یرەو سە مەرەو پێکە نیناوی کردووە ، لەوانە ش باس لەنەخوێندەواری کراوە (( **جارێك لێیانپرسیوە: تۆ خوێندەواریت هەیە ؟ ئە ویش ووتویە تی: نا، بە لام برایەکە م هەیە ئە ویش نەخوێندە وارە** )) (هەڵکشان بە رەو لوتکە ل201) لێرە دا نەخوێندەواری کراوەتە پێوەرێك بۆ دەرخستنی رادەی کەم عەقڵی ئەو کەسە. هەروەها لەگفتۆگۆیەکدا لەنێوان (نەوزاد) و باوکیدا باس لە دیاردە ی کە م بارانی دە کرێت، و (نە وزاد) ئە و رێوشوێنانە ی کە لەکوردەواری کراوە بۆ ئە وەی باران ببارێت بە خورافیات دادە نێت و هۆکارە کەشی بۆ نە خوێندە واری دەگەڕێنێتەوە، چونکە ئەو دیاردەیە، دیاردەیەکی جوگرافی و کەشناسییە و پەیوەندی بەو رێوشوێنانە ی

وەکو (بووکە بەبارانە..تاد) نییە کە ئە نجام دەدرێت (( **ــ ئە وە گشت لە سایە ی نەخوێندە واری بووە!**

**ـ کورم ، هەر دەبێ رۆژێك پەڕەی ڕەش و سپی لێك جیا بکرێتە وە))** (هەڵکشان بە رەو لوتکە ل230).بۆیە لێرە دا نەخوێندە واری وەکو دیاردە یە کی دواکە وتووی ناو کۆمە ڵگە پیشان دراوە و رۆماننوسیش ئەو دیاردەیەی لەپاڵ دیاردەکانی دیکەی وەکو هە ژاری و چاوچڵێسی داناوە کە خۆزگە بەنەمانیان دەخوازرێت.

ــ هەژاری:

هەژاری دەردێکی کوشندەی ناو کۆمەڵگەیەو بەهۆیەوە مرۆڤ لە سادەترین پێدوایستییە کانی ژیان بێ بەش دەبێت. هەژاری پەیوەستە بە سیستەمی ئابووری وڵات و ئە گە ر لەهە ر وڵاتێکدا سیستە مێکی دادپەروەری ئابووری هەبێت و پلان هەبێت بۆ بەیەکسانی دابەشکردنی سەرمایە و دابینکردنی هە لی کار و پشتگیرکردنی کەرتەکانی پەروەردەو کشتوکاڵ و یارمەتیدانی خەڵکی لەرێگای قەرزی درێژخایەن و سولفەو بایەخدان بە ژێرخانی وڵات و بە رهە می خۆماڵی و ....تاد، بێگومان رێژە ی هە ژاری کە متر دەبێتەوە، بەپێچەوانەوەش ئەگەر حکومەت لە خەمی مانەوەی خۆی و دارو دەستەکەی دابێت و ئابووری وڵات بۆ بەرژوەندییەکانی خۆی خەرج بکات و داهات بکاتە رێگایەك بۆ ملکەچ کردن و کۆیلەکردنی خەڵك، بێگومان ئەو کاتە خەڵکانێك نەك هەژار دەکەون، بەڵکو لەخوار هێڵی هەژاریشدا دەبن.

لە رۆمانی (**کوێخا سێوێ** )ی (**عە زیزی مە لای رەش**)دا هە ژاری کاریگەرییە کی گە ورەی لەسە ر رەوتی رووداوەکاندا هەیە و کارتێکردنی لەسەر رۆڵی کارەکتەرەکانیش هەیە. لە رۆمانەکەدا دەبینین کە بەهۆی نەبوونی و نەهاتییەوە خانەوادەی ( مام ئۆمەر) هەژار دەکەون و لەهەمانکاتیشدا ئەو برسێتی و هەژارییە وایان لێدەکات کۆچ بکەن و بەدوای کارو ناندا بگەڕێن، چونکە وشکە سالّی داهاتووەو کاریگەری گەورەی لەسەر کشتوکاڵ داناوە ، کەواتە ئە و هە ژار بوونە بە هۆکارێکی سروشتی کە وتۆتە وە، کە وشکە ساڵی و باران نەبارینە، ئەمەش وای کردووە خەڵکەکە نە توانن پێداویستییە کانی ژیانیان دابین بکەن، سەرەڕای ئەمانەش بەهۆی مەسلەتی بۆ کۆتایی پێهێنانی دوژمنایەتییەکەیان لەگەڵ بنەماڵە ی (شێخ گومەر) وای کرد کە (( **لەدوای هەموو ح ە ق و حسێبێك : خوێن بە ر خوێن سێ سە د دیناری کاشیان لە مام ئۆمەر ساند، تا پاك و باك بوون. مام ئۆمەر ناچار بوو : ووڵساتە کەی خۆی هەرزان فرۆش بکات، جووتی مەڕ بە (4) دینار وهێستری باڵایان بە (12) دینار بدات، بەم مەسلەتی یە شڕ بوون و لەبن هاتن و چی ئەوتۆیان نەما. بە ڵام هە ر پێشیان خۆش بوو کە دوژمنایە تی یەکە هە ڵگیراو کۆتایی هات . جووتە نەهاتیشی بە سە ردا هات . بەیەکجاری پەڕبووت بوون و کەوتنە سەر ساجی عەلی و رەنجبەری خەڵك))** (کوێخا سێوێ ل).لە ئەنجامیشدا سەری خۆیان هەڵگرتوو و بەرەو گوندی (چەغەمیرە) چوون و لەوێ ژیانێکی مە مرەو مەژییان بەڕێکرد و سەپانیان بۆ ماڵی (مام حاجی شێخ ) کە یە کێك بوون لە دەوڵەمەندە کانی گوند دەکرد . بە ڵام گوزەرانیان لە وپە ڕی خراپیدا بوو، لە لایەکە وە بە هۆی چاوچنۆکی و رە زیلی (حاجی )،

لەلایە کی دیکەشـە وە بە هۆی نە خۆش کە وتنی (مام ئۆمە ر)و لەجێگاکە وتنی، ڕۆماننوس بە وردی ڕووکارەکانی ئەو هەژاربوون و برسێتییەی کە تێیدا دەژیان دەخاتەڕوو. بەهۆی ئەوەشـە و (سـێوێ ) خۆی دەچێت لە جیاتی مێردەکە ی کاری سە پانییەك دەکرد، کە ئەمە ش کار ێکی قورس بوو، لە لایەکە وە سەپانیکردن و لەلایەکی دیکەشەوە ماڵ بەڕێوەبردن و ئاگاداربوون لە ڕەوشـی خراپی مێردە کە ی. ئە م هەژارییە (سـێوێ) سـێوێ دووچاری لادانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوەو هەوڵ دەدات لەڕێگە ی لەشفرۆشـی و سێکسەوە، خۆراك و پیتاك پەیدا بکات، بەتایبەتیش کە (حاجی ) هە ر لەدیداری یە کەمە وە شە یدای جوانییەکەی ببوو، بەهۆی ئەویشەوە ئەوانی بەسەپانی قبوڵکردبوو تا وەکو بتوانێت سێکسـی لە گەڵدا بکات، تەنانەت جارێکیش چووبووە ماڵیان بەئاشکرا داوای لێکردبوو، بەڵام سێوێ ڕە تی کردبوو و دە ری کردبوو، بۆیە ئەمجارەیان هەژاری و برسێتی وای لێکردبوو بەوە رازی بێت ((**حاجی بۆ من ئاگری تێ بەر بووە و ئاگای لەخۆی بڕاوە، هەر ئەوەتە بە ئاشکرا نازە ڕێت . دیسان زە ردەخەنە زایە لێوەکانی: پێویستە من هە ر بە م ڕێگایە پلانێك دابنێم و ئیخفالی بکە م. تا بە یە کجاری دەستمان لەبن سەری دەردێت**)) (کوێخا سێوێ ل 85).بەمشێوەیە ژوان لەگەڵ (حاجی) دادەنێت و لەکات و ساتی خۆشیدا (حاجی) دێتە ماڵیان و خەریکی دەبێت، بەڵام لەدوا ساتەکانی ئە و کردەوەیە ، (سێوێ ) هۆشـی دێتە وە سە ر خۆی و کۆتایی بە و لادانە کۆمەڵایەتییە دێنێت کە دووچاری بووە و لەماڵەکەی خۆی دەری دەکات، پاش ئەوەی کە سەپانییەکەیان وەرگرت و وشکەساڵیش کۆتایی هات گەڕانە وە گوندەکە ی خۆیان و دووبارە دەستیان بە تۆکردنی زە وی وزارەکە یان کردە وە، بەمە ش لە هەژاری رزگاریان بوو. لە م ڕۆمانە دا هە ژاری کاریگەرییەکی زۆر گە ورەی لەسە ر ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەیە و ڕۆماننوس زۆر بەوردی لایەنەکانی ئەو هەژارییەی خستۆتەڕوو، بەتایبەتیش ئە و هەژارییەی کە لە کۆمەڵگەی گوندنشیندا هەبووە، کە بەه ۆی بار ی سروشتیشە وە کە وشکەسا ڵی بووە ، برسێتی لێکەوتۆتەوە. لەم ڕۆمانەدا کاریگەری و کاریگەرکردنی هەژاری و باری ئابووری کە خ ۆی لە دەردی هەژاریدا دەبینێتەوە بەسەر خانەوادەی (سێوێ) بەدیار دەکەوێت، کە جگە لە دوژمنداریەکە بە شێکی لە گرێی سە رەکییەکانی چڕی ی ڕووداوی دەق لەقەڵە م دەدرێت، بە ە ۆی ئە و خانەوادەشـە وە کە وەکو نموونەیەکی کۆمەڵگە ی گوندنشینی دادەنرێت، قە بارەی ئە و هە ژاری و بارە ناڵه بارەی ئابوور ی لە گوندەکاندا بەدیارخراوە، کە خەڵك بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی، لەرێگەیەو ڕۆمانەوە ئاشـنا ی لایەنە کانی ئەو هەژارییەی کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردی دەبین و ڕۆماننوس واقیعی ی ئە و کۆمە ڵگە یە ی لە ژێر سایەی هەژاری و باری ناڵەباری ئابووری تۆمارکردووە. لەڕاستیدا ڕووکارەکانی هە ژاری لە م دەقە دا لە گەڵێك وێستگەی ڕووداو و کارەکتەرەکانەوە تێکەڵکێش بووە، لەوانەش:

1ـ لەباسکردنی کارەکتەرێك بەناوی (لۆق درێژ) کە لەو عەشیرەتەیەکە دوژمنداریتیان لەگەڵ بنەماڵە ی (مام ئۆمەر) هەیە، کەچی پەیوەندییەکی هاوڕێیەتییان لەنێواندا هەیە، ئەم پەیوەندییە زیاتر بەهۆی باری هەژاری و نەبوونی (لۆق درێژ)ە کە (مام ئۆمەر) یارمەتی دەدات (( **لۆق درێژ زۆر بەدین بوو، سەری بچووبایە نوێژێکی نە دەچوو، چەندی بڵێ ی دە ست کورت و ڕووت و ڕە جاڵ بوو . مشك لە ماڵی کلکی بە ئارد نە دەبوو. سە رەڕای ئەمە ش کۆمەڵە منداڵێکی ڕە ش و ڕووتی سەرکەو بنکەی هەبوو. ئۆمەر ساڵێ زۆر یارمەتی دەدا**)) ( کوێخا سێوێ ل13).لێرەشدا لەرێگای تە کنیکی وەسفە وە زیاتر ڕەهەندە کانی ئە و کارەکتە رە بەدیارخراوە،کەلێك لە و ڕەهەندانە ش کە پێشاندانی کەسایەتی ئەو کارەکتەرە لەلایەن ڕۆماننوسـە وە جە ختی لەسـە ر کراوەتە وە، دیارخستنی لایەنی ئابووری بووە، کە بەه ۆیەوە کەسایەتی و هەڵسوکەوتی ئەو کارەکتەرە بەخوێنەر ئاشنا کراوە.

2 ـ له گێرانەوەی ژیانی هەژاری و نەبوونی ماڵی باوكی (سێوێ) كە بەهۆی نەبوونییە وە هە وڵیان داوە ڕێگەی خۆكوشتنی بەكۆمەڵیان تاقی بكەنەوە، لەبری ئەوەی دووچاری سواڵكردن ببنەوە. ئەم بارودۆخە وەكو یادەوەرییەك بەبیر (سێوێ )دا دێتە وە كە دایكی بۆی گێراوە تە وە (( **ئەمە ی هاتە وە یاد، كە هەموو جارێ دایكی بۆی دە گێرایە وە:ـ ( ساڵی گرانی كە تۆ تازە بە زگم كە وتبوویت، هەرچی زادو زەوار بوو لە ماڵی باوكم دانەما بیخۆن، باوكیشم پێ ی شوورەیی بوو خۆی، یا منداڵی سواڵ بكەن. منداڵەكانی ووردو درشت لەژوورێك كردن. دەرگای لەسەر كلیل دان . دەستی دایە ختوورمەیەك ، لەبەر دەرگا دانیشت، بە حەقی خوا تازە ئێرە گۆڕستانمانە ، ئەوەی بیەوێت بچێتە دەرەوە بەم مەترەقە مێشكی دەپرژێنم. دوای دوو ڕۆژان من و باوكت زانیمان، دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ كردن**))) (كوێخا سێوێ ل 56-57). لە م دەقەدا كارێگەرییە نەرێنییەكانی هەژاری بەدیار دەكەوێ، بەتایبەتیش برسێتی و نەبوونی كاركردن، بۆیە دەبینین ئە و خانەوادەیە ڕووبەرووی كارەساتی خۆكوشتن دەبنەوە، چونكە باوكیان نەیتوانیوە لەو برسێتی و هەژارییە ڕزگاریان بكات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە دەرهاویشتە نەرێنییەكانی باری ئابووری، كە فاكتەرێكی گرنگە بۆ وەرە بەردان و كارێگەرییەكانی ڕاستەوخۆ لەسە ر دەروونی مرۆڤ دادەنێت و ئیرادەی دەشكێنێت، چونكە برسێتی و هەژاری هەستكردن بە بێبەشی و نەبوونی لەناخی مرۆڤدا گەورە دەكە ن و دەیگەیەنێتە ئە و ڕادەی كە وا هەست بكات ئیدی توانا ی چارەسە ربوون نە ماوەتێ و بەرگە گرتنی ئە و بارودۆخە لاواز دەبێتەوە.

3 ـ كاتێك (كوێخا سێوێ) ئە و دزە دەستگیر دە كات كە هاتبووە ماڵەكە ی دزی لێبكات . دوای ئە وەی ئاشكرا دەبێت كە (بایز)ە خزمییەتی، هۆكاری ئەو دزیكردنەی پێ ئاشكرا دە كات، كە ئە ویش بە هۆی هەژاری و برسێتییەوە بووەو وای كردووە كار لەگەڵ دوژمنەكان بكات و دزی لەو بكات . لێرەشدا ڕۆماننوو لێكەوتە و دەرهاویشتە كانی ئە و هەژارییەی خستۆتەڕوو، كە مر ۆڤ دووچار ی لادانی كۆمە ڵایەتی دەكەنە وە و بۆ دابینكردنی بژێوی ژیانی ڕەنگە بە ناچاری پە نا بـۆ دزیكردن ببات، كە ئە م كارە ش خەوشێكی گەورە لە ژیانی مرۆڤ دروست دەكات و هەمیشە لەباری دەروونییەوە ناجێگیری بە دەروونی كەسە كەوە دروست دە كات و لە ڕووی كۆمە ڵایەتیشە وە گە ر ئاشكرا بكر ێت، دەبێتە لەكە یەك بە ناوچەوانی ئەو كەسەو خانەوادەكەی دەنووسێت و تا هەتایە پێوەیان دەنووسێت و بار ێكی ناهە مواری كۆمەڵایەتییان بۆ دروست دەكات. ئەم لادانە كۆمەڵایەتییە لە ئەنجامی باری ئابوور ی هاتوونە بوون، كە ڕەنگە بەچارەسەركردنی بارە ئابوورییەكە ڕێژەی ئەو لادانە كۆمەڵایەتییە كەمتر ببێتەوە.

4 ـ هەژاربوونی ماڵی (حاجی مام شێخ ) كە سە ردەمانێك خانەوادەكە ی (مام ئۆمە ر) سە پانییان بۆ دەكردن . لە دوای ئە و هە بوونی و دەوڵەمەندییە ، كە چی دواتر ئە و خێزانە دووچاری لێكترازانی كۆمەڵایەتی دەبێتەوە و هەژار دەكەون. هۆكارەكانی ئەو هەژاربوونەیان لەلایەكەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی گرانەتایە كە بەشێك لە خانەوداكە لە ناو دەبات و لە لایە كی دیكەشە وە نە خۆش كە وتنی (حاجی) لەجێگا كەوتنی، كە بووە هۆكاری ئە وەی كە س ئاگای لە مە رومالاتیش نە مێنێت و مردار ببنە وە. سە رەڕای ئەمانە ش ناكۆكییە كانی نێوان هە ردوو ژنەكە ی زیاتر ببوو، لە ئە نجامیشدا ژنە بچووكەكەی لەسەر كاری داوێن پیسی لەگەڵ كوری گاواندا لەلایەن (ڕەحمانە)ی كوریانەوە كوژرا، دواتر (خدر گاوان)ی باوكی كورەش دەكوژرێت، ئیدی لە تۆڵە ی ئە وەش منداڵە كانی گاوان هە رچی چاڵ و عەمباری دەغڵ ودان هەبوو كونیان كرد و بارانیان بەبن وەربوو، كورەكەشیان لەسەر ئەو تاوانە زیندانی

کرا. (( **پێش حوکم دانەی ترسابن، رووحمان هاتبووە سە ری لووتمان کە لە قنارە بدرێت، هەر ئەو ئێرینەشمان مابوو، بۆیە زوو مەسڵەتیمان کرد. هەر چەند چوار پێمان مابوو خڕمان فرۆشت. لەگەڵ ئەم کیژۆڵەیە لە حەقی مەسڵەتی یەکەمان دا. لەگەڵ ئاخ هەڵکێشاندا:ـ ئیتر ئاو بێنە و دەستان بشۆ. عەشتەبای خوامان لە ماڵ دا نە ماو ئاوامان بە سە ر هات . پشووێکی دایە:ـ لەو ساکەوە ئێمە لەسەر زەکات و خێر و حەساناتی موسوڵمانان بە ڕێوە دەچین**)) (کوێخا سێوێ ل17).لێرەشدا کار لەسەر لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی دێکەی باری ئابووری و هەژاربوون کراوەتەوە، کە ئەویش کاری داوێن پیسییە، کەبەهۆی ئەوەشەوە کارەساتی کوشتنی لێ هاتۆتە بەرهەمە. دیارە هەژاری ئەو کاریگەرییە خراپە دەروونییەی بەسەر مرۆڤ دروست دە کات، بە ڵام ڕەنگە مرۆڤێک کە هەمیشە لەنەبووندا بووبێت، بەرگە ی ئە و ژیانە ناله بارە بگرێت و بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ رابێت و خۆی بژیێنێت، کەچی سە بارەت بە کەسانێک کە هە بوون بوونە و لە ڕووی داراییەوە دەوڵەمەند بوونە، کە لەناکاوێک هە ژار دەبنە وەو بار ی ئابوورییان شڵۆق دەبێت، بارودەخەکە تەواو پێچەوانە دەکەوێتەوە، چونکە بەزۆری ئەو جۆرە کەس و خانەوادانە بەرگەی ئەو هەژاربوونە ناگرن و رووبەرووی کێشەو گرفتی گەورە دەبنەوەو دواجاریش هەڵخلیسکانیان بۆ دیاردە لادانە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانتر دە بێت. هە روەکو لە و نموونە یەدا رۆماننوس کاردانە وەکانی هە ژاربوونی ئە و خانە وادەیەی بەجوانی کێشاوەو ئەو لادانە کۆمەڵایەتییەی کە دووچار ی بوونەتە وەو ئە و کارەساتەشی کە بە دوای خۆیدا هێناوە تۆماریکردووە.

لەرۆمانی (**شار**)ی (**حوسێن عارف**)دا هەژاری پانتاییەکی فراوانی لە ناو دە قدا گرتووە و رۆماننوس لەرێگەی باسکردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵێك خێزانەوە و لەرێگەی باسکردنی رەهەندی ئابوورییانە وە، نەهامەتییەکانی چینی هەژاران دەخاتەڕوو، هەر لەسەرەتاوە لەباسکردنی ژیان وگوزەرانی بنەماڵەکەی (سابیر) دەخاتەڕوو و ئاستی هەژاری و نەبوونی و دەستکورتییان دیار دەخات، بەتایبە تیش کاتێك لە ناو خانەکەی (میمکە حەلیم)دا دەژیت، ناو خانەکەی ئەویش، کۆمەڵێك خێزانی هە ژاری لە خۆ گرتبوو، کە هەر یەکێکیان بەشێوەیەك نەبوونی و نەداری بەرۆکی گرتووە، بەشێوەیەك ئەو خانەیە وەکو لانە یە کی هەژاراندا وابوو و هەموویان کرێچی بوون و خەریکی کاروکاسبی رۆژانەیان بوون. (سابیر) کە حە مباڵی دەکرد و دوای ئەوە لەلایە ن (میمکە حە لیم)ەوە لەگە ڵ (خاوە ر)ی بێوە ژن ژیانی هاوسە ری پێکهێنا، هەژارییەکەشی لەگەڵیاندا درێژەی کێشا، هە رچەندە بەشێك لە مە ئۆباڵەکە ی لە ئەستۆی خودی (سابیر ) دابوو، چونکە لەکارکردندا تە مبە ڵ و تە وەزەڵ بوو، بۆیە (خاوە ر)یش بۆ دابینکردنی بژێوی رۆژانەیان نانکەری ماڵانی دەکرد، ئەمەش وای لە (میمکە حەلیم) کردبوو کە هەمیشە سەرزەنشتی (سابیر) بکات و داوای لێ بکات بچێتە سە ر کارە وە، کاریگە ریی و کارتێکردنە کانی ئە م هەژارییە لە و کاتەدا زیاتر دەبێت کە (خاوەر) بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات و تەنیا (مریەم)ی کچە بچووکی لەدوای بەجێ دەمێنێت، بۆیە (سابیر) لەتوانایدا نابێت بەخێوی بکات، بە ناچاری دەیباتە ماڵە دەوڵەمەندێك بۆ ئەوەی هەم بەخێوی بکەن و کاری بەردەستیشی پێ بکەن، لە و ماڵە دا مامەڵەیە کی یە کجار باشی لەگەڵ دەکرا و هەر زوو لەلایەن دایکی (گەلاوێژ)ەوە ئەوە بۆ روون کرایەوە (( **با لە ئێستەوە پێت بڵێم: لەم ماڵەدا قەت خۆت بەکارەکەر دامەنێ، من بە دایکی خۆت و منداڵە کانیش بەخوشك و برای خۆت بزانە**)) (شار ل51 (شار ل50).لەدواتردا لەلایەن (سابیر)ەوە دەبرێتە ماڵی (میرزا سە لیم) لەوێ کارەکەری دەکات، بەڵام رۆماننوس لەوێدا ژیانێکی دیکەی پڕ لە ئازارو ئەشکەنجەی تۆمار دەکات، هەرچەندە لەلایەن میرزا ژنەوە مامەڵەیە کی نە رمی لەگە ڵ دەکرا ، بە ڵام منداڵە کانی سووکایە تی و

ئازاری جەستەییان دەدا و وەکو مرۆڤێك سەیریان نەدەکرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی لە و ماڵە دەر بکرێت و کارەکەی لەدەست بدات. بەمشێوەیە (مریەم) ژیانێکی هەژارانەی پڕ لە نەهامەتی بەسەر برد، تا دواجار لەلایەن باوکییەوە وەکو ڕێگە چارەیەك لەدەست ئەو هەژارییە ، بە زۆر بەشوودرا.کەواتە لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی خانەوادەکەی (سابیر)دا هەژاری ڕۆڵێکی سەرەکی لە گرێی ڕووداوەکاندا دەگێڕێت و کارێگەری لەسەر ئاڕاستەی دروست دەکات، بەو واتایەی کە دیکە هەژاری هۆکارێکی گرنگە لەسەر ئەو هەڵسوکەوتانەی کە (سابیر)و ئەندامانی خانەوادەکەی ئەنجامی دەدەن، چونکە هەژارییەکە بەربەستێکی گەورە دەبێت لە سەر ئەوەی کە نەتوانن بەشێوەیەکی ئاسایی وەکو خانەوادەکانی ناو کۆمەڵگە بژین، هەر ئەو هەژارییەشە کارێگەرییەکی نەرێنی لەسەر ژیانی (مریەم)ی کچی دروست دەکات و تەنانەت بەهۆی هەژارییەوەش بەزۆر بەشوودەدرێت، کەواتە باری ئابووری ڕۆڵی سەرەکی لەناو ڕووداوەکاندا گێڕاوە و کارێگەری لەسەر کەسایەتی و ژیانی کارەکتەرەکاندا داناوە ، ئەو بارە ئابوورییەی هێڵی سەرەکی جووڵانەوەی ڕووداو و ئاڕاستەی پێشهاتەکانی لە ئەستۆ گرتووە، بەمەش ڕۆمانەکە قەوارەی ڕاستەقینەی هەژاری وەکو دەردێکی ناو کۆمەڵگەی بەدەرخستووە، ئەو هەژارییەی کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی ستەمکاری سیاسی و گەندەڵییەکانییەوە هاتۆتەکایەوە و وای کردووە ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەك نزم بێت کە ڕێژەی هەژاری لەوڵاتدا زیاتر بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو هەژارییە دروستکراوە و سروشتی و ئاسایی نییە. لەدیمەنێکی دیکەدا باس لەهەژاری و دەستکورتی (ئەورەحمان)ی کارەکتەر دەکرێت کە بەهۆی نەبوونییەوە پەنای بۆ کرێکاری قوڕ بردووە و لەوێش بەزەحمەت کاری دەستدەکەوێت و بەهۆیەشەوە خێزانێك بەڕێوە دەبات، خۆی ڕووکارییەکانی ئەو هەژاربوونەی باس دەکات ((**کەباوکم مرد . من هەر دوای مانگێك بڕیارم دا واز لە خوێندن بێنم و جێگەی باوکم بۆ خێزانەکە بگرمەوە، دایکم ڕازی نە دەبوو، دەیوت :(تۆ نابی واز لە خوێندن بێنێت . من دە تانژیە نم... من دە چم نانە وایی ، جلشۆری، خزمە تکاریی ماڵان دە کە م و گوزەرانتان مەیسەر دەکەم) من پێم لێ کردە کەوش، وتم (منێکی چوارپەل ئەستووری مل وڕت هەبم و بیەڵم بچیت خزمەتکاری ماڵان بکە یت، ئەمە گوایە خوێندن تە واو دەکە م** ))

(شار ل128)، لێرەدا کاریگەرییەکانی ئەو هەژارییە لەدوو لاوە بە دیار دەکەوێت، لەلایەکەوە ئەو خێزانە لەدوای مردنی باوکییان کەسی وەهایان نەبووە بیبێتە بەخێوکەریان، چونکە (ئەورەحمان)یش قوتابی بووە، بۆیە بەناچاری واز لە قوتابخانە دەهێنێت و کرێکاری دەکات بۆ ئەوەی جێگەی باوکی بگرێتەوە. بە و واتایەی لێرەدا هەژاری بووە هۆکاری ئەوەی لەخوێندنەکەی داببڕێت . ئەم هەژارییە دووبارە ڕێگریشە لەبەردەم ئەوەی (ئەورەحمان) کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ (ئاسکۆڵ)هەیە ، ژیانی هاوسەری بکات و خێزان پێکەوە بنێت، کەواتە هەژاری لەمپەرێکی سەرەکییە لە گەیشتنی کارەکتەرەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکە بە ئاواتەکانیان، ئەو هەژارییە وای کردووە ڕەوتی ڕووداوەکانیش بەشێوەیەکی دیکە بکەونەوەو ئاڕاستەی دیکە وەربگرن، لەمەشەوە ئەوە بەدیار دەکەوێت کە هەژاری لەناو کۆمەڵگەدا وەکو دیاردەیەك وابووە و باڵی بەسەر زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵگەی ئەوسای کوردیدا گرتووە و بووەتە بەربەستێك لەبەردەم تاکەکانی و هەروەها نەگۆڕانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆماننوس پەنجەی لەسەر کێشەیەکی گەورە داناوە کە لەو سەردەمەدا هەبووەو تا ئێستاش بەردەوامە، ئەویش کێشەی کرێچییە، واتە کێشەی نیشتەجێکردن، کێشەیەکی سەرەکی سەردەمەکەی بووەو هۆکارێکی ڕاستەوخۆش بووە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری، چونکە خەڵکانێك کە شوێنێك نەبێت تێیدا بحەوێنەوە، بێگومان هەموو کاروکاسبییان لە پێناو ئەوەدا خەرج دەکەن کە

شوێنێك بۆ حەوانەی خێزانەكانیان دابین بكە ن، ئەمە ش كاریگەرییە كی تە واو لەسە ر باری دارا یی و ئابوورییان دادەنێت، بۆیە رۆماننوس لە خستنە ڕووی كێشە ی نیشتە جێبوونەوە لەلایەكە وە رووناكایی دەخاتە سەر كێشەكەو لەلایەكی دیكەشەوە بەشێك لە ئێش و ئازاری كرێچییە تی باس دە كات . هە ر لەسەرەتاوەش لەرێگەی باسكردنی (سابیر)ی كارەكتەر كێشەی كرێچیایە تی دەخاتە ڕوو، بەتایبە تیش خانەكەی (میمكە حەلیم) كە پراوپڕ بووە لە كرێچی، بەڵام دوای مردنی رووبەڕووی كێشە یەكی گە ورە بوونەوە، بەڵام خانووەكە بووە موڵكی میری و دواتریش میری خستییە سە ر ناوی كابرایە كە وە كەهاتە لایان و داوای لێكردن چۆڵی بكەن، هەر چەندە ئەوان بەگوێیان نەكرد و دەریان كرد، بەڵام بەهێزی یاسا و پۆلیس لە خانووەكەدا دەری كردن (( **چوو بەهۆی پارێزەرێكەوە رێگەی دادگەی گرتەبەر و سێ مانگی پێ نەچوو، نەك هەر بڕیاری بۆ درا، بە ڵكو گەیشتە ئە وەی پۆلیس بێتە گیانیان و داوای چۆڵكردنی خانووەكەیان لێ بكەن، ئە مان بڕوایان هە ر نە دەكر ونە دەكرد، تا كاتێ داواكردن بووە هەڕەشە ی فڕێدانە دەرەوەی كەلوپەلە كانیان ، ناچار بە رودوا كەوتنە چۆڵكردنی**)) (شار ل49) لێرەشدا چەند لایەنێكی كێشەكە بەدیار دەكەوێت، لەلایەكەوە یاسا و دادگا بەبێ ئەوەی بیر لە ژیان و گوزە رانی ئە و خەڵكە بكەنە وە بڕیاری چۆڵكردنی دە ردەكە ن، لەلایە كی دیكەشە وە پۆلیس وە كو هێمای حكومە تدارییە ، بە زۆری زۆردار كەلوپەلە كانیان فڕێدەداتە دەرەوە، لەكاتێكدا حكومەت بەرپرسە لە دابینكردنی شوێنی حەوانەوە، هەروەها لەسە ر ئە وەش بەرپرسە كە جێگرەوەكیان لەدوای چۆڵكردنی خانووەكە بۆ دابین بكات، چونكە هیچ مانایەكی نییە خەڵكان بەمنداڵ و خێزانەوە فڕێ بدرێنە سەر شەقام، بەبێ ئەوەی كەسێك نەبێ شوێنێكی حەوانەوەیان بۆ دابین بكات، ئەمە ش ئە وە دەسە لمێنێت كە لە رووی نیشتە جێكردنەوە حكومە ت لەوپە ڕی لاوازیدا بووە و هیچ پرۆژەیەكی نیشتەجێكردنی راستەقینە بۆ هەژارەكانی لا نە بووە. لە دوای ئە م دەرەكردنە ش (سابیر )ی كارەكتەر روو لە خانووێكی دیكە دەكات ، لەوێش دوای ئەوەی لەلایەكەوە چەند مانگێك كرێیەكە ی پێ نادرێت، لەلایەكی دیكەشەوە بەهۆی ئە وی (مریە م)ی كچی لە دەست (دەروێش كە ریم)ی مێردی هەڵاتووەو ونبووەو دەروێشیش هەمیشە لە خانووە كرێیەكەدا دەچووە سەری، تا جارێكییان دەستی لە كوڕی خاوەن ماڵیش دەوشێنت و بەه ۆیەوە ئەوانیش دەردەكرێن. لێرەشدا لەلایە كی ئێش و ئازاری كرێچییەتی پیشان دراوە، لەلایە كی دیكەشە وە بێ ویژدانی خاوە ن ماڵەكە ش لە وەی كە مۆڵە تی پێنەداوەو بەو سە رماو سۆڵە دەریكردووە ، بە دیار دەكە وێت. ئە م كێشە یەی لە لای (وەستا تایە ر)ی خاوەنی چایخانە بۆ چارەسەر دەكرێت و كرێی خانووە كە ی بۆ دە دا و لە لای خۆشی دە یكاتە شاگرد . كەچی لەلایەكەی دیكەوە سەخاوەت و دڵفروانی هەندێ لە خاوەن خانووەش باس دەكات، ئەمەش لە نموونەی ئەو پیرێژن و كچەكەیەتی كە لەزاری خودی پیرێژنەوە كە بۆ (خورشە )ی خوشكی دە روێش دەگێڕێتەوە هەژارییەكەیان دەخرێتەڕوو و ئاماژە بەوە دەكات كە بەهۆی هەژارییانەوە لە خانووێكدا ژیانیان گوزەراندووە بەبێ ئەوەی هیچ كرێیەكیان لێ وەربگرێت (( **تا سێ مانگیش لەمەوبەر، لە ژوورێكی كۆنە خانوویەكدا دە ژیاین، ماوە ی پێنج ساڵ بوو خاوە نەكە ی لە رێی خودا دابووێنێ و سە رمان تێدا كز گرتبوو، بە خێر و سە دەقەی دەرو دراوسێ و خە ڵكە گەڕەكەكە ش ، كولەمەرگی دەژیاین ، كە چی رۆژێكیان خاوە ن خانووەكە هات و وتی : ....... بەداخە وە هەمووی بەر جادەكە دەكە وێ، ئە مڕۆ ئیمزایان پێ كردم كە لە ماوەی مانگێكدا چۆڵی بكەین...... دوای مانگەكە ڕەوەیەك پۆلیس هاتن و بەزۆر پێیان چۆڵ كردین.... هێندە بۆمان پە رۆش بوو ، تا دوو هە فتە ش لە كەلاوەكاندان شوێنپێمانی هە ڵدە گرت و لێمانی**

**دەپرسییە وە ، هێندە ی بۆی هە ڵسووڕایە ، خواردنی بۆ دە هێنایین** )) (شار ل 98-99).لێرە دا ڕووبەڕووی لە هەڵسوکەوتی خاوەن خانوو هەستێکی گە ورەی مرۆڤایە تی بە دی دەکرێت کە جێگەی شانازیکردن بەو بوونی ئەو جۆرە مرۆڤانە دەخوازرێت . لەلایە کی دیکەشە وە دووبارە بەرپرسیارییە تی حکومە ت لە دابینکردنی شوێنی نیشتە جێ بوون دە کەوێتە گومانە وە و هەڵسوکە وتی دەزگای پۆلیسیش کە بێ ئەوەی جێگرەوەیەك بۆ ئە و خانەوادەیە دابین بکرێت، بە زۆر فڕێیان داوتە دەرەوە و لەکەلاوە دەژین و سواڵکەری دەکەن بۆ ئەوەی ژیانیان دابین بکە ن. ئە م جۆرە شێوازە نادادپە روەری و گەندەڵی لەبەڕێوەبردنی وڵات دەسەلمێنێت، چونکە خەڵکانێکی خۆی بەو شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لەهەموو مافێك بێ بەشی بکات، بێگومان ئەو پەڕی گەندەڵی و ناڕەوایەتی حکومە ت پیشان دە دات. بۆیە ئەو جۆرە هەژارییەش دواجار دەبێتە هۆکارێك تا پیرێژن بە ناچاری ڕازی بێت ئە و کچە منداڵە ی لە (دەروێش کەریم)ی بەتەمەن مارە بکات، تەنیا بۆ ئەوەی لەدەست هە ژارییە وە رزگاریان بێت، ئە مە ش ئەوە دەگەیەنێت کە لەلایە ن خە ڵکانێکی خراپە وە ئە و هە ژاریی و لێقەوماوییە یان قۆستراوە تەوە و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێناوە.

لەرۆمانی (**کانگەی بەڵا**)ی (**حسام بەرزنجی**)دا هەژاری بەشێك لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پێکهێناوە و کاریگەری لەسەر کارەکتەرەکانیش داناوە. ئەوەی لە م ڕۆمانە دا جە ختی لەسە ر کراوەتە وە ململانێی نێوان (هەژاری و دەوڵەمەندی)یە و جیا لەوەی کە خراپی رە وش و ژیانی چینی کرێکار وە کو چینێکی هە ژار و کە م دەرامە ت خراوەتە ڕوو، لەهەمانکاتیشدا سیفات و خە سڵە تەکانی چینی دە وڵەمەند خراوەتەڕوو کە هەمیشە چاویان لە زیاتر دەوڵەمەند بوون و پارە کۆکردنەوەیە . لە م ڕووەوە ڕۆماننوس لەباسکردنی خانە وادەی کارەکتە ری سە رەکی (دارا)دا سە رەتاکانی ئە وان کە هێشتا لە چینی ناوەڕاستن و دەوڵەمەندییەکەیان سنووردارە، لەڕێگەی نیشاندانی هەڵوێست و رە فتارەکانی ئە وانە وە، سیفاتی دەوڵەمەندەکان دەخاتەڕوو کە هەمیشە هەوڵ دەدەن لە ئاستی یەکتری تێپەڕێنن.بەتایبەتیش کاتێك باس لە (قەرۆك چەلەبی) دەکرێت و ئاستی دەوڵەمەندییەکە ی دەخرێتە ڕوو،گێڕانە وی چیرۆکی ئەو ماڵە کاریگەری و کارتێکردنێکی وای لەسەر باوکی دروست کردبوو، خستبوویە ناو خەم و خەفەتێکی زۆرەوە، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خەمی دەوڵەمەندبوون بیروبۆچوونی ئەوانی داگیرکردووە، بە ڵام بیر لە چۆنییە تی پێکە وەنانی ئە و ماڵ و داراییە نەکراوەتە وە و هە روەها بیریش لە ئایندە ی ئە و دەڵەمەندییە ش نەکراوەتە وە، لەمیانە ی باسکردنی ئە و ململانێیە چینایەتییە ی نێوان هە ژار و دەوڵەمە ندا، بە تایبە تیش جە خت کردنە وە لەسە ر مەسە لەی هەژاریدا، ڕۆماننوس بۆچوونی خۆی لەمبارەویەوە دەردەبڕێت و پێیوایە هەژاری دوو جۆری سەرەکی هەیە (( **دوو جۆر هە ژاری هەیە .... جۆرێکیان ئەو چینەن کە داهاتیان لە ڕادەی پێویستی یە ڕاستەقینەکانی ژیان کە متر بێ، بەڵام جۆری دووەم لە هەژاری ئەو کەسانەن کە دەروونیان هەژارە، بەهیچ شتێ تیر ناخۆن و هەردەم چاوبرسین، جۆری یەکەم چارەسەرکردنی ئاسانترە ، چونکە بە بەرزکردنە وەی ڕادەی داهاتی مرۆڤ چارەسەر دەکرێ، بە ڵام جۆری دوە م بە ڕای من لە سە ر دنیا هیچ دەرمانێکی بۆ نیە...!**)) (کانگەی بەڵا ل 25)، بەو واتایەی ڕۆماننوس پێیوایە هەژاری ماددی چارەسە ر دەبێت کاتێك داهاتە کانی مرۆڤ لە ڕووی دارایی و ئابوورییە وە زیاد بکرێت . بە ڵام جۆرەکە ی دیکە ی هە ژاری کە هە ژاری دەروونییە چارەسە رکردنی مەحاڵە و دەرمانی بۆ نییە . لە دیمە نێکی دیکە دا ڕۆماننوس رە گ و ریشە ی هە ژاری بنەماڵە ی (دارا) بەتایبە تیش دوای ئە وەی کە بنەماڵەکە یان زۆر دەوڵەمەند دە بێت، لە سە ر زاری باوکیان دە گێڕێتە وە، ئە و گێڕانەوەیە ش لە ڕێگای ئە و پەیوەندییە

هاوڕێیەتییە نادروستەی کە لەگەڵ (بیلال)ی هاوڕێی دەبێت (( **من و ئەو (بیلال)ە لەمناڵی ڕا یەکتر دەناسین، باوکی هەردووکمان دەستیان کورت بوو، من باوکم شاگردە خمچی بوو لە گە ڵ ئەوەش دا سەری زوو نایەوە ومنی تاقانەی بەهەتیوی جێ هێشت، باوکی (بیلال )یش (عەسافە کوێر)یان پێ دەوت ، کولخانچی بوو..... برسیەتی و نە دارایی وای لێ کردین ، بەدوان گەلێك رێگای چەوت و چەوێڵ بگرینە بەر، وای لێ هاتبوو شت فڕاندن و بە ڕك بڕین و دزی کردن بووە پیشەمان**)) (کانگەی بەڵا ل 151) .لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان دووچاری لێکترازانی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، لەهەمانکاتیشدا بەهۆی نەبوونی و هەژارییەوە رێگەی دزیکردنیان گرتۆتەبەر وەك رێگەیەکە تا بەهۆیەوە دەوڵەمەند ببن، دیارە ئەو رێگەیەش هەر چییەك بێت لەدواجاردا کێشەو گرفتی گە ورەی لێ دروست دە بێت، بۆیە دەبینین بنە ماڵەکەشیان بە هۆی دزیکردنە وە سە رەڕای ئە و پارە زۆرەو بوونی کارگە و دەوڵەمەندیشیان کە چی دووچاری لێکترازانی کۆمەڵایەتی دەبنەوەو کوڕەکانیشیان فێری ئەو رێگە چەوتەو لادانە کۆمەڵایەتییە دەبنە وە. لەدیمە نێکی دیکەشدا هە ر ئە م وێنە هە ژاریی و نەبوونییە دەبیننە وە کە وای کردووە بنەماڵە ی (سە رهید) کە هاوڕێیە کی (دارا)بوو دووچاری لادانی کۆمە ڵایە تی ببنە وە و دەست بە دزیکردن بکە ن و دواتریش ئەوانیش باجی ئە و کارە بدە ن. لە م میانەیەشدا (سە رهید) لەگفتوگۆیەکدا لە گە ڵ (مازن و دارا )ی هاوڕێیەکانیدا ئەو راستییە باس دەکات و ئاماژە بۆ ئە وە دەکات کە ئە وان لەرێگەکە ی (عیززەتی مە لا حەکیم) کە یەك لە دەوڵەمەندەکانی شار بوون فێری ئەو کارە بووەو دوای ئەوەی کە ئەویش بە رێگای دزیکردنەوە لە هەژاری رزگاری دە بێت، بە ڵام دواجار باجە کە ی دادەنێت (( **دوایە ش بار وا سووڕا ئاگردانیان کوێر بووە، ئێستا خوا دە زانێ (عیززەتە فەندی ) لە چ گۆشە ی مەیخانەیە کی تاریك و هە رزان بەهادا دانیشتووە ، هە ر پەنجە ی خۆی دە گەزێتە وە ولە داخان مە ی حەسرەت و بێ هیوایی فڕ دە کات** )) (کانگە ی بە ڵا ل 89).بێگومان ئە و کۆتاییە پڕ لە ناسۆر و کارەساتە دووچاری (سەرهید)خۆشی دەبێتەوە و دواجار لەسەر دزیکردن زیندانی دەکرێت. لەدیمەنێکی دیکەشدا کاتێك رووداو دەچێتە سەر پیشاندانی پە یوەندییە ك خۆشەویستی تاك لایە نە ، کە ئە ویش لەلایەن (ژاڵە)ەوە بۆ (دارا)یە، بەڵام بەهۆی ئەوەیی کە (ژاڵە ) دووچاری لادانی کۆمە ڵایە تی بۆتە وەو داوێنپسی کردۆتە پیشەین لەلایەن (دارا)ەوە رەت دەکرێتەوە، لێرەشدا هە ژاری و نە بوونی و برسێتی وایان لەو ئافرەتە کردووە رێگایەکی چەوت و چەوێڵ بگرێتە بەر بۆ ئەوەی لەو هەژاری و نەبوونییە رزگاری بێت. ئەوەی راستی بێت رۆماننوس سەرجەم ئەو دەوڵەمەندییەی کە باسی کردووە و بنچینەکە ی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە لەبەر هەژاری و نەبوونییەوە رێگەیەکی چەوتیان گرتۆتەبە ر کە دزیکردن و راوڕووت داوێنپیسی بووەو تا بەهۆیەوە دەوڵەمەند بن، بەڵام ئەو دەوڵەمەندییە بۆ ماوەیەکی کاتی بووە و دواتر باجی ئەو رێچکەگرتنەی ژیانیان داوە. لەگەڵ ئەوەشدا رۆماننوس دیمەنێکی بنەماڵەیەکی هە ژاری وەك (سەرگوڵ ) پیشان دەدات کەسەرەڕای هەژاری و نەهامەتییە کانی ژیان، بە ڵام خۆیان نە فرۆشتووە و دووچاری لادانی کۆمە ڵایە تی نەبوونەتە وە. تەنانە ت ژیانی هە ژارییان پێ لە و ژیانە کاتییە ی دەوڵەمەندبوونە باشتر بووە. ئەوەتا هەر لەسەر زاری (سەرگوڵ)ەوە هۆکارەکانی هە ژاری و بارودۆخی ژیانیان دەخرێتەڕوو ((**دوای ماڵ کاول بوونمان، باوکم سە رەڕای ئە و هە موو مە رق و کولك و کوڤانەی کە لە دڵی دابوو، تووشی کاری قو ڕسیش هات، ئە وەندە لە کارکردن تلایە وە، ئەوەندە لەشاران رەنجی دا و قوڕکاری کرد تا بەم دوادوایە پە کی کە وت، نەخۆشی زۆری بۆ هێناو دەست و قاچی لەرزەك بوون. ئێستاش بەتەواوی شەپڵەی لێ داوە ، وا لەماڵە وە**

**کەوتووە بەدارشەقەش ناتوانیٚ بڕوا.. ناچار من دەستم بەکارکردن کرد و هاتم لە کارگە ی ئێوە دامەزرام... دوای نزم بوونەوەی بە های پارە ش، یان بڵێین دوای گران بوونی نرخی کەل و پەلیش ، نەمانتوانی گوزەران بکەین، لەبەر ئەمە دایکیشم دەستی بەکارکردن کرد، ئێستا وا لیفکە و ریس و شتەی وا دەچێنێتە وە بۆ فرۆشتن ئامادە ی دەکات ..... بە م دوا دواییە ش کریٚ ی خانووش بە زرکرایە وە ، لەبە ر ئەمە خانووی پێشوومان جیٚ هێشت چووین لە گە ڕەکی (ناچاری ) خانوویە کی قوڕی سارمان بە کریٚ گرت ..))** (کانگە ی بە ڵا ل 72).ئەم بارودۆخە سەختەی کە بنەماڵەی (سەرگوڵ) تێدا ژیاون لە ئە نجامی سیاسە تەکانی رژێمە وە هاتۆتەکایە وە، ئەمە ش پاش تێکدانی گوندە کە یان دەست بە سە رداگرتنی زەوی و زارەکانیان و کۆچکردنیان بەناچاری بۆ شارەوە هاتۆتە کایە وە. بە و واتایە ی لەهە موو سە رچاوەیەکی ئابووری بیٚ بەشکراون و بە ناچاری هاتوونەتە شار و کرێکاری دە کە ن و بەهە ژاری ژیان بە ڕیٚ دەکە ن. لەگە ڵ ئەوەشدا ئیرادە یە کی بە رزیان هەیە و سە ر بۆ کە موکورتییە کانی ژیان شۆڕ ناکە نە وە، بەتایبە تیش (سە رگوڵ) کە کەسایە تییەکی بە رزی رۆشنبیری هە بوو، تەنانە ت ئامادە نە بوو پەیوەندی خۆشەویستیش لەگەڵ (دارا) کە کوڕە دەوڵەمەندێك بوو و رەنگە ئەمەش رێگایەك بێت بۆ دەرباز بوون لە هەژاری ونەبوونییەوە، بەڵام کاتێك دڵنیا بوو لەسەر ئەوەی کە (دارا) بۆ رابواردن و سێکس ئەوی دەوێت، نەك هەر رەتی کردەوە، بەڵکو کارگەکەشیان بەجیٚ هێشت. ئەمەش ئەو پەڕی سەربەرزی و نموونە ی رۆشنبیری و پەروەردەیەکی بەرزە. رۆماننوسیش لەرێگای ئە و نموونەیە وە دەیە وێت پە یامی خۆی بە خوێنە ران بگەیە نێت کە هە ژاری و نە بوونی ماددی دە کرێت ز اڵ بیت بە سە ریدا، بە ڵام نابێت ببێتە هۆکارێك بۆ لادانی کۆمەڵایەتی و نەخۆشییە دەروونییەکانەوە.

لەرۆمانی ( **هەڵکشان بەرەو لوتکە**)ی (**عەبدڵلا سەڕاج**)دا، هەژاری وەکوە دەردێکی ناو کۆمە ڵگە پیشان دراوە کە کاریگەری گەورەی لەسەر رەوتی رووداوەکاندا هەبووەو هە روەها کارتێکردنی لە سە ر جووڵەی کارەکتەرەکانیشەوە هەبووە. لەوانەش لەسەر بنەماڵەی (تۆفیق)ی کارەکتەری سە رەکیدا کە رووکارەکانی ئەو هەژاری و دەستکورتییەیان لە جۆری نانخواردنیان پیشان دراوە ، کاتێك شلە ساوە ریان دەبێت، کەچی منداڵەکانی ئەوەندە ئە و جۆرە خواردنە یان خواردووە ، لێی بێزاربوونە ، بۆیە (تۆفیق )ی باوکیان پەنا بۆ فێڵێك دەبات، تا وایان لێبکات نانەکەیان بخۆن ((**لەوکاتە دا، پێشنیارێکم وە بیرهات، چاکتر وایە بڵێم، پیلانێك بۆ هاندانی منداڵەکانم تاوەکو شلە ساوەرەکەیان دەرخوارد بدە م و لەبنی بێنن. گوتم: وەرن گرەوێك بکەین**)) (هەڵکشان بە رەو لوتکە ل 31).لێرە دا باوکیان بە هۆی فرت و فێڵەوە دەیەوێت برسی نەبن و ئەو خواردنەی بوونی هە یە بیخۆن . ئە و هەژارییە ی (تۆفیق )ی کارەکتەر هەر هی ئەو سەردەمەی نییە، بەڵکو کاتی خۆشی ئەو لە خێزانێکی هەژاردا ژیاوە و تەنانە ت لەبەر هەژاریی و مردنی باوکیدا وازی لە خوێندنیش هێناوە . دیارە مردنی باوکی (تۆفیق ) کاریگە ری گەورەی لەسەر ژیانی ئەو بنەماڵەیە داناوە، بەتایبەتیش بۆ ڕووبەرووبوونەوەی ئەو هە ژاری و نە بوونی و برسێتییە، دایکی (تۆفیق) پە نای بۆ کاری جۆراجۆر بردووە . بەمشێوە یە بە ژیانێکی مە مرەو مە ژی ئە وانی بە خێوکردووە. دیارە ئە و هەژارییە هە ر لەگەڵیاندا بە ردەوام بووە و رواڵە تی ئە و هەژارییە و کاریگەرییەکانی لەسەر دەروونی (تۆفیق) و خێزانەکەی زۆر بووە ((**ــئافرە ت جل وبە رگی جوانیان لەبەرکە نەبادا لە قوتابخانە شەرمەزار بن.**

**خاتە پڕ قوڕگی گریان بوو، هەستم بەوە کردو دڵنەواییم دایەوە.**

**ـ شوكر لە هیچیان كەم نی یە، (هەرچەندە گۆشت گرانە، خۆ نەخواردنی هەرزانە).**

**ـ هەتا كەینێ وابین؟ منداڵەكان وەختە بۆ سیوجگە رێك ، سوێ یان ببێتە وە. خوایە ئە م بێدادی و ستەمە هەتاكەی؟**)) (هەڵكشان بەرەو لوتكە ل145).لێرەشدا سە ختی ژیان و گوزە ران بەهۆی هەژاری و نەبوونی و برسێتی خراوەتەڕوو كە تینی بۆیان هێناوە و تەنانە ت كاریگە ری لەسە ر منداڵەكانیشیان هە بووە. بێگومان بنە ماڵە ی (تۆفیق ) لەگە ڕەكێكی هەژارنشیندا دە ژین و لە گە ڵ ئەوانیشدا كۆمە ڵێك بنەماڵە ی دیكە ی هە ژار دەژین كە رۆماننوس باسیان لێوە دەكات (( **ئە وەی سەرنجم ڕادەكێشێ ئەوەیە كە چوار خێزان لە م كۆڵانە دا ، ژنە كانیان نانە وایی دەكە ن، زینەتی حەمە كۆیی و قزانی رەزا عارەب و سانیەی عەلە گورگە و نە عیمی نووری ساڵح بەگ**)) (هەڵكشان بەرەو لوتكە ل69-70).دیارە ئەو ناوانەی كە رۆماننوس ئاماژەیان بۆ دە كات، بە هۆی نەبوونی و هەژارییەوە سەرەڕای كاركردنیان لە ماڵە وە، یارمە تی پیاوەكانیشیان داوە و كاری نانە واییان كردووە بۆ دابینكردنی ژیان و بەدەستهێنانی دەرامەت. ئەمەش رووكاری هەژاربوونیان دەخاتەڕوو.

لەلایە كی دیكەشە وە رۆم اننوس ئاماژە ی بە دیاردەیە كی دیكە ی ناو كۆمە ڵگە داوە كە ئە ویش كرێچیایەتییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە لە كۆمەڵگە ی ئە و سە ردەمەدا كێشە ی نیشتە جێ بوون هە بووە و خە ڵكانێك لەبە ر نە بوونی شوێنی نیشتە جێ بوونە وە بەدەست ئێش و ئازا رەكانی كرێچیایەتی گیریان خواردووە، لەوانەش (تۆفیق)ی كارەكتەری سەرەكی كە خۆی لە خانووێكدا لە گە ڵ (سالار)ی كارەكتەردا كرێچی بوون، لەدیمەنێكدا خاوەنی ماڵەكە و پری كرێ بە رچاو دەخرێت، كاتێك (سالار) دەچێتە سە ردانیان (( **ـ دە دانیشە ، با وكی نە وزاد وا لای عەلە گورگەیە ، كرێكە ی دەداتێ.**

**ـ بەڕاستی ، لەم كۆشك و هەیوانە، چەندتان لێوەردەگرێ؟**

**ـ زۆری وانی یە. چوار دینار و نیوە.** )) (هەڵكشان بە رەو لوتكە ل115).بەمشێوە یە ئێش و ئازاری كرێچیاتی لەو رۆمانەدا خراوەتەڕوو، ئازاری ئەو كرێچیایەتییەش تەنیا پەیوەست بە هەژاری و نە بوونی و شوێنی نیشتەجێ بوونەوە بێت، بەڵكو پەیوەستە بە و ماوە كاتییە ی كە لەخانووێكدای، چونكە هە ر كاتێك خاوەن ماڵ داوای بكات، دەبێ چوڵی بكەی، بۆیە یەكێك لە ئێش و ئازارەكانی كرێچیایەتی ئەوەیە كە هەمیشە ماڵ و كەلوپەلەكانی ماڵەوت لە ناو ئوتۆمبێلی گواستنە وەیەدایە، لە دیمەنێكدا دیاردە ی گواستنەوەی كرێچی دەبینین، كاتێك ماڵی (تۆفیق ) لە ناو شاری كە ركوكدا بۆ گە ڕەگی (رەحیماوا ) دەگوازنەوە ((**ـ.... ناسیاوێكم ژوورێكی گەورەی لە (رەحیماوا ) بۆم گرتووە، دەڵێ ی چی؟**

**خاتە: پیاوەكە، قسەقسەی خۆتە. تۆ چۆنت پێ باش بێت، ئێمە ئەوەمان دەوێ.**

**ـ من: كەواتە سبەی جومعەیە و دەگوازینەوە ..**

**خاتە: وا بە پەلە!**

**ـ كابرا كلیلەكەی لایە و كرێكەمان لەسەر حسێبە.** )) (هەڵكشان بە رەو لوتكە ل 135)ئیتر لە و شوێنە نوێیەدا دەبنەوە كرێچی، ئەو كرێچیایەتییەیان كاتێك قورستر دەبێت كە (تۆفیق) دەبێتە پێشمەرگە و پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەكات، هەر چەندە لە جێگە ی ئە و (نە وزاد)ی كوری كار دە كات و

ماڵەوە بەڕێوە دەبات، بەڵام کاریگەری کرێی مانگانەکە یان هە ر لەسە رە هە روەها به هۆی پەیوەندی هاورێیەتییە وە ئاماژە به چەند کارە کتە رێك دەکرێت کە ئە وانیش کرێچی بوونە ، لەوانە باس لە (سیامەند)ی کارەکتەر دەکرێت کە بە هۆی کارکردنەوە پەیوەندی هاورێیە تی لەگە ڵ دروستکردبوو . بەشێوەیەکی گشتی لەو رۆمانەدا دیاردەی کرێچی و ئێش و ئازارەکانی خراوەتەڕوو، بەهۆیە وە ئە وەش سەلمێنراوە کە هێشتا خزمە تگوزارییە کانی حکومە ت لە کە رتی نیشتە جێ بوون لە لاوازی دایە و خەڵکانێکی زۆر بەدەست نەبوونی شوێنی حەوانەوە دەناڵێنن و لە وڵاتی خۆیان پارچە زەوییە ك شك نابەن بیکەن بە خانووی خۆیان و تێیدا بحەوێنەوە.

ئەنجامەکان

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا به دەستمانەهێناون، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

1ـ بەشێوەیەکی گشتی رۆمانی کوردی لە م ماوەیەدا هە وڵی داوە رووکاری کۆمەڵگەی کوردی بخاتە ڕوو، کە کۆمەڵگە ی ئەرێنی و نەرێنی زۆری داخراوی قە دەری بووە ، لە م روانگەیەشەوە رۆماننووسان هەوڵیانداوە لەرێگای باسکردنی لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی.....تاد، خەسڵەتەکانی ئە و ج ۆرە کۆمەڵگەیە دیاری بکە ن و رووخسارە کانی ش بکەنەوە.

لەهەمانکاتیشدا باس لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەش بکەن کە لەو ماوەیەدا هاتوونەتە ئاراوە، کە وایان کردووە کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەیەکی وەرچەرخاو نزیک بکەوێتەوە و زەمینە بڕەخسێنێت بەرەو هەنگاونان بۆ کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و کراوە.

2ـ نەخوێندەواری وەکو دەردەو بەڵایەک لەلایەن رۆماننووسانەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە و کاریگەری و کاردانەوەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە روونکراوەتەوە،لەمەشدا هەڵوێستی رۆماننووسان و بەرپرسیارێتییان لەبەرانبەر کێشە و گرفتەکانی تاک و کۆمەڵگە بەرچاو دەکەوێت. لەهەمانکاتیشدا هەوڵەکانی رووبەڕووبوونەوەیان خستۆتەڕوو، کە ئەویش زیاتر بەشێوەی تاک بووە ، بەو واتایەی تاک هەستی بە بەرپرسیارێتی کردووە و هەوڵیداوە ئەو دیاردەیە بنبڕ بکات کە لەلایەن خەڵکێکی دڵسۆزەوە دراوە بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەوارییەوە. لەبەرانبەریشدا هەوڵی حکومەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەخوێندەواری دەبینن، کە ئەو هەوڵە زۆر سست و لاواز بووەو حکومەت بودجەی پێویستی بۆ تەرخان نەکردووە، بەتایبەتیش لەسەرەتاکانی ئەو ماوەیەدا، لەبەرانبەریشدا لە رۆمانی (هەرەس)دا هەوڵی بەرنگاربوونەوەی نەخوێندەواری لەناو شۆڕشدا دەبینین، کە بە شێوازی گرووپە وە پێشمەرگەکان لەناوخۆیاندا یەکتری فێری خوێندەواری دەکەن.

3ـ باری ئابووری لەو ماوەیەدا بەپێی ئەو بارودۆخەی کە لەرۆمانەکەدا لە دوو توێی رووداوەکان و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانەوە خراوەتەڕوو لە هەژاری و بێکاری و ...، ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە ئەو بارە لە هەڵکشان و داکشاندا بووەو سەقامگیری و چەسپاوی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر رەوشی کۆمەڵگە هەبووە، چونکە باری ئابووری بەهۆکاری گەشەسەندن و بنچینەی پێشکەوتن لەقەڵەم دەدرێت. بۆیە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە لە رۆمانەکاندا خراوەتەڕوو ئاستی خۆشگوزەرانی خراپ بووەو داهاتی تاک بەپێی پێداویستییەکان نەبووە. هەروەها کۆمەڵگە زیاتر لە بارودۆخێکی هەژاریدا ژیاوە، ئەمەش بەهۆی باری سیاسییەوە و نەبوونی پلانی گەشەسەندنی ئابووری وڵات بووە. بۆیە بەهۆی باری سیاسییەوە رووکارەکانی هەژاری و بێکاری لە برسێتی و کرێچییەتی و دەستکورتی بەرچاو خراوە.

سەرچاوەکان

یەکەم: بەزمانی کوردی

أـ کتێب:


1. د.ئیبراهیم حەسەن، رەنگدانەوەی کەلەپوور لە رۆمانی کوردیدا، یە کێتی نووسە رانی کورد ـ مەڵبەندی گشتی، هەولێر ، 2012.
2. ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، دەزگای چاپ و بلأوکردنە وەی ئاراس، چاپی پێنجە م، هە ولێر ، 2010.
3. تەها ئەحمەد رسوڵ، فەنتازیای داخراو، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلأوکردنەوەی سلێمانی، 2009 .
4. تیۆدۆر ئەدۆرنۆو ئەوانی دی، کۆمەڵناسی ئە دەبیات، و: هادی محە مە دی، چاپخانە ی بینایی، سلێمانی 2009.
5. حسین عارف، شار، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، 2011.
6. حسام بەرزنجی، کانگەی بەلأ، مطبعة الحوداث، بغداد، 1988.
7. حەننا عەبود، لەبارەی مێژووی رۆمانەوە، و: عەبدوڵلأ رەحمان،چاپخانەی مناره، هەولێر ، 2010.
8. عەزیزی مەلای ڕەش، کوێخا سێوێ، الأمانه العامه الثقافة و الشباب، هەولێر 1986.
9. عەبدوڵلأ سەراج، هەڵکشان بەرەو لوتکە، دار الحريه للطباعة، بغداد، 1989.
10. غەفور ساڵح عەبدوڵلأ، توانەوە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیر، چاپی دووەم، هەولێر 2009.
11. موکری، هەرەس، چاپخانەی یێسارانی، چاپی سێیەم، سلێمانی، 1998.
12. پ.ی. د. نەجم ئەڵوەنی ، بێۆ ری لۆمە ڵناس یرۆمان، چاپخانە ی زانکۆی سە لاحەدین، هە ولێر، 2017.


ب ـ نامەی ئەکادیمی:


13. حەسە ن یوسف کە ریم، رەهەندی کۆمە لأیە تی لە رۆمانە کانی (عە تا نە هایی)دا، نامە ی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، 2012 .
14. عادل مە جید محە مە د گە رمیانی، ریالیزم لە رۆمانی کوردی هاوچە رخ لەعێراقدا، نامە ی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ـ ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا 1996


ج ـ گۆڤار و رۆژنامە:


15. جین پارکینسۆن، لۆکاچ و کۆمە ڵناسی ئە دەبیات، و:ئازاد بە هین، گۆڤاری ( ئاینده )، ژ(96)، ئایاری 2011.
16. مەجید عەبدولڕە حمان، رەگە زی نوێ بۆ نووسینی رۆمان، گۆڤاری (نوسە ری نوێ ) ، ژمارە (45)،مایسی 2009.
17. یوسف رۆستم ئە حمە د، لایەنە میللی یە کان لە رۆمانی هە ڵکشاندا، گۆڤاری (کاروان )، ژمارە(89)، ئەیلوول و تشرینی یەکەمی 1990.


دووەم: بەزمانی عەرەبی:

أـ کتێب


18. بول أرون و الان فيالا، سوسيولوجيا الأدب، ت: د.محمد على مقلد، دار الكتاب الجديد ة المتحد ة، بيروت 2013 .
19. أ.د. سمير ابراهيم حسن، تمهيد في علم الأجتماع، دار المسيره للنشر و التوزيع و ال طباع ة ، عمان ــ الأردن ،2012.
20. ا.د.عبدالله محمد الغزالى، النص الأدبي ــ من الأستجابة الى التأويل، مكتبة افاق، كويت ،2011.
21. ا.د. محمد سعيد فرح،ا.د.مصطفى خلف عبدالجواد . علم اجتماع الأدب، دار المسير ة للنشر و والتوزيع و الطباعة، عمان، 2009.


ج ـ گۆڤار و رۆژنامە:


22. صبرى حافظ، الرواية شكلا أدبيا و مؤسسة اجتماعية، مجلة (الفصول )، المجلد (4)، العدد (1)، اكتوبر، نوفمبر، ديسمبر 1983.

23. لوسيان غولدمان، البنوية التكوينة وتاريخ الأدب، ت:د.علي الشرع، مجله الثقافة الأجنبية، العدد الرابع، السنه الثامنة، بغداد، 1988.
24. فايد محمد، نظرية الرواية لدى جورج لوكاش، مجلة(الرقيم)، العدد(5) ، الربيع 2014.

## REFERENCES

### Books

Abboud, H. (2010). In the history of the novel, translation, Abdulla Rahman, Manara Press, Arbil.

Abdalla, G. S. (2009). Solubility, Ministry of Culture Press, Second edition, Erbil.

Ahmed I. (2010). The labor of the people, Publishing & Distribution Aras, 5th Edition, Arbil.

Aloni,N. (2017). Theory of sociology novel, University Press Salahaddin, Erbil.

Aref, H. (2011). The City, House of Printing and Distribution Aras, Second Edition, Erbil.

Barzanji, H. (1988). Source of the tragic, Al-Houdath Press, Baghdad.

Ederorno et al, T. (2009). Sociology sociology, translation: Hadi Mohamed, Binai Press, Sulaymaniyah.

Hassan, I., (2012). Reflection of Heritage in the Kurdish Novel, Kurdish Literary Union General Center, Erbil.

Malrach, A. S. (1986). General Secretariat of Culture and Youth, Erbil.

Rasoul, T. A. (2009). Fantasia closed, Directorate of print and distribution Sulaymaniyah,.

Siraj, A. (1989). Upgrade Towards the Summit, Dar Al-Huria for Printing, Baghdad.

Mukhery, (1998). Setback, Btassarani Printing Press, Third Edition, Sulaymaniyah.

### B -Academic Research

Karim,Hassan Youssef,(2012).Social Dimensions in Novels (Atta Nuhayi), Master Thesis, Faculty of Languages, Salahuddin University,

Khermiani,Adel Majeed Mohammed, (1996).Realism in Contemporary Kurdish Novel in Iraq, Master Thesis, Faculty of Education Ibn Rushd, University of Baghdad.

### C - Newspapers and magazines

Abdel Rahman, Majeed, (2009).The New Element in Novel Writing, Journal (New Writer), Issue (45), May.

Ahmed, Yusuf Rustam (1990).The Popular Cases in the Upgrade Novel, "Karwan," No. 89, September and October.

Tharkinson,Jane, (2011). Lukas and Sociology Literature, Translated by: Azad Bahin, Journal (Future), Issue (96), May.

**Second: In Arabic**

**A- Books**

Arun, Paul & Fiala, Alan, (2013).Sociology of Literature, translated by: Dr. Mohamed Ali Mekled, New United Book House, Beirut.

Farah, Mohamed Saeed, Abdel-Gawad, Mostafa El Khalaf, (2009). Sociology of Literature, Dar Al-Messayra for Publishing, Distribution and Printing, Amman.

Ghazali, Zabdallah Mohamed, (2011). Literary Text of Response to Interpretation, Afaq Library, Kuwait.

Hassan, Samir Ibrahim, (2012).Timed in Sociology, Dar Al-Mesireh for Publishing, Distribution and Printing, Amman Jordan.

**B - Newspapers and magazines**

Goldman, Lucian, (1988).The Structural Structure and the History of Literature, Translated by: Dr. Ali Shara, Journal of Foreign Culture, No. 4, 8th Year, Baghdad.

Hafez, Sabri, (1983).The Narrative of a Literary Form and a Social Institution,seasons Journal, vol. 4, No. 1, October, November, December

Mohammed, Fayed, (2014).The Theory of Novelism by George Lukasz, Al-Raqim Magazine, Issue (5), Spring

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 416–453
http://www.ijoks.com

# The Patterns of spending time among Ayyubid Kings in Bilad Al-Sham and Al-Jazeera (589_658 A.H/ 1193_1259 A.D)

*Ako B. Muhammad*[1] *Muhsin M. Muhammad*[2]

**Received**: Feb23, 2018 **Reviewed**: Mar11, 2018**Accepted**: Mar19, 2018

## Abstract

This research is an attempt to illustrate general image of the pattern of spending time among the Ayyubid Kings in Bilad Al-Sham and Al-Jazeera (589_658A.H/ 1193_1259 A.D). In the present paper, the light is shed on their private, secret and formal lives, away from political and military lives by examining how they spent their holidays and leisure times. All this information is supported by a bunch of resurces in which some of them were primary that have been obtained from their period.Although Ayyubid Kings were fighting and struggling in civil war and they were in continuous war against crucifiers; and other who headed towards their region, these were not barriers to spend their normal lives and they brought leisure to their lives. However, some of them spent their lives in various patterns; for instance, doing some physical and ethical activities such as hunting, riding horses, playing Polo (suljan), target shooting, and other mental or intellectual gammes (chess and backgammon). In addition, they spent a lot of money in their mansion for relaxation and happiness, such as participating in philosophical and intellectual meetings. Moreover, they were also listening to songs and music and dedicating a special time for wine drinking. Besides those, they had many particular trips, picnics and vacations to stunning and wonderful places to have some fun.

**Keywords:**Ayyubid Kings, Bilad Al- Sham, Al- Jazeera, Pattern, Leisure time, Crucifier

**Recommended citation:**

Muhammad A. B. & Muhammad M. M. (2018). The Patterns of spending time among Ayyubid Kings in Bilad Al- Sham and Al- Jazeera (589_658 A.H/ 1193_1259 A.D). *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 416–453. doi: 10.21600/ ijoks.454465

[1] Prof. Dr., University of Salahaddin, Collage of Arts, Erbil, KRG, Iraq, E-mail: ako.muhamad1@su.edu.krd
[2] Asst. Lecturer, University of Salahaddin, Collage of Arts, Erbil, KRG, Iraq,
E-mail: muhsin.muhammad@su.edu.krd

# شێوازەکانی کات بەسەر بردنی مەلیکەکانی ئەیوبی لە ناوچەکانی شام وجەزیرە

**(589_658ك/ 1193_1259ز)**

**پ.د. ئاکۆ برهان محمد م.ی. محسن مامل محمد**

**زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئەدەبیات**

## پوختـــــە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی وێنەیەکی گشتگیری شێوازەکانی کات بەسەر بردنی مەلیکەکانی ئەیوبی لە ناوچەکانی شام وجەزیرە(589_658ك/1193_1260ز)، لە ڕێگای بە دوا داچوون وپشکنینی سەر دەقە شاراوەکانی ژیانیان بەوەی چۆن کات و پشووەکانیان بە سەربردووە دوور لە کاروباری فەرمانی لە پرسە سیاسی وسەربازییەکان، هەموو ئەمانەش پشتڕاستکراوەتەوە بە بەڵگە و ئاخافتنی نێو پەراوی سەرچاوەکان کە بەشێکیان بنەڕەتین وهاوسەردەمی ئەوان ئەژمار کراون.

لەگەڵ ئەوەی مەلیکەکانی ئەیوبی سەرقاڵی ململانێی نێوخۆی وشەڕی بەردەوام بوون لەگەڵ خاچییەکان وئەو هێرشانەی لە لایەنانەوە ڕوویان لە ناوچەکانیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەڕو ململانێکان نەیتوانیوە ڕێگرو لەمپەر لەبەردەم پشتگوێ خستنی ژیانی ئاسایی وچێژوەرگرتنی پڕ کردنەوەی کاتەکانیان، بەڵکو هەندێکیان ساتەکانی ڕۆژانەیان بە شێوازی جیاجیا بەسەر بردووە، لەوانە بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی جەستەیی وەکو وەرزشی ڕاوکردن و سوار چاکی و یاری تۆپێنی چۆگان(الصولجان) ونیشانە شکێنی (لعبة البندق) وچەند یارییەکی هزری وزەیی وەك شەترەنج وتاولە(النرد)، لە پاڵ ئەوەش خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لە نێو کۆشك ودەربارەکانیان بۆ خۆشگوزەرانی وئاسودە کردنی وگیانیان وهزری خۆیان وەك بەشدار بوونیان لە دانیشتن وکۆڕی زاناو ئەدیب ورۆشنبیران وگوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی لەگەڵ دانیشتنی تایبەت بە مەیخواردنەوە، سەرەڕای ئەوانەش ئەنجامدانی چەندین گەشت وسەیران بۆ ناوچە دڵڕفێنەکان وهەروەها لەبارەکان بە مەبەستی پشوودان وئاسودەکردنی ناخیان.

## پێشەکی

دیارە مەسەلەی ئاسودەیی وکامەرانیی وکات بەسەربردن یەکێکە لە بابەتە هەستیارەکان، بەتایبەت ئەگەر پەیوەست بێت بەو کارەکتەرانەی کە لە قۆناغە کانی مێژووی ئیسلامدا فەرمانڕەوایان کردووە، ئەوەش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە هەمیشە بە چاوێکی پیرۆزەوە لە کەسانەی ڕوانراوە لە ڕوانگەی ئیسلام، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی کات بەسەر بردن پێداویستییەکی زیندە گی هەموو مرۆڤێکە لە هەر پلە و پایەیەك دا بێت، چ دەسەڵاتدارو زەنگین وخود کەسی ئاسایی، ئەوەش زیاتر لەوەدا گەڵالە بووە کە هەر چەندە لە کرۆکدا خوای گەورە بەندەکانی دروستکردووە بۆ ئەوەی خوا پەرستی وگوێڕایەڵی وبەندایەتی ئەو بکەن، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە ژیانی تایبەتی خۆیان پشتگوێ بخەن، بەڵکو پێویستیان بە پڕکردنەوەی پێداویستی وحەزوو ئارەزوو ویستەکانی ژینی وەك خواردن وخواردنەوەو حەسانەوەو

ئارامکردنەوەی ڕۆح وناخی خەڵک ودڵخۆشبوون وگەڕان وسوڕان وکات بەسەر بردن وپێکەنین وگاڵتە و گەپ هەیە، بەڵام بە جۆرێک بێ زێدەڕۆیی وبەهەدەر دانی تێدا نەبێ، ئەوەش بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە وا هەموو کات بەسەر بردنێک ڕابواردن نیە، بەڵکو هەندێک جار لایەنی ئەرێنیشی هەیە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە داهێنانی کۆڕو کۆبونەوە زانستیەکان لەخود ئەوەی پەیوەستە بە مەشق وڕاهێنان و وەرزش وهونەرەکانی سوارچاکی.

بابەتی خۆشگوزەرانی وەک ئەوانە کاکەی ژیانی خۆشنوودو پڕ لە ڕەفاهیەت بۆ مەلیک ودەسەڵاتداراو خەڵک بە گشتی لە هەموو کات وسانێکدا وا بەستەی چەند پایەو فاکتەرێکە، وەک بەرقەرار بوونی سەقامگیری وئاسایش لە وڵات، ئابوری ئەمە بەهێزە ڕەنگدانەوەی هەبێ لەسەر هەموو کایەکانی ژیان، سەرەڕای ئەوانە ش مەلیک وکار بە دەستان خۆیان ببنە سەرمەشق وچاو ساغ بۆ ئەوەی گەل ومیللەتەکان چاو لەوان بکەن هەروەک دەگوترێت: ((خەڵک لەسەر ڕێچکەوری پاشاکانیان زیاتر بەرو گەورەکانیان))(ابن کثیر، 1988، 186/9).

هەرچی پەیوەستە بە دەوڵەتی ئەیوبی، ئەوا هەل ومەرجی دروستبوونی لەسەر شانۆی سیاسی تا ڕادەیەک جیاواز بووە لەگەڵ شێوازی بەڕێوەچوونی دەوڵەتی فاطمی پێش خۆیان وهاوکات دەوڵەتی مەمالیکی دوایان، تەنانەت مەلیک وخاوەندارو بەڕێوەبەرەکانیشی هاو شێوەی ئەوان دەستکراوە و وەک پێویست کاتیان لە بەر دەستدا نەبوو بپرژێنە سەر ژیانی دونیایی وخۆشگوزەرانی وبە هەدەردان، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەواندا خاچیەکان زۆر نزیک بوون لە دەرگاکانیان، ئەوە لە کاتێکدایە بەشێک لە مەلیکەکانیان خەریک بوون بە کێشمەکێش وململانێ لە سەر پرسی دەسەڵات لە نێوان خۆیان، سەرەڕای ئەوەش هەندێکیان خەریکی شەڕو شۆرو قاعیکاری بوون بە رامبەر بە وەی قۆو قەوارە لۆکاڵیانەی ناوچەکە بە تایبەتی ئەوانەی ماکەی هەڕەشە بوون بۆ ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەویان، بەڵام هەموو ئەوانە بە مانای ئەوە نیە کە وا مەلیکەکانی ئەیوبی زێدەڕۆییان نەکردووەو دوور بوونە لە مەسەلەی خۆشگوزەرانی و ژیانی تایبەتی خۆیان، بەڵکو ئەوانیش بە پێی بارودۆخی سەردەم وخولیاو حەزوو ئارەزووی بەشێکیان مەلیکەکانیان سڵیان نەکردووە لە ژیانی دونیایی وهەواو هەوەسە تایبەتیەکانی خۆیان.

لە لایەکی دیکەش، مەلیکەکانی ئەیوبیش وەکو ئەلقەیەکی دانەبڕاوی میللەتانی موسڵمان هەر لە کۆنەوە هەندێک لە شێوازی کات بەسەر بردنی خۆیان هەبووە وەک ڕاو شکارو پێشبرکێی سوار چاکی وشمشێربازی ونیشانە شکاندن، بێگومان ئەوانەش لە بنەڕەتدا شێوازێک بووە لە ڕاهێنان ومەشقی جەستەیی وئامادەکردنیان بۆ مەیدانەکانی جەنگ، لە بەر ئەوەی پەروەردەو پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی ئێمە ماڵباتە دیارەکانی ئێمە مێژووی ئیسلام تەنیا بریتی نە بووە لە پەروەردەکردنیان لە ڕووی هزری، بەڵکو گرنگی دراوە بە مەشق و ڕاهێنانی جەستەیی وهونەرەکانی شەڕکردن، هەموو ئەوانەش زیاتر پێگەیاندنی گەنجان بووە لەسەر ئازایەتی ومەردایەتی ومێخاسی ونەوەک تەنها ڕاهاتنیان لەسەر ژیانی پڕ ڕەفاهیەت وپڕ لە نازو نیعمەت.

جگە لەوەش هەندێکیان لە ئەنجامی تێکەڵاوی وبەریەککەوتنیان لەگەڵ میللەتانی دیکە هاتونەتە ناویان هەندێک بە شێوازی نەمر وهەندێکی دیکە لەسەر ئاستی تاکەکەسی ئەنجامدراون وەک یاری تۆپێنی چۆغان وشەترەنج وتاولە.

سەبارەت بە چوار چێوەی تیۆریەکەوە ئەوا بە پێی کات بە سەر بردنی مەلیکەکان دابەشکراوە بۆ پێشەکیەک و دوو تەوەرە لەگەڵ چەند دەرئەنجامێک کە لە کۆتاییدا خراوەتە ڕوو، ئەوەتا لە تەوەرەیەکەمدا جەخت کراوەتە وە لە و کات بەسەر بردنانەی بە شێوەیەکی جەستەی وکردارەکی بە یاری ئەنجامدراون وەک ڕاو کردن، سوارچاکی، یاری تۆپێنی چۆغان (صولجان)، نیشانە شکاندن لەگەڵ گەشت وسەیران، لە پاڵ ئەوەش بابەتی

تایبەتنەرخانکراوە بۆ ئەو لایەنی زەمینەکانەی کە پشت ئەستورە بە زیەکی ولەقاتووی وبە ە ەکنی ئەنجامدراون وە ك شە ترەنج وطاولە . هاوکات لە تە وەرەی دووەمدا تەشك خراوەتە سە ر دانیشتە نەکانیان لە کۆری زانا وئە دیب وە ۆنراوە بێژان، لەگە ڵ دانیشتنە تایبەتنەکانی وەك گوێگران لە مۆسیقاو گۆرانی ومەیخواردنەوە.

## یەکە م/ کات بە سە ر بردنە کانی بە ش ێوازی جەستە یی وکردارەك ی وکاری ئەنجامدراون

### 1_ ڕاو کردن

هەڵبەتە مەسەلەیراو وراوشکاریەکانیش بووە لەو کردارە دایەمەزراوانەی هەر لە کۆنەوە بەشێك بووە لە ژیانی مرۆڤایەتی و ئامانج لێی برینی بووە لە دابینکردنی بەشێك لە پێداویستییەکانی ژیان،رۆژانە لە ڕێگایراوکردنی جۆرەها باڵندەو ئاژەڵی کێوی،بەمەشڕاوکردن سەرچاوەیەك بووە بۆ بژێوی ژیان،بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستمانە، بۆ مەلیکەکان ودەسەڵاتداران وەکو گە شت و سە یران وکات بەسەربردن و نیشاندانی تواناو لێهاتنی وکارامە ییان بووە کە تیایدا فە رمانڕەوەو دەست ڕۆیشتووە کان مەشقیان دەکرد لە سە ر سوارچاك ی ، ئارامگرتن، ڕووبەرووبونە وەی برسیەتی وتینوێتی وجولاندنی ئەو ە یرە شاراوەی کە لە ناخیاندا بووە(العباسي، 1989، 267/2).

ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەیە،ڕاوکردن بە گشتی کات بە سە ر بردنێك ی بە سوودە ، لەبە ر ئەوەی خۆشی ووەرزش ومەشق، هەم دەسکەوتیشی تێدایە، بەڵام لە هە مان کاتدا ناکر ێت ئە وەش بە نادیدە بگیرێت،مەبەستمانە لیکە کان ئامانجیان کە ڵك وەرگرتن نە بووە لە گۆشت وبە روو بومەکانی ، بەڵکو زیاتر بۆ خۆشی وکات بەسەر بردن بووە، لە ڕاستیدا ئە و ج ۆرە لە ڕاوەش لە ڕوانگەی ئاینیدا تا ڕادەیەك زۆر پەسند نەبووە، بە جۆرێك کارێکی نەویستراو قێزەون بووە کاری وگاڵتەو لاقرتی بە بونە وەرەکانی خوا ی گە ورە بکرێت وبخرێتە بە ر سیبەری کەوانە وتیرەکان وراوکردنیان بە بێ ئە وەی پێویستی پێیانە وە هە بێت (الطیار، 2003، ص29)، هە روەك پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموێت: ( لا تتخذوا شيئا فيه الروح غرضا )(ابو داود، 1999، 343/4). وێڕای ئەوەش کە م لە دەسە ڵاتدارو فە رمانڕەواکان بە رچاو دەکە وێت، بەتایبە تی لە مێژووی ئیسلامدا حەزو خولیایراوکردنی نەبووبێت، بەڵکو لە نێو پە راوی سە رچاوەکاندا چەند ێن چیرۆك وداستان تۆمارکراون شا یەنی ئە وە دەدەن کە وا بایەخی زۆر بە و چالاکیە دراوەو بەشێك لە کاتەکانیان بۆ تەرخاندەکردووە.

ئەوەتا مەلیکەکانی ئەیوبی وەکو زۆرێك لە خاوەندارو دەسەڵاتدارانی دیکە، لە هە ر کاتێکدا بۆیان ڕەخسا بێت بەشێك لە کاتەکانیان تەرخانکردووە بۆڕاو کردن، بە ش ێوەیەك سە لاحەددین دوای ئاگر بەستی لەگەڵ خاچیەکان لە ساڵی 588ك/1193ز، دووبارە گەڕایەوە دیمە شق ولە و کاتەشدا مەلیك الافضل، مەلیك الظاهر غازیمەلیك الظافر خضرلە گەڵ منداڵەکانی دیکە ی لە تەكیا بوون، دواتر مەلیك العادلی براشی هاتە لای وهەموویان بە یەکە وەڕۆژانە دەردەچوون بۆ گەشت وراوکردن، بە تایبە تی بۆئەو شوێنانەی کە بەشێکی زۆر لە ژیانی مندا ڵی تێیدا بەسە ر بردووە (ابن شداد، 2005، ص ص412-413؛ ابن واصل، 1957، 410/2)، ئە وەش بۆمان بە دیار دەخات نەك تەنها خۆی، بە ڵکو کو ڕو براکانیشی ئارەزوویەکی بێسنوور یان بۆ چا ڵاکیراوکردن هەبووە، تەنانەت هەندێکیان خۆیان ژیانی خۆیان لە پێناویدا داناوە ، هە ر وەك مە لیك المعز ئیسحاق کوری سەلاحەددینخولیای ئارەزووی زۆری بۆراوکردنی هەبووە، بە جۆرێك لە ساڵی625ك/1227ز

بووه قوربانی چالاکی ڕاو کردن، دوای ئەوەی لە سەر پشتی ولاغەکەی گلاو کەوتە بن پێی لەو کاتەی خەریکی ڕاوکردنی نێچیرەکەی بوو (الحنبلي، 1987، ص ص265-266).

لەو کاتەدا ئەو کەل وپەلانەی لە ڕاوەکاندا بەکار دەهێنران هەمە جۆر بوون، وەکو تیر و کەوان، ڕم، لەگەڵ جۆرە چەکێک کە زیاتر بۆ ڕاو کردنی باڵندەکان بەکار دەهێنرا ئەویش بریتی بوو لە دارێکی ناو کلۆر پێدا پارچە کانزای مس وئاسن یاخود پارچە قوری بە ئاگر سورکراوی پێ دەهاویشترا وگە ر بە ر نێچیرەکە کەوتبای بریندار ی دەکرد، لەگەڵ تۆڕ و قولاب ئەوانە زیاتر بۆ ڕاوی ئاو ی بە کار دەهاتن (القلقشندي، 2، 154/1987؛ الهرمزياري، 2012، ص124)، جگە لەوانە ش چەند ین ج ۆر ئاژەڵی ڕاهێنراوی تایبەت بە ڕاوشکاریان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد، لە دیارترینیان (تانج ی) تانژ ی سلوقی[1] بوو، سەرەڕای ئەوەش چەندین جۆر باڵندەی گۆشت خ ۆری چرنوك دڕێژی وەکو بازو شاه ین ودال وهەڵۆ بە کار دەهێنرا، کە هە ر یەکێک لەوانە ش جولە و تایبەتمەند ی خۆیان هە بووەو باشترین جۆرورەگەزەکانی ئەو باڵندانەش سەرچاوەیان هەردوو ولاتی خزرو خوارزم بووە لەگە ڵ چیاکانی دەوروبەری ئەرمینیا (المسعودي، 2005، 269/1؛ الدميري، 2003، 66/2-67).

جێگای ئاماژە پێدانە، هەر یەکێک لەو ئاژەڵانەش لە نزیکەوە سەرپەرشتی وچاودێریان دەکران لە لایەن کەسانی شارە زاو بە ئە زموون، بە جۆرێك هە ر چەشنە لە نەخۆش ی و کە مو کورییەکیان هەبووای نەدەبران بۆ ڕاو تاوەکو بە تەواوی ئامادە دەبوون ورادەهێنران، ئینجا دەبران بۆ ڕاو کردن، وێڕای ئەوەش هەندێك جار نێچیرێکی تایبە ت ئە وە دەکرێت ئە و ئاژە ڵانە ی تایبە ت بوونە بە ڕاوکردن لە نێو دیاری بەهادارەکان بوون کە لە نێوان دەسەڵاتداران بۆ یەکتریان ڕەوانە کردووە ، لە م چوار چێوەیەشدا ئاماژە بەوە دەکرێت خاوەنداری شاری خە لات کۆمە ڵێك دیاری بە نرخ ی بۆ مەلیك العادل ناردووە، لە نێویاندا بازێکی سپی نەوازە بوو کە لە چالاکی ڕاوکردندا بێ رکابە ر بووە (الدواداري، 1972، 161/7). لەبە ر ئە وەی مە لیك العادل ز ۆر تامە زرۆی ڕاو بووە تاوەکو ڕۆژێکیان لەگەڵ کورەکانی بەیەکەوە دەرچوون بۆ ڕاوکردن، لەو کاتەدا مەلیك العادل بازە سپیە نەوازەکە ی هەڵدا بۆ ڕاوەدونانی باڵندەیەك، بەڵام چوو لە سە ر سە ری مە لیك الاوحد نیشت، لە بەرامبە ر ئەوەدا مەلیك العادل بەگاڵتەوەو پێکەنینەوە وگووتی: ((ئە مرۆ بازەکە مان کوندە بەبۆیەکی (پە یۆ) ڕاوکرد)) (الدواداري، 1972، 161/7). لە ڕاستیدا ئە و وتە یە وەکو توانج گا ڵتە ئامێز وا بوو ب ۆ کورەکە ی، لەبە ر ئە وەی بە ژن وبا ڵای کورت بوو، خودان کەسا یەتیەکی بە ە یز و بە شان وشەوکەت نەبوو.

بەدەر لەوە، کاتێك کەژاوەی مە لیك دەردەچوو بە مەبەستی ڕاوکردن بۆ ماوە ی چەند ڕۆژێك ژمارە یەکی زۆر لە دەست وپێوەندە کانی یاوەری یان دەکرد، لە گە ل چێشتلێنەرو پزیشك وچەند خزمەتکارێك کە ئەرکیان هەڵدانی چادرو ڕەشما ڵی تایبە ت بووە بە ڕاو، لە هە مان کاتدا ڕێ و شوێنی پێویستیان دەگرتە بەر بۆ سەلامەتی وپاراستنی گیانی مەلیك،ڕاستە کرداری ڕاوکردن بۆ خۆشی و کات بەسەر بردن بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەتی زێڕینیش بووە بۆ نەیارو دوژمنان بۆ ئەوەی ئەو هەلە بقۆزنەوە بۆ تیرۆرکردن ویەکلاکردنە وەی پرسە کان وە ئێستا نە دی ئامانجە کان (نصار، 1999، ص223)، هەربۆیە ه لێ رەدا نێچیرێکی ی ئە وە دەکرێ ت تە واوی ئامادەکار ی وپێداویستیەکانی تایبەت بە ڕاو کردن، هەر لە کەل وپە ل وسە رجەم پێداویستیەکانی لەلایەن کەسێکەوە سەرپەرشتی دەکرا بە ناوی (امیر شکار ) کاتێك بەرپرسیاریەتی تە واوی ڕاوکردنی مەلیکی لەسەر شان بووە (ابن تغري بردي، د .ت، 184/7)، لە م نێوەندەشدا مە لیك الظاهر غازي خاوە ندار ی حلبکاتێ ك چۆتە ڕاو ژمارە ی ەکی زۆر لە دەست و پ ێوەندە و خزمەتکارەکانی یاوەری کردووە، لە نێویشیاندا چێشتلێنەرەکانی خوانی گە ورەیان بۆ دەکرد، بە تایبەتی ئامادەکردنی گۆشتی وشکراو بە نیسك زۆربەی جار لە کاتی ڕاوکردندا حە زی لێبووە (ابن نظيف الحموي، 1981، ص72).

بە هەمان شێوە مەلیك العزیز محمدی كوڕی عیشی خولیاو ئارەزووی زۆری بۆ ڕاوكردن هە بووە، بە جۆرێك لە ساڵی 634ك/1236ز دەر چووە بۆ ناوچەی حارم[2] بە مەبەستی ڕاوكردن (الحنبلي، 1987، ص 342)، لە وەرزی بەهاردا، لەبەر ئەوەی لە و وەرزەدا تارادەیەك كەش وهەوا لە بارە و زەویەكان دەگەشێنەوەو سەوز هەڵدەگەرێن، ئەوە لە كاتێكدایە ئاژەڵەكانیش ئێن زۆر زیاد دەكات بە هۆی كرداری جوت بوون و زاوز ێوە، ئە وەش وا دەكات بۆ گە ران بە دوای ئاوو سە رچاوەی خۆراك بێنە دەروە، بەمەش پێ دەشت وناوچە چۆڵەوانیەكان پڕ دەبن لە ئاژەڵی كێوی، ئە وەش كارێگەری هەبوو لەسەر كار ئاسانی بۆ ئەو كردارە، بە تایبەتی لە بەرەبەیانی زوو سە رەتای ڕۆژ گونجاوترین كات بوو بۆ چالاكی ڕاوی نێچیرەكان (نوري، 1996، ص117).

كاتێك ڕووبەڕیراوكردن دیاری دەكرا، دوو جۆرراو دەستی پێدەكرد، یەكێكیان ڕاوی باڵندەو بوو كە زیاتر لەلایەن مەلیكەكانەوە بە چەك ڕاو دەكرا لەخود لە ڕێگای باڵندەڕاهێنراوەكانی وەك بازو شاهێن، لە لایەن كەسێكەوە بە سوارە ی ئەسپە وە بازەكە ی دەرفاند وبە دوایدا دەڕۆیشت بۆ ئە وەی شوێنی نێچیرەكە ی لێ وەن نە بێت، ئەمە لە كاتێكدایە بۆ پاراستنی دەستی لە چرنۆكە درێژەكانی دەستێكیشی لە دەست دەكرد، ئەوەی دیكەشیان بریتی بوو لە ڕاوكردنی ئاژە ڵی گەورەی وەك بزنە كێوی ومامز گیاندارە دڕندەكان، مەلیك ودەست و پێوەندەكانی ئەلقە یەكی بازنەیان بەدەوریرووبەڕیراوكردنەكە دروست دەكرد بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە دەستیان دەرنە چێ، لە هە مان كاتدا باڵندە چرنۆك درێژەكانی وەك بازو شاهێنیان هە ڵدەدا بۆ ئە وەی ترس ودڵەڕاوكێ لە نێو ئاژەڵەكان بڵاو بێتەوە، لێرەدا هە موو هە وڵ تەقەلاكانیش بۆ ئە وە بوو كە وا كرداریراوكردنەكە بۆ مە لیك ئاسان بكرێت ودەستی بگات بە نێچیرەكە (ابن منقذ، د .ت، ص194)، لە م چوار چێوەیەشدا مە لیك الناصر یوسف خاوەنداری شام ز ۆر ئارە زوویراوكردنی باڵندەی هە بووە، لە م نێوەندەشدا ە ۆنراوە بێژی دیار ابو عبدالله الكندی(م: 663:1264ز) بە ە ۆنراوە ستایشی كردووە لە سانی لێدان وپێكانی باڵندەیەك بە ناوی(اللكی) لە كاتیراووكردندا، هەروەك ابن الشعار(2005، مج6،ج271/7) دەڵێت:

كوێتی قلوب من عاداك لكی بصرع اللكی لما إن تەیـــــا

فلا زالت سعودك سابقــــات ونجمك فی العلا أبدا مضیك

ملكت الناصرالسلطان عدلا طوێتی بە بساط الارض طیك

وسهم لم یفوقوم حرب فأخطأ لا ومولانا علیـــــــــا

كــأن مجرة الافلاك قوس بكفك أو بنادقە الثریـــــــــا

هاوكات هەندێك لە مەلیكەكان وا سەیریراوكردنیان كردووە كە كات بەسەر بردنێكی خۆشە ، لە هەمان كاتدا مەشق و وەرزشكردنیشە، ئەوەش لە مڕینەی ستایشكردنێكدا كە ە ۆنراوەبێژی دیار شرف الدین الانصاري(م:662ك/1263ز) پەسن وستایشی مەلیك المنصور محمد خاوەندار ی حماه دەكات بەوەی كەوا بۆ هەردوو مەبەستەكە ڕاوی كردووە هەروەك (شرف الدین الانصار ی، د.ت، ص ص 95-98) دەڵێت:

أكملت كل المنــــــاقب ای خی ر ماش وراكب تسابق الوحوش حت ی تخالە كالجنـــــــــــــائب

وكم ضربت علــــیها من حلقە بالـــــمقانب جلبت فیها صنوف الا ضداد كی خی جالــــب

وارتحت للصيد لهـــــوا اذ لم تجد من تحارب

جگە لە وەش مە لیك المعظم كو ڕی مە لیك العادلوە كو براكانی دیكە ی مە لیكی زۆری بە لایپراوكردن هە بووە، ئە وەش لە مێژینە ی گێڕانە وەكاندا ئاماژە بە وەدەكرێت لە سا ڵی 623ك/1226ز كاتێك مەلیك الاشرفی برا ی هاتە سە ردانیكردنی لە شار ی دیمەشق، دوای تە واو بوونی مانگیرەمە زان هەند ێك جار بە یەكە وە دەرچوون ب ۆ ناوچە چۆڵەوانیەكان بە مەبەستی ڕاوكردنی ئاژەڵی كێوی (ابن واصل، 1957، 180/4).

شایانی باسە، كاتێك وڵات تووشی بارودۆخێكی نالەبار یاخود ە ێرش و پە لاماری دەرەكی دەبێتەوە وا دەخوازێ دەسەڵاتداران حەزوو ئارەزووەكانیان وەلاوە بنێن وخۆیان تە رخان بكە ن بۆ دۆزینەوەیرێگە چارەو دەربازكردنی وڵات لەو نەهەمامەتیانە ، بە ڵام ئە وەی لێرەدا جێگا ی سەرنجە مەلیك الجواد یونس كوری مودود(م:641ك/1243ز) دوای لە دەستدانی دیمەشق بۆ بەرژەوەندی مەلیك الصالح نجم الدین ئەیوب بە سنجار(شنگال) قەرەبوو كرایەوە، بەڵام نەیتوانی پارێزگار ی لە شارەكە بكات، لە بەر ئەوەی لە ساڵی 637ك/1239ز بدر الدین لولو خاوەنداری موصل توانی دەست بەسەر شارەكە دابگرێت، چونكە خاوەندارەكە ی لە و كاتە دا خە ریكی ڕاوكردنی ئاژە ڵە كێویەكان بوو لە ناوچە چۆڵەوانیەكان(ابن واصل، 1957، 253/5؛ الذهبي، 2003، 22/14)، سە رەڕی ئە وەش یەكێك لە مێژوونوسە كان جە خت لە وە دەكاتە وە لە بە ر حە زی زۆری بۆ چاڵاكیڕاوكردن، كاتێك بە شنگال قە رەبوو كرایەوە زۆری پێی خ ۆش بوو، لە بە ر ئە وەی ئە و ناوچەیە بەناوبانگ بووە بە زۆری بیستانە كانی وچاڵاكیڕاوكردن تیایدا ئاسان وگونجاوو لە بار بووە (مؤلف مجەول، 2010، ص421).

لە لایەكی دیكەش، هەندێكیان حەزو ئارەزوویەكی زۆریان هەبووە بۆڕاوكردن، لەوانە مە لیك الامجدخاوەندار ی بعلبك (النويري، 2004، 72/29)، هە روەها مە لیك قل ج ئەرسە لان(م:635ك/1237ز) خاوەندار ی حماە (ابن واصل، 1957، 118/4)، ئە وە لە كاتێكدایە مەلیك المجاهد شێركۆی دووەمخاوەندار ی حمص تامە زرۆی چا ڵاكیڕاوكرد بووە ، ئە وەش لە مێژینەی گێڕانەوەكاندا ئاماژە بەوە دەكرێت كە مەلیك الاشرف كوری مە لیك العادل لە سا ڵی 628ك/1230ز هاتە ناوچەكانیژێرهەڵات بۆڕێكخستنی كاروبارەكانی ولە و كاتەشدا بر یار وابوو ناوبراو بیلوەری بكات ولە قەڵای رحبە بگەن بە دیدەنییە كتر، بە ڵام كاتێك گە یشتە قرقیسیا(3) هە واڵی ئە وەی بۆ هات كە مە لیك المجاهد لە كاتیڕاوكردندا كە وتووە لە سە ر پشتی ئەسپەكەی (ابن نظيف الحموي، 1981، ص225). جگە لەوەش مەلیك المنصور ئیبراهیم حە زو خولیایەكی زۆری بۆڕاوشكار هەبووە، هەر بۆیە زۆر جار گەشتی دەكرد بە مەبەستیڕاوكردن و تیایدا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك دەمایەوە، لە بەر ئەوەی ناوچە چۆڵەوانیەكانی حمص پڕ بووە لە ئاژە ڵی كێوی، بە تایبەتی مامز(الحاك، 2000، ص133)، سە رەڕای ئەوەش پێیوانی خ ۆش بووە لەگە ڵ مەلیك الناصر داود كوری مەلیك المعظم، لەم ڕیوەندەشدا مەلیك الناصر داود زۆر جار لە وەرزی بەهاراندا بانگەیشتی دەكرد بە مەبەستیڕاوەرێكردنی لە كەشت وچاڵاكیەكانیڕاوكردندا (الملك الناصر داود، 1992، ص247).

## 2_ سوارچاكی و هونەرەكانی سوارچاكی

دێرەوە سوارچاكی وخودی سوارچاك(4) لە دێ زەمانەوە پێگەیەكی دیارو بەرچاویان هەبووەو لە نێو زۆربەی كۆمە ڵگاكانداو لە هە مان كاتدا گرنگ ی وبایەخ ی زۆر دراوە بە هونە رەكانی چ بۆ مەبەستی شەرو شۆڕیاخود بۆ خۆشی وكات بەسەر بردن.

لە ڕووانگەی ئیسلامیشەوە، جەختکراوە لەسەر مەسەلەی سوارچاکی وتەنانەت ئەرکی پێویست بووە لەسەر شانی هەموو تاکێکی موسڵمانان ڕاهێنان ومەشق لەسەر هونەرەکانی بکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە فێری ئارامگرتن وباوەڕ بەخۆبوون بن، سەرەڕای ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ نەش و نماکردنی جەستە و لایەنی هزری مرۆڤ، لە مێژوونووسەکانیشدا سوارچاکی وئازایەتی هاوشانی یەکتر دەبنە هۆکاری پتەوکردن وتەواوکردنی خودی کەسایەتی بەندەی باوەڕدار (ابن قیم الجوزیة، 1993، ص84).

ئەوەی لێرەدا شایەنی باسە، هیچ کەسێک لە خۆوە خۆرسکانە نەدەبوو بە سوار چاک، بەڵکو دەبوایە بە قۆناغ بەندی وچەند مەرجێکی تایبەتیدا بهاتبایە دی وەکو: لێهاتنی سوار بوونی ئەسپ وهەژاندن وەستان وبردنی، تیر هاوێتنی لەسەر پشتی، شەڕکردن وچونیەتی بە کارهێنانی ڕم، لەگەڵ شەڕکردن بە شمشێر، دوا بە دوای هەموو ئەوانەش، ئینجا دەبوو بە سوارچاکێکی ڕاستەقینە (ابن قیم الجوزیة، 1993، ص 440؛ الاحدب، 1984، ص26 وما بعدها).

لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەش مەلیکەکانی ئەیوبی حەزو خولیای زۆریان هەبووە بۆ ئەو جۆرە لە چالاکی وئەرکانەو تەواوی پێداویستیەکانیان بۆ دەستەبەر کردووە، لە پێشەوەی هەموشیانەوە ئەسپەکان بوون کە لە لایەن کەسانی پسپۆرو شارەزا مەشقیان پێدەکراو لە نزیکەوەش لەلایەن پزیشکی تایبەتەوە چاودێری دەکران، ئەوە لە کاتێکدایە سەرچاوەی سەرەکی ئەو جۆرە لە ئەسپانەش لە بازارەوە دەکران، بە تایبەتی لە خوارووی قەڵای دیمەشق لە نزیک (میدان الاخضر) گۆرەپانی سەوز[5] بازارێکی تایبەت دروستکرا بوو بۆ فرۆشتنی ئەسپ(السامرائي، 2004، ص193)، سەرەڕای ئەوەش زۆر جار ئەسپیرەسەن وپێشبرکێکانیان لەو ئەرکانە بووە کە لەنێو مەلیکەکان بۆیەکتریان ڕەوانەکردووە، ئەوەتا لە ساڵی 610ک/1213ز مەلیک الظاهر غازي خاوەنداری حلب کۆمەڵێک دیاری بە هاداری بۆ مەلیک العادلی مامی نارد کە لە نێویدا پەنجا ئەسپیرەسەنی گرانبەها بوو (ابن واصل، 1957، 220/5).

وێڕای ئەوەش، هەندێک لە مەلیکەکان ئارەزووی زۆریان هەبووە بۆ پێشبرکێی ئەسپسواری، ئەوەتا مەلیک الاشرف لەو کاتانەی لە دمشق بووە لە هەردوو گۆڕەپانی سەوز و گۆڕەپانی الحصی[6] پاش تەواو بوونی مەشقە سەربازیەکان سوارە کانی کۆدەکردەوە بەمەبەستی پێشبرکێی ئەسپسواری (ابن نظیف الحموي، 1981، ص256)، لە م جۆرە ڕۆژانەش خەڵکانێکی زۆر ئامادە دەبوون بۆ دیدەنی وسەیرکردنی ئەو جۆرە لە نمایشانە، تەنانەت زۆرجار وەکو کەرنەڤاڵ وبۆنە بووەو تەواوی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا تیایدا خۆشحاڵ دەبوون (ابراهیم، 2013، ص266).

هەروەها مەلیک المعظم سوار چاکێکی لێهاتووی سەردەمی خۆی بووە، بە جۆرێک لە ساڵی 607ک/1210ز بە سوارەی ئەسپ لە دیمەشقەوە چۆتە ئەسکەندەریە بە ماوەی هەشت ڕۆژ بۆ دیداری مەلیک الکاملی برای (مؤلف مجهول، 2010، ص368)، ئەوەش بە ڕوونی کارامەیی ولێهاتووی ناوبراومان بۆ نیشاندەدات بەوەی سوارچاکێکی لێهاتووی شارەزاو لێهاتوو بووە.

لە لایەکی دیکەش،یاری تۆپێنی چۆغان (الصولجان) یەکێکی دیکە بووە لەو نمایشانەی بەسەر پشتی ئەسپەوە دەکرا، هەروەکو مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و هەم زۆرجار بە مەبەستی بەسەر بردنی کات وساتێکی خۆش ئەنجامیانداوە.

جێگای ئاماژە پێدانە، ئەو یاریە لە بنەچەدا فارسیەو لە داهێنانەکانی ئەوانە(ابن المعتز، د .ت، ص386)، زیاتر بە شێوازی بە کۆمەڵ دەکراو زیاتر تایبەت بووە بە چینی دەسەڵاتداران، بە

جۆرێك لە نێوان مەلیك وگەورە پیاوانی دەوڵەت ودەسـت وپێوەندەكانی ئەنجام دەدرا، هەر یەكێك لەوانەش بەسـوارەی ئەسـپەوە گۆچانێكیان لە دەسـت دا بوو خۆیان خوار دە كردە وەو بە و پە ڕی گورو تینەوە لە تۆپێكی خڕی لە دار تیخود لە ماددەیەكی فلێنە دروسـتكراو یان دەداو ئەسـپە كانیان تاو دەدا بۆ پێكانی ئەنجامەكەو خسـتنی تۆپەكە بۆ ناو گۆڵ (الدیوري، 1418هـ، 217/1؛ نصار، 1999، 245).

لەبەر ڕۆشـنای ئەمەش، بەشێك لە مەلیكە كانی ئەیوبی حەزو خولیای زۆریان هەبووە بۆ ئە و یاریە، لەم پێوەندەشـدا گرنگی وبایەخی زۆریان داوە بە دابینكردنی سـە رجەم پێداویسـتیەكانی لە ئەسـپ وكە ل و پەلە كانی، تەنانە ت چەند ین كارمەندو خومە تگوزاریان تە رخانكرد بوو بـۆ سـەرپەرشـتی كردنی ئەو یاریە كە لە دیوانەكانیان كەسێك بوو پێی دەگوترا (الجوكندار)[7].

لە نێو ئەو مەلیكە ئەیوبیانەی كە بە تامەزرۆی وپەرۆشیەوە ئەو یاریەیان ئەنجامداوە ، مە لیك الافضل خاوەنداری دمشـق كە زۆر كارامەو لێزان بووە لە هونە رەكانی وتەنانە ت زۆر بە باشـی شـارەزا بووە لە بنەماو ئادابەكانی ئەو یاریە وەكو سەلاحەددینی باوكی (الویس، 2003، ص22).

جگە لەوەش مەلیك الظاهر غازي خاوەنداری حلب ئارەزووی زۆری بۆ ئەو جۆرە یاریە هە بووە، بە تایبەتی لە كاتی بۆنەو خۆشیەكان، بە شێوەیەك لە كاتـی لـە دایك بوونی مە لیك الصالح كوری زۆر بەختەوەرو خۆشـحاڵ بووە، لەم پێوەندەشـدا خ ۆی و سـە ربازەكانی جوانترین بە رگیان پۆشیوەو بەیەكەوەڕوویان لە گۆرەپان كردووەو لە وێدا بە خۆشـی و شـاد یاری تۆپێنی چۆغان گوزارشـتیان لە خۆشیەكانیان كردووە(ابن العدیم، 1996، ص446). دوایە لە كاتی بەڕێوە چوونی ئەو جۆرە یاریانەش خە لكانێكی زۆر لە خە ڵكە ڕەشۆكی وئاسا ییەكە بە مەبەسـتی هاندان و خۆشی وەرگرتن دەهاتنە دیدەنیاریەكە و لە ڕێگا ی هوتاف و هاندانە كانیان گروتینی وخۆشـی زیاتریان بە یاریەكە دەبەخشی وپاش تەواو بوونیاریەكە ش وەكو ڕێزلێنانێك بـۆ ئە و مرۆ و سـە ر لەشـكرانە یاریەكی باشیان ئەنجامداوە پلە یان بە رز دەكرایەوەو دیاری گرانبەهاشیان پێ دەبەخشین، لە بەرامبەریشدا ئەو گروپەی دۆراو بوواین دەبوواین سفرە و خوانی گە ورە ئامادە بكات بۆ لایەنی سـەركەوتوو ئامادەبووان، بەمە ش زۆر جار پارە یەكی بێجگار زۆری تێدا خە رج دەكرا (السـامرائي، 2004، ص ص194-195).

وێڕای ئە وەش، زۆرجار لە و كاتانە ی مەلیكە كان كۆك وتە بابوون لە م چەشـنە یاریانە یان بەیەكەوە ئەنجام داوە، ئەوەش لە مێژنامەی گێڕانەوەیەكدا ابن خلكان (1994، 333/5) لە سـا ڵی 633ك/1235ز وەكو شـایەتحاڵێك ئاماژە بە وە دەكات كە لە و كاتە دا لە دمشـق بووە و مانگی ڕەمەزان بوو مەلیك الكامل لە لای مەلیك الاشرف بوو، لە هەمان كاتدا دەڵێت:(( هە موو ڕۆژێك ئەو دووانەم دەبینی لە گۆرەپانی سـە وزی گە ورە بە یەكە وەیاری تۆپێنی چۆغانیان دەكردو كەیفم دەهات بەو هەموو دۆسـتایەتی وریزو خۆشەویسـتیەی لە نێوانیاندا هەبوو)).

نەك تەنها لەگەڵ براكانی، بەڵكو مە لیك الاشرف لە گە ڵ دەسـە ڵاتدار ی ە یزو لایەنە كانی ناوچەكەش یاری تۆپێنی كردووە، بە شێوەیەك لە سـاڵی 627ك/1229ز كاتێك بە خ ۆی و زۆرێك لە مەلیكە كانی ئە یوبی و ژمارە یەك لە مرۆ و سـە ر لەشـكرو سـە ربازەكان هاتبوونە حران بۆهاوكار ی وهەمەهە نگی لەگە ڵ سـە لاجقەیرۆ م بۆڕووبەڕووبونە وەی خەوارزمیەكان، لە م پێوەندە دا مە لیك الاشرف لە گە ڵ علا ء الد ین كیقباد (616-643ك/1219-1236ز) سـو ڵتانی سـەلاجقەیرۆم لە گۆرەپان بە یەكەوەیاری تۆپێنی چۆغانیان ئەنجامداوە تێیدا لە كاتیاریەكە دا سـوڵتان گۆچانەكەی كەوت، مەلیك الاشرف بە خێرای هەڵیگرتەوەو پاكیكردەوە دایەوە دەسـتی، لە بەرامبەردا سـوڵتان نەهاتە خوارەوەو بیانكانە هەڵس وكەوتی كرد، ئە وەش كاریگە ری هە بوو

لەسەر زەمینی خەڵك بەوەپەڕەنگە ئەوپەڕەفتارە کاریگەری هەبێ لە سەر مەلیك الاشرف، بەڵام لە ڕاستیدا ناوبراو لەگەڵ ئەوەی پێگەو باڵا دەستی هەبووە ، کە چی کەسێکی زۆر سادە و خاکی بووە وەك بەشێك لە مەلیکەکانی دیکەی ئەیوبی (مؤلف مجهول، 2010، 382؛ مؤلف مجهول، 2007، ص205).

جگە لەوەش مەلیك الصالح نجم الدین ئەیوب خاوەنداری حسکیف ئارەزووی زۆری بۆ یاری تۆپێنی چۆغان هەبووە، تەنانەت ئامۆژگاری مەلیك المعظم توران شاه کوری کردووە تەنها پشت بەو کەسانە ببەستێ کە شارەزاو لێهاتوو بن لە هونەرەکانی سوارچاکی وڕمبازی ونیشانە شکێنی و یاری تۆپێنی چۆغان (النويري، 2004، 226/29).

بەدەر لەوە، زۆر جار لە کاتی بیستنی هەواڵی سەرنج ڕاکێش و خۆش، بۆ خۆشی دەربڕین لەم جۆرە یاریانە ئەنجامدا، هەروەك مەلیك المجاهد شێرکۆی دووەم خاوەنداری حمص لە کاتی بیستنی هەواڵ مردنی مەلیك الکامل لە ساڵی 635ك/1237ز، داوای لە خزمە تکارەکانی کرد ئەسپی بۆ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بچێتە گۆرەپان و یاری تۆپێنی جۆغان ئەنجام بدات، لە بەرامبەردا کورەکانی زۆر سەرسام بوون بەوەی کە باوکیان لە تەمەنی حەفتا ساڵیدایە و ئەوەندە تامەزرۆی ئەو یاریەی، پاشان ئەوەی بۆ دەرکاندن ئەوە بەهۆی مردنی مەلیك الکامله ، ئینجا بەیەکەوە ڕوویانکردە گۆرەپان ودەستیان کرد بە یاریکردن (ابن واصل، 1957، 176/5؛ الحنبلي، 1987، ص232). ئەوەش ئەوەمان بۆ بەدیار دەخات کە هەندێك لە مەلیکەکان هەر لە منداڵییەوە حەزو تامەزرۆیەکی زۆریان بۆ ئەو یاریە هەبووە، تەنانەت لە کاتی چوونە پێش تەمەنیشدا لە ساتە وەختە خۆشەکانیان نەیان توانیوە دەست بەرداری ببن.

## 3_ نیشانە شکێنی (لعبة البندق)

یەکێکی دیکە لەو چالاکیانەی مەلیکەکانی ئەیوبی خولیایان و ئارەزوویان بۆ هەبووە، ئەویش بریتییە لە نیشانە شکێنی، زیاتر بە تیرکەوانیان خود ئامێرێکی لوولەیی لە دار دروستکراو ئەنجام دەدرا و زیاتر لە کاتی ڕاوکردندا لێزانی وکارامەیی کەسی بە دیار دەکەوت، هەروەها نیشانی ئەوە دەکرێت مەشق وڕاهێنانی بەردەوامیان لەسەر دەکرد، لەم بوارەشدا مەلیك العزیز محمد کوری مەلیك الظاهر غازي خاوەنداری حلب زۆر جار دەهاتە گۆرەپانەکان وکاری نیشانە شکاندنی دەکرد هەروەکو ڕاهێنان وهەروەك خۆشی وکات بەسەر بردن (ابن العديم، 1996، ص481).

جگە لەوەش زۆر پەسن وستایشی مەلیك الناصر یوسف خاوەنداری شام کراوە بەوەی نیشانە شکێنێکی لێهاتوو بووە، بە تایبەتی لە لێدانی نێچیری چۆلەکە و باڵندە (ابن الشعار، 2005، مج6،ج271/7)، بە هەمان شێوە مەلیك العادل کوری مەلیك الاشرف نیشانە شکێنێکی کارامەو لێهاتوو بووە ، لە ڕووی شارەزاییەوە زیاد لە پێویست پێیان هەڵداوە (ابن الشعار، 2005، مج5،ج171/6؛ سلیم، 2013، ص158)،لەوەش زیاتر خەلیفە عەبباسی الناصر لدین الله(575-622ك/1179-1225ز) ئارەزووی نیشانە شکاندنی هەبووە وەك بەشێك لە چالاکی سوارچاکی، لەم بوارەشدا لە ساڵی 607ك/1210ز نامەی ناردووە بۆ لای مەلیك العادل وکوڕەکانی بۆ ئەوەی لەسەر ڕێچکەی ئەو بڕۆن و بیکەنە پیشەی خۆیان لە بەجێگەیاندنی ئەو جۆرە یاریە (مؤلف مجهول، 2010، ص269؛ القلقشندي، 1985، 60/2).

## 4_ یاریە زەمینیەکان ئەوانەی بە پێ ئەنجامدراون

لە پاڵ ئەو چالاکی و یاریانەی پێویستیان بە هێز و توانایەکی جەستەیی زۆر هەیە، ئەوا مەلیکەکانی ئەیوبی هەندێک لە و یاریانەشیان کردووە کە پشت ئەستورن بە زیرەکی و هزرێکی چالاك، ئەوانەی بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و بێدەنگی ئەنجام دراون، وەکو یاری شەترەنج[8] کە لە بنەچەدا یارییەکی هیندییە و بۆ یەکەم جار داهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ کەسێکی ژیر و بلیمەت و کارامە بە ناوی صصه بن داهر الهندي (ابن خلكان، 1971، 357/4؛ القلقشندي، 1987، 158/2).

لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە، هەرچەندە لە چوار چێوەی ئەو یاریانە هەژمار کراوە کە قسە و باسی لەسەرە، بەڵام نەخراوەتە نێو ئەو یاریانەی کە ڕێگەی پێدراو بێت بە یەکلاکەرەوەیەکی حەڵاڵ (القلقشندي، 1987، 159/2)، بەڵام ئەگەر گەیشتە ڕادەی هۆگر بوون و گرەوی پێوە کرا ئەوا کارێکی پەسند و ڕێگە پێدراو نییە (السخاوي، مخطوطة مصورة، ص41 وما بعدها)، سەرەڕای ئەوەش ئەو یارییە زیاتر تایبەت بووە بە مەلیك و دەسەڵاتداران وەك متر لە لایەن چینە ڕەشۆکییە هەژارەکە ئەنجام دراوە، لەم سۆنگەیەوەش دەگوترێت: ((ئەو هەژارەی یاری شەترەنج دەکات وەکو کوێرێك وایە کە سەیری ئەستێرە و هەسارەکان دەکات)) (مصطفى، 1988، 150/2).

لەگەڵ ئەوەی یاری شەترەنج لەلایەن مەلیك و دەسەڵاتداران وەکو خۆشی و کات بەسەر بردن ئەنجامدراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کەلك و سوودی زۆری لێوەرگیراوە لە ڕووی هزری و پلانی سەربازی، لەبەر ئەوەی خۆی لە بنەچەدا زیاتر یارییەکی زەینییە، هزر چالاك دەکات و وریایی زیاد دەکات، ئارامی دانبەخۆداگرتن بەهێز دەکات، سەرەڕای هەموو ئەوانەش فێری هونەرو پلانی شەڕیش دەکات (المسعودي، 2005، 290/4) ئەوەش زیاتر ڕەنگدانەوەی لە کاتی یاری کردنەکەدا دیارە بەوەی لەسەر تابلۆیەك ئەنجامدراوە کە شەست و چوار خانەی لە خۆگرتووە، تێیدا وێنەی دوو دەوڵەتی شەڕکەر نیشاندراوە بۆ هەر یەکەیان بە شانزە پارچە، کە خۆی دەبینێتەوە لە مەلیك و وەزیر و ئەسپ و فیل و قەڵا، لەگەڵ کۆمەڵێك سەرباز لە پێشیانەوە (رجب، 2003، ص345).

لێرەدا بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەوانەش، نابینی ئەوە دەکرێت مەلیك و دەسەڵاتداران بە گرنگییەوە لە یاری شەترەنجیان ڕوانیوە، بە تایبەتی خودی سەلاحەددینی خۆی هەم وەك کات بەسەر بردن هەم بۆ کاتی شەڕو ئامادەکارییەکانی (ابو شامة، 1997، 455/2)، بێگومان ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر کوڕو نەوەکانی، لەبەر ئەوەی زۆر جار بە یەکەوە ساتە خۆشەکانیان بە یەکەوە بەسەر بردووە و لە زۆر کاتیشدا لە تەکیەوە بوون، لە نێوەندەشدا یەکێك لە هۆنراوە بێژەکان بە ناوی محمد کوڕی محمد ناسراوە بە النور الاسعردي(م: 656ك/1258ز) زۆر نزیك بووە لە مەلیك الناصر یوسف خاوەنداری شام و هەندێك جار بە یەکەوە ئەو یارییەیان ئەنجام داوەو لە هۆنراوەیەکدا بۆ گەورەکەی پەسن و ستایشی ئەو یارییەی بۆ کردووەو گوتوویەتی: لە بارەیەوە دەڵێ:

أعجبت إذ لاعبت بالشطرنج من اهوي فأبدى حدوه توريـــــدا

وغدا لفرط الفكر يضرب أرضه بقطاعها لما انثنى مجــــــهودا

فطفقت انشده هناك معـــــرضا وجوانحي فيه تذوب صدودا

رفقا بهن فما خلقنا حديــــدا اوما تراها اعظما وجلــــودا (الصائغ، 1980، ص60)

هەرچی یاری (النرد) تاولەیە، ئەوا لە بنەچەدا فارسییەو لە لایەن ئەردەشێری کوڕی بابك داهێنراوە، هەربۆیە پێی گوتراوە نردشیر (الجواليقي، 1990، ص605) دیارە ئەو یارییەش لە

سەر تابلۆیەکی کراوە کە پێك هاتووە لە دووانزە بەیت کە بە ژمارەی مانگەکانی ساڵ دیاریکراوەو تیایدا بە سێ پارچە دابەشکراوە ئەویش بە ڕۆژەکانی مانگ دیاریکراوە، لەگەڵ دوو زاری چوارگۆشە کە بە هەردوو دیوی دەبوواییە ببایە بە حەوت، بە شێوەیەك شەش بەرامبەر یەکە و پێنج بەرامبەر دووەو چوار بەرامبەر سێیە (القلقشندي، 1987، 2/157-158).

کاتێك دەست بە یاریەکەش دەکرا دەبوواییە هەردوو زارەکە بە ڕاستی ودروستی بجولێنرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای تێبینیە، کارامەی و لێهاتوویی یاریزانەکە نەبوو تیایدا، بە ڵکو زیاتر پشت دەبەسترا بە بەخت وشانس، هەربۆیە لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا لە چوارچێوەی ئەو یاریانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە کە نەفرین ونەویستراو نا پەسندە، لەم ڕووەشەوە پێغەمبەر (د.خ) جەختی لە وە کردۆتە وەیاریکردنی تاولە و هاوشێوەکانی زارەکانی وەکو ئەوە وایە دەست ڕووچوبێ لە گۆشت وخوێنی بە رازو سوور ببێ تێیانەوە هەروەك دەفەرموێت: (من لعب بالنردشير، فكأنما صبغ يده في لحم خنزير ودمه )(مسلم بن الحجاج، د.ت، 1770/4). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە مەلیکەکانی ئەیوبی حەزو ئارەزووی ئەو یاریانە هەبووەو وەکو بەشێك لە کات بەسەر بردنەکانیان ئەنجامیانداوە، بە شێوەیەك مەلیك الامجد بهرام شاه کوڕی فروخ شاه خاوەنداری بعلبگ، حەزوگرییاری تاولە بووە، لە سۆنگەیەوەش ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە ساڵی 627ك/1229ز لە لایەن یەکێك لە خزمەتکارەکانی کۆتایی بە ژیانی هێنرا لە کاتێك لە دانیشتنە شەوەنەکانی کاتێك خەریکی یاری تاولە بوو لەگەڵی یەکێك لە نزیکەکانی (ابن واصل، 1957، 284/4؛ الكتبي، 1974، 190/10).

بە هەمان شێوە مەلیك المعظم خاوەنداری دیمەشق لە و جۆرە یاریانەی ئەنجامداوە، ئەوەش لە مێژنووسە گێڕانەوەکاندا ئاماژە بەوە دەکرێت کە هۆنراوە بێژی دیار ابن عنین (م: 630ك/1232ز) لە ساڵی 616ك/1219ز وازی لە ژیانی دونیایی وخواردنەوەی مەی هێنا، لە بەرامبەر ئەوەدا مەلیك المعظم بوتلێك مەی و تاولەیەکی بۆ نێرەوانە کردو وای نیشاندا کە وازهێنانەکە ڕاست نیە (سبط ابن الجوزي، 1951، ج8،ق606/2؛ النويري، 2004، 64/29). لێرەدا بە لەبەر چاوگرتنی ئەو دۆستایەتی ونزیکیەی کە لە نێوانیان هەردوو لادا هەبووە، ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە ناوابراو ئەو یاریەی ئەنجامداوە، لە بەر ئەوەی لە زۆربەی لە دانیشتنە کانی ابن عنین ئامادەبووەو بەشداری کردووەو بەیەکەوە ساتە خۆشەکانیان بەسەربردووە بە خواردنەوەو یاریە هەمە جۆرەکان.

## 5_ گەشت وسەیران:

دەرچوون بۆ گەشت وسەیران بۆ ناوچە دڵڕفێنەکانی دەوڵەمەند بە باغ و بێستان وئاوی سازگار، جۆرێکی دیکە بووە لە شێوازەکانی کات بە سەر بردن لە لایەن مەلیکەکانی ئەیوبی بۆ ئارامکردن وئاسودە کردنی ناخ و دەروونیان، لەم نێوەندەشدا مەلیك العادل ژیانی پڕ بووە لە خۆشی وچێژ، بە تایبەتی لە وەرزەکانی ساڵدا گەشت وگەڕان و سورانی زۆری دەکرد، بە شێوەیەك لە وەرزی هاویندا ڕووی لە ناوچەکانی شام دەکرد بەهۆی بوونی ئاوی سازگارو سەوزەو مێوە، ئەمە لە کاتێکدا لە وەرزی زستان دەهاتەوە مصر، چونکە ئاووهەواکەی مام ناوەندو لەبار بوو (ابن خلكان، 1994، 78/5).

بەدەر لەوە، هەندێکیان چەندین شوێن و دیمەنی جوان ودڵڕفێنیان بنیادنا بوو بۆ ئەوەی لە کاتی پشوودان بۆ حەسانەوەو کات بەسەر بردن ڕووی تێ بکەن، لەوانە مەلیك الاشرف بە مەبەستی گەشت وسەیران وکات بە سەر بردن ڕوویدە کردە کۆشکی (الدهشة )[9]، کە

کۆشکێکی نەواەزو دڵرفێن بووە لە گوندی الربیع لە دەوروبەری دیمەشق، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی کەش و هەوا لە بارو پڕ بووە لە باغ و بێستان و زۆر گونجاو بووە بۆ پشوودان وحەسانەوە (ابن واصل، 1957، 144/5).

جگە لەوەش لەو کاتەی لە ڕۆژهەڵات بووە شاری سنجاری (شنگال) لە هەموو شوێنەکانی دیکە پێی خۆشتر بووە وەك هاوینە هەوارگە بۆ حەسانەوەو کات بەسەربردن، ئەوەش لە مێژووی گێڕانەوەیەکدا باس لەوە دەکرێت لە ساڵی 621ك/1224ز دوای دەست بەسەر داگرتنی خەڵات، کە ئەوکاتە مەلیك المظفر شهاب الدین غازی برای حوکمی تێدا دەکرد، لەبەر خراپی هەلس وکەوت ومامەڵەی لەگەڵ خەڵکدا دانیشتوانی بە ئاسانی تەسلیمی مەلیك الاشرفیان کرد، بەڵام بۆ پشوودان لە وەرزی زستان ڕووی کردە شاری سنجارو مانگێك مەزانی لەوێدا بە سەربرد (ابن شداد، 1987، ج3،ق197/1-198؛ شمیساني، 1983، ص161).

وەنەبێ مەلیك الاشرف تەنها لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی گەشت وگەڕانی کرد بێت، بەڵکو هەندێك جار ڕووی لە مصر دەکرد بە مەبەستی گەشت وگەڕان، لە م ڕووەشەوە لە ساڵی 619ك/1222ز سەردانی مصری کرد بۆ لای مەلیك الکامل (615_635ك/1218_1237ز) برای، ئەویش لە شارۆچکەی العباسە[10] پێشوازی لێکرد، کە ناوچەیەکی کەش وهەوا لە بارو دیمەنێکی جوان ودڵرفێنی هەبوو(ابن واصل، 1957، 116/4؛ ابراهیم، 2013، ص288).

لە لایەکی دیکە، مەلیك المعظم خاوەنداری دیمەشق، بۆ گۆڕینی کەش و هەواو بەسەربردنی ساتێکی خۆش بە خۆی وخاوخێزان ومنداڵەکانیەوە ڕوویان دەکردە بێستانەکانی القابون لە دەوروبەری دیمەشق، کە لە وێدا کۆشك وتەلاری گەورەی بنیاد نا بوو بە مەبەستی حەسانەوەو پشوودان تێیدا (الصفدي، 2000، 305/13؛ ابن تغري بردي، د.ت، 301/6).

بێجگە لەمەش، مەلیك الحافظ نورالدین ئەرسلان شاە (م:639ك/1241ز) خۆی خاوەنداری قەڵای جعبر بوو، بەڵام زۆربەی کات بە خۆی خاوخێزانیەوە ڕوویان لە شاری عزاز دەکرد لە دەوروبەری حلب بە مەبەستی گەشت وسەیران وکات بەسەربردن، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە ناسرا بوو بە کەش و هەوایەکی لە باری گونجاو، لە هەمان کاتدا پڕ بووە لە باغ وبێستانی گەورە (ابن العدیم، 1996، ص511؛ الدواداري، 1972، 327/7).

بە هەمان شێوە مەلیك العزیز عثمان خاوەنداری بانیاس وتبنین، بەردەوام بۆ گۆڕینی کەش وهەوا وبەسەربردنی کاتێکی خۆش سەردانی بێستانەکانی گوندی بیت لەهیای دەکرد لە دەوروبەری دیمەشق، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە بە زۆری باخچە و ناوبانگ بووە بە بێستانەکانی، تەنانەت لە زۆربەی کاتەکانیەوە ڕووی تێدەکرد تاوەکو لە یەکێك لە سەردانەکانی لە ساڵی 630ك/1232ز هەر لەوێدا کۆچی دوایی کرد (ابن واصل، 2010، 302/2).

لە نێو مەلیکەکانی حمص، مەلیك المنصور ئیبراهیم لە هەموویان زیاتر ئارەزووی گەشت و سەیرانی هەبووە، بە تایبەتی لە وەرزی بەهار بە خۆی خانەوادەکەیەوە ڕوویدەکردە بێستانەکانی ئەشرەفیە لە ناوچەی(الربیع) لە دەوروبەری دیمەشق، بۆ ئەوەی چەند ساتێکی خۆش وەخێتە دی ئەوانە وئارامکردنەوەی دڵ و دەروونی (ابو شامة، 2002، ص ص274-275).

لە لایەکی دیکەش، نەوەکانی تقی الدین عمر ئەوانەی خاوەنداری حماە بوون کردووە هەندێك جار بۆ گەشت و کات بەسەربردن دەهاتنە دیمەشق لە کۆشکی (ابن زنجیلی) دەمانەوە بۆ وەرگرتنی چێژ لە دیمەنە جوان و هەوارە خۆشەکانی ناو کۆشکەکە (ابو الفداء، 1999، 158/3).

## دووەم/ دانیشتنەکانی کات بەسەر بردن

سەبارەت بە دانیشتنەکانی کات بەسەر بردن زیاتر ئەو جۆرە دانیشتانە ن کە مەلیکەکانی ئەیوبی لە کۆشک ودەربارەکانیان یاخود لە سووچی مزگەوت وقوتابخانەکان دوور لە خەڵکی بوونیان بە سیاسەت ومەسەلەی بەڕێوەبردن، بە شێوەیەکی تایبەتمەند لەگەڵ چیرۆک وتوێژە جیاوازەکان هەر لە زانا وبیرمەندو ئەدیب وەونراوە بێژان یاخود خەڵکی ئاسایی بە مەبەستی ئاسودە کردنی ناخ ودەروون وڕاهێنانی هزریان دانیشتوون.

دیارە دانیشتنەکانیش بە پێی کات شوێنەکانی جیاواز بووە، ئەوەتا هەندێکیان تایبەت بووە بە دانیشتنی ئەدەبی ولێکۆڵینەوەی زانستی وئەدەبییان ئەوەتا تایبەت بووە بە کامەرانی وئاسوودەیی وکات بەسەر بردنی تایبەت بە خۆئامادەکردن گوێگرتن لە موسیقاو گۆرانی ومەیخواردنەوە، لێرەدا بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر هەر یەکێک لەو جۆرە دانیشتنانە بە جیا دەخەینەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

### 1_ دانیشتنی ئەدەبی ولێکۆڵینەوەی زانستی

کاتێک باس لە ژیننامەی مەلیکەکانی ئەیوبی دەکرێت وێنەی ئەوە دێتە بەرچاو کە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ژیانیان تەنها بریتی بووە لە شەڕوشۆڕ وخۆبەختکردن لە پێناوی خودا بەرامبەر بەو هێزو لایەنانەی ڕوویان لە ناوچەکانیان کردووە لە سەرووی هەموشیانەوە خاچیەکان ئینجا هێزو لایەنەکانی دیکە، بەڵام لە ڕاستیدا سەردەمیئەوان تەنیا گوزارشت نەبووە لە ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی، بەڵکو سەردەمێکی گەشاوە بووە لە ڕووی زانست وزانیاری وبیرە وەدان بە لایەنی ڕۆشنگەری، ئەوەش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە سەرەمەشقی ڕێبەرانی ئەو دەوڵەتە خۆیان کەسانی ڕۆشنبیرو ئەدیب وەونراوە بێژ بوون وقەڵەم بە دەست وزانست خوازانیان خۆش دەویست وبەردەوام لە خۆیانیان نزیک دەکردنەوەوە، هەموو ئەوانەش زیاتر لەوەدا گەلالە بووە کە خودی مەلیکەکان خۆیان باوەڕی تەواویان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەبووە بەوەی بە ردەوام جەختیان کردۆتەوە لەسەر فێربوون وگەڕان بە دوای زانست وزانیاری (الاتروشي، 2007، ص7). لە م سۆنگەیەشەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی ئەوان بە سەردەمی زێڕینی ناوزەند بکرێت بەراورد لەگەڵ سەردەمی زێڕینی عەبباسەکان، لە قۆناغی یەکەمی دەوڵەت مەداریان.

لەبەر ڕۆشنای هەموو ئەمانەش، بەشێکی زۆر لە مەلیکەکانی ئەیوبی بەو پەڕی ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ زاناو ئەدیباندا دەکردو تەنانەت ژینگەیەکی شایستەشیان بۆ فەراهەم دەکردن، هەر بۆیە نموونەی ئەوە دەکرێت لە کۆشک ودەربارەکانیان زۆربەی کاتی جەمەیان لێ هاتووە لە کەسانی زاناو ئەدیب وپیشتۆل، ئەوەتا مەلیک الظاهر غازي خاوەندار ی حلب کۆشک ودەرباری بەردەوام جەی هاتووە لە زاناو ئەدیب وەونراوە بێژان، بە تایبەتی لە شەوانی جەژنی قوربان لەگەڵ سەرجەم چیرۆک وتوێژەکانی دیکە بە خۆشیەوە گوێگرتن لە هۆنراوەکانیان تەواوی شەوەکانیان دەبردە سەر (ابن واصل، 2، 274/2010؛ ابن الشعار، مج2،ج27/3).

بێجگە لەوەش، مەلیک الظاهر غازي لە دانیشتەکانیدا هەمیشە حەزی لە بە دوا داچوون ودیبەیت وڕاگۆڕینەوە هەبووە لەگەڵ زانایان، بە تایبەتی بۆ بابەتە زمانەوانیەکان، لە م نموونەشدا لە یەکێک لە دانیشتنەکانی مانگی ڕەمەزاندا زانای دیار القاسم بن القاسم الملك ئیال الواسطي(م: 626ك/1229ز) هۆنراوەی لە بارەی جەژنەوە بۆ دەگوت، ئەویش لە بەرامبەر ئەوەدا

پرسیاری لێکرد لە بارەی ڕەگ و ریشە و بنەچەی زاراوەی (العید)، ئەویش زۆر بە لێهاتووییەوە شیکردەوە کە زاراوەکە لە (عود) واتە لە دووبارە گەڕانەوە هاتووە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی وشەسازییەوە نابێت پیتی (و) لەگەڵ بزوێنی کورتی (کسرە) لە دوایەکەوە بێت، هەربۆیە پیتی (و) بووە بە (ی) بۆ ئەوەی گونجاو دروست بێت لە نێوانیاندا (القفطي، 1982، 32/3)، هاوکات ڕۆژی زۆری قەڵەمڕەو بەدەستان و زانستخوازانی ئەو بوارەی دەگرت و بەردەوام ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندو زانایان لە دەربارەکەیدا ئامادە دەبوون ئەویش بەو پەڕی ڕێزەوە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردن و بەدەستکراوەییەوە پێیانی دەبەخشی (ابن الاثير، 1997، 296/10؛ ابو شامة، 2002، ص145).

وە نابێت مەلیک الظاهر غازي لە دانیشتنەکانیدا تەنیا ئارەزووی لە بابەتە زمانەوانییەکان هەبێت، بەڵکو زۆر ئارەزووی گوێگرتن لە فەرموودەی هەبووە و لەم بوارەشدا ئەزموونی باشی هەبووە، تەنانەت حەزو خولیای گوێگرتنی لە ناوەڕۆکی ئەو جۆرە کتێبانە هەبووە کە تایبەت بە فەرموودە نووسراون، لەم نێوەندەشدا لە ساڵی 612ک/1215ز نێردراوی الناصر لدين الله (575-622ک/1180-1225ز) خەلیفەی عەبباسی هاتە حلب بە مەبەستی پێدانی ڕێزلێنان بە مەلیک الظاهر کە لە نێو دیارییەکاندا کتێبێک هەبوو بە ناوی (روح العرفين)[11] تایبەت بوو بە فەرموودە، لە دانیشتنێکدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گەورە پیاوانی دەوڵەت خوێندرایەوە، لەم نێوەندەشدا مەلیک الظاهر غازي بەوپەڕی تامەزرۆییەوە گوێی گرتبوو لە نێردراوی خەلیفە بۆ ئەوەی لە کرۆک وناوەڕۆکی کتێبەکە تێبگات (الذهبي، 2003، 690/13).

لە لایەکی دیکەش، مەلیک العادل هاوشێوەی سەلاحەددینی برای زۆر جار هامشۆی کۆڕو کۆبوونەوە زانستییەکانی دەکرد بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بووە بە بواری فەرموودە، تا جارێکیان لەگەڵ سەلاحەددینی برای چوونە کۆڕ ووانەی زانای دیاری بواری فەرموودەی مصر الحافظ السلفي، لەم ڕووەشەوە باس لەوە دەکرێت کاتێک ئەو زانایە خەریکی وتاردان بوون ئەوان لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد، لە بەرامبەر ئەوەشدا زانای گەورە سەرکۆنەو سەرزەنشتی کردوون بەوەی ئەو باسی فەرموودە دەکات وئەوانیش قسە دەکەن (الذهبي، 2003، 281/15؛ ابن كثير، 1993، ص792). لەو دانیشتنەو ئەو ڕاستییەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کەوا ئەوانیش هاوشێوەی گوێگرو تەواوی ئامادەبووانی دیکە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوەو تەنانەت لەگەڵ ئەو پلەو پایەو دەسەڵاتەی هەیانبووە هیچ جۆرە پەرچەکردارێکیان نەبووە بەرامبەر ئەو شێوە مامەڵەیەی لەگەڵیاندا کراوە، ئەوەش ڕێزو پایەی زانایان نیشاندەدات لە لای مەلیکەکانی ئەیوبی هەمیشە لە نزیکەوە بەو پەڕی شکۆوە مامەڵەیان لەگەڵ کردوون.

ئەوە لە کاتێکدایە مەلیک الاشرف لە دانیشتنەکانیدا زۆر ئارەزووی گوێگرتن لە قورئانی هەبووە، بە دەنگی قورئان خوێنە شارەزاو دەنگ نەوازەکان، بەڵام جارێکیان زۆر توورە بووە لە یەکێک لە قورئان خوێنەکان بە ناوی الضياء بن الزراد الدمشقي (م:620ک/1223ز) کە دەنگ خۆشێکی نەوازەو زانایەکی لێهاتوو شارەزا بووە لە شێوازەکانی خوێندنەوەی قورئان، ئەوەش دوا بەدوای ئەوەهات لە یەکێک لە دانیشتنەکانی پەرداغێک مەی پێداو هەر سەیری دەکرد بۆ ئەوەی بزانێت دەیخواتەوە، دواجار ئەویش خواردیەوە، لە بەرامبەر ئەو ڕەفتارەی مەلیک الاشرف بە توورەییەوە پێی گووت: (( مەی خواردنەوەت پێش هەر سەدو چواردە سورەتی قورئان خست، سوێند بە خوا ئەگەر بێتو سەرپشکم بکەن لە نێوان لەبەرکردنی قورئان وەکو ئەوەی تۆ لەگەڵ تەواوەی موڵک وسامانم، ئەوا لەبەرکردنی قورئانم هەڵدەبژارد))(الذهبي، 2003، 600/13). وێڕای ئەوەش زۆر تامەزرۆی ئەو جۆرە کۆڕو دانیشتنانە بووە کە زیاتر تایبەت بوون بە ئامۆژگاری ورێنمونیکردن، لەم نێوەندەشدا هەندێک جار وەکو خەڵکانی ئاسایی دەچووە کۆڕو دانیشتنەکانی مێژوونووس بیرمەندو زانای دیاری بواری ژیاننامە سبط ابن الجوزي (م:654ک/1256ز) کە یەکێک بووە لە وکەسایەتییانەی لە سەردەمی خۆیدا هاوتای نەبووە لە

ئامۆژگاریکردنی خەڵک، بە جۆرێك لە سێ مانگی ساڵدا بە تایبەتی لە مانگی رەمەزاندا کۆرو دانیشتنە کانی بێجگار قەڵەبالغ بووە و خەڵك تامەزرۆی گوێگرتن لە ئامۆژگاریەکانی بوون (السبکي، 1413هـ، 239/8). هاوکات لە و کاتانە ی لە ڕۆژهەلاتیش بوو بە ردەوام کۆشك ودەرباری بێجگار قەرەبالغ بووە بە ئەدیب وەرزاوە بیژان، لە دکتۆرە تایبەتیەکان مهذب الدین عبدالله بن ابی الحسن ناسراو بە ابن الاردخل (م: 627ك/1231ز) لە دانیشتنە کاندا بە شانازیەوە گوزارشتی لە ئازادی ومەردایەتی مەلیك الاشرفی دەکرد (ابن خلکان، 1994، 336/5).

هەروەها مەلیك المعظم بوو، ئەو وا لەبەر ئەو ئاستە بەرزەی کەوا لە لایەنی زانستی وڕۆشنبیری هەیبووە ناسراوە بە بیرکردنەوی شەرعناسی مالیکی ئەیوبی (ابن تغري بردي، د. ت، 268/6) بەردەوام پەرۆشی دانشتنی کۆرو کۆبوونەوەی زانایان وئەدیبان بووە ، لەم رووەشەوە زۆر جار دەهاتە کۆرو وانەکانی سیف الدین الامدي [12] لە قوتابخانەی (العزیزیة) لە دیمەشق (سبط ابن الجوزي، 1951، ج8،ق294/2)، تیایدا وانەی دەگوتەوە و بە گوتارو قسەکانی هەموانی سەرسام دەکرد بە دەگمەن لە دیبەیتێکی وەهاوە کەسێك دەبینی قسەی لەسەر قسەکانی هەبووایە، بەمەش هەموو لایەکی تووشی شۆك کرد، هەروەها مەلیك المعظم دەهاتە کۆرو وانەکانی وبە تامزرۆیەوە گوێی دەگرت لە قسە و گفتوگۆو دیبەیتەکانی. ئەمە لە کاتێکدایە شارەزایی زۆرەکەی لە بارەی فقە وای کردبوو زۆر تامەزرۆی کفتوگۆو دیبەیتی رووبەروو بێت لەگەڵ زانایانی ئەو بوارە ، لەم رووەشەوە ابن واصل لە گێڕانەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات کاتێك مەلیك المعظم لە ساڵی 623ك/1225ز هاتە شاری قودس بانگەشتی ژمارەیەك لە شەرعناسەکانی کرد کە لە پێشتردا ئاکنجیەکانی باوکم بوو، بەمەبەستی دیدەنی وئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە بارەی بابەتە زمانەوانی وشەرعیەکان (1957، 213/3).

جگە لەوەش کە مەلیك المظفر شهاب الدین غازی(م:645ك/1247ز)خاوەنداری مەیافارقین(سلێفان) لە دەربارەکەیدا زۆر حەزی بە گوێگرتن لە بەسەرهات وچیرۆکی مەلیك تانی پێشینان هەبووە، تەنانەت خۆشی هەندێك جار شان بەشانی ئەوان لەبەر بوونی زانیاری زۆر چیرۆکی پێشینانی گێڕاوەتەوە (الذهبي، 2003، 530/14)، سەرەڕای ئەوەش مەلیك زۆر خۆش بووە لەگەڵ ئەدیب وەرزاوە بیژان بەردەوام لە خۆی نزیك دەکردنەوە وەو لە بەرامبەر پەسن وستایشەکانیان پاداشتی دەکردن، بە تایبەتی شاعیری دکتۆر عز الدین مودود (م:605ك/1208ز) (ابن الفوطی، 1962، ج4،ق367-366/1).

جێگای ئاماژە پێکردنە ، مەلیك الصالح نجم الدین ئەیوب(م:638ك_647/1240_1249) خاوەنداری حصن کێفا(حسکیف) پێچەوانەی بەشێکی زۆر لە مەلیکەکانی ئەیوبی هیچ مەیلی بەلای بابەتە زانستیەکان نەچووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زاناو بیرمەندانی خۆش دەویست وموووچەو ژیانی شایستەی بۆ فەراهەم دەکردن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسامانە ئەوەیە لاوکان نەدەبوو لەگەڵیان دانەدەنیشت مەگەر لەگەڵ هاوبەشە تایبەتیەکانی خۆی نەبێ لە دانیشتنی مەیخواردنەوە (ابن واصل، 2004، 84/6، 88).

لە لایەکی دیکەشەوە مەلیك الناصر داود خاوەنداری الکرك هەمیشە لە کۆرو دانیشتنە زانستیەکاندا زیرەکی ولێهاتووی خۆی بەدیار دەخست، لەم چوارچێوەیەشدا کاتێك لە ساڵی 629ك/1231ز مەلیك الکامل مامی هاتە لای لە قەڵای الکرك، ئەویش لە بەرامبەردا لە بەرامبەر شکۆ خانەدانەکەی کۆبونەوەیەکی گەورەی لە دەربارەکەی رێکخست بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە زاناو شەرعناسەکان کە تێیدا گفتوگۆراگۆڕێکی وەها کرا لە بارەی بابەتە شەرعیەکان، کە تێر لەو کاتەشدا زیرەکی وشارەزایی ناوبراو بەدیارکەوت، کاتێك مەلیك الکامل

وتەواوی ئامادەبووانی دیکە چوونە بەرەی ئەوانەوە و هەمووشیان لە سەر ڕێبازی شافعی بوون، ئەوەش لە کاتێکدا بەرەکەی دیکەیان بە تەنها مەلیک الناصر داود بوو کە هەروەک باوکی لەسەر ڕێبازی ئەبو حەنیفە بوو بەرامبەر هەموویان وەستا بوو بەرگری لە خۆی و بۆچوونەکانی دەکرد بەبێ ئەوەی هیچ کامێکیان پشتگیری بکەن بەرامبەر بە ئەوانەی دیکەیان (ابن واصل، 1957، 14/5).

هەندێك لە مەلیکەکان لە کۆشك ودەربارەکانیان ژمارەی زاناو ئەدیبەکان زۆر زیاتر بووە لە ژمارەی میرو فەرماندەو سەر لەشکرەکان، ئەوەتا لەبارەی مەلیك المنصور محمد یەکەم خاوەنداری حماە دەگوترێت: ((نزیکەی دوو سەد شەرعناس وزمانەوان وئەوانەی خەریك بوون بە فەلسەفەو لۆژیك ئەندازیارو ئەستێرەناس وئەدیب و هۆنراوەبێژ لە خزمەتی دابوون)) (ابن واصل، 1956، 79/4؛ الكتبي، 1974، 12/4).

لە لایەکی دیکەش، دانیشتنە ئەدەبییەکانیش و ئاهەنگی ئێواران زۆری هەبووە، تەنانەت زیادەڕۆی نییە ئەگەر بگوترێت دەگمەن بەرچاو دەکەوێت لە ناو ماڵباتی ئەیوبییەکان بەگشتی مەلیکی بەلای ئەدەب وشیعرو هۆنراوەوە نەچوو بێت، ئەو زیاتر لە ئیگەو پاشخانە زانستی وئەدەبییە سەرچاوەی گرتووە کە وا ناسکیدا ژیاون، هەروەها بەهۆی ئەوەوە دەکرێت دەربارەکانیان ئیوارانی قەرەبالغ بووە بە ئەدیب و هۆنراوەبێژان، بە جۆرێك لەبارەی مەلیك الناصر یوسف خاوەنداری شام دەگوترێت: ((ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و هۆنراوەبێژانی لە خۆی نزیك دەکردەوە و لەگەڵیاندا دادەنیشت، تەنانەت لە خودو زەینی خۆشیدا خۆشەویستی بۆ ئەدەب وشیعر ڕەنگی دابوو و توانای باشی هەبووە لە دانانی کێش وسەروا بۆ هۆنراوەکانی))(العینی، 1992، 142/2). جگە لەوەش لەگەڵ هەندێك لە هۆنراوەبێژەکان پەیوەندییەکی توندو تۆڵی هەبووە تاوەکو کار گەیشتبووە ئەوەی گەر ماوەیەك لە دەرباری دیار نەبوایە ئەوا بە پەرۆشییەوە لە هەواڵی دەپرسی وبەدوایاندا دەنارد، ئەوەش بە ڕوونی بەرجەستە دەبێت لە نێوان مەلیك الناصر یوسف خاوەنداری شام ومجد الدین عبدالرحمن ابن العدیم دیاری ونێردراوی ناردۆتە لای و بە هۆنراوە لە هەواڵی پرسیوە هەروەك دەڵێت:

اقول لدمعی عینی صارت بمهجتی لقد خفت ان تبغض عینی الاقف

فقالت جفونی لا تجف فبعض عبرتی فبشراك قد اوفی قمیص لیوسف (العینی، 1992، 312/3).

بەدەر لە هەموو ئەو جۆرە دانیشتنانەی ئاماژەی بۆ کرا، لە هەندێك دانیشتنەکاندا ڕێگە دراوە بوو وا هەست نەدەکرا لەگەڵ مەلیك دانیشتوون، لەبەر ئەوەی کەش وهەوای پێکەنین وگاڵتەو گەپ باڵی دەکێشا بەسەریدا، ئەوەش بە ڕوونی لە کەسێتی مەلیك المنصور محمد ی دووەم خاوەنداری حماە ڕەنگی داوەتەوە لە دانیشتنی دەربارەکانیدا حەزی لە گاڵتەو پێکەنین بووە و هەمیشە خۆی دەستپێشخەر بووە بۆ ئەوەی دانیشتنەکانی کەشێکی کراوە وەر بگرێت (الصفدي،2000، 9/5).

## 2 _ گۆرانی ومۆسیقا

گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی شێوازێکی دیکەی کات بەسەر بردن بووە لە لایەن مەلیکەکانی ئەیوبی، لەم ڕووەشەوە گرنگی وبایەخی زۆریان داوە بە گۆرانیبێژو مۆسیقاژەنەکان و نزیکیان کردونەتەوە لە خۆیان وبەشدار پێیان کردون لە بەشێك لە دانیشتنە تایبەتییەکانیان، ئەوەش بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە مۆسیقاو گۆرانی بە تایبەتی ئەرتەمی ئاواز و لەسەرخۆ

کارگەری زۆری هەبووە لەسەر هەست و سۆزی ئادەمیزاد، لەم سۆنگەیەوەش بە زمانی هەست و سۆز و ناخ لە مرۆڤ ناوزەند دەکرێت (شلبي، 1986، ص181)، هەربۆیە لێرەدا ئەبینی ئەوە دەکرێت مەلیکەکان و دەسەڵاتداران وەکو چەند لایەکی دووسەرە بەکاریان هێناوە هەم بۆ ئاسودەکردنی دەرون وروح وگیانیان، هەم لە ئاهەنگ وبۆنە و دانیشتنە تایبەتییەکانیان چێژیان لێوەرگرتووە بۆ خۆشی وکات بەسەر بردنیان.

هەندێ لە مەلیکەکانی ئەیوبی گیرۆدەی گوێگرتن لە گۆرانی ومۆسیقا بوون، تەنانەت هیچ کات لە دانیشتنە تایبەتییەکانیان نەبووە مەگەر لە لایەن ئەوانەوە گەرم و گوڕی جۆش وخرۆشی پێبەخشرابێت، بە شێوەیەک مەلیک الافضل خاوەنداری دیمەشق ناسرا بوو بەوەی ئارەزوویەکی بێشوماری هەبووە بۆ گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی لە شەوان ورۆژدا (ابن واصل، 1957، 40/3)، بەڵام تا سەر بەردەوام نەبوو لەسەر ڕووچوون لە ژیانی خۆشگوزەرانی، بەڵکو دواجار وازی لە ژیانی دونیایی هێناو تەنیا خۆی تەرخانکرد بۆ خواپەرستی و نووسینەوەی قورئانی پیرۆز بە دەستی خۆی، بەڵام ئەو هەڵویستە هیچ کارگەری نەبوو لەسەر ژیانی سیاسی وبە ماییەوە پووچی سەری نایەوە.

هەروەها مەلیک الاشرف کوری مەلیک العادل ڕووچوو بوو لە ژیانی دونیایی، بە تایبەتی لە 198، ص297)، تەنانەت 7گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی (ابن العبري، 1992، ص250؛ الحنبلي، لەوکاتانەی لەیەک وتەبا بوون لەگەڵ مەلیک المعظمی برای ساتە وەختە خۆشەکانیان بە خۆشی وچێژ وەرگرتن وگوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی بەسەر دەبرد (ابن واصل، 1957، 180/4).

جگە لەوەش هەندێکیان مەلیکان بەلای مۆسیقادا چووەو تاڕادەیەک شارەزاییان تێدا هەبووە، تەنانەت کاتێک زانیویانە کەسێک بە ئەزموون و شارەزایە ئەوا هەوڵیانداوە پەلکێشی بکەن بۆ ئەوەی کەڵک وسوود لە بەهرەکانی وەربگرن، ئەوەتا مەلیک المعظم خاوەنداری دیمەشق ئارەزووی گوێگرتن لە مۆسیقایی هەبووە، لەم نێوەندەشدا کاتێک گوێبیستی هەواڵی ئەوە بوو کە شمس الدین الخویي (م:637ک/1239ز) هاتۆتە دیمەشق، دەست بەجێ بە دوایدا نارد، ئەویش هاتە دانیشتنەکانی و بە ئامێری قانون مۆسیقای بۆ ژەنی ولەگەڵیدا گۆرانی دەگووت، لە بەرامبەردا مەلیک المعظم خۆشحاڵ بوو بە بەهرەو تواناکانی وداوای لێکرد لەوەری بکات لە کات بەسەر بردنی شەوانەکانی (النويري، 2004، 177/29).

ئەوە لە کاتێکدایە رشيدالدين ابن خليفة (م: 649ک/ 1251ز) وەکو کەسێکی بەهرەمەندو شارەزا لە بوارەکانی پزیشکی وئەندازیاری وئەدەب، پایەیەکی بەرزی هەبوو لە لای مەلیک العادل وکورەکانی، لەگەڵ ئەوەش شارەزاییەکی بێ وێنەی هەبووە لە بواری مۆسیقاو گۆرانی گوتندا، لەم ڕووەشەوە پەسن وستایشی زۆر کراوە بەوەی لەسەردەمی خۆیدا هاوتای نەبووە لە ژەنینی مۆسیقا بە ئامێری عود وهاوکات خاوەن دەنگێکی نەوازەش بووە (ابن ابي اصيبعة، د.ت، ص ص736-739)، هەربۆیە مەلیک المعظم زۆر لە خۆی نزیک کردەوەو بەردەوام بەیەکەوە بوون ولە دانیشتن وکات بەسەر بردنەکانیدا مۆسیقای بۆ دەژەنی وگۆرانی بۆ دەگوت تا جارێکیان مەلیک الکامل میوانی یەکێک لە دانیشتنەکانی بوو لە شاری دیمەشق ابن خليفە بە گۆرانی ودەنگە نەوازەکەی سەرسامی کرد، لە بەرامبەردا مەلیک الکامل ڕێزی گرت وبە پێنج سەد دیناری مصری پاداشتی کرد (ابن ابي اصيبعة، د.ت، ص 739). بە هەمان شێوە، ابو العباس هەزبانی ناسراو بە صلاح الدين اربلي (م: 631ک/1233ز) گۆرانی بێژو هۆزانڤانێکی دیاری سەردەمی خۆی بووەو سەرەتا لە خزمەتی مظفرالدين گوگبوری خاوەنداری هەولێر بووە، پاشان ڕوویکردۆتە ناوچەکانی شام و لە خزمەتی مەلیک القاهر کوڕی مەلیک العادل بووە، لە دوای ئەویش وەک گۆرانبێژێکی نەوازە ساتە خۆشەکانی لە لای مەلیک المغيث کوری مەلیک

العادل بەسەر بردووە و لەوێ ەری کردووە لە گەشت وگەڕانەکانیدا، دوای هەموو ئەوانەش چۆتە مصرو لە لای مەلیك الكامل پایەی بەرزی هەبووە (ابن العدیم، د.ت، 983/2-986؛ الصفدي، 2000، 40/7-41). هەموو ئەوانەش ئەو ڕاستییەمان بۆ بەدیار دەخەن گۆرانیبێژە دەنگ خۆش ونەوازەکان هەمیشە توانیویانە ببنە جێگای ڕێزو زامەندی دەسەڵاتداران وبەردەوام پایەیەکی بەرزیان هەبووە لە لایان.

جێگای ئاماژە پێدانە، هەندێك جار گۆرانیبێژە دەنگ نەوازەکان لە چوارچێوەی دیاری و دیاریدان بوون کە لە نێوان خۆیاندا ئاڵ وگۆڕیان کردووە، لەم نێوەندەشدا مەلیك الناصر داود لە ساڵی 636ك/1238ز سەردانی مصری کردووەو چۆتە لای مەلیك العادلی دووەم لەگەڵ خۆی کۆمەڵێك دیاری بردووە کە یەکێك لە هەندێك قاپ وپەرداغی نەوازەی تایبەت بە مەیخواردنەوە لەگەڵ ژمارەیەك گۆرانیبێژی دەنگ نەوازە کە ئامێری چەنگیان دەژەنی، لە بەرامبەر ئەوەشدا مەلیك العادل بەشێوازێکی گەرمی لێکردو بەهەمان شێوەی ئەو کۆمەڵێك دیاری پێدایەوە (المقریزي، 1997، 389/1).

وە نەبێ تەنها پاڵەوان بۆ مەلیکەکانی ئەیوبی مۆسیقایان ژەنیبێ وگۆرانیان گوتبێ، بەڵکو کچە کەنیزەی جوان ودەنگ خۆشەکانیش لە ناو کۆشك ودانیشتنە تایبەتیەکاندا بە دەنگە نەوازەکانیان گورو تینی زیاتریان داوە بە خۆشی وکات بەسەر بردنەکان، لەم نێوەندەشدا هەر یەکێك لە مەلیکەکان کۆمەڵێك کەنیزە لە خزمەتیاندا بوون، ئەوەتا لە کاتی هاتنی ضیفە خاتونی کچی مەلیك العادل(م:640ك/1242ز) بۆ حلب بە مەبەستی شوکردنی بە مەلیك الظاهر غازي سەد کەنیزەی لەوێ ەری دەکرد گشتیان گۆرانیبێژی دیار بوون لە کاتەکان (ابن واصل، 1957، 214/3). سەرەڕای ئەوەش هەندێکیان لە ڕێگای بەهرەو تواناکانیان لە ژەنینی مۆسیقاو گوتنی گۆرانیدا پایەیان بەرز بووە، ئەوەتا مەلیك العادل کەنیزەیەکی هەبوو بە ناوی فنون کە ناسرا بوو بە (فنون العادلیة)، بە دیاری لە لایەن مەلیك ئیرۆم بۆی هاتبوو ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بوو، لە هەمان کاتدا خاوەن دەنگێکی نەوازەش بوو، هەر بۆیە لە ناو کۆشکدا سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بوو (ابن فضل الله العمري، 1423هـ، 636/10-637).

جگە لەوەش، هەندێ لە مەلیکەکان گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی لە نێو دڵ ودەروونیاندا ئاوێتە ببوو، بە شێوەیەك مەلیك الامجد خاوەنداری بعلبگ شەیدای دەنگی یەکێك لە کەنیزە دەنگ خۆشەکانی بوو کە ناسرا بوو بە (السوداء)، لە دوا ڕۆژەکانی ژیانی جێی هێشتبوو، بەڵام کاتێك گوێبیستی هەواڵی کوشتنی مەلیك الامجد بوو لە ساڵی 628/1230 لە لایەن یەکێك لە خزمەتکارەکانی، دووبارە گەڕایەوە شێوەیەکی کردووە لە داخا بۆ پاشاکەی خۆی دراندو دەستی بە گۆرانی کردو گووتی:

وقد كنت ارجو عطفها ان تلم بي فلا عطفها وافي ولا اجتمع الشمل

فلما احسست بالمات تعطفت علي وعندى من تعطفها شغـــــــــــــل

اتت وحياض الموت بيني وبينها وجاءت بوصل حين لا ينفع الوصل(مؤلف مجهول، 2010، ص386)

هەندێك جار مەلیکەکانی ئەیوبی بەبۆنەی سەرکەوتنەکانیان ئاهەنگی گەورەیان سازدەکرد وتیایدا کەنیزە دەنگ خۆشەکان بە دەنگە پڕ سۆزو نەوازەکانیان ئامادەبوانیان سەرسام دەکرد، لەم نێوەندەشدا مەلیك الكامل دوای وەدەرنانی خاچیەکان لە شاری دمیاط لە ساڵی 618ك/1221ز ئاهەنگ وخوانێکی گەورەی ئامادەکرد بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە مەلیك وکاربەدەستان کە لە نێویاندا مەلیك المعظم خاوەنداری دیمەشق ومەلیك الاشرف

خاوەنداری ناوچەکانی رۆژهەلات ئامادەبوون، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن و ەۆنراوە بێژان، لەم ئاهەنگەدا مەلیک الاشرف داوای لە کەنیزەکەی خۆی کرد بە ناوی (ست الفخر) گۆرانی بۆ بڵێت، ئەویش لە بەرامبەردا هەستا سەرپێی وەستای دەستی دایە ئامێری عودەکەی دەستیکرد بە گۆرانی گوتن وگووتی:

ولما طغا فرعون عكا وقومه وجاء الى مصر ليفسد في الارض

انى نحوهم موسى وفى يده العصا فأغرقهم فى اليم بعضا على بعض

هەڵبەتە ئەو وتانەی کە دەیگوت بێ کاردانەوە نەبوو، لە بەر ئەوەی باسی گەورەی مەلیک الاشرفی دەکرد، هەر بۆیە مەلیک الکامل داوای لیکرد کە بێ دەنگ بێ، دوای ئەوەش فەرمانی بە کەنیزەکەی خۆیکرد گۆرانی بڵێ، ئەویش دەستی دایە عودەکەی وگووتی:

اهل أهل دين الكفر قوموا لتنضرو لما قد جرى فى وقتنا وتجدوا

أعباد عيسى ان عيسى وقومه وموسى جميعا ينصرون محمدا

دیارە ئەو گۆرانیەش بووە جێگای رەزامەندی مەلیک الکامل، لەبەر ئەوەی وتایی هەمەهەنگی نێوان براکانی تیا ئاشکرا بوو بۆ ئامەدانی گەورەکەی، هەربۆیە بە پێنج سەد دینار پاداشتی کرد، هاوکات بە هەمان شێوەی ئە و پاداشتی کەنیزەکەی براشی کرد (الدواداري، 1972، 215/7، ابن اياس، 1975،ج1،ق263/1).

بە دەر لە وەش، هەندێکیان مەست وگێژ رۆدەی گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا بوون، بەشێوەیەک کاتی گوێبیستی مۆسیقا دەبوون و لە وسەرگەردان دەبوون ئاگایان لەدەوروبەری خۆیان نەدەما، هەروەک مەلیک الصالح نجم الدین ئەیوب، کاتێک گوێبیستی گۆرانی دەبو و لە شۆینی خۆی مت دەبوو، تەنانەت ئامادەبووانیش ئەوانەی لەگەڵی بوون وایان دەکرد، وەک بڵێی چۆلەکە بەسەر سەریانەوە وەستا بێت (الحنبلي، 1987، ص381).

### 3_ دانیشتنی مەیخواردنەوە

سەبارەت بە دانیشتنی مەیخواردنەوە، ئەوا بەشێک لە مەلیکەکانی ئەیوبی هاو شێوەی زۆرێک لە مەلیک ورێبەرو کار بەدەستانی پێشوو گیرۆدەی خواردنە وەی مە ی ببوون، ئە مە لە کاتێکدایە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانی بە بەندە کانیکردووە بە ردەوام خ ۆی لێ بە دوور بگرێت، لە بە ر ئە وەی کارو کردە وەی شە یتانە ، هە روەک دەفە رموێت: { يَاأَيُّهَاالَّذِينَآمَنُو اإِنَّمَاالْخَمْرُوَالْمَيْسِرُوَالْأَنْصَابُوَالْأَزْلَامُرِجْسٌمِنْعَمَلِالشَّيْطَانِفَاجْتَنِبُوهُلَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ } (سورةالمائدة،الاية/90)، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای باسە، تەنیا مەلیکەکانی ئەیوبی نە بوون، لە ناو کۆشک(13) و دەربارەکانیان لە دانیشتنە تایبەتیەکانی کات بە سە ر بردنیان مە یان خواردبێتەوە، بەڵکو لە ناوقۆناغە کانی پێش ئە وانیش مە لیک ودەسە ڵاتداران بەشێکیان کاتی تایبەتیان تە رخانکرد بوو ب ۆ مە یخواردنە وە، بە ڵام بە ڕێژەی جیا، ئە وەتا هەندێکیان لە شە و ورۆژدا یەک جار خواردوویانەتەوە، هەندێکیان سێ ڕۆژ جارێک، هەند ێک مانگانە جارێک، تەنانە ت هەندێکیان هەموو کات سەرخۆش وبێهۆش بوون (الجاحظ، 1914، ص ص151-152)، لێرەدا ئەوە بە مانا ی ناوزراندن و تانە تێدان نیە لە خود ی ئە و کەسا نەیان، بەڵکو دوور لە کاریرامیاری

وبەرەوپێشبردن وەك بە شێك لە ژیانی كەسێتی یی تایبەتی خۆیان بە خۆشگوزە رانی وبەشێك لە ساتە وەختەكانی ژیانیان بەوە شێوەیە بەسەر بردووە.

لە لایەكی دیكەش، سەرچاوەی سەرەكی بەرهەمهێنانی مەی وپێكهاتە كانی خود ی ناوچەی شام وجەزیرە بووە، ئەوەی لە كاتێكدا بە شێكی زۆری لە ڕێگا ی بازرگانەكانەوە لە دەرەوە دەهێنراو تەنانەت فرۆشیارەكانیشی لە شوێنێكی دیاریكراو نەدەگیرسانەوە، بەڵكو بە كۆچەو كۆڵانەكان دەسورانەوەو دەچوونە هەموو كونكەلەبەرێكی شارەكان، ئەوەش وایكردبوو نەك تەنها دەسەڵاتداران، بەڵكو خەڵكە گشتی وئاسایەكەش بە ئاسانی دەستیان پێی بگات (عبدالخالق البنا، 2007، ص107)، ئەوە لە كاتێكدا مەسیحی وكرستیانەكانی ناوچەكانی شام وجەزیرە ڕۆڵی ئەرێنیان هەبووە لە بڵاوكردنەوەی مەی و خواردنەوە بەتیبەتی شەكەرەكان، لە هەمان كاتدا بوونی ژمارەیەكی زۆر لە نانەو شوێنی كات بە سەر بردن لەوەرەتەدەر بووە بۆ ئەوەی ئەو جۆرە خواردنەوانە بەر بڵاو بێ بە شێوەیەكی بەرچاو لە نێو خەڵكدا (باشا، 1989، ص ص583-584d. Aix, 1896, p: 645.(؛

بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەوانە، هەندێ لە مەلیكەكان سە ر سە ختانە گیرۆدەو وێڵی مەیخواردنەوە بوون، بە شێوەیەك مەلیك الافضل خاوەنداری دمشق خەڵكەكەی ئومێدی زۆریان لەسە ر هە ڵچن ی بوو لە دوای مردنی سە لاحەددین، بە ڵام بە پێچەوانە وەڕووی كردە ژیانی ڕابواردن وخۆشگوزەرانی وتەواوی كاروبارەكانی مەملەكە تی پشتگوێ خست، بە جۆرێك لە دانیشتنەكانی شەوانەدا تا وەكو بەیانی لە ئەنجامی خواردنەوەی لە ڕادەبەدەر سە ر خۆش وبێهۆش بوو، لە بەرامبەرەشدا لە جیاتی ئەوەپرۆژانە خۆی بە كاروبار ی مەملەكە ت خەریك بكات دەنووست، جگە لە ئەوەش كارگەری زۆری هە بوو لە سە ر ژیانی كەسێتی یی وایكرد نازناوی مەلیكی خەوتوو(ملك النوام ) هە ڵبگرێت (ابن تغري بردي، د .ت، 122/6). جگە لە وەش كەسایەتیەكی ئەوتۆی نەبووە بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر ئارەزووەكانی زاڵ بێ، بەڵكو لە كار ی ڕابواردنوخواردنەوەداكەوتۆتە ژێر كارگەری قسەی كەسانی دیكە، بە شێوەیەك مەلیك العادلی مامیبۆرێك لە ئەوێك لە دانیشتنەكانی خواردنەوەی ئامادە بووەو لە جیاتی ئەوەی ئامۆژگار ی بكات بۆ دوور كەوتنەوە لەو جۆرەڕەفتارانە، بەڵكو هانیداوە بەوەی ئەو ج ۆرە كارانە بە شاراوە ی هیچ جۆرە خۆشیەكی تێدا نییە، هەر بۆیە پێی گوتووە : ((ڕابواردن لە ژێر پە ردەدا ه یچ تام و چێژێكی نییە)) (ابن واصل، 1957، 40/3)، بێگومان ئەوەش زیاتر بۆ ناشیرینكردنی سیماكانی بووە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بە كردەوەكانی دا بچێتەوە، ئەوا ئامۆژگاریەكانی بە هەند وە ر گرتووە زۆربەی كاتەكات خەریكی خواردنەوە بووە.

هەرچی مەلیك الظاهر غازي خاوەنداری حلبە، ئەوا لە ڕووی كەسێتیەوە زۆر جیاواز بووە لە مەلیك الافضل، بەڵام ئەویش گیرۆدەی خواردنەوەی مەی بووە، ئەوەش لە مێژینەی گێڕانەوەیەكدا ابن نظیف الحموي (1981، ص72)، ئاماژە بە وە دەكات مە لیك الظ اهر لە دانیشتە كانیدامەیخواردۆتەوەو تەنانە ت لە گەشتە كانیدا زۆر حە زی لە خواردنی گۆشتی وشكراو(باسترمە) بە نیسك بوو لەگەڵیدا ئارەق ومەیەكی زۆری دەخواردەوە.

بەهەمان شێوە مەلیك الناصر یوسف خاوەنداری شام یەكێتی خۆش بووە لەگە ڵ خواردنە وە، لە م بێوەندەشدا هەند ێك جار لە دانیشتنە كانی كات بە سە ربردندا لەگە ڵ ه ۆنراوە بێژە نزیكەكانی مەی خواردۆتەوە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ئەوەی كە هەندێك لە ه ۆنراوە بێژەكان بە ناو ی سیف الدین علی بن عمر بن قزل (م: 656ك/1258ز) بە بۆنە ی هاتنی جەژنی ڕەمە زان پیرۆزبا یی لێكردووە و هاوكات داوا ی لێكردووووە بە وە بۆنە یەوە مە ی بخواتە وە هەروەك گووتویەتی :

اشرب هنيئا صبحه العيـــد بين غناء وبين تغريـــــــد

سلاف راح من قبل ما عصرت روقها الكرم في العناقيد

فاكتست رقه الصـــــبا وروت لطافة المزن بالاسانـــيد

يسعى بها أهيف تمائلـــــــه أحسن من هزه ة الامالـــيد (ابن قزل المشد، 2002، ص369)

هەر چەندە مەلیك العادل خوی لە هیچ بارێكدا مەی نەخواردۆتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە كورەكانی مەلیك العادل نیوانیان خۆش بووە لەگەڵ خواردنەوە، بە جۆرێك مەلیك الكامل، خواردنەوەو كات بەسەر بردن ببوو بە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی، بە شێوەیەك هەموو ڕۆژێك دوای تەواو كردنی ئەركەكانی وخواردنی ژەمی خواردنی رۆژانەو ئەنجام دانی نوێژی شێوان، هەڵدەستا بە گۆڕینی جلو بەرگی وپۆشاكی خواردنەوەی دەپۆشی[14] وتاوەكو درەنگانێكی شەو خەریكی خواردنەو كات بەسەر بردن بوو (مؤلف مجهول، 2010، ص417). هەروەها مەلیك الاشرف، ئەوا زۆر بە خۆشی ژیاوە، تەنانەت بە شێكی زۆر لە سەرچاوەكان جەخت لەوە دەكەنەوە كەوا ڕووچوو بوو لە ژیانی دونیایی و زۆربەی كاتەكانی بە خۆشی وخۆشگوزەرانی بەسەر دەبرد، بە تایبەتی لە خواردنەوەو گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی (ابن العبري، 1992، ص250؛ ابو الفداء، 1999، 175/3؛ الحنبلي، 1987، ص297).

جگە لەوەش، مەلیك المعظم مەیخۆرێكی بە سەلیقەو دیار بووە، بە تایبەتی لە خواردنەوەی شەربەت وگیراوەی خورماو ئاوی هەنار، لەم نێوەندەشدا زۆر جار كەوتۆتە كێشەو ململانێ لەگەڵ دادوەرەكات بەوەی داوای لێكردوون فتوی خواردنەوەی ئەو جۆرە لە گیراوانەی بۆ بدەن، لە بەرامبەریشدا هەر یەكێكیان كێشەی بوواینەو نەچوبایە ژێر باری بۆچوونەكانی وبە دڵی ئەو قسەی نەكردایە، ئەوا لە كارەكەی دووری دەخستەوە (سبط ابن الجوزي، 1951، ج8،ق674/2). ئەوەتا دادوەری دیمەشق شرف الدین الموصلي(م: 629ك/1232ز) یەكێك بوو لە قوربانیەكانی دەستی ئەو، دوای ئەوەی داوای لێكرد كە خواردنەوەی گیراوەی خورماو ئاوی هەناری بۆ حەلال وڕێگەپێدراو بكات، لە بەرامبەردا ئەویش نەهاتە ژێر باری قسەكانی گووتی: ((لەو بابەتە ناچمە سەر قسەكانی پێشەوا ابو حنیفە، من لەسەر ڕێبازی محمد(د.خ) ئەویش حەرامی كردووە)) (الذهبي، 2003، 878/13)،، سەرئەنجام لەبەر هەڵوێستەكانی لە كارەكەی دووری خستەوە. لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەوانە دەگوترێ مەلیك المعظم بۆیە ئەو مەزهەبی ابو حنیفەی قبوڵكردوەو دەماركیری بووە بۆی، لە بەر ئەوەی خواردنەوەی مەی وگیراوەكان لە ئاوی خورماو هەناری ئاسایی كردووە ئەگەر پێیانەوە سەرخۆش نەبێ (بدوي، 1953، ص10).

سەرەڕای ئەوەش، هەندێك جار بینیویانە ئەوە دەكرێت، خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری مەلیك المعظم كاریگەری هەبووە لە سەر تێكچونی پەیوەندی لەگەڵ براكانی، بە شێوەیەك لە ساڵی 623ك/1226ز مەلیك الاشرف میوانی مەلیك المعظم بوو لە شاری دیمەشق،لەو كات و ساتەشدا نیوانی مەلیك المعظم خۆش بوو لەگەڵ جلال الدین خوارزم شاه، بەڵام لە مێزی خواردنەوەدا بە یەكەوە المعظم ئەوەندە زۆری مەی خواردەوە تاوەكو سەرخۆش وبێهۆش بوو، ئالەم ساتەشدا سوێندی بەسەری سوڵتانی خەوارزمیەكان خوارد، ئەمجارە ئەم ڕەفتارەش بووە جێگای نیگەرانی و تورەبوونی مەلیك الاشرف، هەربۆیە دەست بە جێ ڕوویكردە لای مەلیك الكامل لە مصرو پاشان جۆرێك لە هاوپەیمانیەتی لە نیوانیاندا هاتە كایەوە (النويري، 2004، 89/29). ئەوە لە كاتێكدایە مەلیك الحافظ نورالدین ارسلان شاه خاوەندارێ قەڵای جعبر هاوشێوەی براكانی نیوانی زۆر خۆش بووە لەگەڵ خواردنەوەی مەی، تەنانەت هێندە زۆر

دەخواردە وە تاوە کو دەگە ەشتە ئاستێ بێهۆشبون وسەرخۆشبون، ئە وەش هەند ێك جار ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو بەسەر پێکهوهەڵوێستە کانی بەرامبە ر بە کار بە دەست وکە سە نزیکەکانی (ابن نظيف الحموي، 1981، ص223).

وێڕای هەموو ئەوانەش، ئەبینین ئە وە دەکرێت لە هەند ێك کات وساتدا، بە تایبە تی لە و کاتانە ی مەلیکەکان لێك وتە با بوون وپشتیوانی یەکتریان گرتووە ئە وا هە ر سێ برا بە یەکە وە خواردووانەتەوە، ئەوەش لە مێژینە ی سە رکەوتنیان بە سە ر خاچیەکان وەدەرنانیان لە شار ی دمیاگ لە ساڵی 618ك/ 1221ز، مەلیك الكامل ئاهە نگێکی گە ورەی سازکرد بە ئامادە بوونی هەریەك لە مەلیك الاشرف ومەلیك المعظم برا ی، کە تیایدا بە خواردنە وەی مە ی وئاهە نگ گێڕان گوزارشتیان لە خۆش یەکانی ئە وە سە رکەوتنە کردو وە (الدواداري، 1972، 215/7؛ المقريزي، 1997، 329/1).

لەگەڵ ئەوەی خواردنە وە ببووە پیشە ی هەند ێك لە مەلیکەکان لە دانیشتنە کانی کات بەسەر بردندا، بە ڵام لەگە ڵ ئەوەشدا هە ند ێکیان لە ژێر هە ڕەشە ش ئامادە نە بوون مە ی بخونەوە، ئەوەش لە مێژینە ی گێڕانە وەیەکدا بە ڕوونی بۆمان بە دیار دەکە وێت دوای ئە وەی مێافارقین کەوتە دەست مەغۆلە کان، مە لیك الكامل کو ڕی مە لیك المظفر غاز ی خاوەندار ی شارەکە بە بەندی کەوتە دەستیان وبردیانە لای ە وڵاکۆ کە ئە و کاتە لە ڕوها (ئورفە ) بوو بە مەبەستی دەست بەسە رداگرتنی حلب، لە و سە روبەندەدا ە وڵاکۆ پە رداغێك مە ی پێدا بۆ ئەوەی بیخواتەوە، ئەویش نە یخواردەوەو نکۆڵی لێکرد کە ئە وە شتێکی حەرامە ، دواتر ە وڵاکۆ فەرمانی بە ژنەکەی کرد کە پێی بدات، دووبارە پشتی تێکردو نەیخواردەوە، ئەم هە ڵوێستە ش بووە جێگای تیکەرانی وبە توندترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا کرد تا دوا جار بە خراپترین شێوە ئەشکەنجەیان داو کۆتاییان بە ژیانی ه ێنا (الذهبي، 2003، 899/14).

شایەنی باسە، هەندێك لە مەلیکەکانی ئەیوبی ئامۆژگاری نەوەکانیان کردووە دوورکەونەوەو خۆیان بپارێزن لە مەی خواردنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا مەسەلەی خواردنەوە بۆ خۆیان تێکە ڵ بووە بە بەشێك لە ژیانیان، ئەوەش ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە بە سەر کەسێتی مەلیك الصالح نجم الدین ئەیوب، بە شێوەیەك زۆر بە کەمی تێکەڵاوی خەڵك دەبوو تە نیا ئە وە نە بێ کە لە دانیشتنی مەیخۆرەکان ئامادە دەبوو (ابن واصل، 2004، 88/6)، بەڵگەی دیکەش لە بەردەست دان شایەنی ئەوە دەدەن کە مە یخواردۆتە وە، ئە وەش لە مێژینی گێڕانە وەیەکدا ئاماژە بە وە دەکرێ کاتێك مەلیك العادلی دووەم دەست بەسەر کراوە، هەندێك لە مەمالیکەکان هاتونەتە لای مەلیك الصالح بۆ ئەوەی چارنووسی یەکلابکەنەوە، ئەویش لەو کاتەدا خەریکی خواردنەوە بووە لە یەکێك لە دانیشتنە کانی وفەرمانی پێکردووە ئەو کارە یەکلا بکەنەوەو لە بەندیخانەدا کۆتایی بە ژیانی بهێنن (مؤلف مجهول، 2010، ص462). سەرەڕای ئەوەش لەو ڕاسپاردە یەی بۆکورەکە ی جێیهێشتووە لەویدا لۆمە لیك ئامۆژگار ی لە خ ۆ دەگوێت، یەکێکیان جەختکردنە وەیە لە دوور کەوتنە وە لە مە ی خواردنە وە، لەبە ر ئە وەی بەسە رچاوەی هە موو نەهامەتیە کانی ناوزەند کردووە (النويري، 2004، 29/220-228)، بە ڵام ئە وەی لێرەدا جێگا ی تێڕامانە مە ليك المعظم توران شاە هیچ کامێك لە قسە کانی باوکی لە گو یێ نە گرتووەو بگرە لە وەش زیاتر بە ردەوام خەریکی نواندنی کاری نابەجێ وخواردنەوەی لە ڕادە بەدەری مە ی بووە (سبط ابن الجوزي، 1951، ج8،ق781/2).

**کۆتایی**

توێژەر دوای تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە گەیشت بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1_ مەلیکەکانی ئەیوبی لە کاتی پشووەکانیاندا شێوازی کات بەسەر بردنیان هەمە ج ۆر بووە ، ئەوەتا هەندێکیان لە کۆشك ودەربارەکانیان بووە وەك دانیشتن لەگەڵ ئەدیب و زاناو ڕۆشنبیران ودانیشتنی تایبە ت بە خۆیان، ئە وەی دیکەش یان زیاتر ئە و وەرزش و هونەرانە بووە کە لەگەڵڕۆژگاری ئەوکاتدا گونجاو بووە.

2_ بۆمان بە دیار دەکە وێ لە ش ێوازەکانی کات بە سە ر بردنیان تا ڕادەیەك زێدەڕۆی وبەهەدەردانی زۆری تێدا نەکراوە لەبەر ئەو بارودۆخەی وڵات پێیدا تێپەڕی، بەتایبە تی شە ڕو روبەروبونەوەیان لەگەڵ خاچیەکان وە ئێرە لۆکاڵیەکانی ناوچەکە ولێکشیەو ململانێی ناوخۆ لەسەر پرسی دەسەڵات.

3_ ڕاو کردن یەکێك بووە لەو ئارەزوانەی بەشێکی زۆر لە مەلیکەکان حەزیان پێی بووە ، لە پا ڵ ئەوەش سوار چاکی وکایی تۆپێنی چۆغان هە م وەکو ڕاهێنان ووەرزش ومەشقی سە ربازی هەم وەکو خۆشی وکات بەسەر بردن.

4_ هەندێك لە مەلیکەکان لە دانیشتنە تایبەتیەکانیاندا گیرۆدەی مەیخواردنەوە بوون، بە تایبە تی مەلیك الافضل ومەلیك المعظم، مەلیك الاشرف، بەڵام بەشێکی دیکەیان لە ژیان هە ڕەشەشدا هەرگیز مەیان نەخواردۆتەوەو بە کارێکی ناشەرعی ونەویستراویان لە قەڵەمداوە.

5_ لە کاتی بەشداربوونیان لە دانیشتنە کاتی تایبە ت لەگە ڵ زاناو ڕۆشنبیران بابە تی جیاواز ورژێنراوەو گفتوگۆو دیبەیت وراگۆڕینەوەی لەبارەوە کراوەو بەشێك لە مەلیکەکان بەشدارییەکی ئەرێنی و کارایان تێدا کردووە لەبەر ئەو ئاستە ڕۆشنبیری ومەعریفیەی لە بوارە جۆراو جۆرەکان هەیانبوە.

## پەراوێزەکان

(1) تانژی سلوقی: یەکێکە لە جۆرەکانی سە گ وچەند تایبەتمەندیەکی تێدا هە بووە، لەوانە سەری بچووك بوو، ملی کورت بوو، باڵەکانی کورت بوو، ئە وە لەکاتێکدایە لاقە کانی درێژ بوو، جگە لەوانەش خاوەن لەش ولارێکی رێك وخێرایەکی لە رادە بەدەر بووە، سەبارەت بە ناوەکەشی لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەی سلوق لە وڵاتی یەمەن (القزويني، د.ت، ص45).

(2) حارم: لە بنەچە دا قە ڵایەکی سە ختە دەکەوێتە دەوروبە ری حلب، بە ڵام وەکو ناوچە دەوڵەمەند بووە بە زۆری دارو درەخت و سەرچاوە ئاوییەکانی (ياقوت الحموي، 1995 ، 205/2).

(3)قرقيس: ناوی شار ۆچکەیەکە دەکەوێتە سە ر رووبار ی خابوور نز یکە لە رحبە . ياقوت الحموي،1995، 328/4.

(4) سوارچاك: نازناوێك بووە زیاتر لە دونیای رۆژئاوا ( ئە وروپا) وابەستە ی سیستە می دەرەبەگایەتی بووە لە سە دەکانی ناوە ڕاست، بە تایبە تی لە باشور ی فەرنسا، هە ر سەرکردەیەك دەسکەوت وسەرکەوتنی زۆری وەدەست خستایە ئەو نازناوەی پێ دەبەخشرا، بێگومان زۆرێك لە میرو سەرکردەکان لە ڕێگای کارەکانیان هەوڵیاندەدا بە و نازناوە بگە ن، بە ڵام زۆر بە ئەستەم پێیدەگەیشتن(الغلامي، د. ت، ص35).

(5) گۆرەپانی سەوز: ئەو مەیدانە بوو کەوا هەفتانە دووجار سەر لەشکرو فەرماندەو سەربازەکان تێیدا کۆ دەبوونەوە، بەمەبەستی مەشق وراهێنان ونمایشی سەربازی لە سەر ئەسپسواری و بەکارهێنانی کەل و پەلەکانی شەڕکردن، دیارە لەو جۆرە گۆرپانانەش لە زۆربەی شارەکان هەبوو، ئەوەتا لە شاری دمشق لە خوارووی قەڵاکە بووە، بەڵام لە حلب دەکەوتە بەشی رۆژئاوای شارەکە کە لە لایەن نورالدین محمود دروستکرا بوو کە لە دەوروبەریشیدا دارو درەختێکی زۆر چاندرا بوون، هەر بۆیە بە گورەپانی سەوز ناسرا بوو (ابن شداد : الاعلاق الخطیرە، 1991، خ1،ق81/1).

(6) گۆرەپانی الحصی: ئەو گۆرەپانەش دەکەوتە باشوری شاری دمشق و زیاتر زەوییەکەی چەو زیخ ولماوی بوو، سەرلشکرو سەربازەکان مشق و ڕاهێنان ونمایشی سەربازیان تێیدا ئەنجام دەدا (سوفاجیە، 1936، ص40).

(7) الجوکندار: زاراوەیەکی لێکدراوە پێک هاتووە لە دوو برگە ، جوکان واتە گۆچان، دار هەڵگرو پارێزەری، بەیەکەوە ئەو نازناوە دەدرا بە کەسێک کە دەبووە هەڵگرو پارێزەری گۆچانی مەلیک لە کاتی یاریکردندا (ابن طولون، 1992، ص64).

(8) شەترەنج: زاراوەیەکی فارسیە، لە بنەڕەتدا شەش ڕەنگە ، مەبەست لێی مەلیک و وەزیرو فیل وئەسپ وقەڵاو سەربازە (القلقشندي : 1987، 158/2؛ السخاوي ، مخطوطة مصورة، ص37) خودی دەگوترێ لە بنەڕەتدا لە زاراوەی( شاتورانجا) هندییەوە هاتووە کە بە واتای یاری شەڕ (جەنگ) دێت. (Murray, 1913, p: 50 )

(9) ئەو کۆشکە بە شێوازێکی هونەری زۆر جوان بنیادنراوە لە دیمەشق لە لایەن مەلیک الاشرف، تەنانەت خۆی باس لەوە دەکات تەواوی موڵک و سامانی خۆم فرۆشت لە ڕۆژهەڵات لە پێناوی ئەو دوو شوێنە، ئەو مولکانەش هیچ بەرهەمێکی نیە مەگەر بۆ چێژ وەرگرتن نەبێ لە مانەوەو حەسانەوە تێیدا (ابن واصل، 1957، 144/5).

(10) شارۆچکەی العباسە : دەکەوێتە ولاتی مصرو نێوانی لەگەڵ شاری قاهیرە پانزە فرسخە/90کم، ئەو ناوچەیە ناسرا بوو بە زۆری دار خورماو زەلکاوەکانی بەمەش باڵندەیەکی زۆر روویان تێدەکرد ئەمش کارئاسانی زۆری دەکرد بۆ کرداریراوکردن، سەبارەت بە ناوەکەشی لە عباسەی کچی ئەحمەد بن گولون هاتووە( یاقوت الحموي، 1995، 75/4).

(11) روح العارفین: ئەو کتێبە پێک هاتبوو لە حەفتا فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) کە خەلیفە ناصر لدین الله لە فەرموودە گێڕەوە باوەرپێکراوەکان وەرگرتبوو تێیدا تۆماری کرد بوو، ئەوەش دوا بەدوای ئەوەی خۆی خەریکرد بە کۆکردنەوەو گێڕانەوەی فەرموودە، پاشان داوایکرد ئەو کتێبە لە زۆربەی ولات وهەرێمەکان دابەش بکرێت بۆ ئەوەی هەموو لایەک لە نزیکەوە پێی ئاشنا بن وبیخوێننەوە. (بڕوانە: ابن واصل،1957، 228/3-233).

(12) ابوالحسن عەلی کوری کوری عەلی کوڕی محمد، لە ساڵی 551ک/ 1156 لە دایک بووە، چەندین شوێنی گەراوە وەکو بغداد، شام، مصر، خاوەنی چەندین بەرهەمی دانسقەو نەوازەیە لە بارەی فەلسەفەو لۆژیک، لەوانە (لباب الالباب في المنطق)،(مأخذ علی المحصول)،( شرح الجدل الشریف)، ( أبكار الافكار)، دواجار لە ساڵی 631ک/1233ز لە دیمەشق کۆچی دوای کرد. (ابن خلکان، 1900 293/3_294؛ المدرس 1983، ص ص382-384).

(13) لە ناو کۆشکەکاندا شوێنێک وەکو پاشکۆی چێشتخانەکان بوو پێی دەگوترا (الشراب خانا ه) کە تێیدا تەواوی خواردنەوە جۆراو جۆرەکانی مەلیکی تێدا ئامادە دەکرا، ئەو شوێنەش لە لایەن

کەسێکی تایبەت سەر پەرشتی دەکرا کە زۆر نزیك بووە لە مەلیك، لە هەمان کاتدا چەند خزمەتکارێکی لە ژێر دەستدا بووە کە پێیان دەگوترا (شراب دار) کاتێك ئەرك و پیشەکانیان ئەوەتا وگیرانی خواردنەوەکان بووە (القلقشندي، 1987، 9/4، 440/5).

[14] پۆشاکی خواردنەوە: بریتی بوولە جۆرە پۆشاکێکی درەوشاوە یرەنگاورەنگ تایبەت بووە بە مەیخوارکان، وبە پێی جۆری مەیەکەو پێگەی تاك لە نێو کۆمەڵگا گۆرانکاری بە سەردا دەهات، زیاتر لە قوماشی ئەسکەندەرانی وقەدیفە کە لە توك وپەروو باڵی باڵندە و پەلەوەر دروست دەکراو بە زۆری پێك هاتبوو لە شەرواڵێکی شۆڵ و کراسێك کە بە سەر رەوەوە لە کۆرتەك دەپۆشرا (الخطیب، 1996، ص352).

## لیستی سەرچاوەکان

**دەستنوس:**

_ السخاوي: شمس الدين محمد بن عبد الرحمن (ت: 902هـ/1497م)

1_عمدة المحتج في حكم الشطرنج، مخطوطة مصورة، منشور على الموقع الالكتروني www.alukah.net.

**سەرچاوەڕەسەنەکان:**


_ ابن الاثير: ابو الحسن عز الدين بن علي الشيباني الجزري (ت: 630هـ/1232م)

2_ الكامل في التاريخ، تحقبق : عمر عبد السلام التدمري، دار الكتاب العربي، ط 1(بيروت، 1997).

_الاحدب: نجم الدين حسن الرماح(ت: 695هـ/ 1295م)

3 _ الفروسية والمناصب الحربية، تحقيق: عيد ضيف العبادي، وزارة الثقافة والاعلام، (بغداد، 1984).

_ ابن ابي اصيبعة: موفق الدين احمد بن القاسم (ت: 668هـ/1269م)

4 _ عيون الانباء في طبقات الاطباء، تحقبق: نزار رضا، مكتبة الحياة،( بيروت، د.ت).

_ ابن تغري بردي: جمال الدين ابو المحاسن يوسف (ت:874هـ/1469م)

5 _ النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، وزارة الثقافة والارشاد القومي،( مصر، د. ت).

_ الجاحظ: ابو عثمان عمرو بن بحر الكناني (ت:255هـ/ 866م)

6 _ التاج في اخلاق الملوك، تحقيق: احمد زكى باشا، مطبعة الاميرية، ط1( القاهرة، 1914).

_ الجواليقي: ابو منصور موهوب بن احمد بن محمد(ت: 540هـ/1145م)

7_ المعرب من الكلام الاعجمي على حروف المعجم، دار القلم، ط1(دمشق، 1990).

_ الحنبلي: احمد بن ابراهيم (ت: 876هـ/1471)

8 _ شفاء القلوب في مناقب بني ايوب، تحقيق : ناظم رشيد، دار الحرية للطباعة، ( بغداد، 1978).

_ ابن خلكان: ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد (ت: 681هـ/1282م)

9 _ وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان ، تحقيق : احسان عباس، ج 1-3، 1990، ج4 1971 دار صادر،(بيروت،1994).

_ ابو داود: سليمان بن داود بن الجارود الطيالسي(ت: 204هـ/819م)

10 _ مسند ابى داود الطيالسي، تحقيق: محمد بن عبدالمحسن التركي، دار هجر، ط 1( مصر، 1999).

_ الدميري: محمد بن موسى بن عيسى(ت: 808هـ/1406م)

11_ حياة الحيوان الكبرى، دار الكتب العلمية، ط2 (بيروت 2003).

_ الدواداري: ابو بكر بن عبدالله بن ايبك (ت:736هـ/1363م)

12_ كنز الدرر وجامع الغرر (الدر المطلوب في اخبار بني ايوب )، تحقيق : سعيد عبدالفتاح عاشور، دار احياء الكتب العربية،(القاهرة ، 1972).

_ الذهبي: شمس الدين محمد بن احمد عثمان(ت: 748هـ/1347م)

13 _ تأريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، تحقيق : بشار عواد معروف، دار الغرب الاسلامي، ط1( بيروت، 2003).

_ سبط ابن الجوزي: شمس الدين يوسف بن قزاوغلي(ت: 654هـ/1256م)

14 _ مراة الزمان في تاريخ الاعيان، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، (حيدر اباد، 1951).

_ السبكي: تاج الدين عبدالوهاب بن علي( ت:771هـ/1369م)

15_ طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق: محمود محمد الطناحي و عبد الفتاح محمد الحلو، ط 2 ( القاهرة، 1992).

_ ابو شامة: شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي(ت: 665هـ/1266م)

16_ تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعروف بالذيل على الروضتيتن ، وضع حواشيه وعلق عليه: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، ط1 ( بيروت، 2002).

17 _ الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية ، تحقيق : ابراهيم الزيبق، مؤسسة الرسالة،( بيروت، 1997)

_ ابن شداد: بهاء الدين يوسف بن رافع( ت: 632هـ/1234م)

18 _ النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية او سيرة السلطان الناصر صلاح الدين الايوبي، تحقيق: احمد ايبش، (دمشق، 2005).

_ ابن شداد: عز الدين محمد بن علي بن ابراهيم (ت: 684هـ/1285م)

19 _ الاعلاق الخطيرة في ذكر الامراء الشام والجزيرة ، تحقيق : يحيى زكريا عبارة، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، ط1(دمشف، 1987).

_ شرف الدين الانصاري: عبد العزيز محمد بن عبدالمحسن الحموي (ت: 662هـ/1223م)

20_ ديوان الصاحب شرف الدين الانصاري، تحقيق: عمر موسى باشا، مجمع اللغة العربية، ( دمشق، د.ت).

_ ابن الشعار: كمال الدين ابي البركات المبارك بن الشعر الموصلي(ت:654هـ/1256م)

21 _ قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان المشهور بـ عقود الجمان في شعراء هذا الزمان، تحقيق: كامل سلمان الجبوري، دار الكتب العلمية، ط1( بيروت، 2005).

_ الصفدي: صلاح الدين خليل بن ايبك( ت:764هـ/1363)

22 _ الوافي بالوفيات، تحقيق : احمد الارناؤوط وتركي مصطفى، دار احياء التراث، (بيروت، 2000).

_ ابن طولون: شمس الدين محمد بن طولون الدمشقي ( ت:953هـ/1546م)

23_ نقد الطالب لزغل المناصب، تحقيق : محمد احمد دهمان وخالد محمد دهمان، راجعه : نزار اباظة، دار الفكر المعاصر، (بيروت، 1992)

_ العباسي: حسن بن عبدالله (ت:710هـ/1310م)

24_ آثار الاول في ترتيب الدول، تحقيق: عبدالرحمن حميدة، دار الجيل، ط1(بيروت، 1989).

_ ابن العبري: غريغوريوس بن هارون الملطي(ت: 685هـ/1286م)

25_ تأريخ مختصر الدول، تحقيق: انطوان صالحاني اليسوعي، دار الشرق، ط3(بيروت، 1992).

_ ابن العديم: كمال الدين ابو القاسم عمر بن احمد(ت: 660هـ/1261م)

26_ بغية الطلب في تاريخ حلب، تحقيق: سهيل زكار، دار الفكر،(بيروت، 1988).

27_ زبدة الحلب في تأريخ حلب ، وضع حواشيه : خليل المنصور، دار الكتب العلمية، ط 1( بيروت، 1996)

_ ابو الفداء: الملك المؤيد عماد الدين اسماعيل بن محمد(ت: 732هـ/1321م)

28_ المختصر في اخبار البشر، تحقيق: محمد زينهم عرب و يحيى سيد حسين، دار المعارف، ( القاهرة، 1999).

_ ابن فضل الله العمري: شهاب الدين احمد بن يحيى(ت: 749هـ/1378م)

29 _ مسالك الابصار في ممالك الامصار، المجمع الثقافي، ط1(ابو ظبي، 1423هـ/2002م)

_ ابن الفوطي: عبدالرزاق بن احمد (ت: 723هـ/1323م)

33 _ تلخيص مجمع الأداب في معجم الألقاب، تحقيق : مصطفى جواد، مطبعة مديرية أحياء التراث القديم، (دمشق، 1962).

_ ابن قتيبة الدينوري: ابو محمد عبدالله بن مسلم (ت:276هـ/889م)

30_ عيون الاخبار، دار الكتب العلمية، (بيروت، 1418هـ/1997م).

_ ابن قزل المشد: سيف الدين علي بن عمر (ت: 656هـ/1258م)

31 _ ديوان ابن قزل المشد، تحقيق: مشهور عبدالرحمان الحبازي،( القدس، 2002).

_ القزويني: زكريا بن محمد بن محمود (ت: 682هـ/1283م)

32 _ آثار البلاد وخبار العباد، دار صادر، (بيروت، د.ت).

_ القفطي: جمال الدين ابو الحسن علي بن يوسف (ت:646هـ/1248م)

33 _ انباه الرواة على انباه النحاة، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، مؤسسة الكتب الثقافية، (بيروت، 1982).

_ القلقشندي: ابو العباس احمد بن علي الفزاري (ت:821هـ/1418م)

34_ صبح الاعشى في صناعة الانشا ، تحقيق : محمد حسين شمس الدين ، دار الكتب العلمية،( بيروت، 1987).

35_ مآثر الانافة في معالم الخلافة، تحقيق : عبدالستار احمد فراج، مطبعة حكومة الكويت، ط2(الكويت، 1985).

_ ابن قيم الجوزية: محمد بن ابي بكر بن ايوب (ت:751هـ/1351م)

36 _ الفروسية، تحقيق: مشهور بن حسن بن محمود بن سلمان، دار الاندلس، ط1(السعودية، 1993).

_ الكتبي: محمد بن شاكر بن احمد (ت: 764هـ/1363م)

37 _ فوات الوفيات، تحقيق: احسان عباس، دار صادر،( بيروت، 1974).

_ ابن كثير: ابو الفداء اسماعيل بن عمر (ت:774هـ/1373م)

38 _ البداية والنهاية ، تحقيق: علي شيري، دار احياء والتراث العربي، ( بيروت،1988).

39_ طبقات الشافعيين، تحقيق : احمد عمر هاشم و محمد زينهم محمد عزب، مكتبة الثقافة الدينية،( د.م، 1993).

_ المسعودي: ابي الحسن علي بن الحسين (ت: 346هت/957م)

40_ مروج الذهب ومعادن الجوهر، تحقيق: محمد هشام النعسان وعبدالمجيد طعمه حلبي، دار المعرفة، ط1 (بيروت،2005).

_ مسلم بن حجاج: ابو الحسن مسلم بن حجاج القشيري (ت: 261هـ/874م)

41 _ صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار احياء التراث العربي،( بيروت، د.ت).

_ ابن المعتز: عبدالله بن محمد العباسي (ت:296هـ/908م)

42 _ طبقات الشعراء، تحقيق: عبدالستار احمد فراج، دار المعارف، ط3( القاهرة، د.ت).

_ المقريزي: تقي الدين ابي العباس احمد بن علي (ت: 845هـ/1441م)

43_ السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، ط 1( بيروت، 1997).

_ الملك الناصر داود: داود بن عيسى الايوبي (ت: 656هـ/1258م)

44 _ الفوائد الجلية في الفرائد الناصرية (رسائله وشعره)، تحقيق : ناظم رشيد، دار الشؤون الثقافية العامة، (بغداد، 1992).

_ ابن منقذ: أسامة بن مرشد بن علي الشيزري (ت:584هـ/1188م)

45 _ الاعتبار، حرره: فليب حتى، مكتبة الثقافة الدينية،( مصر، د.ت).

_ مؤلف مجهول: ( توفي بعد 655هـ/1257م)

46 _ تاريخ دولة الاكراد والاتراك (تاريخ دولة الاكراد )، دراسة وتحقيق : موسى مصطفي الهسنياني، منشورات جامعة دهوك، ط1(دهوك، 2010).

_ مؤلف مجهول: (من مؤلفات القرن السابع الهجري)

47 _ اخبار سلاجقة الروم(مختصر سلجوقنامه)، ترجمة: محمد السعيد جمال الدين، المشروع القومي للترجمة، (القاهرة، 2007).

_ ابن نظيف الحموي: ابو الفضائل محمد بن علي ( ت:644هـ/1246م)

47_ التأرخ المنصوري ( تلخيص الكشف والبيان في حوادث الزمان )، تحقيق : ابو العيد دودو، مراجعة: عدنان درويش، مطبوعات مجمع اللغة العربية، (دمشق، 1981).

_ النويري: شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب بن محمد (ت:733هـ/1322م)

49 _ نهاية الارب في فنون الادب، تحقيق : نجيب مصطفى فواز و حكمت كشلي فواز، دار الكتب العلمية،( بيروت، 2004).

_ ابن واصل: جمال الدين محمد بن سالم (ت: 697هـ/1297م)

50 _ التأريخ الصالحي، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصرية، (بيروت، 2010).

51 _ مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، ج1_5، تحقيق: جمال الدين الشيال، مطبعة الاميرية، ( القاهرة ، 1957).

52_ مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، ج 6، تحقيق : عمر عبدالسلام التدمري، المكتبة العصرية،( بيروت، 2004).

_ ياقوت الحموي: شهاب الدين عبدالله الرومي (ت:626هـ/1229م)

53 _ معجم البلدان، دار صادر، ط2( بيروت، 1995).

_ اليونيني: قطب الدين موسى بن محمد (ت: 726هـ/1326م)

54 _ ذيل مرآة الزمان، دار الكتب الاسلامي، ط2( القاهرة، 1992م).

**ژێدەرەکان**

_ ابراهيم: خالدة سلمان

55 _ الحياة الاجتماعية في مصر في العصر الايوبي (567-648هـ /1171-1250م)، دار البصائر للطباعة والنشر، ط1(بيروت، 2013).

_ الاتروشي: شوكت عارف

56_ الحياة الفكرية في مصر خلال العصر الايوبي،(عمان،2007).

_ باشا: عمر موسى

57 _ الادب في بلاد الشام عصور الزنكيين والا يوبيين والمماليك، دار الفكر، ط 1( دمشق، 1989).

_ بدوي: احمد احمد

58 _ مأمون بني ايوب المعظم عيسى، مطبعة لجنة البيان العربي،( القاهرة، 1953).

_ الحايك: منذر

59 _ مملكة حمص في العصر الايوبي، تقديم: سهيل زكار، دار طلاس، (دمشق، 2000).

_ الخطيب: مصطفى عبدالكريم

60_ معجم المصطلحات والالفاظ التاريخية،( بيروت، 1996)،

_ رجب: عبد الجواد ابراهيم

61 _ الفاظ الحضارة في القرن الرابع الهجري دراسة في ضوء مروج الذهب للمسعودي،(القاهرة، 2003).

_ السامرائي: فراس سلمي حياوي

62_التقاليد والعادات الدمشقية خلال عهود السلجوقيين- الزنكيين- الايوبيين، دار الأؤائل للنشر والتوزيع،(دمشق،2004).

_ سوفجيه: جان

63_ دمشق الشام،(بيروت، 1936)

_ شلبي: احمد

64 _ الحياة الاجتماعية في الفكر الاسلامي، مكتبة النهضة المصرية، ط5( القاهرة، 1986).

_ شميساني: حسن

65 _ مدينة سنجار من الفتح العربي الاسلامى حتى الفتح العثماني، دار الافاق الجديدة، (بيروت، 1983).

_ الطيار: عبدالله بن محمد بن احمد

66 _ توجيه وتنبيه الى هواة الصيد ومحبيه، دار المتعلم للنشر والتوزيع، ط1(الرياض، 2003).

_ عبدالخالق البنا: عبد الحافظ

67 _ اسواق الشام في عصر الحروب الصليبية، مطبعة عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، ط1(القاهرة، 2007).

_ الغلامي: عبدالمنعم

68_ ماثر العرب والاسلام في القرون الوسطى، مطبعة أم الربيعين، (الموصل، د.ت).

_ المدرس: عبد الكريم محمد

69_ علماؤنا في خدمة العلم والدين، عني بنشره: محمد علي القرداغي،( بغداد، 1983).

_ مصطفى: شاكر

70_ المدن في الاسلام حتى العصر العثمانى، دار ذات السلاسل للطباعة والنشر،ط1(الكويت، 1988).

_ نصار: لطفي احمد

71 _ وسائل الترفية في عصر سلاطين المماليك في مصر، مطبعة الهيئة المصري العامة للكتاب، (مصر، 1999).

**ژێدەرەکان بە زمانی ئینگلیزی وفەرەنسی:**

D. Aix: Albert_

72 _ Historia Nicenae Vel Anticochenae prologum, (Paris, 1896).

Murray: H.X.R_

History of chess, (Oxford, 1913). 73_

**نامە زانكۆيى بڵاو نەكراوەكان:**

_ الصايغ: هنرييت زاهى سايا

_ اتجاهات الشعر العربي في القرن السابع الهجري في بلاد الشام، اطروحة دكتوراه، كلية 74 الاداب_جامعة القاهرة، (القاهرة، 1980).

_ نوري: نوفل محمد

_ الاعياد والمناسبات ووسائل الترفيه في بغداد في العصور العباسية (145-656هـ /763-75 1258م)، رسالة الماجستير، كلية التربية_ جامعة الموصل،( الموصل، 1996).

**گۆڤارەكان:**

_ الهورمزياري: جتو حمدامين سمايل

_ وسائل الصيد المعاصرة دراسة فقهية، مجلة جامعة كويه، العدد/22، (كويه، 2012).76

_ الويس: كامل طه

_ الالعاب الرياضية في العصر العباسي (رياضة الكرة الصولجان في العصر العباسي )، مجلة 77 كلية التربية الرياضية، العدد/ 12،( بغداد، 2003).

**References**

Abbasi (d: 710 AH / 1310AD). (1989). Effects of the first in the ranking of countries, investigation: Abdulrahman Hameera, Dar Jil, Beirut.

Abu al_Fida (d. 732 AH / 1321 AD). (1999). Abbreviations in the news of humans, investigation: Mohammed Zainham Arabs and Yahya Sayed Hussein, Dar Maarif, Cairo.

Abu Daoud (d. 204 AH / 819 AD). (1999). Musnad Abi Dawood al-Tilasi, investigation: Mohammed bin Abdul-Mohsen al-Turki, Dar Hajar. Egypt.

Abu Shama (d. 665 AH / 1266). (2002). The translations of the men of the sixth and seventh centuries known as the tail on the Roudhtiten, put his footnotes and commented on it: Ibrahim Shams al-Din, Dar al-Kuttab al-Alami, Beirut.

Abu Shama (d. 665 AH / 1266). (1997). Al-Rawdatin in the News of the Two New States and the Authority, Ibrahim al-Zaybq, Al-Resala Foundation, Beirut.

AL_ Qafti (d. 646 AH / 1248 AD). (1982). Narrated by narrators on the objets of the grammarians, by: Mohammed Abu al- Fadl Ibrahim, Cultural Books Foundation, Beirut.

Al_ thahaby (d. 748 AH / 1347 AD).(2003). History of Islam and the deaths of celebrities and media, investigation: Bashar Awwad Marouf, Dar al-Gharb al-Islami, Beirut.

AL_ yunini (d: 726 AH / 1326 AD). (1992). Tail of the mirror of time, the Islamic Book House, Cairo.

Albert. D.A. (1896). Historia Nicenae Vel Anticochenae prologum, Paris.

Al-Dumeir (d. 808 AH / 1406 AD). (2003). The Life of the Great Animal, Dar al-Kitab al-'Ilami, Beirut.

Al_dwadawari (d. 736 AH / 1363 AD). (1972). Treasure of Aldar and Mosque of Gharar (Durr required in the news of Bani Ayoub), investigation: Said Abdel Fattah Ashour, House of Arabic books revival, Cairo.

Al-Hamdny (d. 695 AH / 1295 AD).(1984). Equestrian and military positions, investigation: Eid Deif al-Abadi, Ministry of Culture and Information, Baghdad.

Al-Jahiz (d: 255AH / 866 AD). (1914). Crown in the ethics of kings, investigation: Ahmed Zaki Pasha, Amiri Press, and Cairo.

Al-Jawaliki (d. 540 AH / 1145 AD). (1990). Al-Ma'arab from Al-Ajami on the letters of the dictionary, Dar Al-Qalam, Damascus.

Ibn Qayyim al-Jawziyya (d. 751 AH / 1351 AD).( 1993). Equestrian, investigation: Mashhur bin Hassan bin Mahmoud bin Salman, Dar al-Andalus, Saudi Arabia.

Al-Qalqashandi (d. 821 AH / 1418 AD). (1987). Sobh al-A'ashah in the Al-Ansha industry, investigation: Muhammad Hussein Shams al-Din, Dar al-Kuttab al-Alami Beirut.

Al-Qalqashandi (d. 821 AH / 1418 AD). (1985) .the exploits of Al-Anfa in the features of the Caliphate, by: Abdul Sattar Ahmed Faraj, Kuwait Government Press, and Kuwait.

Al-Sakhawi (d. 902 AH / 1497 AD). The leader of the protester in chess rule, a manuscript, published on www.alukah.net.

Alwais. K. T. (2003). Athletics in the Abbasid Period (Sports Bowl in the Abbasid Period), Journal of Physical Education College, No. 12, Baghdad.

Anonymous author (died after 655 AH / 1257 AD). (2010). History of the State of the Kurds and Turks (History of the State of the Kurds), study and investigation: Musa Mustafa al-Hasaniani, publications of the University of Dohuk, Dohuk.

Anonymous author: (from the writings of the seventh century AH). (2007). the Seljuks of Rum (Saljuknama), Translated by: Mohammed Al-Said Jamal Aldin, the National Project of Translation, Cairo.

Atrushi. Sh. A. (2007). Intellectual Life in Egypt during the Ayyubid Age. Amman.

Badawi. A. A. (1953). Mamoun Bani Ayoub al-Ma'izam Issa, Printing Press Committee of the Arab statement, Cairo.

Badawi. A. A. (2000). Kingdom of Homs in the Ayyubid era, presented by: Suhail Zoukar, Dar Tlas, Damascus.

Hanbali (d. 876 AH / 1471). (1978). healing the hearts in Mneqib Bani Ayoub, investigation: Nazim Rashid, Freedom House for printing, Baghdad.

Hayek. M. (2000). Kingdom of Homs in the Ayyubid era, presented by: Suhail Zoukar, Dar Tlas, Damascus.

Horemzari. G. S. (2012). Contemporary hunting Tools Juristic Study, Journal of the University of Koya, No. 22, Koya.

Ibn Abi Yashat (d. 668 AH / 1269 AD). (D.T). News of the news in the layers of doctors, Tqebq: Nizar Reza, Library of Life, and Beirut.

Ibn al-Abri (d: 685 AH / 1286 AD). (1992). Brief History of States, investigation: Antoine Salhani Jesuit, Dar al-Sharq, Beirut.

Ibn al-'Adim (d.660 AH / 1261 AD). (1988). With a view to the demand in the history of Aleppo, Suhail Zoukar, Dar al-Fikr, Beirut.

Ibn al-Atheer (d. 630 AH / 1232 AD). (1997). full in history, investigation: Omar Abdel Salam al-Tadmari, Dar al-Kitab al-Arabi, Beirut.

Ibn al-Fouti (d: 723 AH / 1323 AD). (1962). Summary of the complex of literature in the dictionary of titles, the investigation: Mustafa Jawad, the Directorate of the Department of Old Heritage, Damascus.

Ibn al-Mu'taz (d: 296 AH / 908 AD). (DT). Layers of poets, investigation: Abdel-Sattar Ahmed Farrag, Dar Maarif, Cairo.

Ibn al-Sha'ar (d. 654 AH / 1256 AD). (2005). Qallayd Juman in the poets of this time famous decades of Juman in the poets of this time, the investigation: Kamel Salman Jubouri, Dar al-Kuttab al-Ulami, Beirut.

Ibn Fadlullah al-Amri (d. 749 AH / 1378 AD). (2002). Pathways of sight in the kingdoms of Amazar, Cultural Complex, Abu Dhabi.

Ibn Kathir (d. 774 AH / 1373AD). (1988). the Beginning and the End, Ali Shiri, Arab Revival and Heritage, Beirut.

Ibn Kathir (d. 774 AH / 1373AD). (1993). Tafsat El-Shafoui, Investigation: Ahmed Omar Hashim and Mohamed Zainham Mohamed Azab, Library of Religious Culture, MD.

Ibn Khalkan(d. 681 AH / 1282AD). (1994). Deaths of the elderly and the sons of time, the investigation: Ihsan Abbas, 1-3, 1990, C 4 1971 Dar Sader, Beirut.

Ibn Munqadh(d. 584 AH / 1188 AD). (DT). Mind, edited by: Flip Up, The Library of Religious Culture, Egypt.

Ibn Nazif al-Hamawi (d. 644 AH / 1246 AD). (1981). Al-Mansoori History (Summarizing the Reveal and Statement in Time Incidents), by: Abu Eid Doudou, Review: Adnan Darwish, the Arabic Language Complex, and Damascus.

Ibn Qayyim al-Jawziyya (d. 751 AH / 1351 AD). (1993). equestrian, investigation: Mashhur bin Hassan bin Mahmoud bin Salman, Dar al-Andalus, Saudi Arabia.

Ibn Qutaiba al-Dinuri (d. 276 AH / 889 AD). (1997). Oyoun al-Akhbar, Dar al-Kitab al-Sallami, Beirut.

Ibn qzl al_ mushed (d: 656 AH / 1258 AD). (2002). Diwan of Ibn Qazal Almashd, investigation: famous Abdul Rahman Habazi, Jerusalem.

Ibn Shaddad (d. 632 AH / 1234 AD). (2005). The Royal Juices and the Prospects of Yusufiyah or the biography of Sultan Al-Nasir Salah Al-Din Al-Ayoubi, investigation: Ahmed Ibash, Damascus.

Ibn Shaddad (d: 684 AH / 1285 AD). (1987). Dangerous relations in the mention of the princes of the Levant and the island, investigation: Yahya Zakaria phrase, publications of the Ministry of Culture and National Guidance, Damshef.

Ibn Tghri Bardi ((d. 874 AH / 1469 AD). (D.T). Stars shining in the kings of Egypt and Cairo, the Ministry of Culture and National Guidance, Egypt.

Ibn Tulun(d. 953 AH / 1546AD). (1992). Criticism of the student to occupy positions, investigation: Mohammed Ahmed Dahman and Khalid Mohammed Dahman reviewed by: Nizar Abaza, Contemporary Thought House, Beirut.

Ibn Wasel (d: 697 AH / 1297 AD). (2010). History Salhi, investigation: Omar Abdulsalam Tadmari, Modern Library, Beirut.

Ibn Wasel (d: 697 AH / 1297 AD). (1957). Mufruj al-Karub in the news of Bani Ayoub, J1_5, and investigation: Gamal al-Din Shayal, Amiriya Press, Cairo.

Ibn Wasel (d: 697 AH / 1297 AD). (2004). Mufrouj al-Kroub in the news of Bani Ayoub, J6, and investigation: Omar Abdulsalam al-Tadmari, the modern library, Beirut.

Ibrahim. Kh. S. (2013). Social life in Egypt in the Ayyubid era (567-648 / 1171-1250), Dar al-Basayr for printing and publishing, Beirut.

Khatib. M. K. (1996). Glossary of Terms and Historical Words, Beirut.

King Al-Nasir Dawood ((d. 656 AH / 1258 AD). (1992). The obvious benefits in the Nasiriyah literature (letters and poetry), by: Nazem Rashid, House of Public Cultural Affairs. Baghdad.

Kutbi (d. 764 AH / 1363 AD). (1974). Fatalities, Achievement: Ihsan Abbas, Dar Sader, Beirut.

Maqrizi (d. 845 AH / 1441AD). (1997). Behavior to teach the kings, the investigation: Mohammed Abdul Qadir Atta, Dar al-Kuttab al-Alami, Beirut.

Masoudi (d: 346 AH / 957 AD). (2005). Gold promoters and mineral minerals, investigation: Mohammed Hisham Al-Nusan and Abdulmajid Tameh Halabi, Dar Al-Maarifah, Beirut.

Muderes. K. M. (1983). Our scientists in the service of science and religion, published by: Muhammad Ali al-Qardaghi, Baghdad.

Murray.H.X.R (1913). History of chess, Oxford.

Muslim bin Hajjaj (d. 261 AH / 874 AD). (D.T). Saheeh Muslim, Inquiry: Mohamed Fouad Abdel-Baki, House of Revival of Arab Heritage, Beirut.

Mustafa. Sh. (1988). Cities in Islam until the Ottoman era, Dar Al-Salsal for Printing and Publishing, Kuwait.

Nassar. L. A. (1999). The means of entertainment in the era of the Mamluk sultans in Egypt, the Egyptian General Book Press, Egypt.

Nuri. N. M. (1996). Festivities, events and entertainment in Baghdad during the Abbasid period (145-656 / 763-1258), Master's thesis, Faculty of Education _ Mosul University, Mosul.

Nuwairi (d. 733 AH / 1322 AD). (2004). End of Arb in the arts of literature, investigation: Naguib Mustafa Fawaz and Hikmat Kashli Fawaz, House of Scientific Books, Beirut.

Pasha. O. M. (1989). Literature in the Levant of the era of the Znokis and the Ayyubids and Mamluks, Dar al-Fikr, Damascus.

Qazwini (d: 682 AH / 1283 AD). (D.T). the effects of the country and Khobar Abad, Dar Sader, Beirut.

Rajab. . G. I. (2003). Civilizations in the fourth century AH Study in the light of the gold promoter Masoudi, Cairo.

Sabki (d: 771 AH / 1369 AD). (1992). layers of the great Shafei, investigation: Mahmoud Mohammed Al-Tanahi and Abdel-Fattah Mohamed El-Helou, Cairo.

Safadi (d: 764 AH / 1363AD). (2000). Al-Wafi Al-Fatifiyat, investigation: Ahmad Al-Arnaout and Turki Mustafa, Dar Al-Tariyat Al-Tarath, Beirut.

Samarrai. F. S. (2004). Damascene Traditions and Traditions during the Seljuk-Chalukin-Ayyubid Periods, Dar Al-Awael Publishing and Distribution, Damascus.

Sayegh. H. Z. (1980). Trends of Arabic poetry in the seventh century AH in the Levant, PhD thesis, Faculty of Arts - Cairo University, Cairo.

Shalaby. A. (1986). Social Life in Islamic Thought, the Egyptian Renaissance Library, I5 ,Cairo.

Sharaf al-Din al-Ansari (d. 662 AH / 1223 AD). (D.T). Diwan Al-Saheb Sharaf Al-Din Al-Ansari, Inquiry: Omar Musa Pasha, Arabic Language Complex, Damascus.

Shmeisani. H. (1983). The city of Sinjar from the Arab Islamic conquest until the Ottoman conquest, New Horizons House, Beirut.

Sophaje. J. (1936). Damascus Sham, Beirut.

Subet Ibn al-Jawzi (d. 654 AH / 1256 AD). (1951). the History of Time in the History of the Elders, the Ottoman Knowledge Department Press, Hyderabad.

Yaqoot al-Hamawi (d. 626 AH / 1229 AD). (1995). Dar Al-Sadir, Dar al-Sadir, Beirut.

Article

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 454–477
http://www.ijoks.com

# Constitutional Regulation for Establishing the Federal Supreme Court in Iraq and its Relation to the Rights of the Regions

***Abdulmalik Younis Mohammed[1]& Soran Ali Hasan [2]***

**Received**: Feb24, 2018 **Reviewed**: Mar29, 2018**Accepted**: Apr10, 2018

## Abstract

Afteradopting of the federalism and voluntary union for a new Iraqi state in the Constitutional Regulation of 2004, and their emphasizing in the Executed Constitution of 2005, there was a radical change in the whole governmental institutions including the judicial system especially in recognition of bilateral of the judiciary structure system in both federal and regional level and establishing of the Federal Supreme Court (which represents the highest judicial foundation on the level of federal judicial in terms of the status, legal force of its decimations, its relation with the constitutional subjects and the disputes betweenthe federal entities and institutions).Passing this Court through three various constitutional and legislative stages, and waiting to receive another new legislative regulation, despite the extent of participation of the regions in matters related to the establishment, structure and exercising of the court's competences, caused to several issues concerning with the previous matters, which led to instability and lack of legal regulation stipulated in the Executed Iraqi Constitution 2005 to determine the number of members, way of recruitment and the proceedings of the Court. This research paper depends on analytical approach to interpret the constitutional and legal rules and judgments related to the ways of establishment, structure of and participation of the regions in the Court and stating the issues connected to such ways.

**Keywords:**Federal Supreme Court, Jurisdiction of the Federal court, Establishing of the Federal Supreme Court, Rights of Regions

**Recommended citation:**
Mohammed,Y. A. &Hasan,S. A. (2018). Constitutional Regulation for establishing the Federal Supreme Court in Iraq and its relation to the rights of the regions. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 454–477. doi: **10.21600/ ijoks.454468**

[1]Professor Dr., Department of Law, College of Law and Political Since, Salahaddin University, KRG,Iraq, E-mail: cra.erbil@yahoo.com
[2]Assistant Lecturer. Department of Law, Faculty of Law and International Relations, Soran University, KRG, Iraq.
PhD. Student. Department of Law, College of Law and Political Since, Salahaddin University, KRG, Iraq. E-mail: soran.hassan@soran.edu.iq

## ڕێکخستنی دەستوری بۆ پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی لە عێراق و پەیوەنداری بە مافی هەرێمەکان[3]

تویژینەوەیەکی شیکارییە

**پ.د. عبدالملك یونس محمد م . ی. سۆران علی حسن زانکۆی سەڵاحەدین/ کۆلیژی یاسا زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی یاسا وزانستە رامیارییەکان/ بەشی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان/ بەشی یاسا**

**پێشەکی:**

لە پاش ئەو گۆرانکارییە بنەرەتییانەی لە شێوەی دەوڵەت وسیستەمی دەستوری و سیاسی لە یەکەم ڕێکخستنی دەستوری 2004 (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری ) و جەخت کردنەوە لە دەستوری بەرکاری 2005 لە بەرجەستە بوونی سیستەمی فیدرالی و یەکگرتنی ئارەزومەندانەی شێوەی نوێی دەوڵەتی عێراق هاتە کایەوە ، تەواوی دامەزراوە فەرمانرەوایەکان لە ریشەوە گۆرانکاری بەسەردا هات . لە میانەی ئەو گۆرانکارییانەدا سیستەمی دادوەریش تێدا بەدەر نەبوو بەتایبەتی لە داننان بە دووانەیی سیستەمی پێکهاتەی دادوەری لە سەر هەردوو ئاستی هەرێمی و فیدرالی،بەتایبەتیپێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی کە نمایندەی بەرزترین ئاستی دامەزراوەی دادوەری دەکات لەسەر ئاستی دادوەری فیدرالی لە رووی پێگە و هێزی یاسایی بڕیارەکانی و پەیوەنداری بە بابەتە دەستورییی و کێشەی نێوان پێکهێنەرو دامەزراوە فیدرالییەکان.

**گرنگی توێژینەوە :** پەیوەست بوون و ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی سیستەمی فیدرالی بە بوون و پێکهێنانی ئەم دادگایە و هاوکۆك بوون بە ئەزمونە فیدرالییەکان لە جیهاندا، و پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی پەیوەندار بە بابەت ە دەستورییەکان وەك ڕێسای باڵای پەیرەوکراو و هێزی یاسایی پریارەکانی لە لێبراوەیی و ملکەچ نەبوونی بۆ پێداچوونەوە و چاودێری کردنی یاسا دانراوەکان،و بەرجەستە کردن و پارێزگاری کردن لە مافە دەستورییەکانی هەرێمەکان گرنگی توێژینەوەکەی لێچوارچێوە دەکرێت .

**کێشەی توێژینەوە:** بە هۆی تێپەربوونی پێکهێنان و دیاریکردنی پێکهاتە و جۆراوجۆری تایبەتکارییەکانی ئەم دادگایەبە سێ وێستگەی ڕێکخستنی دەستوری و یاسایی جێەجێکراوەدا لە ڕێکخستنی دەستوری 2004 (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری ) و یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ی ساڵی 2005 و ڕێکخستنی دەستوری بەرکاری 2005 و لە چاوەروانی ڕێکخستنێکی تری یاساییدا کە هەنگاوی بەرهەمداری لێنەکەوتۆتەوە، کێشەی توێژینەوە دیاریدەکرێت لە وروژاندنی چەند پرسیارێکدا لەوانە : ئایا دادگای پێکهێنراوپیشت بەستوو بە ڕێکخستنی دەستوری 2004 بەهەڵوەشاندنەوەی پاڵپشتی دەستوری بە هەڵوەشاوە هەژماردەکرێت؟ و بەهەمان ئەو دادگایە هەژمار دەکرێت کە لە دەستوری 2005 ئاماژە پێکراوە؟ ئایا ئایا دادگای باڵای فیدرالی دەتوانێت پیادەی تایبەتکارییە دیاریکراوەکانی ڕێکخستنی دەستوری 2005 بکات لە کاتێکدا کە لە تەواوی پـێکهێنان و پێکهاتە

---

[3] ئەم توێژینەوەیە بەشێکی هەڵێنجراوی تێزی دکتۆرایە(ئامادەکراوە بۆ پێشکەشکردن ) لەلایەن سۆران علی حسن بە ناونیشانی: (دامەزراوە دەستورییەکان بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالیدا _ عێراق بە نمونە _)، بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر د .عبدالملك یونس محمد، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە رامیارییەكان .

و تایبەتکارییەکانیدا جیاوازن؟ ئایا هەرێمەکانمافی بەشداربوونیان لە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگاکەدا فەراهەم بووە ؟

**میتۆدی توێژینەوە:** بەمەبەستی گەیشتن بە دیاریکردنی کێشە و بابەتە پەیوەندارەکان بە جێباسی توێژینەوە لە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای بالآی فیدرالی، میتۆدی شیکاریی دەگرینە بەر بۆ هەرسێ رێکخستنی دەستوری و یاسایی _ئاماژە پێکراو_ ی رێکخەری دادگاکە.

**پلانی توێژینەوە :**بۆ گەیشتن بە لێکدانەو و شیکاری دروست بۆ بابەتی جێباسی توێژینەوە لە دابەشکارییەکی شێوە ژمارەییدا (دیجیتاڵی) لە سێ بەشدا دەخەینە روو. لە یەکەمیاندا باس لە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی دەکەین، و لە دووەمیاندا کێشە پەیوەندارەکان بە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگاکە، و لە سێیەمدا مافی بەشداریکردنی هەرێمەکان لە پێکهێنان وپێکهاتەی دادگای ناوبراو . پاشان بە دیارخستنی دەرئەنجام وراسپاردەکان کۆتایی پێدەهێنین .

## 1 _ پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی لە عێراق

لە هەنگاوی یەکەمی یاسادانەری دەستوری بۆ پێکهێنانی دامەزراوە دەستورییە فیدرالییەکانلە عێراقو لە میانەیاندا دامەزراوەی دادوەری و گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی سیاسی بریاردراو و شێوەی نوێی دەوڵەتی عێراق وبەرجەستەکردنی سیستەمی فیدرالیلە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004[i]وەك لە لە مادەی چوارەمدا هاتووە (نظام الحکم فی العراق جمهوری إتحادی (فیدرالی) دیمقراطی تعددی .......) بریتیی بوو لە پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی وەك دامەزراوەیەکی دادوەری فیدرالی کە چوارچێوە گشتییەکەی تیایدا رێکخ رابوو,و رێکخستنی وردەکارییەکانی پێکهێنان و کاری دادگاکەی بۆ دەسەڵاتی یاسادانان بەجێهێشبوو، پاشان رێکخستنی یاسایی لە 2005 بە ( یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ی ساڵی 2005) و دوواهەمینیان لە رێکخستنی دەستوری 2005 بەدی دەکرێت .

بۆ ئەم مەبەستە هەردوو رێکخستنی دەستوری بۆ پێکهێنان و پێکهاتە ي دادگاکە روون دەکەینەوەبە جیا بەم شێوەی خوارەوە:

### 1_1 پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی لە رێکخستنی دەستوری 2004

رێکخستنی دەستوری 2004 بە دیاریکراوی مادەی چل و چواری بۆ تەواوی بابەتەکانی پەیوەست بەدادگای باڵای فیدرالی تەرخانکردبوو، لەوانە دیاریکردنی میکانیزم وقۆناغەکان و پرۆسەی پێکهێنانیدادگاکە ولایەنە پەیوەندیدارەکانو رۆڵیان لە پرۆسەکەدا، بە هەمان شێوە دیاریکردنی تایبەتکارییەکانی، و چوارچێو ەی رێکاری بەرێوەبردن و دادبینی تیایدا , سەرەرای رەوانەکردنی پێکهێنانی بۆ رێکخستنێکی یاسایی . هەر بۆ ئەم مەبەستە بە پێی یاسایەکی فیدرالی (یاسای ژمارە 30 ساڵی 2005)[ii] پشت بەستوو بە پاڵپشتی دەستوری و بەدیاریکراوی برگەی (أ) لە مادەی چل و چواری یاسای بەرێوەبردنی دە وڵەتی بۆ ماوەی راگوزەری2004[iii]دادگاکە پێکهێنرا، سەبارەت بە پێکهێنانی دادگاکە ولایەنە پەیوەندارەکان و قۆناغەکانی پرۆسەی پێکهێنانی دادگاکە ئەم یاسایە هیچ وردەکاری و زیادەیەك لەوەی ئاماژە پێکراوە لە رێکخستنی دەستوری تێدا بەدی ناکرێت جگە لە جەخت کردنەوە نەبێت، ە وربۆیە بە دیاریکراوی ئاماژە بە ناوەرۆکیدەقی مادە 44/هـ[iv]دەکات لە پرۆسەی پێکهێنانی دادگاکە , کە بە دەسەڵاتی دادوەری فیدرالی و هەرێمەکان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدرالی چوارچێوە کراوە[v]. بەم شێوەی خوارەوە :

#### 1_1_1 لایەنە پەیوەندار و بەشدارەکان لە پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی

لە نێو تەواوی دامەزراوە دەستورییەکان لەسەر ئاستی فیدرالی و هەرێمەکان لەهەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن وادادوەری سێ دامەزراوەی دیاریکردووە کە بەشدار دەبن لە پرۆسەی پێکهێنانی دادگاکە و بریتین لە :

_ ئەنجومەنی باڵای فیدرالی دادوەری (فیدرالی).

_ ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەكان.
_ ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار .

**یەكەم / ئەنجومەنی باڵای دادوەری (فیدرالی):**بە مەبەستی سەرپەرشتیكردنیدامەزراوە دادوەرییە فیدرالییەكان لە مادەی چلو پێنجی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەری 2004 پێكهێنانی ئەنجومەنێكی دادوری بوو بە ناوی ( ئەنجومەنی باڵای دادوەری ) و پێكهاتەكەی بریتی بوون لە :
1 _ سەرۆكی دادگای باڵای فیدراڵی.
2 _ سەرۆك وجێگرانی دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی.
3 _ سەرۆكی دادگاكانی تێهەڵچوونەوەی فیدراڵی.
4 _ سەرۆك و جێگرانی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمەكان .
وە سەرۆكایەتی ئەنجومەنە كەبە سەرۆكی دادگای باڵای فیدرالی سپێردرابوو، و لە حاڵەتی ئامادەنەبوونیدا سەرۆكی دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی ئەركەكەی لە ئەستۆ دەگرت[vi].
كەواتە ئەم ئەنجومەنە بەم پێكهاتەو تایبەتكارییەوە بە هەمواركاری ڕێكخستنی یاسایی ژمارە 35ی ساڵی 2003 ی دەسەڵاتی كاتی هاوپەیمانان پەیوەست بە ئەنجومەنی دادوەری پێكهێنراو هەژمار دەكرێت لە رووی ناو و پێكهاتە و سەرۆكایەتی كردنییەوە، لەبەرئەوەی ئەنجومەنی دادوەری كارا پێكهاتبوو لە سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە و سەرۆكی ئەنجومەنی شورا و سەرۆكی داواكاری گشتی و سەرۆكی سەرپەرشتیاری داد وبەرێوەبەری فەرمانگە كارگێرییەكان ئەگەر دادوەر یان ئەندامی داواكار گشتی بن، و سەرۆكایەتی ئەنجومەنەكە بە سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە سپێردرابوو[vii].
ئەم هەنگاوەش بە پێكهێنانەوەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری بە سەربە خۆبوون لە دەسەڵاتەكانی تر [viii]لە قۆناغی سیستەمی نوێی پەیرەوكراو لە عێراق لە پێشینەیان ئەنجومەنی دادوەری لە 2003 _ ئاماژەپێكراو_ هەندێك لە یاساناسان و ئەوانەی لە كاری دادوەری خاوەن ئەزموونن پێیان وایە بە هۆكارێكی گرنگ دادەنرێت لە پاراستن و گەرەنتی كردنی بنەماكانی دیموكراتیەت لە قۆناغی نوێدا[ix].

**دووەم / ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەكان :**هەرێمی كوردستان تاكە هەرێمی پێكهاتوو و دانپێدانراوی دەستوری بوو[x]، لەبەر ئەوە تاكە ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی بوو لەوكاتەدا بۆ بەشداری پێكردن لە پیكهێنانی دادگای باڵا ئاماژەی پێبكرێت .
ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان بە پێی یاسای بەركار لەوكاتەدا (یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 14 ی ساڵی 1992 )
پێكهاتبوو لە[xi]:
1 – سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە .
2 – جێگری (پلەبەرزتر) لە جێگرانی سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە.
3 – سەرۆكی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری.
4 – بەرێوەبەری گشتی داد.
سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە لە هەمان كاتدا سەرۆكایەتی ئەنجومەنەكەی دەكرد.

**سێیەم / ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار :**وەك بەشێك لە پێكهاتەی دەسەڵاتی جێبەجێكردنی فیدرالی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار پێكهاتبوو لە سەرۆك و دوو جێگر كە لە رێگای یەك لیستی پاڵاوتن هەرسێكیان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە (كۆمەڵەی نیشتمانی) بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەڵدەبژێردران، و ئەركی سەرەكی ئەم ئەنجومەنە خۆیدەبینییەوە لە نوێنەرایەتی كردنی سەروەری عێراق و سەرپەرشتی كردنی كاروبارە باڵاكانی دەوڵەت، و بریارەكانی ئەم ئەنجومەنە مەرجدار بوو بە كۆی دەنگی هەرسێ ئەندامان لە سەرۆك و جێگران[xii].

## 2_1_1 قۆناغەكانی پێكهێنانی دادگای باڵای فیدرالی

ئەو لایەنە پەیوەندار و بەشدارانەی _پێشتر باسکران_ لە پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی ئەرك و رۆڵیان پێ سپێرراوە لە دوو قۆناغ ی دیاریکراودا کە بریتیین لە قۆناغی راوێژ و پاڵاوتن و قۆناغی دیاریکردن و دامەزراندن:

**قۆناغی یەکەم/ راوێژ و پاڵاوتن :** دەقی بڕگەی (هـ) لە مادەی چل و چواری یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004 کە تایبەتکراوە بە پێکهێنانی دادگاکە تەواوی پرۆسەکەی کورت کردۆتەوە – پاش دیارپکردنی تەوەرەکانی کە لە پێشدا ئاماژەمان پێدا – لە دەستپێکردنی راوێژ لە نێوان ئەنجومەنی باڵای دادوەری (فیدرالی) و ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەکان _ هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی پێکهێنراوی عێراق بوو_ بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی دادگاکە و پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار، و پێوستە ژمارەی ئەو ئەندامە پاڵێوراوانە دوو تا سێ هێندەی ژمارەی دیاریکراوی دادگاکە بێتواتە لە نێوان هەژدە تا بیست و حەوت پاڵێوراو ، پاشان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کۆمار نۆ ئەندام دادەمەزرێن رێت و یەکێکیان بە سەرۆکی دادگاکەدیاریدەکرێت[xiii].

لەحاڵەتی دروست بوونی بۆشاییەك لە ئەندامانیدا بەهەر هۆکارێکی وەك مردن، دەستلەکارکێشانەوە، لەکارلادان پێویستە هەمان رێك لکاری پێشوو بگیرێتە بەر لە پاڵاوتنی لیستێك کە سێ ئەندام لە خۆبگرێت بۆ دامەزراندن و پڕکردنەوەی بۆشاییەکە[xiv]. وە لەحاڵەتی رەتکردنەوە یان قەبوڵنەکردنی هەر لیستێکی پاڵێوراو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لە ئەندامانی دادگا لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە پێویست بوو ئەنجومەنی باڵای دادوەری لیستێکی تری سێ دادوەری پاڵیوراو پێشکەش بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بك ردایەتەوە بۆ دیاریکردن و دامەزراندنی یەکێکیان.

بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییەسەبارەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی دادگای فیدرالی لە دەقی دەستور و یاسای ئاماژەپێکراو باس لە مەرج ی ئەندامێتی یان مەرجە پێویستەکان کە لە پاڵێوراودا پێویستە فەراهەم بێت نەکراوە، و تەنها وشەی تاك ی بەکارهێناوە وەك لەدەقی بڕگە (هـ) لە مادە چل و چواردا هاتووە : (......ويقوم مجلس القضاء الأعلى أوليا وبالتشاور مع المجالس القضائية للأقاليم بترشيح ما لا يقل عن ثمانية عشر إلى سبعة وعشرين فردا لغرض ملء الشواغر في المحكمة المذكورة .....)، تەنانەت سیفەتی دادوەرێتیشی بە مەرج دیارینەکردووە. کە ئەمە دەکرێت بە بۆشاییەکی هەستیاری یاسایی هەژمار بکرێت . هەرچەندە هەندێك پێیان وایە کە بە پێی کارو تایبەتکاری هەردوو ئەنجومەنیفیدرالی و هەرێم و لە چوارچێوەی سەرپەرشتیاری وچاودێری دەسەڵاتی دادوەری ودادوەراندەرئەنجام پاڵێوراوەکان تەنها دادوەران دەبن[xv]، بەڵام پێمان وایە سەرپەرشتی کردنی کاری دادوەران مانای ئەوە نییە رێگرە لە پاڵاوتنی کەسانێك کە دادوەر نەبن، لەبەر ئەوەی لە پێکهاتەی هەردو و ئەنجومەنی دادوەری فیدرالی و هەرێم کەسانێك ئەندامن کە دادوەر نین وەك بەرێوەب ەرانی گشتی و سەرپەرشتیاری دادی وداواکاری گشتی جگە لەوەش ئەنجومەنی دادوەری توانای سەرپەرشتی کارگێری بەسەر دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە نییە لە کاتێکدا زۆربەی ئەندامانی دادگای باڵا لە ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە بوونە[xvi]. ئەم تێبینیانە لە کاتێکدایە ئەگەر پاساو ئەوە بێت کە رێکخستنی دەستوری پێویست بە وردەکاری ناکات و لە دیاریکردنی چوارچێوەی گشتیدا دەمێنێتەوە، هەربۆیە پێکهێنان و وردەکاری پێکهێنانی رەوانەی رێکخستنێکی یاسایی ئاسایی فیدرالی کردووە، بەڵام ئەوەی دەبینرێت لە رێکخستنی یاسایی پێکهێنەری دادگاکەشدا جگە لە ئاماژە کردن وجەخت کردنە سەر دەقە دەستورییەکە هیچی تری لێبەدی نەکرا[xvii]. ئەمە جگە لەوەی زۆر لە نمونەی دەستوری دەوڵەتانی هاوئەزمون لە سیستەمی فیدرالی لایەنی کەمی مەرجی ئەندامێتییان دیاریکردووە[xviii].

**قۆناغیدووەم / پەسەندکردن و دامەزراندن:** بە پێی هەمان بڕگە و مادە _ کە لە قۆناغی پێشوودا ئاماژەی پێکرا _ پاش پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوانی ئامادەکراو لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدرالی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بە کۆی دەنگ[xix]ئەندامان و سەرۆکی دادگاکە دیاریدەکات و مەرسومی تایبەت بە دامەزراندنیان دەردەکات ، بە هەمان شێوەش لە حاڵەتی پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەك لە ئەندامان لە کاتی دروست بوونیدا، جگە لەوە مافی رەتکردنەوەی پاڵێوراوان یان هەر لیستێکی پێشکەشکراوی ئەنجومەنی دادوەری هەبوو.

لەپاش تێپەربوونی قۆناغی ڕاوێژ و پاڵاوتن بەشێوەیەکی کردارییەئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە مەرسومی کۆماری ژمارە (67) لە بەرواری 2005/3/30 ئەندامان و سەرۆکی دادگای باڵای فیدرالی دامەزراند. و پاش هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی و پێکهێنانی حکومەتی نوێ و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆما ر بە مەرسومی ژمارە (2) لە بەرواری 2006/6/1 پەسەندی دامەزراندنی هەمان پێکهاتەی ئەندامان و سەرۆکی دادگاکەی کردەوە[xx].

ئەم ڕۆڵ وپێگە بەخشینە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بە دیاریکراوی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار ئەگەری چاوەڕوانی هاتنە کایەی لێکەوتە و کاریگەری نەرێنی لێدەکرێت لە کاتێکدا بڕیاری کۆتایی لەژێردەستیدا بێت و ڕۆڵی ئەنجومەنی دادوەری تەنها لە پاڵاوتندا کورت بکرێتەوە،ئەگەری کاریگەری بوونیهەیە لەسەر بنەماکانی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وسەربەخۆیی بوون و بێلایەنی دادوەری وپیادەکردنی تایبەتکاری چاودێری دەستوری، بۆیە هەندێك پێیان وایە باشتر وابوو یاسادانەری دەستوری بڕیاری کۆتایی بۆ ئەنجومەنی دادوەری دیاریبکردایە ودەرکردنی مەرسومیش لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتی[xxi], یاخود بەشداری هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە پێکهێنانی دادگاکەدا فەراهەمبووایە[xxii].

سەرەرای ئەو تێبینیانە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بە پێی مەرسومێکی کۆماری بڕیاری بۆ دوو دادوەری ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی فیدرالی دەرکردووە بۆ ئەندامبوون لە دادگای باڵای فیدرالی بە شێوەی یەدەگ (احتياط) لەگەڵ بەردەوامبوون لە کاری خۆیان لە دادگای پێداچوونەوە لە کاتێکدا بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ پاڵپشتییەکی دەستوری و یاسایی بەردەست بکات[xxiii].

سەبارەت بە سەرۆکایەتی کردنی دادگای باڵا ي فیدرالي پێویست دەکات ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار یەکێك لەو پاڵێوراوانە دیاری بکات کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە پێشکەشکراوە، بەڵام ئەوە بەهەند وەرنەگیراوە کە خودی سەرۆکی دادگاکە لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئەو ئەنجومەنەیە کە پاڵاوتویەتی. و بە پێی دەقی دەستوری سەرۆکی دادگای باڵا ی فیدرالی بەشێوەیەکی (تلقائی) دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دەرئەنجام لە رووی تیۆری و پراکتیکی هاوکێ شەیەکی ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە بۆ کاتی دامەزراندن و پاشتریش,بە شێوەیەك بەستنەوە وپەیوەستکردنی سەرۆکایەتی کردنی سێ دامەزراوەی دادوەری لەسەر ئاستی فیدرالی لە یەك کەسدا کۆدەبێتەوە لەبەر ئەوەی بە پێی فەرمانی هاوپەیمانان ژمارە 35ی ساڵی 2003 پێش بەرکاربوونی یاسای بە ڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق2004 سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە لە هەمان کات دا دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری[xxiv], و بە پێییاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق 2004 و پاش پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی سەرۆکی دادگا کە دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا ی دادوەری[xxv]ئەمانە هەمووی جێگای تێبینین لە کاتێکدا کە سەرۆکی ئەنجومەن لە میانەی پاڵاوتن و پاشان لە بڕیاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە سەرۆکی دادگاکە دیاریدەکرێت. جگە لەوەش بوونی بەڕێوەبردنی ئەم پۆستەدادوەرییە هەستیارانە لەلایەن کەسێکەوە ئەگەری کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر پاراستنی بێلایەنی دا دگا بە هۆی ئەگەری خودی دەسەڵاتی دادوەری بە لایەن لە داوایەکی دەستوریدا بە داواکار[xxvi] یان داوالێکراو[xxvii]یاخود بوونی بەرژەوەندییەك لە دەرەنجامی یەکلاییکردنەوەی داوایەکدا بەدی بکرێت[xxviii], هەروەها بە پێی یاسای دادبینی شارستانی دەبێتە فەراهەمکردنی یەکێك لە هۆکارەکانی ڕەتکرد نەوەی زۆرەملێی دادوەر لەو داوایانە و بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەربڕیار و ڕێکارییەکی کە لەلایەن ئەو دادگایەوە دەربچێت[xxix]. جگە لەوەی کارو بەڕێوەبردنی هەر یەکێك لەم دامەزراوە دادوەرییانە پێویستی بە خۆتەرخانکردنی تەواو هەیە[xxx].

ئەم تێبینیانە سەبارەت بە کۆکردنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری و دادگای باڵای فیدرالی خودی سەرۆکی هەردوو دەزگاکە بۆ وەڵامدانەوە پێگەی دادگای باڵای فیدرالی بە بەرزترین ئاستی دامەزراوە دادوەرییە فیدرالییەکان بە پاساو دادەنێت بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری جگە لەوەی نمونە هێنانەوەی هاوشێوەی ئەم حاڵەتە لە دەوڵەتانێکی وەك ئوردن و کوەیت و سوریا بۆ ئاسایی بوونی دەکاتە بەڵگە[xxxi].

بەڵام جارێکی دیکەش پێمان وایە وەڵام و بەڵگەکانیش جێگای تێبینین، سەبارەت بە پێگەی دادگای باڵای فیدرالی هیچ دەقێکی دەستوری یان یاسایی ئاماژە بە هەژمارکردنی بە بەرزترین دەزگای دادوەری بکات بەردەست نییە. پاشان ئەو دەوڵەتانەی کە سەرۆکی دادگا کە

به نمونەی هاوشێوە باسی بوونی حاڵەتی سەرۆكایەتی كردنی زیاتر لە یەك دامەزراوەی دادوەری لەلایەن كەسێكەوە كردووە،بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هیچ یەكێكیان سیستە می سیاسی وفەرمانڕەوایی شێوەی دەوڵەت و پێكهاتەی دامەزراوە دەستورییەكانیان هاوشێوەی عێراقی پاش رێكخستنی دەستوری 2004 نین[xxxii].

**2_1 پێكهێنان و پێكهاتەی دادگای باڵای فیدرالی لە رێكخستنی دەستوری 2005**

لە میانەی پرۆسەی رێكخستنی دامەزراوە دەستورییەكان بە تایبەتی لەسەر ئاستی دەسەڵاتەكانی فیدرالی لە دەستوری 2005 ولە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری فیدرالی پێكهێنانی دادگای باڵای فیدرالی ناسێنرا وەك دامەزراوەیەكی دادوەری سەربەخۆ لە رووی كارگێری و دارایی بۆ پیادەكردنی ئەو تایبەتكارییە دیاریكراوانەی تیایدا ئەژمار كراون[xxxiii].

لەگەڵ ئەوەدا كە پرۆسە و دیاریكردنی میكانیزم و لایەنە پەیوەندار و بەشدارەكان لە پێكهێنانی دادگاكە بە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدرالی و بە دیاریكراوی ئەنجومەنی نوێنەران راسپێردبوو، دەكرێت لە چوارچێوەی رێكخ ستنی دەستوری بۆ پرۆسەی یاسادانان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە باس لەلایەنە پەیوەندار و بەشدارەكانی پێكهێنانی دادگاكە بكەین پاشان لە پێكهاتەی ئەندامەكانی:

**1_2_1 لایەنە بەشدارەكانی پێكهێنانی دادگای باڵای فیدالی**

دەقی مادەی 92 لە دەستوری 2005ئەنجومەنی نوێنەرانبە تەنها لاپەنی رێكخەر و پێكهێنەری دادگاكە دیاریدەكات لە رێگای دانانی یاسایەكی فیدرالی، بەڵام لەسەرنجدان لە پرۆسەی یاسادانان وپەیوەندی بە دەسەڵاتی جێبەجێكردن بۆ پەسەند كردن ودەركردن سەرۆكایەتی كۆماریش تێدا بەشدار دەبێت [xxxiv]، كەواتە دەسەڵاتی جێبەجێكردن ل ە رێگای سەرۆكایەتی كۆمارەوە بە لایەنێكی تری بەشداری پرۆسەی پێكهێنانی دادگاكە هەژمار دەكرێت.

بەڵام سنوری دەسەڵاتیان لە بەشداری كردنیان لە پرۆسەی پێكهێنانی دادگاكە بە پێی دەق ی دەستوریئاماژە پێكرا ووئەو تایبەتكارییانەی پێیان بەخشراوە لە كۆی پرۆسەی یاسادانان و ل ە قۆناغە جیاوازەكانی بەركاربوونی دەستوری 2005 پێویستە بە وردەكارییەوە بۆ هەریەكێكیان _ ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆكایەتی كۆمار _لێكدانەوەی بۆ بكرێت لە دوو خاڵی جیاوازدا بەم شێوەی خوراەوە:

**یەكەم / ئەنجومەنی نوێنەران:** ئەرك و رۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران لە پرۆسەی پێكهێنانی دادگای باڵای فیدرالی لە سنوری چوارچێوەی رێكخستنی دەستوری و یاسایی بۆ پێكهێنانی دادگاكە چوارچێوەكراوەبەدیاریكردنژمارەی ئەندامانی دادگا وشێوازی هەڵبژاردن یان و بەهەمان شێوە بۆ كاری دادگا، سەرەرای دیاریكردنی رێژەی دەنگدان بۆ یاسای رێكخەر وپێكهێنەری دادگاكە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران [xxxv]. هەڵبەتە دیاریكردنی ئەنجومەنی نوێنەرانیش بە دانانی یاسایەك بۆ دامەزراوەیەكی دەستوری لەسەر ئاستی فیدرالی بەشێكە لە تایبەتكارییە ئەژماركراوەكانی ئەنجومەنی نوێنەران وەك تاكە دامەزراوەی دەستوری تایبەتكار بە دانانی یاسا فیدرالییەكان[xxxvi].

**دووەم/ سەرۆكی كۆمار:** رێكخستنی دەستوری 2005 جیاواز لە رێكخستنی دەستوری لە قۆناغی راگوزەری پێش خۆی تایبەت بە دادگای باڵای فیدرالی لە دیاریكردنی رۆڵی راستەوخۆی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار لە دیاریكردنی ئەندامان و بڕیاری دامەزراندنیان,تەنها لە رێگەی بەشداری بە شێوەیەكی گشتیلە پرۆسەی یاسادانان پشكداریكراوەبە پەسەندكردن و دەركردنی یاسای فیدرالی، سەرەرای رەتكردنەوە وگەڕاندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران . بەڵام سنور و قەبارەی بەشداری كردن و كاریگەری و لێكەوتەی بڕیارەكانی لەو پرۆسەیەدا لە دوو قۆناغدا دیاریكراوە بە پێی رێكخستنی دەستوری بۆ پێگە و پێكهاتەی سەرۆكایەتی كۆمار كە بریتی بوون لە :

**قۆناغی یەکەم / ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار :** هاوشێوەی سەرۆکایەتی کۆمار لە ماوەی راگوزەری لە چوارچێوەی رێکخستنی دەستوری 2004[xxxvii] تەنها لە خولی یەکەمی پاش بەرکاربوونی دەستوری 2005 سەرۆکایەتی کۆمار وەك بەشێك لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدرالی لە ئەنجومەنێك پێکهاتووە لە سەرۆك و دوو جێگر، لە رێگای پیادەکردنی تایبەتکارییەکان و دەرکردنی بڕیارەکانی بە کۆی دەنگ بەشدار بوو لە پرۆسەی یاسادانان بە پەسەندکردن و دەرکردنی یاسا دانراوە رەوانەکراوەکان بۆی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە لە ماوەی دە رۆژدا, یان رەتکردنەوەی بۆ جاری یەکەم و دووەم , و لەئەگەری دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران لە دواجاردا بە زۆرینەی سێ لەسەر پێنج ی ژمارەی ئەندامانی مافی رەتکردنەوە لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتیکۆمارەوە لەدەستەدرا، ویاسای دانراویش بە پەسەندکراو هەژمار دەکرا[xxxviii].

**قۆناغی دووەم / سەرۆکی کۆمار :** لە بەرئەوەی قۆناغی یەکەم بە هەڵاوێرد هەژمار دەکرێبتەهۆی پەیوەست کردنی بە کاتێکی سنوردار بە یەك خولی هەڵبژاردن [xxxix]ورێکخستنی دەستوری 2005 بۆ پێگە و پێکهاتە و تایبەتکارییکانی سەرۆکی کۆمار بە شێوەیەکی بنەرەت لە مادەکانی (64_ 75) و تیایدارێکخراوە و سەرۆکی کۆمار بەشدار دەبێت لە پرۆسەی یاسادانان تەنها لەیەك حاڵەتدا کە پەسەندکردن ودەرکردنێتی لە ماوەی پانزە رۆژدا، واتە نە مافی رەتکردنەوەی لە بەردستدا مایەوە نە بەتێپەربوونی ماوەی ئاماژە پێکراو تایبەتکارییەکی جیای بۆ دیاریکراوە[xl]. هەربۆیە بە بەشداریکردنێکی سنوردار و شێوەیی و رێککاری هەژمار دەکرێت وبڕیارەکانی لە پەسەندکردن و پێچەوانەکەی کاریگەری و لێکەوتەی یاساییلێناکەوێتەوە.

## 1_2_2 پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی لە رێکخستنی دەستوری 2005

دیاریکردنی پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی لە رێگەی حوکمە دەستورییەکانی 2005 لە رووی ناسنامەی ئەندامان و پێکهێنەران هیچی بۆ رێکخستنی یاسایی نەهێشتۆتەوە جگە لە دیاریکردنی ژمارە و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان,بە دیاریکراوی پێکەاتەی ئەندامان بریتییە لە :

- دادوەران .
- شارەزایان لە فیقهی ئیسلامی .
- شارەزایان (الفقهاء) لە یاسا .

بەڵام وردەکاری و یەکلاییکردنەوەی بابەتەکانی ژمارە و چۆنیەتی دیاریکردنی مەرجەکانی پاڵێوراوان و هەڵبژاردن و دامەزراندنیان، و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندارە بەکارکردنی دادگاکە بەجێهێڵراوە بۆرێکخستنی یاسایی ، ئەویش لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی[xli].

سەرەرای پێویست بوونی ئەم دادگایە و هەنگاونانی یاسادانەری دەستوری لە جێگای دروستدابۆپێکهێنانی بەڵام لە رووی دیاریکردنی لایەنە بەشدارەکانی پێکهێنان وپێکهاتەکەیەوە وچۆنیەتی رێکخستنی وردەکاری لە رێگای یاساوە چەند تێبینی و سەرنجێك دەخەینە روو :

**یەکەم/**سەرەرای دیارینەکردنی ژمارەی ئەندامانی دادگا جیاواز لە زۆرێك لە یاسادانەرانی دەستوری دەوڵەتان[xlii]، کە وا دەکات جۆرێك لە ناسەقامگیری و بوونی کاریگەری لە سەر سەربەخۆیی بوون بهێنێتە کایەوە و بوار برەخسێنێت بۆ دەسەڵاتی یاسادانان گۆرانکاری بەردەوام لە میانەی پیادەکردنی تایبەتکارییەنەوە لە هەر کاتێکی ویستراویدابکات لە ژمارەیاندا[xliii]. رێژەی ژمارەی ئەو سێ پۆلە (دادوەران و شارەزایانی فیقهی ئیسلامی و یاسایی)لە ئەندامانی دادگاش دیارینەکرا وە، واتە پێویست بەفەراهەم کردنی هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوانیاندا هەیە لەرووی ژمارەوە یان رێگە دراوە بە لاسەنگ بوونی لایەك بەسەر دوولایەنی تر یان لایەنێکیاندا لەرووی ژمارەوە ؟[xliv]،و دەرئەنجام ئەگەری کاریگەری بوونی دەبێت بەسەر ئاراستەی کار و پیادەکردنی تایبەتکاری دادگاکەدا، بە تایبەتی کاتێك کە دەنگدان بۆ بڕیاردان و یەکلاییکردنەوەی کێشەکان رێژەی ئاسایی پێویست بێت (زۆرینەی سادە).

**دووەم/**بوونی ئەندامانێکی نادادورەی و رۆڵیان لەو دادگایەدا و نەگونجانی لەگەڵ سروشتی کاری ئەم دامەزراوە دادوەرییە جێگای تێبینی و بۆچوونی جیاوازە , لە کاتێکدا جگە لە وەی ناوی دامەزراوەکە وناساندنی بە دەستەیەکی دادوەری وەك بەشێك لە دەسەڵاتی دادوەری فیدرالی

کاری ئەم دادگایە لە بریاردان و یەکلایی کردنەوەی کێشەکان سروشتێکی دادوەرییە ، لە کۆی ژمارەی پێکهاتەی ئەندامانی لە سێ بەشدا تەنها یەکێکیان بە دادوەران دیاریکراون و دوو پۆلەکەی تر بریتیین لە شارەزایانی (یاسایی و فقهی ئیسلامی).

تێبینییەکان خۆیان دەبیننەوە لە گونجاو نەبوونی کاری دادوەری وئەندامبوونی کەسانێك کە دادوەر نین بۆ پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی دادگا لە بەرئەوەی دادگای باڵای فیدرالی دامەزراوەیەکی دادوەرییە و گرێدان و کاررایی کردنی تەنها لە رێگای دادوەرانەوە دەبێت و شارەزایان هیچ زانیاری و ئاشنایەتییەکی کرداریان بە کاروباری تایبەت بە دادبینی نییە[xlv]، سەرەرای ئەوە سەربەخۆیی و بێلایەنی دوو سیفەتی پەیوەستن بە کاری دادوەر و دادوەران و کارێکی تارادەیك ئاستەمە لە دوو پۆلەکەی تردا فەراهەمبێت[xlvi]، جگە لەوە وەك بنەمای گشتی لە تایبەتکاری دادوەریدا رۆڵی ئەو شارەزایانە لە دادگاکاندا چوارچێوە کراوە بە وەرگرتنی بۆچوون وبیستنی راوێژەکانیان وناکرێت ببن بە رەگەزێکی یەکلاییکەرەو و بریاردەر و مافی دەنگدانیان هەبێت, بە هۆی جیاوازی سروشتی کاری دادوەر وشارەزا لە بوارێکی دیاریکراو[xlvii]. هەرچەندە پشتگیریکاری ئاراستەی پەیرەوکراوی یاسادانەری دەستوری پشتدەبەستن بە چەند بەڵگەیەك گرنگترینیان ناوەرۆکی تایبەتکارییەکانی دادگای باڵای فیدرالییە بەتایبەتی چوارچێوەی چاودێری کردنی یاساکان لە هاوکۆك بوون لەگەڵ بنەما جێگیرەکانی ئیسلام و بنەماکانی دیموکراتیەت کە وادەخوازێت هەموو ئەندامانی دادگا لەهەر سێ پۆلەکە لەیەك ئاستی بریاردان و پیادەکردنی تایبەتکارییەکاندا بن[xlviii].سەرەرای بوونی ئەزمونی هاوشێوە لەوانە دادگای دەستوری ئیسپانیا لە ئەندامبوونی دادوەران و مامۆستایانی زانکۆ وفەرمانبەرانی یاسایی وپارێزەران لە پێکهاتەی دادگای دەستوریدا[xlix].

جگە لەوانە هیچ پێوەر یان چوارچێوەیەکی دیاریکاری شارەزای ی روون نەکردۆتەوە لە دەقی دەستوریدا لەبەر ئەوە ئەگەری کێشە و لێکدانەوەی جیاواز دەکرێت لە بەدیارخستن و دیاریکردنی شارەزایان لە کاتێکدا کە رێگاکانی بەدەست هێنانی پێوەری دیاریکردنی شارەزایی لە فیقهی ئیسلامی جیاوازن ,ئایا لە رێگای بروانامەی ئەکادیمی بێت یان نوسین و بەرهەمی نوسراوی زانستی یاخود قوتابخانە وشوێنە ئاینیەکانە ؟ سەرەرای بوونی چەندین مەزهە ب وئاراستەی ئاینی جیاواز , بەهەمان شێوەش بۆ شارەزاویاساناس مەبەست لێی ئەزمونی ئەکادیمی وئاستی بەرزی زانستی مامۆستایانی زانکۆ یاخود ئەزمونی پراکتیکی دادوەری پارێزەران وفەرمانبەرە یاساییەکان دەگرێتەوە؟[l].

لەگەڵ بۆچوون و خوێندنەوەی جیاواز لە ئەندامێتی بوونیان لەو دادگایە بە بۆچوونی ئێمە جێگای لێکدانەوەی دوور لە دەستەواژەی دیاریکراو هەڵناگرێت سەبارەت بە مافی دەنگدان,بەپێچەوانەوە دەرچوونە لەویستی یاسادانەری دەستوری, لەبەر ئەوەی ئەگەر تەنها رۆڵ و ئەرکیان راوێژ بێت ئەوا پێویست بە ئەندامبوونی ناکات و وەك تەواوکاری دادوەری دەکرێت دادوەر لە میانەی گەیشتن بە بریاری دروست لە هەڵسەنگاندن و بەدەستخستنی زانیاری یاخود دروستی زانیاریی وخەملاندنەکان پشت ببەستێت بە شارەزایانی بوارە پەیوەندارەکان بەبابەتی داوا, وەك چۆن لە چەندین یاسا رێگەدراوە دادگا پەنابات بۆ شارەزایان بە مەبەست ی سوود وەرگرتن و پشت بەستن بە زانیاری و ئەزمونیان[li], تەنانەت لە پەیرەوی ناوخۆی خودی دادگای باڵای فیدرالی رێگەی داوە بە وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان بەڵام تەنها وەك راوێژ[lii].

سەبارەت بە رێکخستنی دەنگدان و چۆنیەتی هەژمارکردنی لە داوا کاندا بە پێی جۆر و جیاوازی تایبەتکارییەکان دیاری بکرێت, بەنمونە دەنگدانیان پێویست نەبێتو هەژمارنەکرێت لە کارو تایبەتکارییەکی دادوەری تەواودا وەك یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی تایبەتکاری دادوەری نێوان دادگاکان، بەڵام گەیشتن بە ویستی یاسادانەری دەستوری لە میانەی راڤەی دەقی دەستوری یان چاودێری هاوکۆك بوونی یاساکان لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام پێویست بە ئەندامانی شارەزا دەبێت وەك بڕیاردەر نەك پێدانی بۆچوون . وەدەکرێت ئەم وردەکارییە جێگەی ببێتەوە لەو رێکخستنەی بە پێی یاسای پێکهێنەری دادگاکە دیاری دەکرێت بۆ کاری دادگا لەمیانەشیدا چۆنیەتی دەنگدان و رێژەی هەژمارکراوی پێویست بۆ بریاردان، وەك چۆن لە دەقی برگەی دووەم لە مادەی 92 دا هاتووە : (يحدد عددهم وتنظم طريقة اختيارهم وعمل المحكمة بقانون ).

## 2_ کێشەپەیوەندارەکان بە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی

لە کاتێکدا ئەم دادگایە لە ماوەی پێکهێنانی و تێپەربوونی بە رێکخستنی دەستوری وياسايی ولە چاوەروانی بۆ رێکخستنی ياسايی نوێ وجياوازی هەندێك لە تايبەتكارييە ئاماژەپێکراوەکان وهاوبەشبوونی لە هەندێکی تردا وهەڵوەشاندنەوەی رێکخستنی یەکەم_ياسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی 2004_ لە پاش رەزامەندی گەل لە راپرسی بۆ دەستور و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی[liii]، کەواتە لە پاش بەرکاربوونی دەستوری 2005[liv], رێکخستنێکی ياسايی و دەستوريبوونیان هەيە بۆ پيادەکردن لەلايەن دادگای باڵای فيدرالی، یەکەميان بريتييە لە ياسای دادگای باڵای فيدرالی ژمارە 30 ساڵی 2005 كە پاڵپشتە دەستورييەکەی هەڵوەشاوەتەوە، دووەميان دەستوری بەرکاری 2005. هەربۆيە لە رووی پراكتيكييەوە ئەگەر بروانينە بڕيارەکانی دادگای باڵای فيدرالی بۆ دياريکردنی پاڵپشتی دەستوری و ياسايی لە پيادەکردنی تايبەتكارييەکانی ئاماژە بە مادەی نەوەت و سێی دەستوری 2005 ومادە چواری ياسای دادگا ی باڵای فيدرالی دەکات.لەبەر ئەوە دەبينين ئەم بابەتە بووەتە كێشە و تێبينی وجێباسی توێژەران و ياساناسان وبەشێك لە بەشدارانی پرۆسەی سياسی لە عێراق وتەنانەت لە دەرپرينی گومان لە دروستی پێکهێنان وپێكهاتە وپيادەکردنی تاێبەتكارييەکان وروو بەرووکردنەوە و ئاراستەکردنی بۆ خودی دادگا لە ميانەی داوايەکی راڤەکاريدا _ لەم باسەدا روونی دەکەينەوە_ .

بۆ شيکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو كێشە و تێبينييانە و وردەكاری پاساو وبەڵگە جۆراو جۆرەکانی بۆچوونە جياوازەکان بە پۆلێنکردنی كێشەکانی پەيوەندار بە پيادەکردنی تايبەتكارييەکان لە روو ی پێکهێنان و پێکهاتە و جۆری تايبەتكارييەکان دەخەينە روو، پاشان بەديارخستنی بۆچوونی دادگای باڵای فيدرالی لەوبارەوە لە کۆتاييياندا ديارخستنی بۆچوون و تێبينييەکانمان بەم شێوەی خوارەوە :

## 1_2 كێشەی پێکهێنان و پێکهاتەی دادگا

لە دياريکردنی بنەرەتی پێکهێنانی دادگای باڵای فيدرالی بڕگەی (أ)ی مادە چل و چواری ياسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەرەی 2004[lv], بە پاڵپشتی دەستوری هەژمار كراوە وەك چۆن لە ياسای دادگای باڵای فيدرالی ژمارە 30 ی ساڵی 2005دا لە پێشەكييەکەيدا ئاماژەی پێکراوە[lvi]لەبەرئەوە ئەم كێشەيە بۆچوونێك دێنێتە ئاراوە كە پێی وايە بە هەڵوەشاندنەوەی ياسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری لە ساتی بەرکاربوونی دەستوری 2005 دادگاكە بنەرەتی دەستوری لەدەستداوە و بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت[lvii]، دەرئەنجام دامەزراوەيەکی هەڵوەشاوە ناتوانێت پيادەی هيچ جۆرە تايبەتكارييەك بکات .

لەبەرامبەر ئەم كێشەيە بۆچوونێکی تر هەيە و بنەرەتی پێکهێنانی بۆ ياسای دادگای باڵای فيدرالی ژمارە 30 ی 2005 دەگەرێنێتەوە و بە ياسايەکی بەرکار يشی هەژمار دەکات بە بەڵگەی دەقی مادەی سەدو سی لە دەستوری 2005 كە ياسابەرکارەکان بە جێبەجێکراوی دەهێڵێتەوە بە مەرجێك هەموار يان هەڵنەوەشێتەوە بە پێی حوکمەکانی خودی دەستوری 2005[lviii]، واتە تا ئەو کاتەی ياسايەکی تری هاوشێوەی تايبەت بە پێکهێنان و رێکخستنی کاری دادگای باڵای فيدرالی هيچ كێشەيەکی ياسايی و دەستوری بۆ دادگاكە بەدی ناكرێت[lix].

هەندێكي تر پێيان وايە دەستوری 2005 پاڵپشتي دەستورييە بۆ ياسای دادگای باڵای فيدرالی پاش هەڵوەشاندنەوەی ياسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق 2004 ئەويش بە پێی مادەی 130 ی دەستوری 2005 كە پێشتر ئاماژەمان پێکرد- بە هۆی نەبوونی دەقێکی روون بە هەڵوەشاندنەوەی ياساكە[lx]. ئەمە جگە لەوەی لە رووی پراكتيكەوە دادگاكە لە کاتی پێکهێنانيەوە بە بەردەوامی پيادەی تايبەتكارييەکانی کردووە وچەندين بڕياری يەكلايی كەرەوەی دەرکردووە[lxi].

سەبارەت بە پێکهاتەی دادگاش بابەتێکی نلێکۆڵینەکراوە كە پێکهاتەی ئەندامانی دادگای باڵای فيدرالی كە لە ياسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری و ياسای پێکهێنەريدادگاكە ژمارە 30 ساڵی 2005 لەگەڵ پێکهاتەی ئاماژە پێکراوی دادگاكە لە دەستوری 2005 جياوازن لە رووی ميكانزمی پاڵاوتن و دياريکردن و سيفەتی ئەندامەکان بەتايبەتی لە یەکەميان تەنها سنورداری کردبوو بە دادوەران بەڵام لە دووەمياندا دادوەران بەشێکی پێکهێنەرن نەك تەواوی پێکهاتەكە، كە شارەزايانی بواری فيقهی ئيسلامی و ياسا لە خۆ دەگرن. ئەمەش وايکردووە كە بۆچوونێك بێنێتە كايەوە كە هەريەك لەو پێکهاتە جياوازانە بۆ جۆری

تایبەتکارییەکاندیاریکراون، واتە بەو پێکهاتەی پێشوو ناکرێت پیادەی تایبەتکارییەکانی نێو دەستوری 2005 پیادەبکات و دەرئەنجام لە دەستدانی لێکەوتەی یاسایی بریارەکانی لێدەکەوێتەوە[lxii].

## 2_2کێشەی پیادەکردنی تایبەتکارییکان

وەك لە پێشدا و لە چەندین وێستگەی بابەتەکانی پێشوو باسمان لەوە کرد بنەرەتی دەستوری پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی رێکخستنی دەستوری 2004 بووە و لەمیانەی رێکخستنیدا بۆی تایبەتکارییەکانی دیاریکردووە، پاشان لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ی ساڵی 2005 هەر لەسەرەتاوە لە دیاریکردنی تاییبەتکارییەکاندا چەند تایبەتکارییەکی جیاواز و زیاتری بۆ دادگاکە باسکردووە و لە سنوری رێپێدراوی یاسایی زیادەرۆیی کردووە بە تایبەتی لە سەیرکردن و چاودێری لەسەر بریارەکانی دادگای کارگێری لەبەر ئەوەی تایبەتکارییەکانی دیاریکراوی دەستوری 2004 بواری ئەژمارکراون (حصرين ) و ناکرێت زیاد یان کەمبکرێنەوە، بە پێچەوانەوە بە نادەستوری هەژمار دەکرێت، پاشان بە هەمان شێوە سەبارەت بە تایبەتکارییە دیاریکراوەکان لە دەستوری 2005 ئەم تایبەتکارییە تێدا باس نەکراوە و دادگای باڵاش بەردەوام بووە لە پیادەکردنیدا ئەمەش بە بۆچوونی هەندێك کاری دادگای باڵا لەم بوارەدا بە نادەستوری هەژمار بکرێت[lxiii].

ئەگەر هاوکێشەکە پێچەوانەش بکەینەوە لە تایبەتکارییە دیاریکراوەکاندا لە دەستوری 2005 نمونەی دیاریان راڤەی دەقە دەستورییەکان لە رێکخستنی دەستوری 2004 و یاسای دادگای باڵا ی فیدرالی بوونی نەبووە و پیا دەشدەکرێت لەلایەن دادگاکەوە و چەندین بریاری راڤەکاری لەلایەن دادگاوە دەرکراوە[lxiv].

بە ئاراستەی پێچەوانەی دیار خستنی ئەم کێشەیە بۆچوونی پشتگیریکاری ئەم دادگایە پێی وایە تەواوی ئەو تایبەتکارییانەی کە لەیاساکەیدا ئاماژەی پێکراوە هەروەها ئەوەی لە دەستوری 2005 دا هاتووە دەتوانێت پیادە بکات بە هۆی نەبوونی هیچ دەقێك کە ئاماژە بەهەڵوەشاندنەوەی بکات یان لەکاری بخات یان رێگری لە یەکێك لە تایبەتکارییەکانی بکات کە بۆ ئەو دادگایە دیاریکراوە[lxv].

لەگەڵ ئەوەدا بۆچوونێکی تر هەیە کە باس لە هەڵوەشاندنەوەی دادگاکە ناکات بە تایبەتکارییەکانیشیەوە بەڵکو پێی وایە کە دەقی دەستوری 2005 سەبارەت بە دادگای باڵای فیدرالی بە تایبەتکارییەکانیەوە بە هەموارکاری یاسای دادگای باڵای فیدرالی دادەنرێتبەبەڵگەی مادەی 130 لە دەستوری بەرکار، کە ئاماژە بەوە دەکات تەواوی رێسا یاساییە دانراوە بەرکارەکان بە کارپێکراوی دەمێننەوە مەگەر بە پێی حوکمەکانی دەستوری 2005 هەموار بکرێت یان هەڵبوەشێنرێتەوە، واتە لەبەر ئەوەی دەقی دەستوری پاشتر لە رووی کات کە 2005 بە روونی باسی هەڵوەشاندنەوەی دادگای پێشووی نەکردووە ئەوا بە هەموارکاری هەژمار دەکات. بەڵام جارێکی تریش جۆری هەموار کردنەکە دوو ئەگەر لە خۆ دەگرێت : **یەکەمیان** هەموارکردن بە لابردن (الحذف) بە مانا یاسای پێشووی رێکخەری کاروباری دادگای باڵای فیدرالی بە تەواوی هەموار کراوە و تایبەتکارییەکانی لادراوە و دەقی دەستوری 2005 لە جێگا دانراوە، **دووەمیان** : هەموار کردن بە زیادك ردن ( الإضافة ) واتە کۆی تایبەتکارییە ئاماژەپێکراوەکان لە هەردوو رێکخستنی دەستوری و یاسایی هەیە وەك خۆی دەمێنێتەوە و دادگاش پێویستە پیادەی بکات[lxvi].

## 3_2بۆچوون و کاری دادگای باڵای فیدرالی[lxvii]

لەگەڵ ئەوەدا کە لە رووی پراکتیکەوە دادگای باڵای فیدرالی لەسەرەتای پیادەکردنی تایبەتکارییەکانیەوە بۆ پاڵپشتی کاری دادوەری لە دەرکردنی بریارەکانی ئاماژە بە یاسای ژمارە 30 ی ساڵی 2005 و دەستوری 2005 دەکات و لە میانەشیدا تەواوی تایبەتکارییە دیاریکراوەکان لە دەستوری بەرکاردا بە تایبەتکاری را ڤەی دەستوریشەوە و دەرکردنی چەندین ب ریار، تا ئەوکاتەی بە شێوەیەکی فەرمی و لەیەکەم داواکاری لە دامەزراوەی ەکی فیدرالی و لەرێگای داواکردنی بۆچوونی دادگا سەبارەت بە تەواوی ئەو کێشانەی لە پێشتر باسمان کرد لە رووی بنەرەتی پێکهێنانی دادگاکە و پێکهاتە جیاوازەکەی و پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی ئاماژە پێکراو لە دەستوری 2005 سەرەرای دەرنەچوونی یاسای تایبەت بە دادگاکە[lxviii].

دادگای باڵاشهەڵوێستی خۆی سەبارەت بە پێگەی دەستوری و یاسایی و بنەرەت و پاڵپشتی دەستوری بۆ بەردەوامبوون لە پیادەکردنی تایبەکارییەکانی لە ڕێگای پێدانی بۆچوون (الرأی)[lxix] و لەمیانەی بریاری ژمارە 37 ی ساڵی 2010 لە 2010/4/14 بەم شێوەی خوارەوەدەخاتە روو :

**یەکەم/** سەبارەت بە پێکێنانی دادگاکە یاسای ژمارە 30 ساڵی 2005 بە بنەرەتی یاسایی هەژمار دەکات بۆ پێکهێنانی دادگاکە.

**دووەم/** سەبارەت بە پێکهاتەی ئەندامانی دادگاکە بە پێی مەرسومی کۆماری و پاڵاوتنی لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە نێو دادوەرانی خاوەن توانای بەرزی دادوەری و فقهی ویاسایی دیاریکراون ئەمەش هەمان ئەو سیفەتە ویستراوانەیە کە دەستور داوای کردووە .

**سێیەم/** سەبارەت بە تایبەتکارییەکان ئاماژە بە هەردوو مادەی چواری یاسای 2005 و مادەی 93 ی دەستوری 2005 دەکات، ئەوەش لەسەر بنەرەتی دیاریکردن و ئاماژەکردنی یاساکە بۆ تایبەتکارییەکان بە کراوەیی و سنودار (حصر) نەکردنی بە دەستەواژەیەکی کراوە : ( تتولی المحکمة الإتحادیة العلیا المهام التالیة) و نەك دیاریکردنی بە سنوردارکردن بەدەستەواژەی ئەم تایبەتکارییانەی لە یاساکەدا هاتوون : (تمارس مهامها المنصوص علیها فی هذا القانون )، واتە ئەو تایبەتکاریانەی لە یاساکەدا هاتووە و ئەوانەی دەستور و هەر یاسایەکی تر بۆی دیاری دەکات دەگرێتەوە.

**چوارەم/** سەبارەت بە بەردەوامبوونی دادگا لە کار وهەڵنەوەشاندنەوە وپیادەکردنیتایبەتکارییەکان پاڵپشت بە مادەی130 ی دەستوری 2005 بە بەرکار هەژمار دەکرێت وپێویستە خودی دادگا و دامەزراوەکانی تری دەوڵەت پێی پابەند بن. وە دەرنەچوونی یاسایەکی تایبەت بە دادگای باڵای فیدرالی بە پێی رێکخستنی دەستوری 2005 مانای ئەوە نییە ئەم دادگایە لەکار بکەوێت و تایبەتکارییەکان پیادە نەکات.

بۆ پشگیری و هێنانەوەی پاساوی یاسایی نمونەی کارپێکراوی دەوڵەتانی تر دەهێنێتەوە بە بێ دیاریکردن، پاشان چەند حاڵەتێکی تری هاوشێوە وەك دادگاکە دەهێنێتەوە کە ی اسای نوێیبۆ دەرنەکراوە بەردەوامیان داوە لەکارکردن و لە کارنەکەوتوون و هەرچەندە دەستور رێکخستنی یاسایی بۆ پێویست کردووە بەنمونە پاڵاوتن و هەڵبژاردن و دیاریکردنی موچەی سەرۆکی کۆمار، بەهەمان شێوەش بۆ سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران.

هەروەها پێی وایە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت بە بەرکاری دەمێننەوە و بەردەوام دەبن لە پیادەکردنی تایبەتکارییە دیاریکراوەکانیان لە یاساکانیاند ا و هەرچی لە دەستوریشدا هاتووە تەنانەت تا ئەوکاتەی یاساکانیان هەموار دەکرێتەوە یان هەڵدەوەشێنرێتەوە بە پێی مادەی 130ی ساڵی 2005 ، ئەمەش بەمەبەستی بەردەوامی بەرێوەچوونی کاروباری دامەزراوەکان وسەقامگیری کاروباری دەوڵەت وبەرژەوەندی گەلەکەی . وە ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو ئاراستە هەنگاو بنرێت ئەوا پرۆسەی یاسایی وسیاسی لە پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهێنانی حکومەت لە کاردەکەون ، ئەمەش ناگونجێت لە گەڵ روح و ویستی دەستور و بەرژەوەندی دەوڵەت.

**بۆچوونمان :** پاش تێڕامان وخوێندنەوە ولێکدانەوەی تەواوی تێبینی وسەرنج ورەخنە ئاراستەکراوەکان بۆ دادگای باڵای فیدرالی لە رووی پێکهێنان وپێکهاتە وتایبەتکارییەکان لە میانەیاندا بۆچوونی دادگای باڵای فیدرالی، پێمان وایە هیچ یەکێك لەوانەی پێشتر ئاماژەپێکراون بەشێوەیەکی رەها جێگەی و هرگرتن ورەتکردنەوەنییە ، لەهەردوو حاڵەتی بە نادەستوری وهەڵوەشاوە دانانی دادگا ودروست کردنی بۆشاییەکی دەستور لە دامەزراوە فیدرالییەکان، یان بە قەبوڵکردنی بێکێشەبوون وپیادە کردنی فراوانی تایبەتکارییەکانی دادگاکە لە کاتێکدا تەواوی پێکهێنان وپێکهاتە وتایبەتکارییەکانی هاوکۆك نین .هەربۆیە هەوڵ دەدەین بۆچوونمان بەکورتکراوی بخەینە روو لە چەند خاڵێکدا :

**یەکەم/** دادگای باڵای فیدرالی ئاماژە پێکراو لە لە دەستوری 2005 هەمان ئەو دادگایە نییە کە ئێستا لە کاردایە و پێکهاتووە بە پێی یاسای ژمارە یاسای 30 ی ساڵی 2005 بە پاڵپشتی یاسای بەر ێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004، بە بەڵگەی ئەوەی کە تایبەتکارییەکانی گۆرانکاری بەسەردا هاتووە بە رەچاوکردنی پێکهاتەی ئەندامەکانی، جگە لەوە ئەگەر یاسادانەری دەستوری ویستی بەردەوامبوونی دادگای باڵای پ ێکهێنراوی هەبووایە لە

بەردەوامبوون بەپێکهاتەی یاسایی بەرکارەوە ئەوا هاوشێوەی ئەو دامەزراوە و دەستە سەربەخۆیانەی کە پێشتر لە کاردابوون وەدقی لەسەر بەردەوامبوون وپیادەکردنی تایبەتکارییەکانی دەدا بەبەردەوامبوونیان بێت تا تەواوکردنی کارەکانیان یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت ، وەك دادگای باڵای تاوانەکان [lxx], دەستەی ریشەکێشکردنی بەعث [lxxi], دەستەی سکاڵای خاوەندارێتی[lxxii] هەروەها بە هەمان شێوە سەبارەت بە ئەنجومەنیسەرۆکایەتی کۆمار کە پێکهێنراوی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004 بووە[lxxiii] بەڵام لە دەستوری 2005 درێژە بە پێکهاتە و چەند تایبەتکارییەکی درا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە یەك خولی هەڵبژاردن بوو[lxxiv].

**دووەم/** لە گەڵ بەرکاربوونی دەستوری 2005 و پێکهێنانی حکومەت یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری هەڵوەشێنراوەتەوە جگە لە هەردوو مادەی (58 و 53/أ)نەبێت[lxxv]، واتە دادگای باڵای فیدرالی پاڵپشتی دەستوری پێکهێنانی لەدەستداوە، و سەبارەت بە بەرکاربوونی یاسای ژمارە 30 ساڵی 2005 لەسەر بنەمای مادەی 130 دەستوری 2005 پەیوەستە بە مەرجی هەڵنەوەشاندنەوە وهەموارنەکردنەوەی بە پێی حوکمەکانی دەستوری 2005، کەواتە ئەگەر لە چوارچێوەی بەردەوامبوون وهەڵنەوەشاندنەوەشدا بمێنێتەوە ئەوا ناکرێت لە سنوری هەمواركردنێکی ئاشکرا بێت یان نائاشکرا بچێتە دەرەوەو پێویستە تایبەتکارییە هەموارکراوەکان پیادە بکات . ئەمە جگە لەوەی ئەگەر بە هەموارێکی زیادکراو هەژمار بکرێت بۆ یاساکە ئەوا خودی یاساکە بە بەرکاربوونی وجیاوازی لە ناوەرۆکیدا بە تایبەتی تایبەتکارییەکانی دەکەوێتە بەر چاودێری دەستوری بوون و ئەگەری نادەستوری بوونی تێدا بەهێزە.

**سێیەم/** سەبارەت بە بەڵگە وپاساوەکانیدادگای باڵا کە ئاماژە پێکراوە لەمیانەی رونکردنەوەی بۆچوونی تایبەتپێگە وبنەرەتی یاسایی وسنوری تایبەتکارییەکانی، جێگای سەرنجە کە دادگای باڵای فیدرالی بریارێك لە بارەی هەر بابەتێکەوە دەربكات کە پەیوەندار بێت بە خۆی بەهەر هۆکار و لەهەر کێشەیەکدا بێت ، لەبەر ئەوەی وادەبینین لادان بێت لە بنەمایەکی گشتی کاری دادوەریی ئاماژە پێکراو لە یاسای دادبینی شارستانی[lxxvi].

پاشان پاساوی یاسایی بۆ بەردەوامبوونی لە کارەکانی بە پرۆسەی ئەزمونکراوی دەوڵەتانی تر دەهێنێتەوە سەرەرای ئەوەی هیچ نمونەیەکی دیاری دەوڵەتانێکی هاوشێوەی سیستەمی سیاسی و دەستوری عێراقی دیاریکردووە، ئەمە جگە لەوەی کە حاڵەتێکی نامۆیە لە کاری دادوری بەڵگە و پاڵپشتی یاساییت نمونە یان ئەزمون یان پرۆسەی یاسایی ودەستوری دەوڵەتانی تر بێت بۆ بریاردان لە کاروباری کێشەکانی بەردەممیدا ، ئەگەر چی لە چوارچێوەی شرۆڤە و فیقهدا کارێکی ئاساییە . پاشان گریمانە یەك دەخاتە روو بۆ ئەگەری بەردەوامنەبوونی دادگاکە لە تایبەتکارییەکانی کە پەسەندنەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان وپێکنەهێنانی حکومەتی لێدەکەوتەوە، بەڵام وادەردەکەوێت دادگای باڵا بۆ بەرگری کردن لە بەردەوامی بە کار و خۆی و پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی سەرنجی ئەوەی نەداوە بەرکاربوونی دەستوری 2005 دەکەوێتە پاش پێکهێنانی حکومەت لە خولی یەکەمی هەڵبژاردن واتە ئەو تایبەتکارییەی تایبەتە بەپەسەندکردن ودروستی ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران ناگرێتەوە لە خولی یەکەم[lxxvii].

## 3_ مافی بەشداری هەرێمەکان لە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکان و کۆڵەکەی راگرتنی سیستەمی فیدرالی و لە پێشترین مافی بەدەستهێنراوی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالی فەراهەمبوونی بەشداریکردنیانە لە دسەڵاتەکان و وێستگەکانی فەرمانرەوای لەسەر ئاستی فیدرالی و بەشداری کردن لە دروست کردنی بریار پشکداری لە پێکهێنانی دامەزراوەکانی ئاستی فیدرالی لە دەسەڵاتە جیاکاندا[lxxviii].وە گومانی تێدا نییەهەریەکێك لە دامەزراوە دەستورییە فیدرالییەکان لە میانەی پیادەکردنی تایبەتکارییەکان بەئەندازەی جیاواز فەراهەمکردن و گەرەنتی کردنی مافە دەستورییەکانی هەرێمەکان لە ئەستۆ دەگرن.

دادگای باڵای فیدرالی وەك بەشێك لە دامەزراوە دەستورییە فیدرالییەکان لە رێگەی ئەرك و تایبەتکارییەکانو پێگە دەستورییەکەی بەشێك لەو بەرپرسیاریەتە لە ئەستۆ دەگرێت , و

دەكرێت بە هەستیارترین دامەزراوەی دەستوری هەژمار بكرێت بە هۆی لێبراوەیی بڕیارەكانی و پابەندبوونی بۆ تەواوی دەسەڵاتەكان[lxxix].

بەشداریكردنی هەرێمەكان لە پێكهێنان و پێكهاتەی ئەم دادگایە دیارخەری پاراستنی مافی بەشداریكردنە كە بە بنەمای پێكهێنانی سیستەمی فیدراڵی هەژمار دەكرێت[lxxx]، و لە میانەی فەراهەم كردنی ئەم بنەمایە دوو ئامانجی لێبەرهەمدێت پاراستن وپارێزگاری لە مافی سەربەخۆیی بوون، هەروەها بەشداری كردن لە دامەزراوە دەستورییە فیدرالییەكان بەمەبەستی بەشدار بوون لە دروست كردنی بڕیار لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدرالی[lxxxi]. بۆ ئەم مەبەستە لە چەند خاڵێكدا و بە پێی لایەنی بەشدار لە پێكهێنان و قۆناغەكانی پێكهێنان و پرۆسەی پێكهێنان و دیاریكردنی ئەندامانی دادگا و فەراهەمكردنی بەشداریكردنی هەرێمەكان تیایاندالە هەریەك لە رێكخستنی دەستوری 2004 و 2005 دەخەینە بەر باس :

## 3_1بەشداری هەرێمەكان لە رێكخستنی دەستوری 2004

لەبەر ئەوەی پێكهێنانی دادگای باڵای فیدرالی لە دوو قۆناغی سەرەكی پێكدەهات _ پێشتر لە باسی یەكەم باسی لێكرا _ بریتی بوو لە راوێژ و پاڵاوتن پاشان قۆناغی دیاریكردن و دامەزراندن، بەهەمان شێوە بەشداری هەرێمەكان لەو دوو قۆناغەدا بەدەر دەخەین :

### 3_1_1 بەشداری كردن لە قۆناغی راوێژ و پاڵاوتن

وەك چۆن لە پێشدا ئاماژەمان پێكرد لە میانەی دیاریكردنی لایەنە پەیوەندارەكان بە پێكهێنانی دادگای باڵای فیدرالی بە پێی دەقی رێكخستنی دەستوری و یاسایی[lxxxii] لە قۆناغی راوێژكردن و پاڵاوتن دوو دامەزراوەی دادوەری دیاری كرا بوون كە بریتی بوون لە ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدرالی و ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەكان . بەمانا هەرێمەكان لەرێگای راوێژ كردن لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری مافی بەشدارییان پێبەخشرابوو لە پێكهێنانی دادگاكە، ئەمەش جێگای دروست هەنگاونانی یاسادانەری دەستورییە كە بە ئاراستەی رۆڵدان بە هەرێمەكان لە پێكهێانی دامەزراوە دەستورییەكان هەنگاوی ناوە . لەگەڵ ئەوەشدا پێویست ئەكات چەند تێبینییەك بخەینە روو لە رووی تیۆری و واقعی پراكتیكی هەنگاونراو تیایدا :

**یەكەم/**ئامادەكردنی لیستی پاڵێوراوان بۆ ئەندامێتی دادگای باڵای فیدرالی پێویستی بە راوێژ لەنێوان ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدرالی و ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەكان هەیە، بە هەمان شێوە لە پڕكردنەوەی بۆشایی لە ئەندامەكان پاش پێكهێنان بە هۆكارە ئاماژەپێكراوەكان. بەڵام لە كاتی رەتكردنەوەی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار بۆ هەر پاڵێوراوێك وجارێكی تر گەڕانەوە بۆ پاڵاوتن باس لە هەماهەنگی و راوێژی نێوان ئەو دوو ئەنجومەنە ناكات، كە ئەمە بەبۆچوونی ئێمە نەبوونی وردەكاری و بەهەند وەرنەگرتنی بەشداری هەرێمەكان دەگەیەنێت بە تایبەتی ئەگەر ئەو رەتكردنەوەیە بۆ پاڵێوراوانی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەكان بێت . هەرچەندە لە رووی پراكتیكەوە لە كاتی ئامادەكردنی لیستی پاڵێوراوان چەند سەرچاوەیەك باس لە بوونی ئەو راوێژكارییە دەكەن[lxxxiii] بەڵام سەرۆكی دادگای باڵا كە لەو كاتەدا سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای دادوەریش بوو باس لە بەرێوەچوونی دەنگدانی نهێنی دەكات لە دانیشتنێكی ئەنجومەنی باڵای دادوەری تایبەت بەو بابەتە و پاڵێوروان بە لیستێك كە ناوی بیست و حەوت دادوەر بوون دیاری كران بە بێ ئاماژە كردن بە رۆڵی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەكان وبەشداریپێكردنیان[lxxxiv].

**دووەم/**لە باس كردنی راوێژ و هەماهەنگی لە نێوان ئەنجومەنی دادوەری فیدرالی وهەرێمەكان بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی دادگای باڵای فیدرالی جێباسی پارێزگا رێكنەخراوەكان لە هەرێمدا بوونی نییە لە كاتێكدا ئەوانیش بەشێكن لە پێكهاتەی سیستەمی فیدرالی لە عێراق[lxxxv] و بەلایەنی كەم زۆربەیان ناوچەی تێهەڵچوونەوەن واتە دادگاكانی تێهەڵچوونەوەیان تێدا پێكهێنراوە، و سەرۆكی ئەو دادگایانە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدرالین[lxxxvi] بەڵام وادەردەكەوێت كە یەكانەیی سیستەمی دادوەری پێكهاتەی دادوەرییە لە تەواوی عێراق جگە لە هەرێمی كوردستان هۆكاری بەشداری پێنەكردنیان بێت[lxxxvii].

### 3_1_2 بەشداریكردن لە قۆناغی دیاریكردن و دامەزراندن

لە پاش بەرێوە چوونی قۆناغی راوێژ و پاڵاوتن و ئامادەكردنیلیستی پاڵێوراوان قۆناغێكی گرنگ و هەستیار دێتە پێش كە قۆناغی دیاریكردنی ئەندامان و دامەزراندنیانە، كە گرنگییەكەی

کەمتر نییە لە قۆناغی پێش خۆی بەهۆیەوە پێك هێنانی دادگاکەی پێدەچێتە بواری پراکتیکەوە و سیفەتی ئەندامێتی بە پاڵێوراوەکان دەبەخشێت .سەبارەت بە بەشداری کردنی هەرێمەکان و ئاگاداربوون و لەو بریارە گرنگ و هەستیارە لە کاتێکدا کە ماوەی ئەندامێتی دیاری نەکراوە، واتە لەگەڵ دەرچوونی فەرمانی دامەزراندن لە دەسەلا تی هیچ یەکێك لە دامەزراوە دەستورییەکان نییە کە ئەندامێتییان لەکاربخەن . بۆیە پێویستە بروانینیە پێکهاتەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار کە ئەم تایبەتکارییە گرنگەی لە ئەستۆ گرتووە لەو کاتەدا , سەرەرای دیاریکردني میکانیزموچۆنیەتی بەرێوەچوونی دەرکردنی بریارەکان تیایدا .

پێکهاتەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی وەك وەلامدانەوە و رەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی و نمایندەکردنی پێکهاتە سەرەکییەکانی بەشداربوو لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق وایدەخواست کە جۆرێك لە هاوسەنگی پێگەیان رابگیرێت لە دەسەلاتی جێبەجێکردنبە تایبەت لەسەرۆکایەتی کۆماردا , هەربۆیە میکانیزمی رێکخستنی یاسایی بۆ خۆی بینییەوە لە دەستەیەکی سەرۆکایەتی رێکخراو لە ئەنجومەنێکدا کە میکانیزمی هەڵبژاردنیان جێگەی متمانەی زۆرینەیەکی تایبەت بێت بە دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی دەسەلاتی یاسادانان، و بەیەك لیست کە هەرسێ ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە خۆ بگرێت [lxxxviii]، پاشان پیارەکانی ئەو ئەنجومەنەش بە کۆی دەنگی تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنەکە بێت بە سەرۆك و جێگران[lxxxix].

بە هۆی پێکهاتەی نمایندەکاری هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکە لە ئەنجوەنی سەرۆکایەتی کۆمار و مافی رەتکردنەوەی هەر یەکێك لە ئەندامان مافی بەشداری کردنی هەرێمەکان وپاراستنی دامەزراندنی پاڵێوراوەکانیان لە لیستی پێشکەشکراو لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەری بە دروستی و راستەقینەیی فەراهەم دەبێت . وە ئەو ماوە دوور و درێژەی کە لە نێوا ن کاتی پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوان بۆ د ەرچوونی پریاری دامەزراندنخایاندی لە 2004/7/21 تا 2005/3/30 زادەی ئەو بریارە کۆدەنگییەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بوو بۆ پاراستنی پاڵێوراوانێك کە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ویست و پاڵەراوی عێ دروستی ئەو پێکهاتە بن کە ئەوان نوێنەرایەتییان دەکرد و توانرا هاوسەنگی ت ێدا بپارێزرێت[xc].

## 3_2 لە رێکخستنی دەستوری 2005

بە هۆکاری دیاریکرنی ئەنجومەنی نوێنەران بە رێکخەری وردەکاری تەواوەکر وای رێکخستنی دەستوری لە ژمارەی ئەندامان وشێوازی هەڵبژاردن ودیاریکردنیان ورێکخستنی کاری دادگا بەشداری کردنی هەرێمەکان دیاریکراو و روون نییە تا ئەو کاتەی ناوەرۆکی یاساکە دادەنرێت ــ تا کاتی نوسینەوەی ئەم بابەتە یاسای تایبەت بە دادگای باڵا ی فیدرالی قۆناغی پرۆژەبوونی تێنەپەراندووەــ ، ئەمەشجێگای تێبینی و بە ئاراستەی نەرێنی یاسادانەری دەستوری لای هەندێك هەژمار دەکرێت بە هۆی هەستیاری تای بەتکارییەکان وپێگەی ئەم دادگایە ولێکەوتەی نالۆژیکی لە رێکخستنی دامەزراوەیەك لە دیاریکردنی ئەندامان وژمارەی پێکهاتەو میکانیزمی دامەزراندن ودیاریکردنی کارەکانیان لەلایەن دامەزراوەیەکی ترەوە بکرێت کە لە حاڵەتی پێکهێنانیدا ببێت بە چاودێر و بریاردەر لە دروستی سنوری پیادەکردنی کارەکانی، جگە لەوە ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە لە ئەگەری هەموارکردنەوەی بە یاسایەکی تری فیدرالی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە[xci].

لەبەر هەمان هۆکار کە نەبوونی یاسایەکی دانراوە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە تا ئێستا،تەنها لە میانەی دیاریکردنی لا یەنە پەیوەندارەکان بە پێکهێنانی دادگاکە چەند خاڵێك دەخەینە روو کە تایبەتە بە بەشداری هەرێمەکان تیایدا :

**یەکەم/**بە پێی دەقی مادەی (92) ئاماژە پێکراو لەدەستوری بەرکار ئەنجومەنی نوێنەران تەنها لایەنی پێکهێنەری دادگایە، ئەمە لە کاتێکدا خۆی بەشێك یان باڵێکی د ەسەلاتی یاسادانانە فیدرالییە[xcii] لەسەر بنەمای نمایندە کردنی تەواوی گەلی عێراق، کەواتە هەر کارێکی یاسادانان لەسەر بنەمای زۆرینەی سادە وتەنانەت زۆرینەی رەهاش بەشداری راستەقینە وگەرەنتیکراوی هەرێمەکانی لێناکەوێتەوە , بەلام بۆ فەراهەمکردنی جۆرێك لە بەشداریکردنی هەرێمەکان زۆرینەیەکی تایبەت دیاریکراوە ئەویش دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانە، بەشێوەیەکی پراکتیکی دیاریکردنی ئەم رێژەیە لە زۆرینەی دەنگدان جۆرێك لە گەرەنتی بەشداریکردن هەرێمەکان فەراهەم دەکات و ناتوانرێت لەم جۆرە

یاسایانە تێپەرێنرێت بەبێ رەچاوکردنی بەشداری نوێنەرانی هەرێم، هەر لەبەر ئەمەیە دەبینرێتدادگای باڵای فیدراللە بۆشایی یاسای نوێدا بەردەوامی هەیە.
بەڵام ئەوەی جێگای مەترسییە ئایا پاش پێکهێنانی دادگاکە لە رێگای دانانی ئەم یاسایە بە زۆرینەی و یستراو هەمان زۆرینە پێویستە بۆ هەمواركردن ؟ ئەگەر وەڵامەكە نەخێر بێت و وەك یاسایەكی ئاسایی هەژمار بكرێت ئەوا ئەو بەشداری و میكانیزمە گەرەنتیكارە بۆ هەرێمەكان لەدەستدەردرێت بە تایبەتی لە بۆشایی ئەنجومەنی فیدرالیدا . بەڵام پێمان وایە كە دەقی مادە دەستورییەكە هەمان پابەندی هەیە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە دیاریكردنی ژمارەی ئەندامان و شێوازی هەڵبژاردنیان و رێكخستنی كارەكانیان وەك چۆن هاتووە لە پرگەی دووەمی مادەی 92ی دەستوری 2005 : (تتكون المحكمة الاتحادية العليا من عدد من القضاة وخبراء فی الفقه الاسلامی وفقهاء القانون، يحدد عددهم وتنضم طريقه اختيارهم وعمل المحكمة بقانون يسن بأغلبيه ثلثی أعضاء مجلس النواب ). هەربۆیە پێمان وایە دروست وابوو یاسادانەری دەستوری ئەنجومەنی نوێنەرانی دیارینەكردایە وەك تەنها لایەنی یاسادانەر بۆ پێكهێنانی دادگاكەو و بە شێوەیەكی گشتی دەسەڵاتی یاسادانانی ئاماژە پێبكردایە ئەو كات ئەنجومەنی فیدرالیش تێدا بەشدار دەبوو، كە پێكهاتەی ئەو ئەنجومەنە نوێنەدەی هەرێم و پارێزگا رێكنەخراوەكان دەكات لە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدرالیدا[xciii].

**دووەم/** پێکهاتەی دادگا بە بەشداری دادپەروەرانەی نوێنەرانی هەرێم و پارێزگا رێكنەخراوەكان لە هەرێم لە بەرێوەبردنی تەواوی دامەزراوە فیدرالییەكانی دەوڵەتدا بنەمایەكی تری فەرمانرەوایە لە چوارچێوەی سیستەمی فیدرالی لە عێراق فەراهەم دەكات[xciv] وەك چۆن لە مادەی 105 دا هاتووە:"( تؤسس هيئة عامة لضمان حقوق الاقاليم والمحافضات غير المنتضمة فی إقليم فی المشاركه العادله فی إداره مؤسسات الدولة الإتحادية المختلفه ).وە دادگای باڵای فیدرالیش لە میانەی رێكخستنی دەستوری 2005 بۆ دەسەڵاتە فیدرالییەكان وەك بەشێك لە دەسەڵاتی دادوەری فیدرالی ناسێنراوە[xcv].

**سێیەم/** بەشداری كردنی هەرێمەكان لە رێگای سەرۆكی كۆمار وەك لایەنی بەشداری پرۆسەی یاسادانان لە پەسەندكردن و دەركردن بۆ ئەو یاسایەی كە ئەنجومەنی نوێنەران دادگای باڵای پێپێكدێنیت تەنها لە قۆناغی یەكەمی بەركاربوونی دەستوری 2005 بە دیاریكراوی لە خولی یەكەمیدا لە دیاریكردنی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار فەراهەم دەبێت , ئەویش بە هۆی توانای رێگریكردن لە دەركردنی یاسا بێ بەشداری پێكهاتە سەرەكییەكانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق لە میانەیاندا هەرێمەكانیش ئەویش لەرێگای بریاردان بە كۆی دەنگی سەرۆك و دوو جێگرەكەی، وە لە حاڵەتی رەتكردنەو و سووربوونی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دوو جار لەسەر یەك ئەوكات پێویست بە دەنگی سێ لەسەر پێنجی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەكات تا ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار مافی رەتكردنەوە لەدەستبدات، و ئەم رێژەی دەنگدانە لە ئەنجومەنی نوێنەران هەمان بەشداری ویستراو فەراهەم دەكات.

## كۆتایی

لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیە كۆی ئەو دەرنجامانەی پێیگەیشتووین و راسپاردەكان بەم شێوەی خوارەوە دەخەینە روو:

**دەرئەنجام:**

1_ دادگای باڵای فیدرالی كارا هەمان دادگای باڵای فیدرالی ئاماژە پێكراو نییە لە دەستوری بەركاری 2005، بە هۆی جیاوازییان لە میكانیزمی پێكهێنان و پێكهاتەی ئەندامەكان و تایبەتكارییە دیارییكراوەكان.

2 _ تەواوی ئەو كێشە و تێبینییانەی پەیوەندران بە دادگای باڵای فیدرالی هۆكاری بۆشایی رێكخستنی یاساییە كە لە دەستوری بەركاری 2005 ئاماژەی پێكراوە .

3 _ رێپێدانی دەستوری بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بە رێكخستنی میكانیزمی پێكهێنان و پێكهاتەی دادگا لە رووی ژمارە و چۆنیەتی كاركردنیان جۆرێك لە ناسەقامگیری بۆ ئەو دامەزراوە دادوەرییە لەسەر ئاستی فیدرالی لێبەرهەمدێت بە هۆی ئەگەری هەمواركردن لە هەر كاتێكدا، جگە لەوەی لۆژیكی یاسایی لە خۆ ناگرێت كە دامەزراوەیەكی فیدرالی ئەو دەسەڵاتە فراوانەی

هەبێت بۆرێکخستنی کاروباری دامەزراوەیکی تر کە دەرئەنجام بکەوێتە ژێر چاودێری و پشکنین و بریاردان لە دروستی کارەکانی .

4_ مافی بەشداریکردنی هەرێمەکان لە پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرال ی لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە پێی لایەنە بەشدار و پەیوەندارەکانی پێکهێنان بەدی دەکرێت بە ئاستی جیاواز لە نێوان هەردوو رێکخستنی دەستوری 2004 و 2005 ، بەڵام وێستگەکانی پێکهێنانی دادگە لە یەکەمیاندا بەشدارییان تێدا زیاتر فەراهەکراوە .

**راسپاردە:**

**1** _ پێویست بوونی رێکخستنی دەستوری و چوارچێوە کردنی بابەتە پەیوەندارەکان بە دادگای باڵای فیدرالی لە میانەی هەر هەنگاوێك بۆ هەموارکردنەوەی دەستور، تا سەقامگیری لە کارو پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی لە ئاستی پێگەکەیدا لێفەراهەمبێت و لە ئەگەری گۆرانکاری یاسادانەری ئاسایی بەدوور بێت.

2_ هەنگاوی خێرا بۆ دانانی یاسای دادگای باڵای فیدرالی پاڵپشت بە دەقە پەیوەندارەکانی دەستوری بەرکاری 2005 بە جۆرێك پێگە و پێکهاتە و تایبەتکارییەکانی لە سنوری دیاریکراوی دەستوری چوارچێوە بکرێت، تا لە میانەیدا گومان و کێشە رووبەرووکراوەکانی دادگاکە برەوێنرێتەوەو جۆرێك لە سەقامگیری لە دامەزراوە دەستورییە فیدرالییەکانی لێفەراهەمبێت .

3_ بەشداری هەرێم وپارێزگا رێکنەخراوەکان لە هەرێم لە پێکهاتە وپێکهێنانی دادگاکە لە میانەی رێکخستنی یاسایی ئاماژەپێکراوی دەستوری بەرکار 2005، وەك بەشێك لە بەرجەستەکردنی مافە بەخشراوە دەستورییەکان پێیان و گەرەنتی کردنی پیادەکردنیان .

پەراوێزەکان

---

[i] یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی راگوزەری 2004 بە ناونیشانی دەستور نەناسێنرا، بەڵام لەرووی ناوەرۆك تەواوی تایبەتمەندییەکانی دەستوری لە خۆ گرتبوو چ بەباتە لەخۆگرتووەکانی تایبەت بە بوارەکانی رێکخستنییەوە لە رووی شێوە و جۆری دەوڵەت و دیاریکردنی دەسەڵاتەکان و رێکخستنی پەیوەندییەکانیان و دیاریکردنی مافوئازادییە گشتییەکان وگەرەنتی کردنی پیادەکردنیان, هەربۆیە زۆر لە یاساناسان بە دەستوری ك اتی ناوی دەهێنن و هەژماری دەکەن ، بروانە : د. منذر الشاو ی، فلسفة الدولة، الطبعة الثانية ، الذاكرة للنشروالتوزيع، بغداد، عمان / الأردن، 2013، ص390. و مدحت المحمود ، القضاء فى العراق _ دراسة استعراضية للتشريعات القضائية فى العراق _، الطبعه الثانية، 2010، شركة مجموعة العدالة للصحافة والنشر، ص70.

[ii] لە بنەرەتدا ئەم رێکخستنە یاساییە بە فەرمان دەرکراوە لەلایەن ئەنجومە نی وەزیرانی (حکومەتی راگوزرەر) کە بە پێی بەشی دووەمی پاشکۆی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی ڕاگوزەری 2004 تایبەتکاری دەرکردنی فەرمانی هەبوو کەهێزی یاسای پێبەخشرابوو لە کاتێکدا بە رەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بێت. ئەم فەرمانە لە وەقایعی عێراقی بڵاوبۆتەوە بە ژمارە 3996 لە 2005/3/17.

[iii] دەقی مادەی (44/أ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵە تی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004: ( يجري تشكيل محكمة فى العراق بقانون وتسمى المحكمة الإتحادية العليا).

[iv] دەقی مادەی (44/هـ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004: ( تتكون المحكمة الإتحادية العليا من تسعه أعضاء ، ويقوم مجلس القضاء الأعلى أو ليا بالتشاور مع المجالس القضائية للأقاليم بترشيح ما لا يقل عن ثمانية عشر إلى سبعة وعشرين فردا لغرض ملي الشواغر فى المحكمه المذكورة، ويقوم بالطريقة نفسها فيما بعد بترشيح ثلاثة أعضاء لكل شاغر لاحق يحصل بسبب الوفاة او الاستقالة او العزل، ويقوم مجلس الرئاسة بتعيين أعضأء هذه المحكمة وتسمية أحدهم رئيسا لها، و فى حالة رفض أى تعيين يرشح مجلس القضاء الأعلى مجموعه جديدة من ثلاثه مرشحين ).

[v] مادەی (3) لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ی ساڵی 2005 .

[vi] دەقی مادەی (45) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004 : ( يتم إنشاء مجلس أعلى للقضاء ، ويتولى دور مجلس القضاة ، يشرف المجلس الأعلى للقضاء على

القضاء الإتحادى، ويدير ميزانية المجلس، يتشكل هذا المجلس من رئيس المحكمة الإتحادية العليا، رئيس ونواب محكمة التمييز الإتحادية، و رؤساء محاكم الإستئناف الإتحاديه ، ورئيس كل من محكمه إقليمية للتمييز ونائبيه، يترأس رئيس المحكمة الإتحادية العليا المجلس الأعلى للقضاء، وفى حال غيابه يترأس المجلس رئيس محكمة التمييز الإتحادية ).

[vii] به پێی مادەی(2) لە فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ژمارە 35 ی ساڵی 2003 .

[viii] بە پێی یاسای وەزارەتی داد ژمارە 101 ی ساڵی 1977 ئەنجومەنی داد هەڵوەشێنرایەوە و ئەنجومەنی داد شوێنی گرتەوە بە تایبەتکارییەکانیەوە، کە بەشێك بوو لە پێکهاتەی وەزارەتی داد لە میانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن .

[ix] مدحت المحمود، مصدر سابق ،ص64.

[x] مادەکانی (53/ أ ، 54/أ ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004.

[xi] مادەی (31/یەکەم/1) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە 14ی ساڵی 1992 .

[xii] مادەی (36) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004 .

[xiii] ئەنجومەنی باڵا ی دادوەری فیدرالی لە دانیشتنی تایبەت بەم بابەتە لە 2004/7/21 بە دەنگدانێکی نهێنی لیستێك کە بیست و حەوت دادوەری پاڵێوراوی لە خۆگرتبوو رەوانەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری کرد، پاش زیاتر لە هەشت مانگ لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە بە مەرسومی کۆماری ژمارە 67 لە 205/3/30 ئەندامان و سەرۆکی دادگای باڵای دامەزراند . و پاش هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی و پێکهێنانی حکومەتی نوێ و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بە مەرسومی ژمارە 2 لە 2005/6/1 پەسەندی دامەزراندنی تەواوی ئەندامان و سەرۆکی دادگا بە پێی مەرسومی پێشوو کرایەوە . پروانە مدحت المحمود ، مصدر سابق ص80 .

[xiv] بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 3 لە 2007/2/19 پاش خانەنشین بوونی دادوەر (أحمد الجليلى ) ئەندامی دادگای باڵێی فیدرالی بە هۆکاری تەندروستی دادوەر (حسين عباس محسن أبو التمن ) دامەزرێنرا بە ئەندامی دادگا . بروانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەرە.

[xv] فرمان درويش حمد، إختصاصات المحكمة الإتحادية العليا فى العراق، منشورات زين الحقوقيه، بيروت، التفسير للإعلان والنشر، أربيل، 2013 ، ص60.

[xvi] پروانە مادەی (2 و 3) لە فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی د ادوەری) ژمارە 35 ی ساڵی 2003 لە 2003/9/18 ، ماددەی (31) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری (هەرێمی کوردستان) ژمارە 14ی ساڵی 1992 .

[xvii] دەقی مادەی (44/أ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەیراگوزەری 2004 : (يجرى تشكيل محكمة فى العراق بقانون وتسمى المحكمة الإتحا دية العليا). و دەقی مادەی (3) لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30ی ساڵی 2005 : ( تتكون المحكمه الإتحادية من رئيس وثمانية أعضاء يجرى تعيينهم من مجلس الرئاسه بناء على ترشيح من مجلس القضاء الأعلى بالتشاور مع المجالس القضائية للأقاليم وفق ما هو منصوص عليه فى الفقرة هـ من مادة الرابعة والأربعين من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية).

[xviii] مادەی (124/ 3) لە دەستوری هند 1949، مادەی (1/119) لە دەستوری راگوزەری سودان 2005، مادەی (2/159) لە دەستوری ئیسپانیا 1978.

[xix] دەقی مادەی (36/ج) لە یاسای بەرێوەبردنی د ەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004 : ( يتخذ مجلس الرئاسه قراراته بالإجماع، ولا يجوز لأعضائه إنابة آخرين عنهم).

[xx] مدحت المحمود, مصدر سابق, ص80.

[xxi] د. ازهار هاشم أحمد الزهيرى، الرقابة على دستورية الأنظمة والقرارات الإدارية، المركز العربى للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، 2016، ص184 و 185 . و فرمان درويش حمد ، مصدر سابق، ص61.

[xxii] د. شورش حسن عمر , ظوابط استقلال المحكمة الإتحادية العليا فى العرا ق من حيث التشكيل (دراسة مقارنة )، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، العدد/21، 2017،ص436.

[xxiii] مەرسومی کۆماری ژمارە 61 لە 2009/5/26 تایبەت بە دامەزراندنی دادوەران (خليل إبراهيم خليفة و سامی حسين المعموری ) لە دادگای باڵای فيدرالی وەك ئەندامی یەدەگ (إحتياط) .
بروانە : مدحت المحمود، مصدر سابق، ص80 .

[xxiv] مادەی (2) لە فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی دادوەری) ژمارە 35ی ساڵی 2003.

[xxv] مادەی (45) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی ڕاگوزەری 2004.

[xxvi] بریاری دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 67/ت/2006 لە 2006/5/3 . وەرگیراو لە پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری : https://www.iraqja.iq/view.112/ .

[xxvii] بریاری دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 136و137/اتحادية/2017 لە 2018/2/5.

[xxviii] بە پێی بریاری دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 87/اتحادية/2012اعلام/2013 لە 2013/9/16. یاسای ئەنجومەنی باڵای دادوەری ژمارە 112ی ساڵی 2012. بە نادەستوری بوون هەڵوەشێنرایەوە، دەرئەنجام سەرۆکی دادگای باڵای فیدرالی کە بە هۆی ئەو یاسایەوە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵاێ دادوەری دوورخرایەوە، دوو بارە گەرایەوە بۆ سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی ناوبراو . بریاری دادگا وەرگیراوە لە پێگەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری : https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2013/87_fed_2013.pdf ، بەرواری سەردانیکردن : 2018/1/15

[xxix] مادەکانی (91-93 ) لە یاسای دادبینی شارستانی ژمارە 83ی ساڵی 1969 هەموارکراو. بڵاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە 1766 لە 1969/11/10.

[xxx] علی هادی عطية الهلالی، النظريه العامه فی تفسير الدستور وإتجاهات المحكم ة الإتحادية العليا، الطبعة الأولی، منشورات زين الحقوقية، بيروت، مكتبة السنهوری، بغداد، 2011، ص186 و 187 .

[xxxi] مدحت المحمود، مصدر سابق، ص72.

[xxxii] بروانە: مادەی (2)دەستوری کۆماری عەرەبی سوریا 2012، و مادەی (1) لە دەستوری شانشینی ئوردون 1952، و مادەی (4) لە دەستوری دەوڵەتی کوەیت 1962.

[xxxiii] مادەی (92_95) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 .

[xxxiv] مادەی (373/ سێیەم ، 138/ پێنجەم) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005.

مادەی (92) لە هەمان دەستوری پێشوو .[xxxv]

[xxxvi] دەقی مادەی (61) لە هەمان دەستوری پێشوو : ( يختص مجلس النواب بما يأتی : أولا : تشريع القوانين الإتحاديه....)

مادەی (35_39) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی ڕاگوزەری 2004 .[xxxvii]

[xxxviii] مادەی (138) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005.

[xxxix] هەمان مادە لە هەمان دەستوری پێشوو .

[xl] مادەی (73/ سێیەم) لە هەمان دەستوری پێشوو.

[xli] مادەی (92/ دووەم) لە هەمان دەستوری پێشوو.

[xlii] مادەی (1/119) لە دەستوری ڕاگوزەری سودان 2005 ، مادەی (1/167) لە دەستوری باشوری ئەفریقا 1966، مادەی (1/159) لە دەستوری ئیسپانیا ، مادەی (96) لە دەستوری ئیمارات ، مادەی (1/124) لە دەستوری هند 1949.

[xliii] صلاح خلف عبد، المحكمة الإتحاد ية العليا فی العراق، تشكيلها واختصاصاتها (دراسه مقارنة)، جامعة النهرين ، كلية الحقوق، 2011، ص34.

[xliv] علی هادی عطيه الهلالی،النظرية العامة فی تفسير الدستور و اتجاهات المحكمة الإتحادية العليا، الطبعة الأولی، منشورات زين الحقوقية، مكتبه السنهوری، بغداد،2011، ص193.

[xlv] هادی عزيز علی، فقهاء الفقه الإسلامی والخشية من إستقلال القضاء، مقال مأخوذ من الموقع الالكترونی لمجلس القضاء العراقی : https://www.iraqja.iq/view.2846/ . تاريخ الزيارة : 2018/1/18 .

[xlvi] بە پێی دەقی مادەی (98) لە دەستوری کۆماری عێراق ڕێگری کراوە لە دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی هاوکات لە گەڵ کاری دادوەری کاری یاسادانان و جێبەجێکردن یان هەرکارێکی

تر پیادە بکەن ، سەرەرای رێگەنەدانیان بە ئەندامێتی لە پارت یان رێکخراو یان هەڵسان بەهەر چالاکییەکی سیاسی .
[xlvii] هادی عزیز علی ، خ براء فی الفقه الإسلامی وعضویة المحکمة الإتحادیة العلیا ، من منشورات المؤتمر المدنی للوحدة الوطنیة المنعقد فی بغداد فی 2007/3/24 ، مأخوذ من الموقع الإلکترونی لمن ظمة الأمل العراقی : http://www.iraqi-alamal.org/uploads/pdf/Old%20web%20site%20PDF/interlacing/Jurisprudence%20experts.pdf . تأریخ الزیارة : 2018/1/18 .
[xlviii] عبدالرحمن سلیمان زیباری، السلطة القضائیة فی الن ظام الفدرالی _دراسة تحلیلیة مقارنة_ أطروحة دکتوراه، جامعةصلاح الدین، کلیة القانون والسیاسة، 2008، ص160.
[xlix] مادەی (2/159) لە دەستوری ئیسپانیا 1978.
[l] سالم روضان الموسوی ، تشکیل المحکمة العلیا فی العراق بین الدستور والقانون _قراءە تحلیلیة ونقدیة_مقال منشور فی الموقع الالکترونی للحوار المتمدن، ا لمحور: دراسات وأبحاث قانونیة. عنوان الرابط الاکترونی : http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=158837
[li] مادەی (140/دووەم) لە یاسای سەلماندن ژمارە 137ی ساڵی 1979ی هەموارکراو. و مادەی (2) لە یاسای شارەزایان لەبەرامبەر دادوەران ژمارە 163ی ساڵی 1964 ی هەموارکراو
[lii] دەقی مادەی (14) لە پەیرەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 1 ی ساڵی 2005 ، بڵاوکراوە لە وەقایعی عێراقی ژمارە 3997 لە 2005/5/2 ( إذا اقتضی موضوع الدعوی الإستعانة برأی المستشارین لدیها أو خبراء من خارجها فتقرر الإستعانة بهم ویکون رأیهم استشاریا).
[liii] دەقی مادەی مادەی (143 و 144) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005: ( یلغی قانون إدارة الدولة العراقیة للمرحلة الإنتقالیة وملحقه عند قیام الحکومة الجدیدة، باستثناء ما ورد فی الفقرة (أ) من الماد ة (53) والمادة (58) منه، ) ( یعد هذا الدستور نافذا بعد موافقة الشعب علیه بالاستفتاء العام ونشره فی الجریدة الرسمیة وتشکیل الحکومة بموجبه).
[liv] کاتی بەرکاربوونی دەستوری 2005 بە پێی کاتی پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەکاتە رێکەوتی 2006/5/20 . پروانە : پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (6)ی لە وەرزی یەکەمی ساڵی یاسادانانی ئەنجومەنی نوێنەران، رێکەوتی 2006/6/20. وەرگیراو لە پێگەی ئەلکترۆنی ئەنجومەنی نوێنەران : http://parliamentiraq.com/Iraqi_Council_of_Representatives.php?name=articles_ajsdyawqwqdjasdba46s7a98das6dasda7das4da6sd8asdsawewqeqw465e4qweq4wq6e4qw8eqwe4qw6eqwe4sadkj&file=showdetails&sid=463 .
[lv] دەقی مادەی (44/أ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004 : ( یجری تشکیل محکمة فی العراق بقانون وتسمی المحکمة الإتحادیة العلیا ).
[lvi] دەقی پێشەکی یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30ی ساڵی 2005 : ( استنادا إلی أحکام مادة الرابعة والأربعین من قانون إدارة الدولة العراقیة للمرحلة الإنتقالیة والقسم الثانی من ملحقه، وبناء علی موافقة مجلس الرئاسة، قرر مجلس الوزراء إصدار الأمر الآتی)
[lvii] د. مها بهجت یونس، المحکمة الإتحادیة العلیا واختصاصها بالرقابة علی دستوریة القوانین ، مجلة کلیة الحقوق ، جامعة النهرین، العدد: 11, 2008 , ص 159 .
[lviii] دەقی مادەی (130) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 : ( تبقی التشریعات النافذة معمولا بها ، ما لم تلغ أو تعدل وفقا لأحکام هذا الدستور) .
[lix] فرمان درویش حمد، إختصاصات المحکمة الإتحادیة العلیا فی العراق، منشورات زین الحقوقیة، بیروت، التفسیر للنشر والإعلان، اربیل، 2013 ، ص85 و 86 .
[lx] سالم روضان الموسوی ، مدی صلاحیة المحکمة الإتحادیة العلیا فی تفسیر النصوص الدستوریة، مقال مأخوذ من الموقع الإلکترونی للحوار الم تمدن، المحور : أبحاث ودراسات قانونیة. عنوان الرابط : http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=221229 تأریخ الزیارة 2017/11/13 .

[lxi] مكى ناجى، المحكمة الإتحادية فى العراق _ دراسة تطبيقية فى اختصاص المحكمة والرقابة التى تمارسها معززة بالأحكام والقرارات_ ، الطبعة الأولى، دار الضياء للطباعه والتصميم، النجف، 2007، ص126.
[lxii] ضياء الساعدى ، المحكمه الإتحادية بين التشكيل الدستورى والحق فى ممارسة الإختصاصات القانونية، مقال مأخوذ من الموقع الإلكترونى لمجلس القضاء العراقى #/https://www.iraqja.iq/view.1518: . تأريخ الزيارة: 2017/12/18 .
[lxiii] د. ازهار هاشم احمد الزهيرى، مصدر سابق، ص189. و على سعد عمران، إختصاص المحكمه الإتحادية العليا فى الرقابة على أحكام محكمة القضاء الإدارى، مجلة رسالة الحقوق، جامعة كربلاء، كليه القانون، المجلد الأول، العدد الثانى، 2009، ص138.
[lxiv] بريارەکانی دادگای باڵای فیدرالی و لە میانەیاندا بریارە راڤەکارییەکانی دەستور لە پێگەی ئەلیکترۆنی فەرمی دادگاکە و ئەنجومەنی باڵای دادوەری لەبەردەستە : https://www.iraqfsc.iq/ethadai.php ، https://iraqja.iq/ethadai.php
[lxv] سالم روضان الموسوى، مدى صلاحية المحكمة الإحادية العليا فى تفسير النصوص الدستورية ، مصدر سابق .
[lxvi] على هادى عطية الهلالى، مصدر سابق، ص202.
[lxvii] بریاری دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 37/اتحادية/2010 . وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگاکە: https://www.iraqfsc.iq/krarat/2/2010/37_fed_2010.pdf
[lxviii] بۆ زانیاری دەربارەی لایەنی داواکاری راڤە و ناوەرۆك و هۆکار و وردەکاری بابەتی داواکراو بروانە هەمان بریاری دادگای باڵای فیدرالی پێشوو .
[lxix] دادگای باڵای فیدرالی لە پیادەکردنی تایبەتکاری راڤەکردنی دەستوردا لە هەندێك حاڵەتدا بە راڤە و لە هەندێکی تردا بە رونکردنەوەی بۆچوون بریارەکانی دەردەکات، لە کاتێکدا ئەگەر بریار هەژمار نەکرێت ئەوە پابەندی لەدەستدەدات لە بەرئەوەی دەقی مادەی 94 ی دەستوری بەرکاری 2005 تەنها ئاماژە بە بریار دەدات: ( قرارات المحكمة الإتحادية باتة وملزمة).
[lxx] مادەی (134) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 .
[lxxi] مادەی (135) لە هەمان دەستور .
[lxxii] مادەی (136) لە هەمان دەستور .
[lxxiii] مادەی (35) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 2004 .
[lxxiv] مادەی (138) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 .
[lxxv] بە پێی مادەی (62) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری کاتی بەرکاربوونی دەستوری نوێی بەردەوام دەکەوێتە پاش پێکهێنانی حکومەتی نوێ (يظل هذا القانون نافذا إلى حين صدور الدستور الدائم، وتشكيل الحكومة العراقية الجديدة بموجبه). هەروەها بە پێی مادەی (143) ی دەستوری 2005 یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەری 204 و پاشکۆکەی جگە لە مادەکانی (53/أ و 58) لە هەمان کاتدا هەڵدەوەشێتەوە: ( يلغى قانون إدارة الدولة العراقيه للمرحلة الإنتقالية وملحقة عند قيام الحكومة الجديدة، باستثناء ماورد فى الفقرة (أ) من المادة (53) والمادة (58) منه) .
[lxxvi] مادەی (91) لە یاسای دادبینی شارستانی ژمارە 83ی ساڵی 1969. بڵاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە 1766 لە 1969/11/10.
[lxxvii] مادەی (144) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005.
[lxxviii] د. محمد عمر مولود، الفدرالية وامكانية تطبيقها فى العراق، الطبعة الثانية، مؤسسه موكريانى للگباعة والنشر، مطبعة وزاره التربية ، اربيل، 2003، ص281.
[lxxix] دەقی مادەی (94) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 : ( قرارات المحكمة الإتحاديه العليا باتة وملزمة للسلطات كافة).
[lxxx] د. إسماعيل الغزال، القانون الدستورى والنظم السياسية، الطبعة الأولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، 1982، ص101 .
[lxxxi] د. عادل الطبطبائى، النظام الإتحادى فى الإمارات العربية، بدون مكان النشر، 1978، ص10.

[lxxxii] مادەی (44/ھ) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی ڕاگوزەری 2004. و مادەی (3) لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ساڵی 2005 .

[lxxxiii] فرمان درويش حمد ، مصدر سابق، ص64. و د. ازهار أحمد الزهيرى، مصدر سابق، ص183 .

[lxxxiv] مدحت المحمود ، مصدر سابق، ص80 .

[lxxxv] مادەی (116) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005.

[lxxxvi] مادەی (45) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی ڕاگوزەری 2004. و مادەی (2 / 1 ) لە فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی دادوەری) ژمارە 35 ی ساڵی 2003 .

[lxxxvii] التنظيم القانونى للوحدات المكونة للفدرالية فى العراق _ دراسة مقارنة_ رساله ماجستير، جامعة صلاح الدين ، كلية القانون والعلوم السياسية، 2013، ص87 و 88.

[lxxxviii] مادەی (36/أ) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی ڕاگوزەری 2004 .

[lxxxix] مادەی (36/ج) لە هەمان یاسای پێشوو .

[xc] بۆ زیاتر ئاشنابوون بە سەربوردەی ئەندامانی دادگای باڵای فیدرالی، بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی دادگاکە : https://www.iraqfsc.iq/cvethadea/

[xci] د. كاروان عزت البربهارى، الضمانات الأساسية لاستقلال القضاء الدستورى فى الأنظمة الفدرالية، مجله كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، العدد/12، 2012، ص112 .

[xcii] مادەی (48) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 .

[xciii] مادەی (65) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 .

[xciv] على هادى عطيه الهلالى، مصدر سابق ، ص 195 و 196 .

[xcv] بڕوانە دەروازەی سێیەم بە ناونیشانی ( دەسەڵاتە فیدرالییەکان )، و مادەی (47 و 89 ) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005.

## REFERENCES


**Books**:

Adil Al_Tabtabaie, Federal system in the UAE, 1978.

Ali Hadi Al_Hilaly, The general theory in interpretation of the constitution and the attitudes of the Supreme Court, First Edition, Zain legal publications, Beirut, Al_Sanhury library, Baghdad, 2011.

Azhar Hashim Al-Zuhairy (2016).The censorship on the constitutionality of administrative regulations and decisions, Al_-Araby center for publishing and distribution, Cairo, Egypt,.

Farman Darwesh Hamad, The Specialties of federal Supreme Court in Iraq, Zain legal publications, Al_Tafser for advertising and publishing, Erbil, 2013.

Ismail Al-Ghazal, Constitutional law and political systems, First edition, Al_Jameaah Foundation for studies, publishing and distribution, 1982.

Madhat Al_Mahmood,Judiciary in Iraq_A review study for judicial legislations in Iraq_, Second edition, Al_Adaleh group for press and publishing, 2010.

Maki Naji, Federal court in Iraq – An applied study in jurisdiction of the Court and its censorship which practiced by it - Enhanced by provisions and decisions_, First edition, Al_Ziyah house for printing and design, Al_Najaf, 2007.

Muhammed Omer Mawlood, Federalism and its applicability in Iraq, Second edition, Mukryany foundation for printing and publishing, Erbil, 2003.

Munzir Al-Shawi, The state philosophy, second edition, Al-Zakira for publishing and distribution, Baghdad, Amman/Jordan, 2013.

**University Thesis:**

Abdur-Rahman S. Zebari, The Judicial Power In the Iraqi Federal System, PH.D Thesis, Salahaddin University, College of Law and Political Since, 2008.

Salah Khalaf Abd, Establishing and Jurisdiction of the Federal Supreme Court in Iraq, Master Thesis, Al_nahrain University, College of Law ,2011.

Soran Ali Hasan,The Legal Regulation of The Constituent Units of The Federalism in Iraq, Master Thesis, Salahaddin University, College of Law and Political Since, 2013.

**Scientific researches**

Ali Saad, Jurisdiction of the Federal High Court in control provisions of the Administrative Court, Risalat Al_-huquq Journal, Kerbala University, NO:2, 2009.

Karwan. A. Brehary, Basic constitutional guarantees for the independence of the judiciary In federal systems, Kirkuk University,Journal of college of Law for Legal and Political Sciences, No:12, 2015.

Maha Bahjat Yuns, Federal Supreme court and its specialty by censoring constitutionality of laws, journal of college of law, Al-Nahrain University, No: 11, 2008.

Shorsh H.Omer, Controls the independence of the Federal Supreme Court in Iraq in terms of composition A comparative study, Journal of college of Law for Legal and Political Sciences , Kirkuk University, No:21, 2017.

**Electronic References**:

Council of Representatives protocols: (http://ar.parliament.iq/category/%D8%AC%D9%84%D8%B3%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AC%D9%84%D8%B3/%D9%85%D8%AD%D8%A7%D8%B6%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%84%D8%B3%D8%A7%D8%AA/)

Federal Supreme Court decisions, cited from its website and Supreme judicial council.https://www.iraqfsc.iq/ethadai.php . https://iraqja.iq/ethadai.php.

Hadi Aziz Ali, Experts in Islamic jurisprudence and membership of the Federal Supreme Court, Fromcivil conference for national unity publications, Held in Baghdad on 24/3/2007, cited from : (http://www.iraqi-

alamal.org/uploads/pdf/Old%20web%20site%20PDF/interlacing/Jurisprudence%20experts.pdf)

Hadi Aziz Ali, Jurists of Islamic jurisprudence and fear of the independence of the judiciary, Cited from Iraqi Judiciary council's website.(https://www.iraqja.iq/view.2846/ )

Salim Rawzan Al_Musawi, The formation of the supreme court in Iraq between the Constitution and the law, Analytical and critical reading, Article published in a Modern Discussion website , legal research and studies part: (http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=158837)

Salim Rawzan Al_Musawi , The Validity of Federal Supreme Court in interpreting constitutional texts, Article cited from a Modern Discussion website , legal research and studies part. (http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=221229 )

Ziyaa Al-Saidi, Federal Court between constitutionality formation and the right to practice legal specialties, Article cited from Iraq judiciary council's website :( https://www.iraqja.iq/view.1518/# )

**Constitutions:**

The Iraqi Transitional Administration Law 2004.

Constitution of the Republic of Iraq 2005.

Constitution of Syrian Arab Republic 2012.

Constitution of Sudan 2005.

Constitution of Spain 1978.

Constitution of the State of Kuwait 1962.

Constitution of Hashemite Kingdom of Jordan 1952.

Constitution of India 1949.

**Iraqi Laws:**

Law of experts in front of judiciary No: 163 of 1964(Amended).

Civil procedures law No: 83 of 1969(Amended).

Proof law No: 137 of 1979 (Amended)

Judiciary law (Kurdistan region) No: 14 of 1992.

Order of coalition authorityfor Reestablishing the Judicial Council No: 35 of 2003.

Law of Federal Supreme Court in Iraq No: 30 of 2005.

Internal regulations of federal supreme court No:1 of 2005.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 478–489
http://www.ijoks.com

# Poetical criticism of the view of nationalism in Kurdish Literature (Southern Kurmanji 1920-1970)

*Dilshad Ali Mohamad*[1] *Aso Omer Mustafa*[2]

**Received**: Feb24, 2018 **Reviewed**: Mar24, 2018**Accepted**: Apr05, 2018

**Abstract**

Nationalism is one of the significant initiates of poetical criticism in Kurdish literature during the years (1920-1970) AD, because in that period Kurdish nation faced very terrible political situations and Kurdistan's land was divided on four countries (Iraq, Iran, Turkey and Syria), therefore the declamation of poetical criticism at that time became national.Our research analyses those critical declamation that in the view of nationalism criticized the poetry texts and they have tried to analyse the texts according to this basis, national critics declared that any text focused on nationalism and the issues and objects of nationalism, was good and successful, but any text did not focus on nationalism and the issues and objects of nationalism, was not good and weak. So, these critics encouraged the poets to write those texts that express the trend of Kurdish nation. Our research consists of two chapters: first chapter (poetical criticism in the view of nationalism from 1920 to 1970), it gets those critical declamation which written in that time, and the second chapter (poetical criticism in the view of nationalism after the revolution of 14 July 1958 until 1970, it gets those critical declamation which written in that time.At the end the result expressed in some points.

**Keywords:**Poetry criticism, National criticism, Self poetry, Nationalism poetry

**Recommended citation:**

Mohamad,D. A. &Mustafa,A. O. (2018). Poetical criticism of the view of nationalism in Kurdish Literature (Southern Kurmanji 1920-1970). *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 478 – 489. doi: **10.21600/ ijoks.454469**

[1]Prof. Dr., Department of Kurdish Language, College of Language , Sulaimani University, Sulaimani, KRG, Iraq. E-mail: Dilshad.Mohamad@univsul.edu.iq

[2]Asst. Lecturer, Department of Kurdish Language, College of Language, Sulaimani University, Sulaimani, KRG, Iraq. E-mail: aso.omar@charmouniversity.org

## ڕەخنەی شیعری لە دیدی نەتەوەییەوە لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٢٠ - ١٩٧٠)

م.ی. ئاسۆ عومەر مستەفا پ.د. دڵشاد علی محمد

### پێشەکی

لێکۆڵینەوەکەمان بە ناونیشانی (ڕەخنەی شیعری لە دیدی نەتەوەییەوە لە ئەدەبی کوردیدا، کرمانجی خواروو 1920-1970ز)ە، هەوڵدەدات لەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانە بکۆڵێتەوە کە دەربارەی (شیعر)ن و لە گۆشەنیگای نەتەوەییەوە گوتاری ڕە خنەییان پێشکە شکردووە، گرنگی لێکۆڵینە وەکەمان لە وەدایە لەو ماوە یەدا زاڵترین دە نگ لە گوتارە ڕەخنەییەکاندا دە نگی (نەتەوەیی)یە، چونکە کورد لە و ماوە یەدا بە سەر چوار دە وڵەتی جیاوازدا دابە شکران و توشی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بوون لەلایەن دەوڵەتانی دەسەڵاتداردا. هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکەمان ئەوەیە کە تا ئێستا لەم ڕوانگەیەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییمان نییە لەم گۆشەنیگایەوە. لێکۆڵینەوەکەمان بە ڕێبازی وەسفی ئەنجامداوە.

لێکۆڵینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم ( ڕەخنەی شیعری لە دیدی نەتەوەییەوە لە (1920 -_ 1958) ئەو گوتارە ڕەخنەییانە وەردەگرێت کە لەو ماوەیەدا نووسراون، بە شی دووەمیش (ڕەخنەی شیعری لە دیدی نەتەوەییەوە دوای شۆڕشی (14)ی تەمموزی (1958) تا (1970) ئەو گوتارە ڕەخنەییانە وەردەگرێت کە لەو ماوەیەدا نووسراون.

ئەنجامیش لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو

### بەشی یەکەم/ ڕەخنەی شیعری لە دیدی نەتەوەییەوە لە (1920 - 1958)

میللەتی کورد یەکیکە لەو میللەتانەی زۆرترین کارەسات و نە هامەتی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووبارە دارشتنەوەی سنووری ولاتانی ڕۆژهە ڵاتی ناوەڕاست و دابە شکردنی بەسەر چوار دە وڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا، هە روەها لەناوبردنی شۆڕشەکانی کورد و مامە ڵەکردنی ئەو دەوڵەتانە بەشێوازی توندوتیژی لە گەڵ میللە تی کورد و چە وساندنەوە و پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکان و تە نانەت لە هەندێك وڵات سڕینەوەی سیمای نە تەوەیی و نە هێشتنی قسەکردن و نوسین و خویندن بە کوردی... کە هەموو ئەمانەش بوونە هۆی سەرهەڵدانی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین، چونکە (( بارودۆخی سیاسی ئەو ساڵانە بەگشتی و ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بەتایبەتی ئەدەبی کوردییان بەرەو قۆناغێکی نوێتر برد و هەنگاوێکی گەورەیان پێهەڵهێنا و سیمایەکی جەماوەری و شۆڕشگێڕی ئەوتۆیان پێپۆشی کە پیرۆزترین و شیاوترین قەڵەم لەو قۆناغەدا بۆ لاوێکی خوێن گەرم و خەباتکەر بشیایە تا بەهرە شیعرییەکەی پێبەرجەستە بکات، قەڵەمی شیعری بەرگری کردن و تێکۆشان بووە... شاعیری ڕاستەقینە لە وڵاتێکی داگیرکراودا ناتوانێ دوورە پەرێز بێت و گۆرانی شۆڕشگێڕی نە چڕێ، چونکە ئەگەر وانەکات ئەوا کەسێتییەکەی وەك شاعیر ون دە کات و دژایە تی پە یامی شیعر و پە یامی ژیان دە کات ))( دڵشاد عەلی، 2007، ل59) ئەو ڕووداو و کارەساتانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتن وایکرد بە تێپەڕبوونی کات بیری نە تەوەیی لای ئە م میللەتە بەهێزتر بێت و زیاتر لە مێشك و دڵ و دە روونی تاکی کورددا بچە سپێ لەو سەردەمەدا و بووە یەکەمین ئاراستەکەری ڕۆشنبیریی و بەرنامە و بەرهەمەکانی تاکەکانی ئەم میللەتە، چونکە ((نەتەوەی کورد لەپێناو گەیشتن بە ترۆپکی ئازادی و لادانی ستەمی لەمێژینەی نەتەوەیی لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە گەلێك هەوراز و نشێوی بەرخودان و ڕێگا ئەستەمەکانی بڕیوە، لە شەڕی چاڵدێرانەوە (1514) زاینی هەتا دەگاتە ئەمڕۆکە ئەم خەباتە خوێناوییە بە ئامانجی دامەزراندنی کیانێکی سیاسی هەر بەردەوام بووە لەهەر قۆناغێکدا گەیشتبێتە ترۆپکی سەرکەوتن لەلایەن نەیارانەوە دژایەتی کراوە تا توشی نسکۆیان کردووە و دووبارە سەریهەڵداوەتەوە))(ئازاد گوڵەدین، 2016، ل30) ئەم وێنە نەتەوەییە بووە بنەمای ڕۆشنبیری تاکی کورد و دیاریکردنی یاساکانی داهێنانی ئە دەبی و هونە ری، بەمجۆرە بەشێوەیەکی گشتی کاری لە پێشینەی ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد بەرجەستەکردن و بانگەشەکردن بوو بۆ ئەم بیرە و بیری نەتەوەیی بووە چەقی کارکردن و سروشپیدەری هەموو شتێك . ڕەخنەگرانیش لە م گۆشە نیگایەوە کاریان لە سەر دە قی ئە دەبی دە کرد و ئە م بیرە یان دە کردە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی و داوایان لە شاعیران و ئە دیبان دەکرد زیاتر گـرنگی بە بیری نە تەوەیی بدەن و هە ولی سەرخستنی بدەن.

ڕەخنەگرانی کورد لە بەرهەمەکانیاندا زۆر بەتوندی دژی ئەو بەرهەمە شیعرییانە دەوەستانەوە, کە بەشێوەیەکی گشتی (خودی) بوون و شاعیران تەنها کەفوکوڵی دەروونیان هەڵدەڕشت و باسی ژیانی تایبەتی خۆیان و ژیان لەگەڵ یار و پیاهەڵدانی یار و ڕۆچوون لە ناو ژیانی خودی خۆیاندا بە بێ ئەوەی گرنگی بە ژیان و گوزە رانی هاونیشتمانیان و بارودۆخی نە تەوە بدەن و ستایشی ئە و بە رهەمانەشیان دە کرد کە گیانی نە تەوەپەروەری و خزمە تکردنی نە تەوە و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانی لاوانی تێدا بوو، هەروەها هەوڵیان دەدا بە بەرهەمەکانیان هانی شاعیران و نووسەران بدەن لە بەرهەمەکانیاندا گیانی نەتەوەیی بەرجەستە بکەن و خزمەتی نەتەوە و خەڵك بکەن و بەرهەمەکانیان گوزارشت لە واقعی ژیان و بارودۆخی خراپی نەتەوە دەکات و بەرهەمە شیعرییەکانیان بکەنە مینبەری هۆشیارکردنەوەی خەڵك.

یەکەمین ڕەخنەگری ئەدەبی کوردی کە لە بەرهەمەکەیدا جەختی لە هەستی نەتەوەیی و واقعی ژیانی نە تەوە کردووەتەوە (سیاپۆشە) لە نووسینە ڕەخنەییەکەیدا بەناونیشانی (شاعیرەکانمان) کە لەساڵی 1932 لە ڕۆژنامەی ژیان بڵاوکراوەتەوە و پاشان لە ساڵی 1933 لە گۆڤاری (یادگاری لاوان) دووبارە بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستی چەمك و بنەماکانی شیعر لێك بداتەوە و لەژێر تیشکی ئەو لێکدانەوانەدا کە بۆ شیعری دەکات شیعری کوردی هەڵبسەنگێنێت، کە هەوڵدەدات بەپێی بنەما و چەمکە ڕەخنەییەکان لێکۆڵینەوەی شیعر و جیاکردنەوەی شیعری باش و خراپ و چەمکی کۆن و نوێ و لاساییکردنەوە لە شیعردا بکات.

سیاپۆش لە گوتارە ڕەخنەییەکەیدا مژدەی ڕەخنەیەکی زانستیمان پێ دەدات و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئیتر بەهۆی ئەم جۆرە ڕەخنەیەوە شاعیری باش لە شاعیری خراپ جیادە کرێتەوە، چونکە بەبڕوای سیاپۆش لە بەر ئەوەی ئێمە ڕەخنەیەکی لەم جۆرەمان نەبووە، ئەوەی هەبووە تەنها پیاهەڵدانبووە، بۆیە شاعیری باشیشمان نەبووە ((بەلی، هەتا ایستا بی لیکدانەوە هەلمان کیشاون لەمەشدا بیانومان هەیە چونکە پیاو لە تاریکیدا جوان ناشیرینی لا وەك یەکە، بەلام لەمەودوا ئەو دەورە رویشت کە بەزەرد بوتری زیر، و بە سەدەف بلری مرواری لە مەودوا روشنایی زانین بە رچاومان روناك ئەکاتەوە، هەموشتی وەکو خوی ئە بینین و پیویستە هەر شتە بەپیی بەرزی و نزمی خوی ریز بکە ین و بە پیی چاکی و خراپی ناوی لی بنین بە بی بون نەلین نیرگس و بە نیرگس نەلین بی بون ))(سیاپۆش، 1933 ، 33) هەروەها شاعیرانی کورد بە لاساییکەرەوە و دز دادەنێ، کە تەنها ڕووکەشی شتەکانیان دزیوە و ناوەڕۆك و کاکڵەیان پشتگوێ خستووە، کە ئەمەش لە ئەنجامی هەستێکی نەتەوایەتییەوە ئەم بیروڕایەی هەبووە و بیروڕاکەیشی لەم بارەیەوە نالۆژیکییە، چونکە شاعیرانی کورد لە ئەنجامی بەرجەستەکردنی بنەماکانی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییەوە توانیان ئەدەبێکی بەرز دابهێنن لە ئاستی ئەدەبی ناوچەکە و جیهاندا بێت.

نووسەر بەتوندی دژی شاعیرانی کورد دەوەستێتەوە و بڕوای وایە میللەتی کورد شاعیری نییە یان زۆر کەمی هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی شاعیرانی کورد (خۆپەرست و بێباکن) و شیعرەکانیان تەنها بۆ خۆیان و ژیانی تایبەتی خۆیان تەرخانکردووە و هیچ گرنگییان بە میللەت و بارودۆخ و ژیانی گە ل نەداوە، وەك دەڵێ:((زوری شاعرەکانمان ئەگەر لەبەر ئێوە نەلیم هەمویان دلداریکی خوپەرست و بی باکن وەکو یەکیکیان ئەلی: "من و یارم لە کونجی دابنیشین – چە باکم عالمی ژیروزەبەربی" بە زور و بەخوایش ئەگرین و ئەقیژینن لە باسی چاوی کال و لیوی ئال و رووی رۆژی و پرچی شەوی و بالای سە روی بەوەلا چیکە نازانن، بەلام کاشکی ئەمەشیان چاك بزانیایە ... لە ولاتی هەژارندا، لەنیو خوینی رژاوی جواناندا، بەسەر میشکی پژاوی منالاندا چە کەڕیك هەیە گویی نەکریتەوە، چە لالیك هەیە زبانی نەپژی... بینینی هەزاران ژنی سك سوتاو، مندالی بی باوان و بەندی بی تاوان و چاوپیکەوتنی ئەو هەمو شیوە دلگیر و گریەنەرانە تاکەی لە دلی شاعیرەکانماندا هەر یادی ئەسکەندەر و ئاوی بقا، تختی کەی و جامی جەم و بەختی زحاك زندو ئەکاتەوە؟ تا کەی لە ماهی کنعان و عزیزی مسر وازناهینین))(سیاپۆش، 1933 ، 38-40) لێرەدا سیاپۆش وای دەبنێت کە شاعیرانی کورد تەنها لە دەوری بە ژن و باڵای یار خولاونە تەوە، گۆشە نیگای بینینیان تە نها جوانییە کانی یار بووە ، هە ر بۆیە فەرە ەنگیشیان تەنها چونیەتی ڕازی کردنی یاربووە، کە دەتوانین بڵێین ئەم بیروڕایەی سیاپۆش زیادەڕەوی تێدایە، چونکە شاعیرانی کورد هە ر لە ئەحمەدی خانییەوە تا دەگاتە حاجی قادری کۆیی چە ندین دەقی شیعرییان بۆ گە ل و نیشتمان و نەتەوەکەیان وتووە، هەوڵی هۆشیارکردنەوەی گەلیان داوە، یان لانی کەم خەمیان بۆ ئازارەکانی میللەتەکەیان خواردووە، لەگەڵ ئازارو نە هامەتییەکانی گەلەکەیاندا ژیاون و بە شیعرەکانیان چەندین ڕووداوی مێژووییان بۆ تۆمارکردووین و بارودۆخی ژیانی گەلیان خستووەتەڕوو، لەوانەش: ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، کوردی، حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد. بەڵام لەو ئاستەدا نەبووە کە ڕەخنەگرەکەمان ویستوویەتی، هەر بۆیە زۆر بەتوندی هێرشی کردووەتە سەریان.

کامل حە سەن بە سیر دە لێ: (( لێرەدا زۆربە ی سامانی نە تەوایەتیمان لە هۆنراوەی دێرین و هاوچە رخ پووچەڵکراوەتەوە و بەتوندی بەرپەرچدراوەتەوە و ئەم بارەش هەڵبەت لەبەر دوو هۆ بەرپابووە: یەکەم ئەوەیە کە شێوازی هۆنراوەی کوردی بە لای نووسە رەکەمانەوە دەستکرد و لاساییکە رەوەیە و ڕازاوە یە و لە کلێشەی دووبارە کراو و لەیەکچواندن و خوازە و خواستن و درکە ی سواو بەولاوە هیچ دەربڕینێکی نوێخواز و داهێنراوی تێدا بە رچاوناکەوێ. دووەم ئەوەیە کە هەستیارەکانمان لە واقیع و سروشتی وڵاتە کەیان پچڕاون و سە رنج لە جوانیی دیاردەکانی ئاووهەوا و زەوی و زارەکەی نادەن))(کامل حەسەن بەسیر، 2015، ل426)

(نەورۆز) لە گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا ژمارە (24) ی ساڵی (1932ز) گوتارێکی ڕەخنەیی نووسیوە بەناوی (زمان) و تیایدا داوا دە کات ئەدیبانی کورد گرنگی بە واقعی ژیانی نە تەوە و زمان وە ك کۆڵەکەی سە رەکی پێکهاتنی نەتەوە بدەن و زیندووی بکەنەوە، چونکە بڕوای وایە ئەدەبیات کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی لەسەر زیندووکردنەوەی زمان و پاراستنی هە یە ((لە عصرێکی وا نازك وە حیاتی دا، لە وەختی هەول و تەقەلادا کە بیەوی پی بگا و سەرکەوی هەمو "ئەدەبیات"ی ملیەی هەر شتی بی سود وە بی غایەبی! چ ملتیکی تر هە یە لە عصری فن و علم دا، لە زەمانی عرفان و صنعت دا شاعرە پر هۆشەکانی، لەپاش هەمو رابواردنیك، لە شعردا باسی مژگان و چاوی کال وە لیوی ئال و ... بکەن؟ تاکەی وا گالتە بەم زمانە شیرینە ئەکەن، هەتا کەی بەزەیتان بە کوردی وە کورد دا نایێتە وە؟ بروا بفرمون حەزم نە ئەکرد ئیتر شتی وا لە جنابتان ببینم وە بە هەمو هیزی دلە وە چاوەروانی شیعری گە لی لە وە علویترمان ئەکردی))(نەورۆز،11،1932) نووسەر جەخت لەسەر بوژاندنەوەی زمانی نەتەوەیی دەکاتەوە و داوادەکات ئەدیبان و بەتایبەتی شاعیری دیاریکراو واز لە شیعری خودی و ڕابواردن و پیاهە ڵدان بە یار و جوانییەکانی یار بهێنن و شیعری

بەرزی نەتەوەیی بڵێن، چونکە ئێستا سەردەم گۆڕاوە و میللەت و زمانی نە تەوە چاوەڕوانی کەسە ڕۆشنبیرەکانییەتی، تا لەڕێگەی بە رهەمەکانیانەوە خزمەتی نە تەوە و زمانی نە تەوە بکەن. بێگومان فاکتە رێکی سە رەکی پاراستنی زمان بەتایبەتی زمانی نە تەوەی کورد بە درێژایی مێژوو ئە دەبی نەتەوەیی کورد بووە، تەنانەت ئەو زمانە نیمچە ستانداردەی هەشمانە بەرهەمی شاعیرانی ناوچە ی سلێمانی بە تایبەتی (نالی و سالم و کوردی ) بووە، بۆیە نووسەر بە هۆشیارییەوە ڕەخنەی لە بەرهەمی شاعیران و بەتایبەتی شاعیری ڕەخنەئاراستەکراو کردووە و داوای لێکردووە کە شیعرەکانی بخاتە خزمەتی نەتەوە و زمانی نەتەوەییەوە.

لەم وتارانەی (سیاپۆش و نەورۆز)دا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە پێویستە شاعیران بە ئاگا بێنەوە و واز لە شیعری خودی و خولانەوە بە دەوری یاردا بهێنن و شیعری واقعی پە ڵەمدار بنووسن کە گوزارشت لە بارودۆخی ژیان و گوزەران و ئازار و مەینەتییەکانی نەتەوە و ئامانجەکانی بکەن.

گۆڤاری گە لاوێژ یە کێکە لەو گۆڤارانە ی کە گرنگییەکی باشی بە کاروباری ڕە خنە داوە و بە شێکی بە ناوی لێکۆڵینەوە کردەوە و تێدا ڕەخنە لە شیعری شاعیران گیراوە لایەنە باش و لاوازەکانی شیعرەکان خراونەتە ڕوو، هەروەها وتاری ڕە خنەیی و لێکۆڵینە وەی ڕە خنەیی لە سەر شاعیران و نووسە ران نووسراوە. ڕەفیق حلمی وتارێکی دە ربارەی (دڵدار)ی شاعیر نووسیوە و تیایدا چەند شیعرێکی شاعیری ە ێناوە و لێکدانەوەی بۆ شیعرەکان کردووە و چەند بۆچوونێکی ڕەخنەیی دەربارەیان دەربڕیوە، کە شاعیر بە شوێنکەوتەی حاجی قادر دادەنێ لە نیشتمان پەروەریدا ئەمەش پاش ئەوەی شیعرێکی شاعیر بە نموونە دەهێنێتەوە، شاعیر وە کو نیشتمانپە روەرێك وێنا دەکات کە ئەرکی خزمەتکردنی نیشتمانە و تێکۆشان لە پێناوی نیشتماندایە ، بۆیە دەڵێ: (( ئەم شیعرانە علاجی هە ندێ دە ردی کۆمە ڵایەتی و نیشتمانیمان پیشان ئەدا))(ڕەفیق حلمی ، 1943، 16) هەروەها لە قسەکردن لەسەر شیعرێکی تری شاعیر باسی لایە نی نەتەوەیی شاعیر دەکات و شاعیر بە خاوەن هەستێکی نەتەوەیی و هاندەر بۆ هەستی نەتەوەیی دادەنێت و دەڵێ: ((دڵدار بەتایبەتی لە پەند و مەوعزەی ملیدا دە سێکی درێژی هە یە و بە گەلێ ووتاری بە هادار و شعری جوان ڕێگە ی ژیان و سە رکەوتنی پیشانی لاوانی دواڕۆژ داوە ، ئە م شعرانە ی خوارە وەی یە کێکە لەوانە و بە لای ئێمە وە شاشیعرێکە کە لەم بابە تەوە ووترابێ))(ڕەفیق حلمی ،1943، 20-21) هەروەها لە کۆتایی شیعرەکەشدا دەڵێ: ((بەڕاستی پەند و نەسیحەتێکی بەرز و بەنرخە و شعرە کانیشی ئا ودار و ڕە نگینە. خۆزگە هەموو لاوێکی کورد لە سەر ئە م پێوشوێنە بڕۆیشتنایە ئەوساکە دەرئەکەوت کە ئەم ملەتە چۆن دەس لە مل هیوا ئەکا و ئەگا بە ئامانجی پیرۆزی))(ڕەفیق حلمی ،1943، 23) بەمجۆرە نووسەر دڵدار بە شاعیرێکی واقعی و نە تەوەیی د ادەنێ کە لە ڕێگەی شیعرە کانییەوە هانی هۆشیارکردنی لاوانی نەتەوەکەی داوە بۆ ئەوەی ڕێگای ڕزگاری بگرنەبەر و هیوایان بە داهاتوو و گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوە هەبێت

أ.ب. هەوری لەساڵی 1956 نامیلکە شیعری (ئازار و ئاوات)ی بڵاوکردەوە کە (مستەفا ساڵح کەریم) پێشەکی بۆ نووسیوە و تیایدا کورتە یەك لەژیانی شاعیر و لێکۆڵینە وەیەك لەسەر شیعرەکانی شاعیر دینووسێت و شاعیر بە مرۆڤێکی نەتەوەیی وێنا دە کات، کە بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەی کوردستان و ئە و هە موو ناخۆشی و نە هامەتییانەی بە سەر نەتەوەکەیدا هاتووە، شاعیر توشی ڕە شبینی و دڵتە نگی بووە و بیروباوەڕی دەربارەی نەتەوەکەی و ژیان و پە یوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕاوە ، وە ك دە ڵێ: (( کاتێك کە هەوری چاوی کرایە وە ... چاوی بە چی کە وت؟ گرانیو برسیتی هەژارانو لی قە وماوانو هە زارەها خانە ی ویران "چونکە سەردەمی پاش شە ری گە ورەی یە کەمبو" ئیتر هە ر لە و کاتەوەدل شکستی وە "یأسی" پەیاکردو بەتایبەتی پاش ئەوەی کە دەستی بەخویندنەوەی هونراوی شاعیرە کونەکان کرد وە بیروباوەریکی تایبە تی ئەوتوی پەیداکرد کە بیر لە بەسەرهاتی گەلەکەی بکاتەوە، بویە بەتەواوی هەست بە پەژارە و شکستەی دلی ئەکەی لە هونراوەکانیا تەنانەت ئەو لە جەژنیشا هەستی بە شادمانی نەکردووە))(ا. ب. هەوری، 1956 ، ل8) نووسەر ئەگەرچی شیعری شاعیرانی کۆنی خو ێندووەتەوە و سوودی لێ وەرگرتووە، بەڵام بەهەمان ڕێگای ئەواندا نەڕۆیشتووە، بە ڵکو ڕێگە ی نیشتمانپە روەری گرتووە و بۆ نە تەوەکەی تێکۆشاوە و لە م ڕێگە یەشدا ئامادە ی هە موو قوربانییەك بووە ، ئەم شاعیرەمان لەجیاتی ئەوەی وەك شاعیرانی کلا سیك هەموو ژیانی بۆ تاقە یارێك تەرخان بکات؛ ژیانی بۆ خزمەتی خەڵك و بۆ ڕزگاری نە تەوەکەی تەرخانکردووە و ئاواتی ئەوە بووە دەوڵەتی کوردی ببینێ و ئامادە ش بووە لەم پێناوەدا خۆی بەکوشت بدات. نووسەر لە لێکدانەوەی چەند دێڕە شیعرێکی شاعیردا دەڵێ: ((گەر بیتو سەرنجیکی بە انصافانە بدریتە ئەم شیعرانە ی ئە بینین کە وا بە راستی هە وری لە م مە یانەدا باش تی هە لچوە نەك تاقە یاریك کە شاعیرانی کون تلاوتلیان بو داوە بە دریژایی شەو بەلکو صەد هەزاری وا چاو بەخومار ئەکات بە فیدای ساتیکی شادمانی خاکی وولات. واز لە خوشیو شەونخونی شەوان ئە هینی بو ئە وەی هەمو ئاواتیکی هە ر پی گە یشتن بە وەصلی خاکی کوردبی جگە لەمەش لە چەند شیعریکی تریا پە یمانی چوونە ژیر خاك ئە دا لە پیناوی نیشتمانو گە شانەوەی خونچە ی هیوادا))(ا. ب. هەوری، 1956 ، ل14)

لێرەدا نووسەر دەیەوێت بڵێت: شاعیر هەستی بەژێردەستەیی نە تەوەکەی کردووە و بەشێك لە شیعرەکانی بۆ نەتەوەکەی و ڕزگاری نیشتمانەکەی تەرخانکردووە، هەروەها وەك ڕۆشنبیرێك هەستی بە ئازار و نەهامەتی و ناڕەحەتی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی کردووە، هەربۆیە بێئومێدی و خەمخۆری بووەتە ناونیشانی بەشێك لەشیعرەکانی شاعیر.

دیلان لە گوتارێکدا لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بە ناوی (ئەحمەدی خانی) گفتوگۆی (مەموزین)ەکەی شاعیر دەکات، بڕوای وایە کە (خانی) لە داستانەشیعرییەکەیدا گیانی نیشتمانپە روەری برەو پێداوە و باسی ئەو گرفت و کە موکوڕییانە دەکات، کە بوونەتە هۆی ئە وەی کورد خاوە نی دە وڵەتی خۆی نە بێت، هە روەها قسە لەسەر ئەوە دەکات کە خانی

شاعیرێکی گەورەیە و دامەزرێنەری قوتابخانەی نیشتمانپەروەرییە و لەمەشدا پێش ئەوروپا کەوتووە، چونکە لەوکاتەدا هێشتا بیری نەتەوەیی هێشتا لە ئەورووپاش سەری هەڵنەدابوو، لە لێکدانەوەی چەند دێڕێکی داستانەکەدا دەڵێ: ((لێرەدا لە لێ وردبوونەوە، ئەم شیعرە ڕێکوپێکو ورد و پڕ لە گیانی نەتەوەپەرستی و "ملحمەی مەم و زین" گیانی ئاڕاستەکردنی ئەدەبی کوردمان نیشان ئەدات. لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی دا لە کاتێکا ئەو دەمەی ئەو تیایدا ژیاوە ئەورپای ڕۆژئاوا تازە خەریکی ڕوخاندنی قەڵاکانی دەرەبەگ بوونوو خەریکی دروست کردنی ڕژێمی سەرمایەداری بوون کە "نەتەوە"ی لەژێر سایەدا دروست بووە، وە پاش دروست بوونی نەتەوەکانی ئەدەبی ئاڕاستەکردنی شاعیرەکانی نەتەوە ژێردەستەکان کەوتە مەیدانەوە کەچی ئەحمەدی خانی لە چیرۆکێکی دڵداری قوتابخانەیەکی دروست کردوە ))(دیلان، 1996، ل55) ئێمەش لە گەڵ ئە م بۆچوونە ی نووسە رداین دە ربارەی ئە حمەدی خانی، چونکە ئەحمەدی خانی یە کەمین شاعیری ڕۆژهەڵاتە، کە بیری نەتەوەیی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە و شاعیر لە بیروڕا نەتەوەییەکانیدا پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە.

دیلان لە گوتارێکی تردا لەهەمان گۆڤاردا بەناوی (سالم) تیشك دەخاتە سەر گیانی نیشتمانپەروەری شاعیر و بە یەكێك لە پێشڕەوەکانی نیشتمانپەروەری لە ئەدەبی کوردیدا دایدەنێت، نووسەر لە قسەکردن لەسەر چەند دێڕە شیعرێکی شاعیر دەڵێ: ((شاعیرێكە هەستی نیشتمان پە روەری گەیشتۆتە ڕادەی کزە لە جەرگ هەڵسان))(دیلان، 1996، ل66) نووسەر بڕوای وایە شاعیر لە گوزارشتکردن لە بیروڕا نیشتمانپە روەرییەکانی پێش سە ردەمەکەی خۆی کە وتووە بەتایبەتی لەناوچەی سلێمانی، چونکە تا ئەوکاتە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری نە تەوەیی دروست نە بووبوو، هەر ئەمەش شاعیر دەکاتە ڕائیدی نیشتمانپەروەری لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە سالم (( لەسەردەمێکا ژیاوە دەستەی ڕۆشنبیر نەهاتۆتە گۆڕێ لە کوردستاندا، یانی سەرمایە نەنێرراوە بۆ جێگاکانی کەپاش ئەم کەین و بەینە دەستەی ڕەوشن بیر دروست ئەبێ و باری بزووتنە وەی گیانی سە ربەخۆیی نەتەوایەتیمان ئەکەوێتە کەللە، یانی هێشتا داگیرکە ر بە "مەفهومێکی عیلمی" نەکەوتبووە ئەم پە ڕ و ئە وپەڕی کوردستانە وە ... کەوا بوو سالم یە کێکە لە ڕائیدەکانی بیرکردنە وەی هە ستی نەتەوایەتی))(دیلان، 1996، ل 66 - 67) نووسەر لێرە دا بۆچوونە کانی ناواقعین، چونکە لەو سە ردەکەدا چە ندین ڕۆشنبیری ناودارمان هەیە کە (سالم) خۆی یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانە. نووسەر شیکردنەوەیەکی نەتەوەییانە بۆ ئەو چامەیەی (سالم) دەکات کە لە وەڵامی چامەکەی (نالی)دا نووسیویەتی، بەبڕوای نووسەر چامەکە هەمووی باسی ئە و ئازار و نەهامەتی و ناڕەحەتییانە دەکات، کە بەهۆی هێرشی دەوڵەتی عوسمانییەوە بەسەر شاری سلێمانیدا هاتووە و شارەکە بووە بە وێرانە و خەڵکەکەشی ژێردەستەی داگیرکەربوونە و بنەماڵەی بابانەکان دیلکراون و بە دیلی نێردراون بۆ ئەستەنبوڵ و ئاڵای دەوڵەتی عوسمانی لە جیاتی ئاڵای بابانەکان هەڵکراوە و ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی دەنگی هونەرمەندان و ئەدیبان خامۆش بێت، ئەم چامەیەی بە پارچە شیعرێکی (مارسیلیز) دەبەسێتەوە و بە هاوشێوەیان دادەنێت، هەروەها نووسەر لە لێکدانەوەی کۆتا دێڕی چامە کەدا دەڵێ: ((توخوا ئە ی شە ماڵی بە یانیان بڵێ بە نالی دە خیلی بم بە م ڕە نگە هەرگیز بە سولەیمانیا نەڕوات. با وەکو سالم بێ کەس و بێ دە رەتان و شەکەت نەبێ. من وام کرد و خۆم دا بە دەم ئەم گێژاوی ژێر دەستییەوە، دەخیلی بم، ئەو لە دەرد و خەما خۆینەدۆڕێنێ))(دیلان، 1996، ل71)

نووسەر دەربارەی لایەنی نیشتمان پەروەری سالم زیادەڕەوی کردووە بێگومان سالم یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە شیعرەکانیدا هەست بە هەندێك سۆز بۆ نیشتمان دە کەین، بەڵام شاعیر وە ك نیشتمانپە روەرێك نە هاتووەتە مەیدان و شیعری نیشتمانپەروەریشی نەنووسیوە، وەك ئەوەی خانی لە مەموزیندا کردوویەتی.

دیلان لە ژمارە (1344)ی گۆڤاری (ژین)دا گوتارێکی بەناونیشانی (پیرەمێرد – شاعیری بزووتنەوەی نیشتمانی کوردە) بڵاوکردووەتەوە، تێیدا دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە پیرەمێرد شاعیرێکی نیشتمانپەروەری کوردە و بە شیعرەکانی خزمەتی ئەم ئامانجەی کردووە، نووسەر بڕوای وایە کە پیرەمێرد لەهەر لەسەرەتای شیعر نووسینییەوە تا کۆتایی تەمەنی نیشتمانپەروەرێکی هۆشیاربووە و بە هۆشیارییەوە ئەم ئامانجە ی لە شیعرەکانیدا بە رجەستە کردووە لە لێکدانەوەی دێڕەشیعری (کورد نابڕێتەوە خەیاڵی خاوە - بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە )دا باس لە وە دەکات کە پێویستە وەك پیرەمێرد نرخی گە ل بزانین، چونکە نەتەوەی کورد ئە گەرچی خاوە نی دە وڵەت و قە وارەیەکی سیاسی نە بووە لەگەڵ ئەوەشدا وەکو نەتەوەکانی (ئەتروسك و غاليين و زط و قرمط ئاشووری و کلدانی ) لەناونەچووە و هەرماوەتەوە، ئەمەش بەهۆی ئە وەوەیە کە ئەم نە تەوەی کوردە بەراتی ڕزگاربوونی بە خوێنی ڕۆڵە کانی گە ل نووسیوە تەوە و هە ر دە بێ ڕزگاری بێت لە ژێر دەستی و دیلی و ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی. (دیلان، 1996، ل73) هەروەها لە شیکردنەوەی چەند دێڕە شیعرێکی تردا بەردەوام دەبێ لەسەر ئەم بۆچوونە نەتەوەییانەی شاعیر و ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەم نەتەوەی کوردە هەر دەبێ ڕزگاری بێ لە ژێر دەستی، ئەمەش لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد ئامادە ن لەپێناوی ئازادیدا قوربانی بدە ن و ڕۆڵەکانی خۆیان بکە نە قوربانی لە پێناو نیشتماندا وە ك دە ڵێ: ((قوربانی ئێمە ئەسڵە، هی ئێمە ڕاستییە، چونکی ئێمە قوربانیەکانمان کچ و کوڕە کانمانن. ئێمە کچ و کوڕە کانمان بە خت ئە کەین بۆ ئازادکردنی گە لەکەمان بۆ بە ختیاری و کامەرانی دواڕۆژی نەتەوەکەمان. ئەگەر قوربانی حاجیەکان تەنها مەڕە، ئێمە خۆمانین، کورد، کە خۆی بەخت ئەکات بۆ ڕزگاربوونی)) (دیلان، 1996، ل75)

هەروەها نووسەر لە یادی حەوت ساڵە ی کۆچی دوایی پیرە مێردا؛ پیرەمێرد بە ((تێکۆشەرێکی کوردایەتی، شاعیرێکی شۆڕشگێر، زیندووکە رەوەیەکی جەژنی نەتەوەی کورد ))(دیلان، 1996، ل 76) ناو دەبات و بڕوای وایە پیرەمێرد هەموو تەمەنی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی تەرخانکردووە و باس لە کارە کانی شاعیر دەکات کە مایەی شانازین بۆ

خۆی و گە لەکەی، هەروەها شا عیر لەپاش مردنیشی هە ر بە ردەوام دە بێ لە خزمەتی نیشتمان و هە وڵدان بۆ ئازادی نەتەوەکەی، چونکە دەروونی ئاگرێکی وە های تێدایە دوای مردنی دە بێتە مەشخەڵ بۆ لاوانی نە تەوەکەی بۆ ئە وەی ڕزگاریان بکات لە ژێر دەستی، کاتێك دە ڵێ: ((دوێنێ نۆزدە ی حوزە یران ڕۆژی تێپە ڕینی حە وت ساڵ بە سەر کۆچی دوایی "پیرەمێرد" کە گومانی تێدانییە ئە بێ ببێتە ڕۆژێکی مێژوویی لە لاپەڕەی گە لی کوردا چونکە سۆز و نیشتمان پەروەری بیرەوەری پیرەمێرد گەیشتۆتە سنووری ئەڵێ: ئەو ئاگرەی لە دڵمەوە بەردەبێتە کفنەکەم – تا دوژمنم نە کا بە خەڵووز شەرتە پف نەکەم، ئەو جۆشی کوردایەتییەی لەناو گۆڕیشا پاش سووتانی جە ستەم بەرئەبێتە کفنەکەم، تا نە یەتە دەرێ گەلەکەم نەبینێ نەیکا بە مەشخەڵ ڕێ ڕوناك نەکاتەوە وهێرشی پێ نەباتە سەر دوژمن نەیکا بە سووتوو پەیمان بێ فووی لێ نەکەم و نەی کوژێنمەوە))(دیلان، 1996، ل78)

ئێمەش هەمان بیروڕای دیلانمان هە یە دەربارەی پیرەمێرد، چونکە پیرەمێرد هەموو ژیانی تە رخانکردبوو بۆ خزمەتی گەلەکەی و هۆشیارکردنەوەیان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و گیانی نیشتمانپەروەری و زیندووکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکان، بەتایبەتی جەژنی نەورۆز. پیرەمێرد ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر و شۆشگێڕ بووە و هەمیشە هەوڵی ئازادی و هۆشیاری گەلەکەی داوە و لەوپێناوەدا هەموو هەوڵێکی داوە و لەپاش مردنیشی شیعرەکانی بوونەتە مەشخەڵی ئازادی بە دەست لاوانی نەتەوەکەیەوە.

**بەشی دووەم/ ڕەخنەی شیعری لە دیدی نەتەوەییەوە دوای شۆڕشی (14)ی تەممووزی (1958) تا (1970)**

شۆڕشی چواردە ی تە مموزی 1958 گۆڕانێکی گە ورەی لە عێراقدا دروستکرد و عێراق بۆ چە ند ساڵێك بە ڕووی ئازادی نووسین و ڕۆژنامە وانی بە ڕووی گە لانی عێراقدا کرایە وە و کورد و عە رەب و کە مەنەتەوایەتییەکانی تریش خۆشحاڵبوون بە ڕزگاربوون لە دەست ڕژێمی مەلەکی و دەسەڵاتی ئینگلیز و کرانەوەی ئاسۆیەکی نوێ بەڕوویاندا چونکە ((قاسم و یێرای کەموکورتییەکانیشی توانی لە نێو ئەو هە موو کێشمە کێشمەی بیروڕای جیاواز و ڕە وتە فیکرییە جیاوازانەدا هەڵبکات و هەنگاوی باش بنێت و باڵانسی نێوان کۆمۆنیستە کان و قەومیە عەرەبەکان ڕابگرێت و لەسەرەتاوە ئەندازەیەکی بەرچاو و دەروازەکانی بەڕووی گەلی کوردیشدا ئاوەڵاکرد و زۆرێك لە مافە سەرەتاییەکانی بۆ گەلی کورد فەراهەم کرد و لە دەستوریشدا هاوبەشی کورد و عەرەبی جێگیرکرد))(عەبدولقادر ساڵح، 2005، ل15)

نەتەوەی کورد بەهۆی شۆڕشەکەوە بەشێك لە مافە سەرەتاییەکانی بەدەستهێنا و لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەوانییەوە ئازادییەکی باشی بە دیستهێنا و توانی سوودێکی باشیش لە م دە رفەتە وەربگرێت و دۆزە نەتەوەیی و سیاسییەکانی بەرەو پێشەوە بەرێت، چونکە ((بەپێی هەموو پێوانێك دەستکەوتەکانی شۆڕش کەم نەبوون، بەشێك لە ئاوات و خەونەکانی پاڵە و جوتیار و کرێکار و پیشەساز و ڕووناکبیرانی وڵات هاتنەدی، کوردیش کەمی بەرنەکەوت، شوێنی لە ئاڵا و دروشم و یاسای یەکەم کۆماری عێراقدا دیاربوو))(عەبدولقادر ساڵح، 2005، ل8)

نووسەرانی کورد هە ستییان بە و بۆشاییە گەورەیەی نە بوونی دە وڵەتی سە ربەخۆ کرد، هە ربۆیە باسوخواسی نەتەوەیی و خزمەتکردنی نەتەوە لەسەرجەم بوارەکانی ژیان بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا برەوی سەند و کار لە سەر ئەوە دەکرا هانی ئە دیبان و نووسەران بدرێت، کە ئەرکی یەکەمیان خزمەتکردنی نەتەوە و کێشە نەتەوەییەکان بێت و هە ر ئەمەش دەرگای بەڕووی گوتاری ڕە خنەی نەتەوەییدا کردەوە و وتارە ڕەخنەییە نەتەوەییەکانی ئەو ماوەیە جێگەیەکی باشی لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا بۆ خۆیدا داگیر کرد.

(ووردی) لە پێشەکی کۆمە ڵە شیعری (ئاوازی ئاشتی و ئازادی )ی (دڵزار)دا، شاعیر بە کوردێکی نیشتمان پەروەر دادە نێت کە شیعرێکی زۆری بۆ ئازادی نە تەوەکەی و بۆ کوردستان داناوە و لە م پێناوە شدا تووشی گرفت و ناڕەحەتی و گرتن و بەندکردن بووەتەوە، بەڵام شاعیر کۆڵی نەداوە و زیاتر سووربووە لەسەر خزمەتکردنی ئامانجەکانی کە ڕزگاری کوردستانە کەی بووە لەژێر دە ستی بێگانە . شاعیر بە هۆی ئە وەی ئینگلیزە کان درۆیان لە گەڵ کردووە ، هەروەها چەندین وڵاتی دنیا گەڕاوە چاوی کراوەتەوە و هەستی نیشتمان پەروەری لە ناخیدا سەری هەڵداوە، وەك دەڵێ: ((دلزار لە شەرری دنیایی دوەم عەسکەر بوو ئینگلیزەکان وادەیان پی دابوو بیکەنە ئەفسەر کەچی تەنیا دوو خەتیان دایە بەو چەشنە بوی دەرکەوت کە ئینگلیزەکان بو هەمو نەتەوەیەك فیشال و درو نەبی چیکەیان نیە. لە غەریبی گەلی شعری داناوە. چوتە فلستین و قبرس و سوریە و لبنان، بەم وینە دلزار چاوی کرایەوە و روژ بە روژ هەستی نیشتمان پەروەری لە دلیا بە هیز تر ئە بوو... حکومەتی پیشو سی سال حە پسی کردوە و نزیکەی چوار سالیش هە لاتوو بوە. برسیەتی و رووتی و دە ربەدەری زور دیوە نزیکەی دە سال ئەبیت هەمیشە خاینان پەلپیان پیی گرتوە و بەفیشال لە بەندی توندیان کردوە))(دڵزار، 1958، ل 3-4)

بەبڕوای نووسەر دلزار شاعیرێکی نیشتمان پە روەرە و نیشتمانەکەی خۆی کە کوردستانە زۆری خۆشدەوێت، چونکە ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەیە و ویستوویەتی بەوەفا بێت بەرامبەر بە کورد و کوردستانەکەی، هەربۆیە چەندین شیعری بە باڵای سروشت و جوانییەکان و خەڵکی کوردستاندا گوتووە ((دلزار کوردستانی زور خوش ئەویت ئەو کوردستانەکەی کە لە ناویا ژیاوە بە ئاوەکەی ژیاوە . گەلی هە لبەستی جوانی داناوە کە هەموی پیا هە ل ووتنی کوردستانی خۆشە ویستە ))(دڵزار، 1958، ل4)

لە گۆڤاری (بڵێسە)دا نووسە رێك بە ناوی (حەمەڕەش) گوتارێکی لە ژێر ناوی (حاجی قادری کۆی )دا بڵاوکرووەتەوە و تیایدا گفتوگۆ لە بارەی شیعرەکانی شاعیرەوە دەکات و شیعرەکانی دەکاتە ئاوێنەی ژیان و بیروباوەڕی و بە شاعیرێکی نیشتمانپەروەری دادەنێ کە هەمیشە ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی لەبەرچاوبووە و هەوڵی داوە گەلەکەی لە

نەزانی و دواکەوتوویی و ژێردەستەیی ڕزگاربکات، کاتێك دەڵێ: ((ئەگەر شیعرەکانی بخوێنینەوە تێ ئەگەین کە حاجی لە هەموو ئێش و ئازاری گەلی کورد دوواوە، گیانی نیشتمانپەروەری لە تێ بینی یە ووردەکانی خۆی هاتوتەکایەوە، کە ئەی بینی شێخەکان چۆن بە تەڵەکەبازی چینی هە ژاریان دوای خویان خستووە ، کاربەدەستەکانی حکومەتی عثمانی چون زۆرداری و ناڕە وایی لە "گەل" ئەگەن، بەبونەی گەشتی حاجی قادر بو شارە کانی ئێران، زۆرداری و ستە مکاری ئێرانیەکانیش بەرامبەر بە گەلی کورد باش تی گەییبوو))(حەمەڕەش،1959، 65) نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شاعیر گرنگییەکی زۆری بە زمانی کوردی داوە و هانی خوێندەوارانی داوە بە زمانی کوردی بنووسن، چونکە بڕوای وابووە زمانەکە زۆر دواکەوتووە و خوێندەوارەکان گرنگی بە زمانی کوردی نادەن و بە زمانەکانی بێگانە دەخوێندن و دەنووسن و زمانی دایکیان لا سووکە . لەم بارەیەوە دەڵێ: ((حاجی هانی خوێندەواری میللەتی کورد ئەدا کە بە کوردی بنوسن، بوئەوە زمانەکەمان نەفەوتی، سەیرکردوە زمانی کوردی زور دواکەوتووە و هیچی پێی نە نوسراوە، مطبوعاتی کوردی نییە، هەموو مەلاباشەکان و خوێندەوارەکان لە زمانی فارسی و عەرەبی تورکی لە خاوەن زمانەکان باشترن کەچی زمانی کوردی کە زمانی باووباپیریەتی خراوەتە پشت گوێ، لەسەر هێرشێك دێنێتە سەر مەلاکان کە خوێندەواری – لەپێش پەیدابوونی قوتابخانە بەشێوەی تازە - لە کوردستانا لە دەست ئەواندا بووە))(حەمەڕەش،1959، 69)

نووسەر زۆر سەرکەوتووانە لەسەر ئەو وێستگانەی شیعری شاعیر ڕاوەستاوە، کە بەڕوونی گیانی نیشتمان پەروەری شاعیر دەردەخات، چونکە حاجی قادری کۆیی شاعیرێکی نیشتمان پەروەر بووە و بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ خزمەتی نەتەوە و بەرزکردنەوەی گیانی نیشتمان پەروەری و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانیان بۆ خزمەتکردن و بەرگری کردن لە نەتەوە تەرخان کردووە، هەروەها شاعیر گرنگییەکی زۆری بە زمانی کوردی داوە کە ئەمەش لە هەستی نەتەوایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە زمانی کوردی ڕەمزی سەرەکی نەتەوەی کوردە و ئەوەی وایکردووە کە کورد وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بمێنێتەوە زمانەکەی بووە کە پاراستوویەتی و نەیهێشتووە لە ناوبچێت.

هەروەها (کاکە شوان)یش لە ژمارە (11)ی گۆڤاری (بڵێسە)دا گوتارێکی بە ناوی (یادی پیرەمێرد شاعیری نەمری کوردپەروەری) بڵاوکردووەتەوە و تیایدا باسی لایەنی نیشتمان پەروەری شاعیر و هەوڵەکانی دەکات بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی و چۆن شاعیر شیعرەکانی کردووەتە وێستگەی خزمەتکردنی نەتەوە و هۆشیارکردنەوەی گەلەکەی و هاندانیان بۆ شۆڕشکردن دژی بێگانە و ڕزگارکردنی نەتەوەکەی لەژێر دەستی و دیلی . نووسەر سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی باسی نەتەوەکەی دەکات کە چۆن لاواز و پارچەپارچە و ژێردەستەیە و تووشی هەرەس بووە، بە دەستی بێگانەوە تووشی دەیان نەهامەتی بووە . لەم کاتەدا پیرەمێرد وەك ڕۆشنبیرێکی نیشتمان پەروەر دەردەکەوێت، وەك دەڵێت: ((لەکاتیکا پەردەی شەوەزەنگی تار ئاسمانی کوردستانی خوشەویستی گرتبوەوە. هیوا لە دڵ و دەروونی هەزارانا کەوتبوە باری ئاوابوون، برسێتی و هەژاری، کوشتن و بڕین، جەردەیی و زور و ستەمی ژەندرمە خوێن مژەکانی پیرە دەوڵەتەکەی عوسمانی نەتەوەی کوردی پێ شێل کردبوو کەوتبوە قەلاچوکردنی. زۆربەی میللەت برسی و لاواز بوو ئیتر ئاوڕ لەچی باتەوە لەکاتیکا مەرگ ڕۆژی سەد کەڕەت خوی لە شانی ئەسوو.. ئالەم کاتەدا ئەستێرەی پیرەمێرد لە ئاسمانی کوردەواریدا پرشنگی کوردپەروەری ڕژانە دڵ و دەرونی نەتەوەکەمانەوە))(کاکە شوان،1960، 28- 29) هەروەها نووسەر لە لێکدانەوەی شیعری (شینی شەهیدان)دا باس لە خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد دەکات لەپێناو ڕزگاریدا، کە هەمیشە لەو پێناوەدا خوێنی ڕۆڵەکانی نەتەوە ڕژاوە و شیعرەکەی پیرەمێردیش بەشێوەیەکی فەلسەفی قووڵ ئەم بابەتەی خستووەتەڕوو، کە سەربەستی نەتەوە بەبێ قوربانیدان و خوێنڕشتن نایەتەدی، وەك دەڵێ: ((پیرەمێرد بە سەرنجیکی فەلسەفەی و دەست پی کردنیکی مەنگەوە، مەنگ لە لیکدانەوەدا. قووڵ لە دەربرین و هونینەوەدا ئەوە دەرئەخات کە ڕەوڕەوەی چەرخ ێ فەلەك ئەوەستێ و ژەنگ هەڵ ئەهێنێ ئەگەر بەخوێن دانەپۆشرێ و پاك نەکرێتەوە... پیرەمێرد هەر لەم هەڵبەستەدا هەر لەسەر بێ وەفایی چەرخ ئەڕوات وە ئەوە دەئەخات کە چون هەر لە ئەزەلەوە وەك "دێوجامەیەك" بە خوێنی ئادەمیزاد رەنگینە بە دیمەن و ڕووالەت خەڵك هەڵ خەڵەتێنەرە بووە و نەرم و نیان وەك "قاقوم"))(کاکە شوان،1960، 30- 31) نووسەر لەسەر دێرە شیعرێکی تری شیعرە کە ڕادەوەستێ هاوڕای شاعیرە ، کە ڕەخنە لە شارستانییەتی سەردەمەکەی دە گرێ، کە بەناوی شارستانییەتەوە خوێنی نەتەوەی کوردی حەلاڵ کردووە ، ئەم شارستانییەتە بە ساختە دادەنێ و ئاواتی لە ناوچوونی دەخوازێ بە دووڕوو ناوی دەبات، لەبەرئەوەی لەسەرەوە باسی ئاشتی و ئازادی و سەربەستی دەکات، لەکاتێکدا نەتەوەی کوردیان لە مافە سەرەتاییەکانی خۆشی و شادی بێبەشکردووە، وەك دەڵێ: ((تەماشای چ تەوسێك ئەگرێتە مەدەنیەت و شارستانیەتی ئەم سەردەمە شارستانیەتێك کە خوێنی نەتەوەیەکی بەش خوراوی وەك نەتەوەی کوردی خستوتە کاسەوە و حەلالی کردووە کەچی هێشتاوەکو لاف و گەزافی ئاشتی و ئازادی و جیهانی سەربەستمان بەسەردا لێ ئەدات؟! دەك خوا ڕەوای نەبینی لەم مەدەنیەنە ساختەیە و لەم گورگە خوێن ڕێژانەی بەرگی مەڕیان کردوە بە بەردا. من بەچاوی خۆم نەتەوەکەم ببینم بی بەش لە شادی و ژین . گوێم چون کەڕ نابێت لە ئاستی زوڕناو دەهۆلی ئەم نەتەوە خوازانەی ئاشتی و ئازادی لەسەر لێویانە و چنوکی و چڵێسی و بەدنەوابیش لە دڵ و دەروونیانا ڕەش دائەیرسێ!))(کاکە شوان،1960، 31- 32)

نووسەر لەسەر گرنگیدانی شاعیر بە زمانی نەتەوەیی ڕادەوەستێ و باسی ڕۆڵی شاعیر دەکا لە خزمەتکردنی زمانی کوردی و بژارکردن و پاککردنەوە و گەشەسەندن و بەرەو پێش بردنی زمانەکە، کە بڕبڕەی پشتی نەتەوەی کوردە. ((پیرەمێرد بەهرە و توانای لێ خستە کارەوە زمانی کوردی- گرنگترین بڕبڕەی پشت و سەلگەری پاراستنی

نەتەوایەتیمان - وەك خاكی كوردستان و میللەتی كورد بەرگی كەمتەرخەمی و خامۆشی پوشیبوو نیشانەی داگیركەران و خوین مژەكانی كورد و پە لەی شوێن دە ستیانی تیا بە دی ئەكراز پیرەمێرد شۆڕەسواری لێ هاتوی ئە دەبی كوردەواری چاكی مەردانەی خوی لێ كرد بەلادا و دەوری خوی نوان لە بژاركردن و پاك كردنەوەی زمانی كوردی دا كە سەر لە نوێ نیشانەی گەشەسەندنی تیا دەرەوشایەوە))(كاكە شوان،1960، 29)

بەدڵنیاییەوە پیرەمێرد یە كێكە لە شاعیرە نیشتمانپەروەرەكانی كورد و ڕۆڵێكی گە ورەی هەبووە لە بەرزكردنەوەی گیانی نیشتمانپە روەری و هاندانی لاوان بۆ گیانبە خت كردن لەپێناو گەل و نە تەوەدا و هاندانیان بۆ خۆ پێگەیاندن و خۆ ڕۆشنبیركردن، هە روەها شاعیر ڕۆڵی گە ورەی هەبووە لە خزمەتكردنی زمانی كوردی و شیعرە كانی كردووەتە وێستگەیەك بۆ بەرەو پێشبردنی زمان و پاككردنە وەی لە وشەی بێگانە و گەڕانەوەی بەها و سەنگ بۆ زمانی كوردی كە تا ئەو كاتەش هەندێك كەس بە سووكی سەیری زمانی كوردییان كردووە.

هەژار موكریانی لە ساڵی 1960 دا (مەم و زین )ی (ئەحمەدی خانی ) بەشێوەی موكریانی بڵاوكردە وە، پێشەكییەكەی لە لایەن (حەسەنی قزڵجی )یەوە نووسراوە و تیایدا بە شێوەیەكی گشتی باسی مە م و زین دە كات و وە ك شاكارێك، كە لە ئاستی شاكارە ناوچەیی و جیهانییەكانە دەیناسێنێت، هەروەها باس لەگیانی نیشتمانپەروەری خانی دەكات، كە خانی ئە م داستانە شیعرەی بۆ دە ربڕینی بیروباوەڕ نەتەوەییەكانی و ئازارە كانی نەتەوەكەی بووە ، بە هۆی نەبوونی دەوڵەت و ژێردە ستەبوونی نەتەوەكەی و ئازار و نە هامەتییەكانی گەلەكەی بووە، وەك لە شەرحی دێرەشیعری (دەردی دلێ خوم بی لەم ووتانە - زین و مەم، ئەدی چین ؟ بە هانە)دا دەڵێ: ((مەبەستی ڕاستی خانی دە ردی دل بوە، خانی لەو هەلكەوتوانە بوە كە زور زو هە ستی بە ئیش و ئوفی نە تەوەكەی خوی كردوە ، ئوات و أرە زوی میللەتەكەی خوی بە گویچكەی دل بیستوە ، كوتو پچری و دیلی و كە نەفتی كورد و كە نەفتی كورد و كوردە واری بەووردی سەرنج داوە و گلەیی لە بەختی رەشی كورد ئەكات))(هەژار موكریانی، 1960، ل ج)

هەروەها نووسەر لێكدانەوە بۆ چەند دێرەشیعرێكی تری خانی دە كات و تیایدا ئە و هەستە نەتەوایەتیەی خانی دەخاتەڕوو كە لەو سەردەمەدا هەیبووە و هەستی پێكردووە، كە خانی خەون بەوەوە دەبینێت نەتەوەی كوردیش وە ك گەلانی دنیا بە ئازادی بژین و پادشایە كی هەبێ یەكیان بخات و دە وڵەتیان بۆ دروست بكات و لە ستەمی داگیركەران ڕزگاریان بكات، كە ئەمەش بە ئازایەتی و مە ردایەتی و بە خشندەیی دێتەدی، هەروەها پەنجەی خستووەتە سەر ئەو هۆكارانەی بوونە تە هۆی دواكە وتووی و ژێردە ستەیی نە تەوەكەی، كە بریتین لە لە ناكۆكی و دووبە رەكی و خۆبەگەورەزانین و حساب نەكردن بۆ بەرامبەر، كە ئەمەش نیشانەی بلیمەتی خانی نیشان دەدات، كاتێك دەڵێ: ((مەغز و میشكی خانی لەو روژگارەدا رەمەكی نەبوە، بیری ئەم پیاوە لەچاو زەمانی خوی سەمەرەیە، خانی بلیمەتیكە لەو زەمانەدا ))(هەژار موكریانی، 1960، ل چ)

نووسەر زۆر ورد بینانە بیروڕا نەتەوەییەكانی خانی خستووە تەڕوو، چونكە خانی لە سەردەمێكدا هەستی بە پێویستی بوونی پاشا و دە وڵەت بۆ كورد كردووە ، كە كەس هەر بیری لێ نە كردووەتەوە، هەروەها پەنجەی خستووەتە سەر ئەو هۆكارانەی كە وایكردووە كورد ژێردەستەی بێگانە بێت، بێگومان ئەمەش نیشانەی بیرمەندی و بلیمەتی خانی دەردەخات كە پێش سەردەمەكەی خۆی كەوتووە.

هەروەها نووسەر هەر لەهەمان پێشەكیدا باس لە (هەژار)ی وەرگێری داستانەشیعرییەكە دەكات و بە شاعیرێكی نیشتمانپەروەری دادەنێ، كە هەمیشە لەگەڵ ئازارەكانی نەتەوەكەیدا ژیاوە و هەمیشە هەوڵی بۆ سە ربەخۆیی گەلەكەی داوە و لەوپێناوەشدا هەرچی لە دەست هاتبێ دریغی نەكردووە، نووسەر دەربارەی شیعرەكانی هەژار دەڵێ: ((گرنگترین لایەنی شیعرەكانی هەژار ئەمەیە كە بە زمانی ساكار و بی گری و قورتی گە لە، ژیانی گە ل نیشان ئە دات، أوات و أرەزوی گەل دەرئەبری، دەردی گەل ئەناسی و دەرمانی بو ئە دوزیتەوە))(هەژار موكریانی، 1960، ل خ_د) نووسەر بڕوای وایە هەژار تەنهاو تەنها شاعیری نەتەوەیە، عاشقی نەتەوەیە، هەموو شتێكی تەنها لەپێناو نەتەوەكەیدا كردووە و لەم پێناوەدا ناڕەحەتی زۆری بینیوە، وەك دەڵێ: ((هەژار شاعیرێكی دلداری نیە، عاشقی چاوی كەژال و گەردنی پر خال نیە، عاشقی كیو و كە ژ و بە ندەن و چیا و شیو و دولی كوردستانە ، لە پیناوی كورد و كوردستاندا گیرە و كیشە و چەرمەسەریی زور و زە وەند و بی ئە ژماری دیوە، بەلام شاعیریكی أزا و دل قایمە ، سەری بو هیچ تە نگو چەلەمەییك دانەنەواندوە، بە هیزی بیروباوەری خوی لە بەرامبەر هەمو تالی و سە یری و سارد و گە رمی روژگاردا راویستاوە، هەرگیز لە شیعرەكانی دا هاواری خوی ناكات، هەمیشە بە پەروشی گەلەوەیە))(هەژار موكریانی،1960، ل د)

نووسەر لە سەر بڕیاردان لە سەر هە ژار موكریانی بە وەی شاعیرێكی نە تەوەییە و زۆربە ی شیعرە كانی نەتەوەیین، بڕیارێكی دروستی داوە، چونكە ئەگەر سەیری شیعرەكانی هەژار موكریانی بكەین زۆربەیان بۆ نەتەوەكەی و ئازار و نە هامەتییەكانی نە تەوەكەی نووسیویە تی، هە میشەش ئاواتی ئازادی و سە ربەستی كوردستان بووە و وە كو شاعیرێك لە زۆربەی شۆڕشەكانی كورددا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.

(حەسەن قزڵجی ) لەپاش پێشە كییەكەی هەژاریش بەركوڵێك دەربارەی (مەموزین) دەنووسێ و تیایدا جە خت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە لەبەر خاتری نە تەوە و گیانی نیشتمانپە روەری ئەم بە رهەمەی لە كرمانجییەوە كردووە بە موكری، هەروەها باس لەوە دەكات كە گرنگی ئەم بەرهەمەی خانی لە وەدانییە كە داستانەشیعرە، بەڵكو گرنگییەكەی لەوەدایە كە خانی هەستی بە دەردەكانی كۆمەڵگاكەی كردووە و بیری نیشتمانپەروەری داهێناوە، لەمانەش گرنگتر لایەنی دەربڕینەكەیەتی، كە لە ئاستێكی باڵادایە و شان لە شانی بەرهەمەكانی نیزامی گونجەوی و جامی داوە، وەك دەڵێ: ((مەم

و زینی خانی گرینگیەکەی نەلەوەدایە کە چیروکیکی ئەویندارییە و هونراوەتەوە چونکە چیروکەکە بەر لە خانیش بەصەتان سال هەربوە، پایەبەرزی خانی نەتەنها هەر لەوەدایە کە پیش هەمو کوردیك هەستی بە دەردی کومەل کردوە و نیشتمان پەروەریهیناوەتەرو، بەبیری من شتی زور گرینگ لە و وردەکاری و بنوس لهوسی و بویژیە ی دایە کەشانی لە شانی نیظامی گەنجەیی و أورەحمانی جامی داوە، تەنانەت دەتوانم بلیم بەجیشی هیشتون ))(هەژار موکریانی،1960، ل ز)

هەروەها (خانی) بە داهێنەری بیری نیشتمانپە روەریی دادەنێت، نەك تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا، کاتێك دەڵێ: ((خانی سێصەد سال لەمەوبەر بیری ئازادبوونی خستوتە بیرمانەوە، خانی داهینەری نیشتمان پەرستیە لە روژهەلاتی ناوەراستدا. خانی کە بە کوردی شتیکی وابە نرخ و گە ورەی بو بە جی هیشتوین کە بە زور شانازیەوە خوی پیوەرانیین و بە سەربەرزی بلیین: ئیمە خانیمان هەیە و گەلیکی کە خاوەنی خانی بی هە رگیز نامری ))(هەژار موکریانی،1960، ل س)

بێگومان خانی داهێنەری بیری نیشتمانپەروەرییە لەکاتێکدا کە لە ڕۆژهەڵات هیچ کەس ئەم بیرەی نەبووە، خانی لەڕێگەی مەموزینەکەیەوە بیرە نەتەوەییەکانی خۆی خستووەتەڕوو، ئەوکاتە خەمی نەبوونی دەوڵەتی خواردووە و باسی ئەو نەهامەتی و دواکەوتوویی و کێشە و گرفتانەی کردووە کە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە توشی نەتەوەکەی بووە.

مەدهۆش لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا گوتارێکی بەناوی (حەمدی و شێخ مە حموودی نەمر) بڵاوکردووەتەوە و تیایدا باس لە لایەنی نیشتمانپەروەری شاعیر و ئە و شیعرانە ی دە کات کە بۆ سە رکردەی نە تەوەیی کورد (شێخ مەحموود)ی داناوە. نووسەر سە رەتا باس لە ئەرکی شاعیر دە کات کە بریتییە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی نەتەوە و پیشاندانی لایە نە جوان و ڕازاوە کانی نە تەوەکەی بۆ ئە وەی نە تەوەکەی خۆی و بێگانە ی پێ ئاشنا بکات، بە تایبەتی شاعیرانی کورد پێویستە بەوردی ئەم کارە ئەنجام بدەن، ئەمەش لەبەرئەوەی کورد نەتەوەیەکی بێکەسە و دەبێت خۆی ئەم کارە بکات، وەك دەڵێ: ((بی گومانە کە ئەبی شاعیر وینەگری گەل بی، وینەگری رووداوەکانی نەتەوەکەی بی، لەبەرئەوە پیویستە دیوانەکەی وەك ئەلبومیکی رازاوە وابیت پرری بی لە وینەی ئەو بەسەرهاتانەی نەتەوەکەی وە وینەی جوانی نیشتمانە نازدارەکەی، تا هونراوەکانی ببن بە سەرچاوەیەکی رووناك بو دەرخستنی شارەزایی وە بو زانیاری دان بە خو و بیگانە، وە ئەگەر شاعیریك یان هونە رمەندیك ویستی وە ك شارەزایەك هەندیك رووداوی جیهان پیشان بدا دیارە ئەمە پەسەندە، بەلام پیشاندانی رووداوە کانی ئەم گەلی کوردە هەژارە هەرە گرنگی سەرشانی شاعیر و هونە رمەندەکانمانە، چونکە کورد بیکەسە وە هەر خوی مشوورخوری خویەتی))(مەدهۆش،30،1960)

پاشان نووسەر دێتە سەرباسی (حەمدی) شاعیر و دیوانە کەی بە تۆمارێکی ڕووداوە کاریگەرەکانی نەتەوەی کورد دادە نێت، کە هەموو ئە و ڕووداو و کارە ساتانەی بە سەر نە تەوەکەیدا هاتوون لە لایەن عوسمانییە کان و ئینگلیزەکانەوەتۆمارکردووە، تەنانەت باسی ڕووداوە سروشتییەکانیشی کردووە. بەڵام ئەوەی زیاتر شاعیر گرنگی پێداوە شێخ مە حمود و شۆڕشە کانی و داستانە کانی بووە. شاعیر شێخ مە حمودی زۆر خۆشویستووە و ئاواتی ئە وە بووە سەرکەوتووبێت و دژی دوژمنانی شێخ مە حمود بووە و لە شیعرەکانیدا هێرشی کردووەتە سەریان. نووسەر دەڵێ: ((لە هەموو بەسەرهات و رووداویك زیاتر کە کاری کردبیتە سەر هەستی ناسکی حە مدی شوررشەکانی شیخ مە حموودی نەمرە، وە هوی ئەمەش ئەوەیە کە شیخ مەحموود گەورەترین هەلکەوتوو دەرکەوتووی کورد بوە لەو چەرخەدا کە حەمدی تیا ژیاوە، لەبەر ئەمە حەمدی هەموو ئاواتیکی سەرکەوتنی ئەم قارەمانە گەورەیەی کورد بووە، بویە لە زورلە هونراوەکانیا بلسی ئەکا، تا تەنانەت لە هونراوەی دلدارشدا هەر ناوی شیخ مەحموود دینیت ))(مەدهۆش،30،1960-31)

نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو کە شاعیرمان لەگەڵ ئەم هەموو خۆشەویستییەشیدا بۆ شێخ مەحمود لەبەرئەوەی یەکێك بووە لە دڵسۆزانی شێخ مە حمود بۆیە هەندێکجار ڕە خنەی لێ گرتووە چونکە شاعیر زانیویە تی ڕە خنەگرتن هە وێنی سەرکەوتن و پێشکەوتنە، هەروەها ئامۆژگاری شێخ مەحمودی کردووە، بەوەی کە خەڵکانی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر لە دەوری خۆی کۆبکاتە وە و بێگانەپەرستان و بە رژەوەندیخوازەکان لەخۆی دووربخاتەوە، وەك دەڵێ: ((وەنەبی حە مدی هەر خەریکی ئەوە بووبی هونراوە بەسەر شیخدا هەل بدات بەلکو رەخنەشی لی گرتووە، وە بی گومان رە خنە بەلگەی دلسۆزی و خۆشەویستییە، چونکە رەخنە هەوینی پیشکەوتنە ... گەلیك جاریش کەوتوتە ئاموژگاری کردنی شیخ وە تکای لی کردووە دەورروو پشتی خوی لە خوپەرستان و ئە وانەی خزمەتی بیگانە دەکەن پاك بکاتە وە))(مەدهۆش،31،1960-32)

هەروەها نووسە ر باسی قارە مانێتی و ئازایە تی شێخ مە حمودی کردووە و لە شەڕەکانی دژی داگیرکە راندا و هەروەها داخدارە بۆ ئەو نیشتمان فرۆشانە ی بوونە داردە ست و چاوساغی داگیرکە ران و بوونە هۆی ئە وەی شێخ مەحموود بە دیل بگیرێت. وەك دەڵێ: ((حەمدی ئنجا لە باسی ئازایە تیی شیخدا دە ربارەی ئەو شە ررانەی بازیان و ئاوباریك و کەناروی، کە شیخ مەحموود بە دوژمنیشی ئەسەلمان کە قارەمانیکی گەورەیە ... ئنجا حەمدی داخ لە دەست ئەو خیلانە ئەخوا کە بەهوی چەند نیشتمان فروشیکە وە ئیستعمار ئەیکردن بە داردەستی خوی ))(مەدهۆش،33،1960)

نووسەر زۆر بە وردی لە وتارەکەیدا لەسەر شیعرە نەتەوەییەکانی حە مدی ڕاوەستاوە بەتایبەتی ئەو شیعرانەی بۆ شێخ مەحموود و ڕووداو و بە سەرهاتەکان و شۆڕشەکانی شێخ مە حمود نووسیویەتی لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی لێی گرتووە و ئەو ئامۆژگارییانەشی کردوویە تی ، هە روەها باسکردنی نیشتمان فرۆشان کە بوونەتە چاوساغی داگیرکە ران و هۆی بەدیلگرتنی شێخ مەحمود.

(جەمال شاڵی) گوتارێکی ڕە خنەیی بەناوی (سەلام) نووسیوە و تیایدا هە وڵ دەدات لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە شیعرەکانی لێکبداتەوە. نووسەر سەرەتا بە قسەکردن لە سەر ژیانی شاعیر بکات ئە وە دەخاتە ڕوو کە شاعیر لە جەنگی

جیهانی یەکەمدا لە تەمەنی لاوێتیدا بووە و کارەساتەکانی ئەو جەنگە و ئەو نەهامەتییانەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە لە سەردەمی (شێخ مەحمود) دا هەمووی بینیوە و کاریگەرییان لە سەر ژیان و شیعرەکانی هەبووە و بڕوای وایە شاعیری هانداوە بۆ ئەوەی ئامادەبێت لە پێناوی کوردستاندا گیانی خۆی ببەخشێت.

Bu tip bir yapılanmanın yukarıda anlatılan nedenlerden dolayı farklı bir geniş aile biçimi aldığını ve çekirdek ailelerin oluşmadığını söyleyebiliriz. Çevresinde bir tehlike olduğunun farkında olan reis, çocuklarını bu tip tehlikelerden korumak, kendini güvenceye almak vb. durumlar için çocuklarının aileden uzaklaşmasına engel olmaktadır.

Günümüzde, evliliklerden sonra reisin çevresinde konumlanan haneler, çekirdek aile konumuna gelmişlerdir. Reis de yanında kalan bekar çocuklarıyla beraber çekirdek bir aile konumuna düşmektedir. Bazı ailelerde bu durum görülürken, bazı ailelerde reis bekar çocuklarıyla beraber bir evli çocuğunu da yanında tutmakta ve bu konumuyla bir geniş aile olmaktadır. Reisin içinde yaşadığı ev, yanında son kalan çocuğun olmaktadır. Genelde reisin yanında bir erkek çocuğu kalsa da, reisin karısıyla yalnız kaldığı da görülmektedir.

Reisin çevresindeki aileler, ekonomik olarak bağımsızlaşmışlar, çalıştıklarını biriktirerek, bir sermaye birikimine gidebilmişlerdir. Mutfaklar ayrılmış, reisin evi ile olan *organik bağ, mekanik bir bağa* dönüşmüştür. Böyle olmasına rağmen tüm aileleri bağlayan kararlar gibi, büyük kararların alınmasında reisin etkisi sürmektedir. Sorunlara doğrudan müdahalede bulunmakta ve yapılan islerde babaya danışılmaktadır. Ailede bulunan bekar çocukların evliliğinde kardeşler, masrafların karşılanmasını sağlamaktadırlar. Askerliğe giden kardeşlerine para göndermekte, o gelene kadar ailesine bakılmaktadır. Bu tip kümelerde aileden kopup, evini başka yere taşıyan iki örneğe rastlanmıştır. Bu iki örnekte de, ailesiyle problem yaşayan çocuk ayrılmış veya reis tarafından kümeden kovulmuştur. Reisin yanında bekar çocuğu varsa, giden bu çocuğun boşalttığı eve yerleşmektedir. Kümenin içinden ayrılmak isteyen biri, içinde yaşadığı ev üzerinde herhangi bir hak talep edememektedir. Bu hakkı ancak baba öldükten sonra talep edebileceği dile getirilmiştir.

Bir-Bavik bu biçimiyle Birleşik aileye örnek olarak verilen Hint ailesine benzemektedir. Hint ailesinde; ortak bir yerleşim, ortak mülk, ortak bütçe, ortak mutfak ve ortak yemek yeri ile ortak kabul ettikleri tanrıları vardır. Bu ailede, oğulların evlenmesiyle ailede birey sayısı artar. Aile genişler. Ana-baba ölünce bu erkek kardeşler durumu biraz daha idare ederler. Küçük kardeşler evlendikten sonra aile çözülmeye başlar. Mülk bölünür ve kardeşlerin her biri kendi hanelerini kurarlar. Bu aşamada aile çekirdek ailedir. Her hanenin

erkek çocukları evlenmeye başlayınca, haneler baştaki biçimlerine geri dönerler. Her hane birleşik aile olur. (Erdentuğ 1985: 204) Bir-Bavik'ta ilk dönemlerde, çocuklar için ayrı evler yapılmış olsa bile ortak bütçe, mülk, mutfak ve yemek yeri vardır. Daha sonra evli çocukların, reisin eviyle olan bu organik bağları kesilmiş aileler çağdaş birer çekirdek aile konumuna gelmişlerse de reisin tüm bireyler üzerindeki yetkisi korunmuştur. 1960'tan bu güne bu çekirdek ailelerin birer Bir-Bavik durumuna gelip gelmeyeceğini tespit edecek kadar süre geçmemiştir. Bir-Bavik mekânsal yerleşim biçimi ve baba otoritesiyle diğer aile tiplerinden ayrılır. Çevre tüm kümeyi ve torunları aile reisinin ismi ile tanımlamaktadır. Bu, yapının ilerde kendi bavik yapısını yaratacağını göstermektedir. Köydeki yapı Kürt sosyal hayatının egemenliğinde olduğundan dolayı, bu sosyal yapının ailedeki bu yeniden üretme mekanizmasını destekleyebileceği öngörülebilir.

Bu tip bir yapılanma incelendiğinde, bütünüyle göçle oluşmuş yeni bir yerleşim biriminde meydana gelen ve süreç içinde yaşanılan sosyo/politik olaylara karşı geleneksel kültür arkaplanlı bir savunma ve korunma biçimi olduğu izlenimini vermektedir. Geleneksel kültüre sahip baba bu yeni yerleşimde -müdahale edebildiği ölçüde- yeni kültürün birçok yönünü ret etmekte ve ona karşı tavır almaktadır. Bu yabancı kültüre karşı farklılığını ortaya koymak, yeni yerleşime taşıyabildiği geleneksel kültür normlarının çevresinde, eski alışkanlıklarıyla yaşamını idame etme mücadelesidir. Aile reisinin sigorta olarak gördüğü -özellikle erkek- çocuklarını çevresinde tutmak;

- Ailenin dağılmasını önlemek
- Yabancı kültür ve farklı inanç biçimine karşı alışkın olduğu kültürel norm ve ahlak anlayışını sürdürmek.
- Zenginleşmek
- Ataerkil toplum anlayışındaki biçimiyle erkini devam ettirmek.
- Soyunu devam ettirmek.
- Nüfus üzerinden kariyer edinmek ve muhatap alınmak.
- Korunmak ve çocuklarını korumak vb. gibi nedenleri ve bunlara benzer daha birçok neden, bu tip bir yapının oluş amacı çerçevesinde sayılabilir.

Bu yapı tümüyle ataerkil yapının yeniden üretilen biçimidir. Bu yapıda ataerkil yapıda olduğu gibi damadın *iç güvey* gitmesine izin verilmez. Ailedeki kızlar ve erkekler aileye çalışırlar. Çocukların aileye yaptığı bu ekonomik *girdi*, evlendiklerinde; evlenme masrafları anlamında *çıktı* olur. Evlenmeyle birlikte kızın işgücü, kocasının ailesine aktarılır (White 1999: 28).

## SONUÇ

Göç ile birlikte sadece demografik değil, mekânsal biçimlenmeyi bile kökten değiştirecek, gidilen yerde yeni göçler oluşturacak derecede büyük, güçlü ve etkili olan

Kürtlerin Türkiye´deki iç göç durumu Türk sosyal bilimlerinde maalesef bilinen nedenlerden dolayı "gecekondu" meselesi kadar dahi ilgi görmemektedir (krş. II. Ulusal Sosyoloji Kongresi, Toplum ve Göç Bildirileri, 1997). Bu büyük göç durumu, Cumhuriyetin başlarında mecburî iskan (Besikçi 1977; Bayrak 1993), 1960´larla *isteğe bağlı* ve 1980´lerle birlikte, özellikle köy yakmaları ile birlikte, *zorunlu göç* durumuna dönüşmüş, bünyesinde son derece acı dolu bireysel biyografi ve toplumsal – politik sorunları içermesine rağmen araştırma konusu olamamaktadır. Bu gerçekle birlikte, göçle birlikte meydana gelen sosyo-kültürel değişimler konusunda hiç çalışmanın yapılmadığını söylemek de gereksiz bir açıklama olur ama bu süreçte meydana gelen etkileşim, değişim ve yeniden üretim mekanizmaları sosyo-kültürel araştırmalar alanında çok değerli bilgiler verecek durumdadır. Sözü edilen durumların etkisi ve kapitalizmin toplum arasında yaygınlık kazanması ile geleneksel yapıların dönüştüğü görülmektedir. Bu dönüşümün yönü ve hızı araştırmaların eksikliğinden dolayı sistemli bir şekilde gözlemlenememektedir. Modern kurumların eksikliğinden dolayı, Kürt kültür ve kimliğinin devamlılığı bir bütün halinde geleneksellik kurumu ve en başta ailenin omuzlarında görülmektedir.

Çekirdek ailenin evrenselliği ve çekirdek aileye evirilme süreç ve dinamiklerine bakıldığında burada ele alınan aile örgütlenmesinin ilk etapta ortaya çıkacak durumlara göre biçim alacağı ama sonunda çekirdek aileye evirileceği söylenebilmesine rağmen bunun için gerekli olan zaman henüz dolmamıştır. Ortaya çıkacak olan bu durumdan kastedilen şey, yaşanacak sosyo-politik ve ekonomik durumlardır. Yöredeki *Kürt aileler* üzerindeki baskının artmasıyla ailenin *Bir-Bavik* tipinde örgütlenmeye devam edeceği, baskıların ortadan kalkmasıyla, eğitim düzeyinin artması, kadının rol ve konumunun değişmesi, ekonomik koşulların iyileşmesi ve *barış* ortamının sağlanmasıyla bu ailelerin çekirdek aileye dönüşeceği söylenebilir.

*Bir-Bavik tipi aile örgütlenmesi*, göç eden *Kürt ailelerin*in beraberlerinde götürdükleri kültürel değerlerin yeni bir mekan ve ortamda bir *yeniden üretimi*dir. Aile yapısal olarak kendisini koruyarak, bununla birlikte kültürel kodların ve kimliğin de korunmasını sağlamaktadır. Bu bağlamda göçün, öteki ile karşılaşma anıyla birlikte kültürel bir refleks gösterdiği ve gerektiğinde orijin bölgelerde kaybolmakla yüz tutmuş kültürel motifler dahil bir yeniden yapılanma içine girdiği görülmektedir. Ailenin göç ortamına verdiği tepki, kan bağına dayanan sosyal yapının yeniden üretimidir. Sülale ideoloji ve yapısı yeniden üretilmektedir. Burada önemli olan soru, Kürt ailesinin bunu nasıl yaptığı değil, neden yaptığıdır. Kan bağına dayanan sosyal sistemler ailenin kültürel kontekstine içkindir. Bunların hangi formu alacağı, içinde yaşanılan sosyo-kültürel, politik ve ekonomik yapıdır. Bu durumun adına *kültürel şok* denilen durumun aşılmasından sonra, grubun savunma amaçlı içine girdiği durumu ne zaman gevşeteceği konusunda bir sonuç bildirmek bu grup özelinde henüz çok erken. Bunun yanında politik mücadelenin gözlemlenen grubun genelinde bir "bizlik" duygusunu yarattığı, ailenin kendini ve kültürü koruma refleksine politik mücadele söyleminden destek aldığı gözlenmiştir.

İncelenen bu örnek göstermektedir ki, kan bağına dayanan sosyal yapıların şekillenmesinde çevre ve sosyal sistemin belirleyici olduğudur. Bu yapı, duruma göre, ilerde bir sülale biçimi, daha ileri giderek politik bir özellik kazanarak aşiret ve aşirete dayanan sosyal yapıları yaratabileceği gibi, çekirdek aileye de dönüşebilir. Bu da, Kürt toplumunda

kan bağına dayanan yapının neden aşiret yapısına dönüştüğünü az da olsa açıklamaktadır. Tarih içinde kötüleşen ve süreklilik taşıyan koşullara bir tepkime olarak Kürt sosyal örgütlenmesi aşiretsel yapılarla bütünleşmiştir. Aşiret Kürt toplumuna sonradan katılan ve koşulların değişmesi ile ortadan kalkacak bir yapı olarak görülmektedir.

**KAYNAKÇA**

II. Ulusal Sosyoloji Kongresi (1997): Toplum ve Göç, Sosyoloji Derneği Yay. Ankara

AİLE YAZILARI 1 (1991): T.C. Başbakanlık Aile Araştırmaları Kurumu Bilim serisi 5/1, Ankara 1991

Balaman, Doç. Dr. Ali Rıza (1982): Evlilik Akrabalık Türleri. Sosyo Antropolojik

Yaklaşımla: Karınca Mat. İzmir 1982

Barth, Frederick(2001): Kürtlerde Toplumsal Örgütlenme İlkeleri.Avesta Yayınları İstanbul

BARTH, Fredrik (2001): Etnik Gruplar ve Sinirlari. Baglam Yay. Istanbul

Bayrak, Mehmet (1993): Kürtler ve Ulusal Demokratik Mücadeleleri ÜstüneGizli BelgelerAraştırmalar-Notlar, Özge Yayınları, Ankara.

Beşikçi, İsmail (1977): Bilim Yöntemi Türkiye Uygulaması I. KürtlerinMecburi İskânı, Komal Yayınları, Istanbul

Boran, Behice (1999): Kırsal Alanda Toplumsal Değişme: İki Öncü Çalışma. 75. Yılda Köylerden Şehirlere. Bilanço 98 Tarih Vakfı Yayınları , İstanbul 1999

Engels, Friedrich (2000): Ailenin, Özel Mülkiyetin Ve Devletin Kökeni. Sol Yay., Ankara.

Erdentuğ, Aygen (1985): Çeşitli İnsan Topluluklarında Aile Tipleri. AÜ. DTCF

Antropoloji Dergisi. S. 12

Heckmann, Friedrich (1992): Ethnische Minderheiten, Volk und Nation. Soziologie inter-ethnischer Beziehungen, Ferdinand Enke Verlag, Stuttgart.

Heinz, Marco (1993): Ethnizität und ethnische Identität. Eine Begriffsgeschichte. Holos Verlag, Bonn.

Hennings, Lars (1995): Familien- und Gemeinschaftsformen am Übergang zur Moderne. Ducker & Humblot, Berlin.

Karataş, Avdo (2004): Göç Üzerine Bir Çalışma – Röportaj. Bîrnebûn, BIHARA 2004

Karatas, Avdo (2018): Di Nav Kurdên Diyasporayê De Kêşeya Navnewşî: Mînaka Elmanya. International Journal of Kurdish Studies 4 (1), 155-175.

Mcdowall, David (2004): Modern Kürt Tarihi. Doruk Yay. Ankara.

Mühlmann, Wilhelm E. (1964): Rassen, Ethnien, Kulturen. Moderne Ethnologie. Neuwind Berlin

Kohl, Karl-Heinz (1993): Ethnologie - die Wissenschaft vom kulturell Fremden. Eine Einführung. München: C. H. Beck.

Müller, Ernst Wilhelm (1987): „*Der Begriff ´Volk´ in der Ethnologie*“. Abschiedvorlesung gehalten am 15. Dezember 1986. Institut für Ethnologie und Afrika-Studien Johannes Gutenberg-Universität, Mainz.

Rudolph, Wolfgang (1959): „*Einige hypothetische Ausführungen zur Kultur der Kurden*“. Sociologus 9, 1959 (Heft 9/10 1959/1960) s. 150-162.

Van Bruinessen, Martin (2003): Aga, şeyh ve Devlet. Iletişim Yay. Ankara.

Van Bruinessen, Martin (2003a): "*Innerkurdische Herrschaftsverhältnisse: Stämme und religiöse Brüderschaften"*. epd-Dokumentation (Evangelischer Pressedienst, ISSN 0935-5111), 7/2003, pp. 9-14

Weber, Max (1972): Wirtschaft und Gesellschaft. Tübingen

Wimmer, Andreas (1995): „*Stämme für den Staat. Tribale Politik und die kurdische Nationalbewegung im Irak*". Kölner Zeitschrift für Soziologie und Sozialpsychologie 47. Jahrgang 1995. S. 95-113.

White, Jenny B. (1999): Para İle Akrabalık: Kentsel Türkiye'de Kadın Emeği: İletişim Yay. İstanbul.

White, Paul J (2012): Ilkel isyancılar mı? Devrimci modernleştiriciler mi? Türkiye´de Kürt Ulusal Hareketi. Wesanxaneyî Vateyî, Istanbul.

Wicker, H.R (2005): Leitfaden für die Einführungsvorlesung in Sozialanthropologie. http://docplayer.org/1188460-Leitfaden-fuer-die-einfuehrungsvorlesung-in-sozialanthropologie.html

Yalçın – Heckmann, Lale (2002): Kürtlerde Aşiret ve Akrabalık İlişkileri (Tribe and Kinship among the Kurds). İletişim Yay. Istanbul.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 507–533
http://www.ijoks.com

# Kurdish Literary Movement in Baghdad City"1958 -1975"

*Azad Ubed Sallih*[1] *Hoshang Salih Muhamad Shari-AL-Najar*[2]

**Received**: Jan24, 2018 **Reviewed**: Feb 18, 2018 **Accepted**: Mar25, 2018

## Abstract

Baghdad city is considered as one of the most prominent places for Kurdish intellectual movement. Residing the Kurds in Baghdad has a deep-rooted history that belongs to the stage of pre-establishing Iraq as a state and recognizing Baghdad as its capital; this basically associates with many historical and geographical factors. The geographical factor is one of the noticeable factors that are related to the closeness of Kurdish territories to Baghdad. However, the intellectual group among the residents has had a crucial role in establishing the intellectual movement at the city. Along with its long history, the movement has also been impacted by so many political events after the establishment of Iraq. The 1958 revolution, for instance, created an environment where freedom of publishing and expressing national and political opinions has been liberated. This had its own reflection on a variety of aspects in Kurdish language and literature. Following the outbreak of Kurds' September revolution in 1961, there were still some literary activities existed in the city, like continual issuing of some intellectual magazines, such as Hiwa (1957-1963) and Ronahi (1960-1962). However, between 1963 and 1967, the Kurdish intellectual movement faced a harsher circumstance; The Kurdish Victory Club, Hiwa Magazine, and the majority of the Kurdish magazines and newspapers were closed, a few number of Kurdish books and booklets were printed, and The Department of Kurdish at College of Arts was threatened with closure. Between 1967 and 1970 a suitable political situation was attained for the Kurds, as a result of the treaty negotiated in 1966 between the Iraqi government and Kurdish presidency. The issuance of each Brayi (Al-Ta'khi) newspaper in 1967 and 1968 and Bayan magazine in 1969 was the output of that political change. As of the 1970 Treaty, a new stage was achieved for Kurdish intellectual movement. This stage is considered as a golden era in reliving different aspects of Kurdish intellectual.

[1] (A.P.Dr), Lecturer, Department of History, of College of arts, Salhaddin University-Arbil, Kirkuk Road, KRG., Iraq, E-mail: azad.salih3@su.edu.krd
[2](A.T), Lecturer, Department of History, of College of arts, Salhaddin University-Arbil, Kirkuk Road, KRG., Iraq, E-mail: hoshang.muhammad@su.edu.krd

The city of Baghdad hosted a wide range of this progress, even, to a great extent, became the center of evolution for Kurdish intellectual movement.

**Keywords:** Kurdish Intellectual Movement, Bagdad, Kurdish Literary Movement

**Recommended citation:**
Sallih, U. S. & Al-Najar, H.S.M.S., (2018). Kurdish literary movement in Baghdad City"1958 -1975". *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 507 – 533.doi: **10.21600/ ijoks.454473**

# بزاڤی ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا
# 1958-1975/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

ئازاد عوبێد ساڵح هۆشەنگ ساڵح نەجار

**پوختە:**

شاری بەغدا بە یەكێك لە پێگە سەرەكییەكانی بزاڤی ڕۆشنبیریی كوردیدادەندرێت. نیشتەجێبوونی كوردان لە شاری بەغدا مێژوویێكی درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و بوونی شاری بە غدا بە پایتەختیی، ئەمەش بۆ چەند هۆكارێك دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان هۆكاری جوگرافییە ، كە پەیوەندی هەیە بە نزیكی ناوچە كوردییەكان بە شاری بەغداوە. هەروەها هۆكاری مێژووییش ڕۆڵی خۆی گێڕاوە . نیشتەجێبوونی كوردان لە شاری بە غدا، بەتایبەت بژاردە ڕۆشنبیرەكە، ڕۆلێكی كاریگەرییان لە دروستبوونی بزاڤی ڕۆشنبیریی كوردی لە شارەكەدا گێڕا.

ئەم بزاڤە ئەگەرچی ڕیشە یەكی مێژوویی دوورتری هە یە، بە لام لە دوای دامە زراندنی دەوڵەتی عێراق، ڕووداوە سیاسییەكانییش ڕەنگدانەوەیان بەسەر پەرەسەندنی بزاڤەكە هەبوو . وەكشۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958، كەجۆرێك لە ئازادی لە بواری نووسین و بلاوكردنە وەی بیروڕای سیاسیی نەتەوەیی ە ێنا پێشەوە، ڕاستەوخۆ لە سەر بەشەكانی ئەدەب و زماندا ڕە نگی دایەوە. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول (1961)یشدا، ئەگەرچی شۆڕشی كورد لە ئارادا بوو، كەچی هێشتا هەندێ جموجۆڵی ئە دەبی لە شارەكەدا ترووسكاییان دە بەخشی، وەك بەردەوامی دەرچوونی هەندێ بڵاوكراوەی ڕۆشنبیریی وە ك گۆڤارە كانی (هیوا 1957-1963) و (روناهی 1960-1962). بەڵام لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٧) دا،بزاڤی ڕۆشنبیریی كوردی لە شاری بە غدا، دووچاری دۆخێكی خراپتر لە جاران هاتەوە. (یانەی سەركەوتنی كوردان) و گۆڤلوەكەی (هیوا) و زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە كوردییەكان داخران. تەنانەت ژمارەیەكی كەم كتێب و نامیلكەی كوردی چاپ كران، بەشی كوردیی كۆلێژی ئەدەبیاتیش كەوتە ژێر هەڕەشەی داخستن. لە نێوان ساڵانی (١٩٦٧-١٩٧٠) دا، دۆخێكی سیاسیی گونجاو بۆ كورد هاتە پێشەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕێككەوتننامە بوو كە لە حوزەیرانی ساڵی 1966دا، لە نێوان سەركردایەتیی كورد و حكوومە تی عێڕاقی بەدەست هاتبوو. دەرچوونی ڕۆژنامەی (التأخی-برایی) لە سالانی (1967-1968) وگۆڤاری (بەیان) ساڵی 1969دا، نموونەی ئە و بوژ انەوەیە بوون.بە ڕێككەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970، قۆناغێكی تازە بۆ بزاڤی ڕۆشنبیری كوردی هاتە پێشەوە . ئەم ماوەیە بە قۆناغی زێڕین و گە شانەوەی ڕۆشنبیریی كوردی لە هەموو ڕووێكەوە دادەندرێت. شاری بە غدا بەشێكی گرنگ و دیاری ئە م گەشانەوەیەی بەركەوت. تەنانەت لە زۆر ڕووەوە ببووە چەقی گەشەسەندنی بزاڤی ڕۆشنبیریی كوردی.

**پێشەکی:**

لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕۆشنبیریی، بەشێکی سەرەکی لە مێژووی هەر نەتەوەیەك بە شێوەیەکی سەرەکی پێك دە هێنێت، یەکێك لە گرنگترین ئەو لایەنانەی کە ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگاکانی جیهانی بەرەو پێشەوە بردووە، بایەخدان بەلایەنی ئەدەبی ئە و کۆمە ڵگایە بووە. شۆڕشی چوارده ی تە مووزی 1958، کاریگە ریی لە سەر بواری ئە دەب (شیعر و چیرۆك)یشدا دروست کرد، ئەو کرانەوە سیاسییەی بە هۆی شۆڕشەوە لە بەردەم نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورددا فەراهەم بوو لە لایەك و دە رچوونی ژمارە یەکی زۆری ڕۆژنامە و بلاوکراوە بە زمانی کوردی و زۆربوونی چاپە مەنییە کوردییەکان لە لایەکی دیکەوە، دەرگایەکی تازەیان لە بەردەم گەشەسەندنی بواری ئەدەبییدا کردەوە.

سالانی نێوان (1961-1963)دا، هێشتا هەندێ کاریگەریی شۆڕشی چواردە ی تەمموز بەسەر بابەتە ئەدەبییەکانی ئەم ماوەیەدا دیار بوو، ئە مە لە کاتێکدا ئەم قۆناغە لە کوردستاندا بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول سەرەتای ئەدەبی شۆڕشگێڕیی دادەندرێ. لە قۆناغی (1963-1967)دا، بە هۆی کزبوونی بزاڤیی ڕۆژنامە گەریی و چاپە مەنیی کوردی، بواری ئەدەبیش دووچاری لاوازی و وە ستان هاتەوە. بەڵام لە نێوان ساڵانی (1967-1970)دا، باری ئە دەبیی کوردی جۆرێك لە بوژانەوەی بە خۆیەوە بینی، ساڵی 1967 ڕۆژنامەی برایی بە شێوەی ئاشکرا لە شاری بە غدا دە رچوو، بایەخدانی ڕۆژنامەکە بە ئەدەب و بلاوکردنەوەی بەرهەمیی ئەدەبی ڕۆشنبیرانی کورد بەتایبەت (شیعر و چیرۆك)، باری ئەدەبیی کوردی ئە و قۆناغە ی بە جموجۆڵ خستە وە. لە نێوان ساڵانی 1970-1974دا، باری ئە دەبیی کوردی وە ك سەرجەم بوارەکانی دیکە، لە ڕووی ناوەرۆك و هونەریی نووسینەوە، گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، دەکرێ ئەم قۆناغە بە قۆناغی گەشانەوە ناو ببرێت.

ماوەی توێژینەوەکە بە ساڵی 195٨ دەست پێدەکات، ئەو ساڵەی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی تێدا هەڵگیرسا ، هەروەها بە ساڵی 1975 کۆتایی دێت کە ساڵی نسکۆی شۆڕشی کوردە ، بێگومان کاریگەری لە سەر بواری ئەدەب و بوارەکانی دیکەی ڕۆشنبیریی کوردی بە گشتی دروست کرد.

ئەم توێژینە وەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە . لە تەوەری یە کەمدا: ( کوردانی شاری بەغدا و گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی)، باس لە سەرەتاکانی دروستبوونی بزاڤەکە و ڕۆلی ڕۆشنبیرانی کورد لە دروستکردنییدا کراوە. لە تەوەری دووەمیشدا: (باری ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا 1958-1970)، ڕەوشی کار و چالاکییە ئەدەبییەکانی ئەو قۆناغەی کوردانی بەغدا و ئە و هە نگاوانەی دام و دەزگا و ڕۆشنبیرانی کورد سەبارەت بە بزاڤی ئەدەبی کوردی هاویشتوویانە خراونەتە ڕوو. لە تەوەری سێیەمیشدا: (بلوی ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا 1970-1975)، گرنگی ئەو قۆناغەو دەسکەوتەکانی لە بواری ئەدەبییدا و خراپ بوونی دۆخەکە لە ساڵی ١٩٧٤دا، دەخاتە ڕوو.

سەرچاوەکانی بۆ ئەم توێژینەوەی بەکارهاتوون چەند جۆرێکن، یەکێك لەوانە بریتییە لە کتێبەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عە رەبی لە و کتێبانە ش وە ك هەردوو کتێبەکەی مستەفا نە ریمان بە ناوی (ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی ) و(ببلیۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوکاری ) و (مێژووی ئەدەبی کوردی )ی دکتۆر مارف خەزنەدار، (ڕۆژنامەی برایی-برایەتی "1967-1974"ی رۆڵی لە پێشخستنی ئە دەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا )ی ئاریان ئیبراهیم ، کە گەلێك زانیاری گرنگییان دە ربارەی بواری ئەدەبی گرتۆتە خۆ. جۆرێکی دیکە لە سەرچاوەکان گۆڤار و ڕۆژنامە کانن کە بەزمانی کوردی و عەرەبی لەو ماوەیەدا بلاوکراونەتەوە، گەلێك زانیاری بە سوودیان دەربارەی دەزگاکە و کار و چالاکییە کانی گرتۆتە خۆ، گرنگییەکەشیان زیاتر بۆ ئە وە دەگەڕێتەوە کە خۆیان هاوسەردەمی کاری دە زگاکە بوون و چالاکییە کانیان تۆمارکردووە، لەوانەش وەك گۆڤاری (ەیوا) و ڕۆژنامەکانی (خەبات) و (ڕوناهی) و (توتن) و (برایی) و (هاوکاری) و (برایەتی) و (کۆلێچی ئەدەبیات). هەروەها سەرچاوەیەکی دیکەی بەکەڵک بۆ توێژینەوەکە، چاوپێکەوتنە تایبەتییەکانن کە

لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ناسراوی کوردی ئەو قۆناغە ئەنجام دراون وەک: عەبدوڵلا عەباس و عەبدولڕەزاق بیمار و کاکە مەم بۆتانی و مومتاز حەیدەری.

**وشە کلیل: شاری بەغدا، ڕۆشنبیری، ئەدەبی کوردی، چالاکی، ڕۆژنامە و گۆڤار.**

**تەوەری یەکەم. کوردانی شاری بەغدا و گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی:**

نیشتەجێبوونی کوردان لە شاری بەغدا مێژوویێکی درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و بوونی شاری بە غدا بە پایەختیی، ئەمەش بۆ چە ند هۆکارێك دە گەڕێتەوە، گرنگترینیان هۆکاری جوگرافییە ، کە پەیوەندی هە یە بە نزیکی ناوچە کوردییەکان بە شاری بە غداوە.هەروەها هۆکاری مێژوویش ڕۆڵی خۆی گێراوە ، بەتایبەت کەوا شاری بە غدا هەر لەگەڵ دروستبوونییدا کراوە بە پایەختی دەوڵەتی عەباسی، ئیتر ە ەر لەو کاتەوە بۆتە پێگەیەکی گرنگی سیاسی و ئابووری، کوردان بە مەبەستی ڕاییکردنی کارە کانی ژیانیان ڕوویان تێکردووە ، تەنانەت دوای نیشتە جێبوونیان ڕۆڵی گرنگییان لە بوارەکانی سە ربازیی و کارگێڕیی و ئابووری و زانستیی تێیدا گێڕاوە(تۆفیق،٢٠١٢، ل ١١١-١١٥). بۆ زیاتریش ڕوونکردنە وەی ئەم لایەنە و هۆکارەکانی نیشتەجێبوونی کوردان لە شاری بەغدا (بەتایبەت لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق 1921)، هەڵوەستە لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە دەکەین:

**1- بژاردەی ڕۆشنبیرانی کورد:**

ئەم بژاردەیە زیاتر ئەو ڕۆشنبیر و فەرمانبەر و ئەفسەرە کوردانە دەگرێتەوە، کە هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن(کاکە سوور، ٢٠٠٠ ،ل١٣-١٤)، یان بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، ڕوویان لە شاری ئەستەنبوڵی پایەتە ختی دە وڵەتی عوسمانی کردبوو، یاخود لە ناوچە جیاجیاکانی دە وڵەتی عوسمانییدا خزمە تی کارگێڕی و سە ربازییان بە جێ دە هێنا. دوای تە واوکردنی خوێندنیش بە شێکیان پلە و پایە یان بەدەستهێنابوو. لە دوای دروستبوونی دە وڵەتی عێراق (1921)، گەڕانەوە ولات و هە ندێك لەوانە لە شاری بە غدای پایەختدا نیشتەجێ بوون (î). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هە میشە پایەتەخت بە هۆی بوونی دامودە زگا و پلە وەزیفییە بالاکان و دە زگاکانی کارگێڕی، ناوە ندێکە بۆ کۆکردنە وەی بژاردە کانی کۆمە ڵگە. بۆیە ئەو شارە یان کردە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان، دیارترین ئە و کەسانەش وەك: ئیبراهیم عاسیم حە یدەری(حەیدەری و ئەوانیتر ، ٢٠١٤، ل٩٨٥-٩٨٧)و محەمەد ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وە هبی بەگ(1889-1984)، ساڵح زەکی ساحێبقِران(1886-1944)، داود حەیدەری(1886-1965) ( بابان، 2006، ص 194، 296، 402، 667)، مستە فا شە وقی(1893-1938)، بە کر سیدقی(1890-1937)( کاکە سوور، ٢٠٠٠، ل 83-96)، ڕە شید شە وقی(1893-1967)، ئیسماعیل حە قی شاوەیس(1896-1976)(ساڵح و ئەوانیتر، 2001، ل73-83). بەشێکی دیکەی بژاردەی ڕۆشنبیری کورد ئەوانە بوون کە هەر لە زووەوە (پێش دروستبوونی دە وڵەتی عێراق) لە شاری بە غدا نیشتەجێبوون و خوێندنیان لە وێ تەواو کردبوو، پلەوپایەی گرنگییان بە دەستهێنابوو، لە گەڵ ئەوەشدا بە شدارێیکی کارایان لە بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی ئە و سەردەمەدا ە ەبوو، لەوانەش وەك: عەبدوڵلا موخلیس بەگ(1859-1941)( ئۆمەر،٢٠٠٧،ل٦٦)، حەمدی بابان(1870-1960)، شوکری فەزلی(1882-1936)، مەعرووف جیاووك (1885-1958)، بەشیر موشیر (1888-1963)، خەلەف شەوقی داودی (1898-1939)، عە بدوڵلا لوتفی (1896-1974)(بابان، ٢٠٠٦، ج 1، ص 164، 284، 376، 450، 820). بەشێکی دیکەی ئەو ڕۆشنبیرانە ئەوانە بوون، کە دوا بە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، بە هۆی وەزیفە و کاروباری میری، یان بە هۆی کاری سیاسی و پارتایە تی یان بە هۆی کارکردن لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانەوە، لە کوردستانەوە ڕوویان لەو شارە کردبوو، بەشێك لەوانە بوونە وەزیر و ئە ندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وە ك:

دکتۆر شوکری سه گبان(1881-1960)، سەبیح نه شئەت(1882-1929) ( هۆمەر،٢٠٠٧،ل53-60)، ئیسماعیل به گی ڕەواندزی(1895-1933)، حازم شه مدین ئاغا (1901-1952) و سه عید قه زاز(1904-1959)، عه لی حه یدەر سلێمان(1905-1991) (محمد، 2014، ل45). بەشێکی دیکەی بژاردەی ڕۆشنبیرانی کورد ئه وانەبوون کە لە دامودەزگا حکوومییەکاندا کاریان ده کرد، یان بە هۆی کاری سیاسی یان کاری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامه وانی یان بۆ بژێوی ژیان، ڕوویان لەو شارە کردبوو تیایدا نیشتەجێ بوون، لەوانە وەك: مەحموود جەودەت(1889-1937)، محەمەد ئەمین یومنی-خۆشنووس(1888-1974)، ڕە فیق ح یلمی(1898-1960)، حوسێن حوزنی موکریانی (1891-1948)، مسته فا سائیب(1904-1980)، ئه حمەد شوکری (1908-1989)، عه بدولقادر قه زاز(1912-1992)، کامیل کاکه مین(1913-1978)، ئیبراهیم ئەحمەد(1914-2000) (بابان، 2006، ص254- 325، 691- 790، 970)

**2-پێگەی ئابووری شاری بەغدا:**

شاری بەغدا بەرلەوەی ببێتە پایتەختی دەوڵەتی تازەی عێراق، خاوەن پێگەیەکی گرنگی ئابووری بوو . هەر لەسەدەی هەڤدەمەوە گەڕۆکە ڕۆژئاواییەکانی وه ك: کارستن نیبۆری دانیمارکی (1733-1815) لە ساڵی 1766 دا (الالوسي، 2012، ص153) و سیستینی ئیتاڵی لە ساڵی 1781دا (فوسیل، 1968، ص43)، جۆن ئاشەری ئینگلیز لە ساڵی 1864 دا (الخیاط، 2007، ص 147)، باسی فراوانی بازاڕ و خان و کاروانسه را و شوێنه بازرگانییەکانی ئه و شارە یان کردووە(زانا،1980، ل25). لە ڕووی بازرگانیشەوە گەڕۆکێکی وه ك (ئادریان دوبریه)ی فەڕەنسی لە گەشتنامەکەیدا کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا(1807-1809) بۆ ئەو شارەی کردووه، ئاماژە بەوە دەدات کە شاری به غدا بەهۆی پێگه جوگرافییەکەیەوە بووەتە ناوەندێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی (ناردن و هاوردن ) لەگەڵ ولاتانی ئه ورووپا و ناوچه عەرەبنشینەکان و هیندا (دوبریه،2011، ص141). (سیستنی)یش کە لە سەروبەندی والییتی مه دحەت پاشا (1869-1872) دا هاتۆتە عێراق ئاماژە بە فراوانی و پاکوخاوێنی بازاڕە کانی ئەو شارە دەدات(فوسیل، 1968، ص43-44). ئەمەش هۆکارێك بووە، تاوەکوو خەڵکانێك لە ناوچەکانی دیکەوە لە پێناو کارکردن و دەستخستنی بژێوی ژیانیان، ڕووی تێ بکەن، بەشێك لە خێزانە کوردەکانیش بۆ هەمان مەبەست ڕوویان تێکردووە.

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیشدا، ئەو گرنگییە ئابوورییەی شاری بەغدا بەردەوامی هەبوو، ئەمەش وایکرد ژمارەیەکی زیاتری کوردەکان بۆ کارکردن ڕووی تێ بکەن و لە چەند گەڕەکێکی ئەو شارە نیشتەجێ بن، لەو گەڕەکانەش وەك: تەپپەتوولکورد و فەزڵ و گەڕەکی تەسابیل و بابولشێخ و جەنابی و بەتاوین و ئەبوسێفێن و چەند گەڕەك و شوێنێکی دیکەی ئەو شارە(العلوي،2009، ص442). هەروەها بازاڕێکی وه ك شۆریجه زۆربەی زۆری خه ڵکەکەی لە کورده فەیلییەکان (îî) بوون، کە بە ئازایەتی و بەهێزییان لەکارکردندا ناویان دەرکردبوو(بغدادي، 1998، ص137).

هەندێك لە کوردانیش بەهۆی گرنگیدانیان به کاری بازرگانییەوە، توانیوویان سامانی گه وره بەیەکەوە بنێن و ببنه نموونەی بازرگانی ناسراوی شاره کە، لەوانەش وەك ئەحمەد ئاغا کە رکووکلی زاده(1881-1971) و سه بری حاجی عەلی ئاغا (1894-1957) و عه بدوڵلا لوتفی (1896-1974) برای کە لە بیستەکانەوە کۆمپانیای ڕافیده ینیان بۆ بەرهەمهێنانی جگەره دامەزراند و بە یەکێك لە کارگە یەکەمینەکانی ئەو شارە دادەندرێ، شوێنەکەی کەوتبووه ناوەڕاستی شەقامی (جمهوری) کە ئەوسا پێیان دەگوت (عەباخانه) (جمال بابان، 2006، ص84، 408، 450). یەکێکی دیکه لەوانه ڕەشید عارف (1904-1982) بوو، کە خاوەنی کۆمپانیای (رشید عارف وشرکاءه ) بووه، یه کێك بوو لە کورده دەوڵەمەندەکانی شاری بە غدا(توفيق، 2010، ل176 وخەیلانی، 2014، ل36). هەروەها کورده فەیلییەکانیش لە بازاڕی شۆرجە و شوێنەکانی تردا ناوبانگیان بە لێهاتوویی لەکارکردن و بازرگانییدا پەیداکردبوو، لەوانەش وەك: سادق قەپانچی

فەیلی، حە سەن و حوسێن قە پانچی، حاجی ئیبراهیم و محە مەد عە لی فە یلی، کە بازرگانیی ڕایە خی ئێرانیان دەکرد(بغدادي، ١٩٩٨، ص134، 139).

**3-خوێندن:**

یەکێك لە هۆکارەکانی نیشتەجێبوونی کورد لەشاری بەغدا بەمەستی تەواوکردنی خوێندن بووە، ئەمەش تەنها خوێندنی فەرمی ناگرێتەوە، لە پێش ئەمەشدا بە مەبەستی خوێندنی ئایینی کوردان ڕوویان لە و شارە کردووە و لەسەر دەستی زاناکاری ئە وێ خوێندوویانە لەوانەش وە ك: مەلا ئە بوبەکری عوسمانە فەندی(1778-1855)، حە سەن عە بدوڵلا قەرەداغی(1897مردووە)، مەلا حوسێنی پشدەری(1811-1905)، کوڕەکەی مەلا مەعرووف(1858-1926)، ئیبراهیم عاسیم حە یدەری (بەحرکەیی، 2010، ل 21، 38، 270، 298)، مە لا عە بدولکەریمی مودە ڕیس(1905-2005) و عەلائەددین سەجادی(1907-1984)(بابان، ٢٠٠٦، ص480، 510)، هەندێك لەو زانایانە هەرخۆیان لە شارەکە لە دایك بوونە هەر لەو شارەشدا خوێندوویانە و پاشان بوونە تە نموونەی زانای ناوداری شارە کە، لە قوتابخانە ئایینیەکاندا قوتابییانیان پێگە یاندووە و لە هەمان کاتدا پلە و پایە ی کارگێڕیشیان بە دەستهێناوە، لە وانە وەك: سەفائەددین عیسا بەندەنیجی(1788-1866)(رؤوف، 2009، ص 9)، ئیبراهیم سیبغە توڵلای حەیدەری(1819-1882)، ئیبراهیم محە مەد بەرزنجی(1853ز مردووە)، مەلا محەمەدی کوڕی و سەید عەبدوللای کوڕەزای (بەحرکەیی، 2010، ل14، 29).

لەتەك ئەمەدا خوێندنی فە رمیش بە تایبەت لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا هۆکارێکی دیکە ی ڕووتێکردنی قوتابیانی کورد بوو بۆ شارە کە، بەتایبەت ئەگەر ئەوەش بڵێین کەوا شاری بە غدا هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، چەند قوتابخانەیەکی فەرمی تێدا کرابووە وە، لەوانەش وەك: قوتابخانەی ڕووشدییەی مەدەنی و ڕووشدییە ی سە ربازی و ئە عدادی سە ربازی(النجار، 1991، ص 417-420)، (کە هەندێك لەو جۆرە قوتابخانانە لە شارەکانی کوردستانیش لە هەمان کاتدا، کرانەوە) (کاك سوور، ٢٠٠٠، ل11-18).

دوای ئەوانەش هەندێك فێرگەی بالا کرانەوە، وەك فێرگەی (ماف-حقوق) لە ساڵی 1908دا، کۆلێژی ئەعزەمییە کە کۆلێژێکی تایبەت بە زانستە ئیسلامییەکان بوو لە حوزەیرانی ساڵی 1911 دا. لە مانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، بەردی بناغەی (خانەی مامۆستایان)یش داندرا (النجار، ١٩٩١، ص420).

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش (1921)دا، شاری بە غدا بووە ناوەندێکی ئەکادیمیی گرنگ بۆ هە موو عێراق، هەر لە بیستەکانەوە تاوەکوو دامەزراندنی زانکۆی بە غدا لە ساڵی 1957دا، چەندین کۆلێژ و خانە ی باڵای لە بوارە جیاوازەکانەوە تێدا کرایەوە (محمود و کامل، 2003، ص 315-438؛ جامعة بغداد، 1960، ص 6-12.)، کە قوتابیان لە دوای دەرچوونیان لە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوە ندییدا، پەیوەندییان پێیانەوە کردووە، لە تەك خوێندن و بایەخدان بە ئەرکەکانی ناوەندەکە، بەشدارییان لە بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری ئە و سە ردەمەی ئەو شارەدا کردووە .

بەتایبەت کە شاری بەغدا بە هۆی ئەوەی کە پایتەخت بووە، دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی تێدا بووە، بۆیە خەباتە سیاسی و ڕۆشنبیرییە کەی گرنگی زیاتری هە بووە. ئەمەش زیاتر هانی قوتابیانی داوە ، تاکو لە دەوری کۆمە ڵە و ڕێکخراوە کوردییەکاندا کۆببنەوە و چالاکی بنوێنن. یان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکانی ئەو سەردەمەی ئەو شارەدا، وتار و بە رهەمەکانیان بلاوبکەنەوە و بەشداری ئاهەنگ و چالاکییە نەتەوەییەکانی نێو ناوە ندەکانی خوێندن و دەرەوەی ئەو ناوەندانەشدا بکەن.

جێگەی ئاماژە یە، وێڕای بوونی ژمارە یەکی زۆری کورد لە شاری بە غدا، بە لام هیچ قوتابخانە یەك لە شارەکەدا نەبووە، کە تایبەت بێت بە خوێندنی کوردی. تەنها ئەوە نەبێت کە لە نیسانی ساڵی 1946دا کوردە فەیلییەکان لە سەر ئەرك

و تێچووی خۆیان قوتابخانەیەکی قۆناغی سەرەتایی تایبەت-ئەهلییان لە شارەکەدا لە (باب الشيخ) کردەوە، کە منداڵانی کوردی فەیلی و منداڵانی دیکەی عەرەب و ئەرمەن و سریانی، تێیدا وەرگیران، بەڵام خوێندن لە قوتابخانەکە، بەهەمان شێوەی قوتابخانەکانی دیکەی شاری بەغدا بە زمانی عەرەبی بووە، ئەمە لە کاتێکدا بەڕێوەبەر و زۆربەی مامۆستاکانی قوتابخانەکە کورد بوون(العلوي، ٢٠٠٩، ص439-440).

یەکێکی دیکە لەبەرهەمی کار و چالاکیی قوتابیانی کورد لە شاری بەغدا، دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی کورد لە شارەکەدا لە ساڵی 1923دا. ئەم کۆمەڵەیە ساڵ دوای ساڵ ژمارە یەکی زیاتری قوتابیان دە هاتنەوە ڕیزییەوە و توانیان کاریگەری لە سەر هۆشیاری ڕۆشنبیری و نەتەوەیی قوتابییاندا دروست بکەن(بابان، 1975، ل1).

لەگەڵ ئەوەشدا قوتابیان ڕۆڵیان لە نێو ئەو پارتە سیاسیانەشدا کە ئەو سەردەمە لە شاری بەغدادا چالاکییان دەنواند، وەك حزبی شیوعی عێراقی (ئەحمەد، 2006، ل30)، هیوا(نەریمان، 1994، ل68-71)، ڕزگاری (الحيدري، 2004، ص396) و پارتی دیموکراتی کوردستان (مام جەلال، 2017، ل65-66). لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی وەك گەلاوێژ (1939-1949) و دەنگی گێتی تازە (1943-1947) و ئەوانی دیکە دا، دەیاننووسی (نەریمان، ١٩٩٤، ل69).

**4-هۆکاری ئایینی:**

لەتەك ئەمانەدا هۆکاری دیکەش ڕۆلی لە نیشتەجێبوونی کوردان لە شاری بەغدا گێڕاوە، وەك هۆکاری ئایینی. شاری بەغدا بەهۆی بوونی کۆمەڵێك مەزارگەی پیاوانی ئایینی وەك شێخ عەبدولقادری گەیلانی (1077-1165ز)، ژمارەیەك خەڵکی لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەشدا لێ کۆبۆتەوە. بۆ نموونە گەڕەکی باب الشيخ-عكد الاكراد کە مەزارگەی شێخ عەبدولقادری تێدایە، زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن، کە بێگومان بوونی مەزارگەکە، هۆکارێك بووە بۆ کۆبوونەوەی کوردان لەم شوێنەدا (چاوپێکەوتن لەگەڵ مومتاز حەیدەری 2016/10/1).

هەروەها پێگەی شارەکە دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە، کە زۆر کەس بە مەبەستی بانگەواز و تەریقەتی سۆفیگەری ڕووی تێ بکەن، دیارترین نموونەش بۆ ئەمە مەولانا خالیدی نەقشبەندی (1776-1828) بووە، کە بەم جۆرە سەیری بەغدای کردووە، کە شوێنێکی زۆر شیاوو گونجاوە بۆ بلاوکردنەوەی بیروبۆچوونە تازەکانی دەربارەی سۆفیگەرێتی، بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك ڕووی کردۆتە شارەکە، لە ساڵی 1811دا مزگەوتێکی لە شارەکەدا کردۆتە بارەگای خۆی و دواتر لە ساڵی 1820دا بۆ جاری سێیەم چۆتەوە شارەکە. ئەمانەش هۆکارێك بوونە بۆ نیشتەجێبوونی شوێنکەوتووانی لە کورد و نەتەوەکانی دیکە لە شارەکەدا و بلاوبوونەوەی بیر و باوەڕەکانی (عبدالسلام, 2009، ص205-228).

بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی زۆر لایەن دەگرێتەوە، بەلام ئەوەی کە زیاتر کاریگەریی لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە عێراق دروست کردووە، بوارەکانی زمان و ئەدەب بوون. گرنگی ئەو بوارانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی خێرا کاریگەرییی لەسەر هەست و بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات. تەنها بۆ بڕاردەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵگایە. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر هۆکار کاریان لە هەڵکشان و داکشانی ئەم بوارانە کردووە، وەك ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەت لە نێوان سالانی (1958-1975)دا، هەرکاتێك ڕووداوە سیاسییەکان زەمینەیەکی ئارام و لەباریان ڕەخساندبێ، بوارەکانی ڕۆشنبیریش لەگەڵیدا پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە، بە پێچەوانەوە دووچاری لاوازی بۆتەوە.

شاری بەغدا کە یەکێك لە پێگە سەرەکییەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی بووە ، لەم کاریگەرییە بەدەر نەبووە، ئەم ماوەیەش لە شارەکەدا(1958-1975)، بە پێی کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان بۆ سەر بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، بۆ ئەم قۆناغانە دابەش دەبێت:

1- قۆناغی یەکەم: لە شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958ەوە دەست پێدەکات تاکو دەستپێکی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول (1961) بەردەوام دەبێت. ئەم ماوەیە جۆرێك لە ئازادی لە بواری نووسین و بلاوکردنەوەی بیروڕای سیاسیی نەتەوەیی هاتە پێشەوە. ڕاستەوخۆ لە سەر بەشەکانی ئەدەب و زماندا ڕەنگی دایەوە. قەوارەی ڕۆژنامەگەرییش پێشکەوت و ڕێژەی چاپەمەنی بەرز بووەوە. دام ودەزگای ڕۆشنبیریی تایبەت بە کورد کرانەوە. ئەوانەشی کە لە پێشدا هەبوون زیاتر گەشەیان کرد، دواجار بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لەم قۆناغەدا بوژایەوە.

2- قۆناغی دووەم: لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول (1961) دەست پێدەکات. تاکو کودەتای هەشتی شوباتی ساڵی 1963 بەردەوام دەبێت. ئەگەرچی لەم نێوانەدا شۆڕشی کورد لە ئارادا بوو، بەلام هێشتا هەندێ جموجۆڵی ئەدەبی لە شارەکەدا تروسکاییان دەبەخشی. وەك بەردەوامی دەرچوونی هەندێ بلاوکراوەی ڕۆشنبیریی وەك گۆڤارەکانی (هیوا 1957-1963)، (چارەسەرکردنی کشتووکاڵ 1959-1962)، (ئافرەت 1959-1963) و (روناهی 1960-1962). هەروەها جموجۆڵی یانەی سەرکەوتن و ڕادیۆی کوردی و بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب بەردەوام بوون. هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد هێشتا لە شارەکەدا مابوونەوە، لەم شوێنانەدا کاریان دەکرد. بەم جۆرە ئەم قۆناغە بە تەواوکەری قۆناغی پێش خۆی دادەنرێ، بەلام بە گوڕ و تینێکی کەمتر.

3- قۆناغی سێیەم: ئەم قۆناغە بە ساڵی 1963 دەست پێدەکات، تاکو ساڵی 1967 بەردەوام دەبێت. لەم ماوەیەدا بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغدا، دووچاری دۆخێکی خراپ هاتەوە. یانەی سەرکەوتنی کوردان و گۆڤارەکەی (هیوا) و زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان داخران. تەنانەت ژمارەیەکی کەم کتێب و نامیلکەی کوردی چاپ کران، بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتیش کەوتە ژێر هەڕەشەی داخستن. ڕۆشنبیرانی کورد زۆربەیان یان گیران و دوورخرانەوە، یان بە ناچاری شارەکەیان جێهێشت. ئەوانەشی مابوونەوە، کەوتبوونە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنییەکانەوە، بۆیە لەم قۆناغەدا بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شارەکەدا ڕووی لە کزی کرد.

4-قۆناغی چوارەم: بە ساڵی 1967 دەست پێدەکات، تاکو ساڵی 1970 بەردەوام دەبێت. لەم ماوەیەدا دۆخێکی سیاسیی گونجاو بۆ کورد هاتە پێشەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامە بوو کە لە حوزەیرانی ساڵی 1966دا، لە نێوان سەرکردایەتیی کورد و حکوومەتی عێراقی بەدەست هاتبوو. دوای کودەتای بەعسییەکانیش لە تەمووزی ساڵی 1968دا بەسەر عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆك کۆماردا، دیسان دان بە هەندێ مافی نەتەوایەتی کوردییەوە نرا. هەموو ئەوانە لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیی شاری بەغداش ڕەنگیان دایەوە و کەمێك بوژاندییەوە. دەرچوونی ڕۆژنامەی (التأخی-برایی) لە سالانی (1967-1968) و پاشان ڕۆژنامەی (النور-ڕووناکی) ساڵی 1969 و (کاری میللی) لە سالانی (1968-1969)دا و گۆڤاری (بەیان) ساڵی 1969، نموونەی ئەو بوژانەوەیە بوون.

5-قۆناغی پێنجەم: بە ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970 دەست پێدەکات و بە دووبارە دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کورد لە ساڵی 1974دا کۆتایی دێت. ئەم ماوەیە بە قۆناغی زێڕین و گەشانەوەی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە هەموو ڕوویێکەوە دادەندرێت. شاری بەغدا بەشێکی گرنگ و دیاری ئەم گەشانەوەیەی بەرکەوت. تەنانەت لە زۆر ڕووەوە ببووە چەقی گەشەسەندنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی.

6- قۆناغی شەشەم: ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان ماوەی دووبارە دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کورد لە ساڵی 1974 و نسکۆی شۆڕش لە ئاداری ساڵی 1975دا. لەم ماوەیەدا حزبی بەعسی دەسەلاتدار دەستی بەسەر دەزگا و ناوەندە ڕۆشنبیرییە

کوردییەکان داگرت. ئەو ئازادییەی لە جموجۆڵی ڕۆشنبیریی کوردییدا دروست ببوو، بە رتەسکی کردەوە و سنووورداری کرد. زۆربەی ڕۆشنبیرە ناسراوەکانی کوردییش شاری بە غدایان جێهێشت و پە یوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە کرد. ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر جموجۆڵی ڕۆشنبیریی کوردی لە شارەکەدا دروست کرد.

بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی لەو ماوەیەدا ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر کاریگەرییی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی ولات. وەك ئاماژەمان پێدا هەرکاتێك زەمینەکە لەبار بووبێت بزاڤەکە هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە و هەڵکشاوە، بە پێچەوانەوە وەستاوە و نەیتوانیوە گەشە بکات. بەلام بە شێوەیەکی گشتی ئەو ماوەیە گەلێ دەستکەوتی گرنگی بۆ بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی سەربار کرد، کە قۆناغەکەی پێش خۆی ئەمەی بە خۆیەوە نەبینی بوو. بە جۆرێك بووە بنەمایەك بۆ ڕۆشنبیریی کوردی لە قۆناغەکانی دوای خۆیدا، لەوانەش بواری ئەدەب وەك لە خوارەوە ڕۆشنایی دەخەینە سەر ڕەوت و کاریگەری بوارەکە بەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری کوردییدا:

**تەوەری دووەم. بواری ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا 1958-1970:**

ئەدەب بە هەموو لایەنەکانییەوە بەتایبەت (شیعر و پەخشان)، هەر لە مێژوویێکی دوورەوە کاریگەریی دیاری بەسەر کۆمەڵگاکاندا جێهێشتووە. سرووشتی دەقی ئەدەبییش وایە بە جۆرێك لەلایەن نووسەر و ڕۆشنبیرانەوە دادەڕێژرێ، کە هەستی مرۆڤەکان بجووڵێنێت و بە زوویی لەگەڵ ناخیاندا تێکەڵ بێت. بەم پێیەش دەتوانێت ڕۆشنبیران هەرچی پەیامێکی هەیانە سیاسی یان کۆمەلایەتی یان هەر بوارێکی دیکە بێت، لەم ڕێگەوە بە ئاسانترین شێوە بە کۆمەڵگای بگەیەنن.

نەتەوەی کوردییش بە درێژایی سەدان ساڵ خاوەن ئەدەبێکی دەوڵەمەند و زیندوو بووە. دەیان شاعیری گەورە لە ناو کورددا هە ڵکەوتوون، لە وانەش وە ك: مەلای جزیری (1567-1640)، ئە حمەدی خانی (1650-1707)، بێسارانی (1643-1701)، نالی (1800-1877)، سالم (1805-1869)، حاجی قادری کۆیی (1816-1897) و حەریق (1856-1909). بەدەیان دە قی فۆلکلۆریشمان هە ن کە بەڵگەن لەسەر بایەخدان و خۆشە ویستیی کوردان بۆ بابە تی ئە دەبی، لەوانەش وەك ە ەقایەتی بەرئاگردان و داستانی کوردی، پەندی پێشینان، قسەی نەستەق.

لەگەڵ پێشکە وتنەکانی سە ردەمدا بواری ئە دەبیش لە ناو کورددا پێشکە وتنی بە خۆیەوە بینی. ئەگەر لە قۆناغێکدا ڕێبازی کلاسیك بە سەر شیعر و ئە دەبیاتی کوردییدا زاڵ بوو، ئە وا لە قۆناغی دوای جە نگی دووەم (1939-1945)دا، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە نێو ئە دەبیاتی کوردییدا پە یدابوو. شاعیرانی وەك پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح (1896-1958) و شێخ سە لام (1892-1959) و یونس ڕە ئووف دڵدار (1917-1948) و ئەحمەد هەردی (1922-2006)، بە ئاراستەی ئەم ڕێبازە دەیاننووسی. دوای ئەوە ڕێبازی ڕیالیزمیش هاتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە، کە (گۆران)ی شاعیر بە ڕێبەری ئەو ڕێبازە لە شیعری کوردی دادەندرێت. گۆران کە لە سەرەتای شەستەکاندا لە شاری بەغدا دەژیا، کاریگەریی لە سەر نەوەی تازە ی شیعریی کوردی دروست کردبوو، وە ك مامۆستایەکیش لە بەشی کور دیی زانکۆی بە غدا وانەی ئەدەبی دە گووتەوە (خەزنەدار، 2010، ل 26-30، 607-616). بەم شێوە یە شیعری کوردی لە شەستەکاندا بە رەو نوێخوازیی هەنگاوی نا و لە هەفتاکانیشدا گەیشتە قۆناغێکی تازەترەوە، دواتر لێی دەدەدوێین.

شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958، کاریگەریی لەسەر بواری ئە دەب (شیعر و چیرۆك )یشدا دروست کرد، ئە و کرانەوە سیاسییەی بە هۆی شۆڕشەوە لە بەردەم نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورددا فە راهەم بوو لە لایەك و دە رچوونی ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە و بلاوکراوە بە زمانی کوردی و زۆربوو نی چاپەمەنییە کوردییەکان لە لایەکی دیکەوە، دەرگایەکی تازەیان لە بەردەم گەشەسەندنی بواری ئەدەبییدا کردەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبیی کوردی ئەم قۆناغە (1958-1961) ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتبوو:

1- گوزارشتی نەتەوایەتی لە شیعر و چیرۆکی کوردییدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە هەستی تایبەتی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد، بەرامبەر چەوسانەوە و ژێردەستەیی نەتەوەی کورد و دابە شکردن و زەوتکردنی خاکەکەی("هیوا"، ژ(2)، ئابی 1958، ل58؛ ژ(3)، ئەیلوولی1958، ل64؛ ژ(8)، مارتي 1959، ژ(35)؛ **"روناهی"** (گۆڤار)، بەغدا، ژ(1)،1960، ل43؛ ژ(3)، 1960، ل(34)؛ "**پێشکەوتن**"، ژ(110)، 1960/4/24).

2- ستایشی شۆڕشی چواردەی تەممووز و ئەو دەستکەوتانەی شۆڕشەکە بۆ خەڵکی عێراق بەدەستی هێنابوو، بەتایبەت رزگارکردنی خەڵکی عێراق لە ڕژێمی پاشایەتی و ئیمپریالیزمی ئینگلیز و دابینکردنی مافەکانی کورد بە پێی دەستووری کاتیی ولات("**پێشکەوتن**"، ژ(20)، 1958/8/9؛ "**هیوا**"، ژ(11-12)، حوزەیران و تەممووزی 1959، ل55).

3-خەباتی جووتیار و ڕەنجبەرانی کورد، دژ بە چەوسانەوە و قۆرخکاریی ڕژێمی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا(**"هیوا"**، ژ(1)، ساڵی 3، تشرینی دووەم 1959، ل62؛ ژ(30)، تشرینی یەکەم1960، ل64؛ ژ(31)، کانوونی دووەمی 1961 ل43؛ **"ئەدیبی عێراقی"** (گۆڤلو)، بەغدا، ژ(1)، گەلاوێژی 1961، ل28).

4- چەوساندنەوەی ئافرەتی کورد لە سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵگادا، کە ئەمەش ببووە بە شێك لە بابەتی دەقە ئەدەبییەکان(**"هیوا"**، ژ(6-7)، ساڵی 2، کانوونی دووەمی 1959، ل139؛ **"ڕوناهی"**، ژ(3)، 1960، ل68).

5-گوزەرانی تاڵی و مەینەتییەکانی ژیان وەك هەژاری و نەبوونی و هەنگاونان بەرەو شارەکان و گەڕان بە دوای کار و مامەڵەی خراپی خاوەن کار(**"روناهی"**، ژ(5-6)، شوبات و ئاداری 1961، ل47).

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکانی ناو گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنییە کوردییەکانی شاری بەغدای ئەو قۆناغە بکەین، وەك گۆڤاری (هیوا) و (پێشکەوتن) و (روناهی) و ڕۆژنامەکانی (خەبات) و (ئازادی) و (دەنگی کورد)، ئەم بابەتانە و زۆر بابەتی دیکەی وەك ئەوینداریی و گوزارشت کردن لە حاڵەتی دەروونیی تایبەت و وەسف و ستایش و گاڵتەوگەپ و شیوەن و بیرەوەریی، بە ڕوونی ڕەنگ دەداتەوە.

هەروەها ڕادیۆی کوردیی بە غدا لەو قۆناغەدا (1958-1961)، وێستگەیەکی دیکەی بایەخدان بوو بە جموجۆڵی ئەدەبی کوردی، لەوانەش وەك گۆشە و وتارە ئەدەبییەکانی ڕادیۆ کە لەلایەن ڕۆشنبیرانی ناسراوی کوردی وەك عەبدوڵلا گۆران و عەلائەدین سەجادی و سادق بە هائەدین ئامێدی بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروو پێشکەش دەکران، گۆشەکانی وەك (لە هەر تەلەی دەنگێك)ی کامیل ژیر و (باخچەی هونەر)ی شەماڵ سائیب و (پۆستەی گوێگران) و (تۆ و ئێستگە) و (لەگەڵ گوێگراندا)، بایەخیان بە شیعر و پەخشانی کوردی داوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ کامیل ژیر2017/4/23). هەروەها بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا لە ڕێگەی ئەو وانە ئەدەبییانەی پێشکەشی دەکرد وەك (مێژووی ئەدەبی کوردی) و (نرخی وێژەیی) بەشداری ئەو قۆناغەی جموجۆڵی ئەدەبی کوردی کردووە(چاوپێکەوتن لەگەڵ **عەبدولڕەزاق بیمار** 2017/7/13).

لە قۆناغی دووەم واتە ساڵانی نێوان (1961-1963)دا، هێشتا هەندێ کاریگەرییی شۆڕشی چواردەی تەمووز بەسەر بابەتە ئەدەبییەکانی ئەم ماوەیەدا دیار بوو، ئەمە لە کاتێکدا ئەم قۆناغە لە کوردستاندا بە سەرەتای ئەدەبی شۆڕشگێڕیی دادەندرێ (چاوپێکەوتن لەگەڵ **عەبدوڵڵا ئاگرین** 2016/10/5). سەبارەت بە شاری بەغدا بە هۆی دۆخە سیاسییەکە ئەدەبی شۆڕشگێڕیی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا زۆر بە زەقی ڕەنگ نەداتەوە، بەلام لە بری ئەوە بایەخ بەو بابەتانە دراوە، کە هێمان بۆ خەباتی نەتەوایەتیی کورد، لەوانە وەك بابەتی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کورد(**"روناهی"**، ژ(2)، ساڵی2، سەرەتای مایسی1962، ل2) و جەژنی نەورۆز کە یەکەم ڕۆژی ساڵی کوردییە ،

هێمایە بۆ سەرکەوتنی کورد بەسەر زوڵم و ستەم و چەوسانەوەدا، بۆ نموونە گۆڤاری (هیوا) ژمارە (35)ی خۆی تایبەت کردووە بە باسی (نەورۆز) و بلاوکردنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی تایبەت بە نەورۆز.

لە قۆناغی سێیەم(1963-1967)دا، بەهۆی کزبوونی بزاڤیی ڕۆژنامەگەریی و چاپەمەنیی کوردی، بواری ئەدەبیش دووچاری لاوازی و وەستان هاتەوە، هەندێ بەرنامەی ڕادیۆی کوردیی تایبەت بە ئەدەب و بلاوکردنەوەی شیعری کوردی، هەروەها تاکە لاپەڕەی ڕۆژنامەی (دەنگوباس) کە لە ساڵی 1966دا بلاوکرایەوەی لێ دەرچێت، بایەخ پێدانێکی ئەوتۆ بە ئەدەبیاتی کوردی ئەو قۆناغەدا نابینرێ.

لە قۆناغی چوارەم (1967-1970)دا، باری ئەدەبیی کوردی جۆرێك لە بوژانەوەی بە خۆیەوە بینی، ساڵی 1967 ڕۆژنامەی برایی بە شێوەی ئاشکرا لە شاری بەغدا دەرچوو، بایەخدانی ڕۆژنامەکە بە ئەدەب و بلاوکردنەوەی بەرهەمیی ئەدەبی ڕۆشنبیرانی کورد بە تایبەت (شیعر و چیرۆك)، باری ئەدەبیی کوردی ئەو قۆناغەی بە جموجوڵ خستەوە. لە بواری شیعردا، لە ماوەی ساڵێکی دەرچوونی ڕۆژنامەکە (1967-1968)دا، دەیان شاعیری ناسراوی کورد کەوتنە بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانییان لە ڕۆژنامەکەدا، کە دیارترینیان ئەمانە بوون: شاکر فەتاح، محەمەد ئەمین کاردۆخی (1916-1982)، ساڵح یوسفی، شێرکۆ بێکەس (1940-2013)، محەمەد ساڵح دیلان (1927-1990)، کامەران موکری، حەسیب قەرەداغی (1929-1997)، محەمەدی مەلا کەریم (1931-2017)، پیربال مەحموود (1934-2004)، جەمال شارباژێڕی، عوسمان شارباژێڕی، مەدحەت بێخەو، بەدرخان سندی و محەمەد بەدری. هەروەها ڕۆژنامەکە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ چیرۆکی کوردی تەرخان کردبوو، لەم گۆشەیەدا هەرجارە و چیرۆکێکی کوردیی بەرهەمی چیرۆکنووسێکی دیاری کورد بلاو دەکرایەوە، بە جۆرێك کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا (98) چیرۆکی کوردیی لە ڕۆژنامەکەدا بلاوکراوەتەوە، نموونەی ئەو چیرۆکنووسانەش وەك: ڕەئووف حەسەن، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، جەمال نووری، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، عەبدوڵلا ئاگرین، سەدرەدین عارف، حوسێن عارف، ئەکرەم قەرەداغی، شێرکۆ بێکەس، محەمەد مەولوود مەم (1927-1987)، کاوس قەفتان، کاکەی جاف، هۆمەر، ن.ئاری (محەمەد، 2005، ل131، 268).

ڕۆژنامەی دەنگوباس (1966-1967)یش لە لاپەڕە کوردییەکەیدا، بایەخێکی تایبەتی بە بواری ئەدەبی داوە، لەماوەی دەرچوونییدا چەندان دەقە شیعر و چیرۆکی شاعیر و نووسەرانی کوردی بلاوکردۆتەوە، نموونەی ئەوانەش وەك: ڤیان، سەردار بێبەخت، محەمەد نەجات، شێخ هادی پشدەری، دڵشاد مەریوانی، عەبدولوەهاب تاڵەبانی، حەسەن فەرەج مەولوود،حەسەن جاف، عەبدوڵلا سەراج، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، عەبدولخالق سەرسام، نەژاد نووری و ڕۆستەم (**"دەنگوباس"** (ڕۆژنامە)، بەغدا، ژ(231)، 1967/2/2؛ ژ(232)، 1967/2/4؛ ژ(233)، 1967/2/5؛ ژ(234)، 1967/2/6؛ ژ(235)، 1967/2/7؛ ژ(236)، 1967/2/11).

گۆڤاری (بەیان)یش کە ژمارە (یەك)ی لە تشرینی دووەمی ساڵی 1969دا دەرچووە، گۆشەیەکی تایبەتی بۆ چیرۆك داناوە، لەم ژمارەیەدا چیرۆکێکی کاکە مەم بۆتانیی لە ژێر ناوی (تانە و ئارەزوو) بلاوکردۆتەوە. هەروەها گۆڤاری (تووتن)یش، بایەخی بە بلاوکردنەوەی چیرۆکی کوردی داوە ، وەك چیرۆکەکانی (شەوێك لە لادێ)ی مەولان بەکر سامی(**"توتن"** (گۆڤار)، بەغدا، ژ(1-2)، ساڵي5، ئاياري 1969، ل73) و (میمکە هۆڵی)ی حوسێن عارف (**"توتن"** ژ(٣)، کانوونی یەکەمی 1969، ل٥٨).

باری سیاسیی وڵات لەم قۆناغەدا یارمەتیدەر بوو تاکو بابەتە نەتەوایەتییەکان کە گوزارشت بووە لە ئێش و ئازاری نەتەوەی کورد لە تەك بابەتی کۆمەلایەتی و ئەوینداری و بابەتەکانی دیکەدا، لە دەقی ئەدەبی کوردییدا ڕەنگ بدەنەوە، بەتایبەت ئەو دەقانەی لە ڕۆژنامەی بڕاییدا بلاودەکرانەوە. بەلام لە دوای ئاڵۆزبوونەوەی بارودۆخی سیاسی وڵات و

داخستنی ڕۆژنامەی برایی لە ساڵی 1968دا، ئەم جۆرە گوزارشتە نەتەواییانە لە دەقی ئەدەبی کوردییدا زۆر بە دەگمەن دەبیندرێن.

هەر لەم قۆناغەدا ئەدەبی کوردی بەرەو نوێگەری هەنگاوی دەنا، گۆڤار و ڕۆژنامە کان کە لە دەرەوەی عێراقەوە دەهاتن، لەوانە: (ألادیب)، (ألاداب)، (ألفكر المعاصر)، (ألاقلام)...، گەلێ ڕێبازی تازە ی ئەدەبی وەك: سیمبولیزم و دادابیزم و سوریالیزمیان ئاشنا بە ڕۆشنبیرانی کورد کردبوو (نەجار، ٢٠١٦، ل93)، ئەمە وێرای کاریگەریی شاعیرانی نوێخوازی عێراقی بەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی و ئە دەبی کوردییدا، کە هەوڵیان دەدا بە سوودوەرگرتن لە ڕێبازە ئەدەبییە جیهانییە تازەکان، نوێگەری لە شیعر و ئە دەبییاتی عێراقییدا بهێننە کایەوە، بۆ ئە م مە بەستەش لە ساڵی 1969دا بەیاننامەیەکیان لە شاری بە غدا بلاوکردەوە، کە دواتر باسی دە کەین. لە تەك گۆڤار و ڕۆژنامە دا، ڕۆشنبیرانی کورد بەرهەکانی شیعر و چیرۆکی خۆیان بە جیا لە شێوەی کتێب و نامیلکە دا لە نێوان سالانی (1967-1970)دا شاری بەغدا چاپ کردووە، وەك نامیلکەی شیعری (لەگەڵ شەپۆڵەکاندا) و (سرود)ی کاکەی فەلاح (1928-1990) و (دڵی کچان)ی مەدهۆش (1919-1994) و (هاواری عاشقان )ی نە جات سالّح و (ڕابەری ژیان )ی مە دحەت بێخە و و (تریفەی هەڵبەست)ی شێرکۆ بێکە س و (بتی شکاو ) عەبدوڵلا پەشێو و (ڕازی دووری)ی دکتۆر عیزە دین مستەفا ڕەسوول، لە بواری چیرۆکیشدا (شمشاڵی شوان)ی محمەد سالّح سەعید و (دارەکەی بەر ماڵمان)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و (سەید کەڵەك)ی جەمال بابان و (ئەڵمان کوردی) و (بوکە شوشە)ی دکتۆر مارف خە زنەدار، (بومەلەرزە لە گۆمی مەنددا)ی کاکە مەم بۆتانی (نەریمان، ١٩٧٧، ل143-174).

لایەنێکی دیکە کە لەم قۆناغەدا ڕۆلی لە جموجۆڵ و چالاکی ئە دەبی کوردییدا گێراوە، ڕادیۆی کوردی بە غدا بووە، بەرنامە و وتارە ئەدەبییەکانی ڕادیۆی کوردیی بەغدا کە بایەخیان دەدا بە بلاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی (شیعر و چیرۆك) و ژیاننامەی شاعیرانی کورد و مێژووی ئەدەبی و کوردی و دیداری ڕۆشنبیران، ڕۆڵێکی دیارییان لە جموجۆڵی ئەدەبی ئەو قۆناغەدا گێراوە، بە تایبەت ئەگەر ئەوەش بڵێین کە دەنگی ڕادیۆ بەبێ تێچوونێکی ئەوتۆ دەگەیشتە گوێگران و زۆربەی ماڵە کوردەکان، جگە لە ڕۆشنبیران و خە ڵکێکی ئاسایی گوێی لێگرتووە ، لەو بەرهەمە ئەدەبییانە سوودمەند بووە، کە ئەمەش بۆ هەوڵی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد دەگەڕێتەوە، کە کاریان لەو بەرنامانەدا دەکرد، وەك دکتۆر کاوس قەفتان کە گۆشەی چیرۆکی حە وتەوانە و لە هەر باخچەی گوڵێکی پێشکە ش کردووە، هەروەها دکتۆر ئیحسان فوئاد و دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول و دکتۆر نەسرین فەخرییش گۆشەی تایبەتیان بە بوارەکانی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئە دەبی پێشکەش کردووە، ئەمە وێرای ئەو بەرنامە و گۆشانە ی کە بەرهەمی گوێگرانیان لە هۆنراوە و چیرۆك و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق دەخوێندەوە و بەمەش گوێگرانی کورد لە ڕێگەی ڕادیۆوە بەهرە ئەدەبییەکانیان گەشە پێ دە دا، کارمە ندانی ڕادیۆی کوردی وە ك: کەمال ڕە ئووف و عە بدوڵلا عە باس و محە مەد تۆفیق وردی و سەربەست بامەڕنی و عە بدولوەهاب تاڵەبانی و نیهایە ت جە لال، ڕۆڵی گرنگییان لە ئامادەکردن و پێشکە ش کردنی ئە م جۆرە بەرنامانەدا گێراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ **عەبدوڵلا عەباس** 2017/2/19).

کوردستان موکریانی کە ئەو کاتە قوتابی بەشی کوردیی زانکۆی بە غدا بووە (1964-1968)، ئاماژە بەوە دەکات، کە: (ئێمەی قوتابیانی زانکۆ بەردەوام گوێگری بەرنامەکانی ڕادیۆی کوردی بە غدا بووین، بە تایبەت بەرنامە ئەدەبییەکان کە زۆرجار بە نامە بەشدار دەبووین، بابەتمان بۆیان دەنارد و کە لە ڕادیۆ دەخوێندرایەوە، دڵمان پێی خۆش دە بوو، ئەمە زیاتر هاندەری توانا و بەهرەکانمان بوو)(چاوپێکەوتن لەگەڵ**کوردستان موکریانی** 6-10-2016).

هەر لە م قۆناغەدا بە شی کوردی کۆلێژی ئە دەبیاتیش وێرای خوێندنی بابە تە ئەدەبییەکانیان، ناوناوە چالاکی و جموجۆڵی ڕۆشنبیریی تێدا ئە نجام دراوە . وەك ئاهە نگەکەی ئاداری ساڵی 1967ی بە شەکە، لە م ئاهە نگەدا وێرای

ئەنجامدانی چالاکی ئە دەبی و هونە ری، دکتۆر عی زەددین مستە فا رە سوول لە وتارێکییدا گرنگی بە شەکەی لە ئاراستەکردنی ئەدەبی کوردییدا ڕوون کردۆتەوە("برایەتی"، ژ(8)، 1967/5/6).

**تەوەری دووەم. بلوی ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا 1970-1975:**

لە نێوان ساڵانی 1970-1974، باری ئەدەبیی کوردی وەك سەرجەم بوارەکانی دیکە، لە ڕووی ناوەرۆك و هونەریی نووسینەوە، گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کانی ئەو ماوەیە وەك (هاوکاری) و (برایەتی) و (ڕۆشنبیریی نوێ ) و (بەیان) و (ڕۆژی کوردستان ) و (نووسەری کورد )، بایە خی تایبە تییان بە بلاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیی کوردی داوە ، بۆ نموونە ڕۆژنامەی (هاوکاری) لەو ماوەیەدا (1970-1974) نزیکەی (545) دەقی شیعریی بە رهەمی شاعیرانی کوردی لە هەر سێ نە وەی کلاسیك و ڕۆمانتیك و ڕیال یزم و نوێخوازاندا بلاوکردۆتەوە، هە روەها (158) کورتە چیرۆکی کوردیی بلاوکردۆتە وە(ئەریمان، 1989، ل 119-156). هەروەها گۆڤاری (برایەتی)یش لە نێوان سالانی (1970-1971)دا شازدە کورتە چیرۆك و هەفتا دەقە شیعری شاعیرانی کوردی بلاوکردۆتەوە. ڕۆژنامەی (برایەتی)ی هەفتانەش (1972-1973) پەنجاو دوو کورتە چیرۆك و (185) پارچە شیعریی شاعیرانی کوردی بلاوکردۆتەوە. (برایەتی) ڕۆژانەش کە لە ساڵی (1974)دا دەرچووە، (15) دەقە شیعر و (8) کورتە چیرۆکی کوردیی بلاوکردۆتە وە(محەمەد، ٢٠٠٥، ل 130-131). گۆڤاری (بەیان)یش لە نێوان سالانی (1970-1974)دا، (33) چیرۆك و (56) دەقی شیعریی کوردی بلاوکردۆتەوە(ئەریمان، 1983، ل89-110).

ڕووێکی دیکەی بوارەکانی ئەدەبی کوردی چاپکردنی بەرهەمی شاعیر و چیرۆکنووسانی کورد بووە لە شاری بەغدا لە شێوەی کتێب و نام یلکەدا. لە نێوان ساڵانی (1970-1974)دا (28) بەرهەمی شیعری و (11) بەرهەمی چیرۆکیی کوردی لە چاپخانەکانی شاری بەغدا لە چاپ دراون (ئەریمان، ١٩٧٧، ل174-238).

نموونەی شاعیرانی ئە و قۆناغە ش کە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوە کانی شاری بە غدا بەرهەمەکانیان بلاوکردۆتەوە، ئە مانەبوون: ئازاد دڵزار، بورهان قانیع، ئیبراهیم رە مەزان، محە مەد حە مەباقی، عە بدولرەحمان مزووری، عەبدولوەهاب تاڵەبانی، ئەحمەد ڕێبوار، مەمدوح بریفکانی (1911-1976)، مەدحەت بێخەو، دکتۆر ئیحسان فوئاد، جەمال نوو ری، ڕەفیق سابیر، عە بدولرەحمان زەنگەنە، ئەنوەر جاف، سامی شۆڕش (1950-2010)، عەبدوڵلا عەباس، عوسمان شارباژێڕی، عەبدوڵلا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد ڕەسوول هاوار، سەلاح شوان، نووری حە یران، جە میل ڕە نجبەر، حافیز مایی، مست ەفا بامە ڕنی، مە سعوود بێبە ش (1932-1998)، دڵشاد مەریوانی (1947-1989)، مووسەدەق تۆڤی، نووری کاکە حەمە، ئەحمەد تاقانە، جە لالی میرزا کە ریم، ساڵح یوسفی، بورهان جاهید (1918-1991)، هێمن موکریانی، عە بدولرەزاق بیمار، فازڵ شە ورۆ، حەسیب قەرەداغی، عەبدولسەلام محەمەد، لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر شاکەلی، کەریم شارەزا (1928-2016)، محەمەد بەدری. نموونەی چیرۆکنووسانی کوردییش کە لەو ماوەیەدا بەرهەمەکانی خۆیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو قۆناغەدا بلاوکردۆتەوە ئەمانەبوون: ئەحمەد شاکەلی، هیشام تاهیر بە رزنجی، ئە حمەد محە مەد ئیسماعیل، کاکە مەم بۆتانی، عە بدوڵلا ئاگرین، کە مال میراودە لی، محەمەد ڕەشید فەتاح، ئەمینی میرزا کە ریم، محەمەد موکری (1945-2012)، زاهیر ئە حمەد سەوز، حەسەن قزلجی (1913-1984)، ئە حمەد قادر سە عید، سەگڤان عە بدولحەکیم، سە لام مە نمی، ڕە ئووف بێگە رد، حوسێن عارف، سەدرەدین عارف، مستەفا ڕابەر، لەتیف حامید، بورهان قانیع، ئەحلام مەنسوور (1951-2013)، کوردستان موکریانی، عەبدوڵلا سەراج(محەمەد، ٢٠٠٥، ل130-131؛ ئەریمان، ١٩٧٧، ل174-238؛ 1989, ل119-156؛ ١٩٨٣، ل89-110).

لایەنێکی دیکەی بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی ئەو قۆناغە، چالاکی و جموجۆڵی ئەدەبییانەی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوەکانی توێژە کۆمەلایەتییەکان بوون. ئەوانیش وەك (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی ) و (یەکێتی نووسەرانی کورد) و (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی-لقی بەغدا) و ڕێکخراوەکانی (قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و ئافرەتان). هەریەك لە (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی ) و (یەکێتی نووسەران) لە ماوەی نێوان سالانی (1970-1974)دا، دەیان چالاکیی ئەدەبییان لە شاری بەغدا ئەنجام داوە. هەر لە کۆڕی شیعری و کۆڕی چیرۆك خوێندنەوە بگرە، تا دەگاتە ڤیستیڤاڵی شیعری و پیشبرکێی چیرۆکی کوردی و خەلاتکردن و هاندانی ڕۆشنبیرانی کورد و هەماهەنگی ئەدەبییانە لەگەڵ ناوەند و دەزگا ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکانی شارەکەدا. ئەمە وێرای ئەوەی کە ژمارەکانی هەردوو گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) ساڵی1971 و (نووسەری کورد) ساڵی 1971، ببوونە پێگەی بلاوکردنەوەی دەیەها وتار و بابەت و دەقی ئەدەبیی بەپێز، کە لە قۆناغەکانی دوای خۆیان ببوونە سەرچاوەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی. هەروەها ڕێکخراوەکانی توێژە کۆمەلایەتییەکانیش چ لە ڕێگەی کۆڕ و چالاکییانەییەکانیاندا، چ لە ڕێگەی ئۆرگانەکانییانەوە، ببوونە بەشێکی سەرەکی لەو بایەخپێدانەی کە بە بواری شیعر و ئەدەبیات دەدرا.

هەر لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداردا، دەزگا و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانیش ڕۆڵی کارایان لە بزاڤی ئەدەبیی کوردییدا گێراوە. یەکێك لەوانە (ڕادیۆی کوردی بەغدا) بوو، لەم قۆناغەدا (ڕادیۆی کوردی) ماوەی پەخشەکەی زیاتر کرا و کرایە بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ. لە نێوانیاندا بەرنامە ئەدەبییەکان بایەخی تایبەتیان پێدرا. بەمەش بووە وێستگەیەکی گرنگی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی کوردی، چەندان نووسەری دیاری کورد، مامۆستایانی زانکۆ، سەردانی ڕادیۆیان دەکرد، گۆشەی ئەدەبییان پێشکەش دەکرد، وەك: (دکتۆر ئیحسان فوئاد، عیزەددین مستەفا ڕەسوول و دکتۆر مارف خەزنەدار). هەروەها ڕۆشنبیرە دیارەکانی کوردییش بەهەمان شێوە چالاکی ئەدەبییان لە ڕادیۆدا ئەنجام دەدا، وەك پێشکەشکردنی گۆشەی ئەدەبی و وتاری ئەدەبی و دیداری ئەدەبی ئەوانییش وەك: (ڕەفیق چالاك، شێرکۆ بێکەس، مەحموود زامدار، کاکە مەم بۆتانی، ئەنوەر جاف، سەلاح شوان، حوسێن عارف و مستەفا ساڵح کەریم). هەروەها گۆشەی تایبەت بە شیعر و ئەدەبیی تازە لە ڕادیۆدا پێشکەش کراوە، وەك عەباس عەبدوڵلا ئاماژەی بەوەدەکات کە: (لە کۆتایی شەستەکان تا ساڵی 1972دا بەرنامە ڕۆشنبیرییەکانی بەغدا لە لووتکەی سەرکەوتن دابوون، من لەو کاتەدا لە بەرنامەیەکی ئەدەبییم لە ڕادیۆ هەبوو، بە ناوی (ئێوارەت باش) لەم بەرنامەیەدا، کە ڕۆژێ نا ڕۆژێ بوو، بایەخی تایبەتیم بە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت وەك دەنگێکی تازە لە شیعری کوردی دەدا) (چاوپێکەوتن لەگەڵ **عەبدوڵلا عەباس** 2017/2/19).

لەتەك ڕادیۆی کوردی، تەلەفزیۆنی بەغداش ڕۆڵی لە جموجۆڵی ئەدەبی دوای ڕێککەوتننامەی ئاداردا گێڕاوە ، ڕێکخراوێکی وەك یەکێتی نووسەرانی کورد بەرنامەیەکی تایبەت بە ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا لە نێوان سالانی (1971-1973)دا ئامادە و پێشکەش کردووە. هەر لە تەلەفزیۆنی بەغدا لە نێوان سالانی (1974-1975)دا هەموو ڕۆژانی چوارشەممەیەك بەرنامەیەکی تایبەت بە ڕۆشنبیریی کوردی بۆ ماوەی یەك کاتژمێر پەخش کراوە. لەم بەرنامەیەدا شیعری شاعیرانی کورد و دەنگوباسی ئەدەب و چالاکیی ڕۆشنبیریی کوردیی شاری بەغدا پێشکەش کراوە، هەر جارێکیش دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیرێکی ناسراوی کورد ئەنجام داوە و گفتوگۆیان دەربارەی ئەزموونی ئەدەبی ئەو کەسە کردووە(چاوپێکەوتن لەگەڵ **مستەفا ساڵح کەریم** 2017/4/24).

بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، کە ڕووێکی دیکەی جموجۆڵی ئەدەبی کوردی بوو لە شارەکەدا، لەم بەشەدا خوێندنی وانە ئەدەبییەکانی وەك: مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕەخنەی ئەدەبی، پەخشان، کێشناسی، ڕەوانبێژی دەخوێندران. لەگەڵ ئەمەشدا چەندان چالاکیی وەك کۆڕیی ئەدەبی لە بوارەکانی شیعر و چیرۆك و پەخشان و لێکۆڵینەوە و مێژووی ئەدەبیی ئەنجام دەدران، کە بەشێك لەو کۆڕانە بە هاوکاری کۆمەڵە و ناوەندە ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی شاری

بەغدا پێشکەش کراون، مامۆستایان و قوتابیانی بە شەکە ڕۆلی سەرەکییان لە پێشکەشکردنیاندا گێڕاوە.هەروەها دەرکردنی گۆڤاری (کۆلێجی ئەدەبیات) لە ساڵی 1972دا لەلایەن بەشەکەوە یەکێك لە ئامانجەکانی بلاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بوارەکانیی ئەدەبیی کوردی بوو. تەنانەت ئەو کەش و هەوا ئەدەبییەی لە بەشەکەدا ڕەخسابوو، هانی ئەوەی دا بەشێك لە قوتابیان ببنە نموونەی ڕۆشنبیر و نووسەری ناسراوی کورد، کە بەشێك لەوانە لە نێوان سالانی (1970-1974)دا لە نێو داموده زگا ڕۆشنبیرییە کانی کورد لە شاری بە غدا کاریان دە کرد. لە کاتی ئاهە نگەکانی کۆلێژیشدا بە تایبەت ئاهەنگەکانی یەکترناسین و ئاهە نگی دەرچوون و ئاهە نگی نەورۆز، قوتابیانی بە شەکە چالاکی جۆراوجۆریان ئە نجام دەدا، یە کێ لە و چالاکییانە ، خوێندنە وەی شیعر و پە خشانی کوردی بوو، کە زۆربەیان لە دانراوی قوتابیان خۆیان بوون(**کۆلێجی ئەدەبیات"** (گۆڤلو)، بـە غدا، ژ(15)، 1971-1972، ل 3-13، 14-42؛ژ(17)، 1974؛ ل37-57؛ ژ(18)، 1974، ل7-69، 61-71).

یەکێکی دیکە لەو دەزگایانەی لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970دا، لە پەرەسەندنی بزاڤی ئە دەبی کوردییدا بەشدار بووە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی بوو، یە کێك لە هەنگاوەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە لەو بارەیەوە، دانان و ئامادەکردنی کتێبەکانی خوێندنی کوردی و زمان و ئە دەبیی کوردی بوو (1970-1974)، ئەم کارەش لە ڕێگای لێژنەی تایبەت و شارە زا لە ڕۆشنبیرانی کورد جێبە جێ کراوە. خوێندنی کوردی هە ر لە پۆلی دووەمی سە رەتاییەوە، چەندان دە قی شیعری و چیرۆك و پە خشانی کوردی بۆ قوتابیان ئامادە کردووە. لە هەرسێ پۆلی قۆناغی ناوە ندیشەوە وانەیەکی تایبە تی بە ئەدەبی کوردی ئامادە کردووە. لەم وانە یەدا قۆناغە کانی مێژووی ئە دەبی کوردی و سە رەتاکانی سەرهەڵدانی شیعر و پە خشانی کوردی و ئە دەبیی فۆلکلۆری کوردی و پاشان ژیاننامە ی شاعیرانی کورد و نموونە ی شیعرەکانییان ئاشنا بە قوتابیانی کورد کراوە. وێڕای ئەمە، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی کەوتە یارمەتیدانی چاپکردنی بەرهەمی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد، کە بابەتی ئەدەبییشی لە خۆگرتبوو، لەوانە وەك کتێبی (شەونامەی شاعیرێکی تینوو)ی عەبدوڵلا پەشێو و (دڵی کوڕان)ی مەدهۆش و (ڕاوەبەران)ی دکتۆر کاوس قە فتان لە ساڵی 1972 دا و (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ)ی شێرکۆ بێکە س و (هەندێ لە بەیت و هە ڵبەستەکانی عەلی بەردەشانی) و (دەستی ئۆخە ی)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە ساڵی 1973دا و (ئەدەبی مندالان و لێکۆڵینەوە)ی محەمەد ڕەشید فەتاح و (ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی)ی عەزیز گەردی لە ساڵی 1974دا(نەریمان، ١٩٧٧، ل202-238).

دەزگای کۆڕی زانیاری کوردییش یە کێك بووە لەو دەزگا ڕۆشنبیرییە گرنگانەی کورد، کە بەشێك لە ئامانجەکانی بۆ پێشخستنی بواری ئە دەبی کوردی تە رخان کردبوو. لە یاسای بنچینە یی کۆڕی ساڵی 1970دا و لە خاڵەکانی سێیە م و چوارەم و پێنجەمدا جەخت لەسەر گرنگییدان بە لایەنی ئەدەبی و لەم چوارچێوەیەشدا هاوکاری و یارمەتیدانی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد کراوەتەوە(**"الوقائع العراقية"**، ع(1917)، 8ايلول 1970، ص1-23)، وەك چاپکردنی دیوانی شیعری و لێکۆڵینە وە دەربارەی شاعیرانی کوردی وە ك حاجی قادری کۆیی و مە لای گە ورە (1876-1943) و مە لا وەسمان(نەریمان، ١٩٧٤، ل 214-238). ئەو لێکۆڵینە وانەی گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد ) لە بواری ئە دەبدا کردوویەتی، وە ك لێکۆڵینە وە دەربارەی ئە حمەدی خانی و نالی و حاجی قادری کۆیی و بلاوکردنە وەی بە رهەمی شاعیرانی کوردی وە ك مە لا خە لیلی موخلیس (1915-1985)(**"کۆڕی زانیاری کورد"**، بەرگی یەکەم، ب1، 1973، ل316، 356؛ ژ(2-1)، بەرگی دووەم، ب1، 1974، ل769، 859؛ بەرگی دووەم، ب2، 1974، ل11)، نموونەیەکی زیندووی بایەخپێدانی کۆڕ بووە بە بواری ئەدەبییدا.

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیریی کوردی، کە زیاتر لە ساڵی 1972دا کەوتۆتە کار، گەلێ هەنگاوی بە ئاراستەی بواری ئەدەبی کوردییەوە نا، یەکێك لەو هەنگاوانە چاپکردن و یارمەتی لە چاپدانی بەرهەمی ئەدەبیی نووسەر

و ڕۆشنبیرانی کورد بوو، لە وانەش وەك (نامەی قانیع)ی قانیعی شاعیر (1897-1965) و (لە پێناوی ئەوین)ی زەکی ئەحمەد هەناری (1909-1967) (نەریمان، ١٩٧٧، ل234-237). ئەمە وێڕای ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەتیی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی بۆ ڕادیۆ و تە لەفزیۆنی بە غدا("**ڕۆشنبیری نوێ** "، ژ(24)، 1974/7/11؛ژ(25)، 1974/7/21؛ ژ(26)، 1974/8/1؛ ژ(27)، 1974/8/11) و دەرکردنی بلاوکراوەی (ڕۆشنبیری نوێ) کە بایەخێکی تایبەتی بە بواری ئەدەبی داوە.

خاڵێکی گرنگ لەم قۆناغەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین، دەرکردنی بانگەوازی ئەدەبی ڕوانگە بوو، لە ساڵی 1970دا. کە ئامانج لە بانگەوازەکە نوێگەری بوو لە ئەدەبیی کوردییدا. بەر لە ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە، چەند جارێك ڕۆشنبیر و نووسەرانی کوردیی نیشتە جێی شاری بە غدا، لە یانەی شە وانەی (عەدلییە) لە گەڕەکی (بەتاوین) نزیك شە قامی (سەعدوون) کۆبوونەتەوە، تاوتوێی بابەتێکی لەم شێوەیان کردووە. عەبدوڵلا عەباس ئاماژە بەوە دەکات کە: (ئەم لەگەڵ جەلالی میرزا کەریم بەیەکەوە لە ژێر کاریگەریی بانگەوازی حوزەیرانی ساڵی 1969ی شاعیرانی نوێخوازی عێراقی، بیرۆکەی بابەتێکی لەم شێوەیان لا دروست بووە، پاشان پەیوەندییان بە ڕۆشنبیرانی دیکەی کورد لە شاری بەغدا کردووە) (چاوپێکەوتن لەگەڵ **عەبدوڵڵا عەباس** 2017/2/19).

پاشان لەلایەن پێنج لە ڕۆشنبیرانی کورد کە شێرکۆ بێکەس، کاکە مەم بۆتانی، حوسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم و جە مال شارباژێڕی بوون، دە قی بانگەوازەکە نووسرایەوە و لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە ساڵی 1970دا بلاوکرایەوە (îîî). کە تێیدا هاتووە: (پێویستە ئەدەبی کوردی لە ڕووی شێوە و ناواخنەوە، لە کۆڕی ئەدەبی تازەکردنەوەدا پەل بهاوێت و نە ش و نما بکات، بابە تی ئە دەبی قورس و قە بە باوی نە ماوە). لە شوێنێکی دیکە دا هاتووە: (نووسەر و شاعیرانی ئە مڕۆمان پێویستە ئەو قاوغی ویقار و فیز و لە خۆباییبوونە کلاسیکییانە بشکێنێ، کە دوورەپە رێز و لە سووچێکە وە دابنیشێت، وە تەنها بۆ حە ز و ئارەزووی خۆی بهۆنێتە وە و بنووسێت، نووسە ر و شاعیری ئە مڕۆ شانبەشانی پێشە ی نووسین و شیعر وتنی کارگێڕیشە ..شۆڕشگێڕیشە..جەنگاوەریشە) ("**هاوکاری**"، ژ(15)، 1970/4/25).

وەك لە پەیامەکەیان دەردەکەوێت کە داوای نوێگەری و تازە کردنەوە لە ئەدەبیی کوردی بە تایبەت شیعر دە کەن، تاوەکوو ببێتە ئامرازێکی کاریگەر لە گۆڕانکاری و پە رەسەندنەکانی کۆمە ڵگادا. هەروەها ئەم خالانەی خوارەوەش لە ئامانجە گشتییەکانی بانگەوازیکارانی ڕوانگە بوو:

1-لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە لە کلاسیك دوورکەوتنەوە.

2-بایەخدانی تایبەت بە زمان و ئەدەبی کوردی.

3-دروستکردنی ویستی تازەگەری لە کوردستاندا.

4-گەڕان بەدوای بابەتی تازە و کتێبی تازە و دیدگای تازە لە ئەدەب و ڕۆشنبیرییدا.

5-ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنخوازی.

6-دامەزراندنی گوتارێکی ڕەخنەیی هاوچەرخ(حوسێن، 2011، ل79).

بانگەوازەکە لە ماوەی سێ ساڵی دوای دە رچوونی (1970-1972)دا، کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. بەر لەوەی باسی کاردانەوەکان بکەین، تیشکێك دەخەینە سەر ئەو هۆکارانەی کە ڕۆلیان لە دەرکردنی بانگەوازەکەدا لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە گێڕاوە:

1-کاریگەریی شاعیران و ڕۆشنبیرانی سوریالی و نوێخوازانی عە رەب و نووسە رانی جیهانیی بە سەرەوە بوو، کە ئەوکاتە زیاتر لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامە کان و بە رهەمە چاپکراوەکانییانەوە، ڕێبازی تازە ی نووسینییان دە گەیشتە

شاری بە غدا. ڕۆشنبیرانی کورد بە تایبەت لاوە کان کە وتبوونە ژێر کاریگە ریی ئە م ڕێبازە نوێیە جیهانییانەوە(چاوپێکەوتنلەگەڵ**کاکە مەم بۆتانی** 2016/10/22).

2- کاریگەریی بانگەوازی شیعری حوزەیرانی 1969، کە کۆمەڵە شاعیرێکی لاوی عێراقی کە فازڵ عەزاوی و سامی مەهدی و فەوزی کە ریم و خالید عە لی مستە فا بوون، سە بارەت بە نوێگەریی لە شیعر و ئە دەبیاتی عێراقییدا ڕایانگەیاندبوو(عباس، 2001، ل98).

3-ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970 هاتە کایەوە، هۆکارێك بوو تاکو جۆرێك لە ئازادی نووسین و بلاوکردنەوە بێتە ئاراوە، ئەمەش زەمینەی بۆ نەشو نماکردنی بیرۆکەی لەم شێوەیە لە ناو ڕۆشنبیرانی کورددا ڕەخساند.

هێندەی نەبرد دوای بلاوبوونە وەی بانگەوازەکە، ژمارەیەکی بەرچاو لە شاعیرانی کورد نە ك هەر لە شاری بە غدا بەڵکو لە کوردستانیشەوە، کە وتنە ژێر کاریگە ریی تە وژمەکە و لە سەر هە مان ڕێباز بە رهەمە ئەدەبییەکانیان بلاودەکردەوە. بەم پێیەش بانگەوازەکە، ئەم کاردانەوانەی بە دوای خۆیدا هێنا:

1-شاعیرانی نەوەی پێشوو، بەتایبەت ئەوانەی بە ڕێبازی کۆن (کلاسیك) دەیاننووسی، کەوتنە ڕەخنەگرتن لە بانگەوازەکە بە کارێکی هەرزەکارانەیان لە قەڵەم دەدا(چاوپێکەوتنلەگەڵ**کاکە مەم بۆتانی** 2016/10/22).

2- دەستەی شاعیرانی کفری (مەبەست لە شارۆچکەی کفری سە ر بە پارێزگای کەرکووکە)، وەك لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی، کەوتنە توانج و ڕەخنەگرتن لە بانگەوازی ڕوانگە و پێیان وابوو ئەو کارەی ڕوانگەییەکان، لە بنەڕەتدا ئەوان خاوە نی بوونە و لە پێشوودا بیریان لە ڕاگەیاندنی بانگە وازێکی لە م شێوە یە لە شیعر و ئە دەبیاتی کوردییدا کردۆتەوە، بانگەوازی ڕوانگە بە سوود وەرگرتن لە بیرۆکەکەی ئەوان ڕاگەیاندراوە. تەنانەت دەیانگووت ڕۆشنبیرانی ڕوانگە دەستیان بەسەر سەرجەم ڕۆژنامە و بلاوکراوە کاندا گرتووە ، ناهێڵن ئە وان بانگە وازی خۆیان بلاو بکە نەوە (بەرزنجی، 2008، ل62-63). لەتیف هەڵمەت لە دیدارێکییدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (هاوکاری)ی ساڵی 1971 ئاماژە بەوە دەکات: (لە ئەنجامی هەستکردنی لاوەکان بە دواکەوتنی هۆنراوەی کوردی، یاخیبوونێك پەیدا بوو، بۆ دۆزینەوەی تازەتر، وە ئەوانەی کە بە تەواوی بە یاخیبوویان دابنێم، چەند ناوێکن ئە توانین ئەنوەر شاکەلی و عە بدولسەلام محەمەد و خۆم (دەستەی کفری-ت) بخەینە سەرەتای ئەوانە)(**"هاوکاری"**، ژ(44)، 1971/12/4).

3-هەندێ لەوانەی لایەنگری بیروباوەڕی چەپ بوون، کە بەشێکیان سەر بە باڵی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی بوون، ڕەخنەیان لە بانگەوازی ڕوانگە گرت و بە (بۆرژوازی بچووك-وردە بۆرژوا) پێناسەیان دەکردن، واتە لە نێو چینی کرێکاران و بۆرژوازی گەورەدا دەخولێنەوە(چاوپێکەوتنلەگەڵ**کاکە مەم بۆتانی** 2016/10/22).

4-لە قۆناغێکی دیکە دا، هە ندێ لە خەڵکانی ناحاڵی لە پەیامی بزووتنە وەکە، کە وتنە دژایەتی بە رامبەر ڕۆشنبیرانی ڕوانگە، ئەوان پێیان وابوو کە بزووتنەوەکە یاخیبوونێکە بەرامبەر بە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە، کە ئایین بەشێکی ئەو پیرۆزییانە پێك دە هێنێت، ئە م دژایە تییە دوای بلاوبوونەوەی بانگە وازی (قەڵەمە نەترسەکان)-کە دواتر لێی دە دوێین- زیاتر بوو.

5- ڕووێکی دیکە ی دژایەتییکردنی بانگەوازەکە، زەقکردنەوە و گەورەکردنی ئەو کەموکوڕییانە بوو، کە لە بەرهەمی شاعیر و ڕۆشنبیرانی لایە نگری ڕوانگەدا هەبوو. بۆ نم وونە گەنجێك کە تازە دەهاتە نێو جیهانی نووسینە وە، تازە ئەزموون بوو، لە ژێر کاریگەریی ڕوانگەدا دەینووسی، هەر هەڵە و ناتەواوییەك لە نووسینەکەی هەبووایە لە سەر ڕوانگە هەژماریان دەکرد. لە کاتێکدا ئەوان نەدەهاتن بەرهەمی نووسەرە دیار و ناسراوەکانی ڕوانگە بەسەر بکەنەوە و ڕەخنەی لێ بگرن (هاوکاری، ژ(13)،1971/4/10؛ ژ(17)،1970/5/9؛ ژ(22)، 1970/6/13؛ ژ(16)، 1971/5/1؛

ژ(21)، 1971/6/26؛ ژ(39)،1971/10/30؛ ژ(111)، 1972/4/8؛ ژ(125)، 1972/7/15؛ ژ(125)، 1972/7/15).

سەرەڕای ئەوانە، ڕوانگە وەك دەنگێكی تازەی نێو ئەدەبیی كوردی توانی كاریگەریی خۆی جێبهێڵێت و بە رگێكی تازە بە بەر جموجۆڵی ئەدەبی كوردییدا بكات، گرنگترین كاریگەرییەكانیشی لەم خالانەی خوارەوە دەردەكەوێت:

1-بەشی زۆری ئەم رەخنانەی لە ڕوانگەییەكان دەگیران، لە گۆڤار و ڕۆژنامەكانی ئەو سەردەمەدا بە تایبەت لە ڕۆژنامەی (هاوكاری)یدا لە نێوان سالانی(1970-1972)دا بلاودەكرانەوە، لەلایەن لایەنگرانی ڕوانگەشەوە وەلامی ئەو ڕەخنانە دەدرایەوە و هەوڵ دەدرا زیاتر پەیامی بانگەوازەكە بۆ ڕۆشنبیران و خوێنەران ڕوون بكرێتەوە. ئەمەش مشتومڕێكی گەرمی لە نێوان یاران و نەیارانی ڕوانگەدا لێ كەوتبۆوە. كە دواجار ئەم مشت و مڕە لە بەرژەوەندی ئەدەبیی كوردییدا شكایەوە. چونكە ئەو وتار و رەخنانەی بلاودەكرانەوە، گەلێ نموونەی تازەیان بە ئەدەبی جیهانی دەهێنایەوە و لەگەڵ ئەدەبی كوردیی ئەو قۆناغەدا بەراوردییان پێ دەكرا، ئەمەش وایدەكرد خوێنەران لە تەك ئامانجە سەرەكییەكەدا، بەو گفتوگۆ ئەدەبییانە سوودمەند بن(**"هاوكاری"**، ژ(7)، 1971/2/27).

2-ڕۆشنبیران و لایەنگرانی ڕوانگە كۆدەبوونەوە و جەختیان لەسەر بنەما و ئامانجەكانی بانگەوازەكە دەكردەوە. وەك ئەو كۆبوونەوەیەی لە سەرەتاكانی ساڵی 1971دا لە شاری بەغدا ئەنجامیان دا، لەوێ هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر سیاسەت و یەكێتی ئایدۆلۆژییەت و كەلەپووری كوردی و ئاراستەی نووسین و دەزگای كۆڕی زانیاری كورد و یەكێتی نووسەران دەربڕیوە، دواتر دەقی كۆبوونەوەكەیان بلاوكردۆتەوە(**"هاوكاری"**، ژ(17)، 1971/5/8).

3- بەرگریكردن لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی كورد (بەتایبەت نوێخوازەكان)، بەرامبەر هەر هێرشێك بكرێتە سەریان بە پاساوی جیاواز، وەك ئەو پشتگیرییەی لایەنگرانی ڕوانگە لە نووسەرێكی شاری سلێمانیان كرد بە ناوی جەمال شاڵی كە لە ساڵی 1971دا نامیلكەیەكی چاپ كردبوو، لەوێدا ڕەخنەی لە هەندێ دیاردەی نەرێنیی ناو كۆمەڵگەی كوردی گرتبوو، بەلام لەلایەن هەندێ خەڵكەوە ڕەخنەی توندی لێ گیرا. لایەنگرانی ڕوانگە لە ڕێگەی بانگەوازێكەوە لە ژێرناوی قەڵەمە نەترسەكان یەكگرن، كە لە ڕۆژنامەی (هاوكاری)دا بلاویان كردەوە، پشتگیری خۆیان بۆ ئەو نووسەرە دەربڕی و ڕەخنەیان لەو خەڵكانەش گرت كە بە پاساوی ئایینی و نەریتپارێزی هێرشیان كردبووە سەری. ئەم بانگەوازە كاردانەوەی توندی لێكەوتەوە، تەنانەت بووە هۆكاری وەستانی ڕۆژنامەی (هاوكاری) بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك، واتە لە ڕێكەوتی (1971/5/8) تاكو (1971/6/19) (عباس، 2001، ل106-120).

3-دەركردنی سێ ژمارەی گۆڤاری (ڕوانگە/ 1971-1972)، لە ژێر دروشمی (وتەی نوێ، بیری نوێ، كرداری نوێ)، یەكێكی دیكە بوو لە هەنگاوەكانی دەستەی ڕوانگە، كە بابەت و دەقەكانی لە گۆڤارەكەدا بلاودەكرانەوە، گوزارشتی تەواویان لە ئامانجەكانی بانگەوازی ڕوانگە دەكرد، لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆكەوە، پابەند بە هەمان ڕێباز بوون، ئەمە وێرای ئەو دەقانەی لایەنگرانی ڕوانگە بەم شێوە تازە ئەدەبییە لە گۆڤار و ڕۆژنامەكانی ئەو سەردەمەدا بلاویان دەكردەوە، تەرزێكی تازەی بە جموجۆڵی ئەدەبیی كوردی بەخشی بوو (چاوپێكەوتنلەگەڵ**كاكەمەم بۆتانی** 2016/10/22).

ئەگەرچی گۆڤاری (ڕوانگە) و ڕەوت و چالاكیی دەستەی ڕوانگە تا ساڵی 1972 بەردەوام بوو، بەلام كاریگەرییان بەسەر ئەدەبی كوردی هەر مایەوە، دەیان نووسەری كورد لە شاری بەغدا و كوردستانەوە، بە درێژایی قۆناغەكانی دواتر بە هەمان ڕێچكە و ڕێباز بەرهەمە ئەدەبییەكانیان بلاودەكردەوە.

لە قۆناغی پێنجەمدا 1974-1975، گوڕوتینی جموجۆڵیی ئەدەبی كوردی لە شاری بەغدا، بەهۆی ئاڵۆزبوونەوەی باری سیاسی ولات و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی كورد ڕووی لە سستی كرد. ئەگەرچی بەشێكی زۆری گۆڤار و

ڕۆژنامەکان لە دەرچوون بەردەوام بوون، بەلام ئاستی نووسین تێیاندا بە بەراورد بە قۆناغی پێش خۆی لاواز تربوو، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد شاری بە غدایان جێهێشت و ڕوویان لە شاخ کرد. یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی داخران و ئەو ناوەند و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییە کوردییانەی مابوونە وە، خۆیان و بلاوکراوە کانیان، کەوتنە ژێر چاودێری دە زگا ئە منییەکان و وە ك پێشوو چالاکی ڕۆشنبیرییەکانیان بەردەوام نەبوو.

دیارترین سیماکانی ڕۆشنبیریی ئەو قۆناغە ئەمانە بوون:

1-دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەك (بەیان) و (هاوکاری) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (کۆڕی زانیاری کورد) و (ڕۆژی کوردستان)، کە بەردەوام بوون لە بایەخدان بە بواری ئەدەبی، بەلام بەشێك لەوانە ئەو ئازادییەی لە نووسین و گوزارشتی نە تەوەیی لە پێش شۆڕش هە یانبوو، کاڵ بووە وە، لە هەندێ لاپە ڕەی تایبە تدا گوزارشتیان لە سیاسەتی حکوومەت دەکرد (îîîî).

2-دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش (1974)، کەسانێك لە دەزگا و ناوە ندە ڕۆشنبیرییەکانی کوردی وە ك کۆڕی زانیاری کورد و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی کوردی و دەزگای هاوکاری هێنرانە پێشەوە، رابردوویێکی ئەوتۆیان لە بواری نووسین و ئە دەبییدا نەبوو، تەنها ئەوە نەبێ کە لە بەرەی هاوپەیمانێتی بە عس دابوون، ئە مەش لە سەر سست بوونی کارەکانی ئەو دەزگایانەدا ڕەنگی دایەوە. هەروەها ڕادیۆی کوردیی بە غدا، نەیتوانی بە هەمان هێزوگوڕتینی جارانە وە گۆشە و بەرنامە ئەدەبییەکانی درێژە پێبدات، ئەمەش دیسان هۆکارە کەی دەگەڕێتەوە کە بەشێك لەو ڕۆشنبیرانەی لەو بوارە لە ڕادیۆ خزمەتیان دەکرد، دابوویانە شاخ، یاخود بە هۆکاری سیاسی، وازیان هێنابوو .بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین جموجۆڵە ئەدەبییەکە لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانەوە مابووەوە، بەلام بە بەراورد بە قۆناغی پێش خۆی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە سستی پێوە دیاربوو. دوای نسکۆی شۆڕش (1975)، ئەگەرچی بەشێك لە ڕۆشنبیران و نووسە رانی کورد گە ڕانەوە شاری بە غدا، بە لام بە هۆی سە ختی دۆخە سیاسییەکە و چاودێری دە زگا ئەمنییەکانەوە، نەیاندەتوانی بەهەمان گوڕوتینی جارانەوە کاربکەن(چاوپێکەوتنلەگەڵ**عەبدوڵلا عەباس** 2017/2/19).

**ئەنجام:**

١. شاری بەغدا هەر لەگەڵ دروستبوونییدا، بۆتە پێگەیەکی گرنگی سیاسی و ئابووری، کوردان بە مەبەستی ڕاییکردنی کارەکانی ژیانیان ڕوویان تێکردووە، تەنانەت دوای نیشتەجێبوونیان ڕۆلی گرنگییان لە بوارەکانی سەربازیی و کارگێڕیی و ئابووری و زانستیی تێیدا گێڕاوە. دواجاریش بۆتە یەکێک لە پێگەکانی بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی .

٢. ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق، بە تایبەت لە نێوان سالانی (1958-1975)دا، کاریگەری گەورەیان بەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی دروست کردووە، شاری بەغدا کە یەکێك لە پێگە سەرەکییەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی بووە ، لەم کاریگەرییە بەدەر نەبووە، ئەم ماوەیەش لە شارەکەدا(1958-1975)، بە پێی کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان بۆ سەر بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، بۆ سەر شەش دابەش دەبێت، کە ئەمانەن : قۆناغی یەکەم: ١٩٥٨-١٩٦١، قۆناغی دووەم: ١٩٦١-١٩٦٣،قۆناغی سێیەم: ١٩٦٣-١٩٦٧، قۆناغی چوارەم: 1967-1970، قۆناغی پێنجەم: ١٩٧٠-١٩٧٤،قۆناغی شەشەم: ١٩٧٤-١٩٧٥.

٣. شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958، کاریگەریی لەسەر بواری ئەدەب (شیعر و چیرۆك)یشدا دروست کرد، ئە و کرانەوە سیاسییەی بە هۆی شۆڕشەوە لە بەردەم نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورددا فە راهەم بوو لە لایەك و دە رچوونی

ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە و بلاوکراوە بە زمانی کوردی و زۆربوونی چاپە مەنییە کوردییەکان لە لایەکی دیکەوە، دەرگایەکی تازەیان لە بەردەم گەشەسەندنی بواری ئەدەبییدا کردەوە.

٤. لە نێوان ساڵانی (1961-١٩٧٠)دا، بەهۆی لە ئارادابوونی شۆڕشی کورد و کزبوونی بزاڤیی ڕۆژنامە گەریی و چاپەمەنیی کوردی، بواری ئەدەبیش دووچاری لاوازی و وە ستان هاتەوە، هەندێ بەرنامەی ڕادیۆی کوردیی تایبە ت بە ئەدەب و بلاوکردنەوەی شیعری کوردی، هە ندێ بڵاوکراوەی کوردی لێ دەرچێت، بایەخ پێدانێکی ئەوتۆ بە ئەدەبیاتی کوردی ئەو قۆناغەدا نابیندرێ.

٥. لە نێوان ساڵانی 1970-1974، باری ئەدەبیی کوردی وەك سەرجەم بوارەکانی دیکە، لە ڕووی ناوەرۆك و هونەریی نووسینەوە، گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کانی ئەو ماوەیە وەك (هاوکاری) و (برایەتی) و (ڕۆشنبیریی نوێ ) و (بەیان) و (ڕۆژی کوردستان ) و (نووسەری کورد )، بایە خی تایبە تییان بە بلاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیی کوردی داوە، ئەمە وێرای جموجۆلی ئەدەبییانەی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوەکانی توێژە کۆمەلایەتییەکانی وەك (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی) و (یەکێتی نووسەرانی کورد) و (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی-لقی بەغدا) و ڕێکخراوەکانی (قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و ئافرە تان). هەریەك لە (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی) و (یەکێتی نووسەران) لە ماوەی نێوان سالانی (1970-1974)دا، دەیان چالاکیی ئە دەبییان لە شاری بە غدا ئەنجام داوە. هەر لە کۆڕی شیعری و کۆڕی چیرۆك خ وێندنەوە بگرە، تا دەگاتە ڤیستیڤاڵی شیعری و پیشبڕکێی چیرۆکی کوردی و خە لاتکردن و هاندانی ڕۆشنبیرانی کورد و هە ماهەنگی ئە دەبییانە لەگەڵ ناوە ند و دە زگا ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکانی شارەکەدا.

٦. لە نێوان ساڵانی 1974-1975، گوڕوتینی ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا، بەهۆی تێکچوونی باری سیاسی ولات و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی کورد ڕووی لە سستی کرد. ئەگەرچی بەشێکی زۆری بڵاوکراوەکان لە دەرچوون بەردەوام بوون، بەلام ئاستی نووسین تێیاندا بە بەراورد بە قۆناغی پێش خۆی لاواز تربوو، ئە مەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد شاری بە غدایان جێهێشت و ڕوویان لە شاخ کرد. یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی داخران و ئەو ناوەند و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییە کوردییانەی مابوونەوە، خۆیان و بلاوکراوەکانیان، کەوتنە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنییەکان و وەك پێشوو چالاکی ڕۆشنبیرییەکانیان بەردەوام نەبوو.


**<u>*کتێب:</u>**

**<u>بە زمانی کوردی:</u>**

- ئاریان ئیبراهیم محەمەد، ڕۆژنامەی برایی-برایەتی (1967-1974) ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا، هەولێر، 2005.

- ئۆمەر، ئە حمەد حە مەدئەمین، ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنە رانی عێراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا 1925-1958، هەولێر، 2007.

- ئەحمەد، کەریم ، ڕێرەوی تێکۆشان، و:جەلال دەباغ، سلێمانی، 2006.

-بەحرکەیی، مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵلا، مێژووی زانایانی کورد، ب1، هەولێر، 2010.

بەرزنجی، عەلی تاهیر (دکتۆر)، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، سلێمانی، 2008.

- تۆفیق، زرار سدیق (دکتۆر)، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامییدا، چ3، هەولێر، 2012.

-حوسێن، هیمدادی (دکتۆر)، بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی هەفتاو هەشتاکانی هەولێر، کەرکوك، 2011.

- حەیدەری، مومتاز و ئەوانیتر، قامووسی ناوەنەمرەکان، ب1، هەولێر، 2014.

- خەزنەدار، مارف (دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب3، هەولێر، 2010.

-__________________، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب4، هەولێر، 2010.

- خەیلانی، ئەسعەد، دەفتەری بیرەوەرییەکانی هەڵدەداتەوە، ئا: نزار خەیلانی، هەولێر، 2014.

- ساڵح، ڕەفیق و ئەوانیتر، دیاری کوردستان (1925-1926)، سلێمانی، 2001.

- عباس، عبدالله، ئاوەها دەرگام کردەوە-یادداشتی 30 ساڵ لە ڕۆژنامەنووسی کوردییدا (1961-1991)، بەغدا، 2001.

-کاکە سوور، محەمەد عەبدوڵلا، ڕۆڵی سیاسی و کەلتوریی ئەفسەرانی کورد لە بزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشووردا (1921-1945)، چ1، هەولێر، 2000.

-مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ب1، ئا: سەلاح ڕەشید، سلێمانی، 2017.

-نەجاڕ، هۆشەنگ ساڵح، بزاڤی ڕۆشنبیریی لە شاری هەولێر (1958-1975)دا، هەولێر، 2016.

- نەریمان، مستەفا سەیید ئەحمەد، ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی 1787-1975، بەغدا، 1977.

-_____، مستەفا، ببلیۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوکاری سالانی 1970-1974، ب1، بەغدا، 1989.

- _____، مستەفا، بیرەوەرییەکانی ژیانم، بەغدا، 1994.


**به زمانی عەرەبی:**


-الالوسي، سالم، رحلة نيبور الكاملة الى العراق، الوراق للنشر،ط1، بيروت، 2012.

- بابان، جمال، اعلام كرد العراق، ج1، سليمانية، 2006.

- بغدادي، عباس، بغداد في العشرينات، تقديم: عبدالرحمن منيف، بيروت، 1998.

-جامعة بغداد، دليل جامعة بغداد 1959-1960، بغداد، 1960.

-. الحيدري، صالح، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، سليمانية، 2004

-الخياط، جعفر، مشاهدات جون اشر في العراق، في الكتاب: رحالة اوروبيون في العراق، بيروت، 2007.

-دوبريه، ادريان، رحلة دوبريه الى العراق (1807-1809)، ت: بطرس حداد، بيروت، 2011.

- رؤوف، عماد عبدالسلام (الدكتور)، صفاءالدين عيسى البندنيجي حياته واثاره (1788-1866)، اربيل، 2009.

-العلوي، زكي جعفر الفيلي، تاريخ الكرد الفيليون و افاق المستقبل، ط1، بيروت، 2009.

- فوسيل، بيير دي، الحياة في العراق منذ القرن 1814-1914، ت: اكرم فاضل (الدكتور)، بغداد، 1968.

- الفيلى، نجم سلمان مهدى، الفيليون/تاريخ قبائل وانساب. فلكلور. تراث القومى، راجعه: جرجيس فتح الله، اربيل، 2009.

- محمد، خليل اسماعيل (الدكتور)، الكرد الفيليون بين حملات التسفير وسياسه التعريب، اربيل، 2005.

- النجار، جميل موسى، الادارة العثمانية في ولاية بغداد (من عهد الوالي مدحت باشا الى نهاية الحكم العثماني 1869-1917، القاهرة، 1991.


*** وتارو بابەتە بلاوکراوەکان:**

**- بە زمانی کوردی:**

- بابان، جەمال، مێژوویەکی لەبیرکراوە_کۆمەڵەی لاوان، "ڕۆشنبیری نوێ"، ژ(39)، 1975/2/21.

- تۆفی، موسەدەق، پەیڤەکا وەفادارییێ دچلینیا سەیدایێ نڤیسکار و ڕۆژنامەڤان (حافز قازی)دا، "ڕۆژنامەنووس"، ژ(20)، 2010.

- زانا، خانەکانی بەغدا لە سەدەی نۆیەمەوە تا سەدەی بیستەم، "ڕۆشنبیری نوێ" (گۆڤار)، بەغدا، ژ(82)، 1980.

- نەریمان، مستەفا، بیلیۆگرافیای بەیان 1969-1982، "بەیان"، ژ(92)، تشرینی دووەمی 1983.

**-بە زمانی عەرەبی:**

-- عبدالسلام، عماد (الدكتور)، التكية الخالدية في بغداد، ئەکادیمي (گۆڤار)، هەولێر، ژ(13)، کانوونی یەکەم2009.

- محمود، محمد عبدالواحد (الدكتور) و كامل، جودت جلال (الدكتور)، كلية الاداب نواة لجامعة بغداد دراسة في صفحة من تاريخ التعليم العالي في العراق المعاصر، "**اداب الفراهيدي**" (المجلة)، تكريت، العدد(17)، كانون الاول 2003.

*** نامەی زانکۆیی:**

محمد، ڕۆژگار عبدالرحمن، ڕۆڵی وە زیرە کوردەکان لە حکومەتە عێراقییەکانی سەردەمی پاشایەتی دا (1945-1958)-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2014.

*** گۆڤارو ڕۆژنامەکان:**

**-بە زمانی کوردی:**

-"**ئەدیبی عێراقی**" (گۆڤار)، بەغدا، ژ(1)، گەلاوێژی 1961.

-"**پێشکەوتن**"، (گۆڤار)، بەغدا، ژ(20)، 1958/8/9؛ ژ(110)، 1960/4/24).

-"**توتن**" (گۆڤار)، بەغدا، ژ(1-2)، ساڵي5، ئاياري 1969؛ ژ(٣)، کانوونی یەکەمی 1969، ل٥٨).

**-"دەنگوباس"** (ڕۆژنامە)، بەغدا، ژ(231)، 1967/2/2؛ ژ(232)، 1967/2/4؛ ژ(233)، 1967/2/5؛ ژ(234)، 1967/2/6؛ ژ(235)، 1967/2/7؛ ژ(236)، 1967/2/11.

**-"روناهی"** (گۆڤار)، بەغدا، ژ(1)،1960؛ ژ(2)، ساڵی2، سەرەتای مایسی 1962؛ ژ(3)، 1960؛ ژ(5-6)، شوبات و ئاداری 1961.

- "**ڕۆشنبیری نوێ** " (بڵاوکراوە)،بەغدا، ژ(24)،1974/7/11؛ ژ(25)، 1974/7/21؛ ژ(26)، 1974/8/1؛ ژ(27)، 1974/8/11.

**-کۆڕی زانیاری کورد** "، بەرگی یەکەم، ب 1، 1973 ؛ ژ(1-2)، بەرگی دووەم، ب 1، 1974؛ بەرگی دووەم، ب 2، 1974.

- "**کۆلێجی ئەدەبیات**" (گۆڤار)، بەغدا، ژ(15)، 1971-1972؛ ژ(17)، 1974؛ ژ(18)، 1974).

**"هاوکاری"**، (ڕۆژنامە)، بەغدا، ژ(15)، 1970/4/25 ژ(17)،1970/5/9؛ ژ(22)، 1970/6/13؛ ژ(7)، 1971/2/27؛ ژ(13)،1971/4/10؛ ژ(16)، 1971/5/1؛ ژ(17)، 1971/5/8؛ ژ(21)، 1971/6/26؛ ژ(39)،1971/10/30؛ ژ(44)، 1971/12/4؛ ژ(111)، 1972/4/8؛ ژ(125)، 1972/7/15؛ ژ(125)، 1972/7/15).

**"هیوا"**،(گۆڤار)، بەغدا، ژ(2)، ئابی 1958 ؛ ژ(3)، ئەیلوولی1958 ؛ ژ(1)، ساڵی 3، تشرینی دووەم 1959؛ ژ(6-7)، ساڵی 2، کانوونی دووەمی 1959؛ ژ (8)، مارتی 1959، ژ (35)؛ ژ (11-12)، حوزەیران و تەمموزی 1959؛ ، ژ(30)، تشرینی یەکەم1960؛ ژ(31)، کانوونی دووەمی 1961.

**بە زمانی عەرەبی:**

-**"الوقائع العراقية"**، ع(1917)، 8ايلول 1970.

*** چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ:**

- **عەبدوڵلا ئاگرین** (دکتۆر) لە هەولێر (2016/10/5)، لە ساڵی 1943 شاری سلێمانی لە دایك بووە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئەدەبیی کوردی (1999)، مامۆستایە لە بەشی کوردیی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر و بەردەوامە لە نووسین و کاری ئەدەبی.

- **عەبدوڵلا عەباس** (2017/2/19) لە شاری هەولێر ، ناوبراو ساڵی 1946 لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لەو شارە تەواو کردووە، ساڵی 1964 چۆتە ڕادیۆی کوردی بەغدا و وەك بێژەر و پێشکەشکاری پرۆگرامەکان دامەزراوە و تا ساڵی 1969 بەردەوام بووە، لە ڕۆژنامەکانی (بروا) و (دەنگوباس) و (هاوکاری) و (برایەتی) و (ئاسۆ) و (عێراق) و گۆڤاری (بەیان) و (ڕۆژی کوردستان) کاری کردووە، ئێستا نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

- **عەبدولڕەزاق محەمەد ساڵح-بیمار** (2017/7/13) لە شاری کۆیە. ناوبراو ساڵی 1936ز لە شارۆچکەی کۆیە لەدایك بووە. دەرچووی بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدایە (1963). هەرلە پەنجاکانەوە هاتۆتە ناو بواری نووسین و ئەدەب و شانۆ. لە یانەی سەرکەوتنی کوردان و ئێستگەی کوردی و بەشێك لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی سالانی پەنجاکان و شەستەکان و هەفتاکاندا کاری کردووە، ئێستا لە شاری کۆیە دەژی.

-**کاکە مەم بۆتانی** (2016/10/22) لە شاری هەولێر، ناوبراو ساڵی 1939 لە شارۆچکەی کۆیە لەدایك بووە، پەیمانگای بالای دارستانی لە شاری بەغدا تەواو کردووە (1964). هەر لە پەنجاکانەوە هاتۆتە ناو کۆڕی نووسین و ئەدەبیات، ئێستا سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کوردە لە شاری هەولێر دەژی.

- **کامیل ژیر** (2017/4/23) لە شاری سلێمانی. ناوبراو لە ساڵی 1934 لە شاری سلێمانی دایك بووە. دەرچووی کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدایە (1966) هەر پەنجاکانەوە هاتۆتە ناو بواری نووسین و لە شاری بەغدا لە بواری ڕۆژنامەنووسی کاری کردووە، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە.

-**کوردستان موکریانی** (دکتۆر) (2016/10/6) لە شاری هەولێر، ناوبراو ساڵی 1948 لە شاری هەولێر لەدایك بووە، ساڵی 1968 بەشی کوردی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، ساڵی 1977 بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردی لە ولاتی سۆڤیەت وەرگرتووە، دوای گەڕانەوەی، بۆتە سەرۆکی بەشی کوردی زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەدین، ئێستا لە شاری هەولێر دەژی.

- **مومتاز حەیدەری** (2016/10/1) لە شاری هەولێر، ناوبراو لە ساڵی 1937 لە شاری هەولێر دایك بووە، لە شەستەکان و هەفتاکاندا لە شاری بەغدا لە بواری ڕۆژنامەنووسی کاری کردووە، ئێستا لە هەولێر خەریکی کاری ڕۆژنامەوانییە.

-**مستەفا ساڵح کەریم** (2017/4/24) لە شاری سلێمانی، ناوبراو ساڵی 1933 لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانە لە شاری بەغدا (1951)، ڕۆڵێکی دیاری لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیریی کوردییدا گێڕاوە، ئێستا لە کاری ڕۆژنامەنووسییدا بەردەوامە و لە شاری سلێمانی دەژی.

**پەراوێز:**

(î) هەندێکی لەوانەی خوێندنیان لە ئەستەنبۆڵ تەواوکردبوو ، دواى گەڕانەوەیان، لە کوردستان نیشتەجێبوون و نەچوونە شارى بە غدا، وە ك: مستەفا پاشا یامولکی (1936-1866)، حاجی تۆفیق پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)، ڕە شید کابان (1940-1876)، جەمال عیرفان (1923-1881) و ساڵح قەفتان (1968-1885).

(îî) بەو کوردانە دەڵێن کە شێوەزارى قسەکردنیان لووڕییە. شوێنی دانیشتنیان بۆ دوو ناوچە دابەش دەبێت: پێشکۆ کە خوڕەم ئاباد و بروجە رد و کوهە دەشت دەگرێتەوە، پشتکۆش، لە بەشی ئێراندا، ئیسلام ئاباد، گە یلان غەرب، سەرپێل زەهاو، قە سرشیرین، سۆمار، ئیلام، کە رەند، مهران و دە رەشیر دەگرێتەوە. لە بەشی عێراقیشدا، خانە قین، جەلەولا، شەهرەبان، قزلەربات، قزانیە، مەندەلی، بەدرە، جەسان، زرباتیە، عەلی غەربی، شێخ سەعد، کووت و حەی دەگرێتەوە. (محمد، 2005، ص5). یەکێك لەو کێشانەی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، دووچارى کوردانی فە یلی هاتۆتەوە، پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر لە سەرەتاوە هەوڵێك لە ئارادابووە، بۆ وەدەرنیان و تەعریب کردنی ناوچەکە. بە پاساوی ئەوەی ئەوان خۆیان خەڵکی ناوچەکەنین، لە ئێرانەوە هاتوون و دەبێ بۆ ئەو شوێنە بگەڕێنەوە. (الفیلي، 2009، ص16-17).

(îîî) لە ژێر بانگەوازەکەی ڕوانگەدا لەتەك ئەم پێنج کە سەدا ناوى (کەمال ڕەئووف محەمەد)یش هاتووە، کاکە مەم بۆتانی هۆکارى ئە مە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەمال ڕەئوف ئەوکاتە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)یدا کاری کردووە ، بۆئەوەی بانگەوازەکەیان لە ڕۆژنامەکەدا بۆ بلاوبکاتەوە، ناوى ئەویشیان خستۆتە ناوى. (چاوپێکەوتن لەگەڵ **کاکە مەم بۆتانی** 2016/10/22).

(îîîî) بە سەیرکردنی ناوەرۆکی بابەتی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، تەنانەت سەر وتارەکانی بەشێکیان گوزارشت بوون لە ئاراستەی سیاسەتی لایەنێکی دیاریکراو.

## REFERENCES


Abbas, A. (2001). Memories of 30 years of Kurdish journalism, 1961-1991. Baghdad.

Abdul Salam, I. (2009). Al-Takiya al-khalidiya in Baghdad. The academy of sciences, 13. Erbil.

Adrienne, D. (2011). Trip to Iraq, 1807-1809. Beirut.

Al-Alawi, Z. (2009). History of the Faili Kurds and the future of horizons. Beirut.

Al-Haidari, S. (2004). Selection of notes. Sulaymaniyah.

Alussi, S. (2012). The complete Nippur journey to Iraq. Al-Warraq Publishing. Beirut.

Amin, A. (2007). Kurdish members in the Irai parliament during the royal era, 1925-1958. Erbil.

Baban, J. (2006). Iraqi Kurdish famous men. Sulaymaniyah.

Baban, J. (1975). Forgotten history-youth association. Roshinbiri new, 39.

Baharkaiy, T. (2010). History of Kurdish shcolars (Vol. 1). Erbil.

Barzinji, T. (2008). The impacts of Rwanga in the novelty of Kurdish poetry. Sulaymaniyah.

Fayli, N. (2009). History of tribes' origins and folklore. National Heritage. Erbil.

Fossil, P. (1968). Life in Iraq between 1814 and 1914. Baghdad. (Fade, A, Trans.). Baghdad.

Haydari, M. (2014). Dictionary of immortal names (Vol.1). Erbil.

Himdadi, H. (2011). Rwanga movement and its impacts on the poets of the city of Erbil in the seventies and eighties. Kirkuk.

Jelal, M. and Rashid, S. (2017). Memories: from childhood to the republican palace. Sulaymaniyah.

Kakasur, M. (2000). The role of Kurds' political and cultural oppressors in Southern Kurdistan, 1921-1945. Erbil.

Karim, A. & Debagh, T. (2006). The struggle. Sulaymaniyah.

Khailani, A. (2014). Memories.

Khayat, J. (2007). John Arthur's views in Iraq through the book of "Europian travelers in Iraq". Beirut.

Khaznadar, M. (2010). History of Kurdish literature (Vols. 3-4). Erbil.

Mohammed, E. (2005). Brayeti newspaper 1967-1974. Erbil.

Mohammed, K. (2005). The Faili Kurds between the campaigns and politics of torture. Erbil.

Mohammed, M. & Jawdat, K. (2003). Faculty of arts nucleus of Baghdad University. Adab-Al-Farahidi, 17.

Mohammed, R. (2014). Role of kurdish ministers in the royal government of Iraq, 1945-1958. Salahaddin University.

Najjar, J. (1991). The Ottoman administration in the state of Baghdad, from the reign of Wali Medhat Pasha to the end of Ottoman authority, 1869-1917. Cairo.

Najar, H. (2016). Intellectual movement of Erbil, 1958-1975. Erbil.

Nariman, M. (1977). Bibliography of Kurdish books, 1787-1975. Baghdad.

Nariman, M. (1989). Bibliography of Hawkari newspaper, 1970-1974. Baghdad.

Nariman, M. (1994). Memories. Baghdad.

Raouf, A. (2009). Safa Al-din Issa Al-Bandaji; His life and antiquities, 1788-1866. Erbil.

Salih, R. (2001). Diari Kurdistan, 1925-1926. Sulaymaniyah.

Siddiq, T. (2012). Kurd and Kurdistan during the Islamic caliphate era. Erbil.

Tovee, M. (2010). Word of loyalty in memory of Hafiz-Al-Qazi. Rojname nws, 20.

Zana, X. (1980). At Baghdad in the nineteenth to twentieth centuries. Roshinbiri new, 82.

**Magazines and Newspapers**

Adibi Eraqi (magazine), Baghdad, V:(1), july1960.

Al-wqaeeh Al-Iraqie, V:(1917), September 1970.

Deng u bas (Newspaper), Baghdad, V:(231), (232),(233), (234),(235),(236), February1967.

Hawkari (Newspaper), Baghdad, V(15),April 1970, V:(17), May 1970, V:(22) June1970, V:(7), February 1971, V(13) April 1971, V:(16), V: (21)May 1971, V:(39) October 1971, V:(44) September 1971, V:(111) April 1971, V: (125) July 1972.

Hiwa (magazine), Baghdad, V:15, V: (2) August1958, V:(3) September 1958, V:(1) November 1959, V: (6-7) November 1959, V:(8) March 1959, V: (11-12) June and July 1959, V:(30) October 1960, V:(31) January 1961.

Koleji Edebiat (magazine), Baghdad, V:15 1971-1972, V:17 1974, V:18 1974.

Kori zaniary kurd (magazine), Baghdad, V:(1) 1973, V:(1-2) 1974.

Nariman, M. (1983). Bibliography of Bayan magazine, 9.

Peshkewtn (magazine), Baghdad, V:(20), September 1958, V:110, April1960.

Ronahee, (magazine), Baghdad, V: (1) 1969, V:(2) july1960, V:(3) 1960, V:(5-6) 1961.

Roshnbiri nwe (magazine), Baghdad, V:(24), (25) july 1974, V:(26),(28) Augest 1974.

Twtn (magazine), Baghdad, V:1-2, May 1969, V:3, Desember1969.

**Interviews**

Abdullah,A. (2016,October 5 ). Personal interview.

Abdullah,A.(2017, Febrwary 19). Personal interview.

Abdulrezaq,B. (2017,July 13) . Personal interview.

Kake mem,B. (2017,October 22) . Personal interview.

Kamil, Z. (2017,April 23). Personal interview.

Kurdistan,M. (2016,October 6) . Personal interview.

Momtaz, H. (2016,October 1) . Personal interview.

Mustafa,S. (2017, April 23) . Personal interview.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 534–561
http://www.ijoks.com

# Sherko Bekas's rebellion poetic language in the volume of: Now a girl is my country

***Mohammad Dler Amin Mohammad***[1] ***Ahmad Mohammad Rashid Mira***[2]

**Received**: Mar 07, 2018**Reviewed**: Apr 07, 2018 **Accepted**: Apr15, 2018

## Abstract

Sherko Bekas holds a unique position in literature due to the contribution he has made to the poetry of Kurdish language. The research paper is an attempt to present "Sherko Bekas's rebellion poetic language in the volume of: Now a girl is my country". The researcher seeks to study a specific aspect of the volume in which he investigated how the poet used a different language in order to manifest and deliver his mission. Sherko Bekas used a particular language in this volume which is unique in terms of artistic images, tone of words as well as content and form. One of the great hallmarks of this volume is that the poet gives an outstanding role to the common words which are used daily in his community. To ensure that his mission is received, he did not take the barriers of language use into account and he used a form of language which goes parallel with that type of life fashion he wanted to create in this volume. In the volume "now a girl is my country", Sherko Bekas announced his revolt against the harsh realities of life in his country through using a "rich language" which allows him for much freedom in expressing his thought. In this paper we intend to make a detailed and comprehensive analysis of the idiosyncrasies of the rebellion language lies behind Sherko Bekas's language use in the volume.

**Keywords:** Rebellion, Poetic Language,Artistic Images, Barriers of Language, Lexical Word

**Recommended citation:**
Mohammad, M.D.A.& Mira, A.M.R., (2018). Sherko Bekas's rebellion poetic language in the volume of: Now a girl is my country. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 534–561.
doi: **10.21600/ ijoks.454477**

[1] Professor Dr. Department of Kurdish Language/ College of Language/ Language & Humanities/ University of Sulaimani. Kurdistan Region - Iraq. E-mail:**hamadler.muhammed@univsul.edu.iq**
[2]Assistant Lecturer- Phd Student. Department of Kurdish Language/ College of Language/ Language & Humanities/ University of Sulaimani. Kurdistan Region - Iraq. E-mail:**Ahmad.r.mira@gmail.com**

# زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەسدا

پ.د.محەمەد دلێر ئەمین محەمەد م.ی.ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان بەشی کوردی

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی ئێستا کچێک نیشتمانمە_ی شێرکۆ بێکەسدا)، لە نامەی دکتۆرای توێژەرەوە وەرگیراوە، کە بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی توێژینەوەی وەسفیی شیکاریی، کاری تێدا کراوە. لەو ڕووەشەوە توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە، بە شێوەیەکەم بۆ (زمانی شیعریی یاخیبوون و تایبەتمەندییەکانی) تەرخانکراوە، کە توێژینەوەیە لە زمانی شیعریی و دواتر دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییانەی، زمانی شیعریی یاخیبوونیان پێدەناسرێتەوە.

لە بەشی دووەمدا، جەخت لە زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی ئێستا کچێک نیشتمانمە_ی شێرکۆ بێکەسدا کراوەتەوە، لەو ڕوانگەیەشەوە، وێڕای خستنەڕووی زمانی شیعریی لە ئەزموونی شیعریی شاعیردا، ئەوەی زیاتر جێگەی گرنگیی توێژینەوەکەیە،ڕەهەندەکانی زمانی شیعریی یاخیبوونە، کە پەیوەست بە دەقە شیعرییەکانی ناو دیوانەکەوە کاریان لەسەر کراوە، بەوەش لادانی زمانی لەپێناو بەرهەمهێنان و بەرجەستەکردنی بیری یاخیبووندا، بنەمای شیکردنەوەکان پێکدەهێنێت.

ئامانجی زانستیی توێژینەوەکە،ڕاڤەکردنی زمانی شیعریی یاخیبوون و خستنەڕووی ڕەهەندەکانیەتی بەشێوەیەکی زانستی لە دیوانەکەدا، سەرباری نیشاندانی ڕۆڵی لادانی زمانی لە گەیاندنی پەیامی یاخیبووندا لای شاعیر.

## 1/1چەمک و پێناسەو تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی

هەموو داهێنەرێکی ئەدەبی، زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە چۆنیەتیی هەڵبژاردنی وشەکان و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان و دانانی ناوو کەرەستەکانی تردا، جیاوازە لە زمانی ئاسایی. لە بنەڕەتدا زمانی دەقی ئەدەبی، نامۆکردنی وشەکانە لەچاو بەکارهێنانی هەمان ئەو وشانەدا لەکاتی گفتوگۆکردنی ئاسایی نێوان مرۆڤەکان. شاعیر و کەسێکی ئاسایی، هەر هەمان وشە بەکاردێنن، بەڵام جیاوازییەکە کاتێکدروستدەبێت، کە شاعیر لەکاتی بەکارهێنانی وشەکاندا دەیانخاتە بارێکی (نامۆبوون)ەوە. ئاڵوگۆڕی زمان لە دۆخی ئاساییەوە بۆ دۆخی نامۆبوون، سیستەمی تایبەت بە خۆی هەیە. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە، شاعیر چۆن دەیڵێت، نەک ئەوەی چی دەڵێت.

گۆڕینی زمانی باو خۆی بۆ خۆی،یاخیبوونێکی کۆمەلایەتییە، ئەدەبی بەرز هەمیشە نامۆبوونی تێدایەو ئەدەبێکە شتێکی ئاسایی وەک مەتەڵ لێدەکات، وا دەکات گەڕان بەدوای واتادا بوونی هەبێت، وەک سیمبولیزمەکان باسیدەکەن(زمان هۆیە بۆ دەربڕینی ئامانجێکی بەرز، کە هەڵگری بیرێکی بەرزو ڕەهایە،یاخود وەک زمانەوانی/ زمانەوانانی (چێک)ی باسیدەکەن، لادان لە زمانی ئاسایی و هەوڵی هێنانەکایەی شیعری (ئەدەبی)یە)[i].

بێگومان ئەگەر زمانی دەقی ئەدەبی، جیاوازتر نەبوایە لە زمانی ئاسایی، ئەوا هەموو کەسێك دەبوو بە شاعیر، بەڵام تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی وادەکەن، کە جیاوازیی زۆرو قووڵ لەم بوارەدا دروستببێت، چونکە نامۆکردنی وشەکان لای شاعیر، جادوویەکی تایبەتی پێدەبەخشێت، ئەمەش لە توانای ڕێکخستنی وشەکانو بارگاویکردنیان بە هەستو سۆزو بیری تایبەتیی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێتو کاری خۆی دەکات. ئەمەش دۆخێکە تایبەتە بە شاعیرەکانو قسەکەری ئاسایی ئەو توانایەی نییە، "تەنها شاعیرەکان نەبێت دەتوانن مانای نوێ ببەخشنو لە پشت هەر وشەیەك چەندین واتاو چەمكو مەبەست چڕبکەنەوە، چونکە زمان ئامۆکارێك نییە بۆ گەیاندنی داڵەکان، بەڵکو لەسەر مەدلولەکانیش کاردەکاتو دەیەوێت لە سیاقی پێکهاتەی دەقدا جێگەی بکاتەوە، کە قسەیەوە لەسەر ئەم بنەمایە لە ئەفسانەوە نزیکە، ئەفسانە وەك پێکهاتەیەکی بیری بەرایی، کار لەسەر گەڕان بەدوای مانادا دەکات، نەك ئەوەی سەرقاڵی دۆزینەوەی مانا بێت، جگە لەوەش زمانی ئەدەبی، زمانێکی تایبەتییە، هەر لەبەر ئەمەشە هونەری بەکارهێنانی تەنها لە دەست ئەو کەسانە دەبێت کە بەهرەی نووسینو شاعیریەتیان تێدایە. زمان سیستەمێکە لە نیشانە(sign) ەکان پێکهاتووە، هەر کام لە یەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە، واتە لە گوتاردا کۆمەڵێ نیشانەیەك هەڵدەبژێرینو لە بەشێك لە تواناکانی زمان کەڵك وەردەگرینو شێوەیەك وتەی تاکە کەس یان شێوەی تایبەت بە خۆمان دەخوڵقێنین".[ii]

هەموو نیشانەیەك واتای خۆی لەو جێگەیەوە، کە لە تۆڕێکی پەیوەندیدا هەیەتی، پەیدادەکات، کە هەم بە ئاسۆییو هەم بە ستوونی لە تێکستەکەدا هەیە، (ڕۆلان بارت)پێیوایە واتا لە کۆتایی گێڕانەوەکەدا نییە، بەڵکو لە بەزاندنی سنوورەکانیدایە، مەبەستی بارت لە مۆدێلەدا ئەوەیە، کە هەموو ڕەگەزەکانی تێکستەکە هەریەکەو بەدەوری خۆیو هەمووی بەیەکەوە واتای لێکراوە دێنێتەکایەوەو هەروەها دەڵێت: "لە تێکستدا هیچ شتێك لەناکاو یان ڕێککەوت نییە، هونەر سیستەمێکە ڕێگە بە شتی زیادەو لەناکاو نادات‌و ئەمانەشی تێدا نییە".[iii]

دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە نیشانە بەهایەکی گەورەی لە زماندا هەیە، دواجاریش وەك زانستێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، تەنانەت لەچاو بونیادگەریدا بە بنەڕەتیتر دادەنرێت تا ئەو ڕادەیەی هەموو بونیادگەری، لەچوارچێوەی (زانستی نیشانە)دا دەسوڕێتەوە. لێرەدا دەبێت هەردوو ئاستی سینتاگمیو پارادیگمی ڕوونبکەینەوە بۆئەوەی ئەو گۆڕانە دەربخەین، کە لە ئاستی ستوونییو ئاسۆیی بەکارهێنانی وشەکاندا لەناو ئاخاوتنو دەقی ئەدەبیدا، دەردەکەون.[iv]

<u>هەڵبژاردە</u>

| | | | |
|---|---|---|---|
| پارادیگما | ژنەکە | بە ئاشتی | بۆ داڵانەکە |
| هات | بەدەم زەوی پاککردنەوەوە | بۆناو هۆڵەکە | |
| کۆترە خنجیلانەکە | بە شەقەی باڵ | بۆ ناو ژیانی من | |

سینتاگمی _ ئاسۆیی _ لێکدان

←

لادان لە زماندا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریو ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی ئەو نامۆییە پێویستەی، کە دەبێت لە زمانی شیعریدا بوونی هەبێت، هەروەها یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستکردنی زمانی

شیعری و دەبێتە یەکێک لە خاڵە جیاکەرەوەکانی نێوان زمانی شیعر و زمانی ئاسایی خەڵکی تر. "بەر لە هەموو شتێک لادان پەیوەستە بە چەمکە شێوازی و رەخنەیی و زمانەوانی و رەوانبێژییەکانەوە، (لێوە ێن)، کە رەخنەگرێکی پرۆفیشناڵی لادانە، دەڵێت شیعرییەت بەبێ لادان، کارێکی لاسەنگە، بەوپێیەی شیعرییەت پشت بە لادانی زمانی و دەربڕینەکان دەبەستێت. لە هەمانکاتیشدا شیعرییەت خۆی لە زمان و دەربڕینە ئاڵۆز و تەمومژاوییەکاندا دەبینێتەوە، کە لادان فاکتەرێکی هەرە سەرەکییە ئەم پرۆسە ئاڵۆزەی. هەروەها لادان بە کاری گواستنەوەی بونیادە سادەکان بۆ بونیادە قووڵەکان هەڵدەستێت. هەر لەبەر ئەمەش لادان دە توانێت دەستنیشانی جوانییە ئێستاتیکی و دەربڕینەکانی دەق بکات و لێرەشەوە جیاوازییەکان لەنێوان دەقێکی ئێرجینال و نائێرجینال بەدەردەکەون"[v].

ئەم لادانە زمانییەش لە ئەنجامی کاردانەوە دەروونییەکانی شاعیرەوە بەرامبەر بە رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان و ژینگەی دەوروبەری دروستدەبێت، زۆرجاریش شاعیر کاتێک ئەم کارە ئەنجامدەدات، یان مەبەستی ئەوەیە لەم رێگەیەوە سەرنجی خوێنەر رابکێشێت، یاخود دەیەوێت خوێنەر بەرەو ئاراستەی واتا قووڵەکانی دەقەکە بەرێت، ئەم لادانە لە هەموو ئاستەکانی زماندا روودەدات، هەر لە ئاستی دەنگەوە تا دەگاتە ئاستی واتا. واتە دەگونجێت لادانەکە لە ئاستی (دەنگ و وشە و رستە و واتا) دا دروستببێت. بەشێوەیەکی گشتی، دوو جۆر لادانی زمانی دیاریکراون، کە بریتین لە:

یەکەم/ لادانی دەرەکی: بریتییە لە بەیەکگەیشتنی شیعر و پەخشان، بەوپێیەی هەردووکیان خاوەنی یەک پرۆژەی کارنامەیین.

دووەم/ لادانی ناوەکی: بریتییە لە جێگۆڕکێیی وشەیی، یان هاتنی وشەی نامۆ و تازە، کە پێویستە لە رێگەی پێوەرێکی لۆجیکیی جیهانیی هەستیارییەوە بێت، بەپێچەوانەوە لادانەکە بە رێگەیتیقی دەمێنێتەوە و لە کارنامە ئێستاتیکی و دەربڕینە واتاییەکان دووردەکەوێتەوە. وشە نامۆکان، گەرچی لەسەرەتادا تووشی ئارگومێنت دەبێت و نیگەرانی خوێنەر وەک پێویست مامەڵەی لەگەڵدا ناکات، بەڵام دواتر پێدەزانێت قۆناغی پرۆسەیەکی ئاسایی سەربەخۆوە. ئەمەش لەو کاتانەدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، کە وشەکان توانای کارنامەیی کارێگەری و پەیوەندی و روونکردنەوەیی بەدیبێنێت.

یەکێک لە پێوانە سەرەکییەکانی دەقێکی بالای ئەدەبی، بریتییە لە زمانێکی ئەدەبیی بالا. بۆئەوەی پایەی شاعیرێکی مەزن دیاریکەین، دەبێت لەسەر زمانی دەقەکانی بوەستین و ئاستی بەکارهێنان و دەوڵەمەندیی فەرهەنگەکەی بخەینەروو، ئەم گرنگیدانەش بە زمانی دەق، بە قووڵیی پەیوەندیی نێوان بیری نووسەر و زمانی نووسینی نووسەرەوە پەیوەستە، هەمیشە ئەوانەی خاوەنی بیرێکی بالان، دەبێت خاوەنی زمانێکی بالای دەربڕین و نووسین بن، ئەم بالادەستییە لە نووسیندا کاتێک دێتەدی، نووسەر، یاخود ئەدیب توانای تەواوەتی هەبێت بەسەر هەموو ئاستەکانی رێزمان و فەرهەنگی زمانی نووسینی دەقەکانیدا، دواجاریش دەقی ئەدەبی، هەر بۆخۆی لە بنەرەتدا زمانە، واتە زمان پێکهێنەری دەق و دەربڕی بیری نووسەری دەقەکەشە.

زمان بە هەموو ئاست و پێکهێنەرەکانییەوە لە دەنگەوە تا ئاستی داڕشتن و پێکهاتن و واتاکانی، ئەو شتانەن، کە شاعیرە گەورەدەکەن لە هەموو ئەو شتانەی هەستیان پێدەکات و دەیاننوسێت. بەشێوەیەکی گشتی، زمان بونیادی دەرەکیی دەق و رەنگدانەوەی بیری دەقەکەیە، هەربۆیەش پێویستە ئەو بونیادە دەرەکییەی دەق، بە تەواوەتی بتوانێت رەنگدەرەوەی بیری دەقەکە بێت و توانای دەربڕینی هەموو راستییەکانی هەبێت و بەشێوەیەکی راستگۆیانە و زیندووانە، گوزارشتیان لێبکات.[vi]

نابێت زمانی دەق لە گەیاندنی هەستو نەستو باری دەروونیو بیری شاعیردا لاوازو کەمتوانا بێت، بەڵکو پێویستە زۆر بە گونجاویو تەندروستی، و بێدانو خەیاڵی شاعیر وەك خ ۆی بگەیەنێت، شاعیری بەتوانا ئەوەی لەم بوارە دا بەهرەمەندیی خۆی بخاتەڕوو، تەنگەبەری بەکارهێنانی زمان بۆ دەربڕینی خەیاڵو بیردانی خۆی تێپەڕێنێتو ڕێگەنەدات ئەو گرفتانەی پێکهاتەکانی زمان بۆی دروستدەکەن، ببنە گرفت لەبەردەم گەیاندنی بیری دەقەکەدا، ئەمەش بەو توانا داهێنەرانە دێتەدی، کە شاعیر لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا هەیەتیو دەتوانێت ئەو گەمارۆ زمانییەی سەر دەقەکەی بشکێنێت، هەروەها دەبێت هەموو کۆتو کۆمەڵایەتیو ئاینیو سیاسییەکانی ژینگەکەی بشکێنێت، تا بە ئەوپەڕی تواناو کراوەییەوە بیرەکانی خۆی بگەیەنێت، ئەمەش وەك دەردەکەوێت کارکردنی شاعیرە لەسەر هەردوو ئاستی واتاو ڕێزمان لە دەقەکەیداو تێپەڕاندنی ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی، کە زمانی باو بۆ شاعیری دروستدەکەنو ڕێگەنادات کۆسپەکانی زمان ببنە ڕێگر لەبەردەم دەربڕینی بیرو هەستی خۆیدا (شاعیر وەك باڵندەیەکی ئازادە، لە ئاسمانی ئەندێشەدا بە ویستی خۆی دەفڕێتو ئازادی بۆ هونەرەکەی دروست دەکات، ڕێگەنادات کۆسپەکانی زمان پابەندی بکەنو سنوری بۆ دابنێنو نابێت لەکاتی هۆنینەوەی شیعردا بیر لە ڕێگرییە زمانەوانییەکان بکاتەوە، جگە لەو کاتانە نەبێت، کە ئەو کۆسپانە لەرمەتیەری دەبن بۆئەوەی خزمەتی کارە هونەرییەکەی بکەن)[vii].

لەلایەکی دیکەوە دەبێت لە بابەتی (زمانی دەق)دا لەسەر بابەتی (واتا) بوەستین، کە پایەیەکی گرنگی زمانی دەقی ئەدەبی دروستدەکاتو پەیوەندییەکی زۆری بە زمانی شیعرییلادانبوونەوە هەیە، بەو پێیەی ئەمجۆرە زمانە ئەوەندەی لەگەڵ واتای دەقدا مامەڵەدەکات، ئەوەندە لەگەڵ پێکهاتەڕێزمانییەکانی دەقدا مامەڵەناکات. ئەمەش بەو واتایە نایەت، کە زمانی شیعرییلادانبوون جەخت لە سەر دەنگو وشە و سیستەمی زمانەکە ناکات، بەڵکو بەو واتایە دێت، کە لە زمانی شیعرییلادانبووندا، زیاترڕەهەندی (واتا)کە لەبەرچاودەگیرێتو کاری لەسەر دەکرێت. لێرەشدا چەمکێکی گرنگ کاری پێدەکرێت، ئەویش چەمکی (مێتا_واتا)یە، چونکە ئەم چەمکە ڕۆڵێکی گرنك لەم بوارەدا دەگێڕێت، (مێتا_واتا تاڕادەیەکی باش ڕۆڵی هاوسەنگی بابەتی دەبینێتو توانای تێکشکانی بەربەستە کلاسیکییەکانی هەیە. واتە گەر بەشێوە کلاسیکییەکان کار لەسەر دەقێکی شیعری بکرێتو دەقەکە لێکۆن بێتەوە تازە، ئەوا خوێنەرەکە تەنها خۆی دەبەستێتەوە بە سیاقی دەقەکەوە لەڕووە ئاشکراکەیەوە، نەك قووڵەکەی. بەمەش دەقەکە بێبەرێتە قۆناغی خوێندنەوە مێژووییەکان، کە لە زۆر حاڵەتدا پاڵەوانی سەرەکیی بابەتێکی دیاریکراوە،یان خاوەن دەقەکەیە. ئەمە گەرچی پێویستییەکی گێڕانەوەییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ترازاندنێشە لە مانای ماناکان و ئیشەی وەرگر دووردەخاتەوە لە ڕاستییەکانی دەق. سیستەمی مێتا_واتایی، دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت:

یەکەمیان: پاراستنی کەسێتی نەسقە دەقییەکان.

دووەمیان: بەردەوامبوونی مانای نە سقەکانو نەبەستنەوەیان بە مانایەکی چەقبەستووی دیاریکراوەوە. بەمەش چەندین مەسەلەو کێشەی هەڵواسراو چارەسەردەکرێن. ئەم دوو ئەرکەش، دوو ئەنجامی سەرەکی لە ئەستۆ دەگرن:

1. دەستنیشانکردنی توانا ڕۆشنبیریو مەعریفیو بیریو هونەرییەکانی دەقو خاوەنەکەی.

2.قاییلکردنی وەرگرو خوێنەر بە پرۆسەی مانای دەق، هەر خوێنەرەو بەپێی ئاستی جۆری بیرکردنەوەکەی وەریدەگرێت.

لەسەرباو بەدەستهێنانی ماناکان لە ماناکەیدا، مێتا_واتا مامەڵە لەگەڵ دوو جۆر لە فۆرمدا دەکات:

ا. فۆرمی بنەما سەرەکیو گشتییەکانی دەق، واتە بەچوارچێوەکردنی هێڵە سەرەکییەکانی دەق.

ب. بەگەڕخستنو گواستنەوەی مانا سەرەتاییو گشتییەکان بۆ مانا وردو جۆراوجۆرەکان)[viii].

ئەو ڕەهەندەی زمان، کە پەیوەستە بە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی زمانی شیعریی یاخیبوون، ڕەهەندی ڕێزمانییە، یاخود ڕەهەندی
واتاییە، یاخود هەردوو لایەنی (واتا و ڕێزمان) لە دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە زمانەدا گرنگن. بێگومان لە
دۆخێکی لەو جۆرەدا ڕەهەندی واتایی گرنگترە و زیاتر دەتوانێت مەبەستی دیاریکراو بەیەنێتەدی، بەڵام نابێت لایەنی ڕێزمانی
لە زمانی شیعریی یاخیبووندا فەرامۆشبکرێت و بەهاکەی نادیدە وەربگیرێت، چونکە ئەم لایەنەش تا ئەندازەیەک ڕۆڵی هەیە لە
دروستکردن و بونیادنانی زمانی شیعریی یاخیبووندا. هەرچەندە لەکۆنەوە پرسیارێکی گرنگ لەئارادایە، ئەویش ئەوەیە، ئایا
دەتوانین لەڕێی ڕێزمانی دەقێکی ئەدەبییەوە، لەبیری شاعیر، یاخود نووسەرەکە تێبگەین؟

سەرەڕای گرنگیی بەها ڕێزمانییەکانی دەق، بەڵام بۆ ڕاڤەکردنی بیری نووسەر، یان شاعیر، زیاتر دەبێت پشت بەلایەنی
واتایی ئەو وشە و دەنگ و ڕستانە ببەستین، کە بەپێی بنەما ڕێزمانییەکان پێکهاتوون. ئەمە سەرەڕای ئەو پەیوەندییە
قووڵەی لەنێوان ڕێزمان و واتادا لە دەقی ئەدەبیدا هەیە، چونکە بەرهەمهێنانی واتا لە دەقی ئەدەبیدا، لەسەر چوار خاڵ
وەستاوە:

1.ڕاڤەکردنی چوارچێوە (سیاق)ی دەنگی و وشەسازی و ڕستەسازی و فەرهەنگی.

2.دیاریکردنی کەسایەتیی قسەکەر و گوێگر و بارودۆخی وتنی قسەکە.

3.دیاریکردنی جۆری ئەرکی قسەکە.

4.دیاریکردنی کاریگەریی قسەکە[ix].

زمانی شیعریی، یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی، ڕاڤەکارانی دەقی ئەدەبی و ڕەخنەگران زۆر بە گرنگییەوە لەسەری دەوەستن و
بەهۆیەوە دەتوانن دیوە شاراوەکانی دەقەکە دیاریبکەن، ئەم گرنگیدانەش بە زمانی دەق تا ئەو ئاستە دەڕوات، کە
شێوازگەرەکان لەمبارەیەوە ئەو پرسیارە گرنگە بکەن، "ئایا باری دەروونیی نووسەرێکی دیاریکراو لەڕێی زمانی
تایبەتیی دەقەکەیەوە دیاریدەکرێت، یاخود نا؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە، بەپێی شێوازی بەکارهێنانی جۆری زمانەکەی،
دەتوانین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

لەلایەکی ترەوە ئەو پەیوەندییە قووڵەی لەنێوان زمان و باری دەروونیی نووسەردا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکەم
بەریەککەوتنی نووسەر لەگەڵ کردەی نووسینەکەیدا، زمانە. وەک عزەدین أسماعیل لە کتێبی (الشعر العربي المعاصر،
قضاياه و ظواهر الفنية و المعنوية)دا دەڵێت: "لە هەموو کارێکی هونەریدا، زمان یەکەمین دیاردەیە، کە وشە وەک
هۆکارێک بۆ دەربڕین تێیدا بەکاردێت "[x].

واتە باری دەروونیی شاعیر و نوسەر، ڕۆڵێکی گەورە لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان و چۆنێتیی ڕێکخستن و بەکارهێنانیاندا
دەگێڕن، چۆنێتیی هەڵبژاردنی دەنگ و هێزی وشەکان و بەخشینی واتای جوان و ناشیرین بە زمانەکە، چونکە لە بنەڕەتدا
سەرچاوەی زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەبی، هەر ئەو وشە و دەنگانەن، کە هەموومان بەکاریاندەهێنین، بەڵام کاتێک دەچنە
چوارچێوەی دەقی ئەدەبییەوە، گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. شاعیر دەتوانێت بەهۆیانەوە جوانی و ناسکی، یاخود
توورەیی و ڕقلێبوونەوە دەرببڕێت، یان دەتوانێت بەهۆیانەوە خۆڕادەستبکات و ببێتە شاعیرێکی دەربار، یاخود خۆی بکاتە
شاعیرێکی یاخی و ناڕازی.

سەرەڕای باسکردن لە بەهای واتا لە زمانی شیعریدا، دەبێت لایەنی هونەریی دەقەکەش بەهەندوەرگرین، بەتایبەت بابەتی
ڕەوانبێژی لە دەقی شیعریدا، کە بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی جیهانی، ڕەخنەگران پێیەوە سەرقاڵبوون و کاری قووڵ و
گەورەیانلەبارەیەوە کردووە. هەرچەندە هەندێک لە زاناکان پێیان وایە بابەتی ڕەوانبێژی لە دەقی ئەدەبیدا گرنگییەکەی بۆ
نییە و ئەرکەکەی تەنها لە ڕازاندنەوەی دەقە ئەدەبییەکەدا چڕدەبێتەوە. (مالارمێ) دەڵێت: "وێنە ڕەوانبێژییەکان ئەوانەی کە

زۆرجار دەورێکی ئاراییشتی لە سیستەمی زماندا دەبینێت، وا دیارە هیچ دەورێکی نییە تەنها بۆڕوونکردنەوەی مەبەستێک نەبێت لەوەشدا وەك نیشاندانی خشڵێك وایە، کە بابەتی گوتار دەتوانێت لێیگەڕێت و کاریگەرییەکات"[xi].

ئەم بۆچوونە کەموکورتی تێدایە، چونکە ئەرکی ڕەوانبێژی لە دەقی ئەدەبیدا لەپاڵ ئەرکە هونەرییەکەیدا، ئەرکێکی واتایی هەیەو بەشدارییەکی بەردەوامی لە بونیادنانی واتای دەقدا هەیە، لەمبارەیەوە ئەرکی ڕەوانبێژی ئەوەندە گرنگ و کاریگەرە، وا دادەنرێت، ئەگەر کەسێك شارەزایی لە ڕەوانبێژیدا نەبێت، بێگومان ناتوانێت لە واتای دەقە ئەدەبییەکە بگات. بوونی ڕەوانبێژی لە هەر زمان و دەقێکی ئەدەبیدا، دەرخستنی بونیادی قووڵی زمان و دەقە ئەدەبییەکەیە، چونکە وەك چۆن هەموو زمانێك بونیادی ڕووکەش و قووڵی هەیە، بە هەمان شێوەش هەموو دەقێکی ئەدەبی، بونیادی ڕووکەش و قووڵی هەیە، کە ڕەوانبێژی دەکەوێتە بونیادە قووڵەکەی دەقەوە. دەبێت لێرەدا ڕاستییەکی زانستی دەربارەی زمان لەبەرچاو بگرین، ئەویش ئەوەیە، کە:

١-هەموو زمانێك بونیادێکی ڕووکەش و بونیادێکی قووڵی زمانی هەیە.

٢-لە هەموو زمانێکدا، چەمکی گواستنەوەیی لە بونیادی ڕووکەشەوە بۆ بونیادی قووڵ بوونی هەیە[xii].

لەناو ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەڵاتداو بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیدا، گرنگییەکی زۆر بە بابەتی ڕەوانبێژی لەناو دەقی شیعریدا دراوە، فێربوونی ئەم زانستەش، وەك یەکێك لە مەرجە بنەڕەتییەکانی فێربوونی زانستە ئیسلامییەکان دانراوەو پایەی شیعرو زمانی شیعریی، زۆر بەرز نرخێنراوەو "خودی شیعر پلەیەکی باڵای لەناو زمان خۆیدا لەدوای قسەی خوداو پێغەمبەران دێت و لەسەرووی هەموو وتن و قسەیەکەوەیە، ئەمەش بەهۆی بوونی ئەو ڕەوانبێژییەی تێدایەتی، لەناو عەرەبدا دوو پلەی قسەکردن هەیە، باڵاکەیان ئەوەیە ڕەوانبێژی و کێش و سەروای تێدایە، ئاستی خوارەوەشی، ئەو زمانەیە، خاڵییە لە ڕەوانبێژی و ئاستی هونەری"[xiii].

وەك پێشتر وتمان، زمان نامانگەیەنێتە ڕاستی لەناو دەقدا، وەك (رومان جاکۆبسن) دەڵێت: " بەهۆی زمانەوە ناگەینە ڕاستی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمان کەرەستەی بونیادنانی دەقە"[xiv].

بە کورتی دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە وشەو دەنگ، وێنە، ئاماژەو جوڵەکان، تەنانەت بارودۆخی شاعیر وەك بێدەنگی، هاوارکردن، پێکەنین، هەژاری و دەوڵەمەندی، خوێندەواری و نەخوێندەواری، ....هتد، هەموو ئەمانە، کاریگەریی قووڵیان لەسەر زمانی شیعری و چۆنێتی دەربڕین و نووسین و پابەندبوون و یاخیبوونی شاعیر هەیە.

**2/1 تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی یاخیبوون**

کارێکی زانستیی ئێجگار گرانە بتوانین بەتەواوەتی تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی یاخیبوون دیاری بکەین. ئەگەر خودی (زمان) وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، تا ئێستا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت و هەر زانایەو لەڕوانگەی خۆیەوە پێوەی بناسێنێت، ناساندنی دەروونناسێك زۆر جیاوازترە لە ناساندنی خودی زمانەوانەکان بۆ زمان، چونکە هەریەکەیان پێوانەو بنەمای زانستیی خۆیان هەیە بۆ ناساندنی زمان و دیاریکردنی ئەرك و چۆنێتی کارکردن و تەنانەت چۆنێتی پەیدابوونیشی.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی، چەند خاسیەت و تایبەتمەندییەکی ئەم جۆرە زمانە لێرەدا بخەینەڕوو، بۆئەوەی لەکاتی دیاریکردنی زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەسدا، پێوەرمەندێکی زانستی بێت. دیارترین ئەو ڕەهەندو خاسیەت و تایبەتمەندییانەی لەمجۆرە زمانەدا هەن، بریتین لە:

### یەکەم:زمانی شیعریی یاخیبوون وەك كردەیەكی دەروونیی و كۆمەڵایەتی

زمانی شیعریی یاخیبوون ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو چوارچێوەی زمانی کۆمەڵایەتی و زمانی دەروونناسییەوە، لەبەرئەوەی کردەی یاخیبوون، کردەیەکی دەروونیی و کۆمەڵایەتییە، پێش ئەوەی کردەیەکی زمانەوانیی ڕووت بێت. " زانستی دەروونناسیی لە زمان دەکۆڵێتەوە، بەوپێیەی ڕووداوێکی جوڵاو گۆڕاوی دەروونییە processus، زانای دەروونناسیی، گرنگیدەدات بە زانینی ناوەخنی "الضمنية mise enoeuve لەلای تاکی قسەکەر و گرنگیدەدات بە بەجێگەیاندنی کرداری زمان لای تاک و ڕاڤەکردنی وتەکان لە بارودۆخی حەقیقیدا"[xv].

### دووەم:بەکارهێنانی هێماو ئاماژە

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی یاخیبوون، بریتییە لە بەکارهێنانی هێماو ئاماژە. بەکارهێنانی هێماو ئاماژە لەم جۆرە زمانەدا بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە. یەکەمیان پەیوەستە بە ترس، بەتایبەت بۆ ئەوەی، لە بارودۆخێکی سیاسیی نەگونجاودا شاعیر بتوانێت پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت. لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی هێماو ئاماژەکان لە دەقی شیعریدا بۆ ئەوەی، شاعیر بیەوێت لەشێوەی دارشتنێکی بەهێزدا پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت. تەنانەت لە زۆر باردا بەکارهێنانی ئەو جۆرە هێماو ئاماژانە، یاخیبوونە لە زمانی باوی بەکارهاتوو و داهێنانێکی نوێیە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانداو تێکشکاندنی بنەما کلاسیکییەکانی ناو زمانی دەقی ئەدەبییە، هەموو شاعیرێکیش لەم بوارەدا خاوەنی شێوازی تایبەتیی خۆیەتی، کە لە شاعیرەکانی تر جیایدەکاتەوە. "ئەو ناوەندەی کەسایەتییەکەی تێدایە، کاریگەری لەسەر بیرو هۆشی داهێنەرەکە دروستدەکات، لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی وشەکان و ڕێکخستنی وشەکان و شێوازەکەی، کە جیاوازترە لە هەموو شێوازەکانی تر"[xvi].

هەمیشە شاعیری داهێنەر دەیەوێت لەڕێی بەکارهێنانی هێما مێژوویی و ئەفسانەیی و ئایینی و نیشتمانیی و سیاسیی و سروشتییەکانی تایبەت بەخۆیەوە لەوانی تر جیاواز بێت، کاتێکیش دەیەوێت پەیامی یاخیبوونی بگەیەنێت، پشت بە یەکێک لەو هێمایانە ببەستێت، ڕاستە هەندێک لەو هێمایانە هاوبەش و جیهانین، بەڵام چۆنیەتی دارشتنەوەو بەکارهێنانیان لای شاعیر بەشێوەیەکی داهێنەرانە، تایبەتمەندیی تایبەتی خودی شاعیری پێدەبەخشێت.

### سێیەم:هونەرەکانی ڕەوانبێژی

زمانی شیعریی یاخیبوون، زۆر جەختدەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی، وەك هونەرەکانی (خواستن و خوازەو وەك یەکی) لەپێناوی گەیاندنی کاریگەرییانەی پەیامەکەی لەلایەن شاعیرەوەو دروستکردنی وێنەی هونەریی نوێ و کاریگەر "شیعر بەبێ وێنە بوونی نییەو دیارترین وێنەش لە شیعردا وێنە ڕەوانبێژییەکانن. زمانی خوازە زمانی یەکەمی مرۆڤایەتییەو ئامانجی گەورەو یەکەمی زمانی شیعرییە"[xvii]. هەربۆیەش پێویستە لەسەر ئەو شاعیرانەی دەیانەوێت پەیامی یاخیبوون بگەیەنن، شارەزایی زۆریان لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا هەبێت، ئەم شارەزاییەش یارمەتیی زۆریان دەدات بۆئەوەی بەشێوەیەکی هونەرمەندانەی بەرز، زمانی دەقە شیعرییەکانیان داڕێژن.

### چوارەم: فەرهەنگی وشەو زاراوەکان

ڕاستییەکی زانستی هەیە، ئەویش ئەوەی، وشەو زاراوەکان لە زمانی ئاسایی ئاخاوتندا یەك بەهایان هەیەو بێدەسەڵاتن، ئەوە توانای شاعیرە وادەکات بەهاو جوانیی و ناشیرینیی وەربگرن، بەڵام هەر مەبەستێکی شاعیرو داڕشتەیەکی ئەدەبی،

هەندێك وشەو زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە دەتوانین بڵێین فەرهەنگی زمانی شیعریی یاخیبوون، هەندێك وشەو زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیەو جیاوازەکاتەوە لە جۆرەکانی تری زمان لە هەردوو بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتیو زانستی زمانی دەروونیدا. وەك نووسەر (بدوی الجبل) لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (منیر العكش)دا دەڵێت: هەر وشەیەك ئەگەر لە ماڵی خۆیدا دانرا وشەیەکی جوانە، هەر وشەیەکیش ئەگەر لە ماڵی خۆیدا دانەنرا جوانییەکەی لەدەستدەدات)[xviii].

**پێنجەم: وێنەی هونەری**

وێنەی هونەری لە زمانی شیعریی یاخیبووندا، گرنگییەکی زۆری پێدەدرێتو هەر لە کۆنەوە لە دەقی ئەدەبیدا پێگەیەکی گرنگی هەبووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی بەربڵاو لە توێژینەوەرەخنەییەکاندا ئەم زاراوەیە بەکارهاتووەو وەك یەکێك لە بنیاتەکانی داهێنانی ئەدەبی لە شیعردا سەیرکراوە. وێنەی هونەریش لە دەقی شیعریدا لەسەر زمانی خوازەیی بونیاددەنرێت، وەك (سی دی لویس) لە کتێبی (الصورة الشعرية)دا دەڵێت: "بۆئەوەی لەبارەی شیعرەوە بیر بکەینەوە، دەبێت بیر لەسەر ەوێنەی خوازە لە شیعرەکەداو رەسەنایەتی بدەین. هەروەها (درایدن) بڕوای وایە وێنە بە تەنها گیانو ژیانی قەسیدەیە"[xix].

ئەرکی وێنەی هونەری لە زمانی شیعریی یاخیبووندا، تەنها ئەرکی رازاندنەوەو بەخشینی چێژ نییە لەرێی کردەی نامۆکردنی وشە ئاساییەکانەوە، بەڵکو ئەرکە بنەرەتییەکەی لە گەیاندنی ئەو بیرەدا بەرجەستەدەبێت، کە شاعیری یاخیبوو دەیەوێت بیگەیەنێت، وێنەی هونەری لێرەدا پەیوەستە بە کرداریی هاوبەش لەنێوان خەیاڵو خودو بابەتو زمانی خوازەییدا، کە دواجار وێنەیەکی نوێی هونەریی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە دروستدەکات بەمشێوەیە:

ئەندێشە + بابەت + خود (ناخ) + زمانی خوازەیی= وێنەی هونەری

↓ ↓

یاخیبوون = وێنەی هونەریی یاخیبوون

گرنگیی وێنەی هونەریی لە زمانی شیعریی یاخیبووندا لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە وێنەکە دەبێتە هۆکەم وێستگەی بەریەککەوتنی نێوان دەقی شیعریو خوێنەرەکەی، بەوەش دەتوانێت کاریگەریی دەروونی لەسەر ناخی خوێنەر دروستبکات، کە ئامانجی سەرەکیی شیعری یاخیبوونە دەبێتە هۆی جوڵاندنی هەستو سۆزو جوڵاندنی چالاکی لە ناخی خوێنەردا لەپێناوی ئەنجامدانی کاردانەوەیەکی ئەرێنی لە کردەی یاخیبووندا.

**شەشەم: لایەنی دەنگسازیی_ ئاواز لە زمانی شیعریی یاخیبووندا**

زمانی شیعریی یاخیبوون، خاوەنی ئاوازێکی تایبەت بە خۆیەتی، کە شاعیر بەهۆی هەڵبژاردنی جۆری دەنگو پیتو وشەکانەوە ئاوازێکی تایبەتو سەرنجڕاکێشیش دروستدەکات، کە دەربڕی ئەو بارودۆخە دەروونیو کۆمەڵایەتییە بێت، کە شاعیری تیادایەو دەیەوێت بیگەیەنێتە خوێنەرەکانیو مەبەستی تەواوەتی شاعیر بگەیەنێت. دیارە ئەم دۆخەی دروستکردنی ئاوازی شیعرییە لەرێی هەڵبژاردنی دەنگو وشە کانەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازەو کاریگەریو کاردانەوەکانیشی جیاوازن. ئەوەی لە زمانی شیعریی یاخیبووندا هەیە، چۆنێتیی گەیاندنی پەیامەکەو دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەرەکانی،یاخود ئەوانەی گوێیان لە دەقەکە دەبێت لەکاتی خوێندنەوەدا. کاریگەریی ئەمجۆرە زمانە زیاتر کاتێك دەردەکەوێت، کە شاعیر خۆی دەقەکە بخوێنێتەوە،یاخود کەسێکی تر بیخوێنێتەوە، چونکە ئەم پرسی یاخیبوونە، مامەڵەیەکی وردە لەگەڵ کردە کۆمەڵایەتیو دەروونییەکاندا. هەروەها شیعر پێکهاتەیەکی تایبەتە، کە لە

(دەنگ)ەوە دەستپێدەکات تا ساتەوەختی دروستکردنی دۆخی کاریگەریو کاریگەراوی لەنێوان خوێنەرو نووسەری دەقدا "شیعر پێکهاتەیەکە لە دەنگو وێنەو بیرو هەست، هەربۆیەش لەکاتی خوێندنەوەیدا لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، شیعر کۆمەڵێک بوونی جیاوازی هەیەو ناتوانین لە یەک بووندا گەمارۆی بدەین"[xx].

بەپێی ئەو بۆچوونانەی پێشوو، لە زمانی شیعریی یاخیبووندا ئاوازو چۆنیەتی خوێندنەوە، بەهاو کاریگەریی گەورەی هەیەو زیاتر لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەمجۆرە زمانە، مامەڵە لەگەڵ باری دەروونیی نووسەرو خوێنەری دەقی ئەدەبیدا دەکاتو کاردانەوە پێویستەکان دروستدەکات.

زمانی شیعریی یاخیبوون لەناو دەقی ئەدەبیی شاعیراندا، بەهایەکی گەورەی هەیەو تەنانەت دەتوانین بە دڵی دووەمی دەقەکەی دابنێین، هەمیشە زمانێکی پتەوو بەهێزو کاریگەر، پێچەوانەکەشی ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو ڕاستییە زانستییە لەبەرچاو بگرین، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان فۆرم (شێواز)و ناوەرۆکی دەقەکەدا هەیە، هەر ئەمەشە وادەکات ئێمە پێداگری بکەین لەنێوان ئەو کاریگەرییانەی، کە زمانی شیعریی یاخیبوون لەسەر پەیامی یاخیبوون لای شاعیر دروستیدەکات.

**1/2 زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)دا**

شێرکۆ بێکەس لەناو ئەدەبی کوردیدا یەکێکە لەو شاعیرانەی، خاوەنی زمانێکی تایبەتو سەرسوڕهێنەرە، بەجۆرێک کاریگەریی زمانی شیعریی بەسەر شیعری قۆناغی خۆیو دواتریشدا بەردەوام دەبێت.

شێرکۆ جگە لە زمانی شیعر، هیچ زمانێکی تر نازانێت "بۆ شیعرو بۆ عەشقو بۆ بەرگریو بۆ تووڕەبوونو بۆ داهێنان...تەنها زمانی شیعرو هیچی تر. شێرکۆ بێکەس لەناو ڕووبەرە فراوانەکەی شیعردا هەموو شتێک دەدوێنێو هەموو شتێک دەهێنێتە ڕێی شیعرو بە قسەیان دەهێنێ (مرۆڤ، عەشق، نیشتمان، خاک، چیا، ئاو، باران، وەرزەکان، باڵندەکان، ژنەکان، مێژوو، مافەکان، ستەمەکان، ...) هیچ شتێک نامێنێ لەڕێی شیعرەکانیدا نەیاندوێنێو حیواریان لەگەڵدا نەکات"[xxi].

شێرکۆ بێکەس لە زمانی شیعریدا کودەتایەکی گەورەی بەسەر زمانی شیعریی قۆناغی خۆیدا هێنا، تەنانەت هەر لەو ڕێگەیەشەوە خۆی لە قۆناغی (گۆرانو هاوڕێکانی) جیاکردەوە. واتە جیاوازیی شێرکۆ بێکەس لەگەڵ شاعیرەکانی تردا بە تەنها لە بوارە داهێنانی فۆرمی جیاوازی شیعردا نییەو تەنها لەو ناوەرۆکە قووڵەدا نییە، کە لە ئەزموونی شیعریی ئەودا بەرجەستەیە، بەڵکو بەدرێژایی ئەزموونی شیعریی خۆی، هەوڵیداوە خاوەنی زمانێکی تایبەتیی خۆی بێت لە هەموو ئاستەکانی زماندا، واتە لە (دەنگو وشەو ڕستەو واتا)دا. لەیەکەم ئەزموونی شیعر نووسینی خۆیەوە تا دوا دیوانی شیعریی خۆی (خێراکە مردن خەریکە بگات)، باڵادەستیی ئەو لە بواری زمانی شیعریدا بەدیدەکەین. تەنانەت خۆشی لە شیعرەکانیدا باس لە جیاوازیی زمانی شیعریی خۆیو زمانی شیعریی شاعیرەکانی تر دەکاتو ددان بەوەدا دەنێت، ئەو بە زمانێکی سادەو ڕەوان خۆیو عەشقو نیشتمانو شیعر دەنووسێتەوە. لە شیعری (دوو زمان)دا دەڵێت:

جیاوازیی منو زۆر شاعیر هەر ئەوەیە
بە زمانی سادە وەکو ئاوی ڕەوان
بۆ عەشقەکەی خۆم دەنووسم

بۆی عەشقیش ئەگەر لەوپەڕی دنیاش بێ

لە من ئەگا!

هەرچەندە لەزمانی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا خاڵێک هەیە دەکرێت وەك خاڵی لاوازی زمانی شیعریی ئەو سەیربکرێت، ئەویش ئەوەیە، زیاتر شێوەزاری سلێمانی بەسەردا زاڵەو زۆر گرنگی بە زمانی باوی نووسینی لە باشووری کوردستان نەداوە، هەر لە هەڵبژاردنی وشەکانەوە تا دەگاتە ئاستی ڕێنووس. لە زۆربارادا پابەندە بە ڕێنووسی شێوەزاری سلێمانییەوە، بەڵام لەڕووی فەرهەنگی وشەوە، هەوڵیداوە وشەی زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان بەکاربەێنێت.

ئەو وەختەی زمان لاڵ ئەبێ و سیس ئەبێ و

ئەوەرێ و ئەو وەختەی دڵنیایی ئەحەپەسێ و

بەختیاری نائومێد ئەبێ و بێکەسی ئەگری و

هەتا تاریك ئەبێ و لە بەرەبەیاندا شەو دادێ[xxii]

لە هەموو کردارەکانی ئەو کۆپلە شیعرەدا (ئەبێ، سیس ئەبێ، ئەوەرێ، ئەحەپەسێ، نائومێدئەبێ، ئەگری، تاریك ئەبێ) لە جیاتی (دە) وەك نیشانەی تافی‌رانەبردوو، نیشانەی (ئە) بەکاردێت، بەپێی ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس، بەشێوەیەکی بەردەوام لەجیاتی نیشانەی (دە)، (ئە) بەکارهاتووە، ئەم دۆخەش لە شیعری ئەودا وەك سیمایەکی تایبەتی لێهاتووە.

**2/2 ڕەهەندەکانی زمانی شیعریی‌یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا**

ئەگەر بەشێوەیەکی ورد بێینە سەر باسکردن لە زمانی شیعریی‌یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، کە لە شێوەی دەقێکی درێژدایە، دەتوانین لەسەر چەند ئاستو ڕەهەندێك لە زمانی شیعریی‌یاخیبوون لەو دیوانەدا قسەبکەین:

**١-٢/٢ ناونیشانی دیوانەکە**

هەر لە ناونیشانەکەوە شاعیر جاڕی‌یاخیبوون دەداتو دەیەوێت پێمان بڵێت، لەمەودوا بە هیچ شێوەیەك نیشتمان مەعشوقی من نییە، واتە هەڵگەڕانەوەیەکی گەورە بەهۆی ئەم ناونیشانەوە لە شیعرو بیرو ئەزموونی شیعریی شاعیردا بەدیدەکرێت. ئەم ناونیشانە تەنها ناونیشانی دیوانێکی شیعریی،یاخود دەقێکی درێژی ئەدەبی نییە، بەڵکو ناونیشانی مانیفێستی‌یاخیبوونە لە خۆیو لە ڕابوردوو و لە مەعشوق. شێرکۆ بێکەس لەمبارەیەوە دەڵێت: "(ئێستا کچێك نیشتمانمە) کتێبی بیزاربوونی گەنجێکی ئەم ڕۆژگارەیە، وەڕسبوون لە هەموو شتێکی نیشتمان، لە هەموو گەمە ناشیرینەکان، کتێبی چاوەڕوانییە نائومێدەکانە، کتێبی خەونی کوژراوەکانە"[xxiii].

بەکارهێنانی (ئێستا) لە ناونیشانەکەدا وەك دانانی خاڵی جیاوازیو دابڕان لە نێوان دوو قۆناغی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا. وەك ساتەوەختی جیابوونەوەو داپڕان لەنێوان مەعشوقە کۆنەکەی، کە نیشتمانەو مەعشوقە نوێیەکەی لە ئێستادا، کە (کچێك)ە.

| | | |
|---|---|---|
| مەعشوق | مەعشوق | |
| نیشتمان | → (ئێستا) | ← کچێك |
| ڕابوردوو | ↓ ئێستا | |

ساتەوەختی داپڕان

هەروەها دانانی ئە و ناونیشانە سەرنجڕاکێشە، ئاماژەی بۆ ئەو پرسیارە قووڵانەی شاعیر لە نیشتمانو جوانییەکانیو بیروزییەکانی هەیە، واتە هەڵبژاردنێکی پڕ پرسیاری گوماناوییە لە لێوی ئەزموونی شیعریی شاعیرو جیهانبینی شاعیر. خوێنەر کاتێک ئەم ناونیشانە دەبینێت، تووشی رامانێکی قووڵ دەبێت، واتە چۆن شاعیر لەرێی ئەم ناونیشانەوە گەلێک گومانو پرسیار دروستدەکات، بە هەمان شێوە خوێنەریش لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ناونیشانەدا گەلێک پرسیاری بۆ دروستدەبێت. لەوانە، ئایا نیشتمانی شاعیر بێش ئەم کچە، کوێ بووە؟ بۆچی شاعیر پشتی لە نیشتمانی لێون کردووە؟ دەبێت لەم نیشتمانەی بێتاتیا چی دەستبکەوێت؟

هەڵبژاردنی ناونیشانەکە تەواو گونجاوە لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا، بەجۆرێک خوێنەر هەر لە ناونیشانەکەیەوە هەست بەو ئاخێوونە گەورەیەی شاعیر دەکاتو دەیەوێت وەڵامی پرسیارەکانی بێشووی دەستبکەوێت. شاعیر بەمەبەست ئەو ناونیشانەیەهەڵبژاردووەو ویستوویەتی لە ێکەم بەریەککەوتنی خوێنەر لەگەڵ ئەم دیوانەدا، هەست بە کودەتایێکی گەورە لە جیهانبینی شاعیردا بکات.

شێرکۆ بێکەس لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانەدا وشەی (کچێک) بەکاردەهێنێت وەك کەسێکی نەناسراو، نەك کچێکی ناسراو، هەرچەندە لە ناوەرۆکی دەقەکەدا ناوی (ڕۆزانا) دەهێنێت، بەڵام دەیەوێت لە ناونیشانەکەدا بە نەناسراوی بمێنێتەوە، ئەمەش لەبێناوی ئەوەدای هەموو خوێنەرێک خۆی لە پەیوەندیدا بەێنێتەوە لەگەڵ کچە نەناسراوەکەی ناونیشانەکەدا، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگا سەرکەوتووانەی هەمیشە شاعیری بەهرەمەند لەگەڵ خوێنەرەکانیدا پەیرەوی دەکات، بۆئەوەی بواری داپڕان لەنێوان خوێنەرو دەقدا دروستنەبێت، بەڵکو تا کۆتایی دەقەکەی، ڕایەڵی پەیوەندی لەگەڵدا بهێڵێتەوە. لەم بوارەدا شێرکۆ بێکەسیەکێکە لەو شاعیرانەی کورد، کە خاوەنی ڕێبازێکی تایبەتیی خۆیەتی لە هەڵبژاردنی ناونیشانی سەرنجڕاکێش بۆ دەقە دووررودرێژەکانی. ڕاستە هەموو دەقێکی ئەدەبی، بێویستە ناونیشانی ئەدەبیو جیاواز بەخۆی هەبێت، بەڵام لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆدا، ئەم حاڵەتە زۆر تایبەتتر دەردەکەوێت. لە ناونیشانی (بێتا کچێک نیشتمانە)دا، شاعیر توانایێکی ئەدەبیو زمانەوانیی زۆر جیاوازی بەکارهێناوە، لەبێناوی بەستنەوەی ناوەڕۆکی دەقەکە لەگەڵ ناونیشانی دەقەکەدا.

### ٢-٢/٢ گەنجینەی وشەکانلە دیوانەکەدا

شێرکۆ بێکەس خاوەنی گەنجینەیێکی دەوڵەمەندی وشەیەو دەتوانین بڵێین، تەنانەت خاوەنی فەرهەنگی وشەی تایبەت بە خۆیەتی. لە هەموو دەقێکی شیعریدا، بوونی فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەند، ئاماژەی بۆ بوونی زمانێکی باڵای ئەدەبیو توانای دەربڕینی ئەدەبیی سەرکەوتوو لە گەیاندنی بیری شاعیر بە خوێنەرەکانیدا، چونکە "زمانی ئاسایی ناتوانێت ئاستی شاعیر بە بەرزی بهێڵێتەوەو تەواوی هەستو واتا و ئەندێشەی دوورو پێشبینییەکانو جیهانبینییەکانی شاعیر لەخۆبگرێت"[xxiv].

کەواتە بۆئەوەی شاعیر بتوانێت دەقێکی بەهێز بنووسێت، دەبێت بێش هەموو شتێک هەوڵی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەکانی بدات، ئەمەش لە ڕێی شارەزابوون لە زارو شێوەزارەکانی زمانو خوێندنەوەی بەردەوامەوە، هاوکات ئاگاداربوون لە تەواوی ئاستەکانی ناو کۆمەڵگاکەیو شارەزایی لە بواری کەلتووری کۆمەڵگاکەیدا، دێتەدی.

سەرەڕای بوونی گەنجینەیەکی فراوانی وشەو زاراوەو دەستەواژەی نوێ لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەسدا، بەشێوەیەکی دیار وشەی فەرهەنگی بەکارهاتوون، ئەم چەمکەش بە پێی (لۆدۆن) بریتییە لە سنوردارترین و سادەترین مانای وشە، بێ لەبەرچاوگرتنی هەستو سۆزمان لەو بارەیەوە،یان ئەو پێشنیازو مانا شاراوانەی، کە هەیەتی. لە ئینسایکلۆپیدیای پرینستۆندا دەڵێت: "بریتییە لە مانا ڕووکەشو ئاشکراکەی وشە، یان ئەوەی لە فەرهەنگدا دیاریکراوە"[xxv].

جیاوازیی زۆر لەنێوان هەردوو چەمکی گەنجینەی وشەو وشەی فەرهەنگیدا هەن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، لە هەردوو بارەکەدا کارکردنە لەسەر دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی وشەکانی شاعیرو گرنگییان بە بواری دەوڵەمەندیی زمانو جوانترکردنی وێنە شیعرییەکانو باشتر گەیاندنی بیری شاعیر بۆ خوێنەرەکانی، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیارییان بکەین:

1.بەرفراوانکردنی لێکدانەوەی مانای وشەکانو دواجاریش بە مەدلولکردنی دەقەکە.

2.پاراستنی وشە کوردییە پەتییەکانو بەخشینەوەی مانای نوێ بە وشەکان.

3.بەهێزکردنی مەودلولو بنەمای وێنە شیعرییەکەو وێنەیوانینی خوێنەر لەسەری.

4.بەجێهێشتنی جێکەوتەی بەهێزەتیف لە بیرو زهنی خوێنەردا.

5.بەهێزکردنی لێکۆنتێکستی دێڕە شیعرییەکە.

6.دەوڵەمەندکردنی زمانی شیعریی.

7.کرانەوەی ئاسۆی بیری خوێنەر لە بەرامبەر لێکدانەوەو ڕاقەی شیعرییدا.

8.بەخشینی مانایەکی زۆر بە کەمترین کەرەستەو دەربڕراو.[xxvi]

گەنجینەی وشە لە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەسدا، تەنها بریتی نییە لە وشەو زاراوەی نوێ، بەڵکو دەستەواژەی زۆر نوێو سەرنجڕاکێشی تیایە، کە بوونەتە بنەمای سەرەکیی بونیادنانی زمانی تایبەتبوون لای شاعیر. هەر لە دەستپێکی دەقەکەوە شاعیر بە زمانێکی باڵاو دەربڕینو وشەی نوێ،تایبەتبوونەکەی دەکێشێت.

واهات، عاشقان!، وا خۆی هات

بە پۆشاکی گەڵاڕێزانەوە... واهات!

بە نۆزدە ساڵی زەردەوە

بە نۆزدە چرای تاریکەوە

بە نۆزدە زامی سەوزەوە

لەگەڵ پەپوولە پاییزەی غەریباندا

بەڕێوەیەو...دێت بۆ لاتان[xxvii]

شاعیر بە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (پۆشاکی گەڵاڕێزان، نۆزدە ساڵی زەرد، نۆزدە زامی سەوز، نۆزدە چرای تاریکی، پەپوولە پاییزەی غەریباندا)، چ ڕۆو تایبەتمەندییەکی زۆر تایبەتی بە شیعرەکە بەخشیوە، بۆ کەسێکی ئاگاداری بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو بێت لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)ەوە تا ساڵی (2010)، دەزانێت هەردوو ڕەنگی (سەوزو زەرد) ئاماژەن بۆ هەردوو حیزبی حوکمڕانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە بەدرێژایی نۆزدە ساڵ حوکمڕانییان، وڵاتیان بەرەو وێرانەییو نەهامەتی بردووە. شاعیر لەڕێی بەکارهێنانی (نۆزدە ساڵی زەردو نۆزدە زامی سەوز)ەوە گوزارشتی لە ماوەی حوکمڕانیی ئەو

دوو حیزبە کردووە، کە بێتێ لە ئازارو زامو نەگبەتی بۆ هەرێمی کوردستان. لە ئەنجامی ئەو جۆرە حوکمڕانییە خراپەدا، شاعیر لەڕێی ئەو زمانە تایبەتەی خۆیەوە، دەیەوێت هەڵوێست بەرامبەر بەو مێژووە ڕۆژدە ساڵییە پڕ زامەی گەلی کورد.

دیسانەوە
وەکو دوێنێ وەکو پێری
پارو پێرار
ڕۆژێکی تریش سواومەوە
دیسانەوە
هەر خۆم سوخرەکێشی خۆمەو
بێزار... بێزار
پاڵنان بە بێزاریەوە
بەردەوامەو
دەمەو عەسرەو
چون چڕو چاوی ڕێشتەمان
هەوا گرژەو...گەرەگ مۆنەو
چەند(هەزار)جاری چرچو لۆچ
لە گیرفانی پانتۆڵێکی غەمگینایەوە
ئەڵێی پیشلەی بەر گەرمای بێتاقەتم
خاو و خلیچک
لە ماڵەوە دەچمە دەرێ.[xxviii]

لەو لکۆپلە شیعرەی سەرەوەدا، شاعیر زۆر بەڕوونی دڵتەنگیو نائومێدیی خۆی ئاشکرادەکات، دەتوانین ئەو لکۆپلە شیعرە بە مانیفێستی نائومێدبوونی شاعیر دابنێین، نائومێدبوونیش، یەکێکە لە بنەماو هۆکارە سەرەکییەکانی یاخیبوون. ئەم مانیفێستی نائومێدبوونەشی، لەڕێی وشەو دەستەواژەکانییەوە بە تەواوەتی دەردەبڕێت، هەمووکات گوزارشتن لە (ژیانی دووبارەو بێکاری و بێزاری و هەژاری و ناشیرینی دەسەڵاتو خەمو بێتاقەتی)، کە لە زەمەنی نووسینی ئەم دەقەدا، بوونەتە تایبەتمەندیی سەرەکیی ژیانمانو مەعشوقێکیان بە تەواوەتی لای شاعیر ناشیرین کردووە.

لەم ڕۆژژمێرەی ژیانەدا
سەعات لە ڕۆژ
هەفتە لە مانگ
مانگیش لە ساڵ وەرس بووە
من لەخۆمدا. لەناو خۆمدا
ڕەنگم لە دەنگم بێزارە

دەنگم لە بۆنم بێزارە
هەر لەم کۆڵانەی ئێمەدا
دەرگا لە چوارچێوەی خۆی و
سێبەری کۆڵان لە کۆڵان و
کۆڵان لە دیوار بێزارە
بێتاقەتیی لە تەکمانێ و هەنگاو ئەنێ
تاڵی سێبەرمەو تاڵی هاوڕێ[xxix]

شاعیر زۆر جەخت لەسەر ئەو وشانە دەکاتەوە، کە بەرەو نائومێدیی تەواوەتی دەبەن لە نیشتمانی جاران، وەك وشەکانی (بێزار، وەڕس، هاوڕێیەتی، بێتاقەتی، سێبەری بێتاقەتی)، بەدرێژایی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)، ئەمجۆرە زمانە زاڵە تا ئەو کاتەی شاعیر خۆشەویستە نوێیەکەی، کە (ڕۆژانا)یە، دەدۆزێتەوە و ئیتر لێرەوە نائومێدیی و خەم و ڕق و بێتاقەتیی و ناشیرینی، کۆتایی پێدێت و مەعشوقێکی نوێی پڕ جوانیی و ئومێد دەدۆزێتەوە، هەربۆیە لێرەدا شاعیر جارێکی دیکە وشەکان و زمانی دەربڕینی دەگۆڕێت بۆ زمانی خۆشەویستی و ئومێد، بۆ زمانی گەنجبوونی هەمیشەیی و بۆ زمانی کۆتایی ماندووبوون و کۆتاییی ڕق. واتە لەم دیوانەدا دوو جۆر زمان بوونیان هەیە. زمانی قۆناغی نائومێدیی و ڕق لێبوونەوە لە مەعشوقی کۆن، کە نیشتمانە و زمانی دوای قۆناغی دۆزینەوەی مەعشوقە نوێیەکەی، کە (ڕۆژانا)یە و پڕیەتی لە وشە و دەستەواژە ئومێدبەخشەکان.

تۆ ئەزانی لەم زمانی خۆشەویستیەدا
لەم فەرهەنگە زیندەدا، نە وشەی (ڕق)ی تێدایە و
نە (ئاوابوون) و نە (ماندووبوون) و نە
(وەرین) و (نە کوژانەوە) و نە (پیربوون)[xxx]

شاعیر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، (19) وشەی نوێ بەکاردەهێنێت، کە پێشتر لە دەقەکانی تریدا بەکاری نەهێناون، هەر خۆشی لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەی لەبارەی وشەکانەوە داوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، شێرکۆ بێکەس لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا، بەردەوام گەشەی بە گەنجینەی وشەکانی خۆی داوە، لەلایەکی ترەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، زمانی کوردی، زمانێکی دەوڵەمەندە و دەتوانرێت بەهۆی وشەو زاراوەکانی ناو زارو شێوەزارەکانییەوە، ئەو کەلێنانە پڕبکرێتەوە، کە بەهۆی بەرەوپێشەوەچوون و تێکەڵاوبوونی کەلتوورو شارستانییەتەکانەوە لە زماندا دروستدەبن. بەشی زۆری ئەو وشە نوێیانە، لە تۆخکردنەوەی ئەو زمانی ئاخێوونەدا بەشدارن، کە شاعیر لەم دیوانەدا لەسەری دەڕوات و لەڕێیەوە پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێت.

**<u>وشە نوێیەکان و واتاکانیان (وەك ئەوەی شاعیر لە پەراوێزدا ڕوونیکردوونەتەوە)</u>**

| | |
|---|---|
| بێزار | بێحەوسەڵەو بێتاقەتی |
| زماك | ئەو شوێنەی هەتاو نایگرێتەوە |
| زێکار | شەونخونی |
| تامار | شەبەحو تارمایی |

هاڵقەی ترسان و مل پێچەنان

سلسالی بێشەرم

سارومار زۆر بۆگەن

گەرگەسال لەناوچوون، وردو خاشبوون

ساعوورو وەك مجەوری ئەمێش شەوو ڕۆژ خزمەتی مزگەوت دەكا

لەژم زەلكاو

ساتوور تەمەڵ و تەوەزەل

گوردەم عەشامات، قەرەباڵغی

پاسفندە زۆر بۆگەن

زشت ناجۆرو ناپەسەند

پیفو تەمەڵ و تەوەزەل و لەشگران

گەڤلو پیس

سخار زەوییەك بۆ كێڵان ناشێت

سارستەپرستەی ناتەواو، قرتاو، پچڕاو

كادانە ئەسپپۆسەن و بە ئەسڵ لە ڕووسییەوە هاتووە[xxxi]

مەرج نییە ئەو وشانە یەكەمجار بن لە دەقی شیعریدا بەكارهێنرابن، بەڵام شاعیر بۆ یەكەمجارە ئەم وشانە دەخاتە ناو دەقێكی ئەدەبییەوە، بەشێكی هەرە زۆری ئەو وشانەش، بۆ دەرخستنی نائومێدیی شاعیرو پێشاندانی ناشیرینیی پیاوەكانی نیشتمان و شەڕی ناوخۆو دروستكردنی وێنەی نیشتمان بەشێوەیەكی ناشیرین لە زەمەنی نووسینی دەقەكەدا. شێركۆ بێكەس لەڕێی بەكارهێنانی بەشێك لەو وشانەوە، هەندێك چیرۆكی مێژوویی دەگێڕێتەوە، بۆ نموونە لەو شوێنەدا، كە باسی (ساعوور) دەكات، دەیەوێت چیرۆكی گرانییە گەورەكە لەسەروبەندی جەنگی جیهانییەكەمدا بگێڕێتەوە، كە چۆن لە بارودۆخێكی لەو جۆرەدا مرۆڤەكان بەبێ جیاوازیی ئایینی، هاوكارییەكتریان كردووە، لەو كاتەشدا، كە (كەریمی عەلەكە)، كە دەوڵەمەندێكی مەسیحیی سلێمانی بووە، بێ گوێدانە ئایینی خەڵكی شارەكەی، یارمەتیی موسوڵمانەكانی داوە، بەڵام لە زەمەنی نووسینی (ئێستا كچێك نیشتمانمە)دا، بارودۆخەكە گۆڕاوەو هاوزمان و هاوئایینەكان پشت لە یەكتری دەكەن و پیاوانی مۆری نیشتمان، هەموو خێرێكی وڵات بۆ خۆیان دەبەن، بەوەش خەڵكی برسی دەكرێت و ئامادە نین یارمەتیی هەژارەكانی نیشتمان بدەن.

ڕۆژتان باش

من ناوم پشێلەیە. بە نەتەوە كوردم و بە ئایین

مەسیحیم. هەندێ كەس بە (جۆرج)یش بانگم

ئەكەن. ئێستە بێكارم. بەڵام ماوەیەك لەمەوبەر

ساعووری تاقە كڵێساكەی ئەم شارە بووم. منی پشێلە

یان جۆرج. باپیرەم هەرە گەورەی یەكێك بووە لە

پشیلەی دەوڵەمەندو خێزانە خۆشگوزەرانەکانی ناو ماڵی کەرەجی ئەڵەکە.

ئەو باپیرە پشیلەیەی، ئەوەندە چاو بەخشندە بووە

لە گرانییە گەورەکەدا نەیهێشتووە یەك پشیلەی هەژار

لەم شارەدا لە برسێتی بمرێت و هەموویانی

تێرکردووە. جا پشیلەی مەسیحی بووبن یان

موسڵمان[xxxii]

### ٣-٢/٢ قسەکردن بە ناوی بێگیانەکانەوە

یەکێك لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی شێرکۆ بێکەس لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا ئەوەیە، هەموو شتێك دێتە قسەو لە ڕێیەوە ئازارەکانی خەڵك بەرامبەر بە نیشتمان دەردەبڕێت و دەیانکاتە هۆکاری گەیاندنی پەیامی یاخیبوونی خۆی. شاعیر لەم بوارەدا بەشێوەیەکی هونەرمەندانەی باڵا زمانی قسەکردنی لەشێوەی ئاسایی خۆی لاداوەو ڕێچکەیەکی نوێیی دەربڕینی پێبەخشیوە، وەك عەبدوڵڵا محەممەد قودامی لە کتێبی (الخطیئة و التذكير ) دا دەڵێت: "دەق تەوەرەی ئەدەبە، کە چالاکیی زمان تێیدا لە شوێنە ئاساییەکانی خۆی لادەدات و گوازتنەوەیەکی لە ڕێچکەی زاراوەیی، بۆ ڕێچکەیەکی نوێ و تایبەت بەرزدەکاتەوە"[xxxiii].

شێرکۆ بێکەس لەپێناوی پیشاندانی ئاستی باڵای نارازیی خەڵك لە دەسەڵات و پیاوەکانی نیشتمان، هاتووە ئەو کارەی بەجۆرێك ئەنجامداوە تا پێمان بڵێت، نەك مرۆڤەکان، بەڵکو دارو درەخت و باران و بەفرو دیوارو ژوورو پەنجەرەکان و هەموو شتێك لەم دەسەڵاتە نارازییە. " هەوڵیداوە هەر لەم دەقەدا پەنابەرێتە بەر (بەمرۆڤکردنی شتەکان، شتە بێ گیانەکان)، هەوڵیداوە درەخت بدوێ، دیوار، لێکێگە، باڵدار، بولبوول، کێسەڵ، مەترەی ئەرز پێوان و هەموو ئەو شتانەی دەوروبەرمان ئەوانیش بێزاری خۆیان دەربڕن"[xxxiv].

من ناوم مەترەیە

مەترەی ئەرز پێوان[xxxv]

من ناوم عەدالەتە

لەسەر زەمی چاوێکی خواو

دەستێکی خوام[xxxvi]

من ناوم کراسی ژنانەیە

ئەوەی نیشتیمان پێی شەرمە

بیکاتە بەری خۆی منم[xxxvii]

خۆ هەر من نا

ڕەشەباش وتی

ئەو هەموو گفەگفە هەر گوێی نەگرت

چەخماخە وتی:

ئەو هەموو برووسکەو داگیرسانەو داڕزانانەو

هەر گوێی نەگرت[xxxviii]

من ناوم کورسییە

کەس نەیزانی من ئەیزانم

ئەم هەموو چەقۆی غەدرانە

ئەم هەموو جۆگەی خوێنانە

ئەم هەموو ماسکی دزییانە

ئەم هەموو ڕەژوویقانە

لەسەر منە[xxxix]

من ناوم (نان)ە

لەو شوێنەی زۆرم پێئەکەنم

لەو شوێنەی کەمم ئەگرێ[xl]

من ناوم (بەهار)ەو لە تۆ ئەچم

وەکویەک جوانینو وەکو یەکیش

بەدەم گوڵەکانی ئایندەوە پێئەکەنین![xli]

من ناوم گوڵی دار هەرمێیە

بەڵام وەك ئەبینن ڕەشیان کردووم[xlii]

من ناوم (پرچ)ە

نیشتیمانم سەری ژنێکە

لە سێ لاوە گەمارۆ دراوم

بە حیجاب![xliii]

من ناوم دیوارە

کەوتوومەتە سەر شەقامێکی گشتی

بەدرێژایی بیناری درێژمەو

بە بەرزی تووڕەبوونیش بەند ![xliv]

من ناوم ناڕەزاییە
لەدایکبووی شاری یاخیبوونو
گەڕەکی برسێتیو کۆڵانی کوێرەوەریم[xlv]

من ناوم (دەرد)ە
پادشای بەشێکی زۆری ئەم مەملەکەتەم[xlvi]

من ناوم (گابەرد)ە
لەسەر ئەم بەرزاییە ئەژیم
چاوم لە هەموو شتێکە[xlvii]
من ناوم (قەڵەم)ە
لەناو پەنجەکانی (با)یەکی گەنجدام[xlviii]
من ناوم (کێڵ)ە
کێڵی گۆڕی شمشاڵێکی لەبیرکراوم[xlix]

هێنانەگۆی شتە بێگیانەکان لای شێرکۆ بێکەس لە بواری زمانی شیعریی یاخیبووندا، یەکێکە لە بنەماکانی دەوڵەمەندکردنو فراوانکردنی بازنەی دەربڕینی یاخیانەی شاعیر بەرامبەر بە دەسەڵات. هەروەها لە ڕووی زمانەوانیشەوە بووەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی وشەکانو هێنانەکایەی وێنەی شیعریی نوێو قووڵبوونەوە لە بەکارهێنانی هونەرەکانی زانستی ڕەوانبێژی، بەتایبەتی هەردوو هونەری (وەکیەکی)و هونەری (خوازە). لەڕێگای ئەو نموونانەی پێشووودا، شاعیر خۆی بە شتە بێگیانەکان دەچوێنێتو دواتر لەڕێی هونەری (خوازە)وە ئەرکێک دەداتە ئەو شتە بێگیانانەی، کە ئەرکو کردەوەو دەربڕینی مرۆڤیانەن. هەر ئەمەشە توانایەتی هێزێکی ئەفسوناویی تایبەت بە زمانی شیعریی شێرکۆ بێکەس ببەخشێت. ئەو داهێنانەی شاعیر لەم بوارەدا ئەنجامیداوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە بابەتەکە تەنها بابەتێکی زمانەوانیی ڕووت نییە، بەڵکو هەوڵدانێکی گەورەیە بۆ دروستکردنی هۆشیارییەکی گشتی بەرامبەر بارودۆخە سیاسییە خراپەکەو جوڵاندنی هەستو سۆزی گشتییە لەپێناو پەیامەکەی شاعیر خۆیدا. لەڕووی زمانەوانیشەوە، ئەم کارەی شێرکۆ بێکەس دەچێتە چوارچێوەی داهێنانی زمانێکی نوێی شیعریی لەناو زمانی شیعریی خۆیدا. ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەناو زمانی شیعریدا، کارێکی گرنگەو هۆکارە بۆ دروستکردنی زمانی باڵا لەناو دەقی ئەدەبیدا. (شاعیری فەڕەنسی ستیفان مالارمێ (stephane mallarme یەکێکە لە ڕابەرانی جوڵانەوەی هێماگەری و تەنانەت داڕێژەری تیۆرییەکانیشی، وایدەبینێت کە زمانی شیعر لە زۆربەی کاتدا ئاڵۆزەو لە یاساو ڕێسا باوەکانی هۆنینەوە زمانەوانییەکانی خۆی دەربازکردووە، بەڵام گرنگیدان بە ئاوازو سیماکانی بەخشینی دەنگو ئاواز بە شیعرەکە بوونی هەیەو ئەمەش پێیدەوترێت زمانی باڵای شیعر)[l].
هەروەها ئیبراهیم سامرائی دەڵێت: "زمان لە شیعری شاعیرە نوێیەکاندا، وەک کەرەستەیەکە، لەوانەیە ئەمانەش واتای نوێو وشەی دیاریان هەبێت، لەبەرەوە بوارەکانی خواستن و خوازەکان فراوانتر دە بن"[li]. ئەگەر لە هەندێک قۆناغی ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا قسەکردن بە ناوی شتە بێگیانەکانەوە هێمایەک بوو بێت بۆ خۆپارێزی لە

دەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکاریی بەعس لە عێراقدا، بەتایبەتی لە هەردوو دەیەی حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، ئەوا ئەم حاڵەتە لە دیوانی (ڕێبینا کچێک ڕێشتمانمە)دا لە ئاستی زماندا لەبیاوی دروستکردنی ئەو زمانە باڵایەی شیعرداوە، کە بێتتر باسمانکرد، لە ئاستی پەیامیشدا، بۆ پیشاندانی ئاستی فراوانی نا ڕەزاییەتییەکانی خەڵکە لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی کوردی لە زەمەنی نووسینی دەقەکەدا، چونکە گەندەڵیو نادادپەروەریو زوڵم ەوێندە زۆرن، داروبەردیش هاتووەتەقسە.

**٤-٢/٢ ەوێنانەقسەی باڵندەو گیانلەدارەکان**

یەکێکی تر لەو ئەرکانەی، شاعیر لەدیوانی (ڕێبینا کچێک ڕێشتمانمە)دا دەیەخشێتە گیاندارەکانی تر، وەك (کیسەڵ، پشیلە، کەڵەشێر، ئەسپ، ڕێشۆڵە، کۆتر، کرمی ئاورێشم، بولبول، مامز ...هتد)، ەوێنانەقسەی باڵندەو گیاندارەکانە. هەموو ئەو باڵندەو گیاندارانەی شاعیر بەناویانەوە قسەدەکات ئەوانەن، کە ەوێنای جوانیو پاکیو ئاشتیو قوربانیانو بێدەسەڵاتین. نەهاتووە لەم دیوانەدا بەناوی گیاندارە درو فێڵبازەکانی وەك (شێرو بڵنگو گورگو ڕێوی.....هتد) یەوە قسەبکات، چونکە ئەو دەیەوێت ئازاری گشتیی هەموو شتێك لەم وڵاتەدا بگەیەنێت، وەك ئەوەی ئەو وتەبێژی گەیاندنی ئازارەکانی ڕێشتمان بێت بە هەموو دونیا، هەربۆیە جارێك وەك مرۆڤ، جارێك وەك داروبەردو درەخت، جارێکی تریش وەك باڵندەو گیاندارەکانو ئینجا بەناوی شەقامەکانو شەقامو بەفرو گەنجەکانی ڕێشتمانەوە قسەدەکات.

من ناوم (بوولبول)ە
خەڵکی ئەم باخچەیەم[lii]

من ناوم کیسەڵە
ئەوە چەند ساڵە لەم گوێ گۆمە
حەماڵی ئەکەم[liii]

من ناوم پشیلەیە. بە نەتەوە کوردمو بە ئاینیش
مەسیحی. هەندێ کەس بە (جۆرج)یش بانگم
ئەکەن.[liv]

من ناوم کۆترە شێرکەیەو کچم
ماڵەکەم وا لەو گەڕەکی منارەیە[lv]

من ئەسپێکی کوردی کوژراوی
شەڕی ناوخۆم
(کادانە)م
ڕەسەنم[lvi]

من ناوم (کەڵەشێر)ەو خەڵکی مەڵکەندیم
چەندین ساڵە پاسەوانمو بەیانیان زوویش
بۆ ئەم گەڕەکە ئەخوێنم[lvii]

من ناوم (کرمی ئاوریشم)ە
خەڵکی کوڕە کاژاوم[lviii]

مامزێکی سپی وتی
هۆ نیشتیمان[lix]

من ناوم (ڕێشۆڵە) ی
لە دەمێکەوە لەو شاخو داخانە
تەتەری هەڵۆو بازە نێرەکانو
نامەبەری نێوان شەقامەکانی شارو
کۆڵانەکانی بووم[lx]

مەبەستی شێرکۆ بێکەس لە قسەکردن بەناوی گیاندارە جوانو بێدەسەڵاتو هێمنەکانی ئاشتییەوە لە کۆمەڵگادا، بۆ پیشاندانی ئەمانەی خوارەوەیە:

1. لە جەنگەڵستانی نیشتماندا، دڕندەکان بێدەسەڵاتەکان دەچەوسێننەوەو برسییان دەکەن.
2. گێڕانەوەی مێژووی خەباتی مرۆڤە باشەکان لە شاخو سەردەمی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردو بێبەشکردنی خەباتگێڕەکان لە مافەکانی خۆیان لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا.
3. دەرخستنی پەیوەندیی باشی کۆمەڵایەتیو مێژوویی نێوان چینو ئایینو گروپەکانی ناو کۆمەڵگای کوردییە.
4. دەرخستنی ڕقی یاخیبوونی هەموانە لە نیشتمانی دزەکان.
5. دەرخسنی بێوەفایی پیاوەکانی شۆڕشە، نەك تەنها بەرامبەر بە نیشتمان، بەڵکو بەرامبەر مرۆڤو گیاندارو باڵندەکانیش.
6. هەموو ئەوانەش لەپێناوی دروستکردنی ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەی یاخیانەیە بەرامبەر بە نیشتمانی دزەکان لە زەمەنی نووسینی دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەدا.

شێرکۆ بێکەس بەدرێژایی ئەزموونی شیعریی خۆی، هەمیشە ئەرکی نوێی بە خودی شیعرو زمانی شیعر بەخشیوەو جەخت لەوە دەکاتەوە، نابێت ڕێگە بدرێت وشەو ڕێگرییە زمانییەکان ببنە کۆسپ لەبەردەم شاعیردا بۆئەوەی پەیامو مەبەستی فراوانی خۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا گەشەپێنەدات و فراوانیان نەکات، بۆئەوەی ئەمەش بێتەدی، شاعیر هەموو شتێك دێنێتە قسەکردن "شیعر بۆئەوەی توانەوەو تێکەڵاوبوونێکی مەزن بنوێنێت، دەبێت هیچ بەرگێکی تەسك لەبەرنەکات. تێکەڵاوبوونی مانای ئامادەبوون لە هەموو شوێنێکدا، مانای دۆنا دۆن لەگەڵ هەموو شتێکدا بەرجەستە بێتەو دەربکەوێتەوە، واتە لە یەککاتدا، ئەستێرە، پەلکە گیا، ئاو، بەرد، شەونمو بروسکە بێت"[lxi].

**3/2 لادانی زمانی لەپێناوی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)دا**

نێوەڕۆکی دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە) لەڕووی زمانەوە خزمەتی ئەو پەیامی یاخیبوونە دەکات، کە شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێتە هەموو خەڵکی کوردستان، ئەم کارەش کاتێک بە تەواوەتی دەتوانێت ئامانجەکەی بپێکێت، کە هەموو ئاست و پێکهاتەکانی زمانی دەقەکان بە جۆرێک دارێژرا بن، تا بتوانن پێکەوە بەشێوەیەکی تەندروست پەیامی یاخیبوونی شاعیر لە بارودۆخی خراپی وڵات بەرجەستەبکەن. واتە لێرەدا دەقەکە هەمووی پێکەوە،یەکەیەکی گرێدراوە بەیەکەوە و هەمووی بەیەکەوە دەتوانێت وێنەی ئەو تووڕەبوونە گەورەیەی شاعیر لە نیشتمانی دزەکان دەربخات.

یەکێک لەو خاڵانەی دەتوانێت هاوکاریی شاعیر بکات لە فۆرمەڵەکردنی ئەو دۆخی یاخیبوونە، ئەو لادانە زمانییانەیە، کە شاعیر بەپێی پێویستیی گەیاندنی پەیامی شیعریی خۆی، ئەنجامیاندەدات. هەر لەم ڕووەوە، شێلیپرووەن و باو لە زمانی شیعریدا هەیە، ئەویش ئەوەیە، هەموو شاعیرێک توانای ئەوەی هەیە دەستکاریی زمانی باو و ئاسایی بکات لە پێناوی بەرهەمهێنانی زمانێکی باڵا لە دەقەکانیدا. ئەم دەستکاریکردنە لای شاعیرە گەورەکان دەگاتە ئاستێکی باڵا، بەتایبەتی بۆ شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس، کە لە بواری زمانی شیعریدا بەیەکجار باڵادەستە، تەنانەت خاوەنی تایبەتمەندیی و خاسیەتی زمانی شیعریی خۆیەتی و لەم ڕێیەوە لە شاعیرانی تر جیادەکرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا ئەم تایبەتمەندییە زمانییانە دیاریبکەین، کە بەشی زۆریان لە سەرجەم دەقەکانیدا بە ئاستی جیاواز دووبارەدەبنەوە بە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)شەوە، کە بریتین لە:

1.بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژانەی، کە خاوەنی ڕیتم و مۆسیقاو ئەوێی وێنەیین.

2.بەکارهێنانی دەستەواژەی خاوەن سروشتی ڕۆمانیی داهێنراو لەڕووی بونیاد و چاوگەوە.

3.ڕووخساری بنەڕەتیی زمانی شیعر لە وێنە شیعرییەکانیدا بەرجەستەدەبن.

4.پێکهاتەی زمانی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، ئامرازن بۆ پێشکەشکردنی کۆمەڵێک مەبەست و واتا .

5.لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و ڕستەکاندا،ڕەچاوی (وردەکاری و ئاماژە و خۆشەویستیی وشە و شیعرییەت) کراوە.

6. لە ئاستی ڕستە و پێکهاتەکاندا،ڕەچاوی پێوەرو یاساڕێزمانییەکان و توانستی نووسین و ڕوونی و بەهێزی و گونجاندنی دەستەواژە و واتا کراوە[lxii].

گشتاندنی ئەو تایبەتمەندییانە بەسەر زمانی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، تووشی هەڵەی زانستیمان دەکات و هەموو ئەو ڕەهەندیاخیبوونەی شاعیر پێی ناسراوە، چ لە بواری زمانی شیعر و پەیامی شیعردا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەتایبەت لە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)دا، چونکە سەرلەبەری ئەم دیوانە کارکردنە لەسەر ڕەتکردنەوەی دۆخی باو وەك بنەمای سەرەکیی یاخیبوون. ئەمەش پێش ئەوەی لە شیعردا ڕەنگبداتەوە، لە دەروونی شاعیردا دەردەکەوێت، واتە کردەیەکی سایکۆلۆژییە و دواتر لەڕێی زمانێکی تایبەتی شیعرییەوە دەگوێزرێت بۆ کردەیەکی یاخیگەرانە لەڕێی دەقەوە .

باری دەروونیی شاعیر ← زمانێکی شیعریی تایبەت ← کردەیەکی یاخیبوونە لە

لەڕووی (دەنگ و وشە و ڕستە و واتا)وە ← دەقی شیعریدا

شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێکی یاخی دەردەکەوێت، بۆ ئەمەش زۆر کاری لەسەر ئەو زمانە کردووە، کە دەتوانێت وەك خۆی پەیامەکەی بگەیەنێت و هەموو ئەو کارەش، کە شاعیر ئەنجامیداوە، لەپێناو مەبەستە جیاجیاکەی خۆیدایە، کە

ناخێیوونە، وەك ئیبراهیم سامەرائی دەڵێت: "ئاڵۆزی لادانێکی مەبەستدارە لە زمان و چەمك و بیروڕاو بەرەو خاڵێکی جێگیری دەبات، ناخود ئەدۆنیس دەڵێت: زمانی شیعر، زمانێکی ئاماژەیی و ئیجابەخشە، نەك ڕوونیی و ئاشکرایی".[lxiii]

شێرکۆ بێکەس لەم دیوانەدا زۆر بەرەو ئاڵۆزی نەڕۆیشتووە، چونکە ئەو لێرەدا ئەوەندەی گەیاندنی پەیامەکەی مەبەستە، لایەنەکانی تری دەقەکەی مەبەست نییە، هەرچەندە ئەو توانایەی هەموو ڕەهەندو ئاستەکانی دەقەکەی بە بەرزیڕابگرێت، بەجۆرێك ئەو لادانانەی ئەنجامیداون، هەر لەم پێناوەدایە. "کۆهێن دەڵێت: شیعرییەت بە بێ لادان کارێکی لاسەنگە، بەوپێیەی شیعرییەت پشت بە لادانە زمانیی و دەربڕینە زمانییەکان دەبەستێت. لە هەمان کاتیشدا شیعرییەت خۆی لە زمان و دەربڕینە ئاڵۆزو تەمومژاوییەکاندا دەبینێتەوە، کە لادان فاکتەرێکی هەرە سەرەکییە ئەم پرۆسەیە. هەروەها لادان بە کاری گواستنەوەی بونیادە سادەکان بۆ بونیادە قوولەکان هەڵدەستێت".[lxiv]

بێگومان باسمان لە هەردوو جۆری لادانی دەرەکی و ناوەکی لە زماندا کردووە، کە بە ڕای زاهیر لەتیف و زانایانی نەوشیرەوان مەستی، ئەم دوو جۆر لادانە زۆر بەڕوونی لە دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەدا بوونیان هەیە. لە لادانی دەرەکیدا باس لە لادانی دەنگی دەکەن، پێیان وایە،یەکێك لە خاسیەتەکانی لادان، بۆ ئەمەش پشت بە بۆچوونی ڕەخنەگری شیعرازگەریی نەمساوی، ستیزر (1887_1960) دەبەستن، کە دەڵێت: هەر لادانێکی زمانی لە زمانی سروشتی، دەربڕینێکی هاوتەریبە بە جوڵە سایکۆلۆژییە لادانییەکانەوە، بەوپێیەی دەربڕینی زمانی، ڕەنگدانەوەی حاڵەتێکی سایکۆلۆژیی دیاریکراوە، بۆ ئەمەش لەدیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەدا ئەم نموونانە دەبینینەوە:

بە دزی ئازادییەوە

بە دزی ڕەنگی سپییەوە

بە دزی درەختەکانەوە

بە دزی چاوی بارانەوە

چەند شیعریان کوشتوە

چەند چیرۆکیان سەربڕیوە

چەند شانۆنامەیان سەربڕیوە

چەند خەویان زیندە بەچاڵ کردووە[lxv]

هەرچی سەبارەت بە لادانی لۆژیکییە لەو دیوانەدا، توێژەران زاهیر لەتیف و زانایان نەوشیرەوان، بەکارهێنانی هەندێك وشەی نوێ لەم دیوانەدا وەك (زیگار، تامار، هاقڵ، سلسار، سارقلو، ....) بەلادان و جێگۆڕکێیی وشەکان و هاتنی وشەی نوێ دادەنێن.

لەناو مندا

بێزاری چڕ بووەتەوە

خۆم ئەمێنم بێشەلانمو

دەرالێنێکی ناو (زماك)مو

تالی هەتاو ناگاتە لام[lxvi]

بۆچوونەکانی هەردوو توێژەر لەسەر لادانە زمانییەکان لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا شایانی لەسەر وەستانە، بەتایبەت لەڕووی پراکتیکییەوە، نموونە شیعرییەکان ئەوەندەی جەختکردنەوەن لەسەر دەوڵەمەندیی گەنجینەی وشەکان

لای شاعیر، ئەوەندە دەرخەری لادانە زمانییەکان نین، نموونەی پێشووش، ئەوەندەی جەختکردنەوەیە لەسەر پێشاندانی دیوە دزێوەکانی ناو دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردی، لادانی زمانیی زۆر تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکو دەکرێت وەکو جەختکردنەوە لەپێناوی دروستکردنی کارگەریی پەیامەکەی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. چەندبارەکردنەوەی وشەکانی (بەدزی، چەند) وەك لادان دانانرێت، بەڵکو دەکرێت وەك ئامەتیەرێك بۆ جەختکردنەوەیەکی قووڵ لەسەر دەربڕینی بێزاری و نارەزایەتی دابنرێن. ئەمە بەو واتایە نایەت شاعیر بەتەواوەتی بە تێکڕای سیستەمی زمانییەوە پابەندبووبێت، چونکە لە ئەم دیوانەدا دەتوانین لادانەکان دیاریبکەین و هەموو ئەو لادانانەش لە پێناوی خزمەتکردنی مەبەستی سەرەکیی شاعیرە لەم دیوانەدا. بۆ نموونە لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا، کۆمەڵێك ئەرك بە وشەکانی وەك (چیا، شار، جادە، قەڵەم، وشە، کۆڵان) بەخشراوە، کە لەبنەڕەتدا ئەرکی ئەوان نییەو شاعیر لەپێناوی ئەو ئەرکانەدا لادانی ئەنجامداوە.

هەموو ڕۆژێك ئەمانیی
تۆڵە لە دۆزەخی ئەودا
گەورەو گەورەو گەورە ئەبوو
چیا چیای ئەخەسان و
(وەلێ ئەوەی نەخەسێنرا
ئەسپی دیوۆکی تۆڵە بوو)
ئەم شار ئەو شاری ڕاوئەنا
(بەڵام ئەوەی قەت ڕاونەنرا
کۆشك و تەلارو غەزنە بوو)
جادە جادەی کۆت ئەکردو
(بەڵام ئەوەی قەت کۆت نەکرا
دیلی خۆی بوو)
قەڵەم قەڵەمی ئەفڕیان و
(وەلێ ئەوەی قەت نەفڕێنرا
فەرمانەکانی مردن بوو؟)
وشە وشەی ئەخنکان و
(بەڵام ئەوەی نەخنکێنرا
سێدارە بوو)
کۆڵان کۆڵانی سەرئەبڕی و
(بەڵام ئەوەی سەرنەبڕا
شمشێری خۆی بوو)[lxvii]

لەتێکڕای ئەم دیوانە شیعرییەدا دەتوانین دەیان نموونەی لەو جۆرە ببینینەوە، کە شاعیر لەپێناوی باشتر گەیاندنی مەبەستەکەی خۆیدا، ئەرکی نوێ و جیاوازی بە وشەکان بەخشیوە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی کارگەریی زۆر لەسەر ناخ و دەروونی خوێنەرەکانی. شاعیر باش لەوە تێگەیشتووە، دەربڕینی نارەزایەتی و ئاخێوون لە زەمەنی نووسینی

ئەم دیوانەدا بووەتە پرسیارێکی گشتی و دەبێت هەموو ئەو وشەو زاراوانەی دەبنە هۆکاری دروستکردنی ئەو یاخیبوونە، بەکاربهێنێت، بۆ نموونە لەم پارچە شیعرەدا کۆمەڵێک سیفەتی ناشیرین دەداتە پاڵ مەعشوقە کۆنەکەی خۆی، کە نیشتمانە، لە بنەڕەتدا ئەم سیفەتانە دەدرێنە پاڵ مرۆڤ، نەک شتی بێگیان، بەڵام ئەم لادانە لای شاعیر لە پێناوی ئەوەدایە، پەیامی یاخیبوونی لە پێناوە گرژو مۆنەکانی دەسەڵات زۆر کاریگەرو ڕوون بگات.

ئەم نیشتیمانە بۆیە ئەوەتەی هەیە
ددانی بە یەک گوناهی خۆیدا نەناوە
قەت نەیوتووە
یەک جۆگەی لێڵم هەبووە یان ئاوێنەیەکی درۆزن
یەک گوڵی سیسم هەبووە یان بۆنێکی ناخۆش
یەک ئەسپی نەخۆشم ڕاگرتووە یان جاری گلاوم
یاخود ئەو بەڵێنەم کوێر بوو
ئەو مێژووەم شەل و گێژ بوو
نا...نا ئەم نیشتمانە بۆیە
ڕۆژی لە ڕۆژان نە خوارو خێچ ڕۆیشتووە
نە سەرسمێکی داوە
نە قسەیەکی بێسەرو بنی خەڵی کردووە!
نا، نا، نا
ئەو بەردەوام خودا بووە ![lxviii]

**ئەنجام**

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:

1. شاعیر لەم دیوانەدا بەناوی هەموانەوە دەدوێت، تەنانەت بێگیان و باڵندەو گیانلەبەرەکانیش دەهێنێتە قسە، ئەمەش وادەکات خەم و ئازارەکانی میللەتەکەی لە زاری ئەوانەوە دەربڕێت.

2. لە پێناوی گەیاندنی پەیامی یاخیبووندا، شاعیر چەندین لادانی زمانیی لە دەقە شیعرییەکانی دیوانەکەدا ئەنجامداوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێک لە کۆتوبەندە زمانییەکانی تێکشکاندووە.

3. هەر لە ناونیشانی دیوانەکەوە، شاعیر جاڕی یاخیبوون لە نیشتمان دەدات، لەو ڕوانگەیەشەوە وشەکانی ناونیشانەکەی، بە ئاشکرا ئەو واتای تووڕەیی شاعیریان تێدایە.

4. هەبوونی لادانی زمانی، مەرجی بەرهەمهێنانی هەر دەقێکی شیعرییە، تەنها ئەوەی زمانی شیعریی یاخیبوون لە زمانی شیعریی دەقەکانی دیکە جیادەکاتەوە، بوونی ئەو وشانەن، کە لەڕووی واتاوە هەڵگری بیرو پەیامی یاخیبوونن. لەمەوە، داهێنانی چەندین وشەی نوێ بە مەبەستی چڕنی وێنە شیعرییەکانی ئەم دیوانە لەئارادان، کە زۆربەیان لە بەرهەمەکانی پێشتری شاعیردا نین، بەڵکو دارشتن و بەکارهێنانیان لەم دیوانەدا بۆ ئەوەیە، خەمی شاعیرو یاخیبوونی لە نیشتمان، لەپلەیەکی باڵادا بگەیەنن و بەرجەستەبکەن.

5. لەم دیوانەشدا هاوشێوەی دیوانەکانی تر، شاعیر پەیڕەویی نووسینێکی داڕێژراو دەکات، کە زمانی نووسینی شیعرەکانی پێ ناسراوە.

**پەراوێزەکان:**

[i] ئەنوەر قادر محەمەد، کۆڕسی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، 2016/1/17
[ii] هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، (2009: 43)
[iii] سەرچاوەی پێشوو
[iv] ئەنوەر قادر محەمەد، کۆڕسی دکتۆرا، 2016/1/24
[v] زاهیر لەتیف کەریم، ڕێبازی نەوشێروان مستەفا، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی ئێستا کچێک ڕێشتمانمە، (2017: 108)
[vi] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (دراسة نقدية في لغة الشعر)، (2006: 91_92)
[vii] سەرچاوەی پێشوو، 94
[viii] زاهیر لەتیف کەریم، ڕێبازی نەوشێروان مستەفا، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی ئێستا کچێک ڕێشتمانمە، (2017: 98_99)
[ix] سعيد حسن الجدي، علم اللغة النص (المفاهيم و الاتجاهات)، قاهرة (2004: 34)
[x] عەبدوڵڵا ئاگرین، چەپکێ خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێکی ئەدەبی، هەولێر (2013: 79)
[xi] ژان کۆهین، لێکدانەوەی شیعر، و: علی بەرزنجی و ئازاد عبدالواحید، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (44)، کانوونی دووەمی (2007: 13)
[xii] مصطفي غلفان، في اللسانيات العامة (تأريخها، طبيعتها، موضوعها، مفاهيمها)، ليبيا، (2010: 34)
[xiii] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (2006: 6)
[xiv] سەرچاوەی پێشوو، 194
[xv] مصطفى غلفان، في اللسانيات العامة، ليبيا، (2010: 16)
[xvi] محمد علي كندى، الرمز و القناع في الشعر العربي الحديث، (2003: 357)
[xvii] سەرچاوەی پێشوو،35
[xviii] ئەرسەلان بایز، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین 1992_2002، (2002: 133)
[xix] ناظم عودة، جماليات الصورة من الميثولوجيا الى الحداثة (2013: 36)
[xx] أحسان عباس، فن الشعر، ضاثي دووەم (2011: 153)
[xxi] ناڵە حەسەن، شێرکۆ بێکەس و زمانی شیعر، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، (2004: 57)
[xxii] شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (6)، (2009: 584)
[xxiii] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێک ڕێشتمانمە (2011: 328)
[xxiv] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (دراسات نقدية في لغة الشعر) (2006: 142)
[xxv] لوقمان ڕەئوف، شوناسی شیعریی شێرکۆ بێکەس (2017: 54)
[xxvi] سەرچاوەی پێشوو، 57_58
[xxvii] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێک ڕێشتمانمە (2011: 5)
[xxviii] سەرچاوەی پێشوو، 8_9
[xxix] سەرچاوەی پێشوو، 9_10
[xxx] سەرچاوەی پێشوو، 262
[xxxi] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو
[xxxii] سەرچاوەی پێشوو، 58_59
[xxxiii] لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا (2009: 57)
[xxxiv] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێک ڕێشتمانمە (2011: 33)
[xxxv] سەرچاوەی پێشوو،١٩
[xxxvi] سەرچاوەی پێشوو،٣١
[xxxvii] سەرچاوەی پێشوو،٣٦
[xxxviii] سەرچاوەی پێشوو،٤١

---

[xxxix] سەرچاوەی پێشوو، ٤٢
[xl] سەرچاوەی پێشوو، ٥٢
[xli] سەرچاوەی پێشوو، ٦٣
[xlii] سەرچاوەی پێشوو، ٦٧
[xliii] سەرچاوەی پێشوو، ٧٤_٧٥
[xliv] سەرچاوەی پێشوو، ٧٩
[xlv] سەرچاوەی پێشوو، ٨٠
[xlvi] سەرچاوەی پێشوو، ٨٢
[xlvii] سەرچاوەی پێشوو، ١٢٦
[xlviii] سەرچاوەی پێشوو، ١٥٣
[xlix] سەرچاوەی پێشوو، ١٨٩
[l] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (دراسات نقدية في لغة الشعر)، (2006: 26)
[li] لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا (2009: 55)
[lii] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێکە نیشتمانمە (2011: 15)
[liii] سەرچاوەی پێشوو، ٢٩
[liv] سەرچاوەی پێشوو، ٥٨
[lv] سەرچاوەی پێشوو، ٧٠
[lvi] سەرچاوەی پێشوو، ٩٥
[lvii] سەرچاوەی پێشوو، ١٧٤
[lviii] سەرچاوەی پێشوو، ١٧٦
[lix] سەرچاوەی پێشوو، ١٧٧
[lx] سەرچاوەی پێشوو، ٢٨٢
[lxi] بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو (2017: 124)
[lxii] لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا (2009: 64_66)
[lxiii] سەرچاوەی پێشوو، 54_56
[lxiv] زاهیر لەتیف و ڕێژان نەوشیروان، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی ئێستا کچێکە نیشتمانمە، (2017: 108_109)
[lxv] سەرچاوەی پێشوو، 110_111
[lxvi] سەرچاوەی پێشوو، 114_115
[lxvii] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێکە نیشتمانمە (2011: 271_272)
[lxviii] سەرچاوەی پێشوو، 167_168

## REFERENCES


Abbas, E. (2011). *Art of poetry*, second edition, Dar Al-shruq for publishing and distribution, Jordan.

Agreen, A. (2013). *Reading for several literature topics*, Kurdish Academy's Publishing, Erbil.

Ali, B. (2017). *Murdered Narsis*, Cultural and Artistic center of Andesha, Sulaimaniyah, Iraq.

Al-Jadi, S. (2004). *Science of prose language*. Cairo.

Al-Kandi, M. (2003), *Symbols in new Arabic Poetry*, first edition, Beirut, Lebanon.

Al-Maatwq, A. (2006). *The upper language (Critical study of poetic language)*, first edition, Dar Al-baiza of Arab culture center, Morocco.

Eisa, H.(2009). *Construction of Art Images in Sherko Bekas's Poetry*, first edition, Sardam for printing and publishing, Sulaimaniyah.

Ghilfan, M. (2010). *In genaral linguistics (Its history, its nature, its theme, its concepts)*,

first edition, Beirut, Lebanon.

Hassan, N. (2014). *Sherko Bekas and poetic language*, *Journal of New Galawezh*, No. (64).

Ismael, A. (2003). *Kurdish poetry property after the rebellion from 1992-2002*, Sardam for printing and publishing, Sulaimaniyah.

Karim, Z. & Masti, N. (2017). *Different dimension in Sherko Bekas's "Now a girl is my country"*, first edition, Sulaimaniyah.

Kohen, J. *Problem of poetry, (Barzinji, A. & Abdulwahid, A., Trans.)*, journal of Gzing, No. (44). January (2007).

Kohein, J. (2008). *Construction of Poetic language, (*Karim, A. & Barzinji, A. Trans.), Kurdish union of writers, Kirkuk.

Mohammed, Q. (Prof.). (2016*). The lecture of literature theory*, 17/1/2016, 24/1/2016.

Rauf, L. (2009). *Modern disciplines in Sherko Bekas's Poetry*, first edition Sardam for printing and publishing, Sulaimaniyah.

Rauf, L. (2017). *Identity of Sherko Bekas's Poetry*, Karo Press, Sulaimaniyah.

Sherko Bekas. (2009). Poetry volume, Sweden.

Sherko Bekas. (2011). *Now a girl is my country*. Sulaimaniyah, volume six, Sardam for printing and publishing.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 562–579
http://www.ijoks.com

# Fantastic in novel "Shari mosiqare Spiekan" by Bextiar Ali

***Abdulla M. Amin***[1] ***Azad Mohammed Saeed***[2]

**Received**: Mar 07, 2018**Reviewed**: Apr 07, 2018 **Accepted**: Apr15, 2018

## Abstract

In the Kurdish literature specially in the Kurdish novel, fantastic is not so old, also there is not too many fantastic novel writers in the Kurdish literature, fantastic is also known as a free kind literature, it has some characteristics which can't be found in other genres, the Portuguese teziftian to dourfie mentioned all basis of art for this kind of literature in the book of " the gate to fantastic literature " , in this research we choose only one kind which is the kind of place in the novel of (Shari mosiquare Spiekan) that is written by ( Bakhtiar Ali ). It's obvious that place is one of the most basic kinds of novel and in the fantastic novel it is meant to be abnormal place. The research consists of introduction, two parts and results: The first part named under (the place of fantastic in novel) and it's divided into two sorts. In the first explains the place of fantastic theoretically, in the second explains about the place of fantastic in the novel, and in the second part practically talks about the places of fantastic novel (Shari mosiqare spiekan) and well explained, and in the last the results and the list of resources are written.

**Keywords:**Fantastic, Real Space, Fantastic Space, Shari Mosiqara Spiekan, Gelasi Spian, Anfal

**Recommended citation:**
Amin, A.M.&Saeed, A.M., (2018). Fantastic in novel "Shari mosiqare Spiekan" by Bextiar Ali. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 562–579. doi: **10.21600/ ijoks.454483**

[1]Asst. Prof., Department of Kurdish language, School of Language, Sulaimani University, Sulaimani , KRG, Iraq, E-mail: muhamad.tatani@yahoo.com
[2] Lecture, Department of Kurdish language, Faculty of Education, Koya University, Erbil, KRG, Iraq, E-mail:azad.mohammed@koyauniversity.org

**شوێنی فانتازیا لە (ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی(بەختیار عەلی)دا**

شیکارییەك بۆ کارکردنی ئێمە لەگەڵ شوێنی فانتازی لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا

(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و تیۆرییە)


پ.ی.د.محەمەد ئەمین عەبدوڵا م.ئازاد محەمەد سەعید

سکوڵی زمان - زانکۆی سلێمانی


**پێشەکی:**

لە ئەدەبی کوردی و بە تایبەتی لە ڕۆمانی کوردیدا، فانتازیا زۆر کۆن نییە، هە روەها نووسەرانی ڕۆمانی فانتازی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر نین، فانتازیا وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی سەربەخۆ ناسراوە، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە ژانرەکانیی دیکەدا نییە، تزفتیان تۆدۆرۆفی پرتوگاڵی لە کتێبی "دەروازەیەك بۆ ئە دەبی فانتازیا "دا گشت بنەما هونەرییەکانی ئەم جۆرەی ئەدەبی بەرجەستە کردووە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها ڕەگەزێك دەستنیشان دەکەین لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی ڕۆماننوس بەختیار عەلیدا ئەویش شوێنی فانتازییە. ئاشکرایە شوێن بە یەکێك لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ڕۆمان دادەنرێت و لە ڕۆمانی فانتازییدا بە شوێنی نائاسایی دادەنرێت. شوێنی فانتازی یان خەیاڵی، کە مرۆڤ بۆ جاری یەکەم دەیبینێت، باوەڕ بە چاوی خۆی ناکات ئەوەی دەیبینێت ڕاستە یان ڕاست نییە و تووشی ڕاڕایی دەبێت، جا ئەگەر تووشی ڕاڕایی بێت لە ڕاستی و ناڕاستی شوێنەکە ئەوا بە شوێنێکی فانتازی دەژمار دەکرێت.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام پێکهاتووە. بەشی یەکەم بە ناوی (شوێنی فانتازی لە ڕۆماندا)یەو کراوە بە دوو تەوەرەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی شوێنی فانتازی کراوە لە ڕووی تیۆرییەوە ، لە تەوەرەی دووەمدا باسی شوێنی فانتازی کراوە لە ڕۆماندا، لە بەشی دووەمیشدا بەشێوەیەکی پراکتیکی باسی شوێنە فانتازییەکانی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)) کراوەو روون کراونەتەوە. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان نوسراون لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

**بەشی یەکەم**

**شوێنی فانتازی لە ڕۆماندا**

**تەوەرەی یەکەم: شوێنی فانتازی**

وێنای هەر جوڵەیەك لەهزری مرۆڤدا، ئەگەر خەیاڵیش بێت دەبێت لە شوێنێکی دیاریکراودا ئەنجام بدرێت، ململانێ لە ڕۆماندا بەبێ بوونی شوێن روونادات، شوێن ئە و پانتاییەیە کە ڕووداوەکان لەو چوارچێوەیەدا بە هۆی کەسێتییەکانەوە ئەنجام دەدرێن. شوێن ئەگەر سێ دووری هە بێت ئەوە شوێنێکی واقیعییە، لەبەر ئەوەی هەر شتێك مرۆڤ لە واقیعدا ببینێت ڕاستەوخۆ لای پێشەوەی و تەنیشتێك و یان سەرەوەی یان ژێرەوەی دەبینێت، بەڵام ئەگەر ببێتە چوار دووری ئە وکاتە شوێنەکە دەبێتەشوێنێکی خە یاڵی یان فانتازی .یۆری لۆتمان بە م شێوەیە لە شوێن دە دوێت: "کۆمەڵێك شتی بەیەکەوە نووساوە دەتوانین هەست بە شێوە جیاوازەکانی بکەین کە پەیوەندییەك بە یەکیان دەبەستێتەوە

ئەویش دووری نێوانیانە" (صفاء ذیاب، ٢٠١٥، ص ٢٩٠) بۆری لۆتمان شوێن وەك کۆمەڵێك شتی بەیەکەوە نووساو دەبینێت، کە لە شێوەی جیاواز دروست بووە پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەیە ئەویش دوورییە. گلستۆن باشلار دەڵێت: شوێن کە بەرەو خەیاڵ دەچێت، ناتوانێت وەکو شوێنێکی پەراوێزخراو خاوەن بنەما ئەندازەییەکان بێت، بەڵکو شوێنێك کە مرۆڤی تێدا ژیاوە، بەڵام بە شێوەیەکی نابابەتی یان پراوپڕ لە خەیاڵ، ئێمە بۆخۆی کێش دەکات، چونکە خۆی لە خۆیدا شوێن چرییەکە لە بوون، لەوانەیە ئەم شوێنە ماڵێك بێت، بە ڵام بەردەوام ڕەمز و نموونە ی هێمنی و خۆشی نییە، هەروەها گەرماویش شوێنی شە یتان و جنۆکە یە، بەندیخانە شوێنی دوورخستنەوەو دەستەمۆ کردنە، شوێنی ئازاردانی جەستە و دەروونە، هەروەها قەبر و مردن دە توانی قسەی خۆتی تێدا بکە ی" (بروانە: بن دبلە جلول، ٢٠١١-٢٠١٢، ص ٣٦-٣٧). واتە بەلای گلستۆن باشلارەوە شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنە پەراوێزخراوە خاوەن بنەمای ئەندازەییە نییە کە مرۆڤ تیایدا بە شێوەیەکی ئاسایی تەڕاتێن دەکات، شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنەیە کە پێشتر مرۆڤی تیادا ژیاوە و پراوپڕە لە خەیاڵ، ئێمە بۆخۆی کێش دەکات بە هۆی بیرەوەرییەکان و خەیاڵەوە، لە نموونەی شوێنی خەیاڵی کاولە خانوو و گەرماو کە جنۆکەی لێیە، قەبر و مردن . بەر لە مردن مرۆڤ خە یاڵ و پێشبینی زۆر سە یرو سەمەرە بۆ ئەو شوێنە واقیعیە فانتازییە دەکات، هەروەکو سیزا قاسم دەڵێت: مرۆڤ بەردەوام هەوڵدەدەن هەستە فکرییەکانیان و وێناکردنیان بۆ جیهانی هەستی و نە ستی بە رجەستە بکەن، پێوە ندیان بە شوێنەوە دیاریدەکەن لە سەر بنە مای فکریی و کۆمە ڵایەتیی و دەروونی.(بروانە: حسین علام، ٢٠١٠، ل١٥٥).

شوێن بە یەکێك لە رەگەزە گرنگەکانی رۆمانی فانتازیا ئە ژمار دەکرێت، بەهاتنەکایەی تیور و پەرەسەندنی لایەنی هونەری رۆمان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەگەر بگە ڕێینەوە پێش سەدەی نۆزدەهەم نووسە ران بە زۆری گرنگیان بە وەسفکردنی شوێن دەدا، لە دوای دەرکەوتنی تەکنیك و هونە رەکانی گێڕانەوە، ئەمانە جێیان بە وەسفکردن لەقکرد.شوێن بریتییە لەو چوارچێوە یان ئە و گۆڕە پانە یان ئە و پانتاییە جوگرافییە، کە ڕووداوەکان لە ڕێی کەسێتییەکانەوە هەڵدەسوڕێندرێن لە کاتێکی دیاریکراودا، هەروەها شوێن چوارچێوەیەکیشە بۆ کۆکردنەوەی رەگەزەکانی رۆمان، کەسێتیی، ڕووداو، کات .لە نموونەی شوێندا، بیابان و گۆڕستان و شوێنە دوورە دەستەکان ماڵی فانتازیاو بوونەوەرە سەروو سروشتیەکان. "لەبارەی گرنگی شوێنەوە، "میشێل بوتور"پێیوایە کە لە بنەڕەتدا"خوێندنەوەی رۆمان گەشتێکە بە جیهانێکدا، جیاوازە لەو جیهانە ی کە خوێنەر تێیدا دە ژی، هە ر لە یەکەم چرکە وە کە خوێنەر کتێبە کە دەکاتەوە." ( جەلال ئەنوەر، ٢٠١٣، ل ٣٠٦)رۆماننووس جیهانێك دە کاتە گۆڕەپانی ڕووداوەکان کە خوێنەر بەلایەوە جیهانێکی تر و ژینگە یەکی تر ە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەلکێشکردن و بە ردەوام بوون و ڕاڕابوون و سە رسام بوونی لەوەی دەیبینێت واقیعە یان فانتازیایە. جگە لەمە "لە گێڕانەوەدا شوێن لە هەر دەقێکدا سیمانتیکی تایبە تی خۆی هە یە، شوێن مەودایەکە بۆشایی نییە بەڵکو پڕە لە بوونەوەر و شت لە ڕاستیدا ناتوانین شوێنێك وێنا بکەین کە بە ڕاستی بوونی نییە، شتەکان بەشێکن لە شوێن و جیانابنەوە لێی، بەڵکو لە هەندێ ڕەهەندەوە لە ڕێگای دۆزینەوە دەلالاتەوە هەڵهێنجاندنی واتای بۆ دە کرێت" (صفاء ذیاب، ٢٠١٥، ص ٢٩١) سیمانتیك لە گێڕانەوەدا لە شوێن ڕۆڵی خۆی هە یە شوێن ئەو مەودایەیە کە بەتاڵ نییە، بەڵکو پڕە لە بوونەوەر و شتی دیکە . لە ڕاستیدا ناتوانین وێنای شوێنێك بکە ین کە شوێنەکە بوونی نەبێت وەکو ئەوەی لە فانتازیادا مەزراندنی بۆ دە کرێت، لەبەر ئەوەی شتەکان بە شێکن لە شوێن. "زاراوەی "eireaF"کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی حیکایەتی پروپووچ و سە روو سروشتی بە ڕەچاوکردنی بوونی پە یوەندی لە نێوان، پروپووچی و سەروو سروشتی دا بۆی هەیە هەروەکو لە زانستدا دەبینرێ.

"ئەدگار ئالان پۆ لە "١٨٠٩-١٨٤٩"eoP.A.E" نووسەر و شاعیری ئە مریکی لە پێشەوەی نووسە رە فانتازیاییەکانەوە دێت کە وەسفی "قەڵا کۆنەکان" "ژوورە دەرگا ئاسنینەکان"لە چیرۆکە ترس ئامێزەکان و جێ ژوان

""سوره ڕێگای مردن"" قۆرت " دەکات... هتد، کە تیایاندا وەسفی دەوڵەمەندە پەراوێزخراوەکان دەکات کە دەوڵەمەندە نامۆیەکانیان پێ دەگوترێ، خۆیان نەخۆشیی دەروونیان هەیەو سەرپەرشتی شێتەکان دەکەن، زۆربەی پاڵەوانەکانی لەو کچە جوانانەن کە زۆر شۆخ وشەنگن، هەر لەسەردەمی هەرزەکارییەوە کچێنی خۆیان لە کەش و هەوایەکی نادیاردا لەدەست داوە.." ( محمد عزام، ٢٠٠٣، ص ٢٢) ئەدگار ئالان پۆ نووسەرو شاعیری ئەمریکی لە پێشەوەی نووسەرە فانتازیاییەکانەوە دێت کە لە وەسفی چیرۆکەکانی و چیرۆکە ترس ئامێزەکانیدا "جێ ژوان ""سوره ڕێگای مردن"" قۆرت " هتد.. یەکەمیان کەسێتیی فانتازییە چوارەکەی تریان لە پێنج ناونیشانەکان شوێنی فانتازیین. گرنگیی شوێن ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ڕووداوێکی تیادا ڕوودەدات، چونکە تا ڕووداوی تیادا ڕوونە دات لەوانەیە نەناسرا بێت، جۆری ڕووداوەکەش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر شوێندا.بە پێی بۆچوونەکانی تزفتیان تۆدۆرۆف، ئەو شوێنەی کە راڕایی و سەرسوڕمان دروست دەکات، شوێنی فانتازییە.

**تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی شوێنی فانتازی لە رۆماندا:**

یەکێک لە دابەشکردنە ئاساییەکانی شوێن ئەوەیە کە دابەشدەکرێتە سەر دوو جۆر، ئەو دوو جۆرەش بریتین لە:

١-شوێنی کراوە: شوێنی کراوە ئەو شوێنەیە کە سنووری نییە و پابەند نییە بە بەربەستێك، فراوانە مرۆڤ تێیدا ئازادە، بەشێوەیەك جێگۆڕکێ کردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە ئاساییە.

٢- شوێنی داخراو : شوێنی داخراو سنووردارە لەچوارچێوەی ژوورێك یان فە رمانگەیەك یان کونجێك یان کوختێك مرۆڤ تێیدا وەکو شوێنی کراوە ئازاد نییە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین "فانتازیا لە هەردوو شوێنی کراوە و داخراودا ڕۆڵ دە بینێت، لە شوێنی کراوەدا کاری بوونەوەرە فانتازیاییەکان زۆر ئازادە لەخستنە ڕووی چالاکییەکانیاندا بەڵام لە شوێنە داخراوەکاندا دەبن بە چەقی شتەکان و کە سێتییەکان" (صفاء ذیاب، ٢٠١٥، ص ٣٠٤) کەواتە ئەم دوو جۆرەی شوێن دەکرێت شوێنی فانتازی بن و ڕووداو و کەسی فانتازییان تێدا بێت. بۆ نموونەجنۆکەکان گۆڕەپانی چالاکییەکانیان شوێنی کراوەو شوێنی داخراوە لە شوێنەکراوەکاندا ئازادن لە کارو چاڵاکییەکانیاندا، لە شوێنە داخراوەکانیشدا دەبن بە چەقی ڕووداوەکان.

بە شێوەیەکی گشتی شوێن لە رۆماندا دوو ج ۆرە، کە یان شوێنی واقیعییە، یان شوێنی خەیاڵییە، شوێنی خەیاڵیش دوو جۆرەو بریتین لە:

١. شوێنی خەیاڵی ئاسایی: واتە ئەو شوێنانە کە لەسەر بناغەی واقیع بنیات نراون، بۆیە جیهانی دەرەوەی دەق دەنوێنن .

٢. شوێنی خەیاڵی نائاسایی یان فەنتازی : واتە ئەو شوێنانە کە لە سەر بناغەی خەون و خەیاڵی دوور لە واقیع بنیات نراون، بۆیە ئەفسانە و خورافیات دەنوێنن" (روناك عەلی، ٢٠١٤، ل٧١).

یەکەمیان ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کەلەسەر بنەمای واقیع بنیاتنراوەو بە جۆرێک نییە کە مرۆڤ نەتوانێت هاوشێوەیەکی نزیکی لە واقیعدا نەبینێت، بەڵام دووەمیان شوێنی یۆتۆپیا و ئیسکاتۆلۆجیا و فانتازیایە. واتە شوێنی خەیاڵی نا ئاسایی یان فانتازیایی، ئەو شوێنانەن کە واقیعی نین و لەسەر بنەمای خەون و خەیاڵ دروست دەبن، زۆربەیان ئەو شوێنانەن لە ئەفسانەکان و خورافیات و پڕوپووچدا نواندنیان بۆ دەکرێت، کە خەیاڵی نووسەرن. " بە پێی ئەم دابەش کردنە، شوێنی فەنتازی جۆرێکە لە شوێنی خەیاڵی، لە هەمان کاتدا شوێنی خەیاڵی ئاسایی، لەگەڵ شوێنی فەنتازی یان نائاسایی جیاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە "شوێنی خەیاڵی ئاسایی سوود لە سەرچاوەی واقیعی وەردەگرێت بۆ وێنە

کێشانی جیهانە خەیالییەکە، بۆیە ئەم جۆرە شوێنە خەیاڵییانە لە واقیعەوە نزیکن، لەگەڵ ئەوەشدا بوونیان لە واقیعدا نییە، بەڵام هاوشێوەیان لە واقیعدا هەیە" (روناك سەڵاح، ٢٠١٤، ل ٧١) شوێنی فانتازی لە نێوان شوێنی خەیاڵی ئاسایی و شوێنی خەیاڵی نائاساییدایە بە پێچەوانەی شوێنی فەنتازییەوە، ئەگەرچی شوێنی فەنتازیش شوێنی خەیاڵییە، بەڵام لە وێنە کێشانیدا سوود لە سەرچاوەی واقیعی وەرناگرێت، بەڵکو زۆر دوورە لە واقیع و تارادەیەك بەرگی ئەفسانەیی دەپۆشێت بە مانایەکی دیکە شوێنی فەنتازی زادەی خەون و خەیاڵی نووسەرە" (روناك سەڵاح، ٢٠١٤، ل ٧١).

جگە لەو دابەشکردنەی سەرەوە لە دابەشکردنێکی دیکەدا شوێن دەبێتە: شوێنی ئارام: شوێنی ئارام ئەو شوێنەیە کە تیایدا مرۆڤ مە ترسی نییە ئاسایشی گیانی و خۆراکی تیادا پارێزراوە ، لە شوێنی ئارامدا خە یاڵی مرۆڤ، بیر لە شوێنی ئارامتر دەکاتەوەو دواتر خەیاڵی بۆ شوێنی یۆتۆپیا دە چێت، لە هەردوو رۆمانەکەدا هەردوو رۆماننووس باسیان لە هەندێك شوێنی یۆتۆپیا و دیستۆپیا کردووە . شوێنی دژ: ئەو شوێنە ئارامەی کاتێك پشێوییەکی تێدەکەوێت بۆ کەسەکان دەبێتە شوێنێکی دژ، هە ندێك شوێن هە یە لە خودی خۆیدا دژە وەکو زیندان، گۆڕستان ..هتد.هەندێك شوێن هە یە کە لە شوێنی فانتازیاوە نزیکن، وەکو یۆتۆپیاو دیستۆپیا و ئیسکاتۆلۆجیا.

**یۆتۆپیا:** ئەو شوێنە خەیاڵییەیە کە مرۆڤ بەردەوام لە ئەندێشەیدا خوازیارییەتی. یۆتۆپیا ئەو جیهانە نموونەییە کە مرۆڤ هەوڵی بۆدەدات بیگاتێ، بەڵام لەئێستادا لەسەر ئەرزی واقیعدا بەدی هاتنی ئەستەمە، یۆتۆپیا وێنای جیهانێکی نموونە یی دەخوازێ، کە لە ئێستادا بوونی نییە . "کۆمارەکەی ئەفلاتون بە گرنگترین یۆتۆپیای کلاسیکی دادە ندرێت بە ڕەهایی، لەبەر ئەوەی تیایدا گشت دیاردە کانی ژیانی بەکۆمەڵی تێدایە، ئامانجی سە رەکی ئایین و فە لسەفەیە" (الخامسة علاوي، ٢٠٠٥، ل ٧٣) کۆمارە خێرەوەمەندەکەی ئەفلاتووندا ئەرك و ماف و دە سەڵاتی توێژەکانی کۆمەڵگای دیاریکرد، کە بەگرنگترین یۆتۆپیای کلاسیکی دادەنرێت. شوێنی یۆتۆپی "لە بە ئەفسانەکردنیدا دەبێت و ئەم شوێنە لە خەیاڵدا وێنەی دەکێشرێت و لە پەنای زمانێکی شیعری ئەو شوێنانە گۆڕانی سیحرئامێزیان بە سەردادێت دەبن بە یۆتۆپیایەکی ناو زمانی دەقەکە و لەمەشدا فەلسەفە و جیهانبینی و بەهای ئیستاتیکای دەقەکە د مستەبەر دەکەن" (سابیر ڕەشید، ٢٠٠٧، ل ٣٢) شوێن لە فانتازیادا لە خەیاڵدا وێنەی بۆ دەکێشرێت بۆ ئیستاتیکای دە قەکە و گونجاندنی لەگەڵ بابەتەکەدا کە لە ڕۆماندا مەزراندنی بۆ دەکرێت، زمانی شیعری وا لەو شوێنانە دەکات، گۆڕانێکی سیحری بەسەردا بێت و وەکو یۆتۆپیای زمانی دەقەکەی لێدێت، فەلسەفەو جیهانبینی بەیەکەوە ستاتیکایەك بە دەقەکە دەبەخشن، متمانە لای خوێنەرانیان دروست دەکەن.

شوێن زیاتر لە میانەی وەسفکردنەوە دەردەکەوێت، وەسفکردنی شوێن و پێکهاتە کانی بە درێژەی و ەسفی کەسەکان دادەنرێت، کە ئەم وەسفەیش بۆ چەند ئەرکێکە وەك: " ڕاڤە کردن و جوانکاری و زانیاری بەخشین " (حەمە مەنتك، ٢٠٠٠-٢٠١٠، ل ١٥٢) ئەرکی وە سف یان دە رخستنی جوانی و نهێنییە کانە یان شرۆڤە کردنی بابە تە خوازراوەکەیە بۆئەوەی متمانە لای خوێنەر دروست بکرێت لە وەی کە دەیبینێت ڕاستە، یان لە ڕێگای شرۆڤەکردنەوە شوێنەکە دەگونجێنی لەگەڵ کەسێتییەکاندا بەیەکەوە ژینگەیەك دروست دەکەن وا لە خوێنەر یان بینەر یان بیسەر دەکات کە ئەوەی دە یبینێت یان دە یخوێنێتەوە یان دە یبیستێ باوە ڕی پێبکات کە ڕاستە. بەڵام سەبارەت بە شوێنی فانتازی بابەتەکە بە پێچەوانەوەیەو دەبێت وەسفەکە وابکات خوێنەر بکەوێتە گومان لە شوێنەکە کە ئایا دەکرێ لە واقیعدا شوێنی وا هەبێت.

رینیە ویلك و ئوستن وارینپیان وایە کە وەسفی شوێن دەبێت: "بە شێوەیەکی خوازراو گوزارشت لە کارەکتەر بکات.چونکە ماڵی مرۆڤ درێژکراوەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەگەر وەسفی ماڵەکەیتکرد، ئەوا وەسف خۆیتکردووە"" (جەلال ئەنوەر، ٢٠٠٩، ل١٤٦) واتە دەبێت شوێن گوزارشت لە کەسێتییەکان بکات بە شێوەیەکی خوازراو چونکە زۆرجار شوێ ڕۆڵی کارەکتەر دەبینێت، بگرە ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەبینێت.لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا نوسەر

لە ڕووداوەکاندا کارەساتێك دەکاتە ئامانج کە لە شوێنە فانتازییەکاندا جومگە سەرەکییەکانی بۆ داڕێژراوە، لە هەمان کاتدا شوێن بریتییە لە چەندین شوێنی فانتازیی و سروشتی، تێکەڵەیەك لە واقیع و فانتازیا کە لە کوردستان و ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا بوونیان هەیە ."شوێن کە توێژەران بە"ئەو ژینگە خەیاڵییەی تێیدا ڕووداوەکانی ڕۆمان ڕوودەدەن"" (میران جەلال، ٢٠٠٩، ل٤٠) شوێن ئەو ژینگە خەیاڵییەیە کە تیایدا ڕووداوەکان بە هۆی کەسێتییەکانەوە پەرەدەسێنن، خۆشیان لە ڕێگای وەسفەوە دەردەکەون.

**دیستۆپیا:** پێچەوانەی یۆتۆپیایەو واتای شوێنی ناخۆشی نەبینراو دەگەیەنێت، "تۆماس مۆر لە ساڵی "١٤٧٨-١٥٣٥"ز داهێنەری یۆتۆپیایە بە واتای "شوێنی دووەم" یان "شاری خێرەومەندەکە"دێت دواتر وشەیەکی دیکەی بۆ زیاد دەکات بۆ ئەوەی ئاماژە بە شوێنی ناخۆش و دژوار و نامۆ یان ترسناك بدات کە وشەی دیستۆپیایە (aipotsyD)." (د. شاکر عبدالحمید، ٢٠٠٩، ٢٥٥) تۆماس مۆر نزیکەی پێنج سەد ساڵ لەمەو بەر داهێنەری یۆتۆپیایە کە ئاماژە بەدۆخێکی نەبوون لە دۆخێکی بووندا دەکات کە جۆرێك لە واتای گریمانەیی پێ دەبەخشێت، لە هەردوو ڕۆمانەکەدا حاڵەتی نەبوون لە دۆخێکی بووندا بەرچاو دەکەوێت، ئەوی دووەمیان ئەگەر یۆتۆپیا بێت یان دیستۆپیا بێت بۆ فانتازیا بەکاریان هێناوە.

**کرۆنۆتۆپ**"chronotope" ئەو چەمکە بڵاوەیە کە لەسەدەی بیست لە لایەن میخایل باختینە وە بەم شێوەیە خرایە : ڕوو"پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان شوێن و کاتدا هە یە، لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی هونەری بەکارهاتووە، وەکو زاراوەی شوێنکاتە"ئەو زاراوەیە لە زانستی فیزیا و بیرکاریە وە خوازراوە." (د.الخامسە علاوی، ٢٠١٣، ل٣٠١)لە شوێنکاتدا، کەسێتییە فانتازییەکان لە ڕووداوە فانتازییەکاندا هەردەبێت لە شوێنێك و کاتێکدا کە پەیوەندییەکی ڕۆحی بە یەکەوەیان گرێدەدات دەربکەون، لەبەر ئەوەی هەر ڕووداوێك کە کەسێتییەکان هەڵیاندەسوڕێنن لە بۆشاییدا ڕوونادات و ناتوانن هەڵس و کەوت بکەن، هەر دەبێت چوارچێوەیەك هەبێت کە خۆی لە شوێنێکدا دەدۆزێتەوە، ئەگەر واقیعی بێت یان فانتازی بێت، یان واقیعی فانتازی بێت .شعیب حلیفی لە کرۆنۆتۆپدا دەربارەی فانتازیا دە ڵێت: لە ڕۆمانی فانتازییدا شوێنکات تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە، کات ڕەهەندێکی لە فەزادا هەیە کە ئاسان نییە دیاریبکرێت، جارێك بە پشت بەستن بە بۆچونەکانی باختینەوە، جارێکی دیکە بە دەقە فانتازیەکان کە تیایدا کات درێژ دە بێت و کورتدە بێتەوە بە پێی ئەوەی بنیاتێکی دینامیکییە لە فەزا هەیە" (شعیب حلیفی، ٢٠٠٩، ل ١٨٢) ئاشکرایە کە فەزا فراوانتر و گشتگیرترە لە شوێن، فەزا مەودایەکی فراوانە بێ سنوورە ، خەیاڵ و مە زندەکردنی تێدە کەوێت، هە روەها شە وێکە نابێتە بەیانی، شوێنەکان لەیەك گرێ دەدات، هەندێك جار شوێنی واقیعی بە شوێنی فانتازی خەیاڵی گرێدەدات.، بۆ نموونە جەلادەتی کۆتر لە ئوتێلی گێلاسی سپییە وە لە نهۆمی شەشەمەوە بە سواری ئەسپە فانتازییەکان بە چاو ساغی مستە فای شەونم بەرەو بەرزەخ دەچن، لە کۆتایی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا مستەفای شەونم زیاتر بۆی نییە پێشڕەوی بکات، ئیتر جەلادەتی کۆتر خۆی هە نگاو دە نێت بەرەو جیهانی سە رەوە، لەوێ قوربانییەکان دەبینێت هاوارەکان کۆدەکاتەوە کە لەسەردەمی خۆیدا لەسەر زەوی نەیانتوانیوە بیگەیەنن، هاوارەکان لە ڕێگای نامەکانەوە لەشەودا بەنهێنی بە کەسوکاریان دەگەیەنێت لەسەر زەویدا.

شوێنە فانتازییەکان، وابەستەی شوێنێکی فانتازیی دیاریکرا و نین، یان مە رج نییە ڕووداوی فانتازی تەنها لەو شوێنەدا ڕوودەدات کە فانتازییە، یان کەسێتییەکی فانتازی لە شوێنێکی دیاریکراو دەربکەوێت، لە شوێنێکی فانتازیی بێت، شوێنەکان وەکو چوارچێوەی جوگرافی شوێنی واقیعین، لە ناو شوێنە واقیعییە ناسراوەکاندا شوێنە فانتازییەکان بونیان هەیە، هەروەکو لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا مۆزەخانەکەی موسای بابەك کە لە ژێرزەمینداییە و کەس پێی نازانێت تەنها خۆی و جە لادەت و دالیا سیراجە دین و سامیری بابلی، پێی دە زانن، لەهەمان کاتدا شوێنەکە کە شاری سۆزانییەکانە لە واقیعدا لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا بوونیان هە یە، بەڵام بە ناوی دیکەوە. یان شوێنی فانتازی

ژووری سەنگەرە کە گۆڕی دەغدو و کۆمەڵێك شوێنی ئاسەواری سەردەمی ئاشوورییەکان و دەوڵەتی مادی تێدایە کە لە ڕۆمانی دەغدوی خەسرەو جافی ڕۆمانووسدا ئاماژە ی پێکراوە ، لێرەدا شوێنێکی ئەبستراکتی جوگرافی لە ڕۆمانی تەقلیدیدا بۆی هەیە لەو چوارچێوەدا ڕووداوێك ڕووبدات و تێپە ڕێت، بەڵام لە شوێنێك و ژینگە یەکی فانتازییدا کە ئەبستراکت نییە، شوێن ئەو پێگەیەی نامێنێت، چونکە ڕووداو لە بۆشاییدا ڕوونادات و دەبێتە شوێنێکی فانتازیی، کە تیایدا لە نێوان واقیع و خەیاڵدا ڕاڕایی دروست دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ جاری یەکەم شوێنەکە دەبینن.

سەبارەت بە ئاماژەکردنیش بە شوێن لە ڕۆماندا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین زۆربەی جا ر ڕۆماننووس بەبێ مەبەست ئاماژە بەشوێن ناکات، بەڵکو مەبەستی خۆی تێدایە ، بۆیە دەبێت ئەو شوێنانەی کە ڕووداویان تێدا ڕوودەدات لەگەڵ سروشت و مە زاجی کارە کتەرەکان بگونجێ، "چونکە ژینگەی وە سفکراو کاریگە ری لە سەر کارە کتەر هەیە.وەسفکردنی ژینگە، وەسفکردنی داهاتووی کارەکتەرە"" (ڕێزان عوسمان، ٢٠١٠، ل٤٩) نووسەری ڕۆمان کاتێك ئاماژە بە شوێنێك دەدات مەبەستگەلێکی خۆی لە پشتەوە هەیە گونجاندنی شوێن و کە سێتیی و گونجاندنی شوێنکات، گونجاندنی شوێن لەگەڵ ڕووداوەکەدا، هەرگیز شوێنی فانتازی وەکو کاولە خانوو، کوخ، کونج، بۆ کەسێتیی واقیعی و ڕووداوی واقیعی ناشێت، ئە و شوێنە ڕاست و ڕاست بە ناو و ناوبانگ و ڕابردووی خۆیە وە نامەزرێندرێت، چونکە لەوانەیە کەسانێك لە زڕاندنی ناوی شوێنە کە ئەگەر پە یوەندی بە ئایدیۆلۆجیاوە یان پەیوەندی بە ئایینەوە هەبێت، لەخۆشەویستی شوێنەکە پرچەکرداریان لا دروست دەبێت، لەو حاڵەتەدا نووسەر توشی ڕووبەڕووبوونەوە دەبێت لەکاتی زڕاندنی ناوی شوێنێکدا.

فانتازیا لە هەموو حاڵەتێکدا خەیاڵی نووسەر نییە، هەندێکجار مرۆڤ بە عەفەوی تووشی شوێنی فانتازی دەبێت و لەو کاتەدا ڕاڕایی دروست دەبێت و سەرسامی دروست دەبێت لەوەی دەبینرێت ڕاستە یان خەیاڵە، یان هەندێك جار ڕۆماننووس یان چیرۆکنووس لە ڕووداوەکاندا دەگەنە بن بەست پەنا بۆ خەیاڵ یان فانتازیا دەبەن و گرێی ڕووداوەکەی پێ دەکەنەوە لە چەق بەستن و لە خولانەوە لە بازنەدا دەربازی دەکەن لە هەمان کاتدا خۆشییەك و چێژێکی بێ شومار بە خوێنەر دەبەخشێت."بەپێی ڕوونکردنەوەکەی سەعید یەقتین فانتازیا لەو شوێنانە نایێتە دی کە پاڵەوان تیایدا دەژی، بەڵکو لەو سەفەرو گەڕانە بەردەوامەی کە لە بیاباندا یان لە شوێنە فراوانەکاندا دروست دە بێت، کەسێتییە فانتازییاکان دەردەکەون، کاری فانتازیایی بێ سنور ئە نجام دەدەن، کە ئەویش لەگەڵ بەشێك لەو کەسێتییانە کە سود لە توانا ڕادە بەدەرە خوداییەکان وەردەگرن، هە ندێ کەسی دیکە هە ڵدەستن بە یارمەتیدانیان بەڵام کارە فانتازیایەکانیان لە کەش وهەوایەکی کراوە و داخراودا دروست دە بێت" (صفاء ذیاب، ٢٠١٥، ص٢٤٨) سەعید یەقتین ڕوونی دە کاتەوە کە شوێنی ڕوودانی کاری فانتازیایی لە شوێن و مە نزڵی پاڵەوان نایێتەدی بەڵکو لە کاتی سەفەر و گە ڕان وگەشتە بەردەوامەکاندا دێتە ئاراوەو بوونەوەرە سەروو سروشتییەکان دەردەکەون و کاری سەروو سروشتی ئەنجام دەدەن لە کەش و هەوای کراوەو داخراودا.

دروستکردنی شار و گە ڕەك بـە ورێنە، لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا، وە ك شا ردێی عفك یان سەحاجی، کە شوێنی واقیعین لە خوارووی عێراق بەڵام لە ڕۆمانەکەدا وەکو شوێنی فانتازی دەرکەوتوون، لەنموونەی شاری مۆسیقارە سپییەکان و شاری سۆزانییە کان و شاری تە پوتۆزە زەردەکان و گێلاسی سپیی و بە لەمی بە فر ئۆقیانووسی هاوارەکان یان خەیاڵی بڵاوی مرۆڤ لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا بۆی دەچێت کە هیچ سنوورێکی نییە و هیچ هێزێك نابێتە بەربەست، شوێنی فانتازی وە کو کەسێتیی فانتازیی ئە وەی ڕۆماننووس لە ڕووی نایێ ناوی شوێنە کە بهێنێت، چونکە شوێنێکی ئابڕوو بەرانەیە یان شوێنێك لە بنەڕەتەوە ناوێرێت ناوی بهێنێت لە بەر ئەوەی لە ئایندەدا تووشی لێپرسینەوە دەبێت، بگرە لەوانەیە ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە، یان لە ڕووی ئایینییەوە تووشی ئیلحادبوون دەبێت،

بۆیە پەنا بۆ شوێنی فانتازیی دە بات بۆ ئە وەی بەدوور بێت لە و جۆرە گیروگرفتانە، ئامانجەکە دەپێکێت و ئازاریش نادرێت .

لە دەقی فانتازیدا شوێنەکان نابێ شوێنێکی واقیعی ڕوت بێ ، چونکە ئەو ڕووداوانە ی کە لەو شوێنانە دا ڕوودەدەن ڕووداوی سەروو سروشتین، مرۆڤ لە نێوان زەوی وئاسماندایە، زەوی هەست پێکراوە واقیعیەکەیە ژێرخان و زۆربەی نهێنییەکانی بەچاوی ڕووت دە بینرێت, بەڵام ئاسمان ئەوسەرخانەیە کە زۆربەی نهێنییەکانی دیار نین یان دەتوانرێ بگوترێ خەیاڵ و نامۆیە، زاناکان عەقڵ و بیرکردنەوە بە داهێنانی خەیاڵ دەزانن، نوێنەرایەتی بیر یەکێکە لە پێکهاتەکانی خەیاڵ، ئەویش لە وێنای ناخی نادیار نوێنە رایەتی دەکرێت. "خەیاڵی شوێن لای جاستۆن باشلار "١٨٨٤-١٩٦٢"ز لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دانراوە، بە پێی بنەمای سادە وئاسایی و بە پێی بنەمای ویست وحەز...لەسەر ئەو بنەمایە نووسەر بەخەیاڵە دووانەییەکەی شتێك دروست بکات لە نێوان زەوی و ئاسماندا بە ویستی خۆی" ( د. شاکر عبدالحمید، ٢٠٠٩، ص ١٨٣) خەیاڵکردن بۆ شوێن لەگەڵ خەیاڵکردن بۆ ڕەگەزەکانی دیکە جیاوازە، گلستۆن باشلار بە پێی دوو بنەما داپڕێژتووە یەکەمیان خەیاڵکردن بۆ شوێن بە سادەیی و ئاسایی ئەوی دیکەیان خەیاڵکردن بۆشوێن نووسەر بە خەیاڵە دوانەییەکەی لە نێوان زەوی و ئاسماندا دیاریدەکات بە ویست و حەزی خۆی شوێنێك لە خەیاڵی خۆیدا دروست دەکات و دەیکاتە گۆڕەپانی ململانێکان وەکو شوێنێکی فانتازی . "گێڕەرەوە هەندێ شوێنی فانتازیایی دیاری دە کات، کە شوێنی کراوە بێت یان داخراو بێت لە بیابان بێت یان لە ژێرزەوی بێت، هەوڵ دەدات هەندێ شاری فانتازیایی نیشان بدات، ڕاستی بێت یان خەیاڵی، چەندین شاری بنیات ناوە لە کتێب و سەرچاوە مێژووییەکان، هەندێك لە شارەکانی ئەسڵ و ئەساسی نییە" (صفاء ذیاب، ٢٠١٥، ص ٣١٣) گێرەڕەوە هەندێك شوێنی فانتازیایی کراوە یان داخراو لە بیابان بێت یان لە ژێر زەوی هەوڵ دەدات ناوی هە ندێك شار بهێنێت کە ئەسڵ و ئەساسی نییە لە واقیعدا،وەک شاری مۆسیقارە سپییەکانلە ڕۆمانەکەی بەختیار عەلیدا کە هەر بە ناوی ئەو شارەوە ناونراوە.

**بەشی دووەم: شوێنی فانتازی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا**

ناونیشانی ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی, كە "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ە لە سێ زاراوە پێکهاتووەو گوزارشت لە شوێن و گرنگیی شوێن دەکات لەم ڕۆمانەدا : "شار" کە شارێکی خەیاڵی و شوێنێکی فانتازییە شوێنی ڕوودانی زۆربەی ڕووداوە فانتازییەکانە، "مۆسیقا" ئەو هونەرە سیحراوییە و تاکە زمانەیە کەمرۆڤایەتی تێیدەگات، "مۆسیقار"خاوەنی ئەو پارچە مۆسیقا سیحراوییە ئەفسووناوییە فانتازییەیە کە مرۆڤ لە کایەی خۆی دەردەکات و دەیباتە جیهانێکی دیکە، وشەی "سپییەکان"ئەویش ئەو زاراوە فانتازییەیە کە بە زۆربەی شوێن و کە سێتییەکانەوە دەنووسێت، دە یکات بە شوێن و کەسێتیی فانتازییایی.شار بەو شوێنە دەگوترێت کە لە شارۆچکەو شارەدێ و گوند گەورەترە، هەندێك بنەما و پێداویستی شاری تێدا بە دیدەکرێت کە لە شارەدێ و گونددا نییە .لێرەدا ئەو شارە وەکو واقیع و شارستانییە ت بوونی نییە، هیچ شارێك لە دونیادا بوونی نییە کە تایبەت بێت بە مۆسیقارەکان، دەشێ شارێك بە ناوی مۆسیقارێکەوە بناسرێت، فانتازیا و خەیاڵ ئەو شارە دروست دەکەن بۆ ئە و مۆسیقارانە کە لەواقیعدا بە هەر هۆکارێك بێت نەیانتوانیوە لەسەر ئەرزی واقیعدا تواناکانیان دە ربخەن، یان بواری ئە وەیان پێنەدراوە داهێنان بکەن، یان ئە و مۆسیقایەی لەسەر ئەرزی واقیعدا نەیانتوانیوە بیژەنن، لەو شارە فانتازیایەدا دەیژەنن. کاتێک سەیری ڕۆمانەکە دەکەین کۆمەڵێکی زۆر شوێنی فانتازیی تیایە، کە بەشێکی زۆری پانتایی ڕۆمانەکەیان پێک هێناوەو دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێ بکەین و لێیان بدوێین:

**١- شاری مۆسیقارە سپییەکان:**

ناونیشانی رۆمانەکەی بەختیار عەلییە و شارێکی فانتازیی و خە یاڵییە، هەروەها ناو نیشانی تابلۆیە کە، لە ناو رۆمانەکەدا زاراوەی " شاری مۆسیقارە سپییەکان" "١٠٠" جار بەکار هاتووە "شاری مۆسیقارە سپییەکان شارێکە تا مرۆڤ نەچێتە ناوی نازانێت چییە ، شارێکی سپی بێسنوورە کە مرۆڤ هەرگیز نازانێت لە چ دەروازەیەکەوە دەچێتە ژووریَ، لە نێو دەریایەکی بەریندایە لە گیای سەوز، مرۆڤ دە توانێت ئەو شورا سپییە گەورەیە ببینێت کە لەهەر چوارلاوە ئابلۆقەیداوە، شورایەی ناکۆتایە کە چەندە بە ناو شوێندا دەڕوات هێندەش بەناو کاتدا تێدەپەڕێت شارێکە مرۆڤ دەتوانێت سەرەتاکەی ببینێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بزانیَت لە کوێدا تەواودەبێت." (بەختیار عەلی، ٢٠١٣، ل ٧١٨).

لەم وەسفانەی گێڕەرەوە ئەوە دەردەکەوێت شاری مۆسیقارە سپییەکان شارێکی فانتازییەو لە شارێکی واقیعی ناچێت، چونکە مرۆڤ نازانێت لە چ دەروازەیەکەوە بچێتە ناوی، لە هەرچوار لاوە بە شوورای سپی دەورە دراوە کە سەرەتای هەیەو کۆتایی نییە، شورا خۆی لە خۆیدا واتای سنوردارییەو پێچەوانەی ئەوەیە کە کۆتایی نەیەت، بەڵام شورای ئەم شارە کۆتاییەکەی دیار نییەو مرۆڤ نازانێت لە کوێدا کۆتایی دێت، هەموو ئەمانە ئەم شارە دەکەن بە شارێکی سەروو سروشتی و نائاسایی و فانتازی. ئەم شارە فانتازییە شارێکە هیج فریشتەیەکی تێدا نییە، مرۆڤ خۆی فریشتەی ئەو شارە بوو. شارۆخی شارۆخ پە یوەندی هونە ری و مۆسیقی لە گەڵ ڕە وشەنی مستە فا سە قزی هە بوو لە دوای کوژرانی لەشەڕدا، دەبێتە ڕۆح و پە یوەندی بە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە دەکات و دە بێتە دەلیلی جەلادەتی کۆتر بە رەو سەر زەمینی جوانییە کوژراوەکان دەچێت.لەو شوێنە فانتازییەدا شارۆخی شارۆخ بە خێر هاتنی جە لادەتی کۆتر دە کات بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، کە لە سەرەتای دەستپێکی رۆمانەکەدا زەرفێك دەداتە دەستی بۆ ئەوەی بچێتە لای رەوشەنی مستەفا سەقزی، کە جەلادەتی کۆتری لەلایە و چاوەڕوانی دەکەن بۆ هەندێك کاری پێویست.جەلادەت لەو شارەدا سەیری ئەو کچە مۆسیقارانەی دەکرد کە لە هەوادا دەفڕین، شاری ئەو جوانیانەیە کە لە ژیاندا جێگایان نەبۆتەوە، مردنیش لەوە لاوازترە باوەشیان بۆ بکاتە وە.شارۆخی شارۆخ بە جەلادەت دەڵێت من تاوەکو ئێرە دەتوانم لەگەڵتدا بێم، تا ئە و کاتەی بەبێ کۆمەکی من خۆت لە نێوان ئەم جیهانانەدا هاتوچۆ بکەیت لە نێوان شاری مۆسیقارە سپییەکان و مەملەکەتی خۆتدا، جەلادەت لەگەڵ شارۆخی شارۆخدا پێکە وە چوونە بەر دەرگایەکی سپی فانتازی، پاش ئیستێك دە نگێك لەودیو دەرگاوە گووتی: با جە لادەتی کۆتر بێتە ژوورەوە، جە لادەت بە هەمان نیگای غە مگین و ڕوانینی بۆ ئاسۆی دوور کە لەگەڵ دواهەمین ئێوارە و و دوا هەمین شە وی مردنیدا جیاوازییە کی وایان نە بوو، جگە لە زەردەخەنەیەکی غە مگین هیچ نیشانەیەکی دیکە لەسەر روخساری جە لادەتدا نەدەخوێندرایەوە، ئیسحاقی لێوزێڕین و جە لادەت هەردەبووایە بەیەکەوە بمرن، بە ڵام بە پێچەوانەوە ئێستا هە ردووکیان لە جێگایەکی فانتازیدا یە کتر دە بیننەوە. لەو شوێنە وە بۆ یە کەمجار جەلادەت و ئیسحاقی لێو زێڕین لە دوای کوژرانیان بە دیداری یەك شاد دەبنەوە کە شوێنێکی فانتازی لە دونیایەکی ترە. ئیسحاقی لێو زێڕین بە جەلادەتی گووت: خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە دەتبینمەوە، من پەیمانم دایتیَ کە یەکتر دەبینینەوە، بە پێی ئەو پلانە خێرایەی کە بەر لە کوژرانیان لێوزێڕین دایڕشتبوودە مزانی چەند ساڵ بڕوات، چە ند دیوار لە نێوانماندا بێت، چە ند شارو چە ند زە مین لە یەکترمان دووربخاتە وە ئێمە دووبارە یەکتر دە بینینەوە..جەلادەت باوە شی بە مامۆستاکەیدا کرد، چاوەڕوانی ئەوە نەبوو لەو شوێنە فانتازییە لەبەر دەرگا سپییەکەی ئەم شارەدا ئیسحاق بدۆزێتەوە.

لەگەڵ بوونی ئەو شارەدا تابلۆیەکیش هەیە، کە تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکانە، ئەو تابلۆیەی کە ڕەدیف و هاوشێوەی ئەو تابلۆیە بوو کە ئێستا جەلادەت دەیپارێزیت، ئەو تابلۆیەی کە مرۆڤ دەبێت بیپارێزێت چونکە هاواری دونیایەکی ترە، هاواری گەلێکە کە مرۆڤایەتی گوێی خۆی کەڕکردووە موورادیفی تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان کە لای موسای بابەك و جەلادەت و مستەفا شەونم هەبوو، ئەو تابلۆیە دەبێت بپارێزرێت، واتاکەی هاواری دونیایەکی ترە لەدوای زیندەبەچاڵکردن و مردنێکی زۆر بە زەحمەتی کۆمەڵێك کەس کە خۆی لە سەدان هەزار کەس دەدات. ئەم

تابلۆیەش پانتاییەکەو وەک شوێنێکی فانتازییەو گوزارشت لە ئاهـ و ناڵەو کەسەری هەزاران مرۆڤ دەکات . تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان هەموو ئەو قوربانیانەی دەگرێتەوە کە خۆی لە سەدان هەزار ئەستێرە دەدات، تابلۆیەکە کۆمەڵێك دیمە نی تێدای‌ە، یەك لەوانە دیمەنی شاعیرێك لە کاتی نووسینی چامە یەکدا، دە ستی وە کو چنگی تورە ی گیاندارێکی کێوی لێهاتووە، دووباڵدار یەکتریان خواردووە جگە لە ئێسکەکانیان تەنیا دەنووکیان بە ساغی ماوەتەوە، سێ فریشتە لە مەلەکوتەوە دابەزیون بۆ ڕزگارکردنی پاسار بیەك، بە لام لە کاتێکدا هە زاران قوربانی لە و ئاسمانە ی دەورو‌بەری خۆیاندایە. موسای بابەك چەند ساڵ لەمەو بەر ئەڤینێکی هەبوو دەکرا ببێتە عەشقێکی گەورە لەگەڵ سەلوا طحانی هاو بیروباوەڕی لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، پێی وابوو تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان دەبوو بە بازنەی کیومەرسی یەزدانی خوڕەمی و سە لوا طحان و خۆیدا تێپە ڕێت، هەروەها موسای بابە ك پێی وایە ئەو سوڕە مەزن و بێبڕانەوەو ناکۆتایەی کە لە ڕێگایەوە تابلۆی هونەری بێ گوێدانە بەربەستەکانی سەردەم و شوێن مرۆڤەکان پێکەوە گرێدەداتەوە.

جەلادەت لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٥و سەرەتای ١٩٩٦دا گەشتە ئەفسوناوییەکانی لە باشووری کوردستاندا دەست پێدەکات، خۆی تاکە کەس بوو لە بە جێهێشتنی تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان لای ئەو کەسانەی کە خۆی دەستنیشانی دەکرد بۆ دابەشکردنی تابلۆکە، جەلادەت وەك قەقنەسەکانی پێش خۆی لە دەرگای خاوەن قوربانییەکان دەدات کە لە تۆڕێکی نهێنی بەیەکەوەیان گرێدەدات، دواتر لە تۆڕێکی گەورەتری نهێنیدا لەیەك گرێدەدرێن بە ناوی تۆڕی هاواری جوانییە کوژراوەکانە. جەلادەت چە ندەهاجار دە گەڕێتەوە بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، چەندەهاجار لە قەراغ ئەو دەریاچە سیحراوییە شارۆخی شارۆخ دەبینێت...جەلادەت لە سەفەرەکانیاندا لەگەڵ شارۆخی شارۆخ پێکەوە تا بەر شورا ئە فسانەییەکانی ئەو شارە سپییە فلووتیان لێدەدا، جە لادەتی کۆتر هەرگیز دووجار لە یەك ڕێگاوە نەیاندەتوانی بچنە وە بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، شارۆخی شارۆخ دە یگووت: جوانی بۆیە ئۆقیانوسێکی بێسنوورە چونکە هەر مرۆڤەو یەکجار دەتوانێت بە یەك ڕێگادا پیاتێیە ڕبێ، تابلۆ هە رچەندە ڕووبەری بچوك بێت، دەتوانرێت گەورەترین زەریای تیادا ببینین، ئە گەر توانرا هەموو رەمزەکان و جوانییە کانی ناو تابلۆیە ك تێیەگەی ئەوا دەتوانی لە واتای تابلۆکە بگەی، چونکە لەیەکێك لە رەمزەکانی نەگەی لەناو تابلۆکە گیردەخۆیت، ناتوانیت بە ئاسانی لێی دەرچیت. تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان موسای بابە ك بە پێچراوەیی دە یدات بە جەلادەتی کۆتر و پێی دە ڵێت لەوانەیە ڕۆژێك لەڕۆژان ئەو تابلۆیە ببێتە مولکی تۆ. دوای ئەوەی جەلادەت هەست دەکات کەوا جەلیلی باران لەناو تۆرە نهێنییەکەدایە و چاوی هە موو باڵدارە سپییەکان دەبینێت، تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکانی نیشان دە دات، پێی دەڵێت ئەو تابلۆیە لێرە بەدواوە ماڵی تۆیە، عەلی شەرەفیار دەڵێت: کاتێك سەیری ئەو تابلۆی ئەو شارە دەکات وا هەست دەکات، هێزێك لەناوەوەیدا هەیە زۆر بە قووڵی بەرەو ناوەوەی خۆی ڕایدەکێشت . هەر لەو نامانە دەچوو کە جەلادەت لە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە دەیهێناو دەیدا بە کەس و کاری قوربانییەکان.

جەلادەت شاری مۆسیقارە سپییەکانی وەک زەریایەکی سپی گەورە دەهاتە بەرچاو، کە لە نەهەنگێکی گەورەی خەوتو دەچوو، لە زەریایەکدا شوێنی نە بێتەوە جەلیلی باران و رە وشەنی مستەفا سەقزی، هەر یەکەیان وەکوشوێنێکی فانتازی و گەورە ئەو شارە دەهاتە بەرچاویان، ئەگەر هەموو شارەکانی دونیا بخە یتە سەریەك بە ئەندازەی ئەم شارە گەورە نابن، شارێکە کە لە خەونیشدا جێگای نابێتەوە. بەهەمان شێوەی جەلادەت مستەفا شەونم هەوڵی لەبیربردنەوەی خۆی دەدا لە ڕەسمکردندا، هەوڵی کوشتنی ئە و نیگارکێشە ی ناو خۆی دە دا، تەنها یەك تابلۆ لە ماڵەکەیدا هێشتەوە، ئەویش ئەو تابلۆیە بوو کە ناوی "شاری مۆسیقارە سپییەکانە. جەلادەت هەر بەدەم عەزفکردنەوە ئەندامانی تیپەکەی تا سەر تخوبی گردە ئەفسانەییەکە برد، لەوێوە شاری مۆسیقارە سپییەکانی نیشاندان، وەکو کۆتا دیاری ژیانی . لەکاتی

ماڵئاوایی کردنی جه لادەت یەکە یەکە هاوڕێکانی ماچ دە کات، ئامێرە مۆسیقییەکان ماچ دە کات، جەلیلی باران دە ڵێت: جەلادەت منی تا ئەوپەڕی شارێکی خەیاڵی برد، من دەبێت تا ئەوپەڕی حەقیقەتی بەرم، هەروەها باران دەڵێت: هەستم دەکرد ئەو دەستنووسەی جەلادەت بردی بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، ئەو کۆپییەی مستەفای شەونم کە لەسەر ڕەفەی کتێبخانەیەکی ئۆقیانوسی هاواردا هەڵیگرت تەمەنیان لە تەمەنی ئەم چیرۆکەی من زیاترە، هەموو خولیای ئەو ساڵانەی جەلیلی باران ئەوەبوو ئەم تێکستە بگەینێتە ئەو جێگایەی جەلادەتی کۆتر باسیدەکرد، تخوبێك لە نێوان ژیان و مردندا، تخوبێك بتوانێت لەوێوە لە نێوان ئێستاو ئە بەدییەتدا یارییکات، ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی فانتازیا کە مرۆڤ تووشی ڕاڕایی دەبێت، لەنێوان مردن و ژیان و ئێستاو ئە بەدییەتدا. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت شاری مۆسیقارە سپییەکان هەم تابلۆیەکە، هەم شارێکی فانتازییەو کۆمەڵی نهێنیی زۆری لە خۆی گرتووە.

**٢- شاری پرتەقاڵی سپی:**

شوێنی سۆزانییە کانی ناوە ڕاست و خوارووی عێراق کە پێی دە ڵێن"عفك" و"سحاجي"شوێنی ڕابواردنی سەربازە عیراقییەکان بوو بە کورد و عەرەبەوە، کچ و ژنی کارەساتبار لە رووی شەرەف و ناموسەوە روویان تێدەکرد، ئەو کچ و ژنانە زۆر جوان بوون جاری وا هە بوو دەبوون بە ژنی وەزیر و جە نەڕاڵەکان، هەندێکیان کاری زۆر گەورەی مرۆڤانەیان دەکرد جگە لە کارە دزێوەکە، زۆربەیان لەلایەن کەس و کارەکانیان و کۆمەڵگاوە غەدر و ستەمیان لێکرابوو لە نموونەی دالیا سیراجەدین و ئوم فەزڵ، هەموویان لەو شارە فانتازیایەدا کۆببوونەوە. ئەو شوێنە فانتازییەیە کە کۆمەڵێك ناوی خورافی لە خۆدەگرێت کۆمەڵێك قوربانی لێیە کە لە زۆر شوێنی ئە م وڵاتە هاتوون شوێنێکیان لە م شارەدا دۆزیوەتەوە ژیانێکی سەیر بەسەر دەبەن."شارێك نە لەسەر نەخشەو نە لە تۆماری دەوڵەت و نە لە جوگرافیای ئیداری ئەو وڵاتە دا نە بوو، بە ڵکو زە وییەکی نوێ بوو، لە زەمانێکی تایبە تیدا، لە دەرئەنجامی تێکشکانێکی گە ورەی شوێنکاتە جیاوازەکان دروستبووبوو .شارێك بوو لە تێکشکانی شارە کانی تر، لە پاشماوەی ژیان لە جێگاکانی دیکە دا دروستبووبوو." (بەختیار عەلی، ٢٠١٣، ل١٠١). واتە ئەم شارە لەسەر نەخشەو تۆماری دەوڵەتدا نییە، بەڵام شارێکیشە لەئەنجامی تێکشکانی شارەکانیتردا دروست بووەو هەیە، ئەمەش وا دەکات ئەم شارە ئەوەندەی شارێکی فانتازییەو پڕە لە کەسێتیی فانتازی، ئەوەندە شارێکی واقیعی و ئاسایی نەبێت . کاتێك جە لادەت بە بریندارى دەگاتە پرتەقاڵی سپی دالیا سیراجەدین و دکتۆر موسای بابە ك کۆمەکی دەکەن و چارەسەری دەکەن و ڕێنمایی دە کەن لە هەندێك تایبەتمەندی ئەو شوێنە، جەلادەت لە بارەی ئەو شارەوە دەڵیت ئەو شەوە تەنیا چراخانی دوور هەبوو، لە جێگایەکدا گەیشتینە سەر هەزار ڕایەکی گە ورە، پێنتێك هە زاران شە قامی لێدە بووەوە، هە زاران جادە ی سە یرو ناکۆتاو درێژ، دالیا سیراجە دین بە جەلادەتی گووت: کۆتر، تۆ چ ڕێگایەکت دەوێت هەڵیبژێرە، گرنگ نییە بە چ ئاراستەیەکدا بڕۆیت، هەمیشە دەگەینەوە هەمان شار، هە مان جێگا، هەمان کوچەو شەقام، ئەو کۆڵانەی لە شارێکیاندا هەیە لە هەموو شارەکانی تریشدا هە یە، هەمان کۆڵان و هەمان تیاترۆخانە کە لە سەر لەوحێکی ڕەش بەخەتێکی پێچاوپێچ نوسرابوو "البرتقاله البیضاء".پرتەقاڵی سپی ماڵێکی دوو نهۆم بوو، هە ڵبەت جگە لە ژێر زە مینە گەورەکەی و گە نجینەیەکی گە ورە کە دەکەوتە پشتەوە شانۆیەکی گەورەش لەتەنیشت ماڵەکەوە بوو، کە بەردەوام لە پشت بەستێکی تەختی بەرزەوە کوڕێکی میسری بێدە نگ ڕادەوەستا ناوی"شحاتە رضوان"بوو، ئەو بەستە کەوانییە شوێنی مۆسیقارەکان بوو.

دالیا سیراجەدین داوا لە موسای بابەك دەکات کەوا جەلادەت بۆ چە ند ساتێك لە ناو شاری "پرتەقاڵی سپی"دا بگێرێت، چونکەجەلادەت هێشتا بە شاری پرتەقاڵی سپی ئاشنا نە بوو. "من دەزانم کە ئاسان نییە تەنیا لە ڕێگای وشەوە بۆتان ڕوونبکەمەوە کە من چۆن و بە چ ڕێگایەك کەوتمە دونیای"پرتەقاڵی سپی"ەوە، ئەو ماڵە چکۆلانەیەی کەیف و ئەو خانە کراوە یەی سە ماو سە فا کە پیاوە غەمبارەکانی ڕۆژگاری جە نگ، بە تایبەت سە رباز و ئە فسەرەکان ڕوویان

تێدەکرد.من ئێستاش بە دروستی نازانم ئەو تیاترە دەکەوتە کوێوە" (بەختیار عەلی، ٢٠١٣، ل٨٦).پرتەقاڵی سپی ئەو شوێنە بوو کاری تیاتری تیادا دە کرا، دونیای "پرتەقاڵی سپی" دونیایەکی سەیرە لەکاتی جەنگدا سەربازەکان بە هۆی سەرقاڵیان و کەمی کات و مۆڵەت، ڕوویان لەو شوێنە دەکرد بە مەبەستی ڕابواردن و کەیف و سەفا دەچوون بۆ ئەوێ.

ئەم شارە شارێکی فانتازییەو پڕە لەو مرۆڤانەی لە واقیع هەڵهاتوون و لەبەر نەهامەتی ڕوویان تێ کردووە.

**٣- شاری ئاوێنەیی:**

شارێکی خەیاڵیی هونەرمەندەکانە، هەر بە ناوەکەیدا دیارە شارێکی فانتازییە . پاسەوانی شاری ئاوێنە کان ئەرکی گلدانەوەی ئەو قوربانیانەیە کە بە خێوەکانی سەحرا ناسراون، زیاتر ئەوان بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێن کە لەکاتی زیندە بەچاڵکردن و بە هەر هۆیەك ڕزگار بووبێت یان لە گۆڕەکانی خۆیان ڕایان کردبێت .ئەوەندە زۆرن ئۆقیانوسی گەورەو بێکەناریان لە ئێسك و پروسك دروست کردووە ، هەندێکجار بە زیندوویی و هە ندێکجاریش بە مردوویی لە ژێر لم دەیانشارنەوە. "شارێك بوو وەك وێنەیەك بێت لە وێنە ئاوێنەییەکانی شارێکی تر، بەڵام وەك ئەوەی شارەکەی دیش وێنەی ئاوێنەیی شارێکی تر بێت ...بەو جۆرە تا ناکۆتا تا ئەوسەری نغرۆبوون لە سەرابدا، تا جێگایەك وێنەکان و حەقیقەت دەبن بەیەك، هەر هەوڵێکیش بۆ گەڕانەوە بەرەو یەکەمین شار...وەك هەوڵی گەڕانەوەی باران بۆ ئاسمان" (بەختیار عەلی، ٢٠١٣، ل٨٧)، واتە شارێکی سەیرە وێنەی شارێکی ترەو ئەو شارەی تریش دیسان وێنەی شارێکی ترەو گەڕانەوە بۆ یەکەمین شار ئەستەمە، ئەمانە وادەکەن ئەم شارەش ببێتە شارێکی فانتازی . مادەم شارەو هەموو مرۆڤێکی فانتازی دەتوان تیایدا بن و بیبینن، کەواتە شارێکە بەشوێنی کراوە دادەرێت

**٤- بەلەمی بەفر:**

بەلەمی بەفر ناوی تیپێکی مۆسیقایەو لەهەمان کاتدا شوێنێك و ئامێرێکی فانتازییە، ئەو شارەی کە نیشتمانی ئەو مۆسیقارانەیە کە نەمرن. ئێوارەیەك جەلادەت دەعوەت دەکەن بۆ ئەو باخە چکۆلەیە، هەموو مۆسیقارەکانی تیپی "بەلەمی بەفر" لەناو ماڵێکدابوو لە ناوەڕاستی شاردا، کە چوار دەورەی بە کۆڵانی تەسك و گوزەری پێچاوپێچ دەورەدرابوو، لە شوێنێکی فانتازی و ئە فسانەیی دەچوو. مۆزارت ئەو مۆسیقارە مەزنەیە داهێنانێك دەکات دەنگی دەنگە کوژراوەکان بەرەو ئەبەدییەت دەبرد، بە لایەوە گرنگ نییە پادشاکان چی دەڵێن و چی ناڵێن، ئە وەی بەلایەوە گرنگە ئەوەیە کارێك بکات کە سەدای قوربانییەکان لە سەردەمێکی تردا لە شارێکی تردا بەرەو ئەبەدییەت بەرێت. ئەو شوێنە باڵندەی بچووکی لێیەو مستەفا شەونم دەربارەی باڵندە بچکۆلەکان لە جەلادەت دەپرسێ، جەلادەت دەڵێت: لە هەڵس و کەوتی باڵندەکانەوە دیارە دونیا بە زیاتر لە زمانێك دەدوێت، دەبێت ئێمە لە زمانی ئەو باڵندانە بگەین، ئەو باڵندانە کۆمەڵێك ڕەمز و وشەی دونیایەکی دیکەن، بەڵام مستەفا ڕای وابوو ئە وانە کۆمەڵێك دەلیلن هیچیان نییە پێت بڵێن، بە ڵکو تەنها ئاماژەیەکن. جەلادەت دەڵێت: هەر کەس ئەو باڵندانە ببینێت یەعنی لە ناو بازنەکەدایە، ئەو بازنەیە لەوانەیە بازنەیەکی گەردوونی بێت، وەکو تۆڕێك بە یەکیانەوە دەبەستێتەوەو ئەمەش وا دەکات ئەو شوێنە ببێتە شوێنێک و بازنەیەکی گەردوونیی فانتازی.

**٥- شاری تەپوتۆزە زەردەکان:**

ئەمەش شارێکی دیکەی فانتازییەو یەکەم کەس لەو شارە زەردەدا پێشوازی لە جەلادەت دەکات تەپڵ ژەنێکە لەوانەی کە هەموو ژیانی تەنیا لە ژێر دەواری بەدوییەکاندا تەپڵی ژەنیوە، مۆسیقارێکی پیرە کە ساڵانێك لەوەبەر بە هەمان ئەزموونی ئەودا ڕۆیشتووە، مۆسیقارە پیرەکە بۆ چەند هەفتەیەك جەلادەت لای خۆی گلدەداتەوە، ئەو بە ئارامی فێریدەکات، گەر دەیەوێت بە مۆسیقا بژی و خۆی تووشی کێشە ی گەورە نەکات و ئاسوودە بێت، دەبێت هەموو ئەو مۆسیقایەی بیربچێتەوە کە تا ئێستا فێریبووە . سۆزانییەکان جەلادەت فێرە گەڕان دەکەن بە کوچەو کۆڵانەکانی شاری

تەپوتۆزی زەرددا. جەلادەت لەم شارەدا ئەوەی لە رۆحیدا هەیە دەیکو ژێت و هەموو ئەو ئاوازو مۆسیقایانە لەبیر خۆی دەباتەوە، کە سەردەمانێک ئیسحاقی لێوزێرین فێری کردبوو.

**٦- شاری سۆزانییەکان:**

جەلادەتی کۆتر باسی ئەوە دەکات لە شاری سۆزانییەکان موسای بابەك هەندێ جێگای نیشانداوە، کە پیاوانی زۆر بەرزو ناسراوی دە وڵەت هاتو چۆیدەکەن، ئەم شارە پڕە لەو سۆزانییانەی هەریەکەیان بە هۆی کارەساتێك و ڕووداوێکی لەمەڕ شەرەف و ناموس هاتووەتە ئەم شارە، دکتۆر موسا بە جەلادەتی گووت"جگە لە مۆسیقارەکان هیچ پیاوێکی دی بۆی نییە لێرە بژی باسی دروستبوونی ئەو شارەی بۆ کرد، شارێك وەك ئەمڕۆ گەورە نەبووە، بە درێژی لەسەر ئەو سێ خوشکە قسەیکرد کە بناغەی ئەو شارەیان داناوە، سێ خوشك کە لە خێڵە کۆچەرییەکانی ناو بیابان جیادەبنەوەو لەو شوێنەدا دوو دەوار هەڵدەدەن و لەگەڵ ئەو سەرباز و فەرمانبەرانەدا دەخەون کە لە باکوورەوە دەچن بۆ باشوور، پێشوازی ئە و گەشتیارانە دەکەن کە لە شوێنە دوورەکانی دونیاوە بۆ پشکنین بە دوای زێڕو تە ڵا و مادده گرانبەها نەدۆزراوەکانی بابل دەگەڕان. جەلادەت کاتێك بە کوچەکاندا دەڕۆیشت و ناونیشانی ئەو لەوحانەی دەخوێندەوە "ماڵی سوهەیلە مەحمود و کیژە چاو خومارەکانی"، "تیاترۆخانەی ئاسکی سپی "، "تیپی سەمای خۆرهەڵاتی ڕەنا"، "میوانخانەی ترێی ڕەش", "دیوانسەرای پاشا", "کۆشکی لەزەت"، "خانەی سەربازی دلاوەر"، "مێرگی تام و سەما"، "پشوگەی ئەفسەری زێڕین"و دەیەها ناونیشانی دیکە ی سەیر کە لەگەڵ ئەو خانووە داڕوخاوو ماڵە کەم ڕەونەقانەدا نەدەگونجان، تەنها بۆ ڕاکێشانی سەرنجی سەرباز و ئەفسەرەکان و فەرمانبەرانی میری بوو . "جاردوای جار ئەفسەرە جیاوازەکان پلان و چارە ی جیاواز بۆ ئە و شارۆچکەیە دەدۆزنەوە...چەند ئەفسەرێك دەیکەن بە چەند پارچەیەکی جیاوازەوە کە لە هەر پارچەیە[ك]یان شارێکی خە یاڵی تر دروستدە بێت" ( بەختیار عەلی، ٢٠١٣، ل ١١٠-١١١).جەلادەت پێی وایە ئەو شارە لەدەرەوەی زەمینە، موسای بابە ك پێی و ایە ببینینی ئە و تارماییە زەردانەو تەماشاکردنی ئەو سۆزانیانە مرۆڤ نەخۆش دەخات.لە وەڵامی پرسیارێکی موسای بابەك، جەلادەت دەڵێت: من خەونم بە هەموو شتێك بینیوە ئەم شارە بەشێکی تاریك و ناخۆشی ڕۆحی هە موومانە، هە موومان لێرە قوربانی ئە و سەردەمەین.دکتۆر موسا دەیگووت: ئەم شارە خەونی بابەك و خەونی هەموو ئەوانەیە کە لێرەن و لە خەوی تێکشکاوی هەمووان دروست بووە . جەلادەت لە زاراوەی شار پە ست دەبێت بۆ ئە و شوێنە دزێوە، پێی وایە شار نییە بەڵکو کۆمەڵێك ماڵی سۆزانی لە تەنیشت یەك ڕیزبوون، بابەك بە جەلادەت دەڵێ کوڕی بریندارم جاران ئێرە شار نەبوو بەڵام جەنگ ئێرەی کردە شار، لە کاتی ڕۆیشتنیان بۆ شە ڕ، تیپ و گوردان و هێزە کان، کاتیان بەدەستەوە نەبوو بچنەوە بۆ ماڵەکانیان، لەو شوێنەدا حەزە شەهوانییەکانیان دادەمرکاندەوە، جگە لەوە سەدان هەزار بێوەژن لە شەوگارە تاریك و درێژەکاندا تەنها کەوتن ئیدی ئەم شارە گەورە بوو، هەموو ڕۆژێك کوچەیێك زیادی دەکرد، شەو دەخەوتیت و بەیانی چاوت دەکردەوە شوێنی تازەو ماڵی تازەو ئافرەتی نوێت لەسەر شەقامەکان دەبینی، تا وای لێهات واتدە زانی ئەم شارە هەموو ئەم دونیایە دەخوات، هەموو شارەکانی تر قووتدە دات ئەم شارە لە هەموو شارەکان پێکهاتووە ، هەموو ئەو ژنانەی کە بێوەژن دەکەون، ڕوو لێرە دەکەن. جیا لە شارەکانی دیکە، هەموو شتێکی ئەو شارە ترس دروست بکات، کوچەکانی، هەوا زەردەکەی، سۆزانییەکانی، گشتیان ترس و ڕاڕاییان دروست دەکرد، هەموو ئەمانە وادەکەن ئەم شارە زیاتر وەک شارێکی فانتازی خۆی بنوێنێت و دەرکەوێت.

**٧- زوڵەمەت، تاریکی :**

تاریکی زیاتر وەک فەزایەک وایە، بەڵا م ئەم فەزایە بە جۆرێکە جەلادەت تیایدا دەیان شوێن دەبینێت، ئەگەرچی جەلادەت سەرەتا لە زوڵمەت و تاریکیدا سەرسام دەبوو هیچی نەدەبینی و لە زوڵمەت دەترسا، بەڵام لەدواتردا

فێربوو لە تاریکی و زوڵمەتدا فریشتەکان ببینێت. جەلادەت تا زیاتر لە تاریکی بڕوانێت و تا زیاتر تە ماشای جەرگەی زوڵمەتی بکردایە، شوێن و فە زاو دەرگاو شتی سە یرتر ونەبینراوتری دەبینی، درەخت و گیای تایبە تی کە کەسانی ئاسایی لە شەوڕۆییدا لە تاریکی لە ناو جەنگەڵەکاندا نایبینن، جە لادەت هەستی دەکرد کە خۆی و دالیا س یراجەدین جێگایان ئەو دیوی ئەو بەربەستانە و ناو تاریکییە، جەلادەت بە هەموو توانای خۆیەوە وەکو مردوویێك هاواری دەکردو بەرەو تاریکی ڕایدەکرد، بەرەو ئەو دیوی دیوارە ئەستوورەکانی تاریکی. جەلادەت وەك بینەرێکی سەرسام دوای دالیا دەکەوت، شەو هێشتا هەر سارد بوو، زوڵمەتیش پڕ بوو لە دەرگاو ڕێگای سەیر، شەقامەکانیش وەکو لولەی تلیسکۆبێکی ڕەش درێژدەبوونەوە، لەو سەری تونێلەکە فەزایەکی پڕ ئە ستێرەی دەبینی، دالیا بە هێمنی بەرەو ئەو سەری تونێلێك دەڕۆیی کە لەناو کۆمەڵێك ئەستێرەدا کۆتایی دە هات.جەلادەت سەیری ژیانی دالیای دە کرد کە بە کۆمەڵێك تونێل و هەوراز و نشێودا تێدە پەڕێت، لە ئەنجامدا، شوێنی لە سەر زە ویدا نابێتە وە، دە کەوێتە ناو دە ریایەکی ئە ستێرەوە، ئۆقیانوسێکی ئارام لە دونیای سەرەوەدا، ئیدی پێی لەزەوی دەبڕێت و بەرەو ئاسمان و ئەستێرەکان دەڕوات.لەم تێکستەدا بەختیار عەلی ڕۆمانوس، کۆمەڵێك شوێنی فانتازی دە وروژێنێت، لە شەوێکی سارد و تاریکیدا کە پڕ بوو لە دەرگاو ڕێگای سەیر، بۆ ئەو مەبەستە جەلادەت دوای دالیا دەکەوێت بە سەرسامییەوە، شەقامەکان درێژ دەبوونەوە، لەو سەریش فەزایەك و مە ودایەکی ناکۆتا پڕ ئە ستێرەی دەبینی، ئەوەندە نزیك بوون خە ریك بوو دە ڕژانە سەر شەقامەکان، دالیا ئەمجارە بەرەو ئەو سەری تونێلێك بە هێمنی دەڕۆیی لە ناو باغێکی گەورەی ئەستێرەدا کۆتایی دە هات، ئۆقیانوسێکی ئارام کە مرۆڤ لە جێگایەکدا پێی لە زەوی دەبڕێت و ئیدی بە هەوادا بۆ ناو زوڵمەت و ئەستێرەکان دەڕوات و دەکەوێتە ناو جیهانێکی فانتازییەوە.

**٨ - ئۆقیانووسی هاوارەکان:**

ئۆقیانووسی هاوارەکان یەکێکی ترە لە شوێنە فانتازییەکانی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ئەو ڕۆژەی موسای بابەك ئەو ژێر زە مینەی دروستکرد هیچی لە سەر ئۆقیانووسی هاوارە کان نەدەزانی، بەڵام کاتێك بیری لە وە دەکردەوە کە ئەو تابلۆیە لە ماڵەکەیدا هەڵواسێ، لەو ساتەدا کە خەریکی داکوتانی بزماری تابلۆکە بوو، دەرگایەکی نهێنی لە بەردەمدا دەکرێتەوەو بەرەو جیهانی سەرەوەی دەبات، موسای بابەك ساڵی ١٩٧٩ کە هات بۆ ئەم شارە چەندین ساڵ بوو لەو ئۆقیانوسەدا دەژیا، ئیشی ئەوە بوو بۆ پاسەوانی نوێ بگەڕێت، بتوانێت زۆرترین کاری هونەری ڕزگار بکات، لەو ساڵانەدا موسای بابەك دەیان هەزار تابلۆی لە فەوتان ڕزگارکرد، لە هەموو شارەکان تۆڕی گەورەی دروستکرد، کاتێك دەچێتە ماڵی مستەفا شەونم، تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان دەبینێت، یەکسەر قبوڵی دە کات وەکو پاسەوانی ئۆقیانووسی هاوارەکان، چونکە ئەو هاوارانە دەبێت بپارێزرێن لەبەر ئەوەی هاواری دونیایەکی ترە، بابەك پەیمان بە مستەفای شە ونم دە دات کە مۆزەخانەیەك بە ناوی مۆزە خانەی مستە فای شە ونم دروست بکات "ئەو ڕۆژە ی کە تابلۆکانمان گواستەوە بۆ ئێرە ئەوە دواهەمین ڕۆژ بوو کە من سەفا تەیفوورم تیا بینی.سەفا ڕۆیشت، بوو بە پێشمەرگەو لە دوازدەهەمین ڕۆژی پێشمە رگایەتیدا شە هید بوو، بە ڵام ئیشە کانی بوون بە سەرەتای دروستبوونی پنتێکی دیکە لە ئۆقیانوسی هاوارەکان.ئا، جەلادەت بیرم چووپێتبڵێم کە ئێمە بەم تونێلە درێژە دەڵێین"ئۆقیانوسی هاوار"" (بەختیار عەلی، ٢٠١٣، ل٦١٨) واتە ئۆقیانووسی هاوار تونێلێکی درێژو بێ کۆتاییەو هەموو گۆی زەوی بەیەکەوە دەبەستێتەوەو تونێلێکی فانتازییە . "ئۆقیانوسی هاوار "گوزارەی نهێنی نێوان پاسە وانەکانە کۆدی نهێنییەکی زۆر سە یرە ئەگەر لە شوێنێکدا دەرگاکان داخران و نەکرانەوە، ئەگەر یەکێك لێی پرسی لە کوێوە هاتووی ؟گەر نەڵێیت لە"ئۆقیانوسی هاوار" کە گوزارەی نهێنی نێوان پاسە وانەکانە، کەس دەرگات لێناکاتەوە. ئەو تونێلەی کە حەشارگەو شوێنی نهێنیی بوو بۆ موسای بابەك بە ئۆقیانوسی هاوار ناسرابوو، دەرگایەکی نهێنی هەیە ڕۆژێك دێت بەسەر هەموو گەردووندا دەکرێتەوە،

زۆربەی نە هامەتی و کارە ساتەکان کۆمە ڵکوژییەکان ئاشکرا دە کات. ئۆقیانوسی هاوارە کان سە رزەمینی هە موو هونەرێکی کوژراو و هامو هاوارێك بو کە ناگاتە کەس و کەس گوێی لێ نابێت .دکتۆر بابەك چەند شەوێك جەلادەتی بردە سەر ڕووبارێکی گەورەو لە ڕۆخی ئەو ڕووبارەدا بەیەکەوە سەیری مانگیان دەکرد و قسەیان لەگەڵی دەکرد دکتۆر سەیری ئەو ئاوە غەمگینەی کرد و گووتی: جەلادەت حەزدەکەم مانای قووڵ و ڕاستەقینەی ئەو ئۆقیانوسە گەورەیەت بۆ باسبکەم، دەبێت هونەر بشارینەوە تا حکومڕان و پادشا و فیرعەونەکان نەیکەن بە موڵکی خۆیان، هاواری ئەو تابلۆیانە موڵکی مرۆڤایەتییە نەك دیکتاتۆرەکان، ئەگەر بەبلشی پاسەوانی نەکەین دەبێتە مولکی فیرعەونەکان.

ئۆقیانوسی هاوار شوێنی پاراستنی نهێنییەکانە، بۆیە عەلی شەرەفیار: "دەستنوسەکەی بەرزکردەوەو گووتی:

هەموو شتێکی ژیانی من لێرە دایە، لەم کتێبەدایە، ئەو کتێبەی هەموو نهێنییە گەورەکانی منی تێدایە، هەموو ڕۆژە گرنگەکانی ژیانم، ئەو دەستنوسەی من لەگەڵ خۆمدا دەیبەم بۆ جێگایەك کە شوێنی شتە جاوید و نەمرەکانە، کۆپییەکی ئەم کتێبە دەچێت بۆ ئۆقیانوسی گەورەی هاوارەکان ئەو ئۆقیانوسەی تەنیا ئەوانە دەزانن چییە کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە، کۆپییەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ دونیا، بۆ ناو تە فسیرو تێگەیشتن و خولیاکانی ئێوە ، دەچێت بۆ چاپخانە ." (بەختیار عەلی، ٢٠١٣، ل ٨٠٦) ئەم کتێبە کە هەموو نهێنییە گەورەکانی عەلی شەرەفیاری تێدایە، دەچێت بۆ شوێنێکی فانتازیا کە شتە جاویدەکانی تێدایە، هەروەها کۆپییەکی بۆ ئۆقیانوسی هاوارە کان دەچێت لەوێدا دەپارێزرێت. کەواتە ئۆقیانوسی هاوار ئەو شوێنە فانتازییەیە کە نهێنییەکانی تیادا دەپارێزرێت کەس دەستی پێیان ناگات.

**٩ - ژێرزەمینە خورافییەکە، نهێنیترین مۆزەخانەی دنیا:**

ئەو مۆزەخانە فانتازیەیە کە بە نهێنیترین مۆزەخانەی سەر زەوی دادەنرێت، زیندەبەچاڵکردن و نەخشەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هەنسك و قیژە وهاواری مرۆڤە غەمگینەکانە.جەلادەتی کۆتر باسی تابلۆکانی ژێر زە مینە خورافییەکەی بۆ مستەفای شەونم دەکرد، کە ناوی تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان دەهێنێت، مستەفا شەونم هاوار دەکات تۆ ئەوی، تۆ جەلادەتی کۆتری ڕاستە قینەیت نەك جەلادەت ئیسماعیل.مستەفای شەونم ئاشکرای دە کات کە لە ساڵی حەفتاو نۆوە کار بۆ کۆکردنەوەی تابلۆ دەکات بۆ موسای بابەك، هەروەها دەڵێت من یاریدەدەری دکتۆر موسای بابەکم، لە بازنەکەی ئەودام، کە تۆڕێکی جیهانیە. "مستەفای شەونم وەڵامی نەدامەوەو گووتی: جەلادەت هەستە، هەستە ئێستا دەبێت بێیت لەگەڵمدا، منیش نهێنییەکی گەورەم هەیە نیشانت بدەم.پێکەوە لە گێلاسی سپی چووینە خوارێ..مستەفای شەونم لە ناکاو لە ناوەڕاستی ئەو شوێنە خاپوورەدا وەستاو گووتی: گەر ئەو تابلۆیە نەبایە تۆ بۆ هە تاهەتایە وندەبوویت.دەروازەی ژێرزەمینێکی تاریکی دەرخست و بە منی گووت: جەلادەتی کۆتر، بەخێربێیت بۆ نهێنیترین مۆزەخانەی سەرزەوی، بۆ شاری ئە و تابلۆیانە ی لە مردن ڕزگاربوون .بۆ وڵاتی نیگارە نهێنییەکان." ( بەختیار عە لی، ٢٠١٣، ل ٦٠٩-٦١٠)جەلادەت بە هاوڕێیەتی مستەفا شەونم دەچن بۆ ژێرزەمینێکی قووڵ و تاریك، لەناو تاریکییەکەدا نزیکەی سەد مەتر ڕۆیشتن لە دیوارێکی تاریکی دیکەدا دەرگایەکی چکۆلە و نهێنی دیکەی کردەوە لەوێوە چوونە ناو هەمان ئەو هۆڵەی کە لە کاتی خۆیدا لە گەڵ دکتۆر موسای بابە ك پێیان خستبووە ناوی، جەلادەت سەرسام دەبێت و توشی راڕایی دە بێت و تێگەیشتنی ئەو دۆخە دەکەوێتە دەرەوەی توانای تەفسیری مرۆڤەوە.بە بیستنی هەواڵی ئەو کۆبوونەوەیە کە شەونم باسی دەکرد، جەلادەت لە خۆشی ئەوەی کە هەواڵی موسای بابەکی پێگەیشت هاواری لێهەستا، بەڵام مستەفای شەونم، شوێنی بابەك بۆ جە لادەت ئاشکرا دەکات کە شوێنێکە لە جێگایەکی دووری دونیایە، لە شوێنێکە لەسەری ئەو سەری ئەو ژێر زەمینەدایە، لەخاڵێکی تری ئەم تونێلە ناکۆتایەدا چاوەڕوانی جەلادەت دەکات. شەونم بە جەلادەت دەڵێت: من و تۆ دەبێت هەر ئەمشەو سەفەرێکی دوور و درێژ لە م ژێر زە مینەوە بەرەو تونێلێکی بێکۆتا بکە ین کە بە هەموو خۆرهەلاتدا تێدەپەڕێت. مستەفا شەونم بە جەلادەت دەڵێت: من شتێك دەبینم لە شێوەی شورای چین بەڵام لە ژێر زەوی، هونەرمەندان

لە بری ئەوەی بۆ پادشاکان دروستی بکەن بۆ پاراستنی خۆیان دروستی دەکەن، کە لە ژێر زەویدایە، لە دیوێکی نادیاری دونیادا لە کۆنەوە تا ئێستا و لە داهاتووشدا، لە سەردەمەکان و ڕۆژگارەکان تا قیامەتیش هەر دەمێنێت، مرۆڤ یان دەبێت پاسەوانی جوانی بێت یان دە بێت لە مردن ڕابکات، ئەوسا دەتوانێت بێت بۆ ئە و مەملەکەتە، لە ژێر هەر شارێکی ئەم وڵاتە کۆمەڵێك پیشانگای ئاوە ها نهێنی هە یە، لە سەردەمەکانی تریشدا دە چنە ژێرەوە و ونده‌بن، لە سەردەمێکی تردا دێنەوە دەرێ یان وە ك خۆیان یان بە شێوەیەکی تر .تەمەنی پاسەوانی جوانی و ئە و خەرمندە زۆر دێرینە، خودی پاسەوانانی جوانی بە شێکن لە سوپایەکی گەورەتر، بەڵام هەریەکەیان بە تەنیا ئیشدەکەن، هەریەکەیان ژێرزەمینێکی نهێنی بۆ خۆی دروست دە کات، دواتر سە یر دەکات ئەوەی دروستی کردووە بەشێکە لە ڕێگایەکی گەورەتر، خاڵێکە لەسەر تۆڕێکی نهێنی گەورەتر. هەموو ئەو شوێنانە کە سیفەتی ڕەنگی سپی چووەتە سەریان، لە شوێنی واقیعی بۆ شوێنی فانتازی گۆڕاون، قەلای زۆر، تەنها لە شارە فانتازییەکاندا دەشێت هەبێت، لە شارە واقیعییەکاندا تەنها قەلایەك دەشێت هەبێت یان منارە یەك دەشێت هەبێت. بۆیە ئەو تونێلە جیاواز لەو دنیاو واقیعەی لەسەر ڕووی زەوی هەیە گوزارشتکردنە لە دنیایەک و واقیعێکی تر و شوێنێکی فانتازییە.

**١٠ - شورای سپی:**

ئەو شورایە فانتازیەیە کە شاری مۆسیقارە سپییەکان لە دەوروبەرەکەی جیا دە کاتەوە. "شاری مۆسیقارە سپییەکان شارێکە تا مرۆڤ نە چێتە ناوی نازانێت چییە ، شارێکی سپی بێسنوورە کە مرۆڤ هەرگیز نازانێت لە چ دەروازەیەکەوە دەچێتە ژووری، لە نێو دەریایەکی بەریندایە لە گیای سەوز، مرۆڤ دەتوانێت ئەو شورا سپییە گەورەیە ببینێت کە لەهەر چوارلاوە ئابلۆقەیداوە، ئەو شورایە ناکۆتایەی کە چەندە بە ناو شوێندا دەڕوات هێندەش بەناو کاتدا تێدەپەڕێت.شارێکە مرۆڤ دەتوانێت سەرەتاکەی ببینێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بزانێت لە کوێدا تەواودەبێت." (بەختیار عەلی، ٢٠١٣، ل٧١٧- ٧١٨)شاری مۆسیقارە سپییەکان شارێکی سپیی بێ سنوورە ، بە شورایەکی سپییفانتازیی گەورە دەورەدراوە، سەرەتای دیارە بەڵام بێکۆتایە . ئەو پیاوە گەرمیانییە شەوانە لە ژێر تریفەی مانگە شەودا لە تاو زامی کچەکەی دەچووە ڕووتەن و دە شتایی بەڵکو تارماییەکی کچەکەی ببینێت، بە ڵام چ بینینێك لە و دیو شورایە کی نادیار کچەکەی لەگەڵ کۆمەڵێك منداڵی دیکەی غەمگین یاریان دەکرد. کە جەلادەت ئەردەلان سۆفی ناسی، هەستی بە نزیکییەك کرد لە نێوان خۆی و ئە ودا، کە باسی ئەو شورایەی بۆ کرد کە ئەو لەمدیویەوە دەوەستێت و مردووە کان لەودیوی دیوارەکەوە دەبینێت، وە ك ئە وە بوو حیکایە تی هە مان ئە و شە وانە بۆ بگێڕێتە وە کە لەگەڵ دالیا دە وەستان و لە نێوجەرگەی تاریکیدا مردووە کانیان دە بینی.جەلادەت باوە ڕی بە و پیاوە کرد کاتێك چیر ۆکی خۆی لە گەڵ ڕۆحە سەرگەردانەکاندا گێڕایەوە، کاتێك گوتی، دە توانێت مردووەکان ببینێت، دە توانێت شەوانە کچەکەی بانگبکات و سڵاو لەیەك بکەن. واتە شورای سپی دیواری شاری مۆسیقارە سپییەکانەو شورایەکە لەنێوان ژیان و مەرگدایەو زیندووەکان دەتوانن لەو شورایەوە کەسە مردووەکانی خۆیان ببینن، ئەمەش ئەو شورایە دەکاتە شورایەکی فانتازی کە لە واقیعدا هاوتای نییە.

**١١ - شوێن و کەرەستەی سپی:**

جگە لەو شوێنە فانتازیانەی باسکران لە ڕۆمانەکەدا دەیان شوێن و کەل و پەلی دیکە هەن، کە هەموویان ڕەنگیان سپییەو ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی مرۆکێکی فانتازی وەربگرن . بۆ نمونە پەردەی سپی ژوورەکانی موسای بابەک، کە پەردەیەکی فانتازی بوو تیشکێکی نهێنی بە ناودا تێدەپەڕی، "ئەگەرچی زۆربەی پەنجەرەکان بە پەردەی سپی ئەستوور داپۆشرابوون، بەڵام تیشکێکی نهێنی لە هەموو جێگایەك بوو." (بەختیار عەلی، ٢٠١٣، ل١٤٤، یان جەلادەت دەڵێت: " ئەوەی بە منداڵی بینیم شارێکی گەورە بوو، زۆر زۆر گەورە، پڕبوو لە قەڵای سپی و بورجی سپی، باڵندە ی

سپی بە ئاسماندا دەڕۆیشتن، مۆسیقارم دەبینی لەسەر پاسکیلی سپی دەڕۆیشتن و کەمانیان لێدەدا، ئەسپی سپیم بینی لە مێرگەکانی دەوروبەردا دەلەوەڕان، شاربوو وەك هەر شارێك،" (بەختیار عەلی، ٢٠١٣، ل٢٦١). هەروەها دەیان ناوی جێگە و کەل و پەلی دیکەی سپی سەراپای ڕۆمانەکەیان داپۆشیوەو مۆرکێکی فانتازییان پێ بەخشیوە، وەک : شارێکی سپی، شارێکی سپی سپی، قەڵای سپی، منارەی سپی، بورجی سپی، پاسکیلی سپی ، ئەسپی سپی، خەتی سپی، جلێکی سپیی بووکێنی، کراسێکی سپی، تەمێکی سپی، دەرگایەکی سپی، فلووتی سپی، دوکەڵی سپی، زەریای سپی، فەوارەی سپی، درەختی سپی، حەرفی سپی، هێلکەی سپی سیمرخ، هەموو شتێکی سپی..هتد.

**ئەنجام:**

- ناو نیشانی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ناو نیشانێکی فانتازییە و لە شوێنی فانتازی و کەسێتیی فانتازی و ڕووداوی فانتازی پێکهاتووە.

- بەشێك لە شوێنە فانتازییەکانی ڕۆمانەکە لە بنەمادا شوێنی واقیعین، بەڵام نوسەر بەرگێکی فانتازی بەبەردا کردوون و کردوونی بە شوێنی فانتازی.

- لە ڕۆمانەکەدا کاتێك سیفەتی ڕەنگی سپی دەچێتە سەر هەر شوێنێك، دەیکاتە شوێنی فانتازی.

- لە پاڵ شوێنی فانتازیدا، شوێنی یۆتۆپیا و دیستۆپیا و ئیسکاتۆلۆجیا بەشێوەیەکی فراوان لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا بەکار هاتووە.

**لیستی سەرچاوە کوردیەکان:**


١- قورئانی پیرۆز، تەفسیری ئاسان، بورهان محەمەد ئەمین، ١٩٩٤-١٩٩٧، چاپخانەی ڕۆشنبیر.هەولێر.

٢- شاری مۆسیقارە سپییەکان، بەختیار عەلی، سلێمانی، چ ٤، ساڵی ٢٠١٦.

٣- بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان دا، ١٩٨٥-١٩٩٠، ڕێزان عوسمان مستەفا، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠.

٤- گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووداا، د.جەلال ئەنوەر سەعید، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٣.

٥- بەرنامەی تیۆری کۆرسی ئەدەب، ئەنوەر قادر محەمەد، ز.سلێمانی، ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦.

٦- هونەری فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا، ڕوناك صلاح عەلی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ٢٠١٤.

٧- بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، میران جەلال محەمەد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٨- - بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ١٩٨٥-١٩٩٠، ڕێزان عوسمان مستەفا، هەولێر، ٢٠١٠.

٩- چیرۆکی کوردی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، سابیر ڕەشید، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥.

١٠- لە ناو گەدەی نەهەنگێکدا، عەبدوڵا سەڕاج، گۆڤاری بەیان، ژ ٣٢، ساڵی ١٩٧٥.

١١- سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، حەمە مەنتك، هەولێر، چ ١، ساڵی٢٠١١.


**لیستی سەرچاوە عەرەبیەکان:**


١- العجائبية في ادب الرحلات، رحلة ابن فضلان نموذجا، اشراف د .الخامسة علاوي، اعداد الطالب الماجستير عبد حمادي، سنة ٢٠٠٥.

٢- العجائبية في الرواية الجزائرية، د. الخامسة علاوي، دار التنوير الجزائر، سنة ٢٠١٣.

٣- الخيال الرمزي، جلبر دوران، ت علي المصري، بيروت، سنة ١٩٩٤، ط ٢. ٤

٤- العجائبي في الادب في منضور شعرية السرد، حسين علام، الجزائر، ط ١، سنة ٢٠١٠. ٥- ادب الخيال العلمي، محمد عزام، سورية -ديمشق، سنة ٢٠٠٣.

٦- تجليات العجائبي في الخطاب الروائي، بن دبلة جلول، رسالة الماجستير، باشراف هواري بلقاسم .الجزائر، سنة ٢٠١١-٢٠١٢.

٧- قاموس مختار الصحاح، قاموس عربي- عربي، الرازي، سنة ٢٠٠٦.

٨- تمثلات العجيب في السيرة الشعبية العربية، صفاء ذياب، سورية، سنة ٢٠١٥.

٩- الخيال من الكهف الى الواقع الافتراضي، د.شاكر عبدالحميد، الكويت، سنة ٢٠٠٩.

١٠- شعرية الرواية الفانتاستيكية، شعيب حليفى، الجزائر، سنة ٢٠٠٩.

---

## REFERENCES

Abdul Hamid, Shaker, (2009). Fantasy from the Cave to Virtual Reality, Kuwait.

Ali, Runak Slah, (2014). The art of fantastic in the Kurdish new story, Selahadin University.

Ali, Bakhtyar, (2016). White country musicians.Sulaimania, Fourth Edition.

Allawi, Al Khamse & Al Hamadi, Abd, (2005). The Wonders of trips literature, the journey of Ibn Fadhlan model.

Allam, Hussein, (2010). Miraculous literature in the narration of narrative poetry, Algeria.

Allawi, Al Khamse (2013). Wonder in the Algerian novel, House of enlightenment Algeria.

Al-Sahah, Mokhtar, (2006). Arabic-Arabic Dictionary, Al-Razi.

Amin, Burhan Muhemmed, The Asan interpret of Quran, Culture Press in Erbil.

Azzam, Mohammad, (2003). Science Fiction literature, Damascus, Syria.

Diab, Safa, (2015). Representations of the strange in the biography of the Arab people, Syria.

Duran, Gelber & Masri, T. Ali, (1994). Symbolic Fiction, Second Edition 2, Beirut.

Jalul, Ben Debla, (2012). Manifestations in the novelist discourse, Unpublished Master's Thesis, Algeria.

Khalifi, Sha'ab, (2009). The Poetry of the Fantastic Novel, Algeria.

Mentik, Hemed, (2011). Surializim in Kurdish literature, Erbil.

Mohammed, Anwer Qadr, (2015-2016). The theoretical program of literary lessons, Sulaimania.

Mohamed, Miran Jelal, (2009). The basic event in Kurdish novel in south of Kurdistan, Sulaimania.

Mustafa, Rezan Osman, (2010). The basic kind of the event in the Kurdish novel in south of Kurdistan 1985-1990, Erbil.

Rashid, Sabir, (2005). The Kurdish story criticism and research, Erbil.

Saeed, Jelal Anwer, (2013). The dialogue in Kurdish novel in south of Kurdistan, Sulaimania.

Seraj, Abdulla, (1975). In the stomach whale, bayan magazine, No 32.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 580–594
http://www.ijoks.com

# The paradigm theory of lifestyle: A theoretical study

***Abdullah Kurshid Abdullah***[1] ***Shahlaa Wali Jabbar***[2]

**Received**: Mar10, 2018 **Reviewed**: Apr 01, 2018 **Accepted**: Apr13, 2018

## Abstract

This paper tries to investigate the paradigm theories of lifestyle. Most researchers in the last two centuries argue that the concept of the lifestyle has replaced the concept of the social class; their evidence is that the ability of the vertical class to analyze behavior, values and perspective is less than lifestyle of individuals. That doesn't mean that classes are erased, but it makes question the ability of analysis in this concept, and their proof of that is the existence of some links between the individuals and their difference social status, we can no longer have a true picture of our social reality through the social class. In such a circumstance, the concept of lifestyle is structure, because unlike the class concept it doesn't define the logic and the concept of lifestyle. Rather, this concept shows some activities, gains (income) which interact with each other and enable the social researcher to manifest its forms. The concept of lifestyle is not a substitute for the concept of class, but it pares the way for social sciences to conduct research on the experiences of daily life and how individuals consume and invest, and that identity derived from the experience as well as conducting research on the characteristics of the individual and group. Through this concept, social researches are able to observe the creative role of characters better than before and avoid the use of concept of social status and class, which has scattered meanings.

**Keywords:**Lifestyle, Social Class, Social Status, Consumption, Social Identity

**Recommended citation:**
Abdullah A. K. & Jabbar S. W. (2018). The paradigm theory of lifestyle: A theoretical study. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 580 – 594.doi: **10.21600/ ijoks.454573**

---

[1]Assc. Prof. Dr., Social Organization, Salahaddin University, College of Art, Sociology, Erbil, Iraq
E-mail: abdullah.abdullah@su.edu.krd
[2]Ph.D Student and Lecturer, Urban Sociology, Salahaddin University, College of Art, Sociology, Erbil, Iraq, E-mail: shahlaa.jabbar@su.edu.krd

سەرنجێک لەسەر مۆدێلە تیۆرییەکانی شێوازی ژیان (توێژینەوەیەکی تیۆرییە)(3)

پ. ی.د.عبدالله خورشید عبدالله(4)
شهلاء ولی جبار(5)

پوختە

بەشێکی زۆری توێژەران لە دوو دەیەی رابردوودا، پێیان وابووە، چەمکی شێوازی ژیان جێگەی چەمکی چینی کۆمەڵایەتی گرتووەتەوە، بەڵگەی سەرەکیشیان بۆ ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە (چین بەندی ستوونی) کەمتر لە شێوازی ژیانی تاکەکان توانای شرۆڤەکردنی رەفتار، بەها و تێروانینەکانی هەیە. ئەمە بەمانای سڕینەوەی بوونی چینەکان نییە، بەڵکو توانایی شیکارکردنی ئەم چەمکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە . بەڵگەشیان بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە، کە جۆرێک وێکنەچوون لە نێوان تاکانەدا هەیە و پێگەی هاوتایان هەیە، ئیتر ناتوانرێت تەنها لەرێی چینەوە وێنەیەکی راستەقینەی واقیعی کۆمەڵایەتیمان دەستکەوێت . لەهەلومەرجێکی وەهاشدا، چەمکی شێوازی ژیان لاستیکیترە، چونکە جیاواز لە چەمکی چین؛ لەسەرەتاوە لۆژیک و ناوەرۆکی شێوازی ژیان دیاری ناکات، بەڵکو ئەم چەمکە دەرخەری هەندێک لە پێشینەو چالاکی و داهات و ڕوانگەیە، کە لەگەڵ یەکتردا کارلێکدەکەن و توێژەری کۆمەڵایەتی دەتوانێت شێوەکانیان بخاتە روو . چەمکی شێوازی ژیان جێگرەوەی چەمکی چین نییە، بەڵکو ڕێگە خۆشکەرێکە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان تاوەکو توێژینەوە دەربارەی ئەزموونی ژیانی رۆژانە و شێوازی خەرجکردن یان بەکاربردن لای تاکەکان، ئەو شوناسانەی کە بەرهەنجامی ئەزموونکردنی ژیانن هەروەها تایبەتمەندییەکانی تاک و گرووپەکان، ئەنجام بدات . توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەرێی ئەم چەمکەوە، باشتر لە رابردوو، دەتوانن سەرنج لە رۆڵی داهێنەرانەی کارەکتەرەکان بدەن و خۆیان لە بەکارهێنانی چەمکی پێگە و چینایەتی، کە مانایەکی بەربڵاوی هەیە، ببوێرن.

**کلیلەکانی توێژینەوە:** شێوازی ژیان، چینی کۆمەڵایەتی، پێگە، بەکاربردن، شوناس.

### ***پێشەکی***

لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، گۆڕانکاری خێرا لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بەسەر جیهاندا هاتوون، بەجۆرێک گۆڕانکارییەکان لە بنیادەکانی ژیاندا ژینگەی سروشتی گۆی زەویشیان گۆڕیوە. بەبێ زیادەڕەوی پێویستە دان بەوەدا بنێین کە بۆ زانینی ئەوانەی روویانداوە و ئەوانەشی روودەدەن، پێویستمان بە چەمکی نوێ هەیە . هەربۆیەش ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی رۆژ بەرۆژ چەمکی تازەی دێنە ناوەوە، هەموو ئەو چەمکانەش تەنها بۆ ئەوەن کە تێبگەین چی روویداوە و چ شتێکیش لەنێو ئەو سستەمە بەیەکداچووەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

هەموو شرۆڤە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی چەمکە گشتیەکانەوە بە ئەنجام دەگەن و سەرەکیترین تایبەتمەندی لۆژیکی چەمکە گشتیەکانیش، کۆکردنەوەی تایبەتمەندییەکانە لەخۆیاندا . ئەگەر واتا زۆر و زەوەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی ئەو چەمکانەدا بەشێوەیەکی سادە دەرنەخرێن و ڕێک نەخرێن، ئەوا ئەگەری بەدەستهێنانی هەر جۆرە مەعریفەیەکی تیۆریی سستماتیک دەربارەیان و وەرگرتنی هەر حوکمێک لەبارەیانەوە، نەرێنی دەردەچێت .

---

3 ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا بەناونیشانی(شێوازی ژیان لە شارە نوێکانی نیشتەجێبوون-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)، بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (عبدالله خورشید)، وەک مەرجێک بەر لە تەواوکردنی تێزەکە دەبێت بڵاوبکرێتەوە.

4 - پ.ی.د. عبدالله خورشید عبدالله، مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی کۆمەڵناسی-هەولێر.

5 -شهلاء ولی جبار، قوتابی دکتۆراو مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی کۆمەڵناسی-هەولێر.

چەمک و پێکهاتە تیۆرییەکان لە کۆمەڵناسیدا، بە گشتی تایبەتمەندییەکی چەشن ناسییان هەیە . (جیمان چافت)( Gemins Chaft & Gesellschaft) و تونیز (Tones)؛ قۆناغەکانی پێشکەوتنی مێژوویی (ئۆگست کۆنت)(August Compt)، شێوازەکانی بەرهەمهێنان و چینە کۆمەڵایەتییەکان لای (مارکس)(Marx) شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خۆکوژی (دورکایم)(Durkheim)، ئەخلاقی ئابووری ئاینەکان و جۆرەکانی کردە لای (ڤیبەر)(Weber)شێوەی کردە دوو لایەنییەکان و جۆری کارەکتەرەکان لای (زیمڵ)(Simmel)، هەر یەکەیان لە ڕێگەیەکەوە پۆلێنبەندیان بۆ تاکەکان یان ڕەفتار، یان ڕوانگە و بەها و پێوەرەکلن کردووە و توانیویانە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدەن . چەمکی (چینی کۆمەڵایەتی)ڕەگو ڕیشەکەی لە نێو هزری کۆمەڵەیەتی کلاسیک دایە، ئینجا؛ هەم داینامیک و هەمیش شوناسی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵگەی مۆدێرن بەهۆی ئەم چەمکەوە شایانی شرۆڤە و تێگەیشتنن . ئاراستەی گشتی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دەیەی دوایی؛ بەرەو پتر بایەخدانە بە لایەنی بەکاربردن (بەکاربردن) و چالاکییەکانی شێوازی ژیانن، لە فۆرم بەخشین بە شوناسی تاکەکەسی و شوناسی کۆمەڵایەتی(چاوشیان، ١٣٨١)

گرنگیدانی زیاتری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە چەمکی شێوازی ژی ان بۆ ئەو واقیعە دەگەڕێتەوە کە چیتر چەشنناسییەکانی دیکە ناتوانن ئەو فرەیی و هەمەجۆرییە کۆمەڵایەتییانە شرۆڤە بکەن، کە لەنێو کۆمەڵگەدا هاتوونەتە ئاراوە. چەمکی (چین) کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ڕۆڵێکی سەنتەری و زێرینی هەبوو، بەتێپەڕبوونی کات کاریگەریی و کارایی خ ۆی لەدەستدا، بەجۆرێک دۆزینەوەی پەیوەندییەکی تەواو و دڵنیاکەرەوە لەنێوان (خوێندن، کار، داهات و تێڕوانینی تاک )، سەختتر دەبوو . بەشێک لە نوخبەی دەسەڵات، کەسانی خاوەن ماڵ وسامان نین و یەخەشینەکان خۆشگوزەرانتر بوون لە یەخە سپییەکان . چیتر ناتوانرێت هێڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خواستی چینایەتی تاکەکان بەهۆی ئینتمایان بۆ چینێکی دیاریکراو پێشبینی بکرێت . ئەوەتا پێگەی کار، هەندێجار، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ خوێندەواری و داهات و دەسەڵاتدا هەیە.

بەسەرنجدان لەو وەچەرخانەی کە کۆمەڵناسی ئەمڕۆ بخۆیەوە بینیوە- بۆ تێگەیشتن ل ە بنیاد و شوناسی کۆمەڵایەتی تاکەکان، سەرنجی خۆی لەسەر چالاکییەکانی بەرهەمهێنانەوە گواستوەتەوە بۆ سەر بەکاربردن و خەرجکردن-بەو ئەنجامە دەگەین، کە چەمکی شێوازی ژیان جێگرەوەی چەمکی چینە . بەدواداچوون بۆ ماهییەت و ئەرکی لۆژیکی ئەم دوو چەمکە، زۆرێک لەو بابەت و تێکستە نووسراوانەی بوونەتە هۆکەری ئەو جێگۆڕکێیە، ڕوون دەکاتەوە.

***مۆدێلە تیۆرییەکانی شێوازی ژیان***

***١_ تۆرشتاین ڤبلن (Thorstein Veblen)***

بۆ قسەکردن لەسەر شێوازی ژیان و شێوەکانی بەکاربردن، ئەوا (پاول دیمگیۆ)(Paul Dimmgio) پێیوایە بەرهەمەکانی (ڤبلن و بۆردیۆ) لە پێشەنگی ئەو بەرهەمانە دادەنرێن. (ڤبلن) بنەمای شانازیکردن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە بە ماڵ وسامانەوە، ئەڵبەتە ئەو سامانە بەرهەمی کاری ڕاستەوخۆی کەسەکە نەبێت . هەر ماڵ و سامانێک بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێز و پێگە بۆ خاوەنەکەی دەستەبەر بکات، پێویستە بەشێوەی خ ۆنوێنییانە-بەهۆیەوە خۆی دەربخات لەبەرامبەر ئەوانی دیکە- مانفێست بکرێت. چینی خۆشگوزەران لەشێوەی کیانێک، سەرەتا لەڕێگەی بەدەستهێنانی ماڵ و سامانەوە دروستبوو . سامانی زیاتر دەسەڵاتی زیاتری بەو چینە بەخشیووە . بوونی ماڵ و سامان ئەگەرچی سەرچاوەی دروستبونی پێگە بو وە، بەڵام نیشاندانی ئەم سامانەش بۆخۆی جێگەی شانازی پێوەکردنە . (بێکاری خۆنمایشکەرانە) کە لەشێوەی کاری نابەرهەمهێنەرانەوە دەردەکەوێت، ئەوە نیشاندەری سامانی تاکەکەسەکەیە . کاری نابەرهەمهێنەرانە

نیشانی دەدات کە ئەم تاکە بۆ بەتاڵی، سەرگەرمی کاردەکات و کاری بەرهەم مهێنەرانە تایبەتە بە چینەکانی خوارترەوە . ئەمجۆرەی کارکردن لەکۆمەڵگە بچوکەکان-گوندییەکان-کارایی هەبوو، بەڵام لە کۆمەڵگەی شاریدا ئەگەری نمایشکردنی ماڵ و سامان لەم رێگەیەوە مەیسەر نەدەبوو . لەکۆمەڵگەی شارنشینیدا (بەکاربردن نمایشکارانە)یە کە خزمەتی نیشاندانی ماڵ و سامان دەکات . (ڤبلن) پێیوابوو چینی خۆشگوزەران لەو رێگەیەوە بە دەسەڵاتێکی سستماتیک دەگەن و خۆیان دەکەن بە سەرمەشقی کۆمەڵگە.( فاضلی،١٣٨٢، ٦٢).

ڤبلن؛ هەوڵی داوە بە هۆی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دیاردەی مۆدە شیبکاتەوە؛ شیکاریەکی رەفتاری ململانێخوازانەی بۆ کردوە. مۆدە تایبەتە بە چینی باڵاوە، کە ئەم چینە دەیەوێت ئەوە نیشان بدات؛ بۆ بەدەستهێنانی داهات ناچار نییە کار بکات. مۆدە لە ئاستە باڵاکەی کۆمەڵگەدا تەشەنە دەستێنێت و لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەشدا لاسایی دەکرێتەوە هەروەها چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە هەمیشە بۆ پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتییان شێوەی نوێ لە بەکاربردن دەئافرێنن. (بەرۆژانەییکردن) پێوەرێکە کە چینی خۆشگوزەران بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پێگە خۆشگوزەران و باڵا دەستەکەی، خۆی بەهۆوە پێناسە دەکات.( Veblen,2007).

دوو دیاردەی دیکە کە (ڤبلن) لە تیۆرەکەیدا شرۆڤەی کردوون؛ جوانکاری ژنان و هەندێک لە رەفتارەکانی دیکەی دەوڵەمەندان . بەبۆچوونی ئەو و لەسەردەمی ئەو دا، پیاوی ئەمریکی دەسەڵات و سامانەکانیان لە رێگەی ژنەکانیانەوە نمایش دەکەن. ئەم بۆچوونەی (ڤبلن) بریتییە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی باوکسالاری، بەڵام بە فۆرم یکی زیرەکانەتر. ژنان؛ هەم لەرێگەی بەکاربردنیەکی تایبەتەوە و هەمیش دروستکردنی ناو ماڵێکەوە، کە هەستی رێزگرتنی ئەوانیتر بۆ دەسەڵات و سامانی هاوسەرەکانیان بوروژێنن؛ باوکسالاری بەرهەم دێننەوە . ( ڤبلن) شێوازی ژیان بە دیاردەیەکی گرووپی دەزانێت، بە بڕوای ئەو ئەمە بەرهەمی پەیوەستبوونە بە چینەکانەوە و ماهیەتێکی سەربەخۆیانەی نییە و نموونەیەکی بوونی چینەکانە . بەهەر حاڵ، (ڤبلن) تەنیا کۆمەڵناسی کلاسیکە کە شرۆڤەی دیاردەی بەکاربردن کردبێت، هەر بۆیەش لە بابەتی پەیوەست بە بەکاربردن و شێوازی ژیانەوە، پێگەیەکی تایبەتی هەیە . لە نووسینەکانیدا (ڤبلن) شێوازی ژیانی تاکەکەس بە نموونەیەکی رەفتاری دەستەجەمعی دادەنێت- ئەو رەفتارانە لە نموونەی رێورەسم و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و رێبازە هزرییەکانن- هەروەها شێوازی ژیانی تاکەکەس بە ئاوێنەیەکی رەفتار و میکانزمی رۆحی و نەریتە هزری و مەعریفییەکان لە قەڵەم دەدات(مهدویکنی،١٣٨٦،٣٥).

### ٢_ جۆرج زیمڵ( Georg Simmel)

زیمڵ بەهۆی ئەوەی توێژینەوەی لەسەر پاڵنەرە دەروونی و هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر دروستبوونی شێوازەکانی بەکاربردن کردووە، ئەوە لەناو کۆمەڵناسیدا ناوێکی دیارە . ئەو لەرێی توێژینەوەی لەبارەی کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان – دەرکەوتنی شاری گەورە- توێژینەوەی بۆ شێوازەکانی بەکاربردن کردووە . میراتی ئەو هێڵە فکرییەی زیمڵ دەتوانین لەو کۆمەڵە شرۆڤەکارییانە ببینینەوە : لەشاری مۆدێرندا شوێنێک بۆ کڕین ، چوونە یانەکان ،بەکورتی ناویان ناوە بەکاربردن (مهدویکنی،١٣٨٦، ٣٦) .

دیاردەی بەکاربردن لەنێو ئەندێشە و بەرهەمەکانی (زیمڵ)دا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە . تیۆری بەکاربردن زیمڵ لە دەوری شار و دیاردەکانی دوای بەشاریبوون دەخولێتەوە . لای زیمڵ کۆمەڵگەی نەریتی هەموو ئەو کۆت و بەندانەی لە چوارچێوەی پەیوەن دی گرووپدا؛ ئازادی تاکەکەسی پێ تەوق دابوو، مژدەی دەرکەوتنی تاکگەرایی دەدا . لەشاردا، چوونە ناو سستمی تەون ئاسای دابەشکردنی کار، دروستکردنی شوناس و جیابوونەوە لەوانیتری زیادکردووە . لە وەها بارودۆخێکدا، شێوەی تایبەتی بەکاربردن و شێوازی ژیان، رێگەیەکە بۆ خۆ بن یادنان و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی

دیکە و جەنجاڵی ناو شار. (زیمڵ) درکی بەوە کردبوو کە بۆرژوازییەتی بەرلین بۆ رووبەرووبونە گوماناوییەکەی لە نێو ژیانی شاردا و پارێزگاریکردن لە شوناسی خۆی، سوودی لە بەکاربردن وەردەگرت(Clemens,2000, 6).

ئەو دەڵێت " شێوازی ژیان، هەو ڵێکی بەرجەستەی مرۆڤە لەپێناو بەدەستهێنانی بەها بنیادییەکان یان مرۆڤ دەیەوێت وەک تاکێکی باڵاتر لەنێو کولتووری باودا خۆی بەوانی دیکە بناسێنێت . بەواتایەکی دیکە، مرۆڤ لەپێناو ئەو مانایەی کە باوەڕی پێیەتی (تاکیەتی باڵا تر)، جۆرەها رەفتار دەگرێتە بەر. (زیمڵ) توانای شێوە بژاردەیەکی لەم جۆرەی ناوناوە (سەلیقە) و پەیوەندی نێوان جۆرەکانی سەلیقەشی ناوناوە (شێوازی ژیان). هەروەها پێیوایە شێوازی ژیان بریتییە لە بەرجەستەکردنی هەندێ بیروباوەڕ؛ لە چوارچێوەیەکی شێوە کۆمەڵایەتییانەدا. جۆرە خۆنواندنێکی وەک تاکێکی باڵاتر و بێ هاوتا؛ بەجۆرێک ئەو بێ هاوتاییە ئەوانی دیکە درکی پێ بکەن

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە (زیمڵ)؛ جیاوازیکردن لەنێوان شێوازەکان (رەفتاری پێشبینکراو لەچوارچێوەی کولتووری باودا) و مانا (تاکیەتی باڵاتر) و شێوازی پەسەندکراو و رێوشوێنی دروستبوونیان، کە هەموویان جۆرە شێوازێک بن، بە ماناوە دەبەستێتەوە. پێناسەی (زیمڵ) بۆ شێوازی ژیان بریتییە لە پەیوەندی نێوان هەموو ئەو شێوازانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک، بەپێی پاڵنەرە دەروونی و سەلیقەکانیان و لەرێی هەوڵەکانیانەوە بۆ هێنانە کایەی هاوسەنگییەک لەنێوان کەسایەتی ناوەکی و ژینگەی سروشتی و مرۆیی، هەڵیان بژاردوون. بە بڕوای زیمڵ، لەرێگەی برەودان بە تاکگەراییەکەیەوە، کە ئامانجی تاک بەدەستهێنانی پێگە هێماییەکان و مۆدەیە، کە بەهۆیەوە توانای دەبێت بەرگەی فشارەکانی ژیانی مۆدێرن بگرێت . ئەم جۆرەی بەکاربردن کەناڵێکە بۆ (خۆسەلماندن) و پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتدارێتی (مهدویکنی، ١٣٨٦ ٣٠٥).

بەلای (زیمڵ)ەوە، سەرەرای ئەوەی مۆدە سەرچاوەکەی لەو فشارانەوەیە کە جەنجاڵی نێو شار دروستی کردووە، ئەوا نیشانەی جیاکاری نێوان چینەکانیشە. لێرەدا بۆچوونی (زیمڵ) سەبارەت بە کاریگەری دوانەیی مۆدە ڕوون و ئاشکرایە. لەلایەکەوە مۆدە بانگەشەیەکە بۆ خۆ جیاکردنەوە لەوانی ترو ختەرووی شوناسو خواستی تاکگەراییە، بەڵام لە لایەکی ترەوە مۆرکێکی چینایەتی هەیە، هۆکارێکیشە بۆ پەیوەست بوون بە گرووپەوەو گرووو تین دەدات بەهاو ئاهەنگی کۆمەڵایەتی – چینایەتییەوە . لەم دیدگایەوە چین هێز دەبەخشێتە هەستی لەگەڵ ئەوانی تردا بوون. بەگشتی زیمڵ لەشیکارییەکانی بۆبەکاربردن کۆمەڵگەی مۆدێرن ، جەختی لەسەر مۆدە کردۆتەوە . بەلای ئەوەوە بەکاربردنی کاڵاکان و بنیادنانی شێوازەکانی ژیان لە لایەکەوە شوناسی داوە بەتاک و لەلایەکی ترەوە جیاوازی دروست کردووە ( نوری، ١٣٩٠ ،٣٨) .

**٣_ ماکس ڤیبەر(Max Weber)**

لەناو هەموو کۆمەڵناسانی کلاسیکدا ڤیبەر تەنها کەسە کە بەبێ بوونی هیچ جۆرە ئەندێشەیەکی تیروتەسەل دەربارەی بەکاربردن و ڕۆڵی لەدونیای مۆدێرندا ،سودی لەچەمکی شێوازی ژیان وەرگرتووە . بۆ توێکاری توێژبەندی کۆمەڵایەتی، ئەوا ڤیبەر سێ چەمکی بەکارهێناوە ئەوانیش بریتین لە چین ، گرووپی لۆکاڵی و حزب . ڤیبەرو شوێن کەوتوانی دەربارەی پێگە دواون (چیلەر) (Chelar)، (ئیستمان) (Estman)، (گۆلد سمیت) (Goldsmith)، (فلاین) (Fline)باس لەسێ سەرچاوەی وەرگیراو (-پێگەیی بۆماوەیی-)، بەدەستهێنراوە ( سەرکەوتن لەکاردا ) و بەکاربردنی پەیوەست بە پێگە (-کرینی کاڵای لۆکس-) . (برۆکس) (Brooks) و (ساوتوَرت) (Southworth) لەرێی گەرانەوە بۆ نوسینەکانی ڤیبەر ، هەرسێ چەمکی شێوازی ژیان خوێندنی فەرمی و پرستیژی بۆماوەیی یان پیشەیی بەسەرچاوەی پێگە دەزانن(فاضلی،١٣٨٢، ٣٦-٣٧).

چەمکی شێوازی ژیان لای ڤیبەر بەرهەمی بیرکردنەوەکانیەتی دەربارەی گروپە لۆکاڵییەکان . بەباوەڕی (تۆمین) (Tomin)، ماکس ڤیبەر چەمکی شێوازەکانی ژیانی بۆ ئاماژەکردن بە شێوەکانی ڕەفتا ر، پۆشینی جل و بەرگ، قسەکردن،بیرکردنەوەو هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە خاسیەتی جیاکەرەوەی گر ووپە لۆکاڵییەکان بوون و بەلای ئەو کەسانەوە کەدەیان ویست بەبەشێک لەو گرووپە لۆکاڵییە جیاوازانە هەژمارنەکرێن، بەکارهێناوە.

(دینیز ڕەنگ) (Deenis Runge)لە وتارێکیدا دەربارەی فکرەکانی ڤیبەر دەڵێت : مەبەستی ڤیبەر لە شێوازی ژیان ، بەهاو ڕێو ڕەسمێکی هاوبەشە کە هەستی شوناسیەکی هاوبەش بە گرووپ دەبەخشێ . (جەیمس ماکای)( James Mackay) لەبارەی دیدگای ڤیبەرەوە دەڵێت : مەبەستی ڤیبەر لەشێوازی ژیان ئەو ڕێبازانەن کە چین و گرووپە هاوڕێکەکان لە ژیاندا خولقاندویانن . ئەم بابەتە (شێوازی ژیان ) پێناسێکە کە سنووری نادیاری نێوان پێگەکان و توێژە کۆمەڵایەتیەکان دیاری دەکات . ڤیبەر شێوازی ژیان بە کۆمەڵێک ڕەفتار دەزانێت کە خواستەکان دەبنە پەڵنەریان و دەرفەتەکانی ژیان پانتاییەکن بۆ دەرکەوتنیان . بەهەمانشێوە ڤیبەر پانتاییەکی فراوانتر دەبەخشێتە شیکاری توێژبەندی کۆمەڵایەتی. لەڕێی چەمکەکانی ڤیبەرە وە دەتوانرێت شرۆڤەی نایەکسانی جیاوازیەکان لە ئاستی ستوونی و ئاسۆییدا بکرێت. بۆ نمونە چەمکی چین لای مارکس تەنها دەتوانێت کۆمەڵگە لەشێوە ستوونیەکەیدا، دابەشبوونی چینایەتی بکات، بەڵام چەمکی پێگە دەتوانێت خوێندنەوەی پێگە جیاجیاکانی نێو یەک چین پێ بکرێت و چەمکی شێوازی ژیان دەتوانێ ڕەفتارە جیاوازەکان لەنێو یەک پێگە یان چیندا جیابکاتەوە (مهدویکنی، ١٣٨٦ ٣٠٦).

لەبەر ئەوە بەلای ڤیبەرەوە شێوازەکانی ژیان جگە لەوەی جیاوازی دروست دەکەن لەنێوان گرووپەکان، ڕەوایەتیش دەدان بە باڵایی پێگە و چینەکانیش . گرووپەکان لەڕێگەی شێوازی ژیانەوە دەگۆڕێن بۆ گرووپی مەرجەعی و پێوەرەکانی داوەری کۆمەڵایەتی نرخاندنی ئەخلاقیش پێناس دەکەن . یەکێک لە دەستکەوتەکانی تری ڤیبەر، بریتییە لەجەخت کردنەوە لەسەر کاریگەری شێوازەکانی ژیان بە ئاراستەی دروستکردنی گونجان لەنێو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەلای ڤیبەرەوە ئەو کەسانەی خاوەنی شێوازی ژیانی هاوبەشن جۆرێک لە هاو ئاهەنگی گرووپی کە سەرچاوەکەی لە لێکچوونی ڕەفتارەکانیان و وەک یەکی شێوەی خەرجکردنەوە، دروست دەکات . ئەو هەماهەنگییە دەکرێت بگۆڕێت بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی . یەکێک لە شێوەکانی تری هەماهەنگی کە لە شێواز ی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، بریتییە لە گۆڕانی بەرەو وردە کولتوور . بەبۆچونی ئەنس باخێر (Anas baxher) ڤیبەر بەجۆرێک لە بارەی شێوازی ژیانەوە دەدوێت وەک بڵێی باس لە ووردە کولتوور دەکات . (فاضلی،١٣٨٢).

***٤_ دۆگلاس و ئیشەروود(Douglas and Isherwood)***

وەک پێشتر باسکرا بە باوەڕی ڤبلن کێبرکێ و ململانێ بناغەی فۆرمەلەبوونی بەکاربردن مۆدێرنن . زیمڵ بە - دانانی مۆد – وەک بزوێنەری جیهانی مۆدێرن خۆی لەوانی تر جیاکردوە . بەلای دۆگلاس و ئیشەر وودەوە (ئاشکرا کردن و بەردەوامیدان بە گوتارە کولتوورییەکان ) بزێنەری مۆدێرنەن. بەکاربردنی کاڵاکان بۆ پاراستنی پەیوەندییەکان و هەماهەنگی، ڕاکێشانی پاڵپشتی و نیشاندانی میهرەبانی پێویستە . بەم شێوەیە بەکاربردن (چالاکیەکی سوودگەرایانەیە)و هەموو ئەو کاریگەریانەشی دەوەستنە سەر چالاکی سوودگەرایانە، بەتایبەت بەکاربردن، شایەنی ئاوڕلندانەوەن . بۆیە لەدیدی دۆگـلاس و ئیشەروودەوە، کاڵا و زمان هەمان وەزیفەیان هەیە، کە بریتییە لە پەیوەندییەکان و مانا بەخشین (فاضلی،١٣٨٢).

***٥_ ئەنتۆنی گیدینز (Anthony Giddens)***

هەروەها (گیدنز) لە هەوڵێکی بۆ دەربازبوون لە دوفاقی هۆکارێتی و پێکهاتەدا، تیۆری (پێکهاتن)ی خستەروو و جەختی کردووەتەوە لەسەر رۆڵی هەردوو فاکتەرەکە لە یەک کاتدا و لە دیدی ئەوەوە (مرۆڤەکان وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتی هێزی دووبارە بیر لێکردنەوەیان (Reflexivity) هەیە، د واجار بە ئەنجامدانی ئەم کارە لەلایەکەوە چالاکییەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا دووبارە پێیان دادەچنەوە و تایبەتمەندییەکانیان دەگۆڕن، لەلایەکی دیکەوە بەم کارەیان توانای کاریگەریی بۆ گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتییان وەدەستدەخەن)(Giddens, 1991).

(گیدنز) بەدیهاتنی شێوازی ژیان بە بەرهەمی دووبارە بیرلێکردنەوە لە جیهانی مۆدێرنە دەزانێت و ئەم حاڵەتە لە سەدەکانی بەر لە مۆدێرنە و شارستانیەتە کلاسیکەکان هێندە باو نەبووە و بەکارنەبراوە، چونکە بوون بە خاوەنی شێوازە ژیانێک بەندە بەوەی کە تاکەکان لەنێوان بژاردەی جیاواز هەڵبژاردن بکەن . تاک بە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی تایبەت بەخۆی، هەم ناسنامەیەکی پەسەند و دڵخوازی خۆی پێکدەهێنێت و دەیخاتە بەرچاوی ئەوانی دیکە، هەمیش پێداویستییەکانی ژیانی خۆی دابین دەکات.

### ٥_پیر بۆردیۆ(Bourdieu)

بێگومان (پیر بۆردیۆ ) ناسراوترین کۆمەڵناسە، کە دەربارەی بەکاربر دن و شێوازی ژیان نوسیبێتی . زۆرێک کتێبی (جیاوازی) ئەو بە ئینجیلی توێژەرانی ئەو بوارەی دادەنێن . کەم ڕێک دەکەوێت تێکستێک ببینینەوە لەوبوارەدا نووسرابێ و سوودی لە بۆچونەکانی ئەو وەرنەگرتبێت . بەشێک لە هۆکاری ئەمەش ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە بۆردیۆ تاکە کەسە تیۆری پتەوی بۆ شرۆڤەکردنی دیاردەی بەکاربردن داڕشتبێت (فاضلی،١٣٨٢).

بۆردیۆ کۆمەڵێك چەمکی بنچینەیی بەکاردەهێنێ کە تەنها لەرێگەی شیکردنەوەیان دەتوانرێن بۆچونێکی تەواومان لەسەر تیۆرەکەی دەستکەوێت. لەخوێندنەوە بۆ کۆمەڵناسی بەکاربردن بۆردیۆ و شیکردنەوەی چەمکی شێوازی ژیان پێویستە حەوت چەمک شیبکرێنەوە واتا (کایە، سەرمایە، ڕێباز، کار، هێما، چین و سەلیقە ). لای بۆردیۆ کۆمەڵگە وەک فەزایەکی کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخات، ئەم فەزایەش شوێنێکە بۆ ململانێی توند و بێ کۆتا، لەرەوتی ئەو ململانێیەشدا کۆمەڵێک جیاوازی دەردەکەون کە کەرستەو چوارچێوەیەکی پێویست بۆ بوونی کۆمەڵایەتی فەراهەمدەکات. ئەم فەزایە بونێکی پارچە پارچەی هەیە تیایدا مۆدێلی بچووک لە یاسا، ڕێسا و شێوازەکانی دەسەڵات بوونیان هەیە . ئەو مۆدێلە بچووک و جیاوازانە پێیانەو دەوترێت کایە (مەیدان) کایە جۆرێکە لە قەڵەمرەوی ژیانی کۆمەڵایەتی. هەندێک لە پێگەکان دەخولقێنێت و پارێزەری کردەکانی پەیوەست بەو پێگانەشە(جلای پیور، ١٣٨٧، ٣٢٠).

بۆردیۆ فەزای کۆمەڵایەتی دابەشدەکات بۆ چەند هێڵێک : سەرمایەی ئابووری، سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کولتووری و هێمایی. بە باوەڕی ئەو سەرمایەکان ئەگەری گۆڕانیان هەیە بۆ سەر شێوەی یەکتر . سەرمایەی ئابووری بۆی هەیە بەخێرایی بگۆرێت بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کولتووری و هێماییش . سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەکرێت بگۆڕێ بۆ سەرمایەی ئابووری، بەڵام توانای گۆرانی بۆ سەرمایەی کولتووری کەمترە تا توانای گۆرانی سەرمایی کولتووری بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی. لای بۆردیۆ ئەوەی مانا دەدات بە کایە؛ سەرمایەیە.

قەبارە و بڕ و پێکهاتەی جۆرەکانی سەرمایەی هەر تاکێک، پێگەی وی لە پلەبەندی نێو کایەکەدا دیاری دەکات . بەواتایەکی دیکە، هەر کایەیەک لەرێی جۆر و قەبارەی سەرمایەی هەبوو لەنێویدا دەناسرێتەوە. چەمکی پێکهاتەش بەهەمان شێوە لەرێی کایە و سەرمایەوە پێناس دەکرێت . پێکهاتە گوزارشتە لەکۆمەڵێک پێگە کە بەسەرنجدان بە قەبارە و شێوەی سەرمایەکەی ناوی، شایانی بەراوردکردنن بەیەکتر . لەنێو هەموو جۆرەکانی سەرمایەدا، سەرمایەی کولتووری ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی لە هزری بۆردیۆدا هەیە . کۆمەڵناسی بەکاربردن و شیکارییەکەی دەربارەی شێوازی ژیان،

لەسەر سەرمایەی کولتووری بنیادنراوە . سەرمایەی کولتووری هەموو (سەلیقە جوانەکان، شێوە و ڕێوڕەسمی پەسەندکراو، مەعریفەی بەیەکداچوو و توانای وەرگرتنی بەرهەمە کولتوورییەکان، پرۆژەی ە اوشێوەی هونەر، مۆسیقای کلاسیک، شانۆ و ئەدەبیاتەکان...) و هەموو باڵادەستییەکە بەسەر سستمە هێماییەکاندا (فاضلی،١٣٨٢، ٣٨).

شێوە جیاوازەکانی سەرمایە لای بۆردیۆ، بە رەگەزی دروستکەری بنیادی کایەکانی دەزانێت . کایە، یەکێکە لەو چەمکانەی بۆردیۆ کە زۆرترین مشتومڕی لەسەرە و بوونێکی بنچینەیی شیکاری بۆردیۆ بۆ کردەکانی مرۆڤ لەخۆیدا هەڵدەگرێت. بە بڕوای بۆردیۆ، ئاکار، سستمێکە لەخواستە بەردەوام و گواستراوەکان، کە وەک کاری بەرهەمدار، بنیادنەر و بەشێوەی بەرجەستەبوو ڕۆڵ دەبینێت . لای بۆردیۆ ئاکار، بنیادنەر و هەماهەنگ بەخشی هەلومەرجی ناوەکی چینەکانە. کایە وەک ڕێسایەک دەردەکەوێت کەوا لە مرۆڤەکان دەکات کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی خۆیان بکەن . بۆردیۆ پێیوایە هەموو کایەکان خوازیارن کارەکتەرەکانی خۆیان بەگوێرەی یاسا کردارییەکانی نێو کایەکە بجوڵێنەوە . کایەکان لە کارەکتەرەکانی خۆیان داواکارن ک ە یاساکان بەشێوەیەکی کارامە لەنێو تۆڕی پەیوەندییەکان، کۆنترۆڵی یاسا نەنووسراوەکان، شێوەی کردە لەنێو کایەکە و گوتاری زەینی داوەرییەکان، کە زەمینەی تێگەیشتن لەبابەتەکان دەسازێنن، لەلایان رەنگبداتەوە. کایە نەخشەی تێگەیشتنی دنیای کۆمەڵایەتی و ڕێگەیەکی پێشوەختە دیاریکراوە، کە هەرکارێکی گونجاو لە هەر هەلومەرجێکدا نیشاندەدات(جلای پور، ١٣٨٧، ٣٢٠).

چەمکێک کە لای بۆردیۆ ڕاستەوخۆ دەربارەی کایە خرابێتە ڕوو، کارە. ئەو چەمکە سەرەتا وەک ئاماژەیەکە بۆ هەر جۆرە کردەیەکی مرۆڤ . کردە جۆرە بەنەریتبوونێکی ڕەفتارە، کە چەندین بەشی هەیە: شێوەی چالاکییە جەستەییەکان، شێوەی چالاکییە زەینییەکان، شتەکان و ئەرکەکانیان، مەعریفەی سەرەتایی لەچوارچێوەی مەعریفەدا، ڕێگە و حاڵەتی ئاگایی سۆزەکی. هەر کردارێک پشت بە کۆمەڵێک توخم دەبەستێت، کە بەسەریەکەوە وەک سندوقێکی پڕ لە کەرەستە وان . کردە، جۆرە رە فتارێکی بەنەریتبووە، کە لە کۆمەڵێک بەشی جیاجیا دروستبووە . کردە، کایەی بەپراکتیکبووە. جەختکردنەوە لەسەر چەمکی کار، زۆری مەیلی بۆردیۆ بۆ خوێندنەوەی ڕەفتارەکان لەسەر بنچینەی ئەقڵی پراکتیکی نیشاندەدات. بەپێی ئەم یاسایە، مرۆڤەکان دەزانن چی دەکەن، بەڵام بەگشتی ناتوانن ئەو کردارەیان روون بکەنەوە (مهدویکنی، ١٣٨٦).

هێما، یەکێکە لە نموونەکانی جیاوازی بۆردیۆ لە مارکس . ئەو لەجیاتی باسکردن لە هێما، دەربارەی (بابەتی هێمایی) دەدوێت. بابەتی هێمایی؛ شتێکی مادییە، بەڵام ئەو بەوەها تایبەتمەندییەک ڕازی نییە، بەڵکو ئەوەی پێی دەناسرێتەوە، بنچینەی کارکردنەکەیەتی . بەتێڕوانینی بۆردیۆ، بابەتی هێما لەتوانایدایە، مادیبوونی خۆی بشارێتەوە . سستمە هێماییەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە مەعریفە و دەسەڵاتی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سستمی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ڕۆڵی بنچینەیی سستمە هێماییەکان لەنێ و بنیادی دەسەڵات، ناساندنی بابەتە دروست و ڕێ پێدراوەکانە . ئەم تێگەیشتنە بۆ چەمکی هێما، باڵی کێشاوە بەسەر تەواوی بۆچوونەکانی بۆردیۆدا، ئەویش لە کتێبی جیاوازیدا روونکراوەتەوە.

لای (بۆردیۆ) سەرمایەی هێمایی هەروەک سەرمایەکانی دیکە تەماشا دەکرێت، ئینجا لەبەر ئەوەی هەر یەک لە جۆرەکانی سەرمایە_کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری _ بە پلەی جیاواز، وەک سەرمایەی هێماییش بەرجەستە دەبن، ئەوە دەکرێت قسە لەسەر کاریگەرییە هێماییەکانی گشت جۆرەکانی سەرمایە بکرێت (Bourdieu,1984).

بۆردیۆ، چین بە کۆمەڵێک کارەکتەر پێناس دەکات کە کەوتوونەتە پێگەی کۆمەڵایەتی وەک یەکەوە و کەوتنە نێو هەلومەرجێکی هاوبەش و رەنگە خواست و پەیوەندی وەک یەکیان هەبێت، لەبەر ئەوە ڕێی تێ دەچێت کردەی لێکچوو

بنوێنن و هەڵوێستی هاوبەش وەربگرن. بنەمای دروستبوونی یەکێتی چین، ئاکاری هاوبەشیانە. کایەی چینایەتی، پەیوەندی ئاسۆیی و جیاوازی ستونی لە فەزای کۆمەڵایەتیدا دەخولقێنێت . هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بەهۆی هەر چوار سەرمایەکەوە: ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و هێماییەکەیەوە دەناسرێتەوە.

لەراستیدا، بۆردیۆ لەسەر بنەمای شتێکی باڵاتر پەیوەندی چەمکی چین بە دووبارە بەرهەمهێنانەوە ل ەنێو فەزای ئابووریدا، خوێندنەوەی بۆ دەکات. ئەو هەمیشە چینی لەرێی پەیوەندیەکانیەوە بە پێگەکان و ئەو نەریتە هاوبەشەی، کە لە فەزای بەکاربردندا کارایە، پێناس دەکات و بەکاربردنیش بە جۆرێک لە ململانێ دەزانێت بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە، کە لە فۆرمەڵەکردنی چیندا ڕۆڵی هەیە.

هەروەها جەمکێکی دیکەی بۆردیۆ بریتییە لە (هابیتۆس) ( Habitus). بە لای بۆردیۆوە، واقیعی ژیانی کۆمەڵگە دوو ئاستی هەیە، یەکەمیان کایە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەمانە دەکەونە دەرەوەی تاکەکانەوە و بنیادی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە. ئاستی دووەمیش بریتییە لە واقیعی کۆ مەڵگە لە ژیانی تاکەکاندا، بەم پێیەش هابیتۆس لە یەک کاتدا بوونی واقیعی کۆمەڵگە و کایەکانە لە جەستەی تاکدا. لای بۆردیۆ هابیتۆس وەک ستمێک پێناسە دەکات، کە تاکەکان بەهۆیەوە لە جیهانی دەرەوە تێدەگەن و لەمیانەیەوە ئەو جیهانە هەڵدەسەنگێنن . بەڵام لەهەمان کاتیشدا، هابیتۆس سستمێکیشە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی پراکتیکی تاکەکان خۆیان . هابیتۆس بنیادێکی جەستەیی و بڕیار لەسەر دراوە، کە بوەتە بنچینەی ئەو رەفتار و بیرکردنەوە و جۆری هەڵبژاردنانەی تاک لە ژیانی کردەییدا ئەنجامیان دەدات (Bourdieu,1984)

بە دیدی بۆردیۆ، چەمکی کاێ دەتوانێت تایبەتمەندی بەکاربردن لەلای چین، بۆ روون بکاتەوە. ئەو باوەڕی وایە سەلیقە چینایەتیەکانی هەڵگری برێکی کەمی سەرمایەی کولتوورین، جەخت دەکەنە سەر کاریگەری ئەو شتەی کە بەکار دەبرێت، بەڵام سەلیقەی رەسەن، جەخت دەکاتەوە لەسەر شێوە و فۆرم . سەلیقەی چینەکان کەمتر جەخت دەکاتە سەر رێژەی بەکاربردن و سەلیقەی رەسەنیش لەسەر چۆنایەتی ئەو شتەی بەکاردەبرێت و تەنیا ئەوە سەلیقەی رەسەنە، کە بایەخ بە شێوە و رێورەسمی بەکاربردن دەدات (فاضلی،١٣٨٢، ٤٤).

شێوازی ژیان ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی جیاواز لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، لەوانەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەکاربردن، خۆشگوزەرانی و جلوبەرگ . بەمپێیە ئەمە تێکەڵەیەکە لە نەریت و رۆتینیاتی ئەنجامدانی شتەکان و کارڕایی ئەقڵبر، کە دەتوانرێت لە مومارەسەکردنی رەفتاری تاکەکاندا سەرنجیان لێ بدرێت وەک : پیشە، ئاستی خوێندەواری، تەمەن، رەگەز، چالاکییە خۆشگوزەرانەکان . هەروەها هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی وێکچوو؛ شێوازێکی ژیانی جیاکراوەیان هەیە، کە لە ئەنجامی مومارەسەگەلێکی کۆمەڵایەتی، رۆتینی رۆژانە، سەلیقە، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەوە پەیدا دەبن (Bourdieu, 1979,1984,1985).

***پێویستی دروستبوونی شێوازی ژیان***

کاتێک وەرچەرخانێک لە دنیای کۆمەڵایەتیدا روودەدات، پێویستمان بە چەمکی نوێ هەیە بۆ تێگەیشتن لەو وەرچەرخانە. جیهان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، وەک مارکس شیکاریکردوە؛ پرۆسەی بەرهەمهێنان باڵا دەستبووە و بەهاکانیش لەدەوری ئەم پرۆسەیە دەخولانەوە . لەوکاتەدا چەمکی (چینی کۆمەڵایەتی )-وەک چەمکێک کە بەهۆیەوە خوێندنەوەی بۆ پێگەی تاکەکان لە سستمی سەرمایەداریدا پێدەکرا-لە تیۆری مارکسدا شوێنێکی سەنتەری وەرگرت.

ئێستا وادێتە بەرچاو گەورەترین گۆڕانکاری لەسەردەمی نوێدا بریتییە لە بەکاربردن، بۆیە بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگە، پێویستمان بە چەمکی نوێ هەیە. چەمکێک یان کۆمەڵێک چەمک کە ببنە ئاوێنەی ئەو گۆڕانکارییانە و بابەتی

نوێش بۆ توێژینەوە بخەنە بەردەم زانستە کۆمەڵایەتییەکان . وا دیارە چەمکی (شێوازی ژیان) ئەو تایبەتمەندییەی لەخۆیدا هەڵگرتوە (فاضلی،١٣٨٢، ٦١).

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، (ڤبلن) لە خوێندنەوەی بۆ بەکاربردن لە ئەمریکا، باسی شێوازی ژیانی نەکردوە و بەشێوەی ئاماژەکردن، دانی بەوەداناوە، کە ئەو چەمکە هێمایە بۆ شێوە ژیانێکی جیاوازی چینێکی خۆشگوزەران و پێگەی چینایەتی ئەوان . بەو واتایەی کە شێوازی ژیان لە هزری ڤبلن دا گۆڕاوێکی وابەستە یە. زیمڵیش بەهەمانشێوە، بایەخێکی تایبەتی بەو چەمکە نەداوە . لەنێو هەموو کۆمەڵناسە کلاسیکەکاندا، تەنها ماکس ڤیبەرە کە شێوازی ژیانی بەواتای تایبەتمەندی گرووپە پێگەییەکان و وەک توخمێک بۆ دروستکردنی هەماهەنگی گرووپی، بەکاریهێناوە . هەروەها ئەو پێگەیەکی تایبەت و سەربەخۆی بەخشیە ئەو چەمکە و ماناکەشی کورت نەکردوەوە بۆ تەنیا پێگە چینایەتییەکان؛ بەڵام ئاراستەکەشی لەوە زیاتر بەرەو پێشتر نەبرد . لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، تاکە بیرمەندێک کە شێوازی ژیانی کردە چەقی تیۆرەکەی خۆی، دەروونناسی ئەڵمانی (ئەلفرێد ئەدلەر)بوو (Heijs et al., 2009. p.351.).

لەساڵانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم، دیاردەی بەکاربردن سەریهەڵدا . ئەم بابەتە، ساغکردنەوەی بەرهەمە بێشومارەکان و تێگەیشتن لە بازاڕ و رەفتاری بەکاربردنی، کردە شتێکی ناچاری . لە ئەنجامدا گەشەی ئابووری، بە ئامێربوونی کار، زیادبوونی حەق دەست و پەیدابوونی ئامرازەکا نی سەرگەرمی و دەستبەتاڵی، لە رۆژئاوادا کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنا، کە بایەخێکی زۆری دەدا بە کاتی دەستبەتاڵی و سەرگەرمییەکان. لەهەمان کاتدا، کۆمەڵگەیەک دروستبوو کە جیاوازییە کلاسیکییەکان تێیدا تاڕادەیەک دەسڕانەوە . شارە گەورەکان بوونە هۆکاری گومناوی تاکەکان، بۆ ناسینی تاکەکەس لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە پێگەییەکانی رابردوو بوو بە مەحاڵ . بابەتی شوناس برەوی سەند و ئەوە روون و ئاشکرابوو، کە چیتر تاکەکان بەگوێرەی پێگەکەیان لە نێو سستمی بەرهەمهێناندا بیر ناکەنەوە و رەفتار ناکەن (سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێک ان نموونەی ئەو وەرچەرخانانەن ). بەهاو پێوەرە نەریتییەکان کە رێنیشاندەری کردە بوون، تاڕادەیەک کارایی خۆیان لەدەستدا و چالاکی تاکەکان بە بەراورد بە هەر سەردەمێکی پێشووتر پەیوەستبوون بە بژاردەی تاکەکانەوە . گەشەی ئابووری بارودۆخێکی هێنابووە ئاراوە، کە خوێندنەوە ی کردەی تاکەکان بەگوێرەی چەمکێکی وەک چینی کۆمەڵایەتی، بنیادخوازانە دەهاتە بەرچاو و پێویستبوو رێگە بۆ شیکاری داهێنەرانەتری کردەکان بکرێتەوە، شیکارییەک ئازادیەکی زیاتر بۆ تاکەکان لەبەرچاو بگرێت (Mohammadpur and Mahmoodi, 2016)

شێوازی ژیان دەکرێ بە نموونەی ئ ەو کردانە دابنرێت، کە هۆکارە بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە). ئەگەرچی کۆمەڵناسە کلاسیکەکانی وەک (زیمڵ و ڤیبەر )، روانیویانەتە رەهەندەکانی شێوازی ژیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەی راستەوخۆ و سەربەخۆیانە ئەو چەمکەیان بەکارنەهێناوە . بەبرەوکەوتنی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی هەشتای سەدەی بیستەم (ڕیمێر)(Reimer )، چوار هۆکاری گرنگی باسکردوە بۆ دووبارە ژیاندنەوەی ئەم چەمکە:

١_ پرۆسەی بەرفراوانبوونی تاکایەتی، کە لەبارودۆخی ئاڵۆز و گۆڕانی خێرای جیهان، مافی هەڵبژاردن و ئازادی و ئەنجامدانی چالاکییەکانی زیاتر بە تاکەکان و بەتایبەت بە لاوانی بەخشیووە.

٢_ گەشەسەندنی چینی ناوەند و خوێندەوارییی، کە بە ئاشکرا روویان کردووەتە بەسەربردنی کاتەکانی دەستبەتاڵی و سەرگەرمی و بەکاربردن.

٣_ زۆربوونی توێژینەوە ئەکادیمییەکانی پەیوەست بە پۆست مۆدێرنیزم، کە دەرکەوتنی بەهاکان، تێ ڕوانینەکان وشێوازی نوێی ژیان رۆڵێکی سەرەکییان تێیدا هەیە.

٤_رۆڵی سەرەکی بەرهەمەکانی (بۆردیۆ) لەبارەی بەکاربردن و شێوازی ژیان بەتایبەت کتێبە بەناوبانگەکەی (جیاوازی)(Reimer,1995)

وەک تێبینی دەکرێت، ئەوەی وایکردوە چەمکی شێوازی ژیان لە ئەدەبیاتی نوێی کۆمەڵناسی دا برەو بسەنێت، گۆڕانکارییە بنیادییەکانن، لەوانە (بەکاربردن) و بایەخداربوونی کاری سەربەخۆی تاکەکەس و ئازادی تاکەکان بۆ هەڵبژاردن. ئەو تایبەتمەندییانە جیاوازییەکی ئاشکرایان لەگەڵ زەمینەی برەوسەندنی وورده کولتووردا هەیە، کە لاوان و گرووپەکانی دیکە بۆ نارەزای ەتی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی شوناسی دەستەجەمعییان کەڵکیان لێ وەردەگرت . بەمشێوەیە، شێوازەکانی ژیان پێویستە (وەک وەڵامگۆیەک بۆ کاری نوێ تەماشا بکرێن ). ئەگەر وورده کولتوورەکان وەڵامێکبن بۆ بەربەستە بنیادییەکان و میتۆدێکی کارابووبێتن بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرا مبەر ناسازگارییە بنیادییەکان، شێوازی ژیان بەراوژووکەرەوەی گۆرانکارییەکانی نێو پەیوەندییەکانی تاک و کۆمەڵگە و وەڵامی تاک بووە (ئەگەرچی کاریگەریش بووە بە بەها و سستمە کۆمەڵایەتیەکان ) بۆ ئەو هەلومەرج و پێگەیەی کە تاک کەوتوتە نێویەوە . لێرەوە گرنگی شێوازی ژیا ن دەگەڕێتەوە بۆ سەرنجێکی هاوشێوەی؛ بنیاد و کاریگەربوونی تاک بە کردەی کۆمەڵایەتییەوە . چەمکی شێوازی ژیان لە نێو توێژینەوەکانی پەیوەست بە بنیاد و کاریگەریی، نزیکایەتیەکی دروستکردوە . شێوازی ژیان توانای مامەڵکردنی لاوان بە هەلومەرجی بنیادی کۆمەڵایەتیەوە فەراهەم دەکات و، خۆگونجاندن لەگەڵ بنیاد یان گۆڕینی ئەو بنیادە، ئەوا دەرەنجامی شێوازەکانی ژیانە . لاوان بەربەستە کۆمەڵایەتیەکان ئەزموون دەکەن، لەهەمانکاتدا لەرووی کردەوە ئازادن. ئەم واقیعەش لەنێو چەمکی شێوازی ژیاندا بە باشی رەنگی داوەتەوە (ذکایی،١٩٨١،٢٣).

گرنگی ئەم چەمکە لەوێوە دێت کە لە بنەڕەتدا، هەر توێژینەوەیەکی پەیوەست بەو چەمکە ناچار بە چوونە نێو پەیوەندیە ئاڵۆزکاوەکانی نێوان بنیاد و کردەی دەکات، وەک بەشێک لە گوتاری سەرەکی کۆمەڵناسی . هەروەک ئاماژەی پێکرا، شێوازی ژیان پردی پەیوەندی نێوان ئەو دوو چەمکەیە . چەمکی شێوازی ژیان، تەنها کورت نابێتەوە بۆ گۆڕاوە بنیادیەکانی وەک پێگەی کۆمەڵایەتی، نەتەوە، نەژاد، رەگەز و _پەیوەندییەکانی. لەلایەکی دیکەشەوە، هەڵبژاردن و وەرگرتنی شێوازی ژیان لەلایەن تاکەکەسەوە، پەیوەندی هەیە بە هەلومەرجی بنیادی و کولتووری کۆمەڵگەوە . ئەو تایبەتمەندیە، بەتایبەت لەگەڵ ئەو وەرچەرخانەی کۆمەڵگەی (پۆست مۆدێرن) و پیشەسازی و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە راستی کەمبوونەوەی بایەخی گوتاری (کۆمەڵایەتی) لە بنیادی ئەو کۆمەڵگەیەدا، دەگونجێت.

گرنگیەکی دیکەی چەمکی شێوازی ژیان هەروەک (جنگینز) ئاماژەی پێ کردوە، لەوێوەیە کە (چەمکی شێوازی ژیان سەرنجمان لەسەر مەیدانی کولتووریی دووردەخاتەوە و سەرنج لەسەر کردە چڕ دەکاتەوە ) (مهدویکنی، ١٣٨٦).

***پێناسەی شێوازی ژیان***

رەنگە بتوانین بڵێین سۆبێل (Sobel) روونترین پێناسەی بۆ شێوازی ژیان کردووە و پێیوایە (بە نزیکەیی هیچ هاودەنگییەکی ئەزموونی یان روون دەربارەی ئەوەی کە چ شتێک شێوازی ژیان پێکدەهێنێت، نییە) (Sobel,1981)

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەکرێت تەواوی پێناسەکان دابەشی سەر دوو گرووپ بکرێن و لەلای هەر یەکێکیشیان بە دەرەنجاێک بگەین . گرووپی یەکەم؛ بریتیین لە کۆمەڵێک پێناسە کە شێوازی ژیان بـە جۆرێک لە رەفتار هەژمار دەکەن و بەها، تێروانین و ئاراستە دەروونییەکانی تاکەکان دەخەنە دەرەوەی بازنەی ئەم چەمکەوە . ئەم

ڕوانگەیە، بەواتای نەبونی پەیوەندی ئاراستە دەروونییەکان بە فۆرمەلەکردنی شێوازی ژیان نایەت، بەڵکو واتەی ئەوە دەگەیەنێت کە گرنگ نییە شێوازی ژیان چۆن فۆرمەلەبووە _چونکە بۆخۆی بابەتێکی جیاوازە لە سەرچاوەی فۆرمەلەبوونی شێوازی ژیان _و بۆ توێژەری بواری ناسینی شێوازی ژیان کە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی هەندێک لەرەفتارەکان (بەهەندێ تایبەتمەندی دانسقەوە) دروستبووە، گرنگە. ڕوانگەی دووەم؛ بەها وتێڕوانینەکان بە بەشێک لە شێوازی ژیان دەزانێت. ڕوانگەی یەکەم لە کۆمەڵناسیدا و لە توێژینەوەکانی پەیوەست بە (بەتاڵی) برەوی هەبووە. هەرچی ڕوانگەی دووەمە رووکارێکی دەروونناسانەی هەیە و لەنێو دەروونناسیدا و بەدیاریکراوی لە توێژینەوەکانی پەیوەست بە بازاڕکردندا دەرکەوتووە (ذکایی،١٩٨١،٢٣).

شێوازی ژیان، چەمکێکە لە کولتووری کلاسیکدا زۆر بەکارنەهێنراوە، چونکە پابەندە بەجۆرێک لە هەڵبژاردن لەنێو کۆمەڵێکی زۆر لە ئەگەرە بەردەستەکان . قسەکردن دەربارەی زۆری بژاردەکان نابێت وا لێکبدرێتەوە، کە تەواوی بژاردەکان بەڕووی هەمووان‌دا کراوەن یا ن ئەوەی، کە هەمووان بڕیاری پەیوەست بە بژاردەکانیان بەهۆشیارییەکی کامڵەوە دەستنیشان بکەن. چ لە مەیدانی کار و چ لەمەیدانی بەکاربردندا، بۆ هەموو ئەو گرووپانەی کە لەکۆتی چالاکییە نەریتییەکان ئازادبوون، بژاردەی جۆراوجۆریان بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی ژیان لەبەردەس تدایە. ئەوەش شتێکی سروشتییە کە جیاوازی شێوازی ژیان لە نێوان گرووپەکاندا، بەوجۆرەیە کە بۆردیۆ جەختی لەسەر کردووەتەوە(Giddens 1991).بە باوەڕی هەندێک لە توێژەران، پێویستە بۆ ئەو پێناسەیەی سۆبیل، کە (شێوازی ژیان گوزارشتە لەهەر شێوەیەکی ژیان کە جیاواز و دەستنیش انکراو دەبێت) ئەو خاڵە زیادبکرێت کە ئەو شێوە ژیانە پێویستە لەنێوان ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا هاوبەش بێت، ئەگەرنا جیاوازییەکی لەگەڵ سروشتی تاکەکەس یان ئارەزووە بەکاربردنیەکانی تاکەکەسدا نابێت.

***چین و شێوازی ژیان***

چەمکی چینی کۆمەڵایەتی چەقی هەموو تیۆرە کۆمەڵناسیە کەی مارکسە. چینی کۆمەڵایەتی بەلای مارکسەوە کەرەستەیەکە بۆ شیکارکردنی دوو لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی؛ یەکەمیان وەک داینەمۆی مێژوو و ئەویتریان وەک بەخشەری شوناسی کۆمەڵایەتی بە تاکەکان و توخمە مەعنەوییەکانی کولتووری کۆمەڵگە . لە کۆمەڵناسی سەردەمدا، بایەخدان بە چە مکی چینی کۆمەڵەیەتی دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدان بە لایەنی دووەم، واتە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی چین نەک رۆڵە مێژووییەکەی(چاوشیان، ١٣٨١).

پوختەی ناوەڕۆکی چەمکی چینی کۆمەڵایەتی لای مارکس، دەکرێ لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە کورت بکرێنەوە:

١_شێوەی ژیان، تێروانینەکان، رەفتار و پاڵنەرەکانی تاک و هەلومەرجی ماددی، ژیانی _تاک_دیاریدەکەن.

٢_هەلومەرجی ماددی ژیانی تاک_ئەو ئەزموونانەی کە ئەگەری دەستپێڕاگەیشتنیان هەیە _پەیوەستە بە شوێنگە و پێگەی ئەو تاکە لە نێو سستمی بەرهەمهێناندا.

٣_پێگە هاوشێوەکان لەنێو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێن اندا، پایەی سەرەکی چینبەندی کۆمەڵایەتی و فۆرمەلەبوونی شوناسی کۆمەڵایەتییە.

٤_هەلومەرجی ئابووری لێکچوو، مەرجی پێویست و سەرەکییە بۆ دروستبوونی چین.

٥_بنچینەی دروستبوونی چین؛ شوناسی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو تەنها لەحاڵەتی گەیشتنی بە هوشیاری چینایەتی و ڕەێکخراوی سیاسی و ململانێ لەگەڵ چینەکانی دیکەدا، دەبێت بە شوناسی کۆمەڵایەتی و دەگۆڕێت بۆ (چین بۆخۆی).

مارکس زۆر بە وردی باس لەمسۆگەرێتی ئەم پرۆسەیە ناکات، بەڵام مارکسیستەکان جیاوازی بۆچونیان لەبارەیەوە هەیە، کە مارکسیزمی سۆڤیەتی جاران ئەوەی بەراست دادەنا، بەڵام مار کسیزمی ئەورووپی بەپێچەوانەوە . ( چاوشیان، ١٣٨١) مارکس دوو بۆچوونی جیاوازی بۆ چەمکی چین خستەروو؛ یەکەمیان وەک گۆراوێکی سەربەخۆی کۆمەڵناسی بۆ توێژینەوە لە رەفتارەکان، پێگەکان و کولتوور و دووەمیان وەک داینەمۆی مێژوو و گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەگەر ئەو پێنج خاڵەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، وەک شێوەیەکی گشتی بۆ چوارچێوەی تیۆری چینە کۆمەڵایەتییەکانی مارکس تەماشابکرێت، ئەو کاتە تەنها خاڵی پێنجەم؛ چینی وەک هۆکاری مێژوویی و سیاسی ناساندووە . زۆرترین رەخنە کە لە مارکس گیراوە، سەبارەت بە پێشبینییەکانی ئەوەوەیە؛ بەڵا م ئەو رەهەندە لە تیۆری چینایەتی ئەودا، هیچ لەبایەخی شیکاری و دۆزینەوەکانی ئەو کەمناکەنەوە . ئەو خاڵانەی سەرەوەش وەک چوارچێوەیەکی مەرجەعی بۆ توێژینەوە ئەزموونگەریەکان دەربارەی پێگە چینایەتیەکان و تیروانین و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەمیشە دەکرێت پرسیار و گریمانەی گرنگ بەدوای خۆیاندا بهێنن. ئەم بابەتەش پێویستی بە توێژینەوەی ئەزموونگەرایی بەرفراوان هەیە دەربارەی چینی کۆمەڵایەتی، لەوانەش : بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، بنیادی چینایەتی، سەرهەڵدانی چینی ناوەندی نوێ، پێکهاتەی کار و پەیوەندیەکانی لەگەڵ چینەکان، شیکاری رەفت ارەکان، بۆچوونە سیاسییەکان، کۆمەڵایەتی و کولتووری لەگەڵ پێگەی چینایەتی. توێژینەوەگەلێکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی دەربارەی چینەکان؛بابەت و دەروازەی گرنگن، کە لە تیۆری چینە کۆمەڵایەتییەکانی مارکسەوە(بەبێ ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم) سەرچاوەیان گرتووە. بایەخ و مانای هەریەکێک لەو توێژینەوانە، پەیوەستە بەو گریمانەیەوە، کە پێگەی چینایەتی، بناغەی فۆرمەلەبوونی شوناسی کۆمەڵایەتی تاکەکانە . بەبێ ئەو گریمانە بنیادیە، تیۆریزەکردن و توێژینەوەی ئەزمونگەرایی دەربارەی چینی کۆمەڵایەتی، لایەنی ئەقڵانی لەدەست دەدات. بۆیە کارێکی سروشتیە کە بە گومان و دردۆنگییەوە بۆ بایەخ و قورسایی ئەو توێژینەوانەی کە بەبێ ئەم گریمانەیە لەنێو کۆمەڵناسیدا دەربارەی چینەکان کراون، بروانین.

ئاشکرایە، کە پرۆسەیەک سەرڕێکەوتووە بەئاراستەی کەمکردنەوەی رۆڵی پێگە چینایەتییەکان لە دروستکردنی شوناسی تاکەکان. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان، نموونەیەکن لەو پرۆسەیە . بەشداری تاکەکانی نێو چین لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە ئەوەمان نیشاندەدات، کردەی تاکەکان و خواست و پەیوەندیەکانیان لە ژیاندا جیاواز لە رابردوو لەسەر بنەمای بژاردەی خۆیانەو تاکەکان بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری پێگەی چینایەتی و بەرژەوەندییە ئابووریەکانیان کردە نانوێنن . لە سستەمی کۆمەڵایەتی نوێدا چینەکان لەنێو ناچن و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەرستەکانی بەرهەمهێناندا لەنێو سستەمی سەرمایەداری و پەیوەندیەکانی لەگەڵ داهات، هەروەک جاران رۆڵێکی بنچینەیی لە دروستکردنی رەفتاردا هەیە . چینە کۆمەڵایەتیەکان کەمتر لەرابردوو بنەمای دروستبوونی شوناسی کۆمەڵایەتین . بەواتایەکی دیکە، لە هەلومەرجی نوێدا کە هەندێک ناویان ناوە پۆست مۆدێرنە، تایبەتمەندییە بابەتییەکانی چینەکان بەهەمان شێوەی رابردوو ماونەتەوە، بەڵام تایبەتمەندییە دەروونییەکانی چینە کۆ مەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاون. بۆ ناسینی تاکەکان، ئارەزووەکانیان، داواکارییەکانیان و چۆنیەتی رەفتارکردنیان و چۆنیش مەسرەفدەکەن، بایەخیان لە پێگە زیاترە. ئارەزوو و شێوازی بەکاربردن لەپێش هەموو شتێکدا شوناسی تاکەکان دیاریدەکەن . بۆیە چەمکی شێوازی ژیان دەروازەیەکی تازەمان بۆ توێژینەوە لەبەردەمدا دەکاتەوە کە بەئەندازەی چەمکی چین بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بایەخی تیۆری هەیە(فاضلی،١٣٨٢، ٧٠).

وەرچەرخانی سەرنجی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە چالاکییەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ چالاکییەکانی بەکاربردن، بەواتای لەجێدانانی گریمانەیەکی بنیادی پەیوەست بە بنەمای جیاوازییە کۆمەڵایەتی و شوناسی کۆمەڵایەتی دێت.

ئەو گۆڕانی ئاراستەیە دەکرێت لە سێ بواردا ببینینەوە؛ یەکەمیان گۆڕانی پەیوەندییەکانی کار و دەستبەتاڵی، دووەمیان دروستبوونی چینی ناوەند و سێیەمیان گەشە و پەرەسەندنی کولتووری بەکاربردن. شێوازەکانیژیان بەگشتی بە بناغەی بنیادی کۆمەڵایەتی بەکاربردن دادەنرێن و لەبری بنیادی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان کە لەشێوە کلاسیکەکەیدا بنچینەی پێکهاتەی چینایەتییە، جەخت لەسەر سستمی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی بەکاربردنی دەکرێتەوە . بەکاربردن، بە بەراورد بە پێکهاتەکۆمەڵایەتییەکانی هەڵقوڵاو لە بەرهەمهێنانەوە، پانتاییەکی فراوانتر لەخۆ دەگرێت، چونکە بەکاربردن ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە تەنانەت کارێک ناکەن، وەک لاوان، بەساڵاچووان و بێکاران و بەتایبەت ژنان کە لەئابووری مۆدێرندا، بەجۆرێک لەجۆرەکان چاوەڕوانیان لێ ناکرێت کە بەرهەمهێنەری ئابووری بن. ئەم بیرۆکەیە، کە بەکاربردن دەکاتە چەقی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی هەروەها بووەتە بەهای کولتووری (یان دەبێتە بەهای کولتووری)، بنچینەی چەمکە گشتییەکەی کولتووری بەکاربردنە (چاوشیان، ١٣٨١).

***ئەنجام***

چەمکی شێوازی ژیان، نەک وەک بوارێک بۆ تو ێژینەوە لە چەمکی شێوازی ژیان، بەڵکو وەک چەمکێکی سەربەخۆ کە ئاماژەیە بۆ ڕوانینێکی شیکاری تازە بۆ توێژینەوە و جیاوازی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان؛ هاتووەتە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە . ئەم چەمکە پانتاییەکی فراوانی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان داگیرکردووە و بە سوودوەرگرتن لە کاڵا بەکاربەرییەکان بۆ خۆ جیاکردنەوە و سەلماندنی شوناسی کۆمەڵایەتی، پەیوەستکراون.

هەروەها ئەم چەمکە توێژەرانی ناچارکردووە زیاتر لە رابردوو بایەخ بە کوولتوور بدەن و هەڵوەستەی زیاتری لەسەر بکەن. مارکس رۆڵی چەمکی (چین)ی زیاد لە قەبارەی خۆی بۆ فۆرمەلەکردنی شوناسی تاکەکان، گەورە کردووە و رەنگە نەنگیەکەش لەسەردەمی ئەودا بووبێت. ئەم تێگەیشتنە؛ کولتوور بە بەرهەمی پرۆسەی ژیانی رۆژانە دەزانێت و ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی کە شێوەیەکی بەرهەمهێنانیان تێدا نییە، بەشێکی گرنگی هەمان ئەو ژیانەیە. چەمکی شێوازی ژیان بەبەراورد بە رابردوو، زانستە کۆمەڵایەتییەکانی بە دەرهاویشتەکانی خۆیەوە زۆر خەریککردوە.

شرۆڤەی نوێ بۆ شێوازی ژیان، نیگایەکی واقیعییانە ترە بۆ ژیانی مرۆڤ . ڕوانگەی (کورتخوازی) پێشوو، پۆلێنکردنی تاکەکانی خستبووە ژێر گوتاری وەک : رەگەز، نەژاد، نەتەوە و چین. ئەم ڕوانگەیە پێیوابووە کە لە وێستگە مێژووییەکاندا و زەمینە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا، شێوە و پێکهاتەی لەم جۆرانەی سەرەوە فۆرمۆلە دەبن و کاریگەری ئاڵۆزکاوتر دەخولقێنن . جیا لەمەش، ئەم پێکهاتانەی سەرەوە لە ژیانی رۆژانەدا شێوە رەفتاری تایبەت لەخۆیاندا ڕیشان دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک کە نەتوانرێت هەندێک لە دیاردەکان بە تەواوی و لەسەر تایبەتمەندی تاکایەتی تاکەکان یان گروپەکان، خوێندنەوەیان بۆ بکرێت . ئەم پێکهاتانە، بەر لەوەی گوتاری ئەبستراکتی پۆلێنبەندی دیاردە رەفتاری یان دەروونییەکان بن، ئەوا شێوازی ژیان- بەوجۆرەی کە لەواقیعدا دەبێتە ئەزموونی ژیان- و بەهاکان بریتین لە ئەندێشە و رەفتاری تاکەکان . بۆیە دەکرێت بگوترێت، ئەوەی وایکردووە چەمکی شێوازی ژیان لە ئەدەبیاتە نوێکانی کۆمەڵناسیدا جێگەی خۆی بکاتەوە، گۆڕانکارییە بنیادییەکانی وەک بەبەرەوبوونی (بەکاربردنگەرایی) و بایەخی سەربەخۆ کارکردنی تاک و ئازادی تاکەکانە لەهەڵبژاردەکانیان . شێوازی ژیان بەهۆکاری پرۆسەکانی وەک (تاکگەراییبوون)ەوە، ئازادی و مافی هەڵبژاردنی زیاتری لە هەلومەرجی گۆڕاوی جیهاندا، بۆ تاکەکان فەراهەم دەکات

هەروەها گەشەکردنی چینی ناوەندی نوێ، کە ئاراستەک ەیان بە ئاشکرا بەرەو سەرگەرمی و بەکاربردنیە لە شاردا، وەڵامی گۆڕانکارییەکە لە نێوان تاک و دەوروبەرەکەی، هەروەها وەڵامی تاکە (ئەگەرچی کاریگەرە بە بەها و سستمە گشتییەکان) بۆ هەلومەرجی واقیعێک کە تاک تێیکەوتووە.

تویژەرانی کۆمەڵایەتی لەم سەردەمەدا، بنەمای شونا سی تاکیان لە بری چالاکییەکانی بەرهەمهێنانەو بەستووەتەوە بە چالاکییەکانی بەکاربردنیەوە، لەبەر ئەوە ئەوەی تا ئێستا گوتراوە، دەکرێ بەو ئەنجامەمان بگەیەنێت کە لەم سەردەمەدا، چەمکی شێوازی ژیان جێگرەوەی چەمکی چینە.

***لیستی سەرچاوەکان***:

## REFERENCES


Bourdieu, P. (1984). *Distinction: A social critique of the judgement of taste*. Harvard university press.

Bourdieu, P. (1998). *Practical reason: On the theory of action.* Stanford University Press.

Chawshyan, Hassan.(1996*). Lifestyle and Social Identity.*Tahran: Neshrny.

Fazly, Muhamad.(1997).*Counsamption and Lifstyle.*Tahran: qwm.

Gelaypur, Hamid Reza and Gemal mohammady.(2002). Past Theory of Sociology. Tahran: Ney.

Gibbins, J.R. and Reimer, B., (1999). *The politics of postmodernity: An introduction to contemporary politics and culture.* Sage.

Giddens, A. (1991). *Modernity and self-identity: Self and society in the late modern age*. Stanford university press.

Heijs, W., Carton, M., Smeets, J. and Van Gemert, A. (2009). The labyrinth of life-styles. *Journal of Housing and the Built Environment*, *24*(3), 347-356.

Mahdykny, Mohammad Said.(2001). Lifestyles Concept in Social Sicnce. No.1.

Mohammadpur, A. and Mahmoodi, K. (2016). Lifestyle and identity in contemporary Iranian Kurdistan (a grounded study of Marivan City). *Quality & Quantity*, *50*(5),1907-1928.

Nury, Bezhen, Ali Rohany and Sumaye Hashmy.(2005). Lifestyle and Managing. Journal of Fimels Research. No.4, 21-48.

Reimer, B. (1995). *Youth and Modern Lifestyles*,in Johan Fornas and Goran Bolin(Eds). *Youth Culture in Late Modernity*. Sage Publication.

Sobel, M. (1981).*Lifestyle and Social Structure: Concepts, Definitions, and Analyses.* Academic Press.

Veblen, T.(2007). *Theory of the Leisure Class (Oxford world's classics).*Transaction Publishers.

Zekay, Mohammad Said.(2005). Sub-Cultuer, Lifestyle and Identety. Rushd Group, 20-21.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 595–624
http://www.ijoks.com

# An ancient Kurdish Religion: Yarsan

*Zrian Jazni Mohammed*[1]

**Received**: Nov23, 2017 **Reviewed**: Feb23, 2018 **Accepted**: May13, 2018

## Abstract

Yarsan is an ancient Kurdish Religion; it is based on the other old religions in Kurdistan such as Metrayi and Zardashti. (Saranjam) is the holy book of Yarsan Religion. Yarsan is considered as part of Kurdish national heritage and has its own particular secular ceremonies; it could continuously develop and renew itself.

In this thesis, we try to throw light on women class in the aspect of writing, music and religious education in Yarsan Religion along history, To enrich this subject more, we have referred to the well-known cultured women mentioned in the holy book (Saranjam) ; those women held high position in community and whose poems were interpreted and played their role side by side with men to serve and circulate the message of Yarsan Religion and educating the people.

**Keywords:**Yarsan, Religion, Zardashti, Metrayi, Ancient religion

**Recommended citation:**
Mohammed,Z. J. (2018). An ancient Kurdish Religion: Yarsan. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 595–624. doi: **10.21600/ ijoks.454576**

[1]Ph.D Candidate, University of Salahaddin, KRG, Iraq. E-mail: semaako75@gmail.com

ژن لە ئایینی یارسان

زریان جیزنی محەمەد
کۆمەڵناسی- کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین

پوختە

ئایینی یارسان ئایینێکی کوردییەو و لەسەر بنەمای ئایینە دێرینەکانی کوردستان وەك میترایی و زەردەشتی و ئایینەکانی تر ڕەنگڕێژکراوە و(سەرنجام)، کتابی پیرۆزی ئایینی یارسانە. ئایینی یارسان وەك بە شێکی ڕەسەنی کولتووری نەتەوەی کورد، هەڵگر و پارێزەی ریی ڕێورەسم و دنیابینیینی تایبەت بە خۆی هەیە و شان بە شانی ئایینە گەورەکانی جیهان پەیدا بووە و گەشەی سەندووە و خۆی نوێکردووەتەوە.

لەم توێژینەوەدا تیشك دەخەینە سەر دەور و پێگەی ژن لە بواری نووسین و مۆسیقا و ئایین پەروەری، لە ئایینی یارساندا بە درێژایی مێژوو. بۆ زیاتر ناساندنی بابەتەکە چەند ئافرەتێکی ڕۆشنددڵ بە نموونە وەرگیراوە لە کتابی پیرۆزی (سەرەنجام)، کە بە پلەی بەرزی ئایینی و عیرفان گەیشتوون و ڕاڤەی دنیابینیین و هۆنراوەکانیان کراوە، کە شان بە شانی پیاوان بەشدار بوونە لە خزمەتکردن و بڵاوکردنەوەی پەیامی ئایینەکە و بەشدار بوونە لە ڕێنمایی کردی خەڵك.

پێشەکی:

ناسنامەی هەر نەتەوەیەك بریتییە لە سەرجەمی تایبەتکارەکانی کولتوورە مادی و مەعنەویەکانی ئەو نەتەوەیە. واتە: هەر نەتەوەیەك بە کولتوورەکەییدا پێناسە دەکرێ و دەناسرێتەوە. ئەگەر نا، مرۆڤ لە هەموو جیهاندا هەر مرۆڤن و، ئەوەی لەیەك جیایان دەکاتەوە، بەر لە هەر شتێکی دیکە، کولتوورەکەیانە. لە ناو کولتووردا، ئایین توخمێکی هەرە گرنگ و بە بایەخی کولتووری ڕۆحی (مەعنەوی)ی هەر کۆمەڵگایەکەو بە ها کولتوورییەکان ڕێکدەخات و دیاری دەکات. ئەو دەور و پێگە گرنگەی ئایین، لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەمرۆش زۆر بە ئاشکرا بەرجەستە بووە، بە ڕادەیەك کە لەهەموو بوارەکانی ژیانی کولتووری و ئاسایی ئەندامانی کۆمەڵ هەستی پێدەکرێ، بۆیە توێژینەوە لە ئایینە کوردییە دێرینەکان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە. هەر لە سەرەتاوە بە پێویست و گرنگ یدەزانین توێژینەوەکەمان لە سنووری کۆمەڵەی یارسانیدا ئەنجام بدەین، لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی یارسانیی کۆمەڵەیەکی ئایینیەو تاکەکانی بەهۆی کولتوورێکی ئایینیەوە پێکەوە گرێدراون وخاوەن کولتوور وکۆمەڵیک بەهای کۆمەلایەتی دێرین و هاوبەشن، لە زۆر ڕووەوە بە درێژایی مێژوو. کۆمەڵگای یارسانی کۆمەڵەیەکی ئایینیەو

تاکەکانی بە هۆی کولتوورێکی ئاینییەوە پێکەوە گرێدراون ، ئەگەرچی کۆمەڵەی یارسانی لەناو خۆیدا فرەڕەنگە و لە سەر توێژ و گرووپی جیاواز دامە زراوە وەکو نموون : تیرەی پیرە کان، دەلیلەکان(ڕابەرەکان- خەلیفەکان)، موریدە کان و باوە کان، بەڵام لەوەدا یەک کۆمەڵ ە یە کە پەیڕەوی لە هەمان ئاییندەکەن، ئەو کولتوورە دێرینەش کولتووری ئایینی یارسانە.

دیارە کۆمە ڵەی ئایینی یارسانی کۆمەڵەیەکە لە ڕووی سیاسیەوە وەک کۆمەڵگای کوردی دابەشکراوە بەسەر س ێ دەوڵەتی جیاوازدا و لە ناو ئە و سێ وڵاتە یشدا بە تایبەتی لە شارەکاندا پەرش بڵاون، ئەم کۆمەڵەیە لە ژێر فشاری سێ دەسەڵاتی جیاوازی نەیاردا بوونی خۆیان و کولتوورەکەیان لە قۆناغە سەختەکانی مێژوودا پاراستووە و وەک کۆمەڵەکی ئایینی خاوەن مۆرکی تایبەتی خۆیان، توانیوویانە پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

لەم توێژینەوەدا تیشك دەخەینە سەر پێکهاتی ئایینی یارسان (کاکەیی)، کە ئایینێکی کوردیی دێریینە و دیالێکتیی گۆران (هەورامی کۆن)ی بە بنەمای سەرەکی نووسین و دەربڕینی خۆی وەرگرتووە. بە پێی ڕامان و دنیابینی ئایینی یارسان کۆشش دەکەین ژن وەکو ڕەگەزی گرنگ و سەرەکی توێژینەوەکەمان وەربگرین، لە ئایینی یارسان و هە وڵدەدەین پێگە و دەوری ژن ساغ بکەینەوە لەسەر بنەمای تێکستە پیرۆزە تۆمارکراوەکانی سەرەنجام: (کتابی پیرۆزی کلامەکانی ئایینی یارسانە ، سەرجەم کلامەکانی سەردەمی پردیوەر و دەورەکانی پێشتر لەخۆدەگرێ، کە بریتیە لە دەورەکانی بالوول، شاخۆشین،بابا سەرهەنگ، بابا جەلیل، بابا ناوس، ساجناری، پیرە و پیرالی و سەیدەی شیانی. هەندێ لەم کلامانە زۆر کۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی).

ئایینی یارسان (کاکەیی) ئایینێکی کوردی سە ربەخۆیە و ڕیشە کانی گریدراوە بە ئایینە دیرینەکانی کوردستان، وە ك: ( میهر پە رستی، زە ردەشتی، مە زدەکی)، کە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا هەبوون و دەور و کاریگەریان لەسەر هزر و ڕامانی مرۆڤە کانی بناری زاگرۆسدا داناوە . ئایینی یارسان، سە رچاوەیەکی دەوڵەمەندی هە یە لە تێکست، کە بەشێکی باشی لە(سەرەنجام) کۆکراوەتەوە، کە بریتیە لە فەرموودەکانی سوڵتان سەهاك و یارانی، کە لە سەدەی هە شتی کۆچی ژیاون. کتابی پیرۆزی (سەرەنجام) لەشەش بە ش پێکهاتووە:

بارگە بارگە، دە وری هە فتەوانە، گلیم و کۆڵ، دە ورەی چلتە ن، دە ورەی ئابدین و وردە سەرەنجام. (1)جەمال نەبەز: 2009، لا35.

کلامەکانی ئایینی یارسان وە کو هە موو ئە دەبیاتی ئایینی بە درێژایی ڕۆژگار دە ورە بە دووای دەورە دروست بووە و لە پاشاندا کۆ کراونە تەوە، گە لێ جار خاوە نی ئەم کلامانە نە ناسراون، بەڵام پروادارانی ئایینی یارسان، کلامەکان دەدەنە پاڵ کردگار و فریشتە و پیاو چاکانی ئایینەکە. لە دەورەکاندا کلامە کان کۆکر اونەتەوە وەکو دە ورەی (شاخۆشێن)، بە دەستنووسەکانیش دەڵێن(دەفتەر).

کتێبی سەرەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە ، بەشی یەکەمی پەخشانە و بەشی دووەمی لە فۆرمی هۆنراوە داڕێژراوە. پەخشانەکان لە چەندان پارچە پیکهاتوون، سەرەتای پەخشانەکان بە دروست بوونی (بوون- گەردوون)دەست پێدەکا، خوو و ڕەووشت و ڕەسم و عادەتی یارسانەکان دەخاتە ڕوو، هەرچی هۆنراوە(کڵامەکان)نیشە، پێکهاتوون لە (10)پارچە.
(2) مارف خەزنەدار:2010، ل254.

لە سەردەمی سوڵتان سەهاك، ئایینی یارسان ئاسۆیەکی بەرینتر و باڵاتری بە خۆیەوە گرت، هەر ئەویش ڕامان و ڕێسا وبنەما گرنگەکانی ئایینی یارسانی بە شێوەی (کڵام)ی دە ڕگەیی لە (سەرەنجام)جێگیر کرد و تەنبوور(تەمورە)وەکو ئامێرێکی دێرین و ڕەسەنی موزیك پیرۆز کرد، بۆ پێرەوانی ئایینی یارسان و وەکو ئامێرێکی پیرۆز لە (جەمخانە)کاندا دەژەنرێ، بۆ پاکژ کرنەوەی لایەنی مەعنەوی ڕۆحی پرواداران. سوڵتان سەهاك هەر خۆی(72) ئاوازی داڕشت، کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی و شوێنی سازدانی کۆڕی زیکردا موزیك بژەنن و (چەپ و دەست بکەن.(3) محەمەد حەمە باقی، 2009، لا68.

**مێژووی ئایینی یارسان بۆ سێ قۆناغ دەگەڕێتەوە:**

1. **قۆناغی نادیار و کەسنەزان، کە ڕۆژی خەڵقەتی جیهانە.**
2. قۆناغی میترایی و زەردەشتی و ئاینە هیندۆ و ئارییەکانی دیکە، کە ریشەی یارسان بۆ ئەو سەردەمانە دەگەرێتەوە . ئەم ئایینانە لە 3500-4000 ساڵ بەر لە ئێستا پەیدا بوونە . دەیان بەڵگە و هێما و تێکست و بەراوردکاری وورد هەیە کە پێشاندەدەن کلتوری ئەمرۆی یارسان، بە ئەسل و ڕیشە و فەلسەفەوە، بۆ سەردەمانی ئایینی زەروانی و میترایی و زەردەشتی و مانی و ئەوانی دیکە دەگەرێتەوە، وەهەروەوەها تێکەڵاوی کلتوری ئاینی هیندۆسی و ب وودایی بوە لە **رۆژهەڵات.**
3. قۆناغی دوای هاتنی ئاینی ئیسلام، بە چەندین دەورە (خوول)، وەک چەرخی دۆنای دۆن، پەیدا بووە حەڵقەکانی لە ژێر تەسەوفی ئیسلامیدا بەیەک گەیشتونەتەوە.

ئایینی یارسانەکان بە ناوی جۆرا وجۆر ناسراون لە پارچەکانی کوردستان و لە خوارەوە ڕاڤەی ئەو ناوانە دەکەین کە پێی ناسراون وەك: (کاکەیی، ئەهلی حەق، یارسان)، کە خۆشیان ئەم ناوانەیان قبوڵە:

گرنگی توێژینەوەکە

لەم تویژینەوەیەدا دەمانەوێ تیشك بخەینە سەر ژن لە ئایینی یارسان، کە گرنگە ئاشنابین بە دنیابینیین و تێگەیشتنی ئایینەکەو پروادارانی لە ڕێگەی تێکستە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان بە پێی کتابی پیرۆزی (سەرەنجام)، کە یارسانییەکان خۆیان پێرەو ی لێدەکەن و بە دڵنیاییەوە ئەورۆش ئەو باوەڕ و کولتوورە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر هەڵوێست و تێگەیشتنی

پرواداڕانی ئایینی یارسان و کولتووری کۆمەڵگای کوردی، دە ربارەی ئازادی و پێگە و دە ور و ڕیزگرتنی ئافرەت.

یەکەم: واژەی کاکەیی:

لە ئاڤێستادا کائاکا، کەئاکە، و کائەکا، وەکو ناو و ئاوەڵناو بۆ نێرو مێ بەکارهاتون کە واتای گەورە، سەرۆک، مەزن و چاودێریکەر دەگەیەنن، بە شێوەیەکی ڕوونتر نیشانەی نێر و مێ لە ئاڤێستا هەن و هی مێ (ئا) و هی نێر تەنها (ە) یە. لە ڕووی زمانناسیەوە دەردەکەوێت کە (یی) نسبە چۆتە پاشتگری وشەی (کاکە) وە و بووە بە (کاکەیی).

وشەی کاکەیی لە کاکەوە هاتووە، هەم بۆ تاک بەکار دێ هەم بۆ کۆمەڵ لە جیاتی کاکەییان و کاکەییەکان تەنیا وشەی کاکەیی بەکار دەبەین . واتە: ( براگەورە، برایی، برادەری، هاوکاری یەکتر). ئەم زاراوەیەش زیاتر لەعێراقدا ناسراوە . کاکەیی بۆ یەکەم جا ر لە سەردەمی سولتان سەهاکدا هاتۆتە کایەوە، پیش ئەوسا بە یارسان ناسراوە وە ناوە ناوەش بە (ئەهلی حەق) و تایفە ناو براون. (4) فەلەکەدین، 2009، لا99.

ئەمەش ئەو کەلامانەیە کە لە سەردەمی پردیوەر و سوڵتان سەهاکدا گوتراون و ئەم ڕاستیەمان بۆمان دەسەڵمێنن:

کاکەو کاکەییان نەزم خاوەندکار

عەبدەو گ کاکی نامێما تۆمار

واتە: (کاکەو کاکەییەکان لە ئامادەکردن و ڕێکخستنی خاوەندکارە، بەندەی هەموو کاکەییەکم و ناوم تۆمارە، یانی ئەو ناوو یاسایە سوڵتان بۆی داناوین). (5) سەرەنجام، ب8.

پیر تەیار کاشانی لە" 72" پیرەی سەکۆی شاهۆدا دەفەرمێ:

دۆن وە دۆن ئامایم پەی وەرەو کاکان

واتە: دۆن بە دۆن هاتین بەرەو لای کاکەییەکان. (6) سەرەنجام، ب4.

واژەی کاکەیی هیچ کاتێک بە مانای خێل و عەشیرەت نایەت، هەندێک دێژن کە کاکەیی ناوە بۆ عەشیرەتێک، ئەمە تەنها لە ترساو بۆ چەواشەکەدنی خەڵکی ترە، چونکە ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن هەرگیز ناڵێن کاکەیی ئایینێکی سەربەخۆیە، بەڵکو خۆیان بە موسڵمان لە قەڵەم دەدەن وهەندێکیان خۆیان بەلای مەزهەبی سونە و هەندێکی تر خۆیان بە لایەنگری مەزهەبی شیعە دادەنێن، کەچی لە پێنج شەرتی موسڵمانێتی هیچ یەکێکیان بە جێ ناهێنن، لە لایە کی دیکەوە عەشیرەتی جاف، چۆڵمەک، لەک، زەنگەنە، قەرەسەنی بەزنجی و هی دیکەیش لە ناو کاکەییدا هەن، بۆیە کاکەیی ئایینەو عەشیرەت نییە.

دووەم: واژەی (ئەهلی حەق).

له دوو لایەنەوە بە کاکەیی دەڵێن، یەکێک ئەوەیە کە واژەی(حەق) هەمیشە لە ناو بەیازەکانی کاکەیی دێتەوە، کە بە مانای خوایە، پەروەردگاری جیهانە، بەرزترین پلەی عیرفانە ( خۆناسی و خواناسییە). لە سەرێکی دیکەوە کاکەیی ئایینێکی سۆفیگەرییە کە دەڵێ ئینسان بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێ: شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقە ت. لە پلەی حەقیقەتدا ڕۆشن دەبێتەوە و لە دەرگای پەروەردگار نزیکتر دەبێتەوە واتە: خۆی دەناسێ و خوا دەناسێ. لێرەوەیە کە کاکەیی لەگەڵ زۆربەی فیرقە سۆفیەکانی جیهانی و ئیسلام یەکدەگرنەوە . چەندین فیرقە و گروپی دیکەی سۆفیگەریی جیهانی و ئیسلام هەن کە هەریەکە خۆیان بە ئەهلی حەق دەزانن، واتە : هەق لە لای ئەوانە، یان به هەق گەیشتوون . هەق ناوێکی دیکەی خودایە.(7)مزگین عبدالرحمن، 2006، لا27.

: سێیەم: واژەی یارسان

ناوی ئەسڵی ڕێبازەکە نە کاکەییە، نە ئەهلی هەقە، نە عەلـهی خودایی، بەڵکو ناوی یارسانە. وەکو ئاماژەمان کرد یارسان، کە لە (دوو وشەی یاری سان- ستان)ەوە پێکهاتووە. وشەی (یار) لە هەورامیی گۆرانی کۆندا مانای خوا، پەروەردگار، یەزدان دەدا . تەنیا ئەوە کە شایانی عەشق و خۆشەویستیی بێسنووری مرۆڤە. کەواتە "یار" هێمایەکی فرەمانایە.

ڕای جیاواز هەیە لەسەر وشەی یارسان لە سەرچاوەکاندا، بەڵام بە پێی زانیا ریی ئێمە لە سەرچاوەکان دەکری بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە . ووشەی یارسان لە دووبرگە پێکهاتووە، یار ناوێکە لە ناوەکانی کاکەیی و نازناوی سوڵتان سەهاکە، هەروەها یانی خۆشەویست، میهرەبان و ناوێکی کۆنی خوایە لە زاری گۆران ( هەورامی کۆن)، هەروەها دۆست و هاوکار . واژەی میهرەبان یەکێکە لە ماناکانی ( یار). ئەمەش ڕ اسیتەکی مێژوویی دەردەپرێت کە ڕیشەی باوەڕی یارسان (کاکەیی) بۆ ئایینی هەرە کۆنی میهرپەروەری (میترایی) و زەردەشتی دەگەڕێتەوە. لەوێدا (میهر) بە مانای خۆر، ڕوناکی، خۆشەویستی، برایی، هاتووە . هەروەها میترا خواوەندی پەیمان و ڕاگرتنی ڕاستگۆیی و پەیمانەکانە، هەر بۆیە ئیستاش کاکەیی دەبێ پەیمان و بەڵێنی خۆیان نەشکێنن و چ بەرامبەر بە خۆیان یا خەڵکی دیکە . چەندان ڕێ و ڕەسم هەن بۆ دانان و چەسپاندنی هاوسۆزی و پەیمانی ناوخۆ، بە تاک یا بەکۆ . هەروەها بەرامبەر بە غەیری خۆیانیش دەبێ ڕا ستگۆبن. ئەمەش دەمانباتەوە سەر فەلسەفە و ڕێنومایی ئایینی زەردەشتی کە داکۆکی هەرە گرنگ دەکات لە ڕاستی و دروستکاری و ڕاستگۆیی، کە دەڵێ : ڕاستی (ئەشا) یاسای جەوهەری جیهانە.

(8) فەهمی کاکەیی، 2013، ژمارە 126.

کاکەیی بە کتێبەکانیان دەڵێن دەفتەر ( بەیاز). دەشبینین کە بەیازەکانی یاری (واتە: یارسانی) هەمیشە دووپاتی دەکەنەوە کە چوار شت لە بیر مەکەن، ، ئەوانەش : پاکی، ڕاستی، نستی، ڕدایە(ڕازیبوون). شێخ ئەمیر لەم بارەیەوە دەفەرمێت:

یاری چوار چیوەن باوەری وەجا
ڕاستی و پاکی ونیستی و ڕدا
پاکی لە هەموو شتێکدا : زمان و بیر و ڕەفتار و جەستە و جل و بەرگ و هەموو ژیان . نیستی: واتە خاکەڕایی، بێ فیزی (تواضع). ڕدا. واتە: ڕازیبوون(قەناعەتکردن) جوامێری و میهرەبانی و خزمەت بە خەڵک، چ سەربەئایینەکەت بن یا نیشتیمانەکەت، یا جیهان . ئەم ڕێنومایە فەلسەفەی زەردەشتمان وەبیر دێنێتەوە : ( بیری پاک، وتەی پاک، کرداری پاک ) یان دەتوانین ووشەی چاک لە جێگەی پاک دابنێین، ماناکەی ناگۆڕێ.
(9) تەیب تاهیری،2009، لا589).
(سان) برگەی دووەمی(یارسانە) کە مانای: سوڵتان، مەزن، پیرۆز، و مەڵبەندە بە نوێکەرەوەی ئایینی یارسان، یارانی سوڵتان ئیسحاق، کە بەر لە هەفت سەد ساڵ دەرکەوتووە دەڵێن (سان سەهاک). لە سەرێکی دیکەوە (یارسان) وەکو کوردستان، ئەفگانستان، ئینگلستانە، کە مانای مەڵبەند و نیشتیمان دەدات . کە وابێ یارسان (یارسان) واتە مەڵبەندی یاران . کورتکردنەوە لە جیاتی یارسان دەنوسن :( یاری). وشەی یار دەکەنە سەرچاوە (10)تەیب تاهیری، لا549.
لێکدانەوەیەکی تر هەیە کە بەڕای ئێمە لە ڕاستیەوە نزیکترە ئەویش بەو بەڵگەیەی کە وشەی یارسان بەر لە پەیدا بوونی سوڵتان سەهاکیش لە کەلامەکانی یارسانیەکاندا هەبووە هەروەکو لە کەلامەکانی "شاخۆشێن" دا ، کە 300 ساڵ بەر لە سوڵتان سەهاک ژیاوە بەدی دەکرێت . شاخۆشین لە یەکێک لە کەلامەکانیدا، کە باسی فەلسەفەی ئاینی یارسان دەکات، دەفەرموێت**:**
**...**یارسان وە را
ڕای حەق ڕاسییەن، پرانان وە ڕا
پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا
قەدەم وەقەدەم، تا وە مەنزڵگا
ڕوون و دیارە ئەمڕۆش وشەی یارسان ناسنامەیەکی کوردیی پەتیتر بە ئایینەکە دەدات، ناوێکی کۆن و دروستر و ڕەوانتر و مۆسیقی ترە، بۆیە ئێمەش هاوراین لەگەڵ ئەم بۆچوونەی سەرەوە .
(11) فەهمی کاکەیی، 1998، لا13.

ئایینی یارسان.
کۆمەڵەیەکی ئیتنۆ ئایینین لە نێو قە وارەی ئیتنۆسی کوردیدا و لە شوێنەکانی خۆیاندا (دوورەپەرێزانە)دەژین، خاوەنی باوەڕێکی ئایینی و گەلی نەریتی تایبەت بە خۆیانن. یارسانەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچە سنوریەکانی نێوان کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراقدا دەژین و لە ناوچەکانیتر و هە روەها لە دەرەوەی کوردستانیشدا بە شێوەی گروپی بچووك

دەژین، تا ئێستا هیچ مە تریاڵ و سەرچاوەیەك سەبارەت بە ژمارەی یارسانەکان لە ئارادا نییە.
لە ماوەی نزیکەی (1200)ساڵ، واتە لە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی یارسان بە شێوەزاری گۆران(هەورامی کۆن)ی بە بنەمای دەرپڕین وەرگرتووە. (12)ڕشاد میران،2017، لا 192.
ئایینی یارسان لە بناغەوە ڕێبازێکی سۆفیگەری عیرفانییە، داکۆکی دەکات لە تاکە کەس، چونکە ڕۆحی ئینسان بە تەنها دۆنایدۆن دەکاو قاڵب دەگۆڕێ. خەڵك بە کۆمەڵ پێکەوەن لەم دنیایەدا، بەڵام لە ژیانەکانی دیکەدا، چ ڕابردوو یا داهاتوو، هەر کەسێك بە تەنیا دەگوێزرێتەوە، کە دەبێت لەم ژیانەدا هەوڵبدات بە چلەی بەرزی پاکبوونەوە بگات.
زیکرو پەرستن ونوێژی بە کۆمەڵ لە ئایینی یارساندا هەیە، بەڵام هەموو ڕێورەسم و شێوەی پەرستنەکان هۆکارن تا مرۆڤ ئامادەیی خۆی بە تەنیا ڕێگەی عیرفانی و گەیشتن بە کەمالی ڕۆحی بباتە سەر، کەس لە جیاتی کەس ناتوانێت ئەو ڕێگایە ببڕێت. هەر کەس دەبێت زەحمەتی خۆی بکێشێت، ئەوەش ڕێگەی ئازادی و ڕزگاریی مەعنەوییە. چونکە سۆفیگەری و عیرفان کۆت و زنجیر و کۆسپەکانی بەردەم ئینسان لا دەدات، تا ئازاد بێت لە مەسەفەرەدا. عیرفان ڕێگەی ئازادیی فەردی مەعنەوییە، تا لە کۆت و زنجیرەکانی کۆمەڵگاو فشاری فیکری و دابونەریت و وەهمەکان ڕزگاری دەبێت.
(13) فەلەکەدین، 2012، لا 104.
سۆفیگەری و عیرفانی یارسان، لە جەوهەردا، هەمان ڕێگەی سۆفی و عارفانی ئایینەکانی دیکەیە. هەربۆیەش یارسان سۆفی و عارفە گەورە ناودارەکانی جیهانی ئیسلام بەهی خۆیان دەزانن و لە خۆیانی دەژمێرن، کە لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچییەوە تا ئەمڕۆ پەیدا بوونەو بە یارو دۆست و ڕێنومای خۆیان دەناسن و زۆربەیان ناویان لە زنجیرە دۆناودۆنەکانی تۆمارکراو لە تێکستە پیرۆزەکانییشیاندا، ناویان هاتووە.
هزرو ڕامانی ئایینی یارسان هەر لە سەرەتاوە، وەکو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و فکری و فەڵسەفی سەری هەڵدا دژ بە ستەم و زۆرداری و دەسەڵاتی سەردەمانی بەر لە دوازدە سەدە بەم لاوە، ئەم بزاڤە تاك و تەنیاو گۆشەگیر نەبووەو لە پەراوێزدا نەژیاوە، بەڵکو هەمیشە، وەك ڕووبار، تێکەڵاوی جولانەوەی کۆمەڵگای بە شەریعەت بووە بەرەو ڕزگاری و گەیشتن بە ڕۆشنایی و کەمالی ڕۆحی. بۆچوونی شارەزایان دەڵێن کە ئایینی یارسان شۆڕش بووە دژ بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری سەردەمی خۆی، کە سەرانسەری چیاکانی زاگرۆس و دەوروبەری گرتۆتەوە، هەربۆیەش زیارەتگاو مەزارگەی پێشەواو ڕۆحانیەکانی یارسان لە نزیك تەبریز و ئەردەبیل(هەردەوێڵ)ەوە تا هەمەدان و کرماشان و هەورامان و شارەزوورو لوڕستان و بەغداو کەرکوك و موسڵدا هەنەو ژن بە شێکی کاراو زیندووی ئەم خەباتە و قوربانیدانەیە. شوێنەواری مێژوویی هەموو ئەوانە ماون و ئێستاش پارێزراون و جوگرافیاناسی ئەم وڵاتانە ئاماژەیان بۆ دەکات، کە هەندێکیان تەنها زیارەتگای یارسانەکان نین، بەڵکو باوەڕدارانی ئایین و ئایینزاکانی دیکەی دەوروبەریش یادیان دەکەنەوە و زیارەتیان دەکەن.

(14) فەلەکەدین، 2012، لا5-6.

جێگەو نشیمەنی یارسانیەکان

یارسانیەکان ئاری نەژادن، سەر بە لقی هیند و ئەوروپین و لە زەمەنێکی نادیاردا، واتە چەند هەزار ساڵ بەر لە زایین هاتوونەتە ناوچەی ئێستای کوردستان. ناوچەی هەورامان بە تایبەت بۆ پێڕەوانی یارسان، سەرچاوەی هەموو پێشهاتە ئاسمانیەکانە وهەموو دیاردە ئایینیەکان لەم سەرزەمینەدا دەردەکەوێ. شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی یارسان لە کوردستاندا، لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە هەندێك گۆڕانکاری بە خۆیەوە دیوە، بەڵام ئەوەی کە هەمووان هاوڕان و پێداگری لەسەر دەکەن ئەوەیە، کە لە سەرەتادا ئایینی یارسان لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و لورستان بڵاوبووتەوە و گەشەی کردووە ، جا دواتر گەیشتۆتە ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (15) تەیب تاهیری، 2009، لا577.

وەکو بەڵگەیەکی زیندوو ئەمڕۆش شوێنەواری پیر و باوە (بابا) لە کوردستاندا نیشانەیەکی دیکەی دیرۆکی دێرینی ئایینی و نەتەوەیی کوردە کە هێشتا وەکو پێویست کاری لەسەر نەکراوە. (بابا) لە فەرهەنگی کوردیدا وەک و پیری پیرانە و خاوەن وەجاخ (ئوجاخ) ی تایبەتە. زۆربەی جاران ناو و مەرقەدی گەورەکانیان دەبنە جێگەی ڕێزی خەڵک، چ یارسان و عەلەوی بن، یا لە مەزهەب و ئایینی تر بن . هەر لە لورستانەوە جێگا و نشیمەنی باباکان تەماشا بکەین، تا هەورامان و کەرکوک و ئازربایجان و دەرسیم، دەیان زیارەتگا و شوێنەواریان دەبینین، وەکو : بابا ناووس، بابا یادگار، بابا تاهیری هەمەدانی، بابا جەلیل و یارانی، بابا شاسوار (کفری) بابا مەحمی یا مەحموود( خانەقین)، باوە نوور، لە ئازربایجانیش بابا حیدەر، تا بابا مەنزوور ( مەنزور بابا و مەنسور بابا و بەبەکانی دەرسیم و ناوچەکانی دیکەی باکووری کوردستان، کە بە تورکی پێیان دەڵێن (بەبەلەر). ئەم شوێنەوارانە بە ڵگەنامەی مێژووی زیندوون، سەرانسەری کوردستان دەگرنەوە، لە یادمانیش بێت کە (بابا شێخ) گەورەترین بنەماڵەی ئێزدییەکانە. (16) هەردەوێڵ کاکەیی، کەرکوك2017.

چۆنیەتی دامەزراندنی ئایینی یارسان:

دیارە بەشەرییەت کوتوپڕ بە پەیامی پیرۆز و ڕێگای ڕۆشنبوونەوە نەگەیشتوون، بەڵکو دوای سەدان دەورە( خوول، سوور) و ئەزموونی ئایینەکان و ئینسانەکانە، زاناو عارفەکان (چاودارەکان، چاوکراوەکان)، ئەمجا بە پلەی ئێستا گەیشتوونە.

دیارە لە دەورەکانی یەک بەدوواییەکی هاتن و ئاشکرابوونی ئایینی یارسانیش حیکمەت هەیە، کە دەورە بە دەورە یارسانییەکان ئامادە دەکران بۆ گەیشتن بە دوا پلەی عیرفانی کە ئێستا بە سنوورەکەی گەیشتوون.

کەوابێ دەورەی بالولی دانا (سەدەی دووەمی کۆچی) تا دەورەی سوڵتان سەهاک (سەدەی هەشتەمی کۆچی)و ئەمجا سەید براکە و لە نێوانیاندا دەیان دەورەو دەرکەوتنی چاودار و زانای

ڕۆشندڵ، لەبەر ئەوە بووە کە خەڵک لە سەرەمی باڵووڵدا (سەدەی دووەمی کۆچی)ئامادە نەبووب بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی پەیامی ئاینەکە و ڕێنومایی و ڕێورەسمی سەردەمی شاخۆشین یا باوە ناووس یا سوڵتان سەهاک . کەواتە دەبێ بەو پروایە بگەین کە ئێستا بەرەو دەورەیەکی فراوانتر قووڵتر و جیهانگیر ی تر دەچین. دیارە کە ئایینی یارسان ئایین و ڕێبازێکی داخراوی وشکە باوەڕ نییە، بەڵکو کراوە و ڕوو لە داهاتووە . دەورەکانیش بە شێوەی دۆناو دۆن بوونە، بۆ خودی ئایینەکە. ئایینی یارسان لە بناغەوە ڕێبازێکی عیرفانییە، داکۆکی دەکاتی سە ر تاکە کەس، چونکە ڕۆحی ئینسانبە تەنیا دۆناودۆن دەکات و قاڵب بە قاڵب دەگوێزرێتەوە . خەڵک بە کۆمەڵ پێکەون لەم دنیایەدا . بەڵام لە ژیانەکانی دیکەدا، چ ڕابردوو یا داهاتوو، هەر کەسێک بە تەنیادۆن دەگۆڕێ، کە دەبێ لەم ژیانەدا هەوڵبدات بە پلەی بەرزی پاکبوونەوە بگات.

یارسانەکان لە سزای مردن ناترسن، بە تایبەت ئەوانەی ڕاست و پاکن و لە ژیانیاندا کردەوەیان باش بووە. لە سەرەنجامدا هاتووە:

مێردان نە تەرسان چەی سیاسەتە تەسلیم گیانان چوین قوتەی بەتە

واتە: ( با مێردان لە گۆڕینی دۆناو دۆن نەترسن، سپاردنی ڕووح هەر وە کو نوقم خواردنی سۆنەیە لە ئاودا و دە ركەوتنیەتی)، یانی کەوڵ گۆڕین بۆ مرۆ ڤ بێ گوناە مەترسیدار نییە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاسان و خۆشە، هەروەها ئەوەش دەسە ڵمێنێ، کە ڕووح مردنی بۆ نییە بەڵکو تەنیا لەش لە نەماندایە، ڕووح وەکو باڵندە جەستەش قەفەز، هەر کاتێ ئەو باڵندەیە لە ناو قەفەزەکەدا نەما قەفەزەکە پشت گوێ دەخرێ یا فڕێ دەدرێت . بە پێی ڕامانی یارسان مرۆڤ 1001 جار دۆن دەگۆڕێ تا دە گا بە ڕۆژی دووایی، خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ڕۆح نەمرە و نێر و مێیی نییە ( واتە کردەوەی مرۆڤ حسابی لە سەر دە کرێ لە کاتی دۆن گۆڕین و ڕۆژی دووایە). (17) نەجاتی عەبدوڵڵا، 2005، لا17.

دۆگماکانی ئایینی (یارسان):

ئەوەی تایبە تمەندییەکی جیاواز لە ئایینەکانیی تر بە ئایینی یارسان دە بەخشێ چە ند ڕەگەزێکی گرنگ و گەوهەری تەسەووفە، بە تایبەتیش تەسەووفی ئەوپەڕگیر ئەویش- یەکێتیی بوون (وەحدە الوجود) و تجسیدی ئیلاهی(الحلول) و دۆناو دۆنە.

یەکێتیی بوون هەمیشە بەناوی شێخی گەورەی ئەندەلوسی ابن العربی(1165- 1240) ییەوە بەندە کە بەلای ئەمەوە خوا، وەکو تاقە بوونێکی باڵا و واقیعی، لە دوو لایەن تەماشا دەکرێ، لە لایەنی نهێنی و شاردراوییەوە کە نەهەستی پێدەکرێ و نە دەناسرێ و نەپێناس دەکرێ، بەڵام بە هیچ جۆرێك ڕێگای چە ندبوون( پلورالیزم، تعددیە ) ی خوا نادات، لایە نی دیار (زاهیر) و بەرچاویش کە ئەم واقیعە باڵایە، خۆی لە ناو چ ە ند شێوە یی و چە ندیەتیی شتاندا دە نوێنێ، ئەوانەی هەر خۆی خە ڵقیکردوون، بە م جۆرە بوون(وجود) لە ڕوانگەی شێخی گە ورەوە، دەورى ئاوێنە ڕەها(مطلق) دەبینێ، واتە ئەو ئاوێنە یەی کە خوای ڕە ها و تاك و تە نیا ڕە نگی تیا

دەداتەوە. بۆ زێتر ڕوونكردنەوەی هزری یەكێتی بوون ئەم دێڕە شیعرانەی میرزا غالیب(1797 – 1869) شاعیری گەورەی هیندوستان گرنگ و سودبەخشە لە بارەوە:

دونیا چییە؟ ئاوێنەی حەقیقەتە،

ڕووەكەی_ جێگای لێ وردبوونەوەیە لە ڕووی خودایی،

لە هەرە بچووكترین پارچەیدا

دەبینی بەچاوی خۆت نیشانەی تاقە خالیق.

بە هەمانشێوە لە (تەزكەرەی ئەعلا)دا كە تێكستی پیرۆزی ئایینی یارسانە ، كلامێكی بە هەمان مانای تیایە و بە ڕوونی هزری (یەكێتیی بوون ) دەبەخشێ، كلامە كە بەم شێوە یە ماناكەی:

لێرە هەموو شتێكی سە ر ڕووی ز ەمین لە نووری خواوە یە و دنیاش جێگای پاك و ڕاستانە . كەواتە نابێ نكۆڵی لە خەڵك و پە یڕەوكەرانی ئایینیتر بكرێ چونكە ، بە پێی ئەم فكرە یە، ئەمانیش پاك و ڕاستن . بە پێی ڕێبازی ئایینی یارسان، باوە ڕیان هە یە كە خودا لە هەموو شتێكدایەو واتە: نوری خودا لە هەموو شتێكدا هەیە، تەنانەت لە ئاژەڵیشدا. لێرەدا دیسان ئەوە ساغ دەبێتەوە، كە نوری خودا لە ڕۆحی هەموو مرۆڤێكدا هە یە و ئێمە نابێ كەس بە كەم و خراپ ببینین. (18) ڕەشاد میران، 2017، لا 204.

بە پێی ئایینی یارسان ئە سڵی وجود لە ڕوناكیی زاتی خواوە ندەوە سەرچاوەی گرتووە ، لە ئایینی ئیسلامیشدا هاتووە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا، كە(خوا ڕووناكی ئەرز و ئاسمانەكانە). لە ئینجیلی پیرۆزی مەسیحیەتیشدا هاتووە كە پەروەردگار دەفەرمێ( بە ڕووناكی....ببەو، ڕووناكی بوو). واتە: یەكەم ڕووناكیە كەی خوڵقاند. لە كتێبی پیرۆزی (سابیئە مەندایيەكاندا) هاتووە كە وەختێ ئادە م كاروباری لە سەر ڕووی زە وی بە جێ دە گەیەنێت ئیتر دە گەڕێتەوە نیشتیمانی ڕەسەنی خۆی كە نیشتیمانی ڕووناكییە . بە پێی ڕامانی ئایینی یارسان دە ڵێ: ئەسڵی بوون(وجود) یەكە، كە كردگارە، هەموو بوونەوەر و گیاندار و هە سارە و كاكێشانەكانیش هەر لە وجودی ئەوەوە پەیدا بوونە، هەموو پێكەوە بۆ یەك مەرام دەڕۆن.

بە پێی ئایینی یارسان چركە ساتی ئەفراندن و ئیرادە ی ئاشكراكردنی (عالەمی دور) ناوبراوە، كە خۆی ئوستوورەی ئەفراندنە، لە ئایینی یارستان، كە دەكاتە چركەساتی(كن فیكون)، كە لە كلامێكی شێخ ئەمیر وەكو لە سەرەنجامدا هاتووە، بەم شێوە شرۆڤە كراوە و دەفەرمێ:

نە لەوح نە قەڵەم نە یار نە ئەغیار پادشام نە دور بی دور نە دەریا بار

نە گاڵای گاڵ بی نە چرای چر بی تا چەند وەقت پادشام نە دانەی دور بی

وە لە كلامێكی تردا پیر بنیامین لە سەرەنجامدا دەفەرمێت:

دامم دا نیشا.... خواجام اللە بی دامم دا نیشا

نە بەحر دوری شیاڵم ئەو پیشا دورمان راما خواجام پیش كیشا

واتە: ( ئایینی یارسان لە دەوری بنەڕەتی ئەزەللی پێش ئەفراندن و چۆنیەتی تەقینەوە و لێك بوونەوەی دوڕە کە( حەقیقەت)-( كنت كنز مخفيا فأحبت ان اعرف ) بە دنیا هاتنی تە واوی خوڵقێنراوەکان، پێکهاتی ئەو دوڕەن. لێرەوە ڕیشەی یەکتاپەرستی و باوەڕ بە ئیشراق سەرچاوە دەگرێ کە سەیری هە ر شتێك بکە ی کردگاری تیا دە بیینی، وە دەگەییتە ئە و ئاکامە ی کە هەبوون و نەبوون حەققەو بەشێك لە زاتی ئیلاهی لە جەوهەرییدا پەنهان و نهێنیە(شاراوەیە). (19) تەیب تاهیری، 2009، لا 676.

ژن:

هەر کاتێك باسی فەیلەسوف و عارف (خۆناسین و خواناسین)دەکەین، بەبی ئاگا، مەبەستمان پیاوە، وەك بڵێی ژن بە پلەی فەلسەفە یا عیرفان ناگات، لە کاتێکدا ئەگەر ژن، لەو پایینەی بیری لێدەکەینەوە، بمێنێتەوە ئەوا پیاویش قە ت بە وێ ناگات . بە پێچەوانەوە ژن سە رچاوەی فەلسەفەو عیرفانە، لە چاوپێخشاندنی کورت و خیرای تۆماری فە یلەسوفاندا، بەوە دەگەین کە ژن یەکەم مامۆستا و ڕێنوماییکە ری پیاوانە بەرەو ئاقاری فەلسەفەو عیرفان. بەڵگەی زۆر هە نە، ئەگەر سروشتی شاراوە ی ژن و پیاو نە با، ئە وا هیچ پیاوێك بە پلەی بە رزی عیشقی فەلسەفەو عیرفان نە دەگەیشت. لە ژیان و ئە زموونی هە ر عاشقێکی مە زن ژن هە یە، چ دیار یان نادیار، چ ناسیاو یان نەناسیاو. هەر فەیلەسوفێکی مەزن لە دەستی مامۆستا ژنێکی مە زن فێربووە. (20) نامیق هەورامی، 2011، لا 11.

ئافرەت لە ئایینی یارسان پێگەی خۆی هە یە. بۆی هەیە، وەکو پیاو، بە بەرزترین پلەی کەمالی ڕۆحی بگات. لە کۆڕی زیکر و خەڵوەتی جەم و بۆنە ئایینیەکان، ژنان و کچانیش چالاکانە بەشدار دەبن و موزیك دەژەنن و سرود دەخوێننو خزمەت دەکەن. لە دەورەکانی دەرکەوتنی خواناسی و زاتدارانی یارسان هەمیشە ژن یەکێك بووە لە چوار فریشتەکان، کە خاوەن پایەی ڕۆحی پیرۆز و بەرزن.

لە تێکستەکانی سەرەنجامدا ناوی زیاتر لە(16) ژن و کچ لە ناو ڕۆحانی و گە ورە یاراندا هاتووە، کە هەندێکیان تەمیرە ژەن(موزیك ژەن)وخوێنەری بە ئاوازی سرود(کلّام)ەکانی یارسان بوونە و شان بە شانی پیاوان سرودی سۆفیگەری عیرفانیان داناوە و خویندۆتەوە. (21)فەلەکەدین کاکەیی، 2011، لا24.

لە بنەڕەتدا لە ئایینی یارسان ڕێگە دراوە کە هەر پیاوێك یە ك ژن بهێنێ و فرە ژنی و تە ڵاق ڕێگەپێدراو نییە بێ هۆکاری دیاری کراوی وە ك:(نەزۆکی، مردن )، بە ڵام لە ژێر کاریگە ری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ژینگەی دەوروبەری دوورو نزیك، لە ناو یارسانیش فرە ژنی و تەڵاق پەیدا بووە، بە ڵام بە لادان لە ئایینەکە دەبینرێ. یارسانەکانیش لە هەر وڵاتێك بە پێی یاسای شارستانی(مەدەنی) وڵاتەکە مارەی ژن دە پرن، لە هەمان کاتدا و سە رەڕای ئە وە، ڕێ و ڕەسمی ئایینی تایبەتیان هەیە بۆ شەرعییەتدان بە زەواج. ژن یەکسانی پیاوە لە هەموو شتێك

به میراتەوە، هەروەها مافی ژنان و کچانە لەسەر خێزانەکانیان تا فێری زانست و ئایین بکرێن، زەردەشت بایەخی زیاتری بە فێربوون و پەروەردە و سەربەستی کچان داوە ، لە کچەکەی خۆیەوە(پوورە چەسپ) دەستی پێکردووە . هەمیشە کاریگەری ئایینی زەردەشت و خاڵی هاوشێوە و لەیەکچووی زۆر دەبینین لە نێوان ئایینی یارسان و ئایینی زەردەشتی، چونکە بەپێی سەرەنجام شا برایمی ئێوەت، کە (ئیوەت بە مانای مامۆستا دێ ) یەکێکە لە ڕۆحانیە مەزنەکانی یارسان و لە ساڵی(752)ی کۆچی، لە گوندی شێخانی هەورامان لەدایکبووە و، یاری سوڵتان سەهاك بووە و یەکێکە لە یارانی (هەفتەن)گۆڕەکەی لە گەڕەکی(شێخ هۆمەرە)ە لەبەغدا، لە کلامێکدا دەفەرمێ، کە پیر بنیامین، سەرۆکی یارانی یارسان، خۆی ڕۆحی زەردەشت بووە و ئاڤێستای بەدەستەوە بووە، ئاڤیستاش پاك و بێگەردە.

زولال ئاویستا، زولال ئاویستا ئەسلی دەفتەرەن، زولال ئاوێستا

بنیام زەردەشتەن، دەفتەر وەدەستا زاتش جە بادەی شاهەنشا مەستا

کە لێرە مەبەست لە وشەی (شاهەنشا)، کردگارە(خوێیە). (22)جەمال نەبەز: 2009، لا 27.

بۆیە بەهەمانشێوە لە لای یارسانەکان ڕێزگرتن لە ژن و چالاك بوون لە کار و باری بەڕێوەبردنی ژیان بەگشتی، کاریگەری ڕاستەوخۆی ئایینی زەردەشتی پێوە دیارە، بۆیە ژن زەحمەتکێش و کارکەرن شان بە شانی پیاوان و بەشێکن لە ژیانی دەرەوە و ناوەوەی خێزان، بێ خۆشاردنەوە و خۆ داپۆشین . لە بنەڕەتدا ژنانی یارسان خۆیان ناڕازێننەوە و کەمتر وەها خۆیان پێشانی دەرەوە دەدەن، بەڵام پێشکەوتن و جیهانگەرایی کاریگەری لەم لایەنەش کردووە و ئەو بارەی گۆڕیوە. لە دیوێکی ترەوە بەپێی ئایینی یارسان لە گۆشەنیگای دۆناودۆنەوە، ڕۆحەکان یەکسانن و ڕۆحی ژن و پیاو جیا ناکرێنەوە و بە هیچ شێوەیەك ناشێ پایەی ڕۆحی ژن بەکەمتر یان نزمتر بزانریت، چونکە ڕەنگە لە پلەی کەمالی ڕۆحیدا پیاو بە جێبهێڵێت. ( 23) فەلەکەدین کاکەیی، 2011، لا 25.

لەڕیشەدا ئاوەدانی و شارستانی و فەرهەنگ و هزر لە هەر شوێن و ناوچەو وڵاتێکدا، تەنیا بە هێز و بازووی پیاوان بەدی نەهاتووە و بە تەنیاش هیچ کارێك ناکرێت و بە ئەنجام ناگات. بەڵکە ژنیش شان بە شانی پیاوان لە سەرجەم بوارەکان هەنگاویان هەڵگرتووە و بەشداربوون و ڕەنجیان بردووە ، بە پێی تواناکانیان بۆ پەرەسەندنی شارستانیەت و ئاوەدانی و زانیاری و گەشەپێدانی فەرهەنگ. گەلێ لە ئافرەتانەیش لە مەیدانی زانیاری و فەرهەنگ و وێژەدا گەلێ بەرهەمی بەکەڵك و بەنرخیان لە بەجێماوە و لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردییان پێ ڕازاندووەتەوە. (24) هەیاس، هەولێر، 2017.

لێرەدا بە پیویستی دەزانین تیشك بخەینە سەر پێگەی نێر و مێ بە پێی کلامی سوڵتان سەهاك لە دەورەی بەرزنجەدا لە بارەوە دەفەرمێ:

کناچەو کوڕی تەوفیرشان نییەن کناچەو کوڕی

بەش باتنەن ئەزەڵ هەوەڕی خاتوون دایەراك ئی بەشش خڕی
پۆشاك یاری ئەو باڵاش پڕی بییا وە دایان پوران حوری
هەر كەس باچۆ كناچەو كوری مەوەزیش وە دەم مەودای كەیپری

واتە: (نابێ بە هیچ شێوەیەك جیاوازی بكرێت لە نێوانی كور و كچدا، چونكە لە دیینی یارساندا لە هەموو ڕوویەكەوە مافیان وەكو یەك پارێزراوە، ئەو كەسەش جیاوازی بكات مە ولا غەزەبی لێدەگرێت). بۆیە ئەمڕۆ ئەگەر لە ژێر كاریگەری كولتووری زاڵ جیاكاری دەكرێ، پێویستە ئافرەتانی كڵامخوانی شارەزا بێنە مەیدان و بە پێی تیكستە پیرۆزەكانی ئایینی یارسان، داوای مافی بەرامبەر و یەكسان بكین لە هەموو ڕووێكەوە، بە تایبەت لە بواری ئازادی كەسی و میرات و مافە یاساییەكان.

بە پێی تیكستە پیرۆزەكانی ئایینی یارساندا، جیاوازی لە نێوان ژن و مێردا نییە و بە تەواوی مافی پارێزراوە ، بۆ نموونە : نێر و مێ پیر و دەلیل و برا و خوشكی یاری دەگرن و لە جەمیشدا(بۆنەیەكی پیرۆزی یارسانە، نەزر و قوربانی دەكەن و تەمورە دەژەنن و نزای جماعی دەكەن)، وەكو یەك بەش وەردەگرن، بۆیە لە بەشداریكردنی كار و چالاكی ئایینی و بەشە میرات و بوارە جیاوازەكانی ژیاندا بە یەكسانی جیگایان كراوەتەوە و بە چاوی ڕێز و یەكسان سەیردەكرێن. جیگای شانازییە لە هەر دەورەیەكدا ڕۆحێكی پیرۆز لە ڕەگەزی مێ زهووری كردووە و ئافرەتێك یا زیاتر بەشدار بووە و دەوری گرنگ و كاریگەریان بینیووە لە بوارە شیعر و وێژە و مۆزیك و كڵام خوێندن و ڕابەرییدا. ئیمە بە گرنگی دەبینین ئاماژە بە ناوی هەندیكیان بكەین و بەرهەمی چەند دانەیەكیش لەم ژنە ڕۆشن دڵانەبخەینە ڕوو:

لە دەورەی شا خۆشێن: مامە گەڵاڵە(جەلالە)خانمی لورستانی، نسا خانم، لیزە خانمی جاف، فاتیمە لورەی گۆران، ڕەیحانە خانمی لورستانی.
لە دەورەی بابا جەلیل: سەمەن خانم
لە دەورەی بابا ناوس: خاتوونە گوڵی و دادا یان دایی خەزانی سەرگەتی.
لە دەورەی بابا سەرهەنگ: دایە تەورێزی هەورامانی
لە دەورەی كاكە عابەدین: شەمینە و نەرگزە خانم
لە دەورەی پردێوەریشدا: دایە ڕەزباری گەورە(دایراك)، دایكی سوڵتان سەهاكە.
لە دەورەی شاإ ئیبراهیم: خاتۆ زەینەب.
لە دەورەی بابا حەیدەری كاڵە چەمر: دایە سمیە
لە دەورەی سەیید فەرزی خامۆشی: زەڕین خانم.
لە دەورەی خان ئاتەش بەگ: پەری خانم.
لە دەورەی شا هەیاس: زەڕبانۆ خانم.
لە دەورەی زەنوور: ئەسمەر خاتوون.

له دەورەی بابا یادگار: ساری خانم(دایکی بابا یادگاره). ئەمانە و چەندانی تر هەموویان پێگەی مەعنەوی بەرزیان هەیە له ئاینی یارسان و له ڕێزی مێردان حسابکراون و خزمە تیان کردووە له ئاستێکی بەرزی هونەری و هزری، که ئەمڕۆش جێگای شانازیین له ڕەنگپێژ کردنی بناغه ی کولتووری کوردا. (25) هەردەوێل کاکەیی ، 2016.

له ژیان و بەهەمی چەند دانەیەك لەم ئافرەتە ڕۆشنبیرو هۆشمەندانە دەکۆڵینەوە، بە پێی ئەو تێکستانەی لە بەردەستدان و بە سود وە رگرتن لە چەند سەرچاوەیەکی سەرەکی تر، کە بریتین لە کتێب و دەستنووس و کلامەکانی یارسان و سەرەنجام و زانیاری پیرەکانی یارسان، کە سەرچاوەی گرنگی زانیارین.

1. دایە تەورێزی هەورامی

بە پێی(سەرەنجام) ، لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی هاتۆتە کۆری ژیانە وەو لە ناوڕاستی سەدەی چوارەم لە هەوراماندا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە .. دایە تەورێز بە یەکی لە یارانی بابە سەرهەنگی دەودانی دەژمێردرێ، ئەم ئافرەتە یەکەمین ئافرەت بووە کە هۆنراوە(کلام)ی لە کتابی پیرۆزی (سەرەنجام)دا نووسراوە، ئەو هۆنراوانەی کە لە ئەو بەجێ ماون بە شێوەی دووبەیتیین هۆنراوەکانی گەلێ بەرز و دڵنشین و پڕ مانان. ئەم دووبەیتییە نموونەیەکە لە هۆنراوەکانی:

ڕازەن پیاڵەم، ڕازەن پیاڵەم سەرسامم نە بەزم ڕازەن پیاڵەم

بادەی پیاڵەم، یاوا وە ناڵەم چمکە ناڵەکەم بەرز بیێ نە عاڵەم

(26)تەیب تاهیری، سەرەنجام، 2007.

واتە: ( پیاڵەی، مە یەکەم لە شاری نهێنییەوە پێم دراوە ، من لە بەزم و جامی جەمخانەی خواناسیدا سەرم سورماوە ، بەڕاستی ئەو مەیەی کە لە ناو پیاڵەکەمدا بوو گەیشتە فریام ، چونکە ناڵەو وبڵێسەی دەروونم لە جیهاندا بەرز بووەوە و بەجارێ هەمووی وریا کردەوە و پاشان بە هۆی خواردنەوەی ئەو مەیە ئیلاهیە کەمێك ئەهوەن بوومەوە.

(27) سدیق بۆرەکەیی، 2008، لا73.

دایە تەورێزی هەورامانی هۆنەرێکی هەست ناسك و پەیرەوکاری ئایینی یارسان بووە و لەگەڵ شالاوی داگیرکەران بۆ سڕینەوەی مۆرکی ئایین و کولتووری کوردان، کاتێك هەستیان بە مەترسی هێرشی بێگانان کردووە بۆ زێدی باب و باپیرانیان، بە دەم بانگە وازەکەی(بابا سەرهەنگ دەودانی)یەوە چووە وەکو داکۆکی کار و بەرگری کارێك ، بابا سەرهەنگ یەکێك بووە لە پێرەوانی ئایینی دێرینی کوردان و لەهو پێناوەدا گیانی بە خشیوە و ئێستا ئارامگاکه ی لە تەوێڵە بۆتە زیارەتگای یارسانییەکان. زۆربەی دووبەیتییەکانی دایە تەورێز پڕن لە زاراوەی خواناسی. ئەم زاراوانە هەر لە کۆنەوە، هۆنەرانی(شاعیرانی)کورد وفارس لە هۆنراوەکانیاندا بەکاریان بردوون و هەرکام لە وشانە واتای تایبەتیان هەیە. واتای هەندێ لەم زاراوانە بە

شێوەیە(ڕاز بە واتای تەماشاکردن و ڕاز خاوە ن کردنە. پیاڵە: بریتییە لە یار و دڵدار، کە بادەی زانیاری و خواناسی دەخواتەوە. بادە: بە واتای کۆمەکی خودایی و ئەوینی بەرز و گەورەیە، ناڵە: بریتیە لە ڕاز و نیازکردن و پاڕانەوە ولاڵانەوە. دایە تەورێز لە دووبویتییەکی تردا دەڵێ:

جەم پەی ڕاسانەن، جەم پەی ڕاسانەن یاران، یاوەران جەم پەی ڕاسانەن

هەر کەس نێوەکی کەرۆ ئاسانەن جەم پەی ڕۆشنیی زێڵ خاسانەن

( 28)تەیب تاهیری، سەرەنجام، 2007.

واتە: (ئەی یارانی یارسان، کۆبوونە وە لە جەمخانەدا بۆ ڕاستان و چاکانە . هەر کەسێك لەوێدا چاکە بکات، کاری سووك و ئا سان دە بێ و ئە م جە م و کۆبوونە وە بۆ ڕۆشنیی دڵ و دە روونی خواناسان و چاکانە . (جەم)بە پێی کتابی پیرۆزی (سەرەنجام)، یارسانەکان بۆ نە زرو قوربانی و نزاکردنی جەماعی، لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە، کە پێی دەڵێن(جەمخانە)، پیر و ڕابە ری ئایینی دوعا(کڵام) دەخوێنێ و تەمیرە دەژەنن وبە دەنگێکی دڵتەزێن و کاریگە ر هۆنراوەکای سەرەنجام دەخوێنن و ئامادەبووانیش دووبارەی دەکەنەوە. (29) سدیق بۆرەکەیی 2008، لا74.

لە دوو بەیتییەکی تردا دایە تەورێزی هەورامی دەفەرمێ:

زێڵ کەران ڕەوشەن، زێڵ کەران ڕەوشەن یاران وە خوەرە زیل کەران ڕەوشەن

سەرسپەردە بان وە یاری وەشەن بسازان پەرێ وێتان یوو جەوشەن

(30)تەیب تاهیری، سەرەنجام، 2007.

واتە: (بە پێی ڕامان وهزری ئایینی یارسان بە ئاگا وەرنەوە و سەر بە ڕێبازی یارسان بسپێرن و دڵ دە روونتان ڕۆشن بکە نەوە بە پرشنگ و تیشکی خوایی، چونکە ڕەوشتی خوایی پاك وجوانە). (31)نامیق هەورامی، 2011، لا 81.

2. جەلالە خانمی لورستانی(387 ی کۆچی)

جەلالە خانمی لورستانی یە کێکە لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی لورستان و کچی میرزا ئامانای لورستانی و دایکی شاخۆشێنە (کە بێ بوونی پێوە ندی سیکسی لە گەڵ پیاو شاخۆشێنی بە دنیا هیناوە). دیاردەی سکپڕبوونی کچ، بێ بوونی پێوەندی سیکس لەگەڵ پیاو ڕامانێکی یەکجار کۆنەو لەلای هیندییە کۆنەکان و میتۆپۆتامیا بووە ، بە پێی ئەم ڕامانە، هێندەك لەمرۆڤە پیرۆزەکان و چاکە کان و نێودارە کان. لەدایکبوون، بەبێ ئەنجامدانی کارێکی سیکسی لەگەڵ دایکیان. بوودا، یەکێك بووە لەوانەی کە پرواداران و لایەنگرەکان پێیانوایە کە بەم شێوەیە لەدایکبووە. دوورنییە، ئە م ڕامانە کاریکردبێتە سەر ڕامانی دیانە کان کە عیسای پە یامبەر، بە کوری خودا دە دەنە قەڵەم و دبێژن (مرێم ی دایکی کچ بووە )ئایینی ئیسلامیش لە م ڕووە وە، باوەڕی وایە کە مرێم بە کچێنی عیسای بووە، ئەگەرچی عیسا بەکوری خودا نازانێ، بەڵام بە ڕۆح أللە(ڕەوانی خودا)ی دەزانێ، بە پێی ڕامانی ئایینی یارسانییە کان، ڕەوان (ڕۆح) لە ڕێگەی

دۆناو دۆنه وه له جەستەیەكەوه بۆ جه ستەیەكی ده گوازێتەوه وه هەر به پێی باوه ڕی یارسانییەكان، ڕه وانی ئێزدانی له سەتەی ده یەمی زاینییدا، له كوردستان، له شێوەی شاخۆشێن كه به ناوی(باوه خۆشێن)یش ناسراوه، شێوەی گرتووه(دەركەوتووه). شاخۆشێن له كچێكی جوانی لوڕستانی لەدایكبووه، ناوی گه ڵاڵه بووه كه ناوەكەی لەڕێی زمانی فارسی و عەرەبییەوه كراوه بە(جەلاله).

مامه جەلاله ڕۆژێكیان لەبەر هه تاو پاڵكەوتووه و خه وی لێكەوتووه، لەكاتی نووستندا تیشكی خۆر(كه خۆر زۆر پیرۆزه لای یارسانییه كان)چووته دەمیەوه و لەوەوه زگی پڕ بووه ، زۆر ترساوه لەوەی كەسوكاری بیكوژن. به پێی ڕامانی یارسانییەكان كردگار، له تەنی كاكەڕدای لوڕستانی دا(كه لەگەڵ فریشته جبرائیل یه كڕەوانن)، ناردووه بۆ لای مامه گەڵاڵه و پێی ڕاگه یاندووه، (مەترسه زگەكەی تۆ دیارده یەكی ئێزدانییه ). كاكەڕدا گه ڵاڵەی بەسواری گا بردووه بۆ ماڵی خۆیان و پاراستوویه تی، تا شاخۆشێن له دایك بووه(287)ی كۆچی. گەڵاڵه لای یارسانییه كان، لەگەڵ مرێمی دایكی عیسا و فاتیمه ی كچی په یامبەری موسڵمانان محه مەد به یەك ڕەوان(گیان-ڕۆح) تەماشا ده كرێن، له دیوێكی تره وه گەڵاڵه دیاردەی فریشته داكەڕەزباره. هەروەها سوڵتان سه هاك به دنیا هاتووه وەكو دیارده یەكی ئێزدانی له كچێكی جاف كه نێوی دایراك بووه، به بێ پێوەندی له گەڵ پیاو لەدایك بووه و به پێی ڕامانی یارسانییه كان، وەك خۆر درەوشاوەتەوه. بێجگه لەمانەش با

وه یادگاریش، هەر له كچێك له دایكبووه بەو شێوەیه، كچەكه بەخواردنی دەنكه هەنارێك زگی پڕبووه، بۆیه (هەناو میوه یەكی پیرۆزه لای یارسانییه كان و له جەمدا به نیاز و قوربانی دو عای دەدرێ). (32)جەمال نەبەز: ،2009، لا52.

مامه گەڵاله(جەلاله)ئەم ئافرەته ڕۆشنبیره به پێی كتابی (سەرەنجام له ساڵی 387ی كۆچی له لورستان به دنیا هاتووه و له نیوەی سه دەی پێنجه مدا ماڵئاوایی كردوه و له لوڕستان ئەسپردەی خاك كراوه . مامه گەڵالەخان هه روەها له هۆندنەوەی هۆنراوه (كڵام)دا ده ستێكی باڵای هه بووه، له تەنبوو(تەمیره)لێدانیشدا مامۆستا بووه و هۆنراوه كانی خۆی به دەم نه واو ئاهەنگی ته نبوورەوه له جەمخانەدا خوێندۆته وه، له ئەم ئافره تەوه هەندێ دووبه یتی بەجێ ماون كه له كتابی(دورەی شاخۆشێن)دا نووسراوه. (33) سدیق بۆرەكەیی2008، لا91.

چەند نموونه یك ده خەینه ڕوو له دوو به یتییەكانی ئه و خانمه شاعیره، له گەڵ لێكدانه وەی تیكستەكان: له (سەرەنجام)دا هاتووه له دەورەی شاخۆشێن. مامه جەلاله وەكو هۆنەرانی تر شەیدای دیمەنی ئێلاخان و سروشته جوانەكەی لوڕستان بووه، وه چاوەنداز و دیمه نی جوانی زێدەكەی دەروازەی بەهرەی هۆنراوەی بۆ كردووه تەوه و له پاڵ ئەمەشەوه كوڕەكەی كه له ناو خەڵكدا به تیشكی خوا ناسرا بوو، ئه وەندەی تر ئاگری هه ست و سۆزی خۆش كردووه و بڵێسەی ئاگری هۆنراوی به رز كردووه ته‌وه، له لایەكی تریشه وه شاخۆشێنی كوڕی ئه وی بەیەكێ له فریشتەكان داناوه كه دەبێ دەستوور و یاسا بۆ په یڕەوانی ڕێ و ڕچه كه دابنێ، وه

ئەمانە هەموو بووە هۆكاری ئەوەی كە جەلالە خانم هۆنراوە دابنێ و ئاوێتەی سۆزی دەروونی هەڵڕێژێ. هۆنراوەكان گەلێ پاراو و دڵنشین و هەست بزووێنن، نموونەی هەندێ دووبەیتی دەخەینە ڕوو:

ئەی سوار دانا، ئەی سوار دانا یەی فەرمان ئاما چەی هەفت ئەسمانا
خەلق لورستان وە زۆڵش مەزانا پاكەن جەلالەی میرزا ئامان
بەرەی میرزا ئامانا بی وەگوڵو ڕەیحانا

(34)تەیب تاهیری2007، لا20.

واتە: (ئەی كاكە ڕدا، ئەی شا سواری زنا، ئەم فەرمانە كە لە حەوت ئاسمانەوە هاتووە و كە دەبێ من شاخۆشێنم ببێ و تۆش مزگێنیمت پێ داو منت لەم ڕازە ئاگادار كرد، كەچی خەڵكی لورستان بە ناڕەسەن و زۆڵ دەزانن، بەڵام جەلالەی كچی میرزا ئامان داوێن چاكە و وەكو گوڵ و ڕەیحان دەردەكەوێ). مامە جەلالە لە دووبەیتیەكی تردا دەڵێ:

مەستم جەبادەی ڕووی ئەڵەستی تۆ وەسەن یەك جامێ مەی جەدەستی تۆ
ئائینەی زێلم ڕۆشنەن چون مەی جەو بەنە بیەنم مەی پەرەستی تۆ

(35) تەیب تاهیری، 2007، لا20.

واتە: ( ئەی خوایا، لە بادەی ڕۆژەكەی ئەلەست كە لەو ڕۆژەدا گەوهەری هەموو بەندەكان پەیمانیان بۆ بە دیهێنانی مرۆ بەست و بە گەورەیی و یەكتایی تۆ گەواهیان هێنا، ئەوا من بە خواردنەوەی ئەو بادەیە مەستم و ئەگەر تەنها جامێ تر لە و بادەیەم بدەیتێ بەسمە و ئەو جامە مەیە دڵم دێنێتە سەر خۆی. بەڵام بەمەرجێ كە وا داینێ جامە مەیەكە بەفەرمانی خۆت بێت. ئێستا ئاوێنەی دڵم وەكو مەی ڕووناكەو هەر لەبەرئەوەیە، كە من بوومەتە مەی پەرستی تۆ. نموونەی تریش زۆرن لە هۆنراوەكانی ئەو ئافرەتە هۆنەر و ڕۆشن دڵانەی وەكو مامە جەلالە و ئەوانی تر، بەڵام ئێمە بۆ هەر یەكێكیان تەنها چەند دێرێك وەردەگرین.

3. فاتمە لورەی گۆران

ئەم ئافرەتە لورستانییە ئایین پەروەرە، خواناس و شەیدای بارەگای پەروەردگار و مەی نۆشی بادەی یەزدانی و ئەویندار با تاهیری هەمەدانی بووە، پەروەردە بووی ڕامان و هزری عیرفانی و سروشت پارێزی بۆتە مایەی نەوای هۆنراوەكانی، كە خرۆشان و پاكی بە دڵ دەگەیەنێ. ئەم ئافرەتە نازدارێكی مەست و بە هەست بووە ، خەیاڵ و بیرە جوانەكانی خۆی داڕشتووە لە بۆتەیەكی خواپەرستی دەروێشانە.

ئەم ئەستێرە گەشە ناوی فاتمە و كچی كوردی لورە و لە تیرەی(پیری شاهی گۆران)بووە. بە فاتمە لورە بەناوبانگە، بە پێی كتابی (دەورەی شاخۆشێن ) فاتمە لورە لە سەدەی پێنجەمی كۆچی لە هەمەداندا سەری هەڵداوە و هەر لە هەمەدانیش ماڵئاوایی لە ژیان كردووە و لە تەنیشت مەزاری، بابا تاهیری هەمەدان نێژراوە.

پیر دانیالی دالاهویی کە یەکێ لە هۆنەرەکانی سەدەی هە شتەمی کۆچییە ، لە دەفتەری(بارگە بارگە)دا فاتمە لورە بەیەکێ لە لایەنگرانی شاخۆشێن دادە نێ و نازناوی فریشتەی پی دە دا و دە ڵێ: ئەو فریشتە یە ڕازداری ڕێبازی یارسان بووە و بە دۆنی ڕە مزبار ناسراوە. فاتمە لورە ژیانی بە ئەوینی بابا تاهیر بردۆتە سەر و لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچەییدا شەرابی مەرگی لە مەیگێڕی گەردوون وەرگرتووە و خواردوویەتیەوە.

فاتمە لورە کە دەستێکهی بە رزی لە هۆنیینەوەی هە ڵبەستی کوردی بووە ، لە تەنبوور(تەمیرە)ژەنینیشدا دە ستێکی باڵاو بەهرەیەکی ناوازە ی هە بوو، وە هۆنراوەکانی خۆی بەدەم هە وا و ئاهە نگی تە نبوورەوە لە جەمخانەکاندا خوێندووە تەوە، بە پێی کتابی پیرۆزی(سەرەنجام)، کاتێ(شاخۆشین)دەچێتە دیدار و میوانداری بابا تاهیری هە مەدانی، فاتمە لورە لە خانەقا خزمەتی کردووە لای بابا تاهیری هەمەدانی و لە دووبەیتییەکیدا دەفەرمێ:

یارم ماهمانە، یارم مهمانە ئانە دوو ڕۆچەن یارم مەهمانە

ماهمانم پاشای هەر دوو گیهانە سینەم تەختگای شاە زەمانە

واتە: ( یارەکەم، پادشاهە کەم دوو ڕۆژە بۆتە مێوانم، ئە و میوانە م نوێنگە و لانە ی تیشکی پادشای هەردوو دنیایە، سینەم تەختگای شای زەمانە). هۆنەی پڕواداری ئایینی یارسان بووە و پڕوای بە مرۆڤ خودایی شاخۆشێن هە بووە و بە زاتی بە رز و پیرۆزی کردگاری ناسیووە و سینەی خۆی بە تەختگای شای جیهان زانییوە لە ڕۆژی پەسلان.

هەروەها لە دوو بەیتییەکی تردا دەڵێ:

ڕازدار یاریم، ڕازدار یاریم وە فەرمان شا ڕازدار یاریم

شاهم بەزەییش ئاما وە زاریم ڕاز کەرد وە دەرمان دەردەکەی کاریم

(سەرەنجام)دەورەی شاخۆشین.

واتە: ( بە فەرمان و دە ستووری شاخۆشێن، من ڕازداری ڕیبازی یاریم، شا بە زەیی هاتەوە بە گریان و زاریمدا و ڕازی یاریی بە من سپارد و ئەو ڕازەی کردە دەرمانی دەردی کاریم).

ڕازداری لە ئایینی یارسان پە یوەستە بە سەر سپاردن بە پیر و دە لیل و پە یمان بە ستن و ڕەوشتی (یاری)داو کە تا مەرگ و گیانەڵا ڕازدار بێ و ڕازی ڕێبازەکەی کە سەری پێی سپاردووە و پە یمانی بە ستووە و سوێندی لە سەر خواردووە ، بە لای کە سەوە نەیدرکێنێ و ڕاز ونهێنی ئایینەکە ئاشکرا نەکات و هە ر لە سینەی خۆیدا بە پاکی بیپاریزێ. خۆی لە سەرەتادا ڕێباری ئایینی یارسان زۆر بە نهێنی بووە و پڕوادارانی ڕێبازە کە، پڕوایان وابوو کە بەم شێوە پەرستنی پاك وبێگەردی خواناسی مسۆگەر دەبێ. دەورو کاریگەری ئەم ئافرەتە ڕۆشن دڵ و هۆنەرانە لە مێژووی ئە دەب و کولتووری کۆمە ڵایەتیدا تا ئە مڕۆش ماوە لە ناو کۆمەڵانی خە ڵکی یارسان و کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی، ئێمە لە گەشت و گە ڕانەکانماندا لە باشور و ڕۆژهە ڵاتی کوردستان وەکو چاوەدێرێك بە ڕوونی ئەم دیاردەمان بینی، کە ئەمڕۆش پەیوەندی گەرم و گوڕ و تێکەڵبوونی ڕە گەزی نێرومێ بە شێوەیەکی سروشتی ماوە تەوە، بە تایبەت لە کاتی

ئەنجامدانی نەزرو نیاز و قوربانیکردن و کارە هەرەوەزییە ئایینیەکان، کە بە ئاشکرا هەست بە پێگەو ڕێزی ئافرە ت دە کرێ و بە گشتی ئافرە ت کولتوورێکی کراوەی ڕیزلێگیراویان بە رهەم هێناوە، بێ خۆداپۆشین لە ڕێگەی کردارییانەوە پێگەی خۆیان مسۆگەر دەکەن.

4. خاتوون دایراکی ڕەزبار

ئەم هۆنەرە یارسانییە ناوی دایراك و کچی حوسێن بە گی جەڵدە کە بە پێی کتابی پیرۆزی (سەرەنجام)لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە شاری حەلوان لە دایك بووە، هەر لە سەردەمی منداڵیدا باوکی مامۆستای تایبەتی بۆ گرتووە و لەلای ئەو خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە قوتابخانە و قورئانی پیرۆز و کتابی تری خویندۆتەوە ئەوسا فێری خەتخۆشیش بووە و لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا شووی کردووەتە شێخ عیسای بەرزنجی و سوڵتان سەهاکی لێ بووە(کە نوێکەرەوەی ئایینی یارسانە )و ئەوسا بەشێکی زۆری ژیانی بە ڕێنموونیی ژنان و وانە وتنەوە بردووەتە سەر تا ساڵی 745ی کۆچی لە دێی شێخان کۆچی دوایی کردووە. (36) بۆرەکەیی 2008، لا176.

لە کورتەی کتابی پیرۆزی(سەرەنجام)دا هاتووە کە خاتوون دایراك، وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد دایکی سوڵتان سەهاکە، بەپێی ئایینی یارسان لە فریشتەیەکی مێینە لەدایك بووە، هەر بەپێی ڕامانی یارسانییەکان لە هەموو دیاردەیەکی ئیزدانیشدا، فریشتەیەکی مێینە، وەك یارێك لە یارانی ئێزدان دە ردەکەوێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە نەك هە ر یارسانییە کان بە تەنێ، باوەڕیان بە فریشتەی مێینە هەیە، بەڵکو کورد هە موو باوەڕیان بە بەبوونی فریشتە ی مێ هەیە. لە ئەفسانە کوردییەکانیشدا باسی گە لێك پاڵەوانی ژن هە یە کە توانیویانە لە شەڕە شیر و زۆراندا پاڵە وانی پیاو ببە زێنن و ببەزێنن بە زەویدا. هەروەها نموونە زۆرن لە چیرۆکە ئەفسانەییەکان( وەك چیرۆکی کارۆ سلێقی )، کە نەوەکانیان لە کاتی ئازا و هە ڵدەکەون پاشناوی دایکیان هەڵدەگرن.

بیرمان نە چێ کە خودای خۆر مێینە بووە و ئە وەتە نیشانەی ڕۆژ لە کوردی باکوردا نیشانە ی ( نیشانەی مێینەیە.aمێینەیە. دەگوترێ ڕۆژ(ا) ئینی، واتە: ( ڕۆژی هەینی)، کە(ا) هەروەها ئەستێرەی گەلاوێژ(کە: گرهاوێژە) و بە ئاوێستایی تیشتریەیە( کە وشەی تیشك و تریشقە لەوەوە هاتووە) لە ئایینی زەردەشتیشدا فریشتەیە. . (37)جەمال نەبەز،2009، لا58.

زاهیری خاتوو دایراك ژنێکی پارێزگار و لە خواترس بووە، کە لە سەدەی هەشتەم ژیاوە و لە دێی شێخاندا ماڵئاوایی لە ژیاندا کردووە و هەر لەوێ ئەسپردەی خاك کراوە.

دۆنی خاتوو دایراك یە کێکە لە ئەڵقەی (هەفت تە ن)و یە کەمین ژنە کە بەشداری جە می کردووە. لە دەورەکانی پێش خۆیدا چە ندین دۆنی تری گۆڕیوە و هە ر جارە و لە تەنێکدا دەرکەوتووە و زۆربەی دۆنەکانی ئاماژەی پێکراوە لە (سەرەنجام)دا.

له خاتوو دایراك گه لێ هۆنراوه بەجێماون، که له هۆنراوەکانی وا دە ردەکەوێ که ئەوینی به گەوهەری هۆنراوه کانی زانیوه ، وه ك یارسانیه ك پرواى به ژیانی دووای مردن هه بووه، بۆیه بەختەوەری مرۆڤی له مەرگدا زانیوه و لای وابووه که بنیادەم دەبێ له ڕێگای ئەویندا تێکۆشێ و هەموو شتێکی ژیانی له پیناودا بەخت بکات، وەکو ئەو ئەوینه ڕۆحیەی که هەلاجی گەیانده له داردان! زۆربەی هۆنراوه کانی ئه و سه بارەت به ڕێگاو ڕچه ی ئایینی یارسانن، خاتوو دایراك له تەنبوور ژه نینیشدا مامۆستا بووه و زۆربه ی هۆنراوه کانی خۆی به دەم ژه نینی نه وای ته نبوور خوێندۆتەوه. (38)نامیق هەورامی، لا123.

وا لێره هەندێ نموونه له هۆنراوەکانی دێنینه وه به کورتی، له هۆنراوەیەکی دوازده دوو خشتەکیدا له (سەرەنجام)دا هاتووه:

عازیز ئەمر تۆبی وه قووەی دڵ بێ وه قووەی دڵ، بی وه قووەی دڵ
نه لەوح یاقەت ئاتەش کاکڵ هەرچی فەرماوایت قبووڵەن قەبووڵ
پەر شەرت مێردان تۆ کەرد وه حاسڵ هەفتەوان چه نوور شاهباز عادڵ
دووەم مەیلت کەرد عازیز وه مۆبەت پەرێ دەستگیریی یاران فازڵ
جه پردێوەردا نیانت سوحبەت هەم ئەو هەفت نوورەن چێگات کەرد موددەت
درێژەی هەیه...

واته: ( ئەی خۆشه ویستەکەم، فه رمانی تۆ بووه هێزی دڵ، هه رچی ده فەرمی په سەندی دەکەین، کاتێ که دەکەومه بیری ڕۆژی بەرین دڵم بەجارێ دەپشکوێ و من شایەتی دەدەم که تۆ لەم ڕۆژەدا هەفتەوانەت له پردیوەر زهور کرد و به ڵێنت لێیان وەرگرت که له جیهاندا خەڵك به چاکه ڕێنمایی بکەن، له جیهانیشدا ئەوانت ئازادکرد تا دەستگیری خەڵك بکەن.

ئەی خۆشه ویستەکەم، چاکت کرد که هەفتەوانەت له قاڵبی مرۆڤدا ده رخست و له شێخان دیوانی مەولات سازدا، که وابوو هەفتا و دوو پیر ده بێ گیانی خۆیان له ڕێی ئەواندا بەخت کەن و خەڵك سەریان بەوان بسپێرن

بەو پێیەی دایراك خاتوو دایراك یه كێکه لەو ئافرەته ڕۆشن دڵەی داڕشتنی جه می بەستێت و بەشدار بوویێت تێیدا، بۆیه شوێن په نجەی دیاره له بەشێك له پایه و مه رجەکانی ئایینی یارسان. ( 39) بۆرەکەیی، 2008، لا 177.

5. خاتوون زەڕبانۆی دەرزیانی

خاتوو زەڕبانۆ به پێی کتابی پیرۆزی(سەرەنجام)، دەورەی(قرمزی)کچی یەسف بەگی دەرزیانی و دایکی شاوه یس قولییه ، که له کۆتاییەکانی سه دەی هه شتەم(780)ی کۆچی، له دێی دەرزیاندا له دایك بووەو هەر لەوێشدا پەروەرده کراوه و پێگەیشتووه، پاشان خراوەته بەر خوێندن و مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوه و خەریکی خوێندن بووه و له پاشان کاتی خۆی به خوێندنەوەی کتابی پیرۆزی(سەرەنجام) و دیوانی هۆنه رانی کورد بردۆته سەر، به جۆرێ شه یدای ئەدەب و

هونەر بووە  کە  لە  پاش ماوە یەك خۆی هۆنراوە  ی هۆنیوەتەوە  و نازناوی (خاتوون)ی بۆ خۆی داناوە، بە  پێی زانیارەکان زۆر بە خشندەو و بە زەیی و میهرە بان بووە  و زۆر هاوکاری و ڕێنوێنی ژنانی کردووە  و ئە م خانمە  پایە  بەرزە  لە(845)ی کۆچی ماڵئاوایی کردووە  . (40)  بۆرەکەیی، 2008، لا387.

خاتوو زەڕبانوی دەرزیانی لە  تەمەنی20 ساڵیدا بۆتە  هاوسەری پیر قە نبەری شاهۆیی، کە  لە دەورەی مورتەزا عەلیدا دۆنی میکایلی فلریشتە  بووە  و لە تەمەنی 30 ساڵیدا کوڕێکیان دە بێت کە ئەویش(شاوەیس قولی)یە، کە  پینجەمین دەرکەوتەی زاتی خوداییە . لە دەورەی(قرمزی)، پیر قەنبەر لە بارەی خۆیەوە دەفەرمێ:

ئەسڵمەن جە کورد، ئەسڵمەن جە کورد      با بۆم کوردەنان، ئەسڵمەن جە کورد

من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی کورد      سڵسڵەی سپای زوحاك کەردم هورد

